پەروەردە کردنی منداڵ

لە چڵ فەرموودەی صەحیحدا

نووسینی

دکتور عادل عبدالله بن سعد آل الحمدان الغامدي

وەرگێڕانی

ماموستا عمر توفیق الخطاط

نارین

پەروەردەکردنی منداڵ

لە چل فەرموودەی صەحیحدا

پەروەردەکردنی منداڵ

لە چل فەرموودەی صەحیحدا

نوسینی

دکتۆر عادل عبدالله بن سعد الحمدان الغامدی

وەرگێڕانی

مامۆستا عمر توفیق الخطاط

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:

*بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)و هاوەڵە نازدارەکانی کە ئەگەر هەوڵو ماندوبوونو گیان فیدایی ئەوان نەبووایە ئێستا ئێمە لەناو گۆمی مەی خواردنەوەو وقمارو گوناهو گەندەڵیدا دەتلاینەوە.

* بە دایكو باوکم کە شەو و ڕۆژیان خستبووە سەریەك تا نەوەکانیان صالحو ئیسلام پەروەربن.

* بە هەموو مامۆستاکانم چ ئەوانەی نووسینو خوێندنەوەیان فێرکردم لە قوتابخانە، چ ئەوانەشی لە دەرەوە بەرەو گوڵزاری ئیسلامو ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەر (ﷺ) ئاوێتەیان کردم، خوا وێنەیان زۆر بکات.

* بە براو هاوڕێی خۆشەویستم کاك فائق محمد خاوەنی کتێبخانەی نارین لەهەولێر کە بووەتە هۆی چاپکردنو بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم.

* بە هەموو خوێنەرانی نووسینەکانم.

پێشەكی وەرگێڕ

سوپاس‌و ستایشی نەبڕاوە شایستەی خوای بەدیهێنەری بوونەوەرەو سەلات‌و سەلامیش بەردەوام وەك لێزمە باران بڕژێت بەسەر گیانی پاكی محمد المصطفی‌داو سەرجەم ئال‌و كەس‌و كارو هاوەڵە دڵسۆزو گیان لەسەر دەستەكانی.

پەروەردكردن زۆر گرنگەو نابێت باوكان‌و دایكان هەل لەكیس بدەن‌و نابێت بهێڵن تەمەن ڕۆژ بەڕۆژ ماڵئاواییان لێ بكات‌و كوڕو كچەكانیان گەورەبن لە كەش‌و هەوایەكەی پەروەردەنەكراودا، لە ئاكامدا بەرەیەك دێتە كایەوە هەموو بۆچوون‌و بیروباوەڕە جێگیرە دروستەكانی باوك‌و باپیریان ڕەد دەكەنەوەو پشت لە قورئان دەكەن‌و لەژیانی پێغەمبەر بێ ئاگادەبن‌و لەبەر قسەی ئەم‌و ئەویش نەبێت (پەنا بە خوا) خۆیان بە موسڵمانیش نازانن!.

ئەم ئایینە پاكە، نەوە لەدوای نەوە لەڕێگەی پەروەردەكردنەوە گوێزراوەتەوە بۆمان تا گەیشتۆتە ئەم ساتەوەختە.. هاوەڵان خوایان لێ ڕازی بێت وەك ڕازیش بوو لێیان لەگەڵ ئەو هەموو ئەرك‌و ئیش‌و كارە قورسەی بانگەوازو بەرز ڕاگرتنی ئاڵای جیهادو تێكۆشاندا، كەچی بەردەوام وانەیان بە منداڵەكانیان وتۆتەوەو لە قورئان‌و فەرموودەو غەزاكانی پێغەمبەر (ﷺ) شارەزاكردووە..

ئەوەتا پێغەمبەرمان (ﷺ) –بە دایك‌و باوكمەوە بە قوربانی بم– لە پاشكۆی خۆیەوە عبداللەی كوڕی عەباسی بچكولانەی سواركردووەو بەسواری وڵاخەوە بنەماكانی وەلاء و بەراءو بیروباوەڕی ئیسلامی تێدەگەیەنێت..

بەڵام ئەمڕۆ دایك‌و باوكان بیانوو دەهێننەوە كە گوایا ئێمە نامان پەڕژێ‌و خەریكی مەینەتی ژیانین، واز لە كوڕو كچەكانیان دێنن هاوڕێی خراپ لە دەرەوەو تەلەفزیۆن‌و سەتەلایت‌و ئینتەرنێت لەماڵەوە مێشكیان تێك داوەو بیرو باوەڕی لەق كردوون‌و لە ڕەوشت دایماڵیون..

یان ئەوسا دەیان وت هەندێك لە مامۆستاو مەلاكان قسەی خێریان بۆ خەڵكی دەكرد بەڵام بۆ منداڵەكانی خۆیانیان نەدەكردو فەرامۆشیان دەكردن تا لە ئاكامدا كوڕە مەلا وا دەردەچوو كە دەبوونە دوژمنێكی سەرسەختی ئیسلامو پێغەمبەری خوا (ﷺ)، تا وای لێدەهات خەڵكی سنگیان لە باوكیشیان هەڵتەكاندو مامۆستا بەڕێزەكەشیان لەبەرچاو كەوت!

بەڵام ئەوەتا (نافیع) گەورە زانای تابیعین دەفەرموێت: عبداللەی كوڕی عمر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەرسی قورئانی پێ دەگووتین ئەگەر یەكێكمان لە نەوەكانی خۆی بیویستایە ڕابكاتو نەیخوێنێت دەچوو هەردوو قاچی پێكەوە دەبەستەوە تا لە ئاكامدا كردنی بە گەورە زانایانی تابیعینو تابعی تابعین.

كوردی خۆشمان دەڵێت: (تولڵ بە تەڕی دەچەمێتەوە) واتە پەروەرد لە سەردەمی منداڵیدا كەڵكی هەیەو دڵی منداڵەكە لاپەڕەیەكی سپی وەك لۆكەیەو دەتوانیت چیت بووێت تیایدا نەخشی بكەیتو پاشان لەسەریان ڕادێتو گەورە دەبێتو كوڕانەوەی مەحاڵە.

خوێنەری خۆشەویست.. ئەم كتێبەی لەبەر دەستتدایە بریتیە لە چل فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) كە هەموویان صەحیحن، هەموو لایەنەكانی پەروەردەی لەخۆگرتووەو لەو خولگەیەدا دەسوڕێنەوە.

من كە سەرەتا ئەو كتێبەم بە عەرەبیەكەی بینی لەژێر ناوی (الاحتال بأحكام واداب الاطفال) لە نووسینی بەڕێز كاك عادل الغامیدی) نووسیویەتیو منیش ناوم لێ نا (پەروەردەكردنی منداڵ لە (٤٠) فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ))و دوای ئەوەی خوێندمەوە بۆم دەركەوت ئەمە ئەو كتێبەیە كە چەندان ساڵە دەمەوێت چاوم پێی بكەوێت چونكە لەیادمە كاتێك قوتابی زانكۆ بووین لە بەغدادو شەوێك هاوڕێیەكمان هات بۆ لامانو میوانمان بوو دەستمان كرد بە تاوتوێكردنی فەرموودەو هاتینە سەر

فەرموودەیەکی زۆر کورت کە ئەویش ئەوەیە پێغەمبەری ئەکرەم (ﷺ) هەواڵی باڵندەی منداڵێك دەپرسێتو دەفەرموێت: ((یا أباعمیر ما فعل النُغیر؟)).

نزیکەی (٣٠) وانەی لێ دەرهێنا بۆمانو ئێمەش زۆر چێژمان لێ وەرگرتو بەتایبەت هەر لەو کاتەوە منی وا لێکرد خولیای ئەوەبم کە بتوانم دەرسو ئامۆژگاریو ئەحکام لە فەرموودە دەربهێنم بەڵام لەو کاتەدا کەرەستەی تەواو و تێشوی زانستیم کەم بوو.

بەڵام دواتر لام کردەوە بەلای قورئانداو حەزم کرد وانەی بەسود لە قورئان هەڵبگۆزم کە سەرچاوەی یەکەمی ئیسلامەکەمانەو لەو بوارەدا کتێبی (لە سورەتی یوسفدا دیومە)م نووسی.

دواتر کە ئەم کتێبە زۆر چاكو بەپێزەی کاك عادل غامدی م بینی، ئیتر بە پێویستم زانی خۆم شت بنووسم بۆیە هەستام بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانە ناوازەکەی خۆمانو لە بواری پەروەردەکردندا ملۆیەکم لەسەر کتێبخانەی هەژاری کوردی داناو بۆ زیاتر سووددارکردنیشی خۆم لەکاتی پێویستدا خاڵم بۆ زیادکردووەو خستوومەتە نێوان کەوانەوەو لەپەراوێزی لاپەڕەکاندا نووسیومە (وتەی وەرگێڕ).

جا داوا لە دایكو باوکانی غەمخوار دەکەم کە ئەم کتێبە زۆر بەجوانی بخوێننەوەو پاشان منداڵەکانیانی لێ ئاشنا بکەنو لەسەری پەروەردەیان بکەن..

هەر کاتێکیش پێویستی کرد هەندێك خاڵی کتێبەکە بە کردەوە جێ بەجێ بکرێت وەك پەروەردەکردنی قوتابی لەسەر مەلەوانیو تیرئەندازیو شتی تر با خۆی بادیەك بکرێتو نیشانەشکێنی بە قوتابیەکان بکاتو ئەگەر کرایش سەردانی مەلەوانگەکانیان پێ بکاتو بەناو ئاوو مەلەوانی ئاشنایان بکات..

لەکۆتاییـدا لـە خـوا دەپاڕێمـەوە ئـەم کـارەم لێ قبـوڵ بکـاتو لـەناو کۆمـەڵی موسڵمانانیشدا بیکاتە مایەی قەبوڵو سوودی لێ وەربگرن انشاءالله. (أقـول قـولي هـذا واستغفرالله لي ولكم امين).

عمر توفيق الخطاط

٢٠١٠/١٠/١٣ – هەڵەبجەی شەهید/ گولان

پێشەکی نووسەر

سوپاس بۆ ئەو خوایەی دروستکەرە بە ڕێکوپێکی، هەموو شتێکی دیاری کردووەو پاشان ڕێنموونیشی کردووە، هەردوو ڕەگەزی نێرو مێی دروستکردووە، مرۆڤیشی لە خۆڵ دروستکردووە، پاشان لە شێوەی تۆودا لە جێیەکی ئارامشدا دایناوە، پاش ئەوە کردوویەتی بە ئاوپارەو ئاوپارەکەشی کردۆتە پارچە گۆشتێکو پاشتر کردوویەتی بە ئێسقانو پاشان بە گۆشت دەوری ئێسقانەکانی داوەو پاشان خەڵکانێکی زۆری بەو چەشنە دروستکردووەو بەرزیو بێ هاوتایی بۆ ئەو خوایەی کە باشترین دروستکەرە.

هەر ئەو خوایەش فەرموویەتی ﴿يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾ (الشورى: ٤٩–٥٠) واتە پاش ئەو قۆناغانەی کە باسمان کرد خۆی بڕیاردەر دەدات کە کچ ببەخشێت بە هەر کەسێك خۆی مەبەستی بێتو کوڕیش بە هەر کەسێك خۆی مەبەستی بێت یان لە کوڕ و لە کچ بەشیان دەداتو هەندێکیش بە نەزۆکی دەهێڵێتەوەو چونکە خوا زۆر زاناو بە توانایە.

وە شایەتیش دەدەم کە محمد (ﷺ) بەندەو پێغەمبەری ئەو خوایەیەو سەلاتو سەلامی بێ شماری بۆ دەنێرم.

خوای (عز وجل)یش دەفەرموێت ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قُوٓا۟ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ (سورەتی تەحریم) ئایەتی ٦.

وە پێغەمبەریش (ﷺ)دەفەرموێت ((كلكم راع وكلكم مسؤل عن رعيته، فالامام راعٍ، ، وهو مسؤل عن رعيته، والرجل راعٍ في أهلِه وهو مسؤل عن رعيته، والمرأة راعية في بيت زوجها وهي مسؤلة عن رعيتها)) رواه البخاری (٨٩٣).

واتە: هەمووتان شوانن‌و هەمووشتان بەرپرسیارن لە ژێردەستەکنیان، سەرکردەو پێشەواکان شوانن‌و بەرپرس دەبن لە میللەتە ژێردەستەکانتان، پیاویش لەناو ماڵدا شوانەو بەرپرسە لە خانەوادەکەی ژێردەستی، ئافرەتیش چاودێری منداڵی مێردەکەیەتی‌و بەرپرسە لەو شتانەی لەژێر دەستیدان.

وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بە عبداللەی کوڕی عەمری فەرموو ((وان لولدك عليك حقاً)) رواه مسلم ٢٧٠١.

واتە ئەی عبدالله کوڕەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە.

ئەی برای پەروەردەکارم، سەربەرزو سەرکەوتوو ئەو کەسەیە خوا چاکی بۆ دەکات‌و منداڵەکانی بە جوانی پەروەردە دەکات‌و لەسەر ئیسلام‌و سونەت‌و ڕێڕەوی پێغەمبەر (ﷺ) گۆشیان بکات‌و لە خوا دەترسێت‌و بە چاودێری خۆی دەزانێت‌و منداڵەکانی پشتگوێ ناخات، بە زویرکردنیان خوای لە خۆی ڕازی کردووە نەك بە ڕازی کردنی ئەوان خوا لە خۆی زویربکات، زۆر بەئاگابووە لە بەڵای ماڵ‌و منداڵ‌و دوژمنایەتیان وەك چۆن خوای تەعالا فەرمانی بەو کارە داوەو فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ﴾ التغابن ١٤).

واتە: ئەی کۆمەڵی باوەڕداران هەندێك لە خێزان‌و منداڵەکانتان دەبنە دوژمنتان ئاگاداریان بن‌و حەزەریان لێ بکەن.

زانای موسڵمان (موجاهد) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت ((چونکە ئەوان هانی پیاوەکە دەدەن سەردانی خزمەکانی نەکات، هەروەها سەرپێچی خوایش بکات، ئەویش چونکە خۆشی دەوێت ناتوانێت بە قسەیان نەکات))[١].

---

١ راوه ابن جرير في تفسيره (١٢٥/٢٨)

وە بەڕاستی جێگەی داخە كە زۆرێك لە باوكانو بەرپرسیارانی كاروبارەكان لەو بەرپرسیارێتیە خۆیان دەدزنەوە كە خراوەتە ئەستۆیان كە ئەویش پەروەردەكردنی منداڵەكانیانو فێركردنیان دەربارەی ڕێنماییەكانی ئایینەكەیانو بیانپارێزن لە سزای سەختی خوا لە ڕۆژی قیامەتدا...

ئەوەی ئەمڕۆ سەرنجی پەروەردەكردنی منداڵان لەلایەن باوكو دایكانەوە بدات بۆی دەردەكەوێت كە تەنها گرنگی بەلایەنی جەستەییو خۆشگوزەرانی منداڵەكانیان دەدەن ئیتر با پێچەوانەی شەرعیش بێت، بۆیە دەیانبینیت گرنگی بە خواردنو جلو بەرگیان دەدەنو پارەو بەخشش دەڕژێنن بەسەریاندا كە ئەوەش زۆرجار دەبێتە هۆی لادانی ئەو منداڵە لە ڕێگەی ڕاست، كە بەو كارەش خۆیان و منداڵەكانیشیان بەرەو هەڵدێریو لەناوچوون دەبەن.

ئەمەش (سوفیانی سەوری)یە ڕەحمەتی خوای لێ بێت لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ((فەرمان دەدرێت لە ڕۆژی قیامەتدا بەوەی پیاوێك بخەنە ناو ئاگرەوەو پێی دەڵێن: ئەمە خێزانوماڵو منداڵەكەیەتی هەموو چاكەكانیان لەناوبردووە))[١].

(ابن قیم)یش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت ((زۆربەی منداڵەكان كە ڕەوشتیان تێكدەچێت بەهۆی باوكو دایكیانەوەیەو لە ڕێگەی پشتگوێ خستنیانەوەو وازهێنانیان لە فێركردنی فەرمانەكانی ئایینو سوننەتی پێغەمبەرەوە (ﷺ)و هەر بە منداڵی فەوتاندنیانو ئیتر نە سوودیان بۆ خۆیانو نە بۆ دایكو باوكیان داوەتەوە، هەروەك چۆن منداڵێك سەرزەنشتی باوكی دەكات كاتێك باوكی پێی دەڵێت تۆ كوڕێكی زۆر خراپی بۆمانو ئەویش بە باوكی دەڵێت: باوكە گیان، تۆ بە منداڵی لەگەڵ مندا خراپ بوویتو منیش لە گەورەییدا لەگەڵ تۆ خراپ دەبم، بە منداڵی منت فەوتاندو منیش بە گەورەیی تۆم فەوتاند)).

---

١ الحلية (أبو نعيم) (٧/٨١).

بۆیە منیش خوای گەورە کۆمەکی کردووم بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئەحکامو فەرمانانەی کە پێویستە هەموو موسڵمانێك بیزانێت لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا ئەگەر خواوەند نەوەی پێ بەخشیبوو.

تا لەسەر چاوپۆشنیو زانست پەروەردەیان بکاتو ئەوکاتە فەرمانی خوا جێ بەجێ بکات کە دەفەرموێت ماڵو منداڵتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزنو خۆیشی ڕزگار بکات لە لێپرسینەوەی لە بەردەم خوای پەروەردگاردا دەربارەی خێزانەکەی ژێردەستی، کە هەڕەشەی ترسناك هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ژێردەستەکانیان دەفەوتێننو فەرمانی گوێڕایەڵیکردنی خوایان فێرناکەن، هەروەك لەو فەرموودەیە هاتووە کە مەعقەڵی کوڕی یەسار (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە دەفەرموێت:

گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ) فەرموویەتی: ((مامن عبد یسترعیه الله رعیة، یموت یوم یموت وهو غاش لرعیته، الا حرم الله علیه الجنة))[1]

واتە: هیچ کەسێك نیە کە خوا کەسانێکی خستبێتە ژێر دەستی، وە بمرێتو لەو کاتەدا کە دەمرێت ناپاك بێت بەرامبەریان ئەوا خوا بەهەشتی لێ حەرام دەکات..

کەواتە ئەی دایكو باوکانی ئازیز مەسەلەکە ئاسایی نیەو زۆر ترسناکەو لێپرسینەوەکە زۆر گەورەیە، بە تایبەتی لەم زەمانەی دواییەی خۆماندا، کە هاوکارو دەستکر زۆر کەم بۆتەوەو چاکەکردن غەریبو نامۆ بووەو هۆکاری تێکدانی ڕەوشت زۆر بووە خوا ڕەحم بکات.

*　　　　*　　　　*

لەم کتێبەدا (چل) فەرموودەی صەحیحم کۆکردۆتەوە دەربارەی پەروەردەکردنی منداڵو پاشان لەسەری ڕۆیشتوومو ڕوونکردنەوەم داوە لەسەریان بە ئەندازەی ئەوەی فەرموودەکان هەڵیدەگرێت، لەم کارەمدا هەوڵمداوە بە کورتیو بە ئاسانی ڕوونی

---

١ رواه مسلم (٢٨٠)

بکەمەوە، مەگەر فەرموودەکە زیاتر بخوازێتو بە درێژی لەسەری ڕۆیشتووم چونکە یان لەبەرئەوەی زانیاری لەو بارەیەوە کەمە یان ئەو باسە نەکراوە لەلایەن خەڵکیەوە.

بۆ شەرحی هەندێکی پەنام بردووە بۆ وتەی زانایانی ئەم دواییە (متـأخرين) چونکە لە زانایانی پێشینەوە شتێکم لەو بارەوە دەست نەکەوتووە یان ویستوومە باسەکە بە کورتی ببڕمەوە یان ئەو مەسەلەیە تازەو نامۆیەو دەبینم زۆر زەرورە قسە بکەم لەو بارەیەوە.

وە لە ئاکامدا سوپاس بۆ خوا زیاتر لە هەزار فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ)و بەسەرهاتی هاوەڵانو قسەی زانایانم نەقڵ کردووە.

* * *

پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ((شایانە هەڵگری زانست خاوەنی ئەدەبو ویقارو لەسەرخۆییو لەخواترسان بێتو دەبێت شوێن کەوتەی زانایانی پێش خۆی بێت))[1]

پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ((هەڵگرانی فەرموودە سەیرن! مەسەلەیەکیان دێتە بەردەست لە حەسەنی بەسریو ابن سیرینو عەتاو تاوسەوە گێڕراوەتەوە کەچی دەڕۆن بۆ لای خاوەن ڕاو بۆچوونو لەوان دەپرسن، دەی ناکرێت زانست لەو زانا گەورانە وەربگرن))[2]

پێشەوا (ئاجوری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (الشريعة(١/٣٠١))دا دەفەرموێت: ((نیشانەی ئەو کەسانەی خوای عز وجل ویستی چاکەی پێیانە ئەم ڕەوشتانەیە: کارکردن بە قورئانەکەی پەروەردگارو سوننەتو ڕێڕەوی پێغەمبەر (ﷺ)و بۆچوونەکانی هاوەڵانی لەدوای خۆی و پاشان بۆچوونی ئەوانەی لەدوای

١رواه البيهقي في المدخل (٥١٠)

٢ طبقات الحنابلة (١/٢٣٨)

هاوەڵان هاتن بە چاکەو پاشان زانا مەزنەکانی هەموو شارو هەرێمەکانی وڵاتانی ئیسلام وەك پێشەوایان ئەوزاعیو سوفیانی سەوریو مالیکی کوڕی ئەنەسو شافیعیو أحمدی کوڕی حەنبەڵو قاسمی کوڕی سەلامو وازهێنان لە هەر بۆچوونو ڕێڕەوێك کە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوان بێت)).

* * *

منیش لەم کارەمدا کە هەستاوم بە کۆکردنەوەی (٤٠) فەرموودە، نامۆ نیم لەم بوارەداو زانایانی پێشوو ئەم کارەیان کردووە کە (٤٠) فەرموودەیان کۆکردۆتەوە کە باس لە یەك بابەت بکاتو هەریەکەیان بە مەبەستێك کۆی کردووەتەوە وە هەندێك لە بواری بیروباوەڕداو هەندێك لە بواری حوکمی شەرعیدا نووسیویانەو کۆنترینیان ئەمانەبوون:

١- کتێبی (الاربعین في الحدیث)ی عبداللەی کوڕی موبارەك کە لە ساڵی (١٨١)ی کۆچیدا نووسیویەتی.

٢- کتێبی (الاربعین)ی محمدی کوڕی ئەسلەمی طوسی لە (٢٤٢)دا نوسیویەتی

٣- کتێبی (الاربعین حدیثا)ی محمدی کوڕی حوسەین الاجوری لە ساڵی (٣٦٠)ی کۆچیدا نوسیویەتی.

٤- کتێبی (الاربعین حدیثا)ی ئیمام نەوەوی.

دیارە هۆی کۆکردنەوەی (٤٠) فەرموودەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرموودەیەی کە لە چەند ڕێگایەکەوە گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ((مَن حفظ علی امتی اربعین حدیثا من أمر دینها، بعثه الله یوم القیامة في زمرة الفقهاء والعلماء)).

واتە: هەر موسڵمانێك چل فەرموودە دەربارەی کاروباری ئایینەکەی لەبەربکاتو بیپارێزێت بۆیان ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لە ڕیزی زاناو شارەزایانی شەریعەتدا حەشر دەکرێت.

ئەم فەرموودەیە لە زیاتر لە (٣٠) ڕیوایەتەوە گێڕراوەتەوە (هەموو ڕیوایەتەكانیش لاوازیان پێوە دیارە) بەڵام زاناكان بەردەوام قبوڵیان كردووەو كاریان لەسەر كردووە ئەمەش لەبەرئەوەی كە یان لاوازیەكانیان زۆرنیە یان لە بابی هاندان بۆ كردەوە باشەكانەو سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە چاویان لێ داخستووە.

منیش لێرەدا هاتووم لەم بارەیەوە پشكێك دەست بخەمو (٤٠) فەرموودەی (صەحیح)م كۆكردۆتەوە لە بواری ئادابو پەروەردەكردنی منداڵداو ناوم لێناوە ((الاحتفال باحكام وأداب الاطفال)).

وە لەژێر ڕۆشنایی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) كە فەرموویەتی ((من لم یشكر الناس لم یشكر الله))و هەر كەس سوپاسی خەڵكی نەكات سوپاسی خوایش ناكات، بۆیە دەبێت سوپاسێكی تایبەتی ئاڕاستەی مامۆستای بەڕێزم مامۆستا عبدالله ی كوڕی عبدالعزیزی كوڕی عەقیل كە هەستا بە پێداچوونەوەو پێشكەش كردنی ئەم بەرهەمەم بە چەند وشەیەكی جوانو سوودبەخش.

لە خوای (عزّ وجلّ) خوازیارم ئەم كارەم پڕاوپڕ بۆ ئەو بێتو لە ڕێڕەوی سوننەت نەترازێتو پیرۆزو سوودبەخشی بكاتو خوایش لە پشتی هەموو مەبەستەكانەوەیەو درودو ڕەحمەتیش بۆ گیانی پاكی پێغەمبەرمانو هاوەڵو شوێنكەوتوانی.

أبو عبدالله عادل بن عبدالله الحمدان

چل فەرموودە لەبارەی منداڵانەوە

فەرموودەی یەكەم

كۆرپە بە سروشتی باوەڕەوە لەدایك دەبێت:

عن أبي هريرة (ﷺ) قال: قال النبي ((ﷺ) ((مَا مِنْ مَوْلُودٍ إلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أو يُنَصِّرَانِهِ أو يُمَجِّسَانِهِ، كما تنتج البهيمة بهيمة عجماء، هَل تحسون فِيها من جدعاء)).

واتە: هەموو كۆرپەیەك لەسەر سروشتی پاكی باوەڕ لەدایك دەبێت بەڵام پاشتر باوكو دایكەكەی دەیكەن بە جولەكە، یان گاور، یان مەجوسێكی ئاگرپەرست، هەروەك چۆن ئاژەل كۆرپەیەكی تەواو بێ عەیبی دەبێت ئایا دیوتانە ئاژەڵێكی كۆڵیان ببێت.

فەرموودەی دووەم

منداڵ فێری یەكتاپەرستیو سوننەتەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بكرێت:

عن ابن عباس (رضي الله عنهما) قال: كنت خلف النبي (ﷺ) يوماً، فقال: ((يَا غُلاَمُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ: احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، وَإِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعت عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ، وَان اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ، رُفِعَتِ الأَقْلاَمُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ)).

واتە: عبداللەی كوڕی عباس (خوا لە هەردووكیان ڕازی ببێت) دەڵێت: لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشتم ڕووی تێكردم فەرمووی: ئەی لاو من چەند وشەیەكت فێردەكەم: سنوری خوا بپارێزە خوایش تۆ دەپارێزێت، سنوری خوا بپارێزە خوایش ڕووی پیرۆزیت تێ دەكات، ئەگەر داوای شتێكت كرد تەنها لە خوای گەورە داوا بكە، ئەگەر هانات بۆ كەسێك برد تەنها بۆ خوا هانا ببە، وە (عەباس گیان) چاكیش بزانە

ئەگەر هەموو ئوممەت كۆببنەوە كە سودێكت پێ بگەیەنن، ناتوانن مەگەر ئەو ئەندازەیەی كە خوای گەورە بۆی نووسیویت، ئەگەر كۆببنەوەو بیانەوێت زیانێكت پێ بگەیەنن ناتوانن مەگەر بە ئەندازەی ئەوەی كە خوا لەسەرت نووسیویەتی، قەڵەم هەڵگیراوەو لاپەڕەكانیش وشك بوونەتەوە.

فەرموودەی سێیەم

منداڵی صاڵح:

عن ابي هريرة (ﷺ) أن رسول الله (ﷺ) قال ((إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثَةٍ إِلاَّ مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)).

واتە: هەر كاتێك ئادەمیزاد بمرێت دەستی دەبڕێت لە چاكەكردن مەگەر لە سێ شتدا: یەكەم: خێرێكی بەردەوامی لەدوای خۆی بەجێ هێشتبێت، دووەم: یان زانستێكی بەسوود، سێیەم: یان نەوەیەكی صاڵحی بەجێ هێشتبێت‌و لەدوای خۆی دوعای خێری بۆ بكات.

فەرموودەی چوارەم

قورئان فێركردنی منداڵان:

عن ابن عباس (رضى الله عنهما): (توفي رسول الله (ﷺ) وَأَنَا إِبنُ عَشرِ سنين، وَقَد قَرَأتُ المُحكم، قال شعبة: قُلتُ لِأبي بِشرٍ، ما المُحكَم؟ قال: المُفصَّل).

واتە: عبداللەی كوڕی عەباس (خوا لە هەردووكیان ڕازی ببێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) كۆچی فەرموو لە دنیا دەرچوو، من تەمەنم دە ساڵان بوو، هەموو سورەتە (مەحكەمەكانم) خوێندبوو، شوعبە دەڵێت: بە باوكی بیشرم ووت: مەحكەم یانی چی؟ لە وەڵامدا وتی: واتە سورەتە درێژەكان.

فەرموودەی پێنجەم

منداڵان و زانست فێرکردنیان:

عن ابن عباس (رضى الله عنهما) قال: ان النبي (ﷺ) دخل الخلاء، فوضعت له وَضوءاً، قال: مَن وضع هذا؟ فَأخبَر، فقَال: ((اللّهُمَّ فَقِّهْهُ فِي الدِّينِ وَعَلِّمْهُ التَّأْوِيلَ)).

واتە: (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەرئاو، منیش ئاوی دەستنوێژم بۆ حازر کرد، ئەویش فەرمووی: کێ ئەم ئاوەی بۆ ئامادەکردووم؟ ئەوانیش پێیان ووت، ئەویش فەرمووی: ئەی پەروەردگارم لە ئاین شارەزای بکەو زانستی لێکدانەوەی فێربکە.

فەرموودەی شەشەم

میزی منداڵ و حوکمی شەرع:

عن أُم قيس بنت محصن(رضي الله عنها): انها أتت بابن لها صغير لم ياكل الطعام الى رسول الله (ﷺ)، فاجلسه رسول الله (ﷺ)في حجره، فبال على ثوبه، فدعاه بماء، فنضحه ولم يغسله).

واتە: دایکی قەیسی کچی موحصن (خوا لێی ڕازی بێت) جارێك کوڕێکی بچوکی خۆی هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە هێشتا نەکەوتبووە خواردن، پێغەمبەریش (ﷺ) لە باوەشیدا دایبنیشاندو منداڵەکەش میزی کرد بەخۆیداو جلەکانی پێغەمبەری (ﷺ) تەڕکردو داوای ئاوی کردو ئاوەکەی لێ پژاندو نەیشۆرد.

فەرموودەی حەوتەم

خەتەنەکردنی منداڵ:

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال النبي (ﷺ) ((الْفِطْرَةُ خَمْسٌ: الْخِتَانُ، وَالاسْتِحْدَادُ، وَنَتْفُ الإِبْطِ، وَقَصُّ الشَّارِبِ، وَتَقْلِيمُ الأَظْفَارِ)).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: پێنج شت لە سروشتی پاکەوەن: خەتەنەکردن، لابردنی مووی بەر، بن باڵ کردن، سمێڵ کورت کردنەوە، نینۆك کردن.

فەرموودەی هەشتەم

منداڵان لە حەوتساڵیدا دەبێت نوێژ بكەن:

عن عبدالله بن عمر (رچی الله عنهما) قال: قال النبی (ﷺ) ((مُرُوا أبْنَاءكُمْ بِالصَّلاَةِ لِسَبْعِ سِنِينَ وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا لِعَشْرٍ وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِى الْمَضَاجِعِ))

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: فەرمان بەسەر منداڵەكانتاندا بدەن بە نوێژكرن لە تەمەنی حەوت ساڵییەوەو لە تەمەنی دە ساڵیدا لەسەر نوێژنەكردن لێیان بدەنو كوڕانو كچان لەیەك جیابكەنەوە لە شوێنی خەوتنیان.

فەرموودەی نۆیەم

منداڵ گرتن بەباوەشەوە لە نوێژدا:

عن ابي قتادة (ﷺ) صاحب رسول الله (ﷺ) قال: بينما نحن ننتظر رسول الله (ﷺ) للصلاة في الظهر أو العصر، وقد دعاه بلال للصلاة، اذ خرج الينا وأُمامة بنت أبي العاص بنت إبنته على عنقه، فقام رسول الله (ﷺ) في مصلاهُ، وقمنا خلفه، وهي في مكانها الذي هي فيه، قال: فكبَّر، فَكبَّرنا، قال: حتّى إذا أراد رسول الله (ﷺ) ان يركع اخذها فوضعها ثم ركع وسجد، حتى إذا فرغ من سجوده، ثم قام، اخذها فردها في مكانها، فما زال رسول الله (ﷺ) يصنع بها ذلك في كل ركعة حتى فَرِغَ من صلاته)).

واتە: هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ئەبو قتادە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئێمە لە مزگەوت بووین چاوەڕوانی نوێژمان دەكرد نیوەڕۆ یان عەسر، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی دا بە بیلال بانگ بدات، لەو كاتەدا (ئومامەی كچی ئەبی عاص) كە كچەزای بوو بە قەڵادوشكانیەوە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا بۆ نوێژو ئێمەیش هەموو لەدوایەوە وەستاین (الله اكبر)ی كردو ئێمەیش (الله أكبر)مان كردو نوێژمان دابەستو پێغەمبەریش (ﷺ) ئەو منداڵەی گرت بە باوەشیەوەو هەركاتێك دەچوو بە سوجدەدا لە بەردەمی خۆیدا دایدەناو كە هەڵدەستایەوە دووبارە دەیگرتەوە بە باوەشیەوەو بەو جۆرەی كرد تا لە نوێژ بوویەوە.

فەرموودەی دەیەم

نوێژی مردوو لەسەر منداڵی کۆچکردوو:

عن المغيرة بن شعبة (رضي الله عنه) قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول:))الطِّفْلُ يُصَلَّى عَلَيْهِ)).

واتە: موغیرەی کوڕی شوعبە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: منداڵ نوێژی لەسەر دەکرێت.

فەرموودەی یازدەیەم

ڕۆژووگرتنی منداڵان:

عن الربيع بنت معوذ (رضى الله عنهما) قالت: أرسل النبي (ﷺ) غداة عاشوراء الى قرى الانصار: ((مَنْ أَصْبَحَ مُفْطِرًا فَلْيُتِمَّ بَقِيَّةَ يَوْمِهِ ، وَمَنْ أَصْبَحَ صَائِمًا فَلْيَصُمْ)).

قالت فكنا نصومه بعد، ونصوم صبياننا، ونجعل لهم اللعبة من العهن، فاذا بكى أحدهم على الطعام اعطيناه ذاك حتى يكون عند الافطار)).

فەرموودەی دوازدەیەم

زەکاتی سەرفیترە لەسەر منداڵان:

عن عبدالله بن عمر (رضى الله عنهما) قال: فرض رسول الله (ﷺ) زَكَاةَ الْفِطْرِ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ عَلَى الْعَبْدِ وَالْحُرِّ وَالذَّكَرِ وَالأُنْثَى وَالصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ مِنَ الْمُسْلِمِينَ. وَأَمَرَبِهَا أَن تُؤدي قَبْلَ خُرُوجِ النَّاسِ إِلَى الصَّلَاةِ))

واتە: عبدالله کوڕی عومەر (خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت) دەفەرموێ((پێغەمبەری خوا(ﷺ) زەکاتی سەرفیترەی مەزەندەکرد بە ساعێك لە خورما یان ساعێك لە جۆ – کە نزیکەی دوو کیلۆ دەکات– و فەرزی کرد لە سەر بەندەو ئازادو نێرو مێو گەورەو بچووکی موسڵمانانو فەرمانی دەرکرد کە پێش ئەوەی نوێژی جەژن بکرێت، بدرێت)).

فەرموودەی سیازدەیەم

حەجکردنی منداڵان:

عن عبدالله بن عباس (رضی الله عنهما) قال: رفعت إمراة صبياناً لها، فقالت يارسول الله الهذا حج؟ قال: ((نَعم ولَك أجر)).

واتە: ئافرەتێك منداڵێکی خۆی بەرزکردەوەو پرسی: ئایا ئەمە حەجی بۆ هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ تۆش پاداشتی خێرت دەبێت.

فەرموودەی چواردەیەم

کوشتنی منداڵی کافران لە جەنگدا:

عن عبدالله بن عمر (رضی الله عنهما) قال: ان إمراة وُجدت في بعض مغازي النبي (ﷺ) مقتولة، فانكر، فنهى رسول الله (ﷺ) عن قتل النساء والصبيان)).

واتە:عبدالله ی کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازیبێت) دەفەرموێ:ئافرەتێکیان بەرچاو کەوت لە غەزایەکدا کوژرابوو،پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕازی نەبوو، فەرمانی دەرکرد بە قەدەغەکردنی کوشتنی ژنانو منداڵان))

واتە: لە عبدالەی کوڕی عمرەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: لە یەکێك لە غەزاکانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێت). ئافرەتێك بە کوژراوی دۆزرایەوە پێغەمبەریش (ﷺ) زۆر پێی ناخۆش بوو، لەپاش ئەوە فەرمانی دەرکرد کە نابێت ژنو منداڵ بکوژرێت.

فەرموودەی پازدەیەم

بەشوودانی منداڵان:

عـن عائیـشة (رضـي الله عنهـا) ((ان النبـی (ﷺ) تزوجهـا وهـي بنـت سـت سـنین، وادخلت علیه وهي بنت تسع سنین، ومكث عنده تسعاً))

واتە: لە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر بێـت) مارەی کرد لە تەمەنی (شەش ساڵیدا)و گواستیەوە لە کاتێك تەمەنی بووبە (نۆ ساڵ)و نۆ ساڵیش لەلای مایەوە.

فەرموودەی شازدەیەم

داری حەد نادرێت لە منداڵان:

عن علي (ﷺ) عن النبي (ﷺ) قال:((رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ عَنِ النَّائِمِ حَتَّـى يَـسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَكْبَرَ وَعَنِ المَجنُوْنِ حَتَّى يعقل))

واتە: لە عەلی (ڕەزای خوای لەسـەر بێـت) لـە پێغەمبـەرەوە (درودی خـوای لەسـەر بێـت) فەرموویـەتی: (قەلـەم لەسـەر سـێ کـەس هـەڵگیراوە، لەسـەر خـەوتوو تـا هەڵدەستێتو لەسەر منداڵ هەتا باڵق دەبێتو لەسەر شێتیش تا ژیرو چاك دەبێتەوە)

فەرموودەی حەڤدەیەم

منداڵ کەی میراتی دەکەوێت:

عن جابر بن عبدالله والمسور بن مخرمة (رضـی الله عنهمـا) قـالا: قـال رسـول الله ((لاَ يَرِثُ الصَّبِيُّ حَتَّى يَسْتَهِلَّ صَارِخًا، وَاسْتِهْلاَلُهُ أَنْ يَبْكِيَ أَو يَصِيحَ أَوْ يَعْطِسَ))

واتـە: هـەردوو هـاوەڵی پێغەمبـەرمان (ﷺ) گێڕاویانەتـەوە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: منـداڵی کۆرپـە میراتـی ناکـەوێت تـا لـەکاتی لـە دایکبووندا هـاواری لێ بەرزنەبێتەوە وەك گریان یان هاوار یان پژمە.

فەرموودەی هەژدەیەم

دابینکردنی خەرجی منداڵان:

عن عائيشة (رضي الله عنها) قالت: دخلت هند بنت عتبة (إمراة أبي سفيان) (رضى الله عنهما) على رسول الله (ﷺ) فقالت: يارسول الله ، ان أبا سفيان رجل شحيح، لايعطيني مايكفيني ويكفي بنيَّ، الا ماأخذت من ماله بغير علمه، فهل عليّ في ذلك من جناح؟ فقال رسول الله (ﷺ): ((خُذِي مِنْ مَالِهِ بِالْمَعْرُوفِ مَا يَكْفِيكِ وَيَكْفِي بَنِيكِ))

واتە: عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: هندی کچی عوتبەی خێزانی ئەبو سوفیان (خوای لێ ڕازی بێت) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەبوسوفیان پیاوێکی چروکو دەست قوچاوە ئەوەندە پارەم ناداتێ تا بەشی خۆمو منداڵەکانم بکات مەگەر بەدزیەوە لە پارەکانیم بردبێت، ئایا من گوناهبار دەبم؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەشێوەیەکی جوانو بەپێی پێویستیتان لە پارەکانی بەرە.

فەرموودەی نۆزدەیەم

شیرپێدانی منداڵان:

عن أبي امامة الباهلي (رضي الله عنه) قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ((:« بَيْنَا أنَا نَائِمٌ إِذْ أتَانِي رَجُلَانِ فَأَخَذَا بِضَبْعَيَّ فَأَتَيَا بِي جَبَلاً وَعْرًا فَقَالاَ لِيَ : اصْعَدْ، حتى إذا كنت في سواء الجبل فاذا أنا بصوت شديد فَقُلْتُ: مَا هَذِهِ الأَصْوَاتُ قَالُوا : هَذَا عُوَاءُ أَهْلِ النَّارِ ، ثُمَّ انْطُلِقَ بِي فَإِذَا أنَا بِقَوْمٍ مُعَلَّقِينَ بِعَرَاقِيبِهِمْ، مُشَقَّقَةٌ أشْدَاقُهُمْ، تَسِيلُ أشْدَاقُهُمْ دَمًا، فَقُلْتُ : مَنْ هَؤُلَاءِ؟ قيلَ : هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يُفْطِرُونَ قَبْلَ تَحِلَّةِ صَوْمِهِمْ، ثُمَّ انْطُلِقَ بِي فَإِذَا بقومٍ اشدّ شَيءٍ إنتفَاخاً، وانتنهُ ريحاً، وَاسوئه منظراً، فقلت مَنْ هَؤُلَاءِ؟قيلَ: الزانون وَالزَواني، ثُمَّ انْطُلِقَ بِي فَإِذَا بِنسَاءٍ تنهش ثَديهنَّ الحيّات، فَقُلتُ مَا بَال هؤلاء؟ قيلَ هَؤُلاء اللاتي يَمنعنَ أولادهُنّ البَانهنّ، ثُمَّ انْطُلِقَ بِي فَإِذَا أنا بِغلمَان يَلعَبُون بَينَ نَهرَين، فَقُلتُ مَن

هَؤُلاء؟ هؤلاء ذَراري المُؤمِنِين، ثُم شرف بي شرفاً، فَإذَا أنَا بِثَلاثَة يَشربُونَ مِن خَمر لَهُم، فَقُلتُ: مَن هؤلاء؟ قَالُو: هذَا ابرَاهِيم وَمُوسَى وَعِيسَى وَهُم يَنتَظِرُونك)).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: خەوتبووم لە خەومدا دوو پیاو هاتن بۆمو کردیان بەبن دەستمدا بە کەژێکی سەختدا سەریان خستمو پێیان وتم: سەرکەوە تا گەیشتمە سەر کێوەکەو لەپڕ گوێم لە دەنگێکی زۆر توند بوو، وتم: ئەم دەنگە چییە؟ وتیان: ئەمە گریانو هاواری جەهەننەمیەکانە.

پاشان بردمیان بۆ لای خەڵکێك کە بە ڕەقەڵتەی مل هەڵواسرابوون، چەناگەیان شەقو چەناگەیان خوێنی لێ دەچۆڕا، وتم: ئەمانە کێن؟ وتیان: ئەو کەسانەن پێش ڕۆژوو شکاندن ڕۆژووەکانیان دەشکێنن، پاشان بردمیان بەلای خەڵکانێکدا لە هەموو شتێك زیاتر فویان تێ بووبوو، بۆنیان پیس بوو، شێوەیان ناشیرین بوو، وتم: ئەمانە کێن؟ وتیان: ژنو پیاوە زیناکەرو شەرواڵ پیسەکانن.

پاشان بردمیان بەلای کۆمەڵە ژنێکدا کە مار بەربوو بوونە سنگو مەمکەیانو گۆشتەکەیان شیو شیتاڵ کردبوویەوە، وتم: ئەمانە کێن؟ وتیان: ئەو ژنانەن نەیانهێشتووە منداڵەکانیان شیریان بمژنو بیخۆنەوە.

پاشان دامیان بەلای کۆمەڵێك منداڵدا لەنێوان دوو ڕووباردا یاریان دەکرد، وتم ئەمانە کێن؟ وتیان: منداڵی باوەڕدارەکانن (واتە بە منداڵی مردوون).

پاشان لە بەرزاییەکەوە بردمیان دەبینم سێ کەس دانیشتونو مەی دەخۆنەوە وتم: ئەوانە کێن؟ وتیان: ئەمانە ئیبراهیمو موساو عیسی پێغەمبەرنو چاوەڕوانی تۆ دەکەن).

فەرموودەی بیستەم

کێ شایەنە کۆرپەڵە بەخێو بکات:

عن عبدالله بن عمر (رضى الله عنهما) ان امراة قالت: يا رسول الله (ﷺ) ان ابني هـذا كان بطني له وعاء، وثدي له سقاء، وحجري له حواء، وان أباه طَلقني، وأراد ان ينتزعه مني، فَقال لها رسول الله (ﷺ)((أنتِ أحَقُ بِهِ مَالَم تنكحي))

واتە: جارێكیان ژنێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و پێی وت: ئەم كۆرپەیەم بە پێستی سكم هەڵمگرتووە، بەم مەمكانەم شیرم پێداوە، باوەشم بۆ كردبووە جێی حەوانەوە، كەچی باوكی تەڵاقی داوم و دەشیەوێت بەزۆر لێم بسەنێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ئەو منداڵە هی تۆیە تا شوو دەكەیتەوە.

فەرموودەی بیست و یەكەم

داد پەروەری لەنێوان منداڵاندا:

عن نُعمان بن بشير (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): إعدِلُوا بَينَ أبنَائِكُم، إعدِلُوا بَينَ أبنَائِكُم)).

واتە: نوعمانی كوڕی بەشیر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((دادپەروەربن لەگەڵ منداڵەكانتاندا.. دادپەروەربن لەگەڵ منداڵەكانتاندا)).

فەرموودەی بیست و دووەم

ناونانی منداڵان:

عن عبدالله بن عمر (رضى الله عنهما) قال قال رسول الله (ﷺ) ((إنَّ أحبُ أسمَائِكُم إلَى الله: عَبدالله وعَبدُالرَّحمن)).

واتە: خۆشەویسترین ناوی ئێوە لەلای خوا دوو ناوە: ((عبدالله و عبدالرحمن)).

فەرموودەی بیست و سێیەم

شیرین كردنی ناو دەمی كۆرپەڵە:

عن عائیشة (رضي الله عنها): ان رسول الله (ﷺ) كَانَ يُؤتى بِالصبيَان، فَيبرك عَلَيهم وَيحنكهُم)).

واتە: منداڵی تازە لەدایكبوویان دەهێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و ئەویش موبارەك و پیرۆزبایی لێ دەكردن و پاشان دەمەجوی خورمای بۆ دەكردن و دەیدا لە مەلاشویان).

فەرموودەی بیست و چوارەم

حەیوان سەربڕین لە حەوتەی منداڵدا:

عن سُمره (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: ((كُلُّ غُلاَمٍ مُرتَهَنٌ بِعَقِيقَتِهِ تُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ السَّابِعِ، وَيُحْلَقُ رَأْسُهُ وَيُسمَّى)).

واتە: هەموو منداڵێك پەیوەستە بە سەربڕینی مەڕەكەیەوە، لە ڕۆژی حەوتەمدا بۆی سەردەبڕێت و سەری دەتاشرێت و ناویشی دەنرێت.

فەرموودەی بیست و پێنجەم

بەزەیی هاتنەوە بە منداڵاندا:

عن عبدالله بن عمرو (رضى الله عنهما) قال: قال رسول الله (ﷺ) ((لَيسَ مِنا مَن لَم يَرحَم صَغيرَنَا، وَيعرف حَقَّ كَبيرَنَا)).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: لە ئێمە نیە هەر كەسێك بەزەیی بە منداڵەكاندا نەیەتەوەو قەدرو ڕێزی گەورەو بەتەمەنەكانیشمان نەگرێت.

فەرموودەی بیستو شەشەم

خێرو گەورەیی کچ بەخێوکردن:

عن انس بن مالك (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) ((مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ، وَضَمَّ أصَابِعَهُ)).

واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: هەر کەسێك دوو کچی هەبێتو پەروەردەیان بکات تا پێدەگەن، ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا منو ئەو پێکەوە دەبین، وە پەنجەکانی خستنە پاڵی یەك.

فەرموودەی بیستو حەوتەم

خێرو گەورەیی هەتیو بەخێوکردن:

عن سهل بن سعد (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: ((أنَا وكَافل اليَتِيم فِي الجَنَّةِ كَهذا)) وقال بِاصبعهِ: السبَابَة وَالوُسطَى)).

واتە: سەهلی کوڕی سەعد (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((منو سەرپەرشتیارو بەخێوکەری هەتیوان لە بەهەشتدا ئا ئاوا پێکەوە دەبین)) بە پەنجەی موبارەکی ئامارەی کرد بۆ پەنجەی شایەتمانو پەنجەی ناوەڕاستی خۆی))

فەرموودەی بیستو هەشتەم

سەبرو ئارامی لەسەر مردنی منداڵ:

عن انس بن مالك (رضي الله عنه) : ان رسول الله (صلى الله عليه وسلم) أتى على إمراة تبكي على صبيّ لَها، فَقَالَ لَها: ((إتّقِ الله وَاصبِري))، فَقَالت: وَما تبالي بِمصيبتي، فَلما ذَهَب قيل لَها: إنّهُ رَسول الله (صلى الله عليه وسلم)، فَأخذها مثل الموت، فَأتت بابه -فلم تجد على بابه بوابين- فَقالت: يَا رسُول الله، لَم أعرفك، فَقال: ((إنّما الصَّبرُ عِندَ أولِ صَدمَة)) او قال ((عِندَ أوّل الصدمَة)).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لای ئافرەتێك بە کوڵ دەگریا بۆ منداڵێکی کە مردبوو، پێی فەرموو: لە خوا بترسەو سەبرو ئارامت هەبێت، ژنەکەش وتی: تۆ چوزانی من چیم بەسەرهاتووە، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشت وتیان دەزانی ئەوە پێغەمبەری خوابوو؟ ئەویش خەریکبوو گیانی دەرچێتو خێرا خۆی گەیاندە بەر دەرگاکەی -کە پاسەوانی لێ نەبوو- وتی: ئەی پێغەمبەری خوا نەمناسیت، ئەویش (ﷺ) فەرمووی: ئارامی دروست ئەوەیە لە سەرەتای ڕووداوەکەدا بەئارامو خۆگر بیت)).

فەرموودەی بیستو نۆیەم

خێرو گەورەیی ئارامیو خۆگری لەسەر مردنی منداڵ:

عن ابي حسان قال: قلت لأبي هريرة (ﷺ) : انه قد مات لي إبنان، فما أنت بمحديثي عن رسول الله (ﷺ) بحديث: تطيب به أنفسنا عن موتانا؟ قال: قال نعم ((صغارهم دعاميص الجنة، يتلقى أحدهم أباه، أو قال: أبويه فيأخذ بثوبه، او قال: بيده -كما اخذ انا بِصَنِفَةِ ثوبك هذا، فلا يتناهي- او قال: فلا ينتهي حتى يدخله الله وأباه الجنة)).

واتە: ئەبی حەسان دەڵێت: بە ئەبو هورەیرەم وت (خوا لێی ڕازی بێت) من دوو کچم مردووە، دەی فەرموودەیەکم لەو بارەیەوە بۆ بگێڕەوە کە دڵمانی پێ خۆش بکەین بە مردووەکانمان؟ ئەبو هورەیرە فەرمووی: بەڵێ، ئەو منداڵانەی کە دەمرن لە بەهەشتدا وەك بەرخۆلە هاتوچۆ دەکەن بە توندی کراسی باوكو دایکیان ڕادەکێشن یان دەستیان دەگرنو وازناهێنن تا لەئاکامدا لەگەڵ خۆیان دەیانبەنە بەهەشتەوە.

فەرموودەی سی یەم

ماچکردنی منداڵان:

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قبَّل رسول الله الحسن بن علي، وعنده الاقرع بن حابس التميمي جالساً، فقال الاقرع: ان لي عشرة من الولد ماقبلت منهم احداً، فَنَظر إلَيه رسول الله (صلى الله عليه وسلم) ثم قال ((مَن لايَرحَم لايُرحَم))

واتە: ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) حەسەنی کوڕی عەلی ماچکرد، لەو کاتەدا ئەقرەعی کوڕی حابیس لەوێ دانیشتبوو، هاواری کردو وتی: دە منداڵم هەیە تا ئێستا یەك دانەیانم ماچ نەکردووە! پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) سەیرێکی کردو پاشان فەرمووی: ((هەر کەسێك ڕەحمو بەزەیی نەبێت ڕەحمو بەزەیی پێ ناکرێت)).

فەرموودەی سی و یەکەم

سڵاوکردن لە منداڵان:

عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) قال: أتى علي رسول الله (صلى الله عليه وسلم) وأنا العب مع الغلمان، قال: فسلم علينا، فبعثني إلى حاجة، فأبطأت على أمي، فلما جئت، قالت: ما حبسك؟ قلت: بعثني رسول الله (صلى الله عليه وسلم) لحاجة، قالت: ما حاجته؟ قلت: انها سِرٌ، قالت: لاتحدثنَّ بِسرٍّ رسول الله (صلى الله عليه وسلم) احداً)).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت: ئێمە کۆمەڵێك منداڵ بووین یاریمان دەکرد، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هات بۆ ناومانو سەلامی لێ کردینو منیشی بۆ کارێك نارد، بەو هۆیەوە لە ماڵەوە دواکەوتمو کاتێك گەڕامەوە دایکم لێی پرسیم بۆ وا دواکەوتیت؟ وتم: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆ کارێك ناردمی، دایکم پرسی: بۆ چ کارێك؟ وتم: کارەکە نهێنی بوو، ئەویش پێی وتم: هەرگیز نهێنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەلای کەس ئاشکرا نەکەیت.

فەرموودەی سی و دووەم

دووعای خراپ نەکردن لە منداڵان:

عن جابر بن عبدالله (رضی الله عنهما)قال: قال النبي (ﷺ): ((لاَ تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، وَلاَ تَدْعُوا عَلَى أَوْلاَدِكُمْ، وَلاَ تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ، لاَ تُوَافِقُوا مِنَ اللَّهِ سَاعَةً يُسأَل فِيهَا عَطَاءً فَيَسْتَجِيبَ لَكُمْ)).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: دووعای شەڕ لە خۆتان مەکەن، دووعای شەڕیش لە منداڵەکانتان مەکەن، دووعای شەڕیش لە ماڵو سامانتان مەکەن چونکە نەوەك دووعاکردنەکەت بەری ئەو ساتە وەختە بکەوێت کە خوا داوای هەرچی لێ بکرێت وەڵام دەداتەوەو جێ بەجێی دەکات.

فەرموودەی سی و سێیەم

منداڵان و ئادابی نان خواردن:

عن عمر بن ابي سلمة (ﷺ) قال: كنت غلاماً في حجر رسول الله (ﷺ) وكانت يدي تطيش في الصحفة، فقال لی رسول الله (ﷺ) ((يَا غُلاَمُ سَمِّ اللَّهَ ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ)) فَمَا زَالَتْ تِلْكَ طِعْمَتِي بَعْدُ)).

واتە: عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: منداڵ بووم لە باوەشی پێغەمبەری خوادا بووم (ﷺ) کاتی نانخواردن بوو من دەستم بۆ ئەم بەرو ئەوبەری قاپەکە دەگێڕا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم: بچکۆل گیان هەر کاتێك نانت خوارد سەرەتا ناوی خوا بێنەو بە دەستی ڕاستت نان بخۆ، دەستت بۆ بەردەمی خۆیشت بەرە.

فەرموودەی سیو چوارەم

پاراستنی منداڵان لە شەیتان:

عن ابن عباس (رضی الله عنهما) قال: كان النبي (ﷺ) يعوِّذُ الحسنَ والحسين: ((أعيذُكُمَا بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّة، مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لاَمَّةٍ، ثم يقول: كان أبوكُم يعوذ بِهما إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ)).

واتە: (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای دەخوێند بەسەری حەسەنو حوسەینداو دەیفەرموو: پەناتان پێ دەگرم بە وشە تەواوو دروستەكانی خوا، لە هەموو شەیتانێكو نەهامەتییەكانی شەو، وە لە هەموو چاوێكی پیسو پاشان دەیفەرموو: باوكیشتان ئیبراهیم ئەم دوعایانەی بەسەر اسماعیلو اسحاقدا دەخوێند.

فەرموودەی سیو پێنجەم

چارەسەركردنی نەخۆشی منداڵان:

عن ام قيس بنت مِحصنَ (رضی الله عنها): انها أتَت رسول الله (ﷺ) بإبنٍ لَها لَم يبلغ أن يأكل الطعام، وقد أغلقت عليه من العذرة)).

قالت: فقال رسول الله (ﷺ) ((عَلاَمَ تَدْغَرْنَ أَوْلاَدَكُنَّ بِهَذَا الإِعْلاَقِ، عَلَيْكُمْ بِهَذَا الْعُودِ الْهِنْدِيِّ -يَعْنِي بِهِ (الْكُسْتَ)- فَإِنَّ فِيهِ سَبْعَةَ أَشْفِيَةٍ مِنْهَا ذَاتُ الْجَنْبِ)).

واتە: (ام قيس) دەڵێ: چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) كوڕێكم پێبوو كە نەیدەتوانی هیچ بخوات لەبەر قوڕگ ئێشە (لوزتین) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: تاكەی منداڵەكانتان بەشێوەی چارەسەری هەڵە دووچار دەكەن، داری هندی بەكاربێنن چونكە حەوت چارەسەری تێدایە كە یەكێكیان كەلەكە ئێشەیە.

فەرموودەی سی و شەشەم

جل وبەرگ و ڕازاندنەوەی منداڵان:

عن ام خالد بنت خالد (رضى الله عنها) اتي النبي (ﷺ) بثياب فيها خميصة سوداء صغيرة، فقال: ((مَنْ تَرَوْنَ أن نَكْسُو هَذِهِ؟ فسَكتَ الْقَوْمُ فقَالَ ((ائْتُونِي بِأُمِّ خَالِدٍ)) فَأُتِيَ بهَا تُحْملُ، فأخذَ الْخَمِيصَةَ بِيَدِهِ فَألْبسَهَا وقَال ((أبْلِي وَأخْلِقِي)). وكَانَ فِيهَا عَلَمٌ أخْضَرُ أوْ أصْفَرُ فقَالَ ((يَا أُمَّ خَالِدٍ هَذَا سَنَاهْ وَسَنَاهْ بِالْحَبَشِيَّةِ: حَسَنٌ))

واتە: دایکی خالد دەگێڕێتەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: جارێك کۆمەڵێك جل و بەرگیان هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە تیایاندا کراسێکی ڕەشی منداڵانەی تێدابوو، فەرمووی: ئێوە دەڵێن ئەمە بە کێ دەبەخشم؟ خەڵکەکە بێدەنگ بوون، ئەویش فەرمووی: دەی دایکی خالیدم بۆ بانگ بکەن و دایکی خالیدیان بۆ هێنا کە منداڵێکی پێ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی دایە (خمیصە) کەو کردیەبەری منداڵەکەی و فەرمووی: یاخوا کۆنی نەکەیت و بیدڕێنی، کە لەو قوماشەدا خەتی سەوز یان زەردی تێدابوو فەرمووی: ئەی دایکی خالید ئەمە باشترینیانە. کە بە زمانی حەبەشی فەرمووی (سناه) واتە باشترینیانە.

فەرموودەی سی و حەوتەم

گاڵتەوگەپ کردن لەگەڵ منداڵاندا:

عن أنس بن مالك (ﷺ) قال: كان رسول الله (ﷺ) يَدخُلُ علَينَا وَلي أخ صَغِير يُكنَى (أبا عُمَير) قال: أحسبه فطيماً، وكَان لَهُ نُغَرٌ يَلْعبُ بِهِ فَمَاتَ، فَدَخَلَ عَلَيْهِ النَّبى (ﷺ) ذاتَ يَوْمٍ فرَآهُ حَزِينًا، فقَالَ ((مَا شَأْنُهُ))؟ قَالُوا ماتَ نُغَرُهُ فَقالَ ((يَا أبَا عُمَيْرٍ مَا فَعَلَ النُّغَيْرُ)).

واتە: ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: جارێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەهات بۆ ماڵمان و منیش برایەکی بچوکم هەبوو پێیان دەوت (أبا عمیر) دەڵێت: وا دەزانم لە شیر بڕابوویەوە، بەچکە چۆلەکەیەکی هەبوو، ڕۆژێکیان

باڵندەکەی مرداربوویەوەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ ماڵمان دەبینێت زۆر غەمبارە، پرسی: ئەمە چیەتی؟ وتیان: بەچکە چۆلەکەکەی مردووە! ئەویش وتی: ئەی ئەبا عومەیر بەچکە چۆلەکەکەت چی بەسەرهات!؟.

فەرموودەی سی و هەشتەم

منداڵان و سەرتاشینی ناقۆڵا:

عن عبدالله بن عمر (رضی الله عنهما) قال: ان النبي (ﷺ) رأى صبياً حلق بعض شعره وتَركَ بَعضه، فَنَهَاهُم عَن ذَلِكَ وَقَال: ((أحلقُوا كُلهُ أو أتركُوه كُلّه)).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی کەوت بە منداڵێك هەندێك لەسەری تاشرابوو هەندێکیشی نەتاشرابوو، ئەویش بەرگری ئەم کارەی لێ کردن و فەرمووی: یان ئەوەتا هەمووی کورت بکەنەوە یان هەمووی بهێڵنەوە)).

فەرموودەی سی و نۆیەم

فەرمان پێدان و بەرگری کردنی منداڵان:

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: كنا عِند رسول الله (ﷺ) وَهُو يقسمُ تَمراً مِن تمر الصدقة، وَالحسن بن علي في حجرِه، فَلما فرغَ حمله النبي (ﷺ) على عاتقة، فسال لعابة على النبي (ﷺ) فرفع النبي (ﷺ) رأسه، فإذا تَمرة في فِيه، فَحَرك خده، وَقَال: ((القِهَا يَا بنيَّ كِخْ كِخْ ارْمِ بِهَا)) فادخل النبي (ﷺ) يده في فِيه فَانتزعهَا مِنهُ ثُم قال: ((أمَا عَلِمْتَ انَّ الصَّدَقَةَ لاتحلُّ لاال مُحمد)).

واتە: ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین هەندێ لە خورمای زەکاتی دابەش دەکرد، حەسەنی کوڕی عەلیشی لە باوەشدا بوو کاتێك لێبوویەوە هەڵیگرت و خستیە سەر شانی، لیکەکەی بەسەر شانی پێغەمبەری خوادا شۆڕبوویەوە، بۆیە سەری هەڵبڕی دەبینێت خورمایەکی لەناو دەمدایە، بۆیە پەنجەی نا بە گوپیاو فەرمووی پێی: لە دەمت فڕێی بدەرەوە

کخەیە،کخەیە بیتفێنەوە، هەر بەوەوە نەوەستا بەڵکو پەنجەی خستە ناو دەمیو بەزۆر دەری هێنایەوەو فەرمووی: ئەی نازانی بنەماڵەی محمد زەکاتیان پێ ناشێت؟!.

فەرموودەی چلەم

نیشانەکانی پێگەیشتنی منداڵ:

عن عبدالله بن عمر (رضي الله عنهما) قال: عرضني رسول الله (ﷺ)يومَ أُحُد في الْقتال، وأنَا ابنُ أربَعَ عشْرَةَ سنَة فلَم يُجزنِي، وعرَضَنِي يومَ الْخَنْدَقِ، وأنَا إبنُ خَمْسَ عَشْرَةَ سنَةً فَأَجَازَنِي.

قَالَ نَافِع: فقَدِمتُ عَلَى عُمَر بْنِ عَبدالْعَزِيزِ وهوَ يَوْمَئِذٍ خَلِيفَة، فَحَدَّثْتُهُ هَذَا الْحَدِيث، فقَالَ إنَّ هَذَا لَحَدّ بَينَ الْكَبِيرِ والصَّغِيرِ، فكَتَبَ إلى عُمَّالِهِ أن يَفرِضُوا لِمَن كَانَ ابْنَ خَمس عَشْرَةَ سَنَة، وَمَن كَانَ دُونَ ذَلِكَ فَاجعَلُوهُ فِي الْعِيَالِ.

واتە: عبداللەی کوڕی عمر (خوا لە خۆیو باوکیشی ڕازی بێت) فەرمووی: لە ڕۆژی جەنگی (ئوحد)دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕیزی کردینو سەیری کردین من منداڵ بووم، چواردە ساڵان بووم، ڕێگای نەدام بەشداری جەنگەکە بکەم، بەڵام لە جەنگی (خەندەق)دا ڕیزی کردینەوەو سەیری کردین من تەمەنم گەیشتبووە (١٥) ساڵ، ڕێگای دام بە بەشداریکردنی غەزاکە.

نافیع دەفەرموێت: کاتێك عمری کوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خەلیفە بوو، چوومە خزمەتیو ئەم فەرموودەیەم بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: دەی ئەم فەرموودەیە ئاستی گەورەو بچوك جیادەکاتەوە، بۆیە نامەی نووسی بۆ کاربەدەستەکانیو بۆی نووسین: هەر کەسێك تەمەنی دەگاتە (١٥) ساڵ، ساڵانەی بۆ دیاری بکەنو پێی بدەنو هەر کەسێکیش لەوە خوارترە، با لەگەڵ ماڵەوەیاندا بنوسرێت (واتە حیسابی منداڵی بۆ بکرێت)).

فەرموودەی یەکەم

کۆرپە بە سروشتی باوەڕەوە لەدایك دەبێت:

عن أبي هريرة (ﷺ) قال: قال النبي ((ﷺ)) ((مَا مِنْ مَوْلُودٍ إلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أو يُنَصِّرَانِهِ أو يُمَجِّسَانِهِ، كما تنتج البهيمة بهيمة عجماء، هَل تحسون فِيها مِن جدعاء)).

ثمّ يقولُ ابو هوريرة (ﷺ): اقْرَءُوا إن شِئتُم: ﴿فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِى فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لاَ تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ﴾.

دەرهێنانی فەرموودەکە:

بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە صەحیحەکەیداو لە کیتابی جەنائیزی ژمارە (١٣٥٩)دا ڕیوایەتی کردووە لە بابی (ئەگەر منداڵی موسڵمان ببێتو بمرێت ئایا نوێژی لەسەر دەخوێنرێت؟)

وە هەروەها فەرموودەی ژمارە: (١٣٨٥) لە بابی (چی وتراوە دەربارەی منداڵانی بێ باوەڕان)و لە کتێبی تەفسیر ژمارە (٤٧٧٥)و لە بابی (لاتبديل لخلق الله) (ئاینی خودا)و کتێبی قەدەر ژمارە (٦٥٩٩) لە بابی (تەنها خوا دەزانی چیان کردووە).

(مسلم)یش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ڕیوایەتی کردووە لە ژمارە (٦٨٤٩) وە ابوداود لە (السنن)دا لە کیتابی (السنة)دا ژمارە: (٤٧١٤)و لە بابی (وەچەی بت پەرستان)، (تورمذی)یش لە کتێبی (قەدەر)دا ژمارە (٢١٣٨)داو لە بابی (هەموو کۆرپەیەك لەسەر باوەڕداری لەدایك دەبن).

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لەم فەرموودەیەوە دەستمان دەکەوێت:

یەکەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو کۆرپەلەیەك کە لەدایك دەبێت بە باوەڕەوە لەدایك دەبێت.

دووەم: زانایانی ئەهلی سوننە لەسەر مانای وشەی (بە سروشت باوەڕدار) (الفطرة)دا جیاوازیان هەیەو ڕای زۆریان هەیەو لێرەدا بواری ئەوە نیە هەموویان باس

بکەین، بەڵام ڕاسترینیان کە دەقەکانی قورئانو سوننە پاڵپشتی دەکەنو زۆربەی زانایانی لەسەرە ئەوەیە کە مەبەست لە (الفطرة) واتە: موسڵمانەتی، ئەم بەڵگانەیش پاڵپشتی دەکات:

١- لە هەندێك فەرمودەدا ڕاستەوخۆ وشەی (الفطرة) بە مانای موسڵمانەتی دێت، لەو ڕیوایەتانە:

- فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((مَا مِنْ مَوْلُودٍ يُولَد إلاّ وَهُوَ عَلَى الملّة))[١].

واتە: ((هەموو منداڵێك کە لەدایك دەبێت لەسەر میللەتی باوەڕ لەدایك دەبێت)).

- یان دەفەرموێت: ((مَا مِنْ يولد يُولَد إلاّ عَلَى فِطْرَةِ الاسلام، حَتَى يُعرِبَ، فَأَبَوَاهُ يُهوِّدَانِه أو يُنَصِّرَانِه...))[٢] تا کۆتایی فەرموودەکە..

واتە:((هەمو منداڵێك لەدایك دەبێت لەسەر سروشتی ئیسلامەتی لەدایك دەبێت تا گەورە دەبێت باوكو دایکی دەیکەن بە جولەکەو گاور))

٢- لە تەفسیری ئەبوهورەیرەدا کە خۆی فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە لەپاش گێڕانەوەی فەرموودەکە ئایەتی ﴿فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا﴾ی خوێندەوە، کە مانای وایە مەبەست لە (فطرة) أموسلمان بوونە چونکە لە زۆربەی زانایانەوە وەرگێراوە کە مەبەست لە ئیسلامە.[٣]

٣- پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەکەدا باسی لادانی منداڵی کرد لە (فطرة) تەوە بەرەو جولەکەبوونو گاوربوون و مەجوسی بوون بەڵام باسی

---

١ رواه مسلم (٦٨٥٣).

٢ رواه الضياء المقدسي في (الاحاديث المختارة) (١٤٤٦) وابن حبان (١٣٢).

١ التمهيد لابن عبدالبر (٧٢/١٨)

موسڵمانبوون ناكات چونكە منداڵ لەسەری لەدایك دەبێتو ئەوان لەو سروشتە لای دەدەن.

٤- مسلم لە صەحیحەكەیدا ژمارە (٧٣٠٩)دا لە عەیازی كوڕی حیمارەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پەروەردگاریەوە (عزوجل) دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت:

((وَاني خَلَقت عِبَادِي حُنفَاء كُلُّهُم، وَإنّهم أتتهم الشَّيَاطِين فَاجتالتهم عَن دِينهم، وَحرَّمت عَلَيهم مَاأحللت لَهُم، وَأمرتهُم ان يشركوا بي مالم أنزل به سلطاناً..))

لە ڕیوایەتی (طبري)داو لە معجم الكبير (٩٩٧)(٣٦٣،١٧)دا ئەم بڕگەیەی هێناوە لە فەرموودەكە:

((ان الله عزوجل خلق ادم وبنيه حنفاء مسلمين)).

واتە: خوای گەورە لە فەرموودە قودسیەكەیدا دەفەرموێت: من هەموو بەندەكانی خۆمم بە باوەڕدار دروست كردووە، بەڵام شەیتانەكان دێنو لە ئاینی پاك دووریان دەخەنەوەو هەموو ئەو شتانەی من بۆم حەلال كردوون بۆیان حەرام دەكەنو فەرمانیان پێ دەدەن كە هاوبەش بۆ من پەیدابكەن كە من ڕێگام بەو كارە نەداوە.

كەواتە بەم كۆمەڵە بەڵگانەی پێشەوە بۆمان دەركەوت كە مەبەست لە سروشتی (فطرة) ئیسلامە.

سێیەم: مەبەست لەوەی كۆرپەلە لەسەر ئیسلامەتی لەدایك دەبێت:

- إبن قيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە كتێبی (شفاء العليل) (٧٨٩/٢-٧٩٠)دا دەڵێت: ئەوەی كە پێویستە لێرەدا بزانرێت مانای ئەوەی كە لە فەرموودەكاندا هاتووە ((كۆرپەلە لەسەر سروشتی باوەڕو ئیسلامەتیو میلەتی ئیسلام لەدایكبوون)) مەبەست لێی ئەوەنیە كە هەر كە منداڵەكە لەدایكی بوو دەربارەی ئیسلام هەموو شتێك بزانێتو قبوڵی بكات.

نەخێر، چونكە خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی ((وَٱللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا))[1]

(واتە خوای گەورە لە سكی دایكتان دەرتان دەهێنێتو لەو كاتەشدا ئێوە هیچ شتێك نازانن)

بەڵكو مەبەست لە (فطرة) ئەوەیە كە ئیسلامی لەلا جوانەو پێی قبوڵەو خۆشی دەوێت، سروشتی باوەڕ وایە كە مرۆڤ بەرەو پەروەردگاری دەباتو خۆشەویستی دەكات لەلایانو دڵسۆز دەبن بۆی، ئیتر ناسینو زانیاری دەبارەی وردەوردە پەیدا دەبێت ئەگەر بەربەستەكان ڕێگەی لێ نەگرن.

وە دەڵێت: بەڵكو مەبەستی لەو (فطرة)یە ئەوەیە كە لەسەر خۆشەویستی پەروەردگارەكەی لەدایك دەبێتو ڕازی دەبێت بە خوایەتی پەروەردگارەكەی، سەری بەندایەتی بۆ نەوی دەكات، ئەگەر وازی لێ بهێننو بەربەست نەخەنە ڕێگای هەرگیز لەو سروشتە لانادت.

هەروەك چۆن بەجۆرێك لەدایك دەبێت كە حەزی بەو شتانەیە كە پێویستی پێیەتی لە خواردنو خواردنەوە، حەزی لەو شیرەی دایكیەتی كە بە سروشت بۆی گونجاوە.

وەك خوای گەورەیش لە سورەتی (طـه: ٥٠)دا دەفەرموێت ﴿قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ﴾ وە هەروەها دەفەرموێت ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ۝٢ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾ (الاعلى: ٢-٣).

ئەو پەروەردگارە هەموو گیانلەبەرانی دروست كردووەو هەر ئەویشە ڕێنموونی كردوون بۆ ئەو شتانەی بەسودە بۆیانو دووریش بكەونەوە لەو شتانەی زیانی هەیە بۆیان.

---

١ سورەتی النحل ئایەتی (٧٨).

ئەم خۆشەویستیو ڕقو کینەیە بەپێی پێویست دەست دەکەوێت، پاشان زۆرێك لە مرۆڤەکان ئەم سروشتە پاکەیان لێ تێکدەچێتو هەر ئەمەشە کە دەڵێین لەسەر سروشتی پاك لەدایك دەبێت)..

چوارەم: فەرموودەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کۆرپەلە لەسەر سروشتی باوەڕ لەدایك دەبێت، مەبەستی لەوەنیە کە باس لە باوەڕداریو بێ باوەڕی منداڵ بکات لە دنیادا، چونکە حوکمی منداڵی کافران حوکمی باوكو دایکی دەدرێت بەسەردا.

منداڵی باوەڕداران حوکمی باوكو دایکیان دەدرێت بەسەرداو هەروەها منداڵی بێ باوەڕانیش لە دنیادا هەر بەو جۆرە حوکمی باوكو دایکیان بەسەردا دەدرێت، حوکمی کافریان دەدرێت بەسەرداو نوێژیان لەسەر ناکرێتو لە گۆڕستانی موسڵماناندا ئەسپەردە ناکرێنو میرات نابەن لە خزمی موسڵمانیانو دروستە وەك کافران بکرێنە بەندە بە ڕای هەموو زانایان.[1]

پێنجەم: بەجولەکەکردنی یان بەگاورکردنی لەلایەن دایكو باوکییەوە، مانای ئەوە نیە کە بەڕاستی کافر بووە، حوکمی کافری تەواوی بەسەردا نادرێت تا بە زمانو بە ئاشکرا دەری نەبڕێت، خۆی بە ئارەزووی خۆی کوفر هەڵنەبژێرێتو ئیسلام ڕەدنەکاتەوە، بەڵام بەوەی کە لەژێر ڕکێفی باوكو دایکی کافریدایە لە دنیا حوکمی کافری بەسەردا دەدرێت، چونکە ئەحکامی دنیایی زۆر جیاوازە لە ئەحکامی قیامەتی.

بۆ نموونە دووڕووەکان (منافق) ئەحکامی موسڵمانانیان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت کەچی لەو ڕۆژی قیامەتدا لە قوڵایی دۆزەخدان، یان ئەو باوەڕدارەی لەژێر دەسەڵاتی کافراندایەو لە دڵەوە باوەڕی هێناوە بەڵام موسڵمانان بەو باوەڕەیان نەزانیوە هەر حوکمی کافری بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت لە دنیاداو ناشۆرێتو نوێژی لەسەر ناکرێت بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا یەکێکە لە بەهەشتیەکان.

---

١ سەیری کتێبی (شفاء العلیل)ی ابن قیم بکە (٢/٨١٢).

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (فیترەتی پاك واتە ئەو سروشتەی كە خوای گەورە خەڵكی لەسەر دروست كردووەو لە دنیادا مادەم خۆیان بە دەمی خۆیان بیروباوەڕیان دەرنابڕن، حوكمی باوكو دایكیان دەدرێت بەسەردا)[1].

شەشەم: هەر لەبەر ئەم سروشت پاكیەی كۆرپەیە كە لە غەزاكاندا دروست نیە منداڵی كافران بكوژرێن.

وەك ئەسوەدی كوڕی سەریع (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی بەدردا سریەیەكی دەركرد بە لایەكدا بۆ جەنگ لەگەڵ بێ باوەڕانو لەوێ ناچاربوون منداڵی كافران بكوژن، كاتێك گەڕانەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ)پێی فەرموون ((مَا حملكم عَلى قَتل الذرية؟)): واتە: چی وای لێ كردن منداڵەكانیان بكوژن؟.

ئەوانیش وتیان: ئەی منداڵێ بێ باوەڕان نین؟! پێغەمبەریش فەرمووی: ((أو هَل خيَاركُم إلا أولاد المُشرِكِين؟ وَالّذي نَفس مُحمد بِيَدِهِ مَامِن نسمة تولَد إلا عَلى الفِطرَةِ حَتى يعرب عَنها لِسَانها))[2]

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموون: بۆ هەر پیاوچاكانی ئێوە كوڕی بتپەرستان نین، هەموو منداڵێك بە سروشتی پاكی باوەڕەوە لە دایك دەبێت، مەگەر خۆی بە زمان پێچەوانەكەی دەربڕێت.

ئیبن قەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەسەر ئەم فەرموودەیە دەفەرموێت: لەم فەرموودەیەدا لەگەڵ ئەو كەسانەی سریەكەو پاشتر بەرگری كردنی لە كوشتنی منداڵی كافران، فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت بە ئاشكرا، كەوا ئەو منداڵانە بە بێ باوەڕی لەدایك نەبوون، بەڵكو پاشتر كافربوون دێت بەسەریاندا.

---

١ رواه البيهقي في السنن البرى (١٣٠/٩) و (شفاء العليل) (٨١١/٢).

٢ رواه أحمد (٤٢٥/٣)

ئەگەر مەبەستی ئەوەبووایە کە کۆرپەلە کاتێك لەدایك دەبێت یان بێ باوەڕە یان باوەڕدارە، ئەوە لە علمو قەدەری خوادایە، ئەو کاتە ئەوەی کە فەرمووی ((بۆ پیاوچاکانی ئێوە نەوەو منداڵی بێ باوەڕان نین؟)) خۆ ئەوە ناگەیەنێت کە نەیهێشتوە لە جەنگدا بیانکوژن وەك هەندێك بەهەڵە لێی تێگەیشتوونو دەڵێن:

لەوانەیە نەیهێشتووە بیانکوژن لەبەرئەوە بووبێت کە لە عیلمی خوادا هەیە کە ئەگەر بمێنن موسڵمان دەبن!

نەخێر، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە: کە پیاوچاکانتان ئەوانەی پێشتر باوەڕیان هێناوە لە کۆچەریانو پشتیوانان کە هەموویان نەوەو وەچەی بێ باوەڕانن، پاشان منداڵەکانیان باوەڕیان هێناوەو کوفری باوكو باپیریان هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندوون، ئەگەر باوەڕدار بێت خوای گەورە بە کردەوەی چاکی خۆی پاداشتی دەداتەوە نەك بە کردەوەی باوكو دایکی، چونکە خوای عزوجل لە مردوو زیندو دەردەهێنێتو لە زیندوویش مردوو دەردەهێنێت. لە بێ باوەڕ باوەڕدارو لە باوەڕدار بێ باوەڕ دەهێنێتە کایەوە.[1]

حەوتەم: زانایان ئەم فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە: منداڵی کۆرپە ئەگەر لە جەنگدا گیراو باوكو دایکی نەدەزانرا، ئەوە حوکمی موسڵمانی بەسەردا دەچەسپێتو ئەگەر لەوێ لەگەڵیاندا بمرێت دەیشۆنو نوێژی لەسەر دەکەن.

بەڵگەشیان ئەوەیە کە: ئەگەر لەسەر سروشتی پاکی باوەڕ لەدایك ببێت باوكو دایکی ئەو سروشتە دەگۆڕن، بەڵام هەر کاتێك موسڵمانەکان لە شەڕدا کەوتە دەستیان بەبێ دایكو باوکی ئەوە کەسێك نیە لە دینەکەی بگۆڕێتو حوکمی ئەوەی دەدرێت بەسەردا کە لەسەر فیترەتی پاکی موسڵمانەتیە، بە سروشتی بە یەکێك لە موسڵمانان دادەنرێت، بەڵام ئەگەر باوكو دایکی هەبوو لەگەڵیاندا بێت بە ئاسایی‌و بە بێ

---

١ (أحكام أهل الذمة) ابن قيم (٢/٩٥٥)

ئاراستەکردن‌و فێرکردن دەیکەن بە بێ باوەڕ وەك خۆیان‌و ئەوکاتە ئەو منداڵە حوکمی منداڵێکی باڵقبووی دەردێ بەسەردا.

ئێ ئاشکرایشە منداڵی پێ گەیشتوو ئەگەر لە شەڕدا گیرا حوکمی کافریەکەی لەسەر لاناچێت چونکە بووە بە کافرێکی تەواو، ئەگەر ئەو منداڵەی کە لەگەڵ دایك‌و باوکیدا دەگیرێت ئەوە حوکمی کافری تەواوی بەسەردا دەبرێت‌و لە دنیا هەموو حوکمەکانی کافری بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت لەبەر دایك‌و باوکی نەك لەبەر کافریەتی خۆی.[1]

هەشتەم: مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرمودەکەی کە فەرموویەتی: ((کما تنتج البهیمة بهیمة عجماء، هَل تحسون فِیها مِن جدعاء)) واتە: ئاژەڵ بەچکەیان دەبێت بە تەواوی‌و بە ڕێك‌و پێکی لەدایك دەبن‌و پاشان خەڵکی خۆیان گوێچکەی دەبڕن‌و شاخی دەبڕنەوەو ئەمەش بە فەرمانی پەروەردگارە، هەر بەو چەشنەیش منداڵ لەسەر سروشت پاکی لەدایك دەبن‌و پاشان دایك‌و باوکی بیروباوەڕی تێك دەدەن‌و ئەمەش هەر بە قەزاو قەدەری پەروەردگارە))[2]

نۆیەم:

دوو کەڵك:

١- بوخاری (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە صەحیحەکەیدا ژمارە (١٣٥٨)دا دەفەرموێت: ئەبولیەمان باسی بۆ کردین‌و ئەویش لە شوعەیبەوە گێڕاویەتیەوە لە (ابن شهاب الزهری) فەرموویەتی: هەموو منداڵێك بمرێت نوێژی لەسەر دەکرێت تەنانەت منداڵی زۆڵیش ئەمەش لەبەرئەوەیە کە لەسەر سروشتی پاکی ئیسلامەتی لەدایکبووەو باوکی‌و دایکی یان هەر باوکی خۆیان بە موسڵمان دەزانن ئیتر با دایکی لەسەر ئاینی ئیسلام نەبێت، هەر کاتێك لەکاتی لەدایکبووندا گریانی

١ أحكام أهل الذمة، ابن قيم (١٠٤٧/٢)

٢ درء التعارض (ابن تيمية) (٣٦٢/٨)

بیستراو ئەگەر گریانی نەبوو نوێژی لەسەر ناكرێت چونكە حوكمی منداڵی لەبارچوی دەدرێ بەسەردا،

ئەبوهورەیرەیش (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((مَامن مَولُود يُولَد إلا عَلَى الفطرة...)) تا كۆتایی فەرموودەكە.

لە (ابن جريج)ەوە دەگێڕنەوە كە وتوویەتی: پرسیارم كرد لە (عطا) دەربارەی منداڵی زۆڵ لەدایك بێتو دەنگی لێوە بێت، ئایا نوێژی لەسەر دەكرێت؟

لە وەلامدا وتی: بەڵێ، وتم: چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەویش وتی: چونكە لەسەر سروشتی ئیسلامەتی لەدایكبووە[١].

٢- ئیمام ئەوزاعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: پرسیارم كرد لە ئیمام زوهەری (بە ڕەحمەت بیت) دەربارەی كەسێك كە لەسەری پێویستە بەندەیەكی موسڵمان ئازاد بكات ئایا دروستە بۆی منداڵێك ئازاد بكات كە تازە لەدایك بوویێت؟ فەرمووی: بەڵێ، چونە لەسەر فیترەتو سروشتی پاكی باوەڕ لەدایكبووە.[٢]

مەسەلەیەك:

ئەهلی سوننە لەناو خۆیاندا لەسەر ڕۆشنایی ئەم فەرموودەیەدا جیاوازیان هەیە: (قەدەریەكان) ئەم فەرموودەیە بە بەڵگە دەهێننەوە لەسەر ئەوەی كە كوفرو كافربوون خوای گەورە لەسەر كەس فەرزی نەكردووەو نەیسەپاندووە، بەڵكو خەڵكی خۆی ئەو كارە هەڵدەبژێرێت، چونكە هەموو كۆرپەیەك لەسەر سروشتی باوەڕ لەدایك دەبێتو بێ باوەڕبوونی دوایی دەست پێ دەكات خەڵكی بێ باوەڕی دەكەن.

---

١ رواه عبدالرزاق (٦٦١٤).

٢ التمهيد ابن عبدالبر (٧٦/١٨).

پاشتر بە ئیمام مالیکیان وت: قەدەریەکان سەرەتای ئەم فەرموودەیە بە بەڵگەی خۆیان دەزانن! ئەویش (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمووی: ئێوەش بە کۆتایی فەرموودەکە بەرپەرچیان بدەنەوە، بەوەی کە پێغەمبەری (ﷺ) کاتێك پرسیاری لێکرا: ئایا منداڵ پاشەڕۆژی چۆنە ئەگەر بە کۆرپەلەیی بمرێت؟ فەرمووی: ((الله أعلم بما كانوا عاملين)). واتە فەرمووی: خوا زۆر چاکتر دەیزانێت ئەگەر بمانایە چۆن رەفتاریان دەکرد))[1]

شیخ الاسلام (ابن تیمیە) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: زانایان ئەوەیان روونکردۆتەوە لە ئەم فەرموودەیە هیچ بەڵگەیەکی بۆ قەدەریەکان تێدانیە، چونکە ئەوان ناڵێن دایكو باوکی بەجۆرێ دروستکراون کە دەبێت منداڵەکەیان بکەن بە جولەکەو گاور، نەخێر پاش گەورەبوون بە ئارەزووی خۆی جولەکەو گاوری دایكو باوکی هەڵدەبژێرێت، بەڵکو ئەوان لە رێگەی دەرسدادانو پێ لەبەرکردنەوە ئەو کارەی پێ دەکەن.

وە ئەگەر لەم روانگەوە سەیری دایكو باوکەکەی بکەین، ئەوە شیاوترو شایانترە کە بدرێتە پاڵ ئەو خوایەی کە دروستکەرو پەروەردگاری هەموو شتێکە، چونکە بەڵێ خوای گەورە لە سروشتدا لەسەر فیترەتی پاك دروستی کردووە، بەڵام ئەوەشی داناوەو بڕیارداوە کە چۆنو لەلایەن کێوە لەم فیترەتە پاکەی لای دەدەن.

وە بەڵگەی ئەوەش لەو فەرموودەیەدا دەردەکەوێت کە پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکی صحیحدا دەفەرموێت: ((ان الغُلامَ الذي قتله الخضرُ طبع يوم طُبِعَ كافِراً، ولَو بلغ لأرهقَ أبويه طغياناً وكُفراً)).

---

١ رواه اللالكائي في (أصول إعتقاد أهل السنة) (١٠٠٠).

واتە: ئەو منداڵەی كە (خضر)ی پیاوچاك هەستا بە كوشتنی لەو ڕۆژەی كە بڕیاری كافریو موسڵمانەتی خەڵكەكان دراوە لە (لوح المحفوظ)دا، ئەگەر گەورە ببوایە كاریگەریشی دەبوو لەسەر كافركردنی دایكو باوكی.

وشەی (طُبِعَ) واتە لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوەو بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوە ناگەیەنێت كە پێش لەدایكبوون بڕیاری بێ باوەڕبوونی درابێت، ئەو لەسەر فیترەتی پاكو بێگەرد لەدایك بوو، بەڵام دوای ئەوە گۆڕانكاری دێت بەسەریداو بێباوەڕ دەبێتو دەچێتە سەر ئەو بیرو باوەڕەی كە لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوە.[1]

---

١ بۆ زیاتر شارەزایی سەیری ئەم كتێبانە بكە ١- الابانة الكبرى(ابن بطة)(٢/٦٩) ٢- درء التعارض (ابن تيمية)(٨/٣٥٩) ٣- شفاء العليل لابن قيم (٢/٧٧٥)

فەرموودەی دووەم

(دوو شت فێری منداڵ بكرێت یەكتاپەرستیو سوننەتەكانی پێغەمبەر (ﷺ)؛

عن ابن عباس (رضى الله عنهما) قال: كنت خلف النبي (ﷺ) يوماً، فقال: ((يَا غُلاَمُ إنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ: احْفَظ اللَّهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، وَإِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعت عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشيءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ، وَان اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ، رُفِعَتِ الأَقْلاَمُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ)).

دەرهێنانی فەرموودەكە

ئیبن وەهەب لە (القدر) لاپەڕە (٢٨)، ئیمام ئەحمەد (٢٩٣/١، ٣٠٣، ٣٠٧)و ترمذی لە (السنن) (٢٥١٦)دا، ئەبو یەعلا لە (المسند) (٢٥٥٦)دا، (طبری) لە (المعجم الكبير) (١١٥٦٠) (١٢٩٨٨) وە الاوسط (٥٤١٧)دا، (ابن سنی) لە (عمل اليوم والليلة) (٤٢٥)دا، وە (الحاكم) لە (المستدرك) (٥٤٢/٣-٥٤١)دا هێناویانە.

ترمذی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەم فەرموودەیە حەسەنو صەحیحە. (ابن منده) (رەحمەتی خوای لێ بێت) ئەم فەرموودەیە لە زۆر ڕێگای ترەوە لە (ابن عباس)وە ڕیوایەت كراوەو ئەم ڕێگایەشی (صحيح)ترینیانە.

(ابن رجب) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت (ئیسنادەكەی واتە زنجیرەی گێڕەرەوەكانی باشەو هیچی لەسەر نیە[١].

[١] سەیری ئەم سەرچاوەیە بكە: ((نور الاقتباس من مشكاة وصية النبي (ص) لابن عباس (رضي الله عنهما)) ابن رجب لاپەڕە (٣٠-٣١).

ئەو ئەحكامو ئادابانەی لەم فەرموودەیەوە وەردەگیرێت:

یەكەم:

ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت كە شتێكی ڕەواو دروستە منداڵ فێری زانستو زانیاری بكرێت، لە فەرموودەی سێیەمدا زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە دەدوێین.

دووەم:

لەم فەرموودەیەدا ئامۆژگاریەكی تێدایە بۆ پەروەردەكەرو فێركارانی منداڵان كە كاتو شوێنی گونجاو بە هەل بزانن و شێوازی باش بەكار بهێنن لە پرۆسەی فێركردندا.

ئەمەش بەوەدا دەردەكەوێت كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشترینو چاكترین مامۆستا بووە هەروەك ئەو هاوەڵە بەڕێزە كە ناوی (معاوی)ی كوڕی (حكم)ی سوللەمی (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: (ما رأيت معلماً قبله ولا بعده أحسن تعليماً منه).

واتە: تا ئێستا نە لە پێشترو نە لە دواتریشیەوە نەمدیوە مامۆستایەك باشتر لە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

سەیركە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هەلی دەزانێت كە ئامۆزا بچكۆلانە ژیرەكەی لە مەسەلە گەورەو گرانەكان تێ بگەیەنێت لەكاتێكدا لە دوای خۆیەوە سواری وەڵاخەكەی كردبوو بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، چونكە ئەوە ساتەوەختێكە كە منداڵ لە خۆشترین حاڵەكانیدایەو دڵی كراوەتەوەو هەرچیان بۆ باس بكرێت وەری دەگرن.

سێیەم:

لە فەرموودەكەدا ئامۆژگاری منداڵان بەدی دەكرێت كە پێیان دەڵێت هەرچی زانستو زانیاریە كە فێردەكرێن لە منداڵیدا ئاگایان لێ بێت لەبیریان نەچێتەوە، جوان لەبەری بكەن.

وەك چۆن ئیمام (طبراني) لە (المعجم الكبير) (١٢٩٨٨) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((يَا غُلام، إني اعلمك كَلِمات فَاحفَظهنّ)).

وە (ابن يعلى)یش لە (معجم)ەکەیدا لاپەڕە (٦٩): ((يَاغُلَام أو يَا غُلَيم احفَظ عَنّي كَلِمَات لَعَلَ الله أن يَنفَعك بِهن)). واتە: ئەی منداڵ یان ئەی منداڵە بچکۆلەکە چەند وشەیەکم لێ وەربگرە بەڵکو خوای گەورە بەهۆیانەوە سودت پێ بگەیەنێت.

هەردوو زاناو پیاوچاك (حسن البصری‌و قتادەو نافع) (رەحمەتی خوایان لێ بێت) وتویانە: ((الحفظ في الصغر كالنقش على الحجر)) واتە: شت لەبەرکردن لە منداڵیدا وەك هەڵکۆڵینە لەسەر بەرد)[1].

چوارەم:

لە فەرموودەکەدا ئەوە بەدی دەکرێت کە دەبێت مامۆستایان بە نەرم‌ونیانی‌و بە بەزەیی هەڵس‌وکەوت بکەن لەگەڵ منداڵاندا لەکاتی فێرکردنیاندا، سەیرکە پێغەمبەری خوا (ﷺ)چۆن ئامۆژگایەکەی پێشکەش بە(إبن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەکات‌و پیێ ی دەفەرموێت ((يَاغلام، ألا أعلمك شيئاً ينفعك الله به))[2] واتە: ئەی کوڕە جوانەکە، چۆنە کۆمەڵێ شتت فێربکەم کە خوای گەورە بەهۆیانەوە سوودبارانت بکات؟!)).

ئەم شێوازەیش شتێکی شاراوە نیە کە چەندە بەسودە لە خۆشەویستکردن‌و دروستکردنی حەز لە منداڵاندا بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری‌و قورئان خوێندن‌و تێکەڵیکردنی بە کۆڕی زانایان.

خوای گەورەیش لە قورئاندا مەدح‌و سەنای پێغەمبەرەکەی خۆی (محمد) (ﷺ) دەکات کە ئەگەر دڵڕەق‌و بێ سەلیقە بووایە لەگەڵ چواردەورەکەیدا، هەموو خەڵکی وازیان لێ دەهێناو بڵاوەیان لێ دەکرد وەك دەفەرموێت ﴿وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَ﴾[3].

---

١ رواه ابن الجعد في مسنده (١٠٧٩) و(ابن سعد) لە (الطبقات)دا لا(٧/٢٩٩).

٢ رواه (طبراني) في (المعجم الكبير) (١١٥٦٦٠).

٣ (ال عمران) ئايەتی ١٥٩.

ئەوەی کە ئەم مانایە دەگەیەنێت فەرموودەکەی (ابن مسعود)ە (خوا لێی ڕازی بێت) کە بە پێغەمبەری خوای وت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو شتانەم فێربکە کە دەیانخوێنیتو پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو: ((یرحمك الله، انك غُلیم معلّم)) واتە: ڕەحمەتی خوات لێ بێت، بەڕاستی تۆ ئێستا منداڵە چکۆلەیەکی پاشان فێر دەبیت)).

(ابن مسعود) (خوا لێی ڕازی بێت) لەدوای ئەم فەرموودەیەوە دەفەرموێت: چل سورەتی قورئانم لە زاری پیرۆزی پێغەمبەرەوە وەرگرتووە کە کەس لەو بوارەدا شان لە شانم نادات.[1]

ئەم شێوازە جوانو نەرمەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پەروەردەکردنو فێرکردنی منداڵدا کاریگەری هەبووە لەسەر زاناو مامۆستایانی سەلەفی صاڵح (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قوتابیانیاندا:

* (علقمە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: قورئانم دەخوێند لە خزمەتی عبداللەی کوڕی مسعوددا (خوای لێ ڕازی بێت) دەنگمی زۆر بەدڵ بوو بۆیە پێی فەرمووم: بەردەوامبەو بخوێنە، دایكو باوکم فیدات بێت!

ئیبراهیم دەڵێت: علقمە دەنگی زۆر خۆش بووە.[2]

* ڕەبیعی کوڕی سولەیمان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئیمام شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێی وتم: (ئەگەر پێم بکرایە عیلمو زانیاریم وەك خواردن دەکرد بە گەروتدا).[3]

---

١ رواه الطيالسي (٣٥١). وأحمد (٣٧٩،٤٦٢/١). إسناده حسن.

٢ رواه (ابن خيثمة) في (التأريخ) (٣٩٤٦).

٣ رواه البيهقي في (المدخل) (٣٧٦/١).

* عبدالرحمن کوڕی مهدی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: گوێم لە چەندان پیاو و زانایان بووە کە ئەگەر کەسێکیان بدیایە ئاستی زانستی لە خواری خۆیەوە بووبێت، خۆبەکەم زانینی نواندووە لە ئاستیداو هەوڵی داوە فێری بکات.[١]

نووسەری ئەم کتێبەش دەڵێت: شتێکی شاراوە نیە کە توندوتیژیو نواندنی شێوازی ڕەق لە فێرکردنو پەروەردەکردنی منداڵاندا شتێکی زۆر خراپەو لە وەرگرتنی زانست بێزراو وەڕەسیان دەکات، پاشترە ڕقیان لە زانستو هەڵگرانی دەبێتەوە، زۆرێك لە مامۆستاو پەروەردەکاران بون بەهۆی ئەوەی زانست لە بەرچاوی قوتابیان بخەن، پاشتریش لایاندا بەرەو ڕێگەی چەوتو خراپەکاریو سەرلێشێوان.

دەی با مامۆستایانو پەروەردەکاران ئاگایان لەم شێوازە بێزارکەرانەبێتو بەدوور بن لەبیریان بێت کە:

* پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) فەرموویەتی: ((إنَّ الله يُحِبُ الرِّفقَ فِي الامرِ كُلِّه))[٢] واتە: خوای (عز وجل) حەزی بە نەرمو نیانیە لە هەموو کارو کردەوەیەکدا.

* هەروەها دەفەرموێت: ((مَا كَان الّرفق فِي شَيىءٍ إلا زانه، وَمَا كَانَ الفحش في شيىءٍ قَط الا شانه))[٣] واتە: نەرمو نیانی لە هەر شتێکدا بەکارهات ئەو شتە یان ئەو کارە بەرزو بە ئەرزش دەکات، وە توندوتیژیو خراپەکاری لە هەر کارێکدا بوو ئەوە سوكو بێ نرخی دەکات.

* هەروەها دەفەرموێت: ((اللهم مَن وليَّ من امر أُمتي شيئاً فشق عليهم، فاشقق عليه، ومن ولي من أمر أُمتي شيئاً فرفق بهم، فارفُق به))[٤] واتە: ئەی پەروەردگارم هەر

---

١ رواه (ابو نعيم) في (الحلية) (١١٨/٩).

٢ رواه البخاري (٦٠٢٤)

٣ رواه أحمد (٢٤١/٣) و ابن حبان في صحيحه (٥٥١).

٤ رواه مسلم (٤٧٤٩).

كەسێك كاروباری موسڵمانان كەوتە ژێر دەستیو توندوتیژو ڕەق بوو بەرامبەریان، خوایە تۆش توندوتیژو ڕەق بە بەرامبەری. وە ئەگەر ئەو كاربەدەستە نەرمو نیانو بە بەزەیی بوو بەرامبەر ئوممەتەكەم دەی خوایە تۆش نەرمو نیانو بە بەزەیی بە بەرامبەری.

پێنجەم:

لە فەرموودەكەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە بەناوی خۆشو جوانەوە قوتابیو منداڵان بانگ بكرێت وەك لە وشە جیاجیاكانی ڕیوایەتەكاندا هاتووە وەك (یا غلام) ئەی منداڵە جوانەكە یان (یا غلیم) واتە: منداڵە چكۆلەكە یان (یا بنی) واتە: كوڕی شیرینم...

شەشەم:

لە فەرموودەكەدا ئەوەی لێ وەردەگیرێت كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا چ ئاستێكی بەرز گرنگی بە فێركردنی منداڵان داوە بەتایبەت بواری یەكتاپەرستیو شوێنكەوتنی سوننەت.

حەوتەم:

ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گرنگی بە بیرو باوەڕو یەكتاپەرستی منداڵانی موسڵمان داوە پێش ئەوەی فێری قورئانیان بكات.

* (جندب)ی كوڕی (عبدالله) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: ((كنا غلماناً حزاورة مع رسول الله (ﷺ) فيعلمنا الايمان قبل القرآن، ثم يعلّمنا القرآن، فازددنا به إيماناً، وانكم اليوم تعلمون القران قبل الايمان))[1].

واتە: ئێمە كۆمەڵێك منداڵی تازە پێگەیشتوو بووین لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووینو ئەو بیروباوەڕو یەكتاپەرستی فێر دەكردین پێش ئەوەی قورئانمان فێربكات،

---

١ رواه ابن ماجه (٨١). واسناده صحيح، سەیری (مصباح الزجاجة (١/٥٥).

بۆیە باوەڕمان بە قورئان زۆر زیادی کرد، پاشان قورئانی فێردەکردین، بەڵام ئێوە ئەمڕۆ سەیرن قورئان فێری خەڵکی دەکەن پێش ئەوەی بیروباوەڕیان تێبگەیەنن‌و فێریان بکەن.

هەشتەم:

زانایان‌و پیاوچاکان (سەلەفی صالح) لەسەر ئەم پرۆگرامە ڕاست‌و دروستە کاریان دەکردو منداڵەکانیان لەسەر پەروەردە دەکرد، سەرەتا یەکتاپەرستی‌و بیروباوەڕیان تێ دەگەیاندن‌و سوننەتی پێغەمبەریان بۆ باس دەکردن هەر لە منداڵیەوە.

تا دەبینی ئەو منداڵە دەبێتە لاوێکی باوەڕ بتەوی یەکتاپەرست‌و شوێنکەوتەی سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و پاشتر هیچ ئاشوب‌و خراپەیەك لە ڕێگەی ڕاست لای نادات.

* عەلی کوڕی حوسەین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) منداڵەکەی خۆی فێر دەکردو پێی دەفەرمو: بڵێ، باوەڕم بە خوا هەیەو بێ باوەڕم بە هەموو ملهوڕو خودا درۆینەکان.[1]

* ئیبراهیمی تیمی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: موسڵمانانی پێش ئێوە حەزیان دەکرد یەکەمین شت فێری منداڵ بکرێت وشەی (لا إله إلا الله)بوو و حەوت جار (لا إله إلا الله)یان بەسەردا دەخوێندو پاشان ئەو وشەیەیان پێ لەبەردەکرد، کەواتە یەکەمین وشە کە قسە فێردەبوو وشەی (لا إله إلا الله)بوو))[2].

* حەمادی کوڕی زەید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: من لەناو کۆمەڵێك قوتابیدا بووم دەرسم دەخوێند، لەو کاتەدا منداڵ بووم پەلکەکانم درێژبوون، عەمری کوڕی عوبەید (یەکێك لە سەرانی موعتەزیلە بوو) هات‌و لەسەر سەرم وەستاو پێی وتم:

---

١ رواه ابن ابي شيبة (٣٤٨/١).

٢ رواه ابن شيبة (٣٤٨/١) عبدالرزاق (٧٩٧٧).

ئەی كوڕە چكۆلەكەم دەربارەی ئەم بانگەوازە چی دەڵێی تۆ؟ وتم: بانگەواز بۆ هەموو مرۆڤایەتیە بەڵام بەهرەمەندبوون بە باوەڕ تایبەتیە، حەماد دەڵێت: بەتوندی پەلكەكانمی ڕاكێشتو وتی: چاك هەر بە منداڵی كوفرو بێ باوەڕیان لە مێشكتدا چەسپانووە.

عەمری كوڕی عوبەید (موعتەزیلەبوو) باوەڕی بەوە نەبوو كە خودا ڕێنمایی خەڵكی دەكات بۆ باوەڕهێنان، بۆیە توڕەبوو كاتێك بیستی كە منداڵێك پێچەوانەی بیروباوەڕەكانیەتیو قەدەری خوایی دەچەسپێنێت.

تۆیەم:

لەبەر یەك شت وا زاناو پیاوچاكانی پێشووی ئوممەت هەوڵیاندەدا منداڵەكانیان سەرەتا لەسەر بیروباوەڕی یەكتاپەرستیو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) پەروەردە دەكرد- ئەویش بەهۆی ئەوەی كە ئەوان ئەوەیان زانیوە كە منداڵ لەسەر چی گەورەبوو دواڕۆژ هەر بەو چەشنەی لێ دەردەچێت.

ئەگەر سەرەتا لەسەر بیروباوەڕی پاكو ڕاستو دروستو خۆشەویستی سوننەتو ڕێڕەوی پێغەمبەر (ﷺ) پەروەردە بكرێت ئەوە بە یارمەتی خوا تا مردن لەسەر ئەو ڕێڕەوە دەڕوات.

بەڵام ئەگەر ئەو منداڵە لەسەر گومڕاییو بیدعەو پێچەوانەی سونەت پەروەردە بكرێت ئەوە پەنا بەخوا تا مردن لەناو ئەو گومڕاییەدا دەژی مەگەر خوای گەورە ڕەحمی پێ بكات خێرو چاكەو ڕزگاری بۆ بنێرێت إن شاءالله.

* (ابو اسحاق الجبیانی) دەڵێ: ((منداڵەكانتان مەنێرنە لای هیچ مامۆستایەك مەگەر مامۆستایەكی خاوەن دینو خواناس چونكە قوتابی لەسەر ئاینی مامۆستاكەیەتی)).

دەڵێ: مامۆستایەك دەناسم كە لە ژێرەوە پەنا بەخوا (باوەڕی وابوو قورئان دوایی هاتۆتە كایەوەو مەخلوقە) كاتێك خەڵكی پێی زانی دووریان خستەوەو سزایان داو وازیان پێ هێنا لە وانە وتنەوە.

ئەویش پێش هەڵاتن قوتابیەکانی کۆکردەوەو پێی وتن: دەربارەی قورئان چی دەڵێن؟ وتیان: نازانین بڵێین چی، ئەویش وتی: ئەی قورئان مەخلوق نیە، بیشتان کوژن هەر لەسەر ئەم بیروڕایە لانەدەن پاشان هەڵاتو خۆی شاردەوە.

(ابن اسحاق) دەڵێ: بیستم کە ئەو منداڵانە هەر هەموویانن لەسەر ئەو بیروباوەڕە چەوتە مردن.

پاشان دەڵێ: بیستوومە مامۆستایەکی پاكو باوەڕ بتەو لە دەوری کەعبەی پیرۆز دەسوڕایەوەو دەیووت: ئەی پەروەردگارم هەر قوتابیەك من فێرم کردووەو پەروەردەم کردوون، بیانکە بە یەکێك لە پیاوچاکان.

دەڵێ: بیستوومە (٧٠) قوتابی لەسەر دەستی ئەو فێربوونو هەر (٧٠)کەیان لە ڕێزی کاروانی صاڵحاندا بوون... ئای لەو دوو مامۆستایە چەند پێچەوانەی یەکن.[1]

* عەمری کوڕی قەسی مەلائی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: هەر کاتێك گەنجێکت بینی سەرەتای تەمەنی لەگەڵ ئەهلی سوننەو جەماعەدا بەسەربرد ئەوە هیوای چاکەت پێی هەبێت لە دواڕۆژدا، بەڵام ئەگەر لەگەڵ بیدعەچیو گومڕاکاندا بینیت ئەوە لێی بێ هیوابە، چونکە گەنج لەسەر بنەمای سەرەتای گەورە دەبێت،

وە دەڵێت: گەنج ئەگەر بۆی بلوێو لە خزمەت زانایاندا گەورەبێت بە دڵنیاییەوە بێ وەی دەبێت لە دوورلە خواییو خراپە، بەڵام ئەگەر لابدات بەم لاولادا لەلای کەسانی لارو باوەڕ لاوازو بیدعەچی پەروەردە بێت، کاتێك گەورەبوو زۆر دوورە لە سەرگەردانیو گومڕایی.

* (ابن شوزب) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: لە نیعمەتو بەخششی خوایە بەسەر گەنجی خوێندکارو ئەوانەشی کە هەر عەرەب نین (عەجەمین) ئەگەر خواناس بن ئەوە خوایش مامۆستایەکی چاکیان بۆ دەنێرێت کە بیانخاتە سەر ڕێڕەوی

---

[1] ابن عساكر في (تأريخ دمشق) (٢٣٧/٣٦).

سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) چونكە غەیرە عەرەب چاولێكردنی زیاترە لە تێگەیشتن لە دەقەكان)[١].

دەیەم:

هەروەها لەسەر پەروەردەكاران‌و مامۆستایان پێویستە فێری ئەوەیان بكەیت كە عیلم‌و زانست لە كێ وەردەگرن چونكە زانست‌و زانیاری خۆی لەخۆیدا ئاینداریە.

بۆیە دەبێت ناوی زانا چاكەكانی ئەهلی سوننەو جەماعەیان تێ بگەیەنێت، لەبەرامبەریشدا ناوی زانا خراپ‌و بیدعەچیەكانیشیان پێ بڵێت‌و ئاگاداریان بكاتەوە لە خراپەو شەڕیان، چونكە دڵ لاوازە، چاو لەیەك كردن ئاساییەو ئەگەر ئەومنداڵە دووچار ببێت بە خەڵكانی بیدعەچیەوە ئەوە دواجار قەناعەت دەكات‌و شوێنیان دەكەوێت.

*حەمادی كوڕی یەزید (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەنەسی كوڕی سیرین نەخۆش بوو چووین بۆ سەردانی‌و ئەویش ووتی پێمان:

(ئەی كۆمەڵی لاوان لەخوا بترسن، بڕوانن بزانن لەكێوە فەرموودە وەردەگرن چونكە ئەوە بەشێكە لە ئایینەكەتان)[٢].

* مەعمەر (رەحمەتی خوای لێ بێت): دەڵێت لەلای مامۆستا (طاوس)بووم لە ماڵەكەی خۆیدا.. وە لەو كاتەدا پیاوێك هات ناوی ((ساڵح))بوو دەستی كرد بە هەندێك قسە لەسەر قەزاو قەدەر (پەنا بەخوا)، طاوسیش پەنجەی خستە هەردوو گوێچكەی‌و بە كوڕەكەی خۆیشی وت: پەنجەت بخەرە گوێچكەت‌و توند بیگرە با گوێت لە قسەكانی نەبێت چونكە دڵ لاوازە)[٣].

---

١ هەمان سەرچاوە (٥١٧).

٢ رواه الخطيب في (جامع الاخلاق الراوي) (١٤٣).

٣ رواه ابن بطة في (الابانة الكبرى) (١٧٧٨).

* (عاصم)ی كوڕی (أبی النجود) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئێمە خوێندكاری تازە پێگەیشتوو بووین‌و لە خزمەت (أبو عبدالرحمن السلمی)دا بووین‌و پێی وتین:

نەچنە كۆڕی چیرۆك خوانەكان‌و گوێیان بۆنەگرن مەگەر (أبو الاحوص) نەبێت، لە وانەكانی شەقیقی (ضبيّ)و سەعدی كوڕی عوبەیدەدا دامەنیشن (كە هەردووكیان لەسەر بۆچوونی خەواریجەكان بوون)[1].

* (أبو جعفر العقیلی) دەڵێت: بە (عبداللەی كوڕی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل)م وت: بۆچی فەرموودەت لە عەلی كوڕی جەعدەوە وەرنەگرتووە؟ لە وەڵامدا وتی: باوكم نەیدەهێشت بچم بۆ لای، چونكە بۆیان باس كردبوو كە بە خراپە باسی هاوەڵانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) كردبوو[2].

* عامری كوڕی عبداللەی كوڕی زوبێر (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: جارێكیان باوكم پێی وتم: ئەوە لە كوێ بوویت؟ منیش وتم: لەناو هەڵقەی كۆمەڵێكدابووم كە لەوان باشترم نەدیوە (زیكرو یادی خوایان دەكرد)وهەیان بوو جەزبە دەیگرت‌و دەلەرزی تا لە ترسی خوای تەعالا لەهۆش خۆی دەچوو، منیش لەلایان دانیشتم.

باوكم وتی: لەمەودوا هەرگیز لەلایان دامەنیشە، وەك بڵێی پێی ناخۆش بوو كە بەشداری كۆڕی زیكرەكەیانم كردبوو، بۆیە وتی: من بە چاوی خۆم پێغەمبەری خوام بینیوە قورئانی خوێندووە، هەروەها ئەبوبەكرو عمرم دیوە (خوایان لێ ڕازی بێت)

---

١ رواه مسلم في صحيحه (٥٨)

٢ الضعفاء (عقيلی) (٣/٢٢٥).

قورئانیان خوێندووەو بەو جۆرەی ئەو جەماعەتەیشیان لێ بەسەر نەهاتووە، دەی ئایا تۆ وا دەزانی ئەمانە لە ئەبوبەکرو عمر لەخواترسترن؟ بۆیە زانیم مەسەلەکە بەو جۆرە نیە بۆیە وازم لێهێنان)[١].

* مالیکی کوڕی ئەنەس (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: زیادی کوڕی ئەبی زیاد کە خواناسێك بوو بە منی وت کە لەو کاتەدا من منداڵ بووم: دەتبینم لەگەڵ (رەبیعە)دا دادەنیشی؟ کەواتە زۆر ئاگاداری خۆت بە)[٢].

*سوفیانی کوڕی عویەینە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: شەوێکیان لە کەعبەدابووم چاوم کەوت بە (سەرکردەی موعتەزیلەکان)عەمری کوڕی عوبەید کە لە پاڵ مەقامی ئیبراهیمدا دانیشتبوو نوێژی نەدەکردو منیش چوم بۆلای، ئەویش سەیری کردم ووتی: سوفیان ئەمە تۆی؟ ئەی باوکت پێی نەووتی نەیەیت بۆلای ئێمە؟[٣].

* وەهەبی کوڕی مونەبەە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەی لاوو تازە پێگەیشتوان تێکەڵی حەروریەکان (واتە خەواریجەکان) مەکەن، تا نەتانبەنە سەر ڕاو بۆچوونەکانی خۆیان، چونکە ئەوانە خراپەو عاری ئەم ئوممەتەن.[٤]

نووسەریش دەڵێت: بەڕاستی جێگای داخو ئەسەفە! کە زۆرێ لە باوکانو دایکانو پەروەردەکاران لەم پرۆگرامە جوانو دروستە لایان داوە (کە سەلەفی صالح) (رەحمەتی خوایان لێ بێت) منداڵەکانیان ئاگادار کردۆتەوە لە تێکەڵیکردنی بیدعەچیانو ئارەزووکاران، ئەو کارەیش دوای خوای گەورە باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لانەدەنو سەریان لێ تێك نەچێت، یان نەچنە ناو هەندێك حیزبو لایەنی

---

١ رواه أبو نعيم في (الحلية) (٣/١٦٧-١٦٨).

٢ رواه ابن عساكر (١٩/٢٣٧).

٣ رواه الفاكهي في (أجناد مكة) (٩٩٤).

٤ تهذيب الكمال (٣١/١٥١).

سەرلێ تێکدەرو گومڕاکەر، یان ئارەزووچیان ئەوانەی کە زۆربەی بیرو بۆچوونیان هەڵگرتنی چەکە دژی حکومەتەکانیان بەبێ وردبوونەوەو بیرکردنەوە لە چارەسەرێکی تر جگە لە جەنگی نابەرامبەری خۆبەزێن یان کوشتنی خەڵکی مەدەنی بێتاوان.

ئەوە (ابو قلابە)یە (رەحمەتی خوای لێ بێت) جوانی وتووە کە دەڵێ: ((ما ابتدع قوم بدعة الا استحلوا السیف))[1].

هەروەها (سەلامی کوڕی ئەبی مطیع) دەڵێت: زانای گەورە (ئەیووب) هەموو ئەوانەی شوێن بیدعەو داهێنراو دەکەون بە خەواریجی ناودەبردن، دەیووت: خەواریجەکان لە ناودا جیاوازیان هەیە بەڵام هەموویان لەسەر چەك هەڵگرتن بە ڕووی حکومەتەکاندا یەکن.[2]

دەی لە خوا بترسن ئەی پەروەردەکارانو ئاگاتان لە منداڵی خۆتانو منداڵی موسڵمانان بێت، سوننەتی پێغەمبەرو پەیڕەوانی خۆشەویست بکەن لەلایان، ئاگاداریان بکەنەوە لە هەموو فیکرەو بۆچوونە بیدعەو داهێنراوەکان، لەبەر چاویان قێزەونیان بکەن، چونکە ئەوان ئێستا منداڵن نە زانستیان پێیەو نە تێگەیشتن، بەڵکو زانست وەردەگرنو ئەوانەی ئەمان لەگەڵیان دادەنیشن کاریان تێ دەکەن.

دەی تا بۆتان دەکرێت لە منداڵەکانتان نزیك ببنەوە، قسەیان لەگەڵدا بکەن، سەیری بۆچوونو پرۆگرامەکانیان بکەن کە لە مامۆستاکانیانەوە فێری دەبن، ئەگەر بینیتان سونەتی پێغەمبەریان هەڵگرتووەو خۆشیان لێی دێت، ئەوە سوپاسی خوای لەسەر بکەنو یارمەتیان بدەن بەردەوام لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆنو لێی لانەدەن. بەڵام ئەگەر شتێکی شاراوەو گوماناویتان تێدا بەدی کردن (ئاگادارین لێیان) ئەوە سەرەتاو نیشانەی بیدعەچێتیو لادانە لە ڕاستە شەقام.

---

١ رواه اللالكائي (٢٤٧).

٢ رواه الفريابي في القدر (٣٧٥).

ئەوەتا عمری كوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (إذا رأيت قوماً يتناجون في دينهم بشيءٍ دون العامة، فاعلم أنهم على تأسس ضلالة)[١].

واتە: (هەركاتێك تاقمێكتان بینی بە دزی خەڵكیەوە لە ئاینەكەیاندا چپەچپیان دەكرد، ئەوە بزانە خەریكی دامەزراندنی كارێكی گومڕایین).

بەڵام ئەگەری كەمتەرخەمیتان كردو ڕۆڵەكانتان دایە دەستی كەسانێك كە دڵنیا نەبوون لە چاكیو پاكی خۆیو ڕێڕەوو بۆچوونەكانی، شوێنكەوتەی سوننەتو سەلەفی صالح نەبوون ئەوە چاوەڕوان بن ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی داوە لەوانەو فەرموویەتی:

* ((يَأتِي فِي آخِرِ الزَّمَانِ قَومٌ حُدَثَاءُ الأسنانِ، سُفَهاءُ الأحلامِ، يَقولُونَ مِن خَيرِ قَولِ البَرِيَّةِ، يَمرُقونَ مِنَ الإسلامِ كَمَا يَمرُقُ السَّهمُ مِنَ الرَّميةِ، لا يُجَاوِزُ إيمَانُهم حَناجِرَهم، فأينَما لَقِيتُمُوهُم فَاقتُلوهم، فَإنَّ قَتْلَهُم أجرٌ لِمَن قَتَلَهُم يَومَ القِيَامَةِ))[٢]. واتە: لە ئاخر زەماندا كۆمەڵێك گەنجی تازە دان كردووی بیركۆڵ كە فەرموودەی پێغەمبەری خوا باس دەكەن بەڵام لە ئیسلام دەچنە دەرەوە وەك چۆن تیر لە كەوان دەردەچێت، باوەڕ لە گەروویان نەچووەتە خوارەوە (بۆ ناو دڵیان) ئەگەر گەیشتن بەو جۆرە كەسانە بیانكوژنو كوشتنیان پاداشتی گەورەی لەسەرە لە ڕۆژی قیامەتدا.

یانزەهەم:

ئاگاداربە، ئەی ئەو كەسەی منداڵەكانت لەسەر یەكتاپەرستیو شوێنكەوتنی سوننەتن، نەكەی شەیتانی (نەفرەت لێكراو) وەسوەسەت بخاتە ناو دڵ سەرت لێ تێكبداتو پێت بڵێت: وازی لێ بهێنە با تێكەڵی هەموو موسڵمانان بكات ئیتر با پێڕی بیدعەچیانو شوێن ئارەزوو كەوتووانیش بن، چونكە هەر كە گەورەبوو بەرگری لێ

---

[١] رواه اللالكائي في (شرح أصول اعتقاد أهل السنة) (٢٤٧).

[٢] رواه البخاري (٣٦١١).

دەكەمو نایەڵم تێكی بدەن، بزانە نزیكبوونەوەو تێكەڵیكردنی ئارەزووچیانو بیدعەكاران شەڕو خراپەیە بۆ دینو دنیات، زانایانی سوننەت بەرگریان لێكردووەو هەر هەموویشیان لەسەر ئەوەن كە دووركەوتنەوە لێیانو بەئاگابوون لێیان واجبە.

فەرمووشیانە: ئەگەر مرۆڤ گوناهكەرو سەرپێچی كار بێت باشترە بۆی لەوەی كە بیدعەچیو گومڕاكەر بێت.

لەم بارەیەوە دەگێڕنەوە:

* شوعبەی كوڕی حەجاج (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: لە خزمەت یونسی كوڕی عوبەیددا بووم (رەحمەتی خوای لێ بێت) لەو كاتەدا پیاوێك هاتو وتی: ئەی باوكی عبدالله جەنابت بەرگریمان لێ دەكەیت كە تێكەڵی عەمری كوڕی عوبەید بكەین (پێشەوای موعتەزیلەكان بوو لەو كاتەدا) كەچی كوڕەكەی خۆت چوو بۆ لای، یونس فەرمووی: كوڕی من؟ وتی: بەڵێ، بۆیە یونس زۆر ناڕەحەت بوو، ئەوەندەی نەخایاند كوڕەكەی هاتو باوكی پێی وت: كوڕی خۆم تۆ چاك دەزانی عەمری كوڕی عوبەید چ ڕاو بۆچوونێكی هەیە كەچی دەبیستم سەردانت كردووە؟!

ئەویش خەریكی بیانوو هێنانەوەبوو وتی: ئاخر فلان كەسم لەگەڵدابوو!.

یونس وتی: من بەرگری دەكەم لە زیناكردنو دزیو مەی خواردنەوەو پێم خۆشە بەم كارانەوە بگەڕێیتەوە حزوری پەروەردگار نەك بە هەڵگرتنی ڕاو بۆچوونەكانی عەمری كوڕی عوبەیدو پێڕەكەی (واتە قەدەریەكان).

دەربارەی ئەم زانا مەزنەش سەعیدی كوڕی عامیر دەڵێ: هەرگیز نەماندیوە زانایەك چاكترو باشتر بێت لە ئەو پیاوە (واتە یونس ی كوڕی عوبەید)[1].

---

١ رواه ابن بطة في (الابانة الكبرى) (٤٦٤). وابن حجر في مسنده (١٣٧١)

* سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (لأن یصحب إبني فاسقاً شاطراً سنياً، أحب اليَّ من أن اصحب عابداً مبتدعاً)[١].

واتە: (ئەگەر کوڕەکەم هاوڕێیەتی سوننیەکی گوناهباری لار بکات پێم خۆشترە لەوەی هاوڕێیەتی خواناسێکی بیدعەچی بکات).

* عەوامی کوڕی حەوشەب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (سوێند بە خوا ببینم عیسای کوڕم هاوڕێیەتی مۆسیقاژەنەکانو ئارەق خۆرەکان بکات پێم خۆشترە لەوەی کە ببینم هاوڕێیەتی بیدعەچییان بکات (واتە ئەوانەی لە مەسەلەکانی بیرو باوەڕدا عەقڵو ئارەزووی خۆیان بەکاردەهێنن نەك قورئانو سوننەت)[٢].

دوانزەیەم:

دەبێت منداڵ لەسەر بنەمای یەکتاپەرستیو شوێنکەوتنی سوننەتو لەسەر بەرنامەو پرۆگرامی پێشینەو سەلەفی صالح پەروەردە بکرێت (کە فەرموودەو بەسەرهاتی هاوەلان) بنەمای بیرو بۆچوونەکانیان بووە.

لەسەرخۆو قۆناغ قۆناغ فێر بکرێتو لە مەسەلە گەورەو گرنگەکانەوە دەست پێ بکات کە پێویستە هەموو موسڵمانێك بیزانێت وەك: سێ بنەما سەرەکیەکە: بنچینەی ئیسلامو پایەکانی ئیسلامو بنەمای چاکەکردنو بەرز ڕاگرتنی خوا لە هەموو دروستکراوەکانیو چەندان مەسەلەی تریش کە منداڵان پێویستە فێربکرێن.

دەبێت زۆر نەرمو نیان بێت لە پرۆسەی فێرکردنیانداو کتێبی چاكو بەسوودیان پێ بدات کە لە نوسەرەکانی دڵنیابێتو بشگونجێت لەگەڵ قۆناغی تەمەنو بیرکردنەوەیاندا، وەك کتێبەکانی (امام محمدی کوڕی عبدالوهاب) لە (توحید العبادة)داو نوسراوەکانی زانایانی سوننەتو فەرموودە لە (الاسماء وصفات)دا کە

---

١ رواه ابن بطة في (الابانة الصغرى) (٨٩).

٢ (ابن وضاح) لە کتێبی (البدع والنهی عنها) لاپەڕە (١٣٣)دا گێڕاویەتیەوە.

هـەموو بـوونو گـەورەیی خـوا دەچەسـپێنێت لـە ڕێگـای فـەرموودەو وتـەی سـەلەفی صالْحەوە كە دوورن لە تەئویل كردنو لێچواندنو دانەدەستی پەروەردگار(تفویض).

بە هیچ جۆرێك ڕێگـە نـەدات كتێبـی ئەوانـە بخوێنێتـەوە كـە لەسـەر بنـەمای بـیرو بۆچـوونو ئـارەزوات بیروبـاوەڕ تـاوتوێ دەكـەن، زۆر بـەدووریان بگرێـت لێیـان وەك سەلەفی صالْح دەیانكرد.

وە لەو مەسەلانە بەدووریان بگرن كە عەقڵو ژیریان پەی پێ نابـاتو ئاكامەكەیـشی خراپ دەبێت لەسەریانو گومانیان لە ئاینەكەیاندا بۆ دروست دەكات، فەرموون لەگەڵ هەندێك نمونەی سەلەفی صالْح (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت):

* عەلی كوڕی ئەبو طالـب (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەفـەرموێت: (حَـدثوا النّـاس بِمَـا يَعرِفون، أتُحِبون أن يكذب الله ورسوله)[1].

واتە: بە پێی ئاستی زانیاری خەڵكی قـسەیان بـۆ بكـەن، ئایـا پێتـان خۆشـە خـواو پێغەمبەرەكەی بەدرۆ بخرێنەوە؟.

* عبداللەی كوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (مَا أنت بمحدث قَوماً حَديثاً لاتبلغه عقولهم الا كان لبعضهم فتنة)[2].

واتە: تۆ هەر كاتێك شتێك بۆ كۆمەڵێك باس بكەیت كە عەقڵیان نەیبڕێت بێگومان بۆ هەندێكیان دەبێتە فیتنەو ئاژاوە.

* وەهەبی كوڕی مونەبیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (زانا دەبێت وەك چێشت لێنەرێكی شارەزا وابێت، بـۆ هـەر تاقمێـك خـواردنێكی تایبـەتی لێ دەنێـت كـە

١ رواه (البخاری) معلقاً في كتاب العلم
٢ رواه مسلم في مقدمة صحيحه (١٥).

حەزیان لێیەتی، هەروەك لەسەر هەموو زاناو مامۆستایەك پێویستە زانیاریەك باس بکات بۆ خەڵکی کە عەقلیان بیبڕێتو مێشکیان تەقەبولی بکات)[1].

* (المروزی) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: دەربارەی بابەتێکی دادپەروەری پرسیارم لە احمدی کوڕی حەنبەل کرد (رەحمەتی خوای لێ بێت) ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: لەم بارەیەوە پرسیار مەکە چونکە لێی تێ ناگەیت[2].

* (بخاری) (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە (صحیح)ەکەیدا لە بابی (زانست پێش وتەو کردار)دا لەسەر ئایەتی ﴿كُونُوا رَبَّانِيِّينَ﴾ دەفەرموێت: ڕەبانی ئەو کەسەیە کە خەڵکی لەسەر زانیاری سادەو وردەکان پەروەردە دەکاتو پاشان دەڕوات بۆ زانستە قورسو گرانەکان.

سیازدەیەم:

دەبێت منداڵان فێری هەموو ئەو مانایانە بکرێن کە فەرموودەکە دەیگەیەنێتو دەیدات، چونکە لەم فەرموودەیەدا کۆمەڵێك ئامۆژگاری مەزنو بنەمای گشتگیری باس کردووە کە گرنگترینو بەرزترین مەسەلەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە:-

* (ابن رجب) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (لەم فەرموودەیەدا ئامۆژگاریەکی زۆر گەورەو گرنگی لە ئامێز گرتووە. مەبەستی لە (پاراستنی خوای عزوجل) واتە: سنورەکانی ڕەچاوی مافەکانی بکات، کە ئەوەش ئەوپەڕی بەندایەتی کردنی خوایە، ئەمەش یەکەمین خاڵی دەستپێکردنی ئامۆژگاریەکانی فەرموودەکەیە، هەر کەسیش ئەوەی کرد پارێزگارکردنی بەندەی لەلایەن خواوە دەست دەکەوێت کە ئەوەش لوتکەی ئاواتو داواکاری بەندەکانە لە خوای خۆیان کە لێیان ڕازی بێت.

---

١ الجامع لاخلاق الراوي وأداب السامع, للخطيب (١٣٦٣).

٢ الاداب الشرعية (٢/١٥٥).

پاشان باسی ئەوە دەکات کە بەندە لە کاتی خۆشی‌و فەرحانەدا خوای خۆی بناسێت‌و بیپەرستێت‌و ئەوەش وا دەکات لە پەروەردگار (عز وجل) کە لە کاتی ناخۆشی‌و تەنگانەدا بگاتە فریای، ئەوەش ئەوپەڕی ئاگاداری‌و پاراستنی بەندەیە لەلایەن خوای پەروەردگاریەوە.

چونکە لە حاڵەتی خۆشی‌و فەرحانەدا دەبێت خوا بناسرێت وە ئەگەر وا نەبێت ئەوە بێ باوەڕانیش لەکاتی ناڕەحەتی‌و بەڵاو ناگەهانیدا باوەڕ بەخوا دێنن‌و لێی دەپاڕێنەوەو لەوە دڵنیان کە جگە لە خوا کەس ناگاتە فریایان.

بەڵام ئەوەی موسڵمانی باوەڕ بتەو لە بێ باوەڕان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە باوەڕداران لەکاتی نەمانی ناڕەحەتیەکانیشدا هەر خوای خۆیانیان لەبیرەو دەیپەرستن، بەڵام بێ باوەڕان وەك قورئان باسیان دەکات دوای نەمانی نەهامەتیەکە خوایان لەبیر نامێنێت، وەك ئەوەی هەر بانگیشیان نەکردبێت لەوەو پێش.

پاشان دوابەدوای ئەو باسە یەکسەر داوای لێ دەکات کە تەنها هاوار لە خوا بکات‌و داوای کۆمەکی‌و هاوکاری هەر لە ئەو بکات‌و لەکاتی خۆشی‌و ناخۆشیدا.

پاش ئەوە باسی بنەمایەکی گەورەو گشتگیر دەکات کە هەموو ئەم داواکاریانە لەخۆ دەگرێت: کە یەکەم شت ئەوەیە کەوا سەیری خوای عز وجل بکرێت کە ئەم شتانەی خوارەوە تەنها بە دەستی ئەوەو کەسی تر دەخاڵەتی تێدا ناکات: زیان گەیاندن، سوود گەیاندن، بەخشین، گرتنەوە، بەندەکان توشی هیچ شتێك نابن جگە لەو شتانە نەبێت کە خوا لەسەریان نووسیویەتی لە عیلمی خۆیدا، هەموو خەڵکی سەر زەوی بە جنۆکەو ئینسانەکانەوە ناتوانن قازانجێك یان زیانێك بە کەس بگەیەن، مەگەر شتێك کە خوا نووسیبێتی‌و قەراری دابێت.

ئەمەش وادەکات لە بەندەکە پێویست بێت لەسەری خۆی پەیوەست نەکات لەگەڵ خەڵکیداو داواکاری‌و پشت بەستن‌و داوای سودو قازانج گەیاندن لە کەس نەکات جگە

لە خوا، گوێڕایەڵی ئەو بخاتە پێش گوێڕایەڵی هەموو دروستكراوەكانی تر، خۆی لە خەشمو قینی ئەو لا بدات، ئیتر با هەموو خەڵكی قینی لێ هەڵبگرنو ڕقیان بێت لێی[1].

چواردەهەم:

لە فەرموودەكەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە منداڵانی هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) تا چەندێ ڕەوشتی بەرزیان تێدابووەو بە چ شێوازێكی جوان لەگەڵ گەورەكاندا ئاخافتنیان كردووە، وەك بینیمان چۆن (ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ئەی كوڕە جوانەكە، ئەویش لە وەڵامدا وتی: (لبيك) واتە: لە خزمەتتدام...پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرۆسەی زانیاری فێركردنی خستە بەردەستیو ئەویش زۆر سوربوو لەسەر زانستو زانیاری وەرگرتن وتی: (بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لە ڕیوایەتی (ابن السری) لە (الزهد) لاپەڕە (٥٣٦)دا بەم جۆرە وەڵامی پێغەمبەری دایەوە: وتی: (بلى فِدَاكَ أبي وأمي يَا رسول الله (ﷺ)).. واتە بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا بە دایكو باوكم بە قوربانت بن.

*   *   *

---

١ نور الاقباس في مشكات وصية النبي (صلى الله عليه وسلم) لابن عباس (رضي الله عنه) لا (٧٩-٨٠)

فەرموودەی سێیەم

صاڵح بوونی منداڵان

عن ابي هريرة (ﷺ) أن رسول الله (ﷺ) قال ((إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثَةٍ إِلاَّ مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە (المسند) (٣٧٢/٢) گێڕاویەتیەوە، مسلم لە (صحیح)ەکەیدا (٤٢٣٢)، أبو داود لە (السنن)دا (٢٨٨٠)و لە باسی (خێرکردن بۆ مردوو)دا، (الترمذی) لە (السنن)دا (١٣٧٦) لە باسی (وقف)دا وتوشیەتی: ئەم فەرموودەیە (حسنٌ صحیح)ە، (النسائی) لە (السنن)دا (٣٦٥١)و لە باسی خێرکردن بۆ مردوو، (ابن ماجة) لە (السنن)دا (٢٤١)و لە باسی پاداشتی مامۆستای خەڵکیدا هێناویەتی.

ئەو حوکمانەی پەیوەستن بەم فەرموودەیەوە:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە چاکیو صاڵحی منداڵ سوودی هەیە بۆ دایكو باوکی لەپاش مردنیان، کردەوەیان بەردەوامەو ناپچڕێت بەهۆی صاڵحی منداڵەکانیانەوە لەپاش خۆیان.

دووەم:

دەقەکانی قورئانو سوننەت ئەوە دەگەیەنن کە منداڵ هەر کردەوەیەکی چاکە دەکات باوكو دایکی بەشداری پاداشتەکەیەتی وەك خۆی، چونکە منداڵ ئاکامو

سەرئەنجامی هەوڵو تێکۆشانی دایكو باوکیەتی، خوای گەورەیش فەرموویەتی ﴿ وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴾[1]

واتە: مرۆڤ پاداشت نادرێتەوە مەگەر کاری خۆی کردبێتیو هەوڵو تێکۆشانی بۆ دابێت.

*عائشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویتی: ((إن أطيب ماأكل الرجل من كسبه، وانّ ولد الرجل من كسبه))[2].

واتە: پاکترین خواردن کە کەسێك بیخوات، هەوڵو تێکوشانو ڕەنجەشانی خۆیەتی، (منداڵیش) ڕەنجەشانی دایكو باوکیەتی.

سێیەم:

پلەی دایكو باوك بەرز دەبێتەوە لە بەهەشتدا بە دوعای خێری منداڵەکانی بۆی:-

* أبوهريرة (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی((ان الله عزوجل ليرفع الدرجة للعبد الصالح فى الجنة، فيقول: يارب أنى هذة؟ فيقول: بإستغفار ولدك لك))[3].

واتە: ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: خوای عزوجل پلەو پایەی بەندە صالحەکان لە بەهەشتدا بەرز دەکاتەوە، تا خۆی دەڵێ: پەروەردگارم بەهۆی چی یەوە وا پلەم بەرز دەبێتەوە؟ پێی دەڵێن: بەهۆی ئەوەوە کە منداڵەکەت لەدوای خۆت دووعاو نزای لێخۆشبوونی بۆ کردویت.

---

١ سورەتی (النجم) ئایەتی (٣٩).

٢ رواه ابوداود(٣٥٢٨)و(ترمزى)(١٣٥٨). (النسائى)(٤٤٤٩)، و(ابن ماجه)(٢١٣٧)و دەڵێ: فەرمودەیەکی (حسن صحيح)ە

٣ رواه احمد (٥٠٩/٢) واسناده صحيح، تفسير ابن كثير (٤٣٤/٧).

* سەعیدی کوری موسەیب (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەیفەرموو: (مرۆڤ بەدوعای منداڵی صاڵحی لەپاش مردنی پلەو پایەی لەلای خوا بەرزتر دەبێتەوە)[١].

چوارەم:

لەبەر ئەوەی منداڵ جێگای دڵخۆشی و ئومێدی دایکو باوکانەو سودەکانی چ لە دنیاو چ لە ئاخیرەتدا زۆر زۆرن، هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) داوایان لە خوای عزوجل کردوە کە رۆڵەیەکی صاڵحیان پێ ببەخشێت..

* ئەوە ئیبراهیم خەلیلە (علیه السلام) چۆن داوا لە خوا دەکات کە رۆڵەیەکی صاڵحی پێ ببەخشێت وەك لە قورئاندا هاتووە ﴿رَبِّ هَبْ لِي مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ الصافات (١٠٠).

* هەروەها ئەمە زەکەریایە (سەلامی خوای لێ بێت) لەکاتی پیربووونداو ژنەکەشی نەزۆك بوو کەچی هەر داوای لە خوا دەکرد کە رۆڵەیەکی پێ ببەخشێت تا دوای خۆی درێژە بە کاروانی خواپەرستی بدات: وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِنِّي خِفْتُ ٱلْمَوَٰلِيَ مِن وَرَآءِى وَكَانَتِ ٱمْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا ۝٥ يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ ءَالِ يَعْقُوبَ وَٱجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا﴾ مریم (٥-٦).

پێنجەم:

گرتنەبەری هەموو ئەو هۆکارانەی کە منداڵ بەرەو صاڵحبوون دەبەن (بە یارمەتی خوا) تا لە دنیاو لە ئاخیرەتیشدا سودیان لێ وەربگرێت واتە دوای مردنیشی، لەم بارەیەوە ئایەتو فەرموودەی زۆر هەیە لەوانە:

١- دووعای پاڕانەوە لە خوای عز وجل تا منداڵەکانی صاڵح بکات، وەك چۆن پێغەمبەران ئەو نزایەیان زۆر کردووە:

---

١ رواه مالك في الموطأ (١/٢١٧).

* خـوای گـەورە دەفـەرموێت ﴿هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ﴾ ال عمران (٣٨).

واتـە: ئـا لـەو سـاتەدا زەکـەریا هـاواری کـردە پـەروەردگاری وتـی: ئـەی خـوای پەروەردگار لەلایەن خۆتەوە نەوەی صالْحو باشم پـێ ببەخـشیت چونکە بێگومـان تـۆ بەجوانی دوعاو نزاکان دەبیستی.

* لەسەر ئەم ئایەتە عبداللەی کوڕی عباس (خوای لێ ڕازی بێت) لەسەر ئەم ئایەتـە شـتێکی جـوان دەفـەرموێت ﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُـرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ الفرقان (٧٤)

واتە: بەندەکانی پەروەردگار لە خوا دەپاڕێنەوەو دەڵێن: ئـەی پـەروەردگارمان لـە خێـزانو منداڵـەکانمان چـاوو دڵ ڕۆشـنیمان پـێ ببەخـشەو بـشمانکە بـە پێـشەوای لەخواترسەکان.

ابن عبـاس دەفـەرموێت: هـەرگیز منـداڵ جێگـای دڵخۆشـیو چـاو ڕونـی نیـە ئەگـەر جوانو لەش ساغ بێت بەڵکو ئەو کاتەی ببینن گوێڕایەڵی خوای (عز وجل)ە.[1]

٢- ئەگـەر خـوای گـەورە منـداڵی پـێ بەخـشی، بـا زۆر لـەخوا بپاڕێتـەوە کـە ڕۆڵەیـەکی صـالْحو چـاکو بـۆ خـواو خـەڵکی بـشێن، هـەر بـەوە واز نـەهێنی کـە پەروەردەیەکی ئیسلامییانەی بکاتو ڕەوشتی جوانیان فێربکات.

ئەوەتا خوای گەورە لەسەر زمانی باوکێك کە نزا دەکات بۆ ڕۆڵەکەیو دەفـەرموێت:

﴿رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ الاحقاف (١٥).

---

١ رواه ابن أبي الدنيا في (العيال) ٤٢٧.

واتە: ئەی پەروەردگارم مۆڵەتم پێ بدە تا شوكرانە بژێرت بم لەسەر ئەو هەموو بەخششەی ڕژاندوتە بەسەر خۆمو دایكو باوكمداو كردەوەگەلی چاكە بكەم كە تۆ پێی ڕازی بیت، ڕۆڵەو نەوەكانم صالح بكەیت من پەشیمانیت بۆ دەردەبڕمو من لە ڕیزی موسڵمانانم).

* مالیكی كوڕی میغوەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) جارێكیان (أبو معشر) شكاتو سكاڵای كوڕەكەی خۆی بردە لای (طلحة)ی كوڕی (مصرِّف) (رەحمەتی خوای لێ بێت)و (طلحة)یش پێی فەرموو: كۆمەكی بكە بەم ئایەتە تا چاكو صالح دەبێت: ﴿رَبِّ أَوْزِعْنِيٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِيٓ إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾[1]

٣-منداڵەكانی بباتە خزمەت ئەو زانایانەی كە دڵنیایە لە چاكیو پەیڕەوی كردنیان لە سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و گیرابوونی دوعاكانیان، تا دەست بهێنن بەسەریانداو نزای صالبوونو بەفەڕو بەرەكەتیان بۆ بكەن.

هەروەك چۆن هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) منداڵەكانیان دەبردە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا دوعایان بۆ بكاتو فەڕو بەرەكەت ڕوویان تێ بكات، لە فەرموودەی (٣٢)دا بە درێژی باسی دەكەین.

* (أم سلمة) (خوا لێی ڕازی بێت) حەسەنی بەسری (منداڵ بوو) دەیگرت بە باوەشیەوەو دەیبردە خزمەت هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)و ئەوانیش نزای خێریان بۆ دەركرد، بردیە خزمەت عمری كوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت)و ئەویش دوعای خێری بۆ كردو فەرمووی: (اللهم فقهه في الدين، وحبِّبه الى الناس)[2]

---

١ أخرجه ابن أبي حاتم في الدر المنثور (٧/٤٤٣) وأبو نعيم في الحلية (٥/١٩).

٢ تهذيب الكمال (٦/١٠٣-١٠٤).

واتە: خوای پەروەردگارم لە ئاینی ئیسلام شارەزایی پێ ببەخشەو لە دڵی خەڵكیدا خۆشەویستی بكە.

* ئیبراهیمی كوڕی ادهم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (أدهم) (واتە باوكی خۆی) پیاوێكی صالح بوو، ئیبراهیمی كوڕی لە كەعبەدا لەدایك بوو (واتە خۆی)و پێچای بە قوماشێكەوەو بردیە خزمەت خواناس‌و پیاوچاك‌و دنیا نەویستەكانەوە، پێی دەوتن: دوعای خێری بۆ بكەن، وادیارە دوعای هەندێكیان هاتۆتە دی[١].

٤- هۆیەكی صالحبوونی منداڵ پەیوەستە بە صالحبوونی دایك‌و باوكیەوە:

لە چیرۆكی موسی‌و خضردا (سەلامی خوایان لێ بێت) كە چۆن صالحبوون‌و پیاوچاكی‌و خواناسی دایك‌و باوك كاریگەری هەیە لەسەر منداڵ‌و سوودیان پێ دەگەیەنێت.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا ٱلْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَـٰمَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِى ٱلْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُۥ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَـٰلِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَآ أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۚ وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِى ۚ ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا﴾ الكهف (٨٢).

لەسەر ئەم ئایەتە (ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت ((وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا)) واتە باوكیان پیاوچاك بووە خوایش بەهۆی پیاوچاكی باوكیەوە چاكەی لەگەڵ منداڵەكەی كردو سامانەكەی بۆ پاراستن.[٢]

---

١ رواه أبو نعيم في الحلية (٣٧١/٧).

٢ رواه ابن أبي الدنيا في العيال (٣٦٠).

* لە جابری کوڕی عبداللەوە دەگێڕنەوە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ان الله یصلح بصلاح الرجل ولده وولد ولده وأهل دویرات حوله، فما یزالون في حفظ الله مادام فیهم))[1].

واتە: خوای عز وجل لەبەر خاتری چاکیو صاڵحی کەسێك، کوڕی ئەو کەسەو کوڕی کوڕەکەشیو خزمو کەسەکانی چواردەورەیشی دەپارێزێت، بەردەوام لەژێر پارێزگاری خوادا دەبن تا لەناویاندا بژیو بمێنێتەوە.

* هیشامی کوڕی حەسان دەڵێت: سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەیفەرموو: (من کۆمەڵێ نوێژی زۆری تر دەکەم لەپێناوی ئەم کوڕەمدا) واتە: تا خوا بەهۆیەوە ئەویش صاڵح بکات، هشام دەڵێت: واتە بەڵکو بەو هۆیەوە خوای گەورە کوڕەکەم بپارێزێت)[2].

٥- هۆیەکی تری صاڵحبوونی منداڵ- چاکە کردن لەگەڵ دایكو باوکدا:

چونکە وەك عەرەب دەڵێن (الجزاء من جنس العمل) واتە پاداشت بەپێی کاڵایەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((برّوا اباءکم تبرّکم أبناءکم، وعفوا تعف نساؤکم))[3].

٦- هۆیەکی تری صاڵحبوونی منداڵ: هەڵبژاردنی ژنی صاڵحەو خواناس:

* ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((تُنكَحُ المَرأةُ لِأربَعٍ: لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَبجَمالِها وَلِدينها، فَاظفر بِذات الدين تَرِبَت يَداك))[4].

---

١ ابن مردوية كما في الدر المنثور (٤٢٢/٥). رواه ابن مبارك وإبن شيبه كما في الدر المنثور (٤٢٢/٥).

٢ رواه أبونعيم في الحلية (٢٧٩/٤).

٣ رواه الطبراني في (المعجم الاوسط)(١٠٠٢) والحاكم من حديث جابر (رضي الله عنه) وقال المنذري في (الترغيب والترهيب) (٢١٨/٣): رواه الطبراني باسناد حسن

٤ رواه البخاري (٥٠٩٠).

واتە: ئافرەت لەبەر چوار شت مارە دەکرێت: لەبەر سامانی، نەژادی، جوانیەکەی، دینداری‌و خواناسیەکەی، دیندارو خواناس هەڵبژێرە دەستت دەچێت بە خێرو بێردا.

* (أبو الاسود) ڕۆژێك بە منداڵەکانی خۆی وت: من چاك بووم لەگەڵتاندا چ بە منداڵی چ بە گەورەیی‌و چ پێش لەدایکبوونیشتان! وتیان: چۆن پێش لەدایکبوونمان چاکەت لەگەڵ کردووین؟ لە وەڵامدا وتی: دایکێکم بۆ هەڵبژاردوون کە بەناوبردنی شەرم ناتانگرێت، لە ڕیوایەتێکی تردا (دایکێکم بۆ هەڵبژاردوون کە کەس عەیبدارتان ناکات پێی).

٧- هۆیەکی تری صالحبوونی منداڵ: هەڵبژاردنی باوك‌و برای ژن کە ئاقڵ‌و ژیرو خواناس‌و خێرخوازبن‌و سیرەتیان پاك بێت:

چونکە لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە سەیری خاڵوان بکرێت چونکە تۆو دزە تێکەڵ دەبێت‌و منداڵەکانی دەچنەوە سەر باوك‌و براکانی وەك پێغەمبەر دەفەرموێت: ((تزوجوا في الحي الصالح فان العرق دسّاس))

* (أبو سفيان الحميری) دەڵێت: جارێکیان عبداللەی کوڕی زوبێر قسەی دەکردو زوبێریش (خوای لێ ڕازی بێت) لەوێ بوو فەرمووی: ئێی عبدالله کوڕی خۆم، هەر دەڵێی ئەبوبەکری صدیقی قسە دەکەیت‌و تا وام لێهات وامزانی ئەبوبەکر هاتۆتەوەو قسەمان بۆ دەکات، دەی جوان وردبەرەوەو بزانە چ کچێك داوا دەکەیت چونکە منداڵ لە براو باوکی دایکەوە نزیکترەو لەوان دەکات)[١].

---

١ رواه ابن أبي الدنيا في (الاشراف في منازل الاشراف) (٢٧٧) وإبن عساكر (تأريخ دمشق) (١٨٠/٢٨)

٨- هۆیەكی تر بۆ صاڵحبوونی منداڵ: جوان پەروەردەكردنو تەربیەتیان دابدات:

واتە هەردوو هۆكارەكە بەكاربێت لە (هاندانو ترساندن) واتە دەبێت منداڵ بەرەو چاكەو صالحبوون ببرێت، بۆ ئەم كارە دەبێت جار بەجاریش بترسێنرێتو هەڕەشەی لێ بكرێت، ئەگەر تاوانێك یان سەرپێچیەكی لێ دەركەوت تا دووبارەی نەكاتەوە)*

(إبن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) كە فەرموویەتی: ((علِّقوا السوط حيث يراه أهل البيت فإنه له أدب))[1].

واتە: (دار یان قەمچییەك لە جێیەكی بەرز هەڵواسن لە ماڵدا بەجۆرێك ئەندامانی ماڵەكە بیبینو لە سنور لانەدەن) (بەڵام لە فەرموودەكەدا نەهاتووە كە دایبگرێت بۆیان واتە باوك دەبێت وەك هەور جار بەجار بگرمێنێت بەڵام زۆر بە دەگمەن ببارێنێتو لێدان بكاتە ئاخر چارەسەرو لێدانەكەش سوك بێتو لەجێی ترسناك نەدات)*.

* (إبن عمر) (خوای لێ ڕازی بێت) بە پیاوێكی وت: (أدِب ولدك، فانك مسؤل عن ولدك فاذا أدبته، وهو مسؤل عن برِّك، وطواعيته لك)[2].

واتە: ئەدەبی منداڵەكەت دابدە چونكە تۆ بەرپرسیاری لە ئەدەب دادانو پەروەردەكردنیو لەبەرامبەریشدا ئەویش بەرپرسیارە لەوەی لەگەڵتدا جوان ڕەفتار بكاتو گوێڕایەڵت بێت.

---

* وتەی وەرگێڕ

١ رواه عبدالرزاق (٢٠١٢٣) والطبراني في (المعجم الكبير) (١٠٦٧١) واسناده صحيح.

* وتەی وەرگێڕ.

٢ رواه أبونعيم في تأريخ اصفهان (٤٦٥/١). والطبري في المعجم الكبير (١٠٦٧١) واسناده حسن.

٩- هۆیەکی تر: سەرەمەشق و چاولێکەری چاك:

خوای عزوجل ـ کاتێك باسی گومڕایی بتپەرست و بێ باوەرانمان بۆ دەکات، باس لەوە دەکات کە بەبێ بەڵگە وەك چاولێکەری باوك و باپیرانیان ئەم بتە درۆینانە دەپەرستن وەك لە ئایەتی ٢٣ سورەتی (زخرف)دا دەفەرموێت: ﴿إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهْتَدُونَ﴾.

* (فضیل)ی کوڕی (عیاض) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: مالیکی کوڕی دینار پیاوێکی بینی نوێژی دەکرد بەڵام هەر لە نوێژ نەدەچوو، زۆر هەڵەی تێدا دەکرد، بۆیە فەرمووی: ئای چەند بەزەییم بە منداڵەکانیدا دێتەوە، پێیان وت: ئەی (أبو یحیی) ئەم لە نوێژدا هەڵەدەکات چ پەیوەندیەکی هەیە بە منداڵەکانیەوە؟ مالیك فەرمووی: بەڕێزانم: ئەم پیاوە گەورەیانە، لەوەوە شتەکان فێردەبن)[١].

* (مقاتل)ی کوڕی (بنان العکی) دەڵێت: جارێکیان لەگەڵ باوکم و براکەمدا چوومە خزمەت (أبو اسحاق) واتە ئیبراهیم (الحریری)، (أبو اسحاق) بە باوکی وت: ئەمانە کوڕی خۆتن؟ وتی: بەڵێ. وتی دەی دەخیلت بم، ئاگاداربە، با نەتبینن سەرپێچی خوا بکەیت، چونکە لەبەرچاویان دەکەویت[٢].

١٠- هۆیەکی تر: وتنی بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ لەکاتی کاری شەرعیدا:

(ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((لو ان أحدهم أراد ان یأتي أهله قال: بِسمِ الله، اللّهُمَ جَنِّبنَا الشَّیطَانَ وَجَنِّب الشَّیطَانَ مَارَزَقتَنا، فَإنّه ان یُقدّر بَینهما ولد في ذلك، لَم یَضره الشّیطان أبَداً))[٣].

---

١ رواه أبو نعیم في الحلیة (٢/٣٨٣).

٢ رواه الخطیب في تأریخ بغداد (٦/٣٧).

٣ رواه البخاري (٦٣٨٨).

واتە:ئەگەر کەسێ لە ئێوە ویستی بچێتە لای خێزانەکەی‌و بڵێ: بە ناوی خواوە، پەروەردگارم ئێمەش‌و ئەو ڕۆڵەیشی پێمان دەبەخشی، لە شەیتان بە دوورمان بگرەو بمانپارێزە، ئەگەر لە ئەنجامی ئەو کارە خوا منداڵێکی پێدان، هەرگیز شەیتان ناتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت‌و زەبەردی پێبەرێت.

* حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: دەڵێن: هەر کاتێك پیاو ویستی کاری شەرعی لەگەڵ خێزانی خۆیدا بکات بڵێ: بەناوی خوا، خوایە بەرەکەت بخەرە ئەو ڕۆڵەیەی پێمان دەبەخشی، شەیتان کەمترین سودی لێ نەبینێت، دەڵێ: هیوا زۆرە ئەگەر منداڵیان بوو، دەبێت بە یەکێك لە صالحین)[1]. وە شەیتان زیانی پێ ناگەیەنێت.

١١- هۆیەکی تر: دۆزینەوەی ناوی جوان‌و مانابەرز:

عمری کوڕی خطاب (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((أسلَم سَالَمَهَا اللهُ، غِفَار غفرالله لَها، وعصية عصتِ الله ورسوله))[2].

واتە: بەناوی ئەسلەم (بێوەی) خوا بێوەی بکات، لێبوردە خوا لێی ببورێت، سەرکەش‌و بێ گوێ سەرکەشی خوا و پێغەمبەرەکەی دەبێت).

* لە (ابن المسيب)و ئەویش لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە باوکی چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و ئەویش لێی پرسیوە: ناوت چیە؟ (ما اسمك)؟ وتی: حەزن، واتا: غەمبار، پێغەمبەر (ﷺ) وا دیارە ناوی ڕەشینی پێ ناخۆش بووەو گۆڕیویەتی، بۆیە پێی فەرموو: ((انت سهل)) واتە تۆ (ئاسان)یت. کابرایش ئەوەندە گیردەبێت

---

١ رواه عبدالرزاق (٦/٣٧).

٢ البخاری (٣٥١٤), احمد (٢/٢٠).

دەڵێت: ئەم ناوە باوكم بۆی دیاری كردووم نایگۆڕم! (ابن المسیب) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: لەدوای ئەو ڕووداوە پشتاوپشت غەمباری لەگەڵماندا هات)[١].

١٢- هۆیەكی تر: گۆشكردنی بە نانی حەڵاڵ:

* جابری كوڕی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((یاكَعب بن عُجرَة، انهُ لایدخل الجنة لحم نَبتَ من سحت))[٢].

واتە: ئەی كەعبی كوڕی عوجرە! (جوان گوێ بگرە) دەزانی ئەوەی لەسەر پارووی حەرام گۆشت بگرێتو قەڵەو ببێت ناچێتە بەهەشتەوە؟.

منیش دەڵێم: كەسێك لەسەر حەرام گۆشتو ئێسقانی گەورەبووبێت! دەبێ چ هیوایەكت پێی بێ و چۆن صالح دەبێت.

*موعاویەی كوڕی قوڕڕە (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەڵێت: خوای تەعالا لە یەك ڕۆژدا ڕۆزی مانگێك بۆ بەندە دیاری دەكات، ئەگەر بە چاكە پەیدای بكاتو بە چاكە سەرفی بكات ئەوە ماوەی ئەو مانگە خۆیو منداڵەكانی لە خێرو خۆشیدا دەژین، بەڵام ئەگەر بە حەرامی پەیدای بكاتو لە خراپە سەرفی بكاتەوە ئەوە ماوەی ئەو مانگە خۆیو خێزانەكە لە خراپەو شەڕدا دەژین)[٣].

١٣- هۆیەكی تر: بە پارەی حەڵاڵ ژن بهێنێت:

عوروە لە دایكی باوەڕداران (عائیشەوە) دەگێڕێتەوە (خوا لێی ڕازی بێت) كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((إن من یمن المرأة تیسیر خطبتها، وتیسیر صداقها، وتیسیر رحمها))[٤].

---

١ رواه البخاری (٦١٩١).

٢ رواه احمد (٣٢١/٣) والحاكم (٤٢٢/٤)، واسناده صحیح.

٣ رواه ابو نعیم فی الحلیة (٢٩٩/٢)

٤ رواه أحمد (٧٧/٦)، والحاكم (١٨١/٢) واسناده حسن.

واتە: لە فەڕو بەرەکەتی ژن‌و ژنخوازی (ئەوەیە) کە دیاریکردن‌و داواکردنی خۆش دەست‌و ئاسان بێت، مارەییەکەشی کەم‌و ئاسان بێت، بە ئاسانی منداڵی ببێت).

هەر ئەم فەرموودەیە (ابن حبان) لە صەحیحەکەیدا (٤٠٩٥) هێناویەتی‌و بە زیادەی وتەیەکی جوانی عوروە (کە فەرموویەتی): منیش دەڵێم لە شوم‌و نەگبەتی‌و بێ بەرەکەتی ژنە، کە داواکردن‌و مارەکردنی قورس بێت‌و مارەیشی زۆرو بێ ئەندازە بێت.

هەروەها (امام البیهقی) لە (السنن الكبرى)دا (٢٣٥/٧) هێناویەتی بە زیادەی وتەیەکی تری عوروە کە دەفەرموێت: (تیسیر رحمها) واتە: ڕەحمی بە ئاسانی منداڵی لێ دێتەدەرەوە.

منیش دەڵێم: لە فەرو بەرەکەتی ژن بێت کەم مارەییەکەی، دەی (پەیداکردنی مارەییەکەی لە پارەی حەڵاڵ‌و زەلال پەیداکردبێت) زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر صاڵحبوونی منداڵەکانی نێوانیان.

* فەرقەدی سەبخی دەڵێت: پێم وایە بەنی ئیسرائیل بۆیە ڕۆڵەی پێغەمبەرانیان تیاهەڵدەکەوت چونکە بە حەڵاڵترین پارەی ڕەنجەشانیان مارەیی ژنیان دەردەکرد).

١٤- هۆیەکی تر: شیری ئافرەتی صاڵحەو خواناسی پێ بدرێت، لە فەرموودەی ژمارە (١٩)دا بەدرێژی باسی لێوە دەکەین (إن شاء الله)

١٥- هۆیەکی تر: دوورخستنەوەیان لە هاوڕێی خراپ:

* (ابراهیم الحزنی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) (منداڵەکانتان لە هاوڕێی خراپ بەدوور بگرن پێش ئەوەی لە بەڵاو خراپە هەڵیان کێشن وەك چۆن جل‌و بەرگ لە ڕەنگ هەڵدەکێشرێت‌و ڕەنگاوی دەبێت)[١].

* هەروەها دەفەرموێت: (اول فساد الصبیان بعضهم من بعض)[٢].

١و ٢ رواه ابن الجوزي في (ذم الهوى) ص ٩٧.

* عەلی کوڕی جعفر دەڵێت: باوکم بردمی بۆ خزمەت (احمدی کوڕی حەنبەل) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)و باوکم پێی وت: ئەی (أبو عبدالله) ئەمە کوڕی خۆمە! ئەویش دوعای خێری بۆ کردمو پاشان بە باوکمی فەرموو:

فێری کاسبیو بازاڕی بکەو لە ڕەفیقی خراپ زۆر بیپارێزە)[1].

١٦- هۆکارێکی تر: لە دراوسێی خراپ دوربخرێنەوە:

* (أبو حاتم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: گوێم لە (احمد)ی کوڕی (سنان) بوو دەیفەرموو: هەر کاتێك پیاوێك خاوەن بیدعەیەك بوو بە دراوسێی، ئەگەر بۆی کرا با خانووەکەی بفرۆشێتو باربکات بۆ جێیەکی تر، ئەگەر وا نەکات ئەوە منداڵەکانی خۆیو دراوسێکەشی لەناو دەبات) و(ابن سنان) ئەم وتەیەی لەژێر ڕۆشنایی فەرموودەیەکی پێغەمبەردا دەربڕیوە کە دەفەرموێت: ((مَن سمع مِنكُم بالدَّجَال فَلينأ عنه، فَان الرجل ياتيه وهو يرى انه كاذب فيتبعه لما يرى من الشبهات))[2].

واتە: هەر کەسێکتان گوێی لە دەجال بوو با لێی دووربکەوێتەوە چونکە دێت بۆ لایو دڵنیایشە کە درۆزنە کەچی شوێنی دەکەوێت لەبەر کۆمەڵێ مەسەلەی گوماناوی).

١٧- هۆکارێکی تر: تێکەڵ کردنیان بە دنیای زانایانو دنیانەویستان:

* (أبوهريرة) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕنەوە کە دەربارەی کۆڕی قورئان خوێندنو زانایانو خواناسان فەرموویەتی: ((هم قوم لايشقى بهم جليسهم))[3].

---

١ (الحث على التجارة) للخلال ل٢٩.

٢ رواه (ابن بطة) في (الابانة الكبرى) (٤٧٤).

٣ رواه مسلم (٢٦٨٩).

واتە: ئەو کەسانە کۆڕگەلێکی وایان هەیە کە هەر کەسێك بەشداریان بکات نائومێدو بێ بەش نابێت لە خێرو پاداشتو بەرەکەتیان.

* مەیمونی کوڕی مەهران دەفەرموێت: (العلماء هم ضالتي في كل بلدة وهم بغيتي، ووجدت صلاح قلبي في مجالسة العلماء)[١].

واتە: لە هەر ناوچەیەك کە سەفەری بۆ دەکەم یەکەمین شت کە بیاندۆزمەوە زاناکانن‌و ئەوانە وونبووی منن‌و بەدوایاندا کون بەکون دەگەڕێم‌و من بە ژیان لە خزمەت زانایاندا صالحبوونی دڵم بەدی دەکەم).

* زەکەریای کوڕی زیاد (النحوی) دەڵێت: مامۆستا گەورەکانمان دەیان فەرموو: (جالس العلماء، فانك ان اصبت حمدوك، وان اخطأت علموك، وان جهلت لم يعنفونك، ولاتجالس الجهال، فانك ان اصبت لم يحمدوك، وان اخطأت لم يعلموك، وان جهلت عنفوك، وان شهدوا لك لم ينفعوك)[٢].

واتە: لەگەڵ زانایاندا هەڵسەو دانیشە، چونکە ئەگەر چاکە بکەیت دەستخۆشیت لێ دەکەن، ئەگەر هەڵە بکەیت ڕاستت دەکەنەوە، ئەگەر گەوجییەکت لێ وەشایەوە لێت تووڕە نابن، بەڵام هاوڕێیەتی نەفامان نەکەیت، چونکە ئەگەر چاکەت کرد دەستخۆشیت لێ ناکەن‌و ئەگەر هەڵەت کرد فێرت ناکەن، ئەگەر گەوجییەکت لێ دەرکەوت دنیات لێ دەهێنەیەك‌و لێت تووڕە دەبن، ئەگەر شایەتیت بۆ بدەن سوودت پێ ناگەیەنن).

* لوقمانی حەکیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە کوڕەکەی دەفەرموێت: (يا بنيّ جالس العلماء، وزاحمهم بركبتك، فان الله تعالى يحيي القلوب بنور الحكمة كما يحيى الارض بوابل السماء)[٣].

---

١ رواه أبو نعيم في الحلية (٤/٨٥).

٢ رواه الوكيع في (أخبار القضاة) (٣/١١٣).

٣ رواه ابن مبارك في الزهد (١٣٨٧).

واتە: کوڕی شیرینم بچۆرە خزمەت زانایانو ئەزنۆکانت بنوسێنە پێیانەوە، چونکە خوای گەورە دڵەکان بە نوری حیکمەتو ئامۆژگاری جوان زیندوو دەکاتەوە وەك چۆن لە ئاسمانەوە بە باران سەر زەوی زیندوو دەکاتەوە.

* صاڵحی کوڕی أحمدی کوڕی حەنبەل دەڵێت: هەر کاتێك پیاوێکی دنیانەویستو خواویست بهاتایە بۆ لای باوکم، یەکسەر باوکم جوابی دەنارد بە دوای مندا تا بێمو سەیرێکی بکەمو بیناسم، چونکە زۆر حەزی دەکرد منیش بەو جۆرەم لێ دەربچێت)[1].

شەشەم:

ئەم هۆکارانەی پێشوو کە باسمان کرد سوودێکی باشی هەیە لە بواری صاڵحبوونی منداڵداو بە (یارمەتی خوا) بەرهەمێکی چاکی دەبێت، بەڵام وادەبێت مرۆڤ زۆر خۆی ماندوو دەکات لەگەڵ منداڵەکانیدا، بەڵام دەبینی هەندێکیان صاڵح نابنو خوای گەورە نیازێکی تری پێیانە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەرکی سەر شانی خۆی جێ بەجێ بکاتو لە پەروەردەکردنیان سستی نەنوێنێت، بەو کارەی پاداشتی ئەوەی دەست دەکەوێت کە مەبەستی بووە صالح دەرچن، ئیتر ئەگەر کەسێکی خراپیش دەربچن دوای هەوڵی ئەم ئەوە (ان شاء الله) هیچ گوناهبار نابێت.

لەو کاتەدا پێویستە لەسەری بە ئارامو خۆگربێت لەسەر ناصاڵحی کوڕەکەیو بەو هۆیەوەیە باوکان تووشی ئەو بەڵایە دەبنو ئەجرو پاداشتیان لەو ڕێگەیەوە چنگ دەکەوێت.

ئەوەتا (نوح) پێغەمبەری خوایە (علیە السلام) زۆر هەوڵی دا کوڕەکەی هیدایەت وەربگرێت، بەڵام نەیتوانی وای لێ بکاتو لە ئاکامدا لەناو لافاوەکەدا بە خنکاندن لەناوچوو.

---

١ رواه الخطيب في تأريخ بغداد (٣١٧/٩).

* وەلیدی کوڕی نومەیری کوڕی ئەوس دەڵێت لە باوکمم بیست دەیووت: (الصّلاح من الله والادب من الادباء)[١]. واتە: صالحبوون لە خوایەوەیەو پەروەردەکردن لە باوکانو ئەو کەسانەوەیە کە پەروەردەی ڕۆڵەکانیان دادەدەن.

* (مصعب)ی کوڕی (الزبیر) دەڵێ: کوڕێکی مالیکی کوڕی ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە سەربانەوە هاتەخوارەوەو کۆترێکی بەدەستەوەبوو کە داپۆشتبوو تا کەس نەیبینێت، دەڵێ: ئیمام مالیك زانی کە خەڵکەکە زانیویانە بۆیە فەرمووی: (الادب أدب الله، لاأدب الاباء والأمهات، والخیر خیرالله لاخیر الاباء والمهات)[٢].

واتە: پێشەوا مالیك ڕووی کردە میوانەکانیو فەرمووی: ئەدەب دادانی منداڵ بەدەست خوایە نەك بەدەستی دایكو باوکان، خێرو چاکەیش هەر لە خواوەیە نەك لە دایكو باوکانەوە.

حەوتەم:

پەروەردەکردنی منداڵ بۆ چاك بوونیو گوێڕایەڵی کردنی خوای تەعالا، وای لێ دەکات کە لە ڕۆژی قیامەتدا لەو ڕۆژەی کە هیچ سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری عەرشی پەروەردگار، دەخرێنە ژێر سێبەری عەرشەوەو لە گەرمای ساحەی مەحشەر ڕزگاری دەبێت.

* (أبو هریرە) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((سَبعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَومَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ الإِمَامُ العَادِل، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ الله...))[٣].

---

١ رواه البخاري في الادب المفرد (٩٢).

٢ رواه الرامهرمزي (المحدث الفاصل) (١٤٨).

٣ رواه البخاري (٦٦٠).

واتە: حەوت کۆمەڵ، خوای گەورە دەیانباتە ژێر سێبەری خۆیەوە لە ڕۆژێکدا کە جگە لە سێبەری ئەو هیچ سێبەرێك شك نابرێت.

ئیتر لە بەرەی پێشووانی ئەم ئوممەتەوە بەسەرهاتی زۆر هەیە دەربارەی ئەو گەنجانەی بە گوێڕایەڵی پەروەردگارەوە گەورە دەبن، وا دەکات لە مرۆڤ کە هەواڵ بدات منداڵی صاڵحو ڕەوشت بەرزی ببێتو لەسەر خۆشەویستی ئیسلامو شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ).

هەموو ئەجرو پاداشتی ئەو ڕۆڵە صاڵحە بۆ باوكو دایکشیەتیو ئەگەر چاکیو صاڵحیو بۆخوا ژیان لەخۆتدا بەو جۆرە نەهاتبووە دی، دەی هەوڵ بدە لە ڕۆڵەکەتدا بیهێنیتەدیو خوا کۆمەکت بێت:

* موریح کوڕی مەسروق (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (هەر گەنجێك لەبەر خاتری خوا واز لە خۆشیەکانی دنیاو ئارەزووات بهێنێتو گەنجێتییەکەی بۆ خوا تەرخان بکات، ئەوە -سوێند بەو کەسەی کە گیانی موریحی بەدەستە- ئەجرو پاداشتی (٧٢) (صدیق)ی هەیە)[1].

* عەتەبەی کوڕی عەبدی سەلەمی (خوای لێ ڕازی بێت) کە یەکێکە لە هاوەڵە دڵسۆزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (ان الشباب المؤمن لو يقسم على الله لأبره)[2].

واتە: گەنجو لاوی بڕوادار -ئەوەندە لای خوا خۆشەویستە- ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخوات بۆ هەر شتێك خوای تەعالا بۆی دەکات.

* * *

[1] رواه ابن المبارك في (الزهد) (٣٤٨) واسناده صحيح.

[2] رواه ابن المبارك في (الزهد) (٣٤٨) واسناده صحيح.

فەرموودەی چوارەم

قورئان فێرکردنی منداڵان:

عن ابن عباس (رضى الله عنهما): (توفي رسول الله (ﷺ) وَأنَا إبنُ عَشرِ سنين، وَقَد قَرَأتُ المُحكم، قال شعبة: قُلتُ لِأبي بِشرٍ، ما المُحكَم؟ قال: المُفصَّل).

واتە: عبداللەی کوڕی عەباس (خوا لە هەردووکیان ڕازی ببێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی فەرموو لە دنیا دەرچوو، من تەمەنم دە ساڵان بوو، هەموو سورەتە (مەحکەمەکانم) خوێندبوو، شوعبە دەڵێت: بە باوکی بیشرم ووت: مەحکەم یانی چی؟ لە وەڵامدا وتی: واتە سورەتە درێژەکان.

دەرهێنانی فەرموودەکە:

احمد لە (المسند)دا (١/٢٨٧) و (البخارى) لە (الصحيح)دا (٥٠٣٥) لە باسی قورئان بە منداڵان وتنەوەو (الطبراني) لە (المعجم الكبير)دا (١٠/٢٣٤) (١٠٥٧٧).

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لەم فەرموودەیەوە دەستمان دەکەوێت:

یەکەم:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هانی باوکانی داوە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێری قورئان بکەنو پێیان لەبەر بکەن:

* عثمانی کوڕی عەففان (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((خَيركُم مَن تَعَلمَ القُران وَعَلَمه)).[1] واتە: چاکترینو باشترینتان ئەو کەسانەتانن کە خۆیان فێری قورئان دەبنو خەڵکانی تریش فێردەکەن.

* (بريده الاسلمى) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((مَن قَرأ القران وتعلمه وعمل به، اُلبس يوم القيامة تاجاً مِن نور،

---

١ رواه البخاري (٥٠٢٧).

ضوءه مثل ضوء الشمس، ويكسى والداه حلّتان لايقوم بهما الدنيا، فيقولان: بم كُسينا؟ فيقال: بأخذ ولدكما القرآن)).[1]

واتە: هەر کەسێك قورئان بخوێنێتو فێری ببێتو کردەوەی پێ بکات، لە ڕۆژی قیامەتدا تاجێکی نورین دەکرێتە سەری، کە وەك ڕووناکی خۆر بریقە دەداتەوە، باوكو دایکیشی دوو خشڵیان لەبەر دەکەن کە هەموو دنیا شتی وای بەخۆوە نەدیوە: هەردووکیان دەڵێن: بەهۆی چییەوە ئەم خشڵە جوانەمان پیاکراوە؟ دەڵێن: بەهۆی ئەوەی منداڵەکەتان قورئانی دەخوێند لە دنیادا.

دووەم:

پێشینەی صاڵحی ئوممەتی ئیسلام (خوایان لێ ڕازی بێت) زۆر گرنگیان داوە بەوەی کە منداڵەکانیان فێری قورئان بن، هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە خێرا قورئانەکەی پەروەردگاریان پێ خەتم کردوون، کردوویانە بە یەکەم زانست کە دەبێت منداڵ فێری بکرێت بێگومان لەدوای یەکتاپەرستیو بیروباوەڕ چەسپاندن لە دڵو دەرونیاندا.

* زەیدی کوڕی ثابت (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە شاری مەدینە من تەمەنم (١١) ساڵان بوو، بردمیانە خزمەتیو وتیان: ئەمە منداڵێکی هۆزی خەزرەجە (١٦) سورەتی قورئانی خوێندووە)[2]

* (عەکرمە) دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: عبداللەی کوڕی عباس (خوای لێ ڕازی بێت) لەپێناوی ئەوەی قورئانو سوونەتم فێربکات ئەیبەستمەوەو کۆتی دەکردە قاچەکانم).[3]

---

١ رواه ابن ابي شيبه (١٠٠٩٤). وأحمد (٣٤٨/٥) والحاكم (٥٦٧/١) وقال هذا حديث صحيح على شرط مسلم.

٢ رواه الحاكم (٤٢١/٣) وابن عساكر في تأريخ دمشق (٣٠٢/١٩)

٣ رواه أبونعيم في (الحلية) (٣٢٦/٣) وابن عساكر في (تأريخه) (٨٢/٤١).

* عەقەبەی كوڕی نافیع (خوای لێ ڕازی بێت) لەكاتی گیان سپاردندا وەسیەتی كرد بۆ كوڕەكەی‌و پێی وت: (كوڕی شیرینم من لە سێ شت بەرگریم لێ كردوون، ئاگاتان لێی بێت‌و لەبیرتان نەچێت، یەكێكیان پێی وتن: هەرگیز خۆتان بە شیعرو شتەوە خەریك نەكەن با لە قورئان خوێندن مەشغوڵتان نەكات).[١]

* (ابن ابی حاتم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: باوكم نەیهێشت دەست بكەم بە خوێندنی فەرموودە تا هەموو قورئانم لەلای (فضل)ی كوڕی (شازان) خوێندو خەتمم كرد).[٢]

سێیەم:

لەبەر ئەم هۆیەیە كە پێشینەی صالحی ئوممەت یەكەمین كاریان لەبەركردنی قورئان بووە لە منداڵیدا:

* ئەیاسی كوڕی موعاویە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: حەفسەی كچی سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خوشكی محمدی كوڕی سیرین بوو لە تەمەنی (١٢)ساڵیدا هەموو قورئانی خوێند)[٣]

* سوفیانی كوڕی عویەینە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لە تەمەنی چوار ساڵیدا دەستم كرد بە قورئان خوێندن، دەستم كرد بە نوسینەوەی فەرموودە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا).[٤]

---

١ الطبراني في (المعجم الكبير) (١٧/٢٦٨). الخطيب البغدادي في الكفاية (٤٩).

٢ تذكرة الفاظ للذهبي (٣/٨٣٠).

٣ السير (٤/٥٠٧).

٤ فتح المغيث (٢/١٤٧).

* ئیمام شافیعی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (لە تەمەنی حەوت ساڵیدا هەموو قورئانم لەبەرکردو (موطأ)ی ئیمام مالیکم لە دە ساڵیدا لەبەرکرد)[١]

* وەکیع (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەیفەرموو: ئیبراهیم الحربی (رەحمەتی خوای لێ بێت) کوڕێکی هەبوو یانزە ساڵان بوو قورئانی پـێ لەبەرکردبوو، فیقهێکی زۆریشی فێرکردبوو)[٢]

* ئیبراهیمی کوڕی سەعید الجوهری دەڵێ: منداڵێکم بینی لە تەمەنی چوار ساڵان بوو هێنایانە خزمەت هەندێك لە خەلیفەکانی عەباسی (کە هەموو قورئانی لەبەرکردبوو و ڕاوبۆچوونی فیقهی هەبوو، تەنها ئەوە نەبێت کە برسی ببوایە دەگریا بۆ نان)[٣]

* (أبو محمد اللبان) دەڵێ: لە تەمەنی پێنج ساڵیدا هەموو قورئانم لەبەرکرد.[٤]

چوارەم:

ئاستی گرنگی دانیان بە قورئـان خوێنـدنی منداڵەکانیان و لەبەرکردنی گەیشتبووە ئاستێك کە نەیان دەهێشت زانستی فەرموودە بخوێنن تا قورئانیان بەجوانی ڕەوان نەکردایە، ئەمەش لەبەرئەوەی هیچ شتێك لە قورئان فێربوون خەریکیان نەکات.

* (أبو العیناء) محمدی کوڕی قاسم دەڵێ: منداڵ بووم چووم بۆ خزمەتی عبداللەی کوڕی داود الحُزیبی، پێی وتم: بۆچی هاتووی؟ وتم: بۆ فێربوونی فەرموودە، ئەویش وتی: لەپێشدا بڕۆ قورئان تەواو بکە، وتم: هەموویم لەبەرکردووە، ئەویش وتی: ئادەی لەوێوە بیڵێ: ﴿وَاتلُ عَلَيهم نَبَأَ نوحٍ﴾ منیش دەستم پێ کرد تا تەواوم کرد بۆی)[٥].

---

١ طبقات الحفاظ (السيوطي) (١٥٤).

٢ رواه الخطيب في تأريخ بغداد (٦/٣٧).

٣ السير (١٢/١٥٠).

٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥ تهذيب الكمال (١٤/٤٦٦).

* (حفص)ی كوڕی (غیاث) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: چوومە خزمەت ئەعمەش‌و پێم وت: فەرموودەم پێ بڵێ، فەرمووی: قورئانت تەواو كردووەو لەبەریشت كردووە؟ وتم: نەء، فەرمووی: بڕۆ جوان لەبەری بكەو پاشان وەرە بۆ لام، دەڵێ: ڕۆیشتم قورئانم خوێندو لەبەرم كرد بە تەواوی، پاشان هاتمەوە خزمەتی ئەویش قورئانی پێ خوێندمو منیش بۆم خوێند، ئەوجا فەرموودەی پێ وتم)[1]

مەسەلەیەك:

* مەیمونی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پرسیارم كرد لە پێشەوا ئەحمەدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت): كامەیانت پێ خۆشە: سەرەتا قورئان فێری كوڕەكەم بكەم یان فەرموودە؟ فەرمووی: نا، قورئانی فێربكە لە سەرەتای ژیانیدا منیش وتم: هەمووی پێ تەواو بكەم؟ فەرموی: بەڵێ مەگەر زۆر ناڕەحەت بێت لەسەری، چونكە ئەگەر لە سەرەتاوە لەگەڵ قورئاندا ڕات هێنا تا كۆتایی ژیانی لەگەڵی دەڕواتو دەوری دەكاتەوە)[2]

پێنجەم:

سەلەفی صالح (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) منداڵەكانیان وا ڕاهێنابوو كە بە پەلەپەل قورئانەكەیان بێ خەتم نەدەكردن بەڵكو كەم كەمو پاش ئەوەی ئەوەیان لەبەردەكردو كاریان پێ دەكرد ئایەتی تریان پێ دەوتن، تەنانەت مامۆسای وا هەبووە لە (دە) ئایەت زیاتری نەدەدا بە قوتابی.

* (ابو عبدالرحمن السلمی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئەو هاوەڵانەی قورئانیان فێردەكردین وەك عوسمانی كوڕی عەففانو عبداللەی كوڕی

١ رواه الرامهرمزی (المحدث الفاصل) (٨٦).

٢ (ابن مفلح) لە (الاداب الشرعیه) (٢/٣٣). دەڵێ: تا ئەم ساتە وەختەش لەسەر ئەو ڕێڕەوەی احمد موسڵمانان كار دەكەن.

مەسعودو ئوبەی کوڕی کەعب (خوایان لێ ڕازی بێت) قورئانیان لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوێندووەو (١٠) ئایەتی پێ وتنەوەو لەوە تێنەدەپەڕین تا بە وردی کردەوەیان پێ دەکردو دەیان وت: قورئانەکە بە جوانی فێربووینو کردەوەشمان بە هەموویان کرد، پاشان أبو عبدالرحمن فەرمووی: لەدوای ئێمەوە بەرەیەك دێنەکایەوە ئەم قورئانە دەخوێنن وەك چۆن ئاو دەخواتەوە بەڵام لە گەرویان زیاتر ناڕواتە خوارەوە (دەستی برد بۆ قورگی خۆی).[١]

* هەشیان بووە لە (٥) ئایەت زیاتری نەوتۆتەوە: (یونس)ی کوڕی (ابی رجاء) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (ابو موسی الاشعری) (خوا لێی ڕازی بێت) لە (٥) ئایەت زیاتری پێ نەدەوتینو پێنج پێنج فێری دەکردین.[٢]

* (ابوالعالیە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (تعلموا القران خمس ایات، فانه أحفظ لکم) واتە: پێنج ئایەت، پێنج ئایەت قورئان فێربن،چونکە بۆ لەبەرکردن ئەوە باشترە).[٣]

* هەشیان بووە یەك ئایەتی فێری قوتابیەکانی کردووە لە ڕۆژێکدا.

أبوبکر بن عیاش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەیفەرموو: عاصمی کوڕی ابی النجود (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێی وتم: ئایا وەك عوبەیدی کوڕی نەزلە قورئانت پێ بڵێم کە هەموو ڕۆژێك یەك ئایەتی بۆ خوێندۆتەوە)[٤]

---

١ رواه عبدالرزاق (٦٠٢٧). وابن أبي شيبة (٩٩٧٨). وابن جرير في تفسيره (٨٢).

٢ جمال القران للسخاوی (٤٤٦/٢).

٣ ابن أبي شيبه (٩٩٨). أبو نعيم في الحلية (٢١٩/٢).

٤ غاية النهاية (ابن الجوزي) (٤٩٨/١).

* تەیبی کوڕی اسماعیل دەڵێ: (قورئانم لەلای حوسەین دەخوێند هەموو ڕۆژێ یەك ئایەتی فێردەکردمو لە ماوەی (١٥) ساڵدا پێی خەتم کردم)[١]

شەشەم:

ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە بە ئاسانتر لەبەر بکرێتو جوانتر فێری خوێندنەوەکەی ببێتو بیر لە ماناکانی بکاتەوەو پاشتر لە ژیاندا بە کردەوە جێ بەجێی بکات، مەبەست ئەوە نیە بە پەلەپەلو زۆر خێرا قورئان تەواوبکرێت بەڵام لێی تێ نەگاتو لەبەری نەکاتو کاری پێ نەکات وەك حاڵی زۆرێك لە قورئان خوێنەکانی ئەمڕۆ.

* (جندب)ی کوڕی (عبدالله) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: ئێمە کۆمەڵێ منداڵی تازە پێگەیشتوو بووین بە دەوری پێغەمبەردا بووینو پێش ئەوەی قورئانمان فێربکات ئیمان وباوەڕی دەچەسپاند تێماندا و پاشان قورئانی پێ دەگوتینەوەو بەو جۆرە ئیمانمان بە قورئانەکە زۆر زیادی دەکرد، بەڵام ئێوە ئەمڕۆ فێردەبن پێش ئەوەی ئیمانو باوەڕ فێرببنو تێبگەن لێی).[٢]

* عبداللەی کوڕی عمر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: ماوەیەکی زۆر تێپەڕیو هەموو یەکێ لە ئێمە بیروباوەڕ فێردەبووین لەپێش قورئان خوێندن، سورەتێك دەهاتە خوارەوە بۆ محمد (ﷺ) ئێمەش حەڵالو حەرامو داواکاریو بەرگریکردنەکانی فێر دەبووینو ئێمە بەم شێوەیەی ئێوەو ئێستا سورەتەکانی قورئانمان وەرنەدەگرت، من لەم دواییانەدا کەسانێکم دیوە قورئان فێربووە پێش فێربوونی ئیمانو بیروباوەڕو تا

---

١ هەمان سەرچاوە (١/٢٤٤).

٢ لە فەرموودەی دوو خاڵی حەوتەمدا دەرهێنراوە.

وای لێهاتووە لە سەرتاوە بۆ کۆتایی قورئان دەزانێت بیخوێنێتەوە بەڵام حەڵاڵو حەرامو فەرمانو بەرگریەکانی نازانێت، کە دەبێت لەسەر ئەوانە بوەستایەو بەپەلە پەرشو بڵاوی نەکردایەتەوە).[١]

حەوتەم:

وشەی (المفصل) واتە: سورەتە درێژەکان، ئایەت زۆرەکان، کە سورەتەکانی کۆتایی قورئان دەگەیەنێت لە (الحجرات)ەوە دەست پێ دەکات، دەڵێن وای ناونراوە لەبەر زۆری بڕگەکانی کۆتایی هەمووو ئایەتێك.

*　　　*　　　*

١ رواه ابن مندة في الايمان (٢٠٧)، والحاكم في المستدرك (٣٥/١) وصححها.

فەرموودەی پێنجەم

منداڵان و زانست فێرکردنیان

لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕنەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: ان النبي (ﷺ) دخل الخلاء، فوضعتُ له وَضوءاً، قال: مَن وضع هذا؟ فَأُخبِر، فَقَال: ((اللَّهُمَّ فَقِّهْهُ فِي الدِّينِ (وَعَلِّمْهُ التَّأْوِيلَ)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

(بخاری) ڕیوایەتی کردووە (١٤٣) لە باسی دانانی ئاو لەپاڵ سەرئاودا، احمدیش (٢٦٦/١) (٣١٤/١) (٥٣٤/١) و (ابن حبان) (٧٠٥٥) زیادکرنەکەی کۆتایی هی ئەمانەی دواییە نەك بخاری.

ئەحکام و ئادابەکانی فەرموودەکە:

یەکەم:

فەرموودەکە مانای ئەوە دەبەخشێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گرنگی داوە بە فێرکردنی منداڵان و ئەوەش لە پاڕانەوەی لە خوای گەورە بۆ عبدالله کە عیلم و زانستی پێ ببەخشێت.

دووەم:

دوعاکردنی مامۆستاکان بۆ قوتابییەکانن ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ)چەند جارێك دوعای بۆ کردووە بۆ (ابن عباس) تا خوای گەورە عیلم و زانستی پێ ببەخشێت لەوانە:

١- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت ((اللهم فقهه في الدين وعلمه التأويل)).

٢- پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت: ((اللهم علمه الحكمة وتأويل الكتاب)). رواه ابن ماجه (١٦٦)

٣-(ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت : (پێغەمبەری خوا (ﷺ) وشاردمی بەخۆیەوەو فـەرمووی: ((اللـهم علمـه الحكمـة)) واتـە: خوایـە ژیـریو کاردروسـتی پـێ ببەخشە). رواه البخاري (٣٧٥٦)

٤- (ابـن عبـاس) (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەفـەرموێت: (دعـا لـي رسـول الله (ﷺ) أن يؤتيني الحكمة مرتين).[1] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعـای بـۆ کـردم کـە حیکمـەتم پێ ببەخشرێت دوو جار.

٥- هـەروەها دەفـەرموێت: (دعـا رسـول الله (ﷺ) ان يزيـدني الله فهمـاً وعلمـاً)[2] واتـە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەخوا پاڕایەوە بۆم کە زانستو تێگەیشتنم پێ ببەخشێت.

سێیەم:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر سووربووە لەسەر پەرەوەردەردنی منداڵانو یەکێك لـەو گرنگی پێدانانە فێرکردنی منداڵانی ئەنسارەکان بۆ نووسین:

* (ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: هەندێك لە دیلەکانی جەنگی بـەدر پارەو سامانیان نەبوو خۆیانی پێ دەرباز بکەن لە دیلی، بۆیە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) بڕیاریـدا ئازادیـان بکـات ئەگـەر منداڵـە ئەنـصاریەکان فێـری نووسـین بکـەن، دەڵـێ: جارێکیان یەکێك لەو منداڵانە بە گریانەوە دەهاتەوە بۆ لای باوکی، باوکیشی پێـی وت: خێرە وا دەگریت؟ وتـی: مامۆسـتاکەم لێـی دام، ئـەویش وتـی: پیـسی گـەڕ دەیـەوێت تۆڵەی بەدر بکاتەوە، وەڵاهی هەرگیز ناتنێرمەوە بۆ لای).[3]

---

١ رواه الترمذي (٣٨٢٣).

٢ رواه الحاكم (٣/٥٣٤).

٣ رواه أحمد (١/٢٤٧) ، والحاكم (٢/١٤٠).

* موسڵمانەكان لەو ساتەدا زۆر پێویستیان بە پارەو چەك بوو، كەچی لەپێناوی خوێندنو فێربوون نووسیندا دەستیان لەو پارەو چەكە هەڵگرتو ئەمەش دوو مانای هەیە:

١ـ ئەوپەڕی گرنگی دانە بە زانستو زانیاری.

٢ـ دروستە مامۆستای كافر دەرس بە موسڵمان بڵێت، كە مادەم پەیوەندی بە ئاینەوە نەبێت، وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە پیشەسازیو ئەندازیاریو پزیشكیو بورای كشتوكاڵیو جەنگدا.[1]

منیش دەڵێم: ئەمە ئەگەر لە ڤایرۆسی شەڕو گومڕاییو كوفریان دڵنیاببینو لەناو موسڵمانانیشدا كەسێك نەبێت بەو ئەركە هەستێت.

چوارەم:

سەلەفی صاڵحیش (خوایان لێ ڕازی بێت) زۆر سووربوون لەسەر گرنگی دان بە فێركردنی منداڵان:

* (مسكین)ی كوڕی (بەكر) دەڵێ: پیاوێك دای بەلای ئەعمەشدا كە دەرسی فەرموودەی بە منداڵاندا دەوتەوە، پێی وت: تۆ فەرموودە بە منداڵو مەزمە دەڵێیتەوە؟!

ئەعمەش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمووی: (بەڵێ هەر ئەمانەن لە دواڕۆژدا ئاینەكەی تۆ دەپارێزن)[2]

---

١ (اضواء البيان) (٩/٣٥٧).

٢ رواه الرامهرمزي في (المحدث الفاصل) (٦٥). والخطيب له (شرف اصحاب الحديث)دا لاپەڕە (١٣٤).

* سەعیدی کوڕی رەمحەی (الاصبحی) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: منو کۆمەڵێك منداڵی هاوڕێم پێش برکێمان دەکرد لە شەودا بۆ وانەکانی عبداللەی کوڕی موبارەك، دوای ئێمەو خۆی کۆمەڵێك لە پیاوان دەگەیشتن، پێیان وت: ئەو منداڵانە پێش ئێمە گەیشتوون؟! ئەویش فەرمووی من دڵم بە ئەوان خۆشترە تا بە ئێوە، ئێوە چەند ساڵی ترتان ماوە بژین؟ بەڵام ئەوانە لەوانەیە زۆری تر بژین، سەعید دەڵێ: ڕۆژانێك هات جگە لە من کەسی ئەو وانەیە نەمانو مردن)[1].

* عبداللەی کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیر دەڵێ: ئا لێرەدا لە پشتی کەعبەوە هەڵقەیەکی وانەی فەرموودە هەبوو، عەمری کوڕی عاص (خوا لێی ڕازی بێت) تەوافی کەعبەی دەکردو هەر کە لێ بوویەوە هات بۆ هەڵقەکەو پێی وتین: ئەوە چیە دەتانبینم ئەو کۆمەڵە منداڵەتان لەوانەکەتان دوورخستۆتەوە؟! وامەکەن، جێیان بکەنەوەو نزیکیان بکەنەوە، لە فەرموودە بەهرەمەندیان بکەن، ئەوانە ئەمڕۆ منداڵی هۆزن بەڵام سبەینێ گەورەو ڕیش سپی خەڵکانی ترن.

ئێمەش کاتی خۆی منداڵ بووین، کەچی پاشتر بووین بە گەورەو ڕیش سپی خەڵکانی تر)[2]

* (ابن مفلح) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (ئەمە ڕاستەو گومانی تێدانیە کە وەرگرتنی زانست لە منداڵیدا بەهێزترە، پێویستە گرنگی بدرێت بە منداڵە خوێندکارەکان بەتایبەت وریاو زیرەكو مێشکدارەکان ئەوانەیان کە حەزیان لە وەرگرتنی زانستەو هەرگیز نابێت لەبەر کەم تەمەنی یان هەژاری یان لاوازی پشتگوێ بخرێنو گرنگی بەبواری زانستیان نەدرێت)[3].

---

١ الرامهرمزي (المحدث) لا (٦٧)، والخطيب في الجامع لا (٦٨٧).

٢ ابن سعد في الطبقات (٤/١٩٣) والبيهقي في السنن الكبرى (٦٣١).

٣ الاداب الشرعية (١/٢٢٥).

پێنجەم:

وەك حەزکردنو سووربوینان لەسەر فێرکردنو پێگەیاندنی منداڵەکانیان پێشینەی صالحی ئوممەت بەشداری کۆڕو وانەکانی فەرموودەیان کردوونو هانیان داون فەرمووده بنوسنەوە.

* (ابو عاصم) دەڵێ: کوڕەکەم لەگەڵ خۆم برد بۆ لای (ابن جریج) کە تەمەنی لە خوار سێ ساڵانەوەبوو، قورئانو فەرموودەی بۆ باس دەکرد، بۆیە (ابو عاصم) دەڵێ: (زۆر ئاساییە قورئانو فەرموودە باس بکرێت بۆ منداڵێکی لەو تەمەنە)[١].

* (احمدی کوڕی عبدالوهاب الحوطی) دەڵێ: باوکم لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ لای (أبی المغیرە) —عبدالقدوسی کوڕی حجاج الخولانی الحمصی—و پێشر باوکمو براکەم لەلای ئەو فەرموودەیان دەخوێندو کاتێك چاوی پێم کەوت بە باوکمی وت: ئەمە کێ یە؟ باوکم وتی: کوڕی خۆمە، ئەویش فەرمووی: ئەی بۆچی هێناوتە؟ وتی: بۆ ئەوەی گوێت لێ بگرێت! وتی: جا بۆ تێدەگات؟!

جا لەو کاتەدا لە مزگەوت بووین باوکم پێی وتم: هەستە دوو ڕکات نوێژ بکەو بە دەنگی بەرز هەموو زیکرەکانی بخوێنە، منیش وامکرد، (ابو مغیرە) وتی: زۆر باشە!

باوکم پێی وتم: فەرموودەیەکی بۆ بگێڕەرەوە، منیش وتم: باوکمو براکەم بۆیان گێڕامەتەوە لە (ئەبومغیرە)وە ئەویش لە (ام عبداللەی کچی خالدی کوڕی مەعدان)و ئەویش لە باوکیەوە کە فەرموویەتی: یەکێك لە مافەکانی منداڵ بەسەر دایكو باوکیەوە ئەوەیە کە جوان پەروەردەی بکاتو بیخاتە بەر خوێندن، ئەگەر بوو بە دوانزە ساڵان ئیتر ئەو ئەرکەی نامێنێت، دوای ئەوە باوکەکە مافی هەیە لەسەر منداڵەکەیو ئەگەر ڕازی بوو لێیو گوێڕایەڵ بوو ئەوە بیکاتە دۆستو هاوڕێی خۆی، ئەگەر لێی ڕازی نەبوو (لاسار بوو) وەك نەیارو دوژمن سەیری بکات)

---

١ رواه الخطيب في الكفاية لا ١٥٥.

ئەبو موغیر فەرمووی: ئیتر لەم ڕۆژە بەدوا پێویستت بە باوكو براكەت نیەو بڵێ ئەبو موغیرە بۆی گێڕامەوە، وەرە دانیشە باسی ئەم فەرموودەیەم بۆ بكە كە گێڕاتەوە هەی (بارك الله فيك)[١]

* احمدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) باسی (ابن عُیینە)ی دەكردو دەیفەرموو: منداڵبوو باوكی لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ مەككەو بەشداری وانەكانی عەمری كوڕی دینارو ابن ابی نوجەیحی دەكرد لە فیقهدا، دەیخستنە ناو هەر پۆلە قوتابیەكەوە لە هەموویان زیرەك تر دەبوو)[٢]

* حەسەنی كوڕی عەلی كوڕی بندار (الزنجانی) دەڵێ: (احمدی كوڕی صالح) پێی ڕازی نەدەبوو كە قوتابی (لوس) یان (كۆسە) بەشداری وانەكانی بكات ئەمەش لەبەر خۆپارێزی و لە بەر قسەی خەلكی.

ئەبو داود بەشداری وانەكانی دەكردو گوێی لێ دەگرت، بەلام كوڕێكی كۆسەی هەبوو (لوسو جوان بوو) پێی خۆش بوو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێو بەشداری وانەكان بكات بەلام دەیزانی كە احمدی كوڕی صالح پێی ناخۆشەو ڕازی نابێت، بۆیە هەستا بە مووی ڕەش كەمێك ڕیشی بۆ كوڕەكەی كرد تا مامۆستا وابزانێ ڕیشدارەو گەورەیە، ماوەیەك فەرموودەی پێ وتەوە تا ڕۆژێك ئاگاداری دەكەن، ئەویش بە (أبو داود) دەڵێ: ئایا وێنەی من دەبێت شتی وای لەگەڵدا بكرێت؟

ئەبوداودیش داوای لێبوردنی كردو پێی وت: لێم مەگرە لەسەر ئەم كارەی كردوومە، بەڵكو ئادەی لەگەڵ هەموو ڕاویو فیقهزانەكاندا كۆی بكەرەوەو تاقی كەرەوەو ئەگەر بەسەر هەموویاندا سەرنەكەوت، مافی خۆتە لە گوێ گرتن بۆ فەرموودە دەری بكەو بێ بەشی بكە لە وانەكانت.

---

١ رواه البيهقي في شعب الايمان (٨٣٠٦).

٢ رواه الخطيب في الكفاية (١٤٠).

مامۆستا أحمدیش هەموو قوتابیە زیرەك‌و پێشکەوتووەکانی خۆی کۆکردەوەو بەرامبەری ئەو منداڵە داینان، منداڵەکە دەستی کرد بە پرسیارکردن لێیان، سەرکەوت بەسەر هەموویاندا لە زیرەکی‌و تێگەیشتندا..

مامۆستا أحمد دوای ئەو کێبڕکێیەش هەر نەیهێشت بەشداری وانەکان بکات، بەڵام کوڕەکەی (أبو داود) زۆر شانازی بەو ڕووداوەوە دەکرد کە لە سەردەمی منداڵیدا لێی ڕووی داوە).[1]

* عبداللەی کوڕی سلیمان بن ابی داود السجستانی– دەڵێ باوکم لە سجستانەوە گەڕانمی بەناو هەموو شارە گەورەکانی وڵاتی یەکگرتووی ئیسلامداو بردمیە خزمەت زۆربەی زانا گەورەکانی ئیسلام، لە خۆراسان‌و جبال ئەسفەهان‌و فارس‌و بەسرەو بەغدادو مەدینەو مەککەو شام‌و مصرو جەزیرەو سەر سنورەکان، لە ئاکامدا لە بەغداد گیرسایەوەو لەوێ ژیاین).[2]

* عبداللەی کوڕی أحمدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: کاتێك یەحیای کوڕی ئەکسەم یەکەمین وانەی لەلای (ابن المبارك) خوێند، لە خۆشیاندا باوکی خەڵکی کۆکردەوەو خواردنێکی باشی بۆ دروست کردن‌و پاشان پێی وتن: ئێوە بە شایەت بن کوڕەکەم بە منداڵی وانەی لەلای (ابن المبارك) خوێند)[3]

شەشەم:

پێشینەی صاڵحی ئەم ئوممەتە ئەوەندە سووربون لەسەر فێرکردنی منداڵەکانیان، وەسیەتیان بۆ کردوون بۆ دوای مردنیان:

* شەرحەبیلی کوڕی سەعد دەڵێ: حەسەنی کوڕی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) براکانی‌و برازاکانی کۆکردەوەو پێی وتن: ئەی کوڕە شیرینەکانم، ئەی برازا

---

١ رواه ابن عساكر في تأريخه (٨١/٢٩).

٢ الخطيب البغدادي لە (تاریخەکەیدا لا (٤٦٤/٩).

٣ العلل ومعرفة الرجال (١٦٣٣).

خۆشەویستەکانم! بەڵێ ئێوە ئەمڕۆ منداڵانی ناو هۆزەکەن، بەڵام نزیکە ماوەیەکی تر ببنە گەورەو ڕیش سپی خەڵکانی تر، بۆیە شت زۆر فێربن‌و بخوێنن، هەر کەسێکتان نەیتوانی فەرموودەکان لەبەربکات، دەی با بینووسێتەوەو لە ماڵەکەیدا هەڵی بگرێت)[١]

* یوسفی کوڕی ماجەشون (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: من‌و برایەکم‌و ئامۆزایەکم چووینە خزمەت (ابن شهاب)و دەربارەی هەندێك فەرموودە پرسیارمان لێ دەکرد ئەویش پێی وتین: خۆتان بەکەم نەزانن، بڵێن منداڵ‌و کەم تەمەنین، عمری کوڕی خطاب (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگەر مەسەلەیەکی قورسی بهاتایەلا خێرا گەنجەکانی کۆدەکردەوەو ڕاوێژی پێ دەکردن‌و سوودی لە ژیریە تیژیەکەیان وەردەگرت)[٢]

* زەنجی کوڕی خالد دەڵێ: کۆمەڵێ گەنج بووین چووینە خزمەت پێشەوا (الزهری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێی وتین: (اطلبوا العلم، فان اردتم الدنیا نلتم وان اردتم الاخرة نلتم)[٣]

واتە : هەوڵی دەسخستنی زانست‌و زانیاری بدەن، چونکە ئەگەر دنیاتان بوێ لەو ڕێگەیەوە دەستان دەکەوێت‌و ئەگەر قیامەتیشتان بوێت هەر لەو ڕێگەیەوە دەستتان دەکەوێت.

حەوتەم:

دەبێت مامۆستا گرنگی بەو زانستانە بدات کە منداڵ سوودی لێ دەبینێ وبە کردەوە جێ بەجێیان دەکات، وەك حوکمی نوێژو ڕۆژوو و حەج‌و زەکات‌و ئاداب‌و ڕەوشتە بەرزەکان‌و شتی تریش کە پێویستیان پێیەتی‌و لە ئاستی ژیرییاندا بێت.

---

١ رواه الخطيب له (تقليد العلم) لا (٩١)، وابن عساكر في تأريخه (٢٥٩/١٣).

٢ رواه ابن أبی خيثمة في تأريخه (٢٣٢)، وأبو نعيم في الحلية (٣٦٤/٣).

٣ رواه الدينوری في (المجالسة) (٤٧٠).

با وا پەروەدە بكرێت لەسەر بەڵگەی قورئانو فەرموودەو بەدوور بخرێت لە ڕاوبۆچوونی بێ بەڵگەو لاوازیان دژ بە دەقەكان.

* وەكیع (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (یا فتیان، تفقهوا قبل الحدیث، فإنكم ان تفقهوا فقه الحدیث لم یقهركم اهل الرأي)[١] واتە: ئەی لاوەكان، لە حەدیث تێ بگەن پێش ئەوەی حەدیس بخوێننو لەبەری بكەن، ئەگەر تێگەیشتن لە قورئانو فەرموودە هیچ تاقمی بۆچووندارانو عەقل بەكارهێنەران ناتوانن بتانبەزێنن).

* احمدی كوڕ جیان القطیعی دەڵێ: چوومە خزمەت أحمدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێم وت: ئایا بە ئاوی (النوره)[٢]..........دەستنوێژ دەگیرێت؟ وتی: پێم خۆش نیە، وتم: ئەی بە ئاوی پاقلە؟ فەرمووی: پێم خۆش نیە، دەڵێ: پاشان ویستم هەستم لەلایو بڕۆم لەدواوە جلەكانی گرتمو فەرمووی: ئەگەر بچیتە مزگەزت چی دەڵێیت؟ بێ دەنگ بووم! فەرمووی: ئەی ئەگەر لە مزگەوت چوویتە دەرەوە چی دەڵێیت؟ هەر بێ دەنگ بووم، ئەویش فەرمووی: دەجارێ تۆ بڕۆ ئەم شتانە فێرببە).[٣]

* ئەحمدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەر كاتێك پرسیارێكی لێ بكردایە لە لای ئەو كەسانەی كە تاقمی عەقل بەكارهێنەر دروستیان كردبوون، تووڕە دەبوو دەیفەرموو: بێ قەزا بیت زانستێك وەربگرە سودی لێ وەربگریت، دەخیلت بم لەو شتانە بەدووربە كە داهێنراون، شتێك وەربگرە فەرموودەی لەسەربێت)[٤]

* (ابن وهب) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: مالیك وتی: پیاوێك پرسیاری كرد لە پیاوێكی بەهەشتی دەربارەی هەوڵدانی دەستخستنی زانستو زانیاری، لە وەڵامدا پێی

---

١ رواه السلفي في (الطوريات) (٦١٠) والحاكم في معرفة علوم الحديث (٦٦).

٢ ئاوی (النوره) لە زمانی عەرەبیدا بەو ئاوە دەڵێن لەگەڵ كلسو شتی تردا گیراوەتەوەو بۆ لابردنی مووی شەرمگە بەكاردەهێنرا، ڕەنگی ئاوەكە وەك (دۆ) وایە (وەرگێڕ).

٣ الاداب الشرعية (٢/٦٩-٧٠)

٤ الاداب الشرعية (٢/٦٩).

وت: هەوڵدانی دەستخستنی زانست شتێكی باشە، بەڵام لەوە باشتر ئەوەیە كە وردبەرەوە بزانە چی پێویستە لە بەیانی تا ئێوارە دەكەیتەوەو لە ئێوارەوە تا بەیانی دەكەیتەوە كە بیانزانیتو بیانڵێیت، دەستیان پێوە بگرەو هەرگیز وازیان لێ نەهێنیت)[١]

قۆناغ بەندی لە كرداری فێركردنی منداڵدا شتێكی زۆر پێویستەو نابێت ئایەتو فەرموودەی زۆر بخات بەسەریدا كە بۆی لەبەرنەكرێت:-

* حەسەنی بەسریو قەتادەو نافع وتویانە: (الحفظ في الصغر كالنقش على الحجر)[٢] واتە: لەبەركردن لەكاتی منداڵیدا وەك نووسینو هەڵكۆڵین وایە لەسەر بەرد.

*زوهەری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (من طلب العلم جملةً فاته جملةً، وانما يدرك العلم حديث أو حديثان)[٣]

واتە: هەر كەسێ بیەوێت هەموو عیلم لەیەك كاتدا فێرببێت، ئەوە بە یەك كاتیش لەدەستی دەچێت، بەڵكو عیلم وەرگرتن بە فەرموودە فەرمودەو دوو فەرموودە دوو فەرموودەیە.

* شوعبە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: سەردانی قەتادەم دەكردو داوام دەكرد دوو فەرموودەم پێ بداتو ئەویش بۆی باس دەكردمو پاشان دەیفەرموو: زیاترت بۆ باس بكەم؟ منیش دەم وت: نەخێر، تا ئەم دووانە لەبەردەكەمو تێیان دەگەم)[٤].

* ئیمام شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئامۆژگاری مامۆستای منداڵەكانی خەلیفەی دەكردو پێی دەوتن: لە زانستێكەوە مەیان گوێزەرەوە بۆ زانستێكی تر تا

---

١ رواه البيهقي في المدخل (٣٢٨).

٢ پێشتر سەرچاوەكەی دراوە.

٣ رواه الخطيب في الجامع (٤٥٢).

٤ رواه الخطيب في الجامع (٤٥١).

بەتەواوی لێی تێبگەن‌و فێری ببن، چونکە قەرەباڵغکردنی زانست لە مێشکی قوتابیدا سەری لێ تێك دەدات)[١]

هەشتەم:

پێویستە لەسەر باوك‌و دایك‌و مامۆستایان کە لە پێناوی هاندانی رۆڵەو قوتابیانیاندا بۆ دەستخستنی زانست دیاری‌و خەلاتیان پێ ببەخشرێت.

زۆر دایك‌و باوك هەبوون لە رێگەی هاندان‌و خەلاتکردنەوە رۆڵەکانیان گەیاندۆتە ئەوپەڕی بەرزی‌و بڵندی.

* ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (باوکم پێی وتم: کوڕی خۆم فەرموودە لەبەر بکە، چونکە هەر فەرمودەیەك لەبەربکەیت لەلایەن منەوە درهەمێکت پێ خەلات دەکەم، لەبەر ئەو خەلاتە هەموو فەرموودە فێربووم.)[٢]

* محمدی کوڕی قاسمی کوڕی خەلاد دەڵێ: (ئەوقەس) مرۆڤێکی کورتە بالای ناشیرین‌و ناحەزبوو، دایکی پێی وت: کوڕی شیرینم، تۆ بەجۆرێك دروستکراویت بۆ ناو خەڵکی ناشێیت، هەوڵ بدە ئیسلامەتیت بەهێز بکەیت‌و زانست دەست بخەیت چونکە بەو هۆیەوە خەڵکی سەیری کورتی‌و ناشیرینیت ناکەن! ئەوقەس دەڵێ: ئەو قسەیەی دایکم زۆر بەسود بوو بۆم‌و وای لێکردم بەردەوام فیقهو فەرموودە بخوێنم‌و دواجار بووم بە قازی)[٣]

* مالیکی کوڕی ئەنەس (رەحمەتی خوای لێ بێت): دەفەرموێت: منداڵ بووم بە دایکم وت: دەڕۆم دەخوێنم؟ دایکیشم پێی وتم: دەی وەرە با جل‌و بەرگی زانایانت لەبەربکەم ئەوجا برۆ دەست بکە بە خوێندن، بردمی جل‌و بەرگی پان‌و پۆڕی زانایانی

---

١ رواه ابو نعيم في (الحلية) (١٤٧/٩)، و(ابن ابي دنيا) في العيال (٣٤١).

٢ رواه الخطيب في شرف أصحاب الحديث (١٤٠).

٣ رواه الدينوري في (المجالسة) (٢١٢٦) والخطيب في (الفقه والمتفقه) (٣٢،٣١/١).

كردە بەرم‌و كڵاوی كردە سەرم‌و پاشان عەمامەی لێ بەست بۆم وتی: ئا ئێستا برۆ بەدوای زانست‌و زانیاریدا.[1]

* وەكیعی كوڕی جیراح (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: دایكی سوفیانی سەوری بە سوفیانی وت: برۆ بخوێنەو زانست بەدەست بهێنەو خەمت نەبێت من بە تەشییەكەم مەسروفت دەكێشم، ئەگەر (٢٠،٣٠) فەرموودەت نووسیەوە، سەیری دەروونی خۆت بكە بزانە بەرەو خێرو چاكی دەتبات، ئەگەر زانیت نەیبردووی بەرەو صاڵحبوون دەی ئیتر خۆت ماندوو مەكە بە درۆوە)[2]

تۆیەم:

ئەگەر باوك‌و دایك یان مامۆستا بۆی دەركەوت قوتابیەكەیان خاوەنی زیرەكی‌و تێگەیشتن‌و دەرككردنە بەڵام تاقەتی خوێندنی نیە! بۆیان هەیە زۆری لێ بكەن تا لەسەر خوێندن بەردەوام بێت.

* عەكریمە دەڵێ: عبداللەی كوڕی عباس (خوای لێ ڕازی بێت) لەكاتی فێركردنی قورئان‌و فەرموودەدا هەردوو قاچی دەبەستمەوە[3]- تا ڕانەكەم‌و واز نەهێنم!.

* سوفیانی سەوری (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: بۆ مرۆڤ هەیە زۆر لە منداڵەكەی بكات بۆ بەردەوامی لەسەر خوێندن‌و تەواوكردنی قورئان‌و فەرموودە چونكە ئەو بەرپرسە لێی لە قیامەتدا)[4].

---

١ رواه الرامهرمزي في (المحدث الفاصل) (٨٠).

٢ رواه الجرجاني في (تأريخ جرجان) لا٤٩٢، تأريخ الاسلام (١٠/٢٢٥).

٣ پێشتر سەرچاوەكەی دراوە

٤ رواه الخطيب في (شرف أصحاب الحديث) (٢٩٧).

دەیەم:

دەبێت گرنگی بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی خوێندکار بدرێت چونکە ئەوە جوانی زانست و ڕازاندنەوەیەتی.

* حەمدانی ئەسبەهانی دەڵێ: من لە خزمەت زانای گەورە (شەریك)دا بووم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەندێك لە کوڕەکانی خەلیفە مەهدی هاتن بۆ لای و پرسیاری لێ دەکرد دەربارەی فەرموودەو لەو کاتەدا بە پێوە پاڵی دابوویەوە بە دیوارەکەوە – بۆیە شەریك وەڵامی نەدایەوەو لای کرد بە لایەکی تردا– و ئەویش دووبارە پرسیارەکەی لێ کردەوە –ئەمیش هەر لای لێ نەکردەوە، ئەویش خۆی پێ نەگیرا وتی: دەڵێی سوکایەتی بە کوڕانی خەلیفە دەکەیت؟!

شەریکیش فەرمووی نەخێر: بەڵام زانست و زانیاری زۆر لەوە گەورەترو جوانترە کە خەڵکی لەناو خۆیاندا بێ ڕێزی بکەن و بیفەوتێنن، دەڵێ: کوڕی خەلیفە ئەو قسەیەی بیست خێرا دانیشت لەسەر ئەژنۆ لە خزمەت مامۆستا شەریکداو پرسیارەکەی لێ کردەوە؟

شەریکیش فەرمووی: ئا بەم شێوەیە داوای زانست و زانیاری دەکرێت.[1]

* مالیکی کوڕی ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە کۆمەڵێك لە لاوانی قوڕەیشی فەرموو: (یا ابن اخي الادب قبل أن تتعلم العلم)[2]

واتە: (ئەی برازاکەم ئەدەب و ڕەوشتی بەرز فێربە پێش ئەوەی زانست و زانیاری فێرببیت).

---

١ رواه ابن الجعد في (مسنده) (٢٥٣٨). والخطيب في (٣٤٦).

٢ رواه أبو نعيم في (الحلية) (٦/٣٣٠).

* ئیبراهیمی كوڕی حەبیبی كوڕی شەهید دەڵێ: باوكم پێی وتم: كوڕی شیرینم بڕۆرە خزمەت زانایانو فیقهزانان، زانستیان لێ وەربگرەو لە هەڵسو كەوتو ڕەوشتیان كەلك وەربگرەو كاری پێ بكە، من ئەمەم پێ خۆشترە لە زۆر لەبەركردنی فەرموودە).[1]

* سوفیانی سەوریو محمدی كوڕی نەزری حارسی (رەحمەتی خوایان لێ بێت) فەرموویانە: (ان أول العلم الصمت، ثم الاستماع له، ثم العمل به، ثم النشر)[2]

واتە: سەرەتای زانست بێ دەنگیە، پاشان گوێگرتن بۆی، پاشان كردەوە كردنە پێی، پاشان گەیاندنو بڵاوكردنەوەی.

یانزەهەم:

لەم فەرموودەیە ئەوەمان دەست دەكەوێت كە دەبێت بچوك خزمەتی كەورە بكات.

دوانزەهەم:

لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان دەست دەكەوێت كە دوعاو نزا بكەین بۆ منداڵەكانمان تا تاكێكی بەسودو چاكەخواز دەرچن..

سیازدەهەم:

لە وتەكەی (ابن عباس)دا (خوای لێ ڕازی بێت) كە دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوشاردمی بە سنگیەوەو پێی فەرمووم: ((خوایە حیكمەتو ژیریێژی فێربكە)) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە لە بابی سۆزو بەزەیەوە منداڵ بگوشرێت بە سنگەوە.

---

١ رواه الخطیب في (الجامع) (١١).

٢ رواه أبو نعیم في (الحلیة) (٦/٣٦٢) (٨/٢١٦).

چواردەهەم:

لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)و كاری هاوەڵاندا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ئافرەتانیش وەك پیاوان مافی ئەوەیان هەیە فێری پەروەردەو زانست بكرێن:

* شیفاءی كچی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: من لەلای (حفصە) بووم (خوای لێ ڕازی بێت) پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتەژوورەوەو پێی فەرمووم: ((الا تعلّمین هذه رقیة النملة كما علمتیها الكتابة))[1]

واتە: ((ئەم ژنە فێری دوعای نەخۆشی (مێرولە) ناكەیت هەروەك چۆن فێری نووسینت كردووە)و نەخۆشی مێرولە لەوەوە هاتووە كە ئازارەكەی دەڵێی مێرولە گازت لێ دەگرێت و ئاو و كێمە لە هەردوولای مرۆڤەوە دەردەچێت.

* عائیشەی كچی طلحة دەڵێ: من لەخزمەتی عائیشەدا بووم (خوای لێ ڕازی بێت)و زانایان لە هەموو لایەكەوە دەهاتنە خزمەتی‌و لەبەرئەوەی من زۆر نزیك بووم لێیەوە ئەو زانایانە دەهاتنە لای من‌و گەنجەكانیش ڕێزی منیان زۆر دەگرت‌و نامەو پرسیارو مەسەلەی شەرعیان بۆ دەنووسیم‌و لەگەڵیشیدا دیاریان دەنارد، منیش بە عائیشەم دەووت: پورێ گیان، ئەمە نووسینی فلان كەسەو دیاریەكیشی لەگەڵدایە، ئەویش دەیفەرموو: كچی شیرینم، وەڵامی هەموو نامەكان بدەرەوەو لەسەر دیاریەكانیشیان پاداشتیان بدەرەوەو ئەگەر هیچت پێ نەبوو، من ئاگاداركە با شتێكت پێ بدەم بۆیان، دەڵێ: شتیشی پێدەدام.[2]

*　　　　*　　　　*

١ رواه أحمد (٦/٣٧٢) وأبوداود (٣٨٨٧) وهو حديث صحيح.

٢ رواه البخاري في (الادب المفرد) (١١١٨).

فەرموودەی شەشەم

دەربارەی میزی منداڵ

عن أُم قيس بنت محصن (رضي الله عنها): انها أتت بابن لها صغير، لَم ياكل الطعام الى رسول الله (ﷺ)، فاجلسه رسول الله (ﷺ)في حجره، فبال على ثوبه، فدعاه بماءٍ، فنضحه ولم يغسله).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

ئیمام بخاری گێڕاویەتیەوە لە (کتاب الطهارة) (باسی میزی منداڵ)داو مسلم (٥٩١)و (النسائی) (٣٠٢) لە باسی (میزی منداڵ کە نەکەوتۆتە خواردن)و (أبوداود) لە (٣٧٤) لە باسی میزی منداڵ بەری جلو بەرگ بکەوێت، (ابن ماجة) (٥٢٤)و (ابن خزيمة) (٢٨٥).

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لەو فەرموودە وەردەگیرێت:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە میزی منداڵ ئەگەر بەر جلو بەرگی کەسێك کەوت ئەگەر کوڕبوو ئاوی لێ دەپڕژێنرێت

دووەم:

لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە کە جیاوازی هەیە لەنێوان میزی منداڵی کوڕو منداڵێ کچدا لە سەردەمی شیر خواردنیدا:-

* (ابی السمح) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: من خزمەتکاریی پێغەمبەری خوام دەکرد (حەسەن یان حسين)یان (خوا لێیان ڕازی بێت) هێنا بۆلای پێغەمبەرو گرتی بە باوەشو ئەویش میزی کرد بە خۆیداو منیش ویستم بە ئاو جێگاکەی بشۆم فەرمووی: ((يغسل من بول الجاريه ويرش من بول الغلام))[1].

---

١ رواه أبوداواد (٣٧٦) وابن ماجة (٥٢٦) وابن خزيمة (٢٨٣) و بخاری دەڵێ: فەرموودەیەکی حەسەنە.

واتە: جلو بەرگ ئەگەر كچی شیرەخۆرە میزی پێدابكات دەشورێت، بەلاّم ئەگەر كوڕ میزی پێداكرد تەنها ئاوی لێ دەپژێنرێت.

سێیەم:

لە سوننەتدا هاتووە كە نەشۆردنی جلو بەرگ كاتێك كوڕ میزی پێدا بكات بە دوو مەرجە:

١- دەبێت منداڵەكە كوڕبێت.

٢- دەبێت نەكەوتبێتە خواردنو تەنها شیرەخۆرە بێت.

* عەلی كوڕی ئەبوطالب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: میزی كچ بەری جلو بەرگ كەوت دەشورێت بەلاّم میزی كوڕ ئەگەر نەكەوتبووە خواردن ئاوی لێ دەپژێنرێت.[1]

* قەتادەیش دەڵێت: ئەمە ئەگەر نەكەوتبوونە خواردن بەلاّم ئەگەر كەوتبوونە خواردن دەبێت لە هەردووكیان بشۆرێت.[2]

* ئیسحاق كوڕی راهەوی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بەردەوام سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)وابووە كە میزی كوڕ ئاوی لێ پژاوەو میزی كچ شۆراوە ئەمە ئەگەر نەكەوتبنە خواردن.

پاشان دەڵێ: هەموو زانایانی هاوەڵانو دوای ئەوانیش لەسەر ئەمە كۆكن، لە پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵانو شوێن كەوتوانی دوای ئەوانیش لە كەس نەبیستراوە كە بە یەك چاو یان بە یەك حوكم سەیری میزی كۆرپەلەی كوڕو كۆرپەلەی كچیان كردبێت.[3]

---

١ رواه ابوداود (٣٧٧)، اسناد صحيح.

٢ ابوداود (٣٧٨)، والترمذي (٦١٠)، وابن خزيمة (٢٨٤).

٣ تحفة المودود باحكام المولود (ابن القيم) (٣٦٠).

چوارەم:

دەربارەی هەندێك لە هۆیەكانی جیاوازی كردن لەنێوان میزی كوڕو كچدا:

* (ابو یمان المصری) دەڵێ: دەربارەی ئەم فەرموودەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((یرش من بول الغلام ویغسل من بول الجاریه)) پرسیارم لە ئیمام شافعی كرد وتم خۆ هەردوو میزەكە یەك شتن؟

لە وەڵامدا فەرمووی: چونكە میزی كوڕ لە ئاوو خاك دروستبووە، بەڵام میزی كچ لە خوێنو گۆشت دروست بووەو پاشان پێی وتم: تێگەیشتی، وەرت گرت؟ وتم نەء، وتی: كاتێك خوای گەورە ئادەمی دروست كرد، لە خۆڵو ئاو دروستی كرد بەڵام دوایی حەوای لە پەراسویەكی كورتی ئادەم دروستی كرد، میزی كوڕ لەو خۆڵو ئاوەو میزی كچ لە خوێنو گۆشت، پاشان وتی پێم: خۆ ئێستا تێگەیشتی؟ وتم بەڵێ، وتی: خوا سودبەخشی بكات بۆت)[١]

* هۆیەكی تریش لەبەرئەوەیە كە كوڕ میزەكەی بەملاولادا هەڵدەداتو زۆر ناڕەحەتە شۆردنی، بەڵام كچ میزەكەی دەكاتە یەك جێگاو شۆردنی ئاستەمو قورس نیە.

* میزی كچ بۆنی ناخۆشترە لە میزی كوڕ چونكە گەرمای كوڕ بەهێزترەو كاریگەری زۆرە لەسەر كەمكردنەوەی بۆنەكەیو سوك كردنی.

ئەگەر ئەم جیاوازیانە جێگیر بن ئەوە شتێكی باشو سروشتیە، ئەگەرنا دەبێت پشت بەوە ببەستین سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ)و ئەو وای كردووە.[٢]

---

١ رواه ابن ماجة في (السنن) (٥٢٥).

٢ ذكر الفرق (٣،٢) تحفة المودود لا٣٦٠.

پێنجەم:

چۆنیەتی پاککردنەوەی جلوبەرگ کاتێك کوڕ میزی پێدا دەکات:

* (البغوی) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەر بەوەندە دەبێت کە ئاو لێ پژانە کە بەجۆرێك بێت بە دەست بیپژێنێتو پرژی ئاوەکە بگاتە هەمو جێگا تەڕەکانو ئیتر دەست پێداهێنانو سوینی ناوێت)[١]

شەشەم:

دەبێت ئەندازەی ئەو ئاوەی لێی دەپژێنێت چەندبێت؟

* عبداللەی کوڕی عباس (خوایان لێ ڕازی بێت) دەربارەی میزی کوڕ دەفەرموێت: بە ئەندازەی میزە کە ئاوی لێ دەپژێنرێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو چەشنەی کرد کاتێ: حوسەینی کوڕی عەلی میزی کرد بە باوەشیدا.[٢]

حەوتەم:

* میزی کوڕ وەك میزی کچ پیسەو نوێژی نیە، ئیتر با شیرەخۆرە بن یان نان خۆر.

* حەسەنی بەسری (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: میز هەمووی وەك یەك وان.[٣]

* (البغوی)یش دەڵێت: میزی ئەو کوڕەی کە شیرەخۆرەیەو نەکەوتۆتە خواردن هەروەك هەموو میزێکی تر پیسە، بەس ئەوەیە بە ئاو لێپژان خاوێن دەبێتەوە.[٤]

---

١ (شرح السنة) (٢/٨٥).

٢ رواه عبدالرزاق (١٤٩).

٣ رواه ابوداود في سننه (٣٧٦).

٤ شرح السنة (٢/٨٥).

هەشتەم:

کەی ئەو منداڵە بە نانو چێشتخۆر دادەنرێتو ئیتر جێ میزەکەی دەشۆرێت وەك جێ میزی کچ؟

* احمدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) منداڵ کاتێ خواردنی خواردو خۆی داوای دەکردو حەزی لێ دەکردو هەڵپەی بۆ دەکرد، نەك هەر خواردنی خوارد چونکە منداڵ وادەبێ هەر لە دایك دەبێت کەوچکی هەنگوینی دەکەن بە دەمدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پەنجە خورمای کردووە بە دەمی کۆرپەدا، بەڵام کاتێك دەبێت کە خواردن بخواتو داوایشی بکات.[1]

* (ابن قدامە)یش (رەحمەتی خوای لێ بێت): هیچ کاتێك ئاودان یان خواردن پێدان نابێتە هۆی ئەوەی دەبێ جێگا تەڕەکە بشورێ، ئەو خواردنە بە نان خواردن دادەنرێت کە منداڵەکە حەزی لێ بکاتو هەڵپەی بۆ بکاتو ئەوە پێویستە بشورێت (خوایش باشتری لێ دەزانێت).[2]

نۆیەم:

دوو شتی گرنگ دەربارەی میزی منداڵ:

١- پاککردنەوەو شۆرینی جێگای لەنوێژچوو دەستنوێژ ناشکێنێ بەهیچ جۆرێك.

٢- کەسێك دەستی بەری دوو عەورەتەکەی منداڵ بکەوێت ئایا دەستنوێژەکەی دەمێنێت یان دەشکێت؟:

* زانایان جیاوازیان هەیە تیایدا زۆربەیان دەڵێن بەڵێ دەستنوێژەکە دەشکێت لەوانە عطا، شافیعی، ابوثور، أحمد، اسحاق (رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت).

---

١ المغني (٤٩٧)

٢ المغنی هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

* بەڵام کۆمەڵێکی تریش کە کەمترن لە کۆمەڵی یەکەم دەڵێن دەستنوێژ ناشکێنێت وەك زوهەریو ئەوزاعیو مالیك (رەحمەتی خوایان لێ بێت) کە بەڵگەی بەهێزیان پێ نیە، بەڵام کۆمەڵی یەکەم دەڵێن دەست بەرکەوتنی عەورەت بەبێ جل یان دەستکێش دەستنوێژ ناهێڵێتو بەڵگەشیان فەرمودەیەکی پێغەمبەرە (ﷺ) کە دەفەرموێت: ((من مسَّ فرجه فليتوضأ))[1] واتە: ئەوەی دەستی دا لە عەورەتی خۆی با دەستنوێژ بگرێتەوە.

دەیەم:

ئەم فەرموودەیەش ئەوەی لێ وەردەگرین کە دروستەو شتێکی سوننەتە منداڵ بخەینە باوەشمان. تەنانەت بخاری (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە (صحيح)ەکەیدا باسێکی تایبەت کردووە بە (منداڵ بە باوەشەوەگرتنو لەکۆش گرتنی).

مەسەلەیەکی تایبەت بەم فەرموودەیە:

ئەوەی پێشوو تایبەتە بە منداڵی کوڕەوە، بەڵام ئەی بۆ کچیش هەر وایە؟:

* (ئەبو حازم) لە سەهلی کوڕی ساعی یەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە جارێکیان کچێکی بچکۆلەیان ڕازانبوویەوەو هێنایان بۆ لایو ئەویش داوای کرد بۆی بێننو سەیرێکی کردو گرتی بە باوەشیو دەستی هێنا بەسەریداو نزای خێرو بەرەکەتی بۆ کرد.[2]

* بەڵام ئیمام احمد (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە یەك حاڵەتدا پێی باش نیە (ئەویش ئەگەر بە شەهوەتەوە بیخاتەباوەشیەوە)و ئەگەر لە ئەو مەسەلەی تێدا نەبێت شتێکی باشەو هیچی تێدانیە.[3]

* * *

---

١ رواه مالك في الموطأ (٤٢/١).

٢ رواه ابن أبي شيبة (٤١٠/٤) واسناده حسن.

٣ المغني (٥٠١/٩-٥٠٢).

فەرموودەی حەوتەم

خەتەنەكردنی منداڵان

عن ابي هريرة (ﷺ) قال: قال النبي (ﷺ) ((الْفِطْرَةُ خَمْسٌ: الْخِتَانُ، وَالاسْتِحْدَادُ، وَنَتْفُ الإِبْطِ، وَقَصُّ الشَّارِبِ، وَتَقْلِيمُ الأَظْفَارِ)).

دەرهێنانی فەرموودەكە:

بوخاری لە (٦٢٩٧) لە باسی خەتەنە لە گەورەییداو (٥٨٨٩) لە باسی كورتكردنەوەی سمێڵداو (٥٨٩١) لە باسی نینۆك كردنو مسلم (٥١٨)و أبو داود (٤١٩٨) الترمذی (٢٧٥٦)و ابن ماجه (٢٩٢) لەباسی (الفطرة)دا.

ئەو ئەحكامو ئادابانەی لە فەرموودەكە وەردەگیرێت:

یەكەم: مانای خەتەنەكردنی چیە؟ (ماناكەی لە پیاودا ئەو هەڵقەیەیە كە لەسەرەتای زەكەریدایەو زیاتر لە (٣٠٠) حوكمی لەسەر هاتووە. بەڵام لە ئافرەتدا بەرزاییەكە وەك پاپوكی كەڵەشێر وایەو ئەو بەشە بەرزە دەبڕدرێت.[١]

دووەم:

فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە خەتەنەكردن دروستەو سوننەتی گشتی پێغەمبەرانە:

* ابن عبدالبر دەڵێ: هەموو زانایان لەسەر ئەوە كۆكن كە (إبراهیم پێغەمبەر) (سەلامی خوای لەسەر بێت) یەكەمین كەس بووە كە خەتەنەكردنی داهێنا، هەموویان لەسەر ئەوەن كە لە سوننەتە موئەكەدەكانی پێغەمبەرانەو لە فیطرەو سروشتی ئیسلامەو بۆ پیاوان نیە وازی لێ بهێنن.[٢]

---

١ تحفة المودود– ابن القيم لا (٢٥٦–٢٥٨) بە كورتی.

٢ التمهيد (٢١/٥٩).

سێیەم:

خەتەنەکردن واجب نیە بۆ ئافرەتان بەلاّم لە سوننەتی (صحیح)دا هاتووە:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((اذا التقى الختان وجب الغسل))[١] واتە: هەر کاتێك دوو عەورەتەکە، دوو خەتەنەکراوەکە بەریەك کەوتن خۆشوردن پێویست دەبێت.

* ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ ئافرەتانیش سوننەتە خەتەنەکردن.[٢]

* (أم عطیة الانصاریه) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئافرەتێك لە شاری مەدینە خەتەنەی کچانی دەکرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((لاتنهکی، فإن ذلك احظى للمرأة وأحب الى البعل))[٣] واتە: زۆری لێ مەبڕە لەم کارەتدا چونکە بۆ ئافرەت واباشترەو پیاویش وای پێ خۆشترە.

* ئەوەشی بەلگەیە بۆ ئەم مەسەلەیە کردەوەی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)و سەلەفی صالحی پاش ئەوانیش:

* أم علقمە دەڵێ: برازاکانی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) خەتەنەکرانو بە عائیشەیان وت: ئایا یاریو شتیان بۆ نەهێنین تا بێ ئاگایان بکەین لەو کاتەدا؟ فەرمووی: بەڵێ.[٤]

---

١ رواه مسلم (٧١١).

٢ المغني (١/١١٦).

٣ أبوداود (٥٢٧١).

٤ دواتر سەرچاوەکەی دەدەین.

* عبداللەی کوڕی عباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: خەتەنەکردن بۆ پیاوان سوننەتەو بۆ ئافرەتان شتێکی باشە.[1]

* یحیای کوڕی سعید القطان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: خەتەنەکردنی ئافرەتان سوننەتێکەو موسڵمانان وازیان لێ نەهێناوە.[2]

* مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ((الفطرة، ختان الرجل والنساء))[3]

چوارەم:

حیکمەتەکانی خەتەنەکردن:

* لە (ابن تیمیە)یان پرسی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئافرەت ئایا خەتەنە بکرێت باشە یان نا؟

لە وەڵامدا فەرمووی: سوپاس بۆ خوا، بەڵێ خەتەنەبکاتو خەتەنەکردنیشی ئەو بەرزاییە لادەبات کە وەك پاپۆکی کەلەشێر وایە، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئافرەتە خەتەنەکەرەکەی فەرموو: ((أشمي ولاتنهكي، فانه ابهى للوجه وأحظى لها عند الزوج)) واتە: زۆری لێ لامەبە چونکە ڕوو بەجوانی دەهێڵێتەوەو پیاویش زیاتر ڕووی دەداتێ، حیکمەتیش لە خەتەنەکردنی پیاوان ئەوەیە کە ئەو بازنە پێستەی دەوری ملی زەکەر پیسایی تێدا دەوەستێتەوە ئەگەر لانەبرێت.

بەڵام مەبەست لە خەتەنەکردنی ئافرەتان: کەمکردنەوەی شەهوەتو ئارەزووکردنی پیاوەتی، چونکە ئەگەر ئەو بەرزاییەی بمێنی زیاتر شەهوەتی دەجوڵێ، هەر بۆیە کاتێك یەکێك جنێو بە یەکێکی تر دەدات دەڵێ: ئەی دایك قەلفاء واتە (دایکت سوتاوە بۆ پیاو)و زۆر حەزی لێ دەکات.

---

1 روا البيهقي —السنن الكبرى (٨/٨٢٤).

2 رواه عبدالملك بن حبيب في (اداب النساء) (١٣٧).

3 التمهيد (٢١) (٦).

بۆیە دەبینی ئافرەتانی فەرەنساو تەتەرەكان زۆرتر حەز بە پیاوانو بەدڕەوشتی دەكەن كە لە ئافرەتی موسڵماندا بوونی نیە، بەڵام ئەگەر زۆری لێ ببڕێت ئەوە حەزی شەهوەتی دادەبەزێتو لاواز دەبێتو حەزو ئارەزووی پیاو نامێنێتەدیو بەڵام ئەگەر كەمێكی لێ قرتا حیكمەتەكەی تێدا دێتەدی (خوایش باشتری لێ دەزانێت)[1]

* (ابن القیم)یش (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەوەندەی لە خەتەنەكردنی پاكو خاوێنی هەیەو لە جوانكردنی دەمو چاو و كەمكردنەوەی ئارەزووكردنی جنسیدا هەیە بەڵام بەشێوەیەكی میانەڕەوی، چونكە ئەگەر لانەبرێت ئەوە مرۆڤ وەك ئاژەڵانی لێ دێتو حەزی جنسی زاڵ دەبێت بەسەر دڵو دەرونو گیانیداو ئەگەر زۆری لێ لابرێت حەزو ئارەزووی جنسی دەتوێتەوەو وەك بێ گیانەكان دڵی بۆ ئەو كارە لێ نادات، هەر بۆیە (قەلفاء) واتە خەتەنەنەكراوان چ لە پیاوان یان ژنان لەو كارە تێر ناخۆنو هەمیشە هەڵپەیان دێت بۆی.[2]

منیش دەڵێم: بەردەوام لێكۆڵینەوەی زانستیەكانی سەردەم سودو كەڵكەكانی ئەم یاسایەی پەروەردگار ئاشكرا دەكاتو هەندێك لەو حیكمەتانە:

١- خەتەنەكردن بۆڕیەكانی میز لە سوتانەوە (التهاب) دەپارێزێت یان لە تێكەڵبوونیان.

٢- پیاو لە شێرپەنجەی زەكەر دەپارێزێت.

٣- مرۆڤ دەپارێزێت لە نەخۆشیە جنسیەكان.

٤- كەمترین ڕێژەی ئێشو ئازارو نەخۆشی هەیە لەو منداڵانەی خەتەنە كراون.

٥- بەڵگە زانستیەكانی سەردەم ئەوە ئاشكرا دەكەن كە خەتەنەكراوان بەدوور دەبن لە نەخۆشی نەمانی بەرگری سروشتی واتە ئایدز.

١ مجموع الفتاوى (١١٤/٢١).
٢ تحفة المودود (٣٠٩-٣١٥).

٦–ئەو بیردۆزە شکستی هێنا کە دەڵێ پاكو خاوێنی کۆئەندامەکانی زاوزێ لە هەردوو ڕەگەزەکەدا هۆکارن بۆ ڕوونەدانی ئەم نەخۆشیانە.

وە لە سەرسامترین ئەو ئەنجامانەی کە لێکۆڵینەوەی سەردەم لەسەر ئەو کەسانە کردویانە کە موسڵمان نین‌و خەتەنە نەکراون، بە تایبەت ئەو تاقیکردنەوەیەی لەسەر شێرپەنجەی زەکەر کراوە، ئەوەش لە ساڵی ١٩٣٢ تا ساڵی ١٩٩٠ هەزارو شەش سەد حاڵەت تووشبوو هەبووەو یەك کەس لەوانە خەتەنەکراو نەبووە لەکاتی منداڵیدا.[١]

پێنجەم:

منداڵ کەی خەتەنە بکرێت؟

زانایان لە دیاریکردنی ڕۆژی خەتەنەکردنی منداڵدا جیاوازیان هەیە:

یەکەم/ دەڵێن لە ڕۆژی حەوتەمدا سوننەتە بەم بەڵگانە:

* جابری کوڕی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونی حەسەن‌و حوسەیندا عەقیقەی بۆ کردن.[٢]

* أحمدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پرسیاریان کرد لە وهبی کوڕی منبە دەربارەی خەتەنەکردن لە وەڵامدا فەرمووی: لە ڕۆژی حەوتەمدا سوننەتە، چونکە ئەوە ئازاری کەمترە بۆ منداڵ‌و منداڵ لەو کاتەدا لەشی شێوە بەنجکراوێکەو هەست بە ئازار ناکات‌و ئەگەر لەو حەوتەدا نەکرا ئەوە ئیتر وازی لێ بهێنرێت تا لەشی خۆی دەگرێت.

* وە أحمد دەفەرموێت: خەتەنەکردن لە ڕۆژی حەوتەمدا ئاساییەو هیچی تێدانیە.

* ئاگاداریەك: حەسەنی بەسری‌و مالکی کوڕی ئەنەس (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) خەتەنەکردنی منداڵیان پێ ناخۆش بووە لە ڕۆژی حەوتەمدا چونکە لاسایی کردنەوەی

---

١ أحكام الادوية في الشريعة الاسلامية لا (١١٢).

٢ البيهقي في (الكبرى) (٨/٣٢٤) وابن ابي الدنيا في (العيال) (٥٠) و (٥٨٢).

جولەکەی تێدایەو ئێمەش فەرمانمان پێکراوە کە سەرپێچیان بکەین، ئەحمەدیش لە ڕیوایەتێکدا لەگەڵیاندایە بەڵام پاشتر ئەوە جێگیربووە کە لەو ڕایە گەڕاوەتەوە. سوفیانی سەوری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خەتەنەکردنی لە ڕۆژی حەوتەمدا پێ مەکروهـ بووەو فەرموویەتی: زۆر ترسناکە لەسەر منداڵەکە.[١]

ڕای دووەم/ دەڵێن خەتەنەکردن دوادەخرێت تا منداڵەکە کەمێك گەورە دەبێت و لەشی بەهێز دەبێت:

* سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پرسیار کرا لە ابن عباس (خوا لێی ڕازی بێت) کە تەمەنت چەندبووە لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دنیا دەرچوو؟ لە وەڵامدا فەرمووی: لەو کاتەدا من خەتەنەکرابووم.

دەڵێ: هاوەڵان کوڕەکانیان خەتەنە نەدەکرد تا گەورە دەبوون و هەستیان پەیدا دەکرد.[٢]

هەروەها (لیث)ی کوڕی سەعدو مالکی کوڕی ئەنەس و زەیدی کوڕی ئەسلەم (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ئەم ڕایەیان هەبووە.

ڕای سێیەم/ دەڵێت: کاتێکی دیاریکراو نیە بۆ خەتەنەکردن و پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی داوە بە خەتەنەکردن، بەڵام دیاری نەکردنی ڕۆژێکی تایبەتی لێوە سابت نەبووە:

* سوفیانی کوڕی عویەینە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: سوفیانی سەوری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لێی پرسیم: ئایا هیچ فەرموودەیەکت لەلایە کاتی خەتەنەکردن دیاری بکات؟ لە وەڵامدا وتم: نەء، لێم پرسی ئەی لەلای تۆ شتێکی لەو جۆرە هەیە؟ فەرمووی: نەء.[٣]

---

١ شرح السنة للبغوي (١١١/١٢) والتمهيد لابن عبدالبر (٦١/٢١) وتحفة المودود (٣٠٥-٣٠٧).

٢ رواه البخاري (٦٢٩٩).

٣ التمهيد (٦١/٢١).

* لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیان پرسی: ئایا لە چ تەمەنێکدا منداڵ خەتەنەدەکرێت؟ فەرمووی: پێ نازانم لەو بارەیەوە هیچم بیستبێت.

* (ابن منذر)یش (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لەم باسەدا هیچ فەرموودەیەك نیە بە سابتی ڕۆژێکی قەدەغەکردبێت، کاتێکیش بۆ خەتەنەکردن سابت نەبووە کە پشتی پێ ببەسترێت، ئەسڵیش لە شتەکاندا دروستیەتیو ڕێگەپێدان بەڵگەی پێویستەو ئەوانەی لە حەوتەم ڕۆژدا خەتەنەکردنیان پێ باش نیە بێ بەڵگەن.[١]

کەڵکێك:

* (ابن عبدالبر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لە کۆمەڵێك لە زانایانەوە بە تەواتوری هاتووە کە وتوویانە: ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئیسماعیلی کوڕی (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە (١٣)ساڵیدا خەتەنەکردو (اسحاق)یشی لە (٧) ساڵیدا خەتەنەکرد.

* ابن تیمیە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لەوەودوا کوڕانی ئیسماعیل لەسەر شێوازی خەتەنەکردنەکەی باوکیان کاریان کردو کوڕانی ئیسحاقیش لەسەر شێوازی باوکیان واتە لە حەوت ساڵیدا.[٢]

شەشەم:

بەڵگەی دروستی دروستکردنی خواردن (ولیمە) لە ڕۆژی خەتەنەکردندا:

عەرەب کۆمەڵێك ناویان لەو دەعوەتە ناوە وەك (العذیر، ، العذیرة، الاعذار)و خەلیلی کوڕی أحمد (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (العذار) خواردنێکە دروست دەکرێت لە ڕۆژی خەتەنەکردنداو خەڵکی بۆ بانگ دەکرێت.[٣]

---

١ سەیری (تحفە المودود) بکە لاپەڕە (٣٠٧).

٢ تحفة المودود لا (٣٠٨).

٣ کتاب العین لا (٦١٤).

دروستکردنی ئەم خواردنە لەو بۆنە دروستانەیە کە ئیسلام پێی جوانەو هاوەڵانیش کاریان لەسەر کردووەو خەڵکیان بۆ دەعوەت کردووەو ئەوانیش چوون بەدەم دەعوەتەکەیانەوە:

* القاسم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) (١٠٠) درهەمی بۆ ناردمو پێی وتم: خواردنی پێ دروست بکە بە بۆنەی خەتەنەکردنی کوڕەکەتەوە.[1]

* سالم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ابن عمر (خوا لێی ڕازی بێت) منو نەعیمی خەتەنەکردو، بەرانێکیشی بۆ سەربڕین، ئێمەش دواتر لەناو منداڵاندا خۆمان بەوە هەڵدەنا کە لە بۆنەی خەتەنەکردنماندا بەرانێکمان بۆ سەربڕاوە.[2]

* البغوی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: سوننەتە مرۆڤ کاتێك لەلایەن خواوە بەخششێکی دەڕژێت بەسەردا، سوپاسێکی بەدوادا ئەنجام بدات وەك دەعوەتکردن بۆ بۆنەی ناونانو خەتەنەکردنو هاتنەوە خزمێکت لە سەفەرێکی دوور، هەموو ئەمانە سوننەتنو وەك سوپاس گوزارین لەبەرامبەر ئەو بەخشەشانەی پەروەردگارداو سوننەتترینیان وەلیمەی شاییو خەتەنەکردنو کەوتنە قسەیە.

هەروەها سەلەفیش (رەحمەتی خوایان لێ بێت) گرنگیان بەم بۆنەیە داوەو وەڵامی دەعوەتیان بۆ داوەتەوە:

* مەکحول لە نافعی پرسی (رەحمەتی خوای لێ بێت) ئایا ابن عمر (خوا لێی ڕازی بێت) دەچوو بۆ بەشداری خواردنی بۆنەی خەتەنەکردن؟ فەرمووی: بەڵێ.[3]

---

١ رواه ابن ابي الدنيا في العيال (٥٨٦).

٢ البخاري في الادب المفرد (١٢٤٦) لەباسی دەعوەت لە بۆنەی خەتەنکردندا، رواه ابن ابي شيبه (٤/٣١٤-٣١٥).

٣ رواه ابن ابي الدنيا في العيال (٥٨٥).

* هەروەها احمدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بانگ كراوە بۆ خواردنی خەتەنەكردنو ئەویش چووەو لەوێ خواردوویەتی.[١]

شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: وەڵامدانەوەی دەعوەتی شایی واجبە، بەڵام ڕێگە نادەم بەوەی بەشداری نەكرێت لە بۆنەكانی دەستكەوتنی خانوو و زەویو منداڵبوونو خەتەنەكردنو ڕووداوی خۆشو ئەمانە وا نازانم جگە لە (ولیمە العرس) لەسەر وازلێهێنانو نەچوون بۆ دەعوەتەكانیان مرۆڤ بە گوناهبارو سەرپێچیكار لەقەلەم دەدرێت.[٢]

* ئەوەی لە (عثمان)ی كوڕی (ابی العاص)وە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كە بانگكرا بۆ بۆنەی خەتەنەكردنی كچێكو ئەویش نەڕۆیشت، وە اسنادەكەی لاوازەو هەندێك لە زانایان دەڵێن ئەگەر ڕاستیش بێت هۆكارەكەی ئەوەبووە كە سوننەت وایە خەتەنەكردنی كچ بشارێتەوە.

* بۆیە لەم بارەیەوە أبوزید القیروانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لە خەتەنەكردنی كچدا گرنگ دەعوەتكردنی خەڵكی نیە بەڵكو گرنگ ئەوەیە بشارێتەوەو باسی نەكرێت.[٣]

حەوتەم:

دروستە لەكاتی خەتەنەكردندا یاریو گەمە بۆ منداڵەكە سازبكرێت تا ئازاری لەبیر بچێتەوە:

هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) هەر كاتێك منداڵەكانیان خەتەنە بكردایە، بانگی گەمەو مەزاقیان دەكرد تا بەو هۆیەوە منداڵەكە ئازاری خەتەنەكردنەكەی بیربچێتەوەو هەروەها خۆشیو سرور دەربڕینیش بێت بەبۆنەی خەتەنەكردنەكەوە:

---

١ المغني (١٠/٢٠٨).

٢ الاستذكار (٥/٥٣١).

٣ النوادر والزيادات (٤/٣٣٨).

* ام علقمە دەڵێ: برازاکانی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) خەتەنەکران، بە عائیشەیان وت: ئایا گەمەو مەزاقو خۆشیان بۆ بانگ نەکەین تا خەتەنەکەیان لەبیر بچێتەوە؟ فەرمووی: بەڵێ،

منیش جوابم نارد بۆ عەدیو ئەویش هات بۆ لایانو دەستی کرد بە گۆرانی وتنو سەرەلەقەی بوو کە قژە درێژەکەی دەلەقاندەوە، عائیشەیش (خوا لێی ڕازی بێت) کە ئەو دیمەنەی بینی فەرمووی: بەسە با بڕواتە دەرەوە شەیتانە.[١]

* عەکریمە لە ابن عباسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە کوڕەکانی خەتەنەکردو منی نارد بەدوای یاریزانێکو هاتو دەستی کرد بە یاریکردن لە بەردەمیانداو لە دواییدا چوار درهەمی پێدان یان سێ درهەم.[٢]

* البغوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: دەف لێدان لە شاییو خەتەنەسوراندا ڕێگەی پێدراوە.[٣]

* * *

١ رواه البخاري في الادب المفرد (١٢٤٧) واسناده صحيح.

٢ رواه ابن ابي شيبة (١٩٣/٤) وابن ابي الدنيا في العيال (٥٨٧).

٣ شرح السنة (٤٩/٩).

فەرموودەی هەشتەم

منداڵان و نوێژکردنیان

عن عبدالله بن عمرو (رضى الله عنه) قال: قال النبي (ﷺ) ((مُرُوا أَبْنَاءَكُمْ بِالصَّلاَةِ لِسَبْعِ سِنِينَ وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا لِعَشْرِ سِنِينَ وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِى الْمَضَاجِعِ))

دەرهێنانی فەرموودەکە:

(ابن أبى شيبه) لە (مصنف)ەکەیدا (١/٣٤٧) ڕیوایەتی کردووەو أحمد لە (مسند)دا (٢/١٨٠،١٨٧)و (أبو داود) لە (السنن)ەکەیدا (٤٩٥) لە باسی (کەی فەرمان بە منداڵ بدرێت بە نوێژکردن؟)و (الدار قطني) لە (السنن)ەکەیدا (١/٢٣٠)و (البغوى) لە (شرح السنة) لا(٥٠٥)دا.

وێنەیشی هەیە لە فەرموودەی سەبرەی کوڕی مەعبەدی جوهەنی (خوا لێی ڕازی بێت) کە دیسان (ابن أبى شيبه) (١/٣٤٧)و أحمد لە (مسند)دا (٢/٢٠١)و (أبو داود) لە (سنن)دا (٤٩٤)و (الترمذي) (٤٠٧)و (الدارمى) (٢/٨٩٧)و (ابن خزيمه) (١٠٠٢) و (الحاكم) (١/٢٠١). فەرموودەکە صحیحەو ترمذیو ابن خزیمەو حاکمو کەسانی تریش وتوویانە صحیحە.

ئەو حوکمانەی پەیوەستن بەم فەرموودەیەوە:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە واجبە فەرمان بە منداڵ بدرێت کە نوێژ بکات کاتێك تەمەنی لەنێوان (٧) تا (١٠) ساڵاندابێت، پاشان فەرمانی داوە بە لێدانیان لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا تا بالق بوون ئەگەر ساردیو سڕیان لە کردنیدا دەنواند.

سەرپەرشتیاری منداڵ (چ باوكو دایکی یان مامۆستاکانی) بەرپرسیارنو لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت ئەگەر ئەم فەرمانەیان جێ بەجێ نەکردو

گەورەترین بنەمای ئیسلام (کە نوێژە) بە منداڵەکانیان نەکردوە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((کُلُکم رَاعٍ وکُلُکُم مَسؤول عَن رَعیتِه))[1]

* ئیمام شافعی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (لەسەر دایكو باوك واجبە ئەدەبی منداڵەکانیان بەجوانی دابدەن، فێری پاكو خاوێنیو دەستنوێژو نوێژیان بکەن، ئەگەر فامیشی پەیداکرد دەبێت لێی بدرێتو هەر کاتێك لەشی گران دەبوو یان کچەکە کەوتە سوڕی مانگانەوە یان پانزە ساڵی تەواوکرد، نوێژو ڕۆژووی لەسەر فەرز دەبێت).[2]

دووەم:

فەرمان دان بە منداڵ بە نوێژکردن لە میانەی ڕاهێنانیەوەیەتی، ئەگەر بە منداڵی ڕاهات لەسەری بە گەورەیی نایفەوتێنێ، نەك لەبەرئەوەی کە فەرزە لەسەریان لەو ساڵانەدا واتە (٧ بۆ ١٤).

* عبداللەی کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (بە نوێژ پێکردن منداڵەکانتان بپارێزنو لەسەر خێر ڕایان بهێنن، چونکە خێرو چاکە عادەت پێوەگرتنە)[3]

* محمدی کوڕی نەسری مورووەزی (رەحمەتی خوای لێ بێت) لەسەر ئەم وتەیەی (ابن مەسعود) دەفەرموێت: بەم فەرمایشتەدا بۆمان دەردەکەوێت کە منداڵ پێویستە بە بچکۆلەیی نوێژیان پێ بکەیت تا ڕابێن بۆ کاتی گەورەیی، چونکە ئەگەر پێش ئەوەی فەرزبێت لەسەریان لەگەڵی ڕاهاتن، ئەوە زۆر ئاساییە کە لە کاتی گەورەبووندا لەگەڵی ڕادێنو پابەند دەبن پێوەی).[4]

---

١ رواه بخاري (٨٩٣)، ومسلم (٤٧٥١).

٢ شرح السنة (٢/٤٠٧).

٣ رواه عبدالرزاق (٤٧٤٢)، و(ابن ابي شيبة) (١٦٤١٩).

٤ قيام الليل لا (٢٤٣).

* (ابـن المنـذر) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەڵێـت: لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) جێگیربووە کە فەرموویەتی: ((رفع القلم على ثلاثـة: عـن الـصبي حتـى يحتلم)) واتـە: قەڵەمی گوناه نووسین لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە یـەکێکیان منـداڵ تـا بـاڵق دەبێت، کەواتـە نوێـژی هـەینیو هـەموو نوێـژەکانی تـر واجـب نیـە لەسـەر منـداڵێك کـە بـاڵق نەبووبێت بە بەڵگەی قورئانو فەرموودەو کۆدەنگی زانایان)[١]

سێیەم:

لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە کە سەرپەرشتیار –دایكو بـاوکی– منـداڵ لەسەریانە لە منداڵـەکانیان بپرسـنەوەو دەربـارەی نوێـژەکانیان پرسـینەوەیان لەگـەڵ بکەن:

* (ابـن عبـاس) (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەفـەرموێت: شـەوێکیان لـە مـاڵی پـوری مەیمونەم مامەوە، کە ئێـوارە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هاتـەوە بـە ماڵـەوەی فـەرموو: ((أصلّى الغلام)) واتە ئەم منداڵە نوێژەکەی کردووە؟ وتیان: بەڵێ.[٢]

نووسەر دەڵێ: ئەمەش جێگای داخو ئەسـەفە کـە لـەم ڕۆژگـارەدا زۆری موسـڵمانان (مەگـەر ئەوانـەی خـوا ڕەحمـی پـێ کـردوون) کـە سەرپەرشـتیاری منداڵـەکانیان لـە کاروباری دنیایی وەك خواردنو خواردنەوەو جلو بەرگو شتی تر لێیان دەپرسنەوە..

دەبینی کابرا دوای ئەوەی چەندان کاتژمێر لە ماڵ دوورکەوتۆتـەوە هـە کـە دێتـەوە دەبینـێ هـەموو منـداڵ'کـانی خـەوتوون ئـیتر ئـەو پرسـیارەی پێغەمبـەریان لێ ناکـات (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((ئایا نوێژەکانیان کردووە؟)) بەڵکو دەپرسێت: ئـەوە نانیـان خواردووە یـان چـەند پرسـیارێکی تـر کـە هـیچ پەیوەنـدیان بـە کاروبـاری ئیـسلامەتی

---

١ الاوسط (٤/١٥-١٦).

٢ رواه أبو داود (١٣٥٦).

منداڵەکانیانەوە نیە ! دەی سەیری ئەم دوو پرسیارە بکەو بزانە چ جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکەیت لەنێوانیاندا، دەی خوا ڕەحم بکات بە سەرەنجامی ئەم ئوممەتە.

چوارەم:

هەر کەسێك فەرمان نەدات بە نوێژکردن لەناو ماڵەکەیداو نوێژ نەکات بە منداڵەکانی لەلای زۆرێك لە زانایان دەبێت سزا بدرێت بە سزای تەمێکاری کە پێی دەوترێت (تعزیر).

* (ابن تیمیه) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (واجبە لەسەر هەر کەسێك کە خەڵکی بەقسەی دەکەن فەرمان بە ژێردەستەکانی بدات بە نوێژکردن تەنانەت ئەو منداڵانەیش کە هێشتا باڵق نەبوون، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: فەرمان بدەن بەسەر منداڵەکانتان لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە دەست بکەن بە نوێژو لە دە ساڵیەوە بەدواوە سزایان بدەن لەسەری‌و ئەگەر گەورەیش بوون کوڕان‌و کچان پێکەوە مەخەوێنن)).[١]

هەر کەسێك منداڵێکی خۆی یان هەتیوێك یان کوڕی کەسێکی تر، فەرمان دەرنەکات بەسەریاندا بە نوێژکردن ئەوە سزای گەورەکان دەدرێت ئەگەر فەرمان بە بچوکەکان نەدەن بۆ نوێژو سزایەکی تەمێ ئامێزی توند دەدرێت چونکە سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی کردووە)[٢]

پێنجەم:

هەر لە سووربوون‌و گرنگی دانی سەلەفی صالح (خوایان لێ ڕازی بێت)بە نوێژو خواپەرستی منداڵەکانیان ئەوەبوو هەر لە منداڵیەوە فێری الحمدللەو تحیات‌و هەموو زیکرەکانی تریان کردوون لە پێش حەوت ساڵەکەی تەمەنیشیانەوە:

---

١ مجموع الفتاوى (٢٢/٥٠-٥١).

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو

* نافع لە (عبداللەی كوڕی عمر)ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: (يُعلّم الصبي الصلاة اذا عرف يمينه من شماله)[١] واتە: دەبێت منداڵ فێری نوێژ بكرێت لەو دەمەی كە ڕاستو چەپی خۆی دەزانێت.

* هشام لە عوروەوە دەگێڕێتەوە ئەویش لە باوكیەوە (خوا لێی ڕازی بێت) كە هەر كاتێك منداڵێكی فامی پەیدا دەكرد فێری نوێژی دەكرد.

* جوندوبی كوڕی ثابت (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (پێشینەكانی ئێمە منداڵەكانی خۆیانیان فێری نوێژ دەكرد كاتێك بیانتوانیایە تا ژمارە (٢٠) بژمێرن).[٢]

شەشەم:

دەبێت منداڵ هان بدرێت بۆ نوێژو حەزی تیا دروست بكرێت كە بەردەوام لە مزگەوتدا ئەنجامی بداتو ئافەرینو بەخششو دیاری پێ بدرێت تا زیاتر ڕابێت لەسەر نوێژ بە مەرجێك دیاریەكان شتی بەسودو شەرعی بن.

* عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: (كنا نأخذ الصبيان من الكتاب فنقدمهم يصلون لنا شهر رمضان ونعمل لهم القلية والخشكنات)[٣] واتە: ئێمە وەك ئافرەتان لە شەوانی ڕەمەزاندا یەكێك لە منداڵە قورئان خوێنەكانمان دەهێناو بەرنوێژیمان پێ دەكردو لە پاشان خواردنو -خەشكەنانمان- پێ دەدان) كە وەك كێك یان كولیچەی ئەمڕۆیە.

* زیاد دەڵێ: زوبێدی ئەیامی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بانگبێژی مزگەوتەكەی خۆیان بوو، بە منداڵانی گەڕەكی دەووت وەرن بۆ نوێژ دوایی گوێزتان دەدەمێ، ئەوانیش دەهاتنو نوێژیان دەكردو پاشان دەوریان لێ دەدا بۆ گوێز خواردن، ئێمەیش

١ رواه عبدالرزاق (١٥٣/٤).

٢ ابن أبي شيبه (٣٤٧/١-٣٤٨). والعيال لابن أبي الدنيا (٤٦٣/١).

٣ رواه ابن المنذر في الاوسط (١٩٣٦/١٥٠/٤)

پێمان دەووت: بۆ ئەم كارە دەكەیت؟ لە وەڵامدا دەیفەرموو: دە چیم كردووە تەنها ئەوە نەبێت بایی پێنج درهەم گوێزم بۆ كڕیونو بەو هۆیەوە لەسەر نوێژكردنو هاتوچۆی مزگەوت ڕایان دەهێنم)[١]

حەوتەم:

منداڵێك كە فامی پەیدانەكردووەو نازانێ ئاگای نوێژو دەستنوێژو تارات گرتن نیە، نابێت فەرمانی نوێژی بەسەردا بدرێتو نابێت لە ڕیزی نوێژگەراندا بوەستێنرێت لەكاتی نوێژدا..

ئەم كارەش باوكان بە غەڵەت تێگەیشتوون لێیو وادەزانن چاك دەكەن منداڵەكانیان دەهێنن بۆ مزگەوت كە هاوار هاوار دەكەنو بە بەردەمی نوێژگەراندا دێنو دەچن لەو هەڵانە:

١- لە ڕیزەكاندا دەیوەستێنێ ئەویش لە نیوەی نوێژەكەدا تاقەتی نامێنێو ڕادەكات بە بەردەم نوێژگەرەكاندا بەمو لادا چونكە منداڵ حەوسەڵەی وەستانی نیە.

* عبداللەی كوڕی عمر (خوایان لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((من وصل صفاً وصله الله ومن قطع صفاً قطعه الله))[٢] واتە: هەر كەسێك ڕیزێك بگەیەنێت بە یەك، خوایش ئەو دەگەیەنێتو هەر كەسیش ڕیزێك تێك بدات یان نێوانی تێبخات ئەوە خوایش ئەو تێك دەداتو نێوانی تێدەخات.

٢- منداڵ لەو تەمەنەدا زۆر عەجولو جموجۆلكەرەو ئازاری نوێژگەران دەدات سەریان لێ تێك دەداتو خشوعیان ناهێڵێت.

---

١ رواه أبونعيم في الحلية (٣١/٥).

٢ رواه أحمد (٢/٩٧-٩٨)، وابن خزيمة ١٥٤٩ إسناده صحيح.

هەشتەم:

دەبێت منداڵ كە فەرمانی نوێژی بەسەردا دەدرێت، فێری چۆنیەتی كردنەكەشی بكرێت لەسەر شێوزای نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و دەبێت لەسەر نەكردنی یان فەوتاندنی لێپرسینەوەی لەگەڵ بكرێتو ئەگەر پێویستیشی كرد لێی بدرێت لەسەری.

چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ)و سەلەفی صالح لەدوای ئەو زۆر سووربوون لەسەر ئەوەی كە چۆنیەتی ئەحكامو ئادابەكانی نوێژیان فێربكەنو لەسەر نەكردنی تەمێیان بكەن.

هەموو زانایان لەسەر ئەوەن كە نابێت بهێڵرێت منداڵ بەبێ دەستنوێژ نوێژ بكات.[١]

* (أبوعاليه) لە (إبن عباس)ەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە دەڵێ: (إبن عباس) فێری چۆنیەتی ركوع بردنی دەكردین وەك چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشتر فێری كردبوون، بەجۆرێك ركوعی دەبرد بۆمان كە ئەگەر تكەیەك ئاوت لەسەر پشتی دابنایە نە بۆ پێشەوەو نەبۆ دواوە نەدەڕۆیشت)[٢]

* (إبن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: (كان رسول الله (ﷺ) يعلمنا التشهد كما يعلمنا السورة من القران)[٣] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (تەحیات)ی فێردەكردین وەك چۆن سورەتی قورئانی فێردەكردین).

* (أبو مالك الاشعرى) (خوا لێی ڕازی بێت) هۆزەكەی خۆی كۆكردەوەو پێی دەووتن: ئەی خزمانی ئەشعەری خۆتانو منداڵو خێزانەكانتان كۆببنەوە تا نوێژی پێغەمبەرتان فێربكەم وەك چۆن لە مەدینە نوێژی بۆ دەكردین، هەموو هۆزەكە كۆدەبوونەوەو لەبەر چاویان دەستنوێژێكی دەگرت زۆر بە تەواوەتی، تا خۆر كەوت

---

١ فتح الباري (ابن رجب) (٨/٣٠).

٢ رواه الطبراني في المعجم الكبير (١٢/١٥٩) (١٢٧٥٥).

٣ رواه مسلم (٨٣٣).

بەو دیواو سێبەری هاتەوە، هەستاو بانگێکی دا، خەڵکەکەی ڕیزکرد بۆ نوێژی کومەڵ بەجۆرێك پیاوان لە پێشەوەو منداڵان لەدوای ئەوان‌و ژنانیش لەدوای ئەوانەوە داناو پاشان قامەتی کرد خۆی چووە پێشەوەو بەرنوێژی بۆ کردن)[١]

* (عمران الضبي) دەڵێ: سوفیانی سەوری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دای بەلای زیادی کوڕی کثیردا کە کۆمەڵێ منداڵی ڕیز دەکرد بۆ نوێژو دەیووت: (ڕێك ڕاوەستن‌و ڕیزبن‌و شان‌و پەنجە پێتان پێکەوە بنووسێنن، خۆت بەلای قاچی چەپتا بخە، لای ڕاست قیت بوەستێنە، دەستەکانتان بخەنە سەر ئەژنۆکانتان‌و سلاو مەدەنەوە تا ئیمام سلاوی دووەم دەداتەوە).

سوفیانی سەوری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) سەیری دەکردن‌و پاشان فەرمووی: (پێم گەیشتووە کە ڕەوشت‌و هەڵس‌وکەوتی جوان، توڕەبوونی پەروەردگار دادەمرکێنێتەوە)[٢].

نۆیەم:

هەروەها ئەگەر منداڵ نوێژی دەفەوتاند یان بە ناتەواوی دەیکرد لەپاش فێرکردن یان بەچاوی سوك سەیری دەکرد، دەبێت تەمێ بکرێت چونکە سەلەفی صالح ئەدەبی منداڵەکانیان داداوەو لێیان دەدان ئەگەر وەك شێوازی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژیان نەکردایە:

* موجاهید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: جارێکیان عمری کوڕی خطاب (خوای لێ ڕازی بێت) چاوی کەوت بە یەکێك لە کوڕەکانی نوێژی دەکردو سەری

---

١ رواه أحمد (٥/٣٤٣).

٢ رواه ابن ابي الدنيا في العيال (٣١٥).

بردبوویەوە بۆ پشتەوەو پەلکەکانی کردبوو بە هەناو خستبوویە تەوقی سەری! عمریش چوو بۆی وا ڕایکێشت کوڕە لە ترساندا لەهۆش خۆی چوو.[١]

* موجاهید (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: حوزەیفە (خوا لێی ڕازی بێت) دای بەلای کوڕێکیدا نوێژی دەکردو پەلکەکانی بۆ تەوقی سەری بەرز کردبوویەوە، زۆر ناڕەحەت بوو، داوای شفرەیەکی تیژی کردو بۆیان هێناو یەك پەلکەیانی بڕیو پاشان وتی: ئەگەر حەزت کرد خۆت ئەویشیان ببڕەو ئەگەرنا بیهێڵەرەوە.[٢]

* (إبن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((امرت أن اسجد على سبعةٍ، ولا اكف شعراً ولا ثوباً)).[٣] واتە: فەرمانم پێ دراوە لەکاتی کڕنووشدا حەوت جێگام بکەوێتە سەر زەوی، نە قژمو نە جلەکانم کۆنەکەمەوە).

* قەیسی کوڕی عوباد (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بەرەو شاری مەدینە کەوتمە ڕێ بەو هیوایەی چاوم بە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەوێت لەناویاندا کەسم ئەوەندەی ئوبەی کوڕی کعب خۆشنەویست، قامەت کراو، عمری کوڕی خطابو هەموو هاوەڵان هاتن بۆ نوێژو من لە ڕیزی یەکەمدا وەستام، پیاوێك هاتو سەیری هەموو خەڵکەکەی کردو تەنها منی نەناسیەوە شانی گرتمو بردمی بۆ ڕیزی دواترو خۆی چووە جێگاکەم، نەمزانی ئەو نوێژەم چۆن کرد، کاتێك لێبوویەوە ڕووی تێکردمو وتی: ئەی گەنج، پێت ناخۆش نەبێت کە وام کرد، لە نەزانینەوە نەمکرد بەڵکو پێغەمبەری خوا

---

١ رواه عبدالرزاق (٢٩٩٢).

٢ رواه عبدالرزاق (٢٩٩٥).

٣ رواه البخاري (٨١٦).

(ﷺ) پێی دەفەرمووین: ((كونوا في الصف الذي يليني)) منیش سەیری خەڵکەکەم کرد هەموویم ناسی جگە لە تۆ.[١]

* ئیمام ئەحمەد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەوەی کە ئوبەی کوڕی کەعب (خوای لێ ڕازی بێت) قەیسی کوڕی عوبادەی بردە دواوە ، هۆکەی ئەوەبوو کە قەیس منداڵ بوو.[٢]

منیش دەڵێم ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە منداڵ ئەگەر لە ڕیزی یەکەمدا بوو دروستە بخرێتەوە ڕیزی دووەم، هەموو سەلەفی صالح لەسەر ئەمە بوونو بڕوا ناکەم نەیارێکیان بووبێت لەم مەسەلەیەدا.

* (ابن صهيب) دەڵێ:)هەردوو زانا (زرٌ وأبو وائل) ئەگەر ئێمەیان لە ڕیزی یەکەمدا بدیایە دەیانکردینە دواوە بۆ ڕیزی دووەم لەبەرئەوەی منداڵ بوین).[٣]

* (محاربى) دەڵێ: هەر کاتێك سوفیانی سەوری منداڵێکی بدیایە لە ڕیزی یەکەمدا لێی دەپرسی ئایا باڵق بوویت؟ ئەگەر بیووتایە: نەخێر دەیووت: بڕۆ دواوە بۆ ڕیزی دووەم.[٤]

* محمدی کوڕی سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئێمە منداڵ بووین ئەگەر لە نوێژدا پێبکەنینایە (مامۆستایانمان) نوێژەکانیان پێ دووبارە دەکردینەوە)[٥]

* عمری کوڕی عبدالعزيز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئێمە منداڵ بووین لە مەدینە ئەگەر لە نوێژدا دەستمان بەرز بکردایەتەوە تەمێیان دەکردین.[٦]

---

١ رواه عبدالرزاق (٢٤٦٠)، وأحمد (١٤٠/٥)، وابن خزيمة (١٥٧٣)، وحديث صحيح.

٢ بدائع الفوائد (ابن قيم) (٨١/١٣).

٣ رواه ابن أبي شيبه في (المصنف) (٤١٣/١).

٤ رواه ابونعيم في الحلية (١٥/٧).

٥ رواه ابن ابي شيبه (٣٨٨/١).

٦ رواه البخاري في رفع اليدين (١٧).

* لە مروانی کوڕی عبدالعزیزەوە دەگێڕنەوە کە عمری کوڕی عبدالعزیزی کوڕی نارد بۆ مەدینە تا لەوێ ئەدەبو ڕەوشتی بەرز فێرببێت، بۆ ئەو مەبەستە دایەدەستی زانا (صالحی کوڕی کیسان) تا ئاگای لێ بێت، بەردەوام نوێژەکانی بە کۆمەڵ پێ دەکرد بەڵام جارێکیان لە نوێژدا دواکەوت، صالح لێی پرسی: بۆچی دواکەوتی؟ وتی: قژداهێنەرەکەم قژی دادەهێنامو صالح وتی: یانی وات لێ هاتووە قژ داهێنانەکەت خۆشەویستتر بوو تا نوێژەکەت؟! بۆیە ئەم هەواڵەی ناردەوە بۆ باوکیو باوکیشی پیاوێکی نارد بۆ مەدینەو ڕای سپارد کە قسەی لەگەڵ نەکات تا سەری سفر دەکات)[1]

* موجاهید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: گوێم لە هاوەڵێکی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) وا دەزانم یەکێك بوو لە بەشدارانی جەنگی بەدر، بە کوڕەکەی خۆی وت: فریای نوێژ کەوتیت لە گەڵماندا؟ وتی: بەڵێ، وتی: فریای (الله أكبر)ی ئیمام کەوتیت؟ وتی: نەخێر! باوکی پێی وت: ئەوەی لە دەستت چوو لە (١٠٠) حوشتر باشتر بوو کە هەر هەموویان چاوەڕەش بوونایە.[2]

ئەمەش هەندێك بوو لە ڕەوشتو هەڵسوکەوتی سەلەفی صالحان لەگەڵ منداڵەکانیان کاتێك ساردیان نواندبێت لە نوێژەکاندا.

دەیەم:

هۆیەکی سەرەکی فەوتاندنی نوێژ لەلایەن منداڵانەوەو نەزانینی شێوازی دروستی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە سەرمەشقی چاكو صالح بەدی ناکەن لە ماڵەکاندا کە هەدیو ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (ﷺ) جێ بەجێ بکەن لە نوێژدا و ئەوان چاویان لێ بکەن بەڵکو پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەریان لێ دەبینین.

---

١ رواه ابن عساكر في تأريخ دمشق (٤٥/١٣٦).

٢ رواه عبدالرزاق (٢٠٢١).

* (فضیل)ی کوڕی (عیاض) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: مالیکی کوڕی دینار پیاوێکی بینی لە نوێژدا هەڵەی دەکرد، فەرمووی: چەند بەزەییم بە منداڵەکانیدا دێتەوە؟! وتیان: ئەی باوکی یەحیا، سەیرە ئەو پیاوە نازانێت نوێژ بکات کەچی تۆ بەزەییت بە منداڵەکانیدا دێتەوە!! فەرمووی: ئەمە گەورەیان بێتو لەمەوە شت وەربگرن![1]

یازەهەم:

لە فەرموودەکەدا وا دیارە دەبێت کوڕانو کچان لەیەك جیابکرێنەوە لە کاتی خەوتندا بەڵام مانای ئەوەشی لێ وەردەگیرێت کە کوڕانو کوڕانو کچانو کچانیش دەبێت پێکەوە نەخەون لەژێر لێفەیەکدا:

* احمدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (لە یەکتری جیادەکرێنەوە لەکاتی خەوتندا، کوڕانو لە کوڕانو کچان لە کچانیش، چونکە لە (١٠) ساڵی بەدواوە حەزو ئارەزوو دەخروشێت)[2]

دوانزەهەم:

لە فەرموودەکەشدا ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت منداڵ فێری ئادابی خەوتن بکرێت بەو شێوەیەی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)و سەلەفی صاڵحەوە گەیشتۆتە دەستمان:

* عبداللەی کوڕی عەمر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێك دووعای فێر دەکردین کە پێش خەوتن بیخوێنین بۆ ترس شکاندن وەك ((بسم الله، أعوذ بكلمات الله التامة، من غضبه وعقابه وشر عباده، ومن همزات الشياطين وان

١ رواه ابو نعيم في الحلية (٢/٣٨٣).

٢ أحكام النساء (٨١) (لأحمد بن حنبل).

يحضرون)) عبدالله بەردەوام ئەم دووعايەی فێری نەوەكانی دەكرد ئەوانەی بالق بوون كە پێش خەوتن بیخوێنن)[١].

* ئیراهیمی نەخەعی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (مامۆستاكانمان كاتێك منداڵ بووین فەرمانیان پێ دەداین كە پێش خەوتن لەناو جێگەكانماندا (٣٣) (سبحان الله)و (٣٣) الحمد لله و(٣٤) الله أكبر و هەردوو سورەتی ﴿قُل أعُوذ بِربِّ النَّاس﴾و ﴿قُل أعُوذُ بِرَبِّ الفَلَق﴾ بخوێنین)[٢]

* حەمیدە خزمەتكاری ئازادكراوی عمری كوڕی عبدالعزیز (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: نەیەڵیت كچەكانم بەدەما بخەون، چونكە شەیتان بەنیازە لەو حاڵەتەدا شتێكیان پێ بكات)[٣] (واتە توشی گوناهیان بكات)

سێزدەهەم:

هەندێك لە زاهیربینەكان وا دەزانن كە منداڵ تا نەبێت بە دە ساڵ نابێت لێی بدرێت لەسەر نوێژنەكردن!

ناتەواوی‌و ناڕاستی ئەم وتەیە شاراوە نیە، چونكە منداڵ هەر دەبێت تەمێ بكرێت، لەكاتێكدا كە فامی هەبێت‌و لە مانای لێدان تێبگات.

تەنانەت ئەو بۆچوونەی كە دەدرێتە پاڵ سەلەف گوایە وتوویانە:

منداڵ لێی ناگیرێت هەرچی بكات وەك ئارەق خواردن‌و قوماركردن‌و شكاندنی شتی خەڵك‌و جنێودان بە دایك‌و باوكی خۆی یان خەڵكی‌و سەرپێچی‌و بێ گوێییەكانی‌و نابێت لەسەر ئەمە لێی بدرێت!! پێش تەمەنی (١٠) ساڵان!!.

---

١ لەمەولا سەرچاوەكەی باس دەكەین.

٢ رواه إبن أبي شيبه (٢٤٨).

٣ رواه إبن أبي شيبه (٣٨٣/٤).

نادروستی ئەم بۆچوونە شاراوە نیە لەلای پەروەردەکارانو مامۆستایان چونکە: هەر لە سەلەفی صالّح زۆرێك هەبووە کە تەمێی منداڵەکانیان کردووە لێیان داون وەك:

* عبداللەی کوڕی زبیر (خوا لێیان ڕازی بێت) دای لە منداڵێکی بچوك، خەڵکی چواردەوری وتیان: نەدەبوا لێت بدایەو باشت نەکرد، تۆ لە منداڵێك دەدەیت کە هێشتا هیچ حوکمێکی لەسەر نیە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: هەستم کرد کە زەرەرو قازانجی خۆی دەزانێت بۆیە پێم خۆشە ئەدەبی جوانی دابدەم.[١]

* ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئەگەر منداڵ بچوك بوو نەیدەفامی دروست نیە لێی بدرێت).[٢]

بەڵام لێدانی منداڵ مەرجی خۆی هەیە لە شەرعداو دەبێت ڕەچاوبکرێت ئەگەرنا زیانی لە سوودی زیاتر دەبێت.

* * *

١ رواه ابن عساكر في تأريخ دمشق (٢٨/٢٠٠).

٢ الاداب الشرعية (١/٤٥١).

فەرموودەی نۆیەم

هەڵگرتنی منداڵ لە نوێژدا

عن ابي قتادة (ﷺ) صاحب رسول الله (ﷺ) قال: بينما نحن ننتظر رسول الله (ﷺ) للصلاة في الظهر أو العصر، وقد دعاه بلال للصلاة، اذ خرج الينا وأُمامة بنت أبي العاص بنت إبنته على عنقه، فقام رسول الله (ﷺ) في مصلاهُ، وقمنا خلفه، وهي في مكانها الذي هي فيه، قال: فكبَّر، فَكَبَّرنا، قال: حتّى إذا أراد رسول الله (ﷺ) ان يركع اخذها فوضعها ثم ركع وسجد، حتى إذا فرغ من سجوده، ثم قام، اخذها فردها في مكانها، فما زال رسول الله (ﷺ) يصنع بها ذلك في كل ركعة حتى فرغ من صلاته)).

مانای فەرموودەکە:

واتە: (ئەبو قتادە) (خوا لێی ڕازی بێت) هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەکاتێکدا ئێمە چاوەڕوانی قدومی پێغەمبەری خوامان دەکرد (ﷺ) لە مزگەوت تا بەرنوێژیمان بۆ بکات، لە نیوەڕۆ یان عەسر، کە بیلال ئاگاداری کرد بۆ نوێژ، لەناکاو پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتو ئومامەی کچی ئەبی عاص کە کچەزای بوو و بە قەڵادوشکانیەوە بوو، هەر بەو شێوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە مینبەرەکەوەو هەر کچەکەشی بەقەڵادوشکانەوە بوو (الله اکبر)ی نوێژدابەستنی کردوو ئێمەیش نوێژمان دابەست، هەرکە پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بچێت بە رکوعدا لە تەنیشت خۆی کچەکەی داناو لەپاش تەواوبوونی سوژدە هەستایەوە بۆ ڕکاتی دووەم منداڵەکەی هەڵگرتەوەو خستیەوە قەڵادوشکانی، هەر بەو شێوەیەی کرد تا تەواوبوونی نوێژەکە).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

بوخاری (٥١٦) لە باسی هەڵگرتنی منداڵ لە نوێژدا، مسلم (١١٤٩) بەکورتی، أبو داود (٩١٧-٩٢٠) لە باسی ئیشکردن لە نوێژدا، وشەکان هی ئەوە، النسائي (١٢٠٤-١٢٠٥) لە باسی بردنی کۆرپە بۆ مزگەوت، (إبن خوزەیمە) لە (صحیح)ەکەیدا (٧٨٣) لە (باسی نوێژکردن بە جلوبەرگی منداڵەوە) هێناویانە.

ئەو فەرمان و وانانەی لەم فەرموودە وەردەگیرێت:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دروستە منداڵی بچوك بە باوەشەوەبگیرێت لەکاتی نوێژدا.

* (ابن جريج) دەڵێ: لە مامۆستا (عطا)م پرسی ئایا ئافرەت دەتوانێت لە نوێژدا منداڵەکەی بگرێت بە بەرۆکیەوە بۆ ئەوەی نەگری؟ فەرمووی: بەڵێ: چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژدا حەسەنی گرتووە بە باوەشەوەو هەر کاتێك چووبێت بۆ سوژدە لەسەر زەویەکە دایناوە، دەڵێ: وتم: لە نوێژی فەرزەکاندابوو؟ فەرمووی: دڵنیانیم).[1]

نووسەر دەڵێت: بەدڵنیاییەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) پێمان گەیشتووە کە ئومامەی لە باوەشدابووەو لە نوێژی فەرزیشدا بوە وەك فەرمودەکەی قەتادە (خوا لێی ڕازی بێت).

* ئەبوبەکر (الاثرم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: گوێم لە أبو عبدالله (واتە احمدی کوڕی حەنبەل) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پرسیاری لێ کرا دەربارەی ئایا پیاو دەتوانێت لە نوێژدا کوڕەکەی بە باوەشەوە بێت؟ لە وەڵامدا فەرمووی: بەڵێ و بەڵگەی فەرموودەکەی قەتادەی هێنایەوە)[2]

دووەم:

بەم فەرموودەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەست دان لە کچی بچوك دەستنوێژ ناشکێنێت (لەسەر ڕای ئەوانەی کە دەڵێن دەست دان لە ئافرەت دەستنوێژ دەشکێنێت).

---

١ رواه عبدالرزاق (٣٢٨٦).

٢ الاستذكار (٢/٣٤٩) الاوسط (ابن المنذر) (٣/٢٧٧).

* (ابـن المنـذر) (رەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەربـارەی فەرموودەكـەی پێغەمبـەر (ﷺ) هەڵگرتنی ئومامە لە نوێژدا دەفەرموێت: (ئەمە بەڵگەیـە لەسـەر وتـەی زۆربـەی زانایان (كە لەناویاندا شتێكی ڕوونو ئاشكرایە كە هەڵگرتنی كچی بچكۆلانە بەدەرنیـە لەوەی دەستی بەر پێستی نەكەوێتو خۆی دەبێت لەگەڵ دەستنوێژ شكاندا دەستنوێژ بشورێتەوە دەی ئەگەر فەرز بێت دەبێت بە بەڵگەوە فەرز بكرێت.

بەڵام خەڵكی لە كۆنو نوێدا خوویان پێوە گرتـووە كـە مـرۆڤ دەسـت دەكاتـە ملـی دایكیو نەنكی خـۆیو كـچەكەی مـاچ دەكـات لـە بـابی سـۆزو بەزەییـەوەو دەسـتنوێژ گرتنەوەشیان بۆ دانەناوە، ئەگـەر دەسـتنوێژی بـشكاندایە ئـەوە زاناكـان لـەو بـارەوە قسەیان دەكرد وەك چۆن لە باسی بەركەوتنی پێـستی پیـاو لـە ژنـی خـۆی بـە درێـژی باسكراوە).[1]

سێیەم:

لەم فەرموودەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ڕێگەدراوە لە جلو بەرگی منداڵەكە نەكۆڵینەوەو بە ئاشكرا نوێژ پێیەوە دروستە مەگەر پیسی ئاشكرای پێوەبێت.

* ابـن خوزەیمـە (رەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفـەرموێت: باسـی ڕێگـە پێـدان بـە نوێژكردن بە جلوبەرگی منداڵـەوە، مەگـەر بـە ئاشـكر ا پیـسی پێوەبێـت، چـونكە بـە فەرموودەكەی هـەڵگرتنی كـچەكەی زەینەبـدا (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دیـارە كـە ئەگـەر نوێژكردن بە جلوبەرگی منداڵەوە دروست نەبووایە هەرگیز هەڵی نەدەگرت لـە نوێـژدا، هیچ جیاوازیەكیش نیە لەنێوان جلوبەرگی پیسو نێوان هەڵگرتنی جلوبەرگی پیس لـە نوێژدا.[2]

* هـەروەها ابـن المنـذر (رەحمـەتی خـوای لێ بێـت) لـە (الاوسـط)دا (٥/٦٤-٦٥)دا هێناویەتی.

١ (تحفة المودود) لا (٣٧٤). الاوسط (١/١٣٠-١٣١).

٢ ابن خزيمة في صحيحه (١/٣٨٢).

چوارەم:

بەم فەرموودەیەدا دیارە كە دروستە منداڵی بچوك خوار تەمیز پەیداكردنو فامگرتن ببرێتە مزگەوتەوە... بەم بەڵگانەی خوارەوەدا:

* (ابو هريره) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی عیشامان دەكرد، هەر كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بچوایە بە سوژدەدا حەسەنو حسەین (خوایان لێ ڕازی بێت) دەچوونە سەر پشتی موبارەكیو ئەگەر بیویستایە هەستێتەوە بە سوكی دایدەنانە سەر زەویەكەو هەركە دەچووە سوژدە، دەچوونەوە سەر پشتی، كاتێك لە نوێژ بوویەوە یەكێكی لەم لای خۆیو ئەوی تری لەولای خۆیەوە دانا، منیش چوومە خزمەتی وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیانبەمەوە لای دایكیان؟ فەرموی: نەء، لەو كاتەدا یەك بریقە دای لەسەر زەوی دنیا ڕۆشن بوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئادەی بڕۆنەوە بۆ لای دایكتانو تا خۆیان كرد بە ماڵدا ڕووناكیەكە بەردەوام بوو.[١]

* عبداللەی كوڕی شداد لە باوكیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لە یەكێك لە نوێژەكانی نیوەڕۆ یان عەسر بوو هات بۆ مزگەوتو حەسەنو حسەینی بە باوەشەوە بوو، كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چووە مینبەرەكەوە نوێژی دابەست هەردوو منداڵەكەی لەپاڵ خۆیدا دانا، كاتێك چوو بە سوژدەدا (سوژدەكەی زۆری خایاند)

دەڵێ: من خۆم پێ نەگیراو سەرێكم بەرزكردەوە دەبینم هەردوو منداڵەكە بەسەر پشتی پێغەمبەری خواوە بوون (ﷺ)و منیش چوومەوە بە سوژدەكەمداو كاتێك لە نوێژ بوویەوە، خەڵكی پێیان وت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەم نوێژەدا سوژدەیەكی وا درێژت برد، دڵمان شتێكی كرد كە شتێك ڕووی دابێت یان وەحیو

---

١ رواه احمد (٥١٣/٢) والحاكم (١٦٧/٣). وقال: هذا حديث صحيح الاسناد ولم يخرجاه.

نیگات بۆ هاتبێت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((فَكُلُّ ذَلِكَ لَمْ يَكُنْ وَلَكِنَّ ابْنِي ارْتَحَلَنِي فَكَرِهْتُ أَنْ أُعَجِّلَهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ))[١].

واتە: نەء، هیچ شتێك لەوانە ڕووی نەدا بەڵكو كوڕەكەم چووبووە سەر پشتم‌و منیش نەمویست پەلەی لێ بكەم تا بە ویستی خۆی دادەبەزێت.

ئەم ڕوودانی چوونە سەرپشتەی حەسەن‌و حسەین (خوایان لێ ڕازی بێت) بۆ سەر پشتی پێغەمبەر (ﷺ) لە زۆر فەرموودەی تردا دووبارەبۆتەوە.

نووسەر دەڵێت: ئەو فەرموودەیەی كە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیگێڕنەوە كە بەرگری دەكات لەوەی منداڵ بهێننە ناو مزگەوتەكانەوە فەرموودەیەكی زۆر لاوازەو (زەعیفە) كە ئەمە دەقەكەیەتی: ((جنبوا صبيانكم مساجدكم ومجانينكم))[٢]

واتە: منداڵان‌و شێتەكانتان لە مزگەوتەكانتان بەدوور بگرن.

پێنجەم:

بەڵام هەندێك لە زانایان بە مەكروهیان زانیوە منداڵی بچوكی بێ ئاوەزا بهێنرێتە مزگەوتەوە ئەمەش بەهۆی ئەو هاروهاجی‌و تەشویش بۆ نوێژگەران‌و نیگەرانكردنی خەڵكیەوە دروستی دەكەن.

ئەمەش لەبەرئەوەیە كە زۆربەی منداڵان خراپ فێركراون‌و بەگوێی گەورەكان ناكەن:

* عمری كوڕی خطاب (خوای لێ ڕازی بێت) كۆمەڵێك منداڵی بینی لەناو مزگەوتدا یاری‌و شەڕەشەقیان دەكرد چوو بۆ ناویان‌و بە دارەكەی دەستی لێی دان)[٣]

* (ابن قاسم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پرسیاركرا لە (ابن مالك) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) كە ئایا منداڵی بچوك بهێنرێت بۆ مزگەوت؟ فەرمووی: ئەگەر

---

١ رواه احمد (٣/٤٩٣-٤٩٤)، وابن ابي شيبه (١٢٢٣٩)، والنسائي (١١٤١) واسناده صحيح.

٢ رواه عبدالرزاق (المصنف) (١٧٢٦) (١٧٢٧) وابن ماجة (٧٥٠).

٣ انظر تفسير ابن كثير (٦/٦٤).

لەبەر منداڵیو بێ ئاوەزایی دەستکاری شتو مەکی مزگەوتی نەدەکرد قەیناکات، وانابینم هیچی تێدابێت ئەگەر بهێنرێن بۆ مزگەوت).[١]

* ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (دەبێت منداڵانی بچوك لە مزگەوتەکان بەدوور بخرێن)[٢]

* ئیسحاقی کوڕی راهەویهی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئەگەر کوڕبێت، نەگەیشتبێتە حەوت ساڵان، نەهێڵرێت بێتە مزگەوت گوناه نیە، بەڵام ڕیزی یەکەمی نوێژ نابێت منداڵی تێدابێت، بەهیچ جۆرێك دروست نیە منداڵێك گەیشتبێتە حەوت ساڵی لە مزگەوت دەربکرێت، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێداوە نوێژ بکات.

سوننەت وایە لە غەیری کاتی نوێژەکاندا بە هێمنی بکرێنە دەرەوە لە مزگەوت ئیتر گەیشتبووە حەوت ساڵی یان کەمتریش بوون، ئەمەش لە ترسی ئەو گەمەو مەزاقەی لە حەرەمی مزگەوتدا بەرپای دەکەن، بەڵام ئەگەر لەکاتی نوێژەکاندا هاتن بۆ نوێژ نابێت دەربکرێنە دەرەوە).[٣]

* (ابن تیمیه) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (دەبێت مزگەوت بپارێزرێت لە هەر شتێك ئازاری دەدات یان ئازاری موسڵمانان دەدات تەنانەت دەنگ بەرزکردنەوەی منداڵان، هەروەها پیسو پۆخڵکردنی فەرشەکانیو لەم شێوانە، بە تایبەت کاتەکانی نوێژ، چونکە ئەوە لە مونکەرو خراپە گەورەکانە).[٤]

---

١ المدونة (١/١٠٦).

٢ فتح الباري (ابن رجب) (٣/٣٦).

٣ قيام الليل (مروزي) (٢٤٣).

٤ مجموع الفتاوى (٢٢/٢٠٤).

نووسەر لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: ئەمەی پێشوو ڕای زانایان بوو، لە مەسەلەی منداڵ بردن بۆ مزگەوت بەدرێژی دواون، باسی منداڵێکیان کردووە ئەگەر یاری نەکاتو تەشویش دروست نەکات بە جموجۆڵ بۆ نوێژگەرانو دەنگی بەرزنەکردەوە لە مزگەوتداو نەیدەقیڕاند، ئەوە لە مزگەوت ناکرێتە دەرەوە چونکە وێنەی ئەوانە وەك چۆن ڕێگا دەدات بە حەسەنو حسەین بێنە مزگەوت بە منداڵی، ڕێگەیش دەدرێت بەوان.

بەڵام ئەگەر بە عەجولو یاریو گەمەوگەپکەر ناسرابوو، زۆر هاوارو قیڕەقیڕەی دەکرد، شەرمی لە گەورەکان نەدەکردو ئەگەر پێت بگوتایە بیّ دەنگ بە بیّ دەنگ نەبووایە، وێنەی ئەم منداڵە لای زانایان دەبێت نەهێنرێت بۆ مزگەوت، چونکە ئازاری موسڵمانان دەداتو مزگەوتەکەش پیس دەکات.

بەڵگەیش بۆ ئەم وتانە: هەموو ئەو بەڵگانەیە کە داوا لە موسڵمان دەکەن مزگەوتەکان بپارێزن لە هەر شتێك دەبێتە هۆی ئازاردانی مزگەوتەکە یان نوێژخوێنان، وەك فەرمانـدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەو کەسانەی پیازو سیر دەخۆن بە دوورکەوتنەوەیان لە مزگەوت، چونکە بە بۆنی ناخۆشی دەمی ئازاری موسڵمانان دەدات:

* عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر هەستی بە بۆنی دەمی موسڵمانێك بکردایە لەوانەی پیازو سیریان خواردووە، فەرمانی دەدا بیکەنە دەرەوەو بڕوات بۆ بەقیع، هەر کەسێك بیەوێت ئەو دووانە بخوات با بە لێنراوی بیخوات).[1]

زیانی بۆنی دەمی پیازو سیر خۆر تەنها بۆ دەوروبەری خۆیەتی بەڵام منداڵی بچوك زیانەکانی لە گریانو یاریو عەجولییەکەی دەگاتە هەموو نوێژگەران.

---

١ رواه مسلم (١١٩٥).

هەروەها بەڵگەکان بە گشتی ئەوە دەگەیەنن کە مزگەوتەکان بۆ زیکرو یادی خواو نوێژکردن دروستکراون نەك بۆ یاریو پێکەنینو هاروهاجی (والله أعلم).

شەشەم:

هەڵگرتنی ئومامە لەلایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بەڵگەیە لەسەر سۆزو بەزەیی هاتنەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە کچاندا.

حەوتەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دروستە کچی بچکۆلە لەلایەن باوكو دایکیەوە بخرێتە سەر شان (قەڵادوشکان)و هەڵگرتنی لەناو خەڵکیدا.

*　　　*　　　*

فەرموودەی دەیەم

نوێژکردن لەسەر منداڵی مردوو

عن المغيرة بن شعبة (ﷺ) قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ((الطِّفْلُ يُصَلَّى عَلَيْهِ)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

احمد ڕیوایەتی کردووە (٢٤٧/٤)و (ترمذی) (١٠٣١) لەباسی نوێژکردن لەسەر منداڵو دەڵێ: حديث حسن صحيح، (النسائي) (١٩٤٨) و (ابن ماجة) (١٥٠٧)، (الحاكم) (٣٥٥/١-٣٦٣)و (ابن ماجة) (٣٠٤٩).

هەروەك (عبدالرزاق) (٦٦٠٢) لە باسی نوێژ لەسەر منداڵو زۆڵ، (ابن أبي شيبه) (٣١٧/٣) لە بابی زۆڵو ئەوانەی دەڵێن نوێژی لەسەر دەکرێتو (احمد) (٢٤٩/٤)و أبو داود (٣١٨٠). والحاكم (٣٦٣/١).

ئەم فەرموودەیە إمام احمد بە (صحيح)ی داناوە لەگەڵ ترمذیو حاکمو (الذهبی)و (ابن قيم) لە زاد المعاد (٥١٣/١).

ئەو فەرمانو وانانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دروستە نوێژی مردوو لەسەر منداڵ بکرێت، هەموو زانایان لەسەر ئەوە کۆدەنگن:

* (ابن منذر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (زانایان هەموو لەسەر ئەوەن کە کۆپەڵە دەرکەوێت زیندووە بەگریانو هاوار، نوێژی لەسەر دەکرێت)[١].

---

١ الاجماع لا٥١.

* (ابن عبدالبر) دەڵێ: هەموو زانایانو فیقهزانـان لەسـەر ئـەوەن کـە منـداڵ نوێـژی لەسەر دەکرێتو ژمارەیەکی زۆر کەمو نـامۆ پێـچەوانەی ئـەم وتەیـەنو دەڵـێن: منـداڵ نوێژی لەسەر ناکرێتو ئەم ڕایە بیدعەچیەکان دەستیان پێوە گرتووە..

دەڵێ: ئەهلی فەتوا چ لە حیجازو چ لە عیراق وازیان لێ هێنـاو فـەتوای نوێـژکردنیان داوە لەسەر منداڵان.[1]

دووەم:

لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە هەر کاتێك بانگ بکرایە بۆ لای تەرمی منداڵێك یان بیانهێنایـە بـۆ لای تـا نوێـژی لەسـەر بکـات، خێـرا دەچـوو بەدەمیانـەوەو نوێژی لەسەر دەکرد:

* عائشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفـەرموێت: (تـەرمی منـداڵێکی ئەنـصاریان هێنایـە خزمـەت سـەروەر (ﷺ)و ئـەویش نوێـژی لەسـەر کـرد)[2] لـەلای مـسلم (٦٨٦٢) بـەم شێوەیە هاتووە: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگ کـرا بـۆ نوێـژکردن لەسـەر کۆرپەیـەکی ئەنصاری).

سێیەم:

هەر کەسێك منداڵێکی بمرێت دەتوانێت هەر لە ماڵەکەی خۆی نوێژی لەسـەر بکـاتو پێویست ناکات بیباتە دەرەوە بۆ مزگەوت:

* ئیـسحاقی کـوڕی عبـدالله کـوڕی (أبـو طلحـة) لـە باوکیـەوە دەگێڕێتـەوە کـە (أبوطلحة)کاتێك عومەیری کوڕی گیانی سپارد، پێغەمبەری خوای (ﷺ) بانگ کـرد بـۆ ماڵەکەی خۆی تا نوێژی لەسەر بکاتو ئەویش ڕۆیشت بۆ ماڵیانو نوێژی لەسەر خوێنـد

---

١ الاستذکار (٣/٣٨)

٢ رواه النسائی (١٩٤٧).

(لە ماڵەکەیاندا)و خۆی لە پێشەوەو (أبوطلحة) لە دواوەو (أم سليم)یش لەدوای ئەوەوە)[١]

* نافع دەڵێت: عبداللەی کوڕی عمر (خوایان لێ ڕازی بێت) نوێژی کرد لەسەر کۆرپەلەیەکی لەبارچوو کە ڕوون نەبوو ئایا نۆزەی هات یان نا؟ لە ماڵەکەی خۆیدا نوێژی لەسەر کردو پاشان بردیانو لە گۆڕستان ناشتیان).[٢]

چوارەم:

لە زانایانی سەلەف دەربارەی ئەو منداڵەی لەباری دایکی دەچێت بە مردوویی یان بە ناتەواوی لەدایك بووبێت، ئایا نوێژی لەسەر دەکرێت؟

ئەوەی (صحيح)ەو جێگای بایەخە ئەوەیە کە: ئەو منداڵەی لەباری دایکی دەچێت لە سێ حاڵەت بەدەرنیە:

١- ئەو منداڵەی لەباری دایکی دەچێت پێش ئەوەی گیانی تێ بکەوێت واتە پێش چوار مانگی لەدایك ببێت، وەك لە فەرموودەی (ابن مسعود)دا هاتووە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە نوێژی لەسەر ناکرێت.

* محمدی کوڕی سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئەگەر بە تەواوەتی ئەندامەکانی دروست نەبووبوون ئەوە دەنێژرێتو نوێژی لەسەر ناکرێت)[٣]

٢- ئەو منداڵەی لەدایك دەبێت لەپاش ئەوەی گیانی تێ بکەوێت ئەوە لە (صحيح)دا نوێژی لەسەر دەکرێت:

---

١ رواه (الطحاوى) شرح معاني الاثار (١/٥٠٨) والحاكم (١/٣٦٥)، وصححه ووافقه الذهبي، رواه احمد في مسنده (٣/٢١٧).

٢ رواه عبدالرزاق (٦٦٠٠).

٣ رواه عبدالرزاق (٦٦٠٣).

* موغیرەی كوڕی شوعبە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((والسقط یصلی علیە، ویدعی لوالدیە بالمغفرة والرحمة))[١].

* سەعیدی كوڕی موسەیب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەو منداڵەی بە مردوویی لەباری دایكی دەچێت دەفەرموێت: (ئەگەر گیانی تێ كرابوو نوێژی لەسەر دەكرێتو ئەوەش پاش چوار مانگی دەبێت).[٢]

* (اسحاق)ی كوڕی (راهویە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: سوننەت وابوو لە سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەردا (ﷺ) كە ئەو منداڵەی بە مردوویی لەدایك دەبێت دوای تەواوكردنی هەموو ئەندامەكانی لەشیو گیانی پێ بەخشرا (كە ئەوەش بە چوار مانگو دە ڕۆژ دانراوە) نوێژی لەسەر دەكرێت، بەڵام میرات بردن دوای دەركەوتنی نیشانەی ژیانە لەسەر كۆرپەكە، بەڵام بۆچی نوێژی لەسەر نەكرێت كە لە قیامەتدا بەجوانی زیندوو دەكرێتەوەو لەلای خوا (پاشەڕۆژی بەختەوەر یان نەگبەتی بۆ نووسراوە) كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((صلوا علی أطفالكم)) نوێژ بكەن لەسەر منداڵەكانتان، موغیرەی كوڕی شوعبە (خوا لێی ڕازی بێت) ڕیوایەتی كردووە.[٣]

پێنجەم:

ئەم دوعایانەی لە نوێژكردن بەسەر منداڵدا دەخوێنرێت:

* (ابو هریرە) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر جەنازەیەك ئەم نزایەی خوێند: ((اللهم اغفر لحینا ومیتنا وصغیرنا وكبیرنا وذكرِنا

---

١ پێشتر دەرهێنراوە.

٢ رواە عبدالرزاق (٦٦٠١) ابن ابي شيبە (٣/٣١٨).

٣ (الاوسط) ابن منذر (٥/٤٠٥). و(الترمذي) (٣/٣٥٠-٣٥١).

وأُنثانا، وشاهدنا وغائبنا، اللهم من احييتە منا فأحيە على الايمان ومن توفيتە منا فتوفّه على الاسلام، اللهم لاتحرمنا أجره ولاتضلنا بَعدَه))[١].

واتە: ئەی پەروەردگارا لە زیندوانو مردوانمان، لە گەورەو بچوكمان، لە نێرو مێمان، لە ئامادەو نادیارمان خۆش ببە، خوایە هەر كەسێكمان دەژێنی لەسەر ئیمان بیژێنەو هەر كەسیشمان دەمرێنی بە ئیسلامەتیەوە بیمرێنە، خوایە بێ بەشمان نەكەیت لە پاداشتی ئەم مردووەو لەپاش ئەویش گومڕامان نەكەیت) امین.

* محمدی كوڕی سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە نوێژدا دووعای بۆ مردووی منداڵو گەورە دەكردو داوای لێ خۆشبوونی بۆ دەكرد، پێیان وت: قوربان خۆ ئەم منداڵە گوناهی نەكردووە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: (پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە لە هەموو گوناهەكانی پێشترو پاشتری خۆش بووە كەچی فەرمانم پێدراوە صەلاواتی لەسەر بدەم).[٢]

* سەعیدی كوڕی موسەیب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەبو هورەیرەم بینی (خوای لێ ڕازی بێت) نوێژی دەكرد لەسەر تەرمی منداڵێك كە هەرگیز تاوانی نەكردووەو دەیفەرموو: (ئەی خوای پەروەردگارم لە سزاو عەزابی ناو گۆڕ بیپارێزە).[٣]

* لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كە نوێژی كردووە لەسەر موسڵمانێكی منداڵ كە هەرگیز گوناهی نەكردووەو دەیفەرموو: (اللهم اجعلە لنا سلفاً وفرطاً وذخراً)[٤] واتە: پەروەردگارم ئەم منداڵە بكەیتە توێشوو و زەخیرەی ڕۆژی قیامەتمان.

---

١ رواه ابو داود (٣٢٠١)، والترمذي (١٠٢٤) وصححه، وابن ماجة (١٤٩٨) واسناده صحيح.

٢ رواه اسماعيل بن اسحاق القاضي في فضل النبي (صلى الله عليه وسلم) لا(٧٨).

٣ رواه عبدالرزاق (٦٦٠٠) وابن ابي شيبه (٣/٣١٧) ومالك في الموطأ (١/٢٢٨) واسناده صحيح.

٤ رواه البيهقي في السنن الكبرى (٤/٩-١٠).

شەشەم:

ئەگەر لە یەك كاتدا پیاوێكو منداڵێك مردبوون چۆن نوێژیان لەسەر دەكرێت؟:

پیاوەكە لەبەردەم ئیمامدا دادەنرێتو منداڵەكەش لەپێش ئەوەوە دادەنرێت:

* ئەبو ئیسحاق دەڵێ: پێشەوا (الشعبی) (رەحمەتی خوای لێ بێت) نوێژی كرد لەسەر پیاوێكو منداڵێك بەجۆرێك پیاوەكەی لەبەردەمی خۆیدا داناو منداڵەكەشی خستە پێشی ئەوەوە.[1]

حەوتەم:

ئەگەر منداڵێكو ژنێك مردن، سوننەت وایە منداڵەكە لەلای ئیمامەوەبێتو ژنەكەش لەپێشی ئەوەوە واتە لەبەردەمی قیبلەدا:

* عەممار مەولای (حارث بن نوفل) دەڵێ من خۆم جەنازەی (ام كلثوم)ی كچی عەلی كوڕی ئەبوطالبو كوڕەكەیم بینی نوێژی لەسەر دەكرا، بەجۆرێك دانرابوون كە منداڵەكە لەبەردەم ئیمامەكەدا بووو دایكیشی لەوبەردەمی دا، واتە لە ڕووی قیبلەوە، منیش ئەوەم بەدڵ نەبوو، هاوارم كرد، بەڵام لەناو خەڵكەكەدا (ابن عباس)و (ابو سعید الخدری)و (أبو قتادە)و (أبو هریرە)یان لەناودابوو (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویان: تەواوە بەو جۆرە سوننەتە،[2] دەڵێن ئیمامەكە (ابن عمر) بوو (خوای لێ ڕازی بێت)

هەشتەم:

ئەگەر لە یەك كاتدا منداڵێكو ژنێكو پیاوێك مردن:

* شافعی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئەگەر جەنازەی ژنێكو پیاوێكو نێرەموكێكو منداڵێك دانرابوو، ئەوە پیاوەكە لەبەردەم ئیمام دادەنرێتو لەدوای ئەو

---

١ رواه ابي ابن شيبه (٣/٣١٦).

٢ رواه أبو داود (٣١٩٣)، والنسائي في الكبرى (٢١٠٤). واسناده صحيح.

منداڵەکەو لەدوای ئەویشەوە نێرەموکەکەو لەدوای ئەویشەوە ژنەکە)[١].

ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش (رەحمەتی خوای لێ بێت) هەروا دەفەرموێت.[٢]

تۆیەم:

ئەگەر منداڵێکی کافر موسڵمان بوو پاشان مرد، ئایا نوێژی لەسەر دەکرێت؟ بەڵێ نوێژی لەسەر دەکرێتو لە گۆڕستانی موسڵمانandا دەنێژرێت.

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی منداڵێکی جولەکەی کرد کە خزمەتکاری بوو، پێی فەرموو: بڵێ: (لا إله إلّا الله) منداڵەکەش سەیری باوکی دەکردو ئەویش پێی وت: (أبوالقاسم) چیت پێ دەڵێ بیڵێ ئەویش وتی: (لا إله إلّا الله)و گیانی سپارد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((صلوا علی أخیکم))[٣] واتە نوێژ بکەن لەسەر براکەتان.

*　　　*　　　*

---

١ الام (١/٤٦١).

٢ المغنی (٣/٥١٠).

٣ رواه أحمد (٣/٢٦٠) والحاكم (١/٣٦٣) واصله في الصحيحين وبوب له البخاري.

فەرموودەی یازدەیەم

منداڵان و ڕۆژووگرتن

عن الرُّبيع بنت معوِّذ (رضى الله عنهما) قالت: أرسل النبي (ﷺ) غداة عاشوراء الى قرى الانصار: ((مَنْ أصْبَحَ مُفْطِرًا فَلْيُتِمَّ بَقِيَّةَ يَوْمِهِ ، وَمَنْ أصْبَحَ صَائِمًا فَلْيَصُمْ)).

قالت فكنا نصومه بعد، ونصوِّم صبياننا، ونجعل لهم اللعبة من العهن، فاذا بكى أحدهم على الطعام اعطيناه ذاك حتى يكون عند الافطار)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

بخاری (١٩٦٠) لە باسی ڕۆژووی منداڵان و (مسلم) (٢٦٣٩) هێناویانە.

ئەو فەرمان و وانانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دروستە ڕۆژوو بە منداڵان بگیرێت و زۆرێك لە زاناکان لە کتێبەکانیاندا کردوویانە بە سەرباس..

* عبداللەی کوڕی ئەبی هوزەیل دەڵێ: پیاوێکی بە تەمەنیان هێنا بۆ بەردەستی عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) ئارەقی خواردبوویەوە لە مانگی ڕەمەزاندا، عمر (خوای لێ ڕازی بێت) پێی فەرموو: وەك کەر پرمەت لێ دێت و ئارەقت خواردووە لە ڕەمەزاندا کە منداڵەکانیشمان بە ڕۆژوون؟! بۆیە هەشتا داری لێداو پاشان دووری خستەوە بۆ وڵاتی شام.[1]

دووەم:

لە چ تەمەنێکدا فەرمان بە منداڵ دەدرێت بۆ ڕۆژووگرتن؟

سەلەفی صالح (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) لەو کاتەوە ڕۆژوویان پێ گرتوون کە توانیویانە بیگرن.

---

١ رواه البخاری (معلقاً) (٤/٢٢٠) وعبدالرزاق (١٣٥٥٧).

* هیشامی كوڕی عورِوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (باوكم نوێژی بە منداڵان دەكرد كاتێك لێی تێ بگەیشتنایە، ڕۆژوویشی پێ دەگرتن كاتێك بیانتوانیایە)[1].

سێیەم:

فەرمان دان بە منداڵان بۆ ڕۆژووگرتن سوننەتە بۆ ڕاهێنانیانە لەسەر گوێڕایەڵیو بەندایەتی.

* (ابن منذر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (فەرمانی ڕۆژووگرتن بدرێت بەسەر منداڵاندا كاتێك بزانرێت دەتوانێت بیگرێت شتێكی باشو سوننەتە)[2]

چوارەم:

ئایا منداڵێك كە بتوانێت بەڕۆژوو بێت بەڵام هەندێك ڕۆژووی فەوتاندبێت، ئایا قەزاكردنەوەی لەسەرە.

* (ابن قدامە) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئەو ڕۆژانەی فەوتاوە لەپێش باڵغبوونی، گێڕانەوەی لەسەر نیە ئیتر با ڕۆژووی گرتبێت یان هەر نەیگرتبێت، ئەمە ڕای زۆربەی زۆری زانایانە)[3].

بەڵام پێشەوا ئەوزاعی دەڵێت: (دەبێت بیگێڕێتەوە ئەگەر شكاندبووی لەكاتێكدا دەشیتوانی ڕۆژوو بگرێت).

بەڵام ئەوە لای ئێمە بەو جۆرەیە ئەو سەردەمە سەردەمی منداڵیەو لەسەری نیە ڕۆژوە فەوتاوەكانی بگێڕێتەوەو، وەك ئەو كەسە وایە كە دوای تێپەڕبوونی مانگی ڕەمەزان بالق دەبێت.[4]

پێنجەم:

---

١ المغنی (٤/٤١٣) مصنف عبدالرزاق (٤/١٥٣-١٥٤).

٢ الأقناع (١/١٩٤).

٣ المغنی (٤/٤١٤).

٤ المغنی (٤/٤١٤).

ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە دروستە منداڵ ببرێتە ناو مزگەوتەوە پێشتر لەسەر ئەمە بەدرێژی دواین.

شەشەم:

فەرموودەکە ئەوەش دەگەیەنێت کە دروستە بوکو یاری منداڵان ببرێتە مزگەوتەوە بە مەرجێك شتی حەرام نەبێت، بۆ ئەوەی منداڵی پێوە خەریك بکرێت برسێتیو ماندوویی‌و تێنوێتی لەبیر ببرێتەوە پێی.

حەوتەم:

لە فەرموودەکەوە ڕۆڵی ئافرەتی صەحابیمان بۆ دەردەکەوێت (خوایان لێ ڕازی بێت) لە پەروەردەکردن‌و ڕاهێنانی منداڵەکانیان لەسەر خواناسی‌و گوێڕایەڵی.

بەردەوام ئافرەتانی سەلەفی صالح (خوایان لێ ڕازی بێت) لەسەر ئەم ڕێڕەوە بەرزە دەڕۆیشتن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیانداو بەردەوام دایکان هانی منداڵەکانیان دەدا تا بچنە کۆڕی زانایان‌و هەوڵی کۆکردنەوەی فەرموودەو زانستی شەرع بدەن تا ئەوەبوو لە بەرهەمی ئەو هەوڵە پیرۆزەیان کەسانی وەك سوفیانی سەوری‌و مالیك‌و شافیعی‌و احمدو کەسانی تریش هەڵکەوتن (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت).

بەڵام دایکانی ئەمڕۆ مەگەر کەمێکیان خوا ڕەحمی پێ کردوون –ئەگەرنا هەموویان لە بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دوورکەوتوونەتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

((والمرأة راعية في بيت بعلها وولده وهي مسؤلة عنهم)) واتە: ئافرەت بەرپرسیارە لە ماڵی مێردەکەی‌و منداڵەکانی‌و لەسەر ئەوان لە قیامەتدا پرسیاری لێ دەکرێت..

بەڵام زۆرێك لە ئافرەتان لەپێناوی بەرژەوەندی‌و ڕابواردن‌و خۆڕازاندنەوەیان نایان پڕژێتە سەر کۆرپەکانیان‌و ناچار دەیاندەنە دەستی دایەن‌و خزمەتکاری کرێ گرتە !

وازدەهێنن لەو فەرمانەی خوای عزوجل کە لەسەریان فەرزی کردووە سەپەرشتیو پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن، دەی خوا ڕەحم بکات!.

* * *

فەرموودەی دوازدەیەم

سەرفیترە لەسەر منداڵان

عن عبدالله بن عمر (رضى الله عنهما) قال: فرض رسول الله (ﷺ) زَكَاةَ الْفِطْرِ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ عَلَى الْعَبْدِ وَالْحُرِّ وَالذَّكَرِ وَالأُنْثَى وَالصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، وَأَمَرَبِهَا أَن تُؤدِيَ قَبْلَ خُرُوجِ النَّاسِ إِلَى الصَّلاَةِ))

واتە: عبدالله كوڕی عومەر (خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت) دەفەرمویٚ((پێغەمبەری خوا(ﷺ) زەكاتی سەرفیترەی مەزەندەكرد بە ساعێك لە خورما یان ساعێك لە جۆ — كە نزیكەی دوو كیلۆ دەكات— و فەرزی كرد لە سەر بەندەو ئازادو نێرو مێو گەورەو بچووكی موسڵمانانو فەرمانی دەركرد كە پێش ئەوەی نوێژی جەژن بكرێت، بدرێت)).

دەرهێنانی فەرموودەكە:

أحمد ڕیوایەتی كردووە (٢/٥٥) و بوخاری (١٥٠٣)و (١٥١٢) لە باسی (سەرفیترە لەسەر گەورەو بچوكە)و موسلیم (٢٢٤٠)و أبو داود (١٦١٣)و تورمذی (٦٧٥)و ابن خزیمە (٢٤٠٣).

ئەو فەرمانو ئادابانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەكەم:

فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە زەكاتی سەرفیترە واجبە لەسەر گەورەو بچوك.

* ابن خزیمە (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) (ئەم باسە باسی ئەوە دەگەیەنێت كە زەكاتی سەرفیترە واجبە لەسەر گەورەو بچوكە، بە پێچەوانەی ئەوانەی كە دەڵێن: فەرز نیە لەسەر كەسێك هێشتا فەرزەكانی لەسەر فەرز نەكراوە).[1]

---

١ صحیح ابن خزیمة (٤/٨٤).

دووەم:

ئایا زەکاتی سەرفیترە لە پارەی تایبەتی منداڵەکە دەدرێت یان لە پارەی وەلی و سەرپەرشتیاری؟

* (ابن منذر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: زانایان بەکۆی دەنگ لەسەر ئەوەن کە هەمووو کەسێکی موسڵمان زەکاتی سەرفیترەی لەسەرە، ئەگەر بووی هی خۆی و خێزانی و منداڵەکانی دەدات ئەوانەی خۆیان پارەیان نیە، بەڵام ئەگەر منداڵەکان پارەیان هەبوو لەو پارەیە دەری دەکات)[1]

سێیەم:

هەندێك لە زانایانی سەلەفی صالح بە سوننەتی دەزانن زەکاتی سەرفیترەی منداڵێك بدرێت کە هێشتا لە سکی دایکی دایە.

* حەمید لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە دەگێڕێتەوە کە زەکاتی سەرفیترەی لەباتی منداڵی ناو سکی داوە.[2]

* (ئەبو قولابە) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: زۆر حەزیان لەوەبوو زەکاتی سەرفیترەکانیان دەربکەن تەنانەت لەباتی کۆرپەلەی ناو سکی دایك.[3]

چوارەم:

ئەو ئەندازەیەی کە دەبێت لەباتی هەر کەسێك بدرێت چ گەورە یان بچوك: ساعێکە بە ساعەکەی پێغەمبەر (ﷺ).

* * *

---

١ (الاقناع) ابن منذر (١/١٨١).

٢ رواه ابن ابي شيبه (٣/٢١٩).

٣ رواه عبدالرزاق (٥٧٨٨). لە باسی ئایا زەکاتی کۆرپەلە دەردەکرێت؟ وابن ابي شيبه (٣/٢١٩).

فەرمموودەی سیازدەیەم

منداڵان و حەجکردن

عن عبدالله بن عباس (رضى الله عنهما) قال: رفعت إمراة صبيًا لها، فقالت يارسول الله الهذا حج؟ قال: ((نَعم ولَكِ أجرٌ)).

دەرهێنانی فەرمموودەکە:

ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (١/٢٤٤) و مسلم (٣٢٣٢) و تورمذی (٩٢٤) و ابن ماجە (٢٩١٠) لە باسی حەجی منداڵاندا.

ئەو فەرمان و ئادابانەی لەم فەرمموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم:

فەرمموودەکە مانای ئەوە دەبەخشێت کە دروستە منداڵ حەج بکات و ئەمانەش پاڵپشتی ئەو مانایەن:

* (سائب)ی کوڕی (یەزید) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: (باوکم لە (حەجەتول وەداعدا) حەجی پێ کردم لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کە لەو کاتەدا تەمەنم حەوت ساڵان بوو).[1]

*(ابن عبدالبر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تێگەیشتنی ئەم فەرمموودەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە حەجکردن دروستە بە منداڵان، کۆمەڵێ لە زانایان ڕێگەیان پێداوە لە حجاز و شام و عیراق و میصر، بەڵام هەندێك لە بیدعەچیان بە بێ بەڵگە ڕێگە نادەن حەج بە منداڵان بکرێت، بەڵام ئەم ڕایەی دووەم بێ بەهایە و وازی لێ هێنراوە چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەجی کرد بە کۆمەڵێ منداڵی (بنی عبدالمطلب).

دەربارەی منداڵان فەرمموویەتی: ((لـه حـج وللـذي يحجـه أجـر)) واتە: حەجی بۆ دەنوسرێت و بۆ ئەو کەسەشی حەجی پێ دەکات پاداشتی هەیە.

---

١ رواه البخاری (١٨٥٨) والترمذي (٩٢٥).

هەروەها ئەبوبەکری صدیق (خوا لێی ڕازی بێت) حەجی کردووە بە عبداللەی کوڕی زوبیر (خوا لێیان ڕازی بێت) لەناو پارچە قوماشێکدا.

دووەم:

ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵ هەر کارێکی چاکە ئەنجام دەدات لە نامەی چاکەکانیدا بۆی دەنووسرێت:

* عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (تکتب للصبي حسناته، ولاتکتب علیه السیئات)[١] واتە: منداڵ چاکەکانی بۆ دەنوسرێت بەڵام گوناهی لەسەر نانووسرێت.

سێیەم:

مەرج نیە حەجی منداڵێك قبول ببێت کە فامی کردبێتەوەو تەمیزی هەبێت چونکە ئەو منداڵەی کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: حەجی بۆ هەیە ((ان له حجاً)) بەیهەقی دەڵێت: ئەو منداڵە شیرەخۆرە بووە.[٢]

ئەم ڕیوایەتە وەڵامێکە بۆ ئیمام مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە فەرموویەتی: حەجی منداڵی شیرەخۆر دروست نیە.[٣]

چوارەم:

حەج و عەمرەکردنی منداڵ جیهادکردنیانە:

* (ابو هریره) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:((جهاد الکبیر والصغیر والضعیف والمرأة الحج والعمرة))[٤] واتە: حەجی گەورەو بچوكو لاوازو ژنانی موسڵمان–حەج و عەمرەکردنە.

---

١ الاستذکار (٤/٣٩٨).

٢ البیهقي (٥/١٥٥).

٣ المنتقی (الباحي) (٣/٧٨).

٤ رواه عبدالرزاق (٩٧٠٩) وأحمد (٢/٤٢١) والنسائي (٢٦٢٦) واسناده حسن.

پێنجەم:

سەلەفی صالح (خوایان لێ ڕازی بێت) زۆر گرنگیان داوە بەوەی حەج بە منداڵەکانیان بکەن چونکە پیشانی پەروەردگاری دەدەن تا ڕەحمو بەزەیی خوا لەو مەوسیمە پیرۆزەدا ئەوانیش بگرێتەوە:

* سوفیانی کوڕی عویەینە دەڵێ: بە محمدی کوڕی مونکەدیریان وت: تۆ منداڵ دەبەیت لەگەڵ خۆت بۆ حەج؟ فەرمووی: (بەڵێ، پیشانی پەروەردگاریان دەدەم).[1]

* (ابن عبدالبر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (لە کۆنو ئێستاشدا سەلەف حەجیان کردووە بە منداڵەکانیانو پیشانی ڕەحمەتی خوایان داون).[2]

شەشەم:

هەموو زانایان لەسەر ئەوەن کە منداڵ تا بالق نەبێت حەجی لەسەر فەرز نیە:

* (ابن منذر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) کۆدەنگی هەموو زانایان دەهێنێت لەسەر ئەوەی منداڵ حەجی لەسەر نیە تا بالق نەبێت.[3]

حەوتەم:

لە ڕەحمو سۆزی پەروەردگارە بە منداڵان ئەوەیە: کە هەر یەکێکیان بە منداڵی حەج بکاتو پێش باڵغبوون کۆچی دوایی بکات، ئەوە حەجە مەزنەکەی ئیسلامی بۆ دەنووسرێت.

* (ابن عباس) (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((إذا حج الصبي فهي له حجة حتى يعقل، وإذا عقل فعليه حجة أُخرى))[4] واتە: ئەگەر منداڵ حەج بکات ئەوە تا باڵغ دەبێت بۆی دەنووسرێت، هەرکاتێ باڵغ بوو حەجەکەی تری لەسەر فەرزە.

---

١ رواه ابن الجعد في (المسند) (١٧٥١). وابن أبي الدنيا في (العيال) (٦٤٧).

٢ الاستذكار (٤/٣٩٨).

٣ الاجماع لا٧٧

٤ رواه إبن خزيمة (٣٠٥٠) والحاكم (٤٨١/١) والصحيح حديث مرفوع.

هەشتەم:

ئەگەر منداڵ بە بچوکی حەجی کردبێت ئایا کاتێك گەورەبوو حەجی تری لەسەرە یان نە؟

* (تورمذی) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: هەموو زانایان لەسەر ئەوەن کە ئەگەر منداڵ پێش گەورەبوون حەجی کردبوو، ئەوە کاتێك گەورەبوو دەبێت حەج بکاتەوە، چونکە ئەو حەجەی منداڵی جێی حەجی گەورەیی بۆ ناگرێتەوە، ئەمەش وتەی سوفیانی سەوریو شافعیو أحمدو ئیسحاقە (رەحمەتی خوایان لێ بێت).[١]

نۆیەم:

ئەو کەسەی حەج بە منداڵەکەی دەکات دەبێت لە مەسەلەی (ئیحرام)دا گەورە چی دەکات ئەو منداڵەشی ئەوە بکاتو بەرگی ئیحرامی لەبەر بکات:

* عبداللەی کوڕی عمرو عائیشە (خوا لێیان ڕازی بێت) (منداڵانیان لەکاتی ئیحرامدا لە جلو بەرگ دادەماڵی، لەنێوان سەفاو مەروەدا تەوافیان پێ دەکردن)[٢]

دەیەم:

ئەگەر منداڵەکە فامو تەمیزی پەیداکردبوو، دەبێت فێری ئیحرام پۆشینو (لبیك اللهم لبیك) بکرێتو ئەگەر زۆر منداڵ بوو دەبێت کەسەکەی لەباتی ئەو ئەو کارانەی بۆ بکات:

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) حەجمان کردوو ژنو منداڵمان لەگەڵدابوو، لەباتی منداڵەکان (لبیك اللهم لبیك)مان کردو ڕەجمی شەیتانمان کرد.[٣]

---

١ السنن (٣/٢٦٥).

٢ رواه إبن أبي شيبه (٢٧٥٧).

٣ رواه ابن أبي شيبه (٢٧٥٩) ابن ماجة (٣٠٣٨).

* عبدالملك لە عەتاوە دەگێڕێتەوە كە پرسیاری لێكرا دەربارەی ئەو منداڵەی حەجی پێ دەكرێتو خۆی نازانێت تەلبیە بكات؟ عەطا فەرمووی: باوك یان سەرپەرشتیارەكەی بۆی دەكات.[١]

* عەتا (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەر كاتێك منداڵ فامی پەیداكردبوو، لەسەر باوكو كەسی واجبە فەرمانی تەلبیەی پێ بدەن.[٢]

* بەغەوی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر هاتوو منداڵ عەقلو فامی تەمەنی خۆی هەبوو دەبێت بەخۆی ئیحرام بپۆشێت، بەڵام ئەگەر ژیری هاوتەمەنانی خۆی نەبوو ئەوە كەسەكانی ئیحرامی پێ دەپۆشنو لە جلەكانی دادەماڵرێتو لە بۆنی خۆش دوور دەخرێتەوەو لە هەر شتێكیش گەورەی لێ دووربخرێتەوە.[٣]

یازەهەم:

تەوافكردنی منداڵ

* (ابن منذر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: زاناكان بەكۆی دەنگ دەڵێن: تەواف بە منداڵ دەكرێت.[٤]

* (ابن قدامە) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (تەوافكردن بە منداڵ: ئەگەر خۆی توانی با بە ڕۆیشتن بێتو ئەگەر نەیتوانی با بە باوەش یان بە سواری وڵاخ (یان لە هەر شتێكی تردا وەك عەرەبانەی ئەمڕۆ) تەوافی پێ دەكرێت چونكە (ابوبكر) (خوا

١ رواه ابن ابي شيبه (١٧١٢) (٢٥٨٥) ابن ابي الدنيا في (العيال) (٦٥٤).

٢ إبن أبي الدنيا في (العيال) (٦٥٣).

٣ الشرح السنة (٧/٢٣).

٤ الاجماع لا ٧٠.

لێی ڕازی بێت) لە ناو پارچە پەڕۆیەكدا تەوافی بە (ابن الزبیر) كردووە (خوا لێی ڕازی بێت) چونكە تەوافكردن بە گەورەیش دروستە ئەگەر نەتوانێت بڕوات بەڕێوە، دەی منداڵ لە پێشترە، دەڵێ: جیاوازی نیە لەنێوان ئەوەی كە هەڵگرەكەی حەڵاڵی بێت یان بێگانە، ئیتر ئەگەر تەوافی فەرزی خۆی بكات یان نە، چونكە ئەم تەوافە بۆ هەڵگیراوە نەك هەڵگر، بۆیە دروستە بەسەر وڵاخێكەوە تەوافی پێ بكرێت، بە پێی نیەتی هەڵگرەكە بۆی دەنووسرێتو ئەگەر نیەتی تەواف پێكردنی نەبێت تەوافی بۆ نانووسرێت، چونكە نیەتی منداڵ دانامەزرێتو دەبێت گەورە نیەتی بۆ بهێنێ وەك ئیحرام پۆشین)[١]

دوانزەهەم:

زۆربەی زاناكان لەسەر ئەوەن كە چی لەسەر حاجی گەورە قەدەغەبێت حاجی منداڵیش لێی قەدەغەدەبێت:

* (عەتا) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: منداڵ دووردەخرێتەوە لە هەر شتێك گەورەی لێ دووردەخرێتەوە وەك بۆنی عەترو خۆجوانكردن.[٢]

سیازدەیەم:

ئەگەر منداڵەكە كارێكی قەدەغەكراوی لەكاتی حەجدا ئەنجامدا لەباتیدا فیدیە دەدات:

* مالیك (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەوەی لە گەورە قەدەغە دەكرێت لە منداڵیش قەدەغەدەكرێتو بەڵام ئەگەر پێویست بوو هەندێك بۆنی خۆشی یان جوانكاری بەكاربهێنێ ئەوە لە بەرامبەردا (فدیە)ی بۆ دەدرێت.[٣]

---

١ المغني (٥/٥٢-٥٣).

٢ رواه ابن ابي شيبه (٢٧٥٨) وأبوداود (٧٧٦).

٣ المدونة (١/٤٢٤).

* بەغەوی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر منداڵەکە یەکێك لە قەدەغەکراوەکانی حەجی ئەنجامدا ئەوە ئەگەر خۆی ئیحرامی پۆشیبوو ئەوە لەپارەی تایبەتی خۆی فیدیەی دەدرێت، بەڵام ئەگەر حەجی پێ کرابوو ئەوە دوو ڕا هەیە کە ئایا لە پارەی خۆی یان لە پارەی سەرپەرشتیاری پارەی فیدیەکە دەدرێت.[١]

چواردەیەم:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوخسەتی داوە بە منداڵان کە لە نیوەی شەودا دەتوانن لە موزدەلیفەوە بێنە خوارەوە:

* (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: من یەکێك بووم لەو منداڵانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەی پێدام لەگەڵ ناتواناکاندا لە موزدەلیفەوە بێنە خوارەوە.[٢]

* (ابن قدامه) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: نابینم کەس پێچەوانەی ئەم ڕایە بێتو هەروەها بەزەیی هاتنەوەی پێیانادای تێدایەو دورخستنەوەیانە لە قەرەباڵغیو جەنجاڵی، هەروەها شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەری خوایە (ﷺ).[٣]

پانزەیەم:

ئەگەر زۆر منداڵ بوو نەیدەتوانی شەیتان بەردباران بکات، لەباتی ئەودا سەرپەرشتیاری ئەو کارەی بۆ دەکات، بەڵام ئەگەر بتوانێت دەبێت خۆی ئەو کارە بکات:

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) حەجمان ئەنجامداو ئافرەتو منداڵمان لەگەڵدا بوو، ئێمەیش لەباتی منداڵەکانیش تەلبیەو شەیتان بەردبارانمان کرد.[٤]

---

١ شرح السنة (٧/٢٣-٢٤).

٢ رواه البخاري (١٦٧٨).

٣ المغني (٥/٢٨٦).

٤ پێشتر سەرچاوەکەی دراوە.

* (ابن منذر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: لە هەموو ئەو زانایانەی من گوێم لێیان بووە بیستوومە کە ئەو منداڵەی توانای ڕەجمی شەیتانی نیە، ڕەجمی بۆ دەکرێتو ابن عمریش (خوا لێی ڕازی بێت) وای کردووەو عەتاو زوهەریو مالیکو شافیعیو ئیسحاقیش ئەم بۆچوونەیان هەیە.

لە (ابن عمر)ەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: حەجی بە منداڵەکانی دەکرد، هەر منداڵێك خۆی بیتوانیایە ڕەجمی شەیتان بکات خۆی دەیکرد، هەر منداڵێکیش نەیتوانیایە ئەوە بە خۆی لەباتی ئەو ڕەجمەکەی شەیتانی دەکرد.[١]

* (أیوب السختیانی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: کوڕێکی عبدالرحمنی کوڕی قاسمم بینی لە کاتی حەجدا وتم: ئەمە چۆن حەجی پێ دەکەن؟ وتیان: بەردەکان دەخەینە دەستی، ئەگەر نەیتوانی بیوەشێنێ بۆی دەوەشێنین.[٢]

شانزەیەم:

ئەگەر منداڵەکە نەیدەتوانی ڕەجمی شەیتان بکات ئەوە سەرپەرشتیارەکەی بۆی دەکات، بەڵام بە ئامادەبوونی منداڵەکە نەك لە حەوانگە بەجێ بهێڵرێت:

* عەتا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر منداڵەکە زۆر منداڵ بوو فێریش بکرێت هەر نەیزانی ڕەجم بکات، دەبێت ببرێت بۆ شوێنی ڕەجمکردنەکەو لەوێ بێت وەك چۆن دەبرێت بۆ عەرەفەو ئەمیش وەك ئەو وایە مەگەر نەخۆش بێت.[٣]

---

١ المغني (٥/٥٢).

٢ رواه ابن ابي شيبه (١٧١٠).

٣ رواه ابو داود في (المسائل) (٧٧٤).

حەڤدەیەم:

ئەگەر حەجی تەمەتوع یان حەجی قیرانی پێ دەكرا، ئەوە حەیوانەكەی بۆ سەر دەبڕدرێت:

* زوهەری (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەو منداڵەی كە حەجی پێ دەكرێت پرسیاری لێ كرا؟ فەرمووی: بەڵێ حەجی پێ دەكرێتو هەر شتێك لە حاجی قەدەغەبێت لەویش قەدەغە دەكرێت لە جلو بەرگو بۆنی خۆشو سەری داناپۆشرێت، خزمەكانی ڕەجمی شەیتانی بۆ دەكەنو حەیوانی بۆ سەردەبڕن.[1]

هەژدەیەم:

ئەگەر منداڵەكە هەر ئەركێكی حەجی پەڕاندو بەجێی نەهێنا دەبێت قەزای بۆ بكرێتەوە.

* عەتا (رەحمەتی خوای لێ بێت): هەموو شتێكی حەج بۆ منداڵ قەزا دەكرێتەوە جگە لە نوێژكردن نەبێت.[2]

نۆزدەیەم:

تەوافیماڵئاوایی كردن بە منداڵان:

* عەتا (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: منداڵی بچوك ئەگەر كەسو كارەكەی حەجیان لەسەر دانا، دەبێت چی لەسەر حاجیەكی گەورەیە لەسەر ئەویش بێت، لە بۆنی خۆش بێ بەش دەكرێت، نابێت بیرێتەوە تا دوا مەنزڵی تەواف پێكردنی نەبێت بەدەوری كەعبەی پیرۆزدا، ئەگەر خزمەكانی ویستیان عەمرەشی پێ بكەن لەدوای حەجەكە بۆی هەیە.[3]

*　　　　*　　　　*

---

١ رواه ابن ابي الدنيا في (العيال) (٦٥١).

٢ رواه أبوداود في (المسائل) (٧٨٠).

٣ رواه أبوداود في (المسائل) (٧٧٦).

فەرموودەی چواردەیەم

کوشتنی منداڵی کافران لە جەنگدا

عن عبدالله بن عمر (رضی الله عنهما) قال: ان إمراة وُجدت في بعض مغازي النبي (ﷺ) مقتولة، فانكر، فنهى رسول الله (ﷺ) عن قتل النساء والصبيان)).

واتە: عبدالله ی کوڕی عومەر (خوایان لیٚ ڕازیبێت) دەفەرموێ:ئافرەتێکیان بەرچاو کەوت لە غەزایەکدا کوژرابوو،پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕازی نەبوو، فەرمانی دەرکرد بە قەدەغەکردنی کوشتنی ژنانو منداڵان)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

بوخاری (٣٠١٤) لە باسی کوشتنی منداڵ لە جەنگدا هێناویەتی، موسلیم (٤٥٦٨) أبو داود (٢٦٦٨) لە باسی کوشتنی ژناندا، تورمذی (١٥٦٩)و ابن ماجە (٢٨٤١) ڕیوایەتیان کردووە.

ئەو فەرمانو وانانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە بەرگریو قەدەغەدەکات لە کوشتنی منداڵ لەناو غەزاکاندا:

* (ابن عبدالبر)دەڵێ: لە پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە (ﷺ) کە قەدەغەی کردووە ژنان ومنداڵان لە جەنگدا بکوژرێن وەك (ابن عباس)و (عائشە)و (ابوسعیدالخدری)و (أنس)و (أسودی کوڕی سەریح) وکەسانی تریش (خوایان لیٚ ڕازی بێت).

زاناکان هەموو لەسەر ئەوە کۆکن‌و تەنانەت پێشیان وایە ئەگەر ژن‌و منداڵ شەڕیش بکەن هەر ناکوژرێن چونکە بە عادەت ئەو دوو دەستەیە شەڕناکەن، خوای (عزوجل)یش دەفەرموێت: ﴿وَقَـٰتِلُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَـٰتِلُونَكُمْ﴾.[1]

دووەم:

لە گرنگی دانی پێغەمبەر (ﷺ) بە کاری نەکوشتنی ژنان‌و منداڵان ئەوەبوو ئامۆژگاری ئەمیرو سەرکردەکانی سوپای دەکرد بۆ ئەو مەبەستە:

* سلیمانی کوڕی بەریرە لە باوکیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: هەرکاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمیرو سەرکردەی سریەیەکی دەخستەڕێ، ئامۆژگاری دەکرد بەوەی لە خوابترسێت‌و چاکبێت لەگەڵ سەربازانی ئیسلامداو پاشان پێی دەفەرموو: ((اُغزوا باسم الله وفی سبیل الله، قاتلوا من کفر بالله، اُغزوا ولا تغلوا ولا تغدروا ولاتمثلوا ولا تقتلوا ولیدا...))[2].

واتە: بەناوی خواوەو لەپێناوی خوادا بجەنگن، شەڕبکەن لەگەڵ ئەوانەی باوەڕیان بە خوا نیە، غەزا بکەن بەلأم دزی لەدەستکەوت مەکەن‌و ناپاکی مەکەن‌و جەستە مەشێوێنن، منداڵ مەکوژن...))

سێیەم:

ئەو هۆیانەی کە بوونەتە هۆی قەدەغەکردنی کوشتنی منداڵ لە جەنگدا ئەمانەن:

١-لەڕاستیدا لەسەر فیترەی پاك لەدایك بوون کە موسڵمانەتیە وەك پێشترباسمان کردووە.

٢-زۆرجار منداڵ لەبەر ناتوانایی‌و لاوازیەکەی شەرکەرنین‌و حیسابی شەرکەریان بۆ ناکرێت.

---

١ سورەتی البقره(١٩٠).

٢ رواة مسلم (٤٥٤٢) وابن ابی شیبة(١٤٠٦٤)

چوارەم:

بەڵام ئەگەر منداڵان لەگەڵ هۆزەکەیاندا جەنگیان دەکرد یان هاوکاریان دەکردن لەجەنگ دژی موسلمانان دەبێت بکوژرێن:-

* حەسەنی بەسری (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنانو منداڵی بێ باوەڕانیان دەکوشت ئەگەر هاوکاری جەنگی سوپاکەی خۆیانیان کردبێت).[١]

* (ابوداود) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: گوێم لێبوو لە احمدی کوڕی حەنبەلیان پرسی دەربارەی منداڵێك شەڕ بکات لەدژی موسڵمانان: ئایا دەکوژرێت؟ فەرمووی: بەڵێ، وتم: ئەی ئەگەر لە قەلاکەوە بەردی دەگرتە سوپای موسڵمانەکان؟ فەرمووی: هەر دەکوژرێت).[٢]

*(إبن عبدالبر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: زاناکان جیاوازیان هەیە لە کوشتنی ئەو ژنو منداڵانەی کە شەڕدەکەن :

جمهوری زانایان وەك سەوری و ئەوزاعیو لەیسو شافیعیو أبوحنیفەو أحمدو ئیسحاقو أبوثورو کەسانی زۆری تریش پێیان وایە کە ئەگەر ژنو منداڵ شەڕ نەکەن بەهیچ جۆرێك دروست نیە بکوژرێن بەپێی فەرموودەکە (واللهاعلم).[٣]

پێنجەم:

ئایا ئەگەر گومان هەبوو لە منداڵیو باڵقبوونی ئەو منداڵە بێ باوەڕەدا چی دەکرێت؟

* ڕیشی دەرکردبوو ئەوە گەورەیە، عطیةالقرضي دەڵێ: من یەکێك بووم لە دیلەکانی بەنی قورەیزە، موسڵمانەکان دەیانڕوانی هەر منداڵێك ڕیشی کردبێت بە

---

١ رواة إبن أبي شيبة(١٤٠٨٥).

٢ رواة أبو داود في المسائل (٥١٩).

٣ التمهد(١٣٨/١٦)، (شرح السنة) بغوى(٤٧/١١).

گەورە لەقەڵەمیان دەداو دەکوژرا، من خۆم یەکێك بووم لەوانەی مووم لێ نەهاتبوو نەیان کوشتم.

لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ: سەیری بەریان کردم دەبینن موی لێ نەهاتووە بەڕەڵایان کردم).[١]

شەشەم:

زاناکان جیاوازیان هەیە دەربارەی کوشتنی ژنو منداڵ بەهۆی دان بەسەری سوپای کافراندا لەشەودا:

ڕاستترینیان ئەوەیە کە دروستە لەو کاتەدا ژنو منداڵیش بکوژرێن چونکە دەستپارێزی زۆر ناڕەحەتە لەوجەنگەدا:

* (صعب)ی کوڕی(جثامە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لە ناوچەی ئەبواء یان بوددان پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لامو لەوێ پرسیاری لێ کرا دەربارەی هێرشی شەوانی کتوپڕیو کوشتنی ژنو منداڵەکانیان؟ لە وەڵامدا فەرمووی:((هم منهم)) واتە ئەوانیش لەوانن، گوێم لێ بوو فەرمووی: ((لاحمى الا لله تعالى ولرسوله (ﷺ))).[٢] واتە: پاراستن نیە مەگەر بۆ خواو پێغەمبەرەکەی نەبێت.

* أحمدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (دروستە بدرێت بەسەر کافراندا لە شەودا، بۆ ڕۆم لە ڕێگەی ئەو کارەوە تێك شکان، دەڵێ: پێ نازانم کەسێك کاری دان بەسەری دوژمنان لە شەودای پێ ناخۆش بێت)[٣]

حەوتەم:

چۆن ئەم دوو بۆچوونە دەخەینەیەك: نابێت منداڵ بکوژرێت! و بەڵام شەو بدرێت بەسەر بێ باوەڕاندا ئەوانیش دەکوژرێن!

---

١ رواه أبوداود (٤٤٠٤) و(٤٤٠٥) والترمذي (١٥٨٤) وقال: حديث حسن صحيح.

رواه البخاري (٣٠١٢) ومسلم (٤٥٧٢) بلفظ (لوان خيلاً اغارت من الليل، فأصابت من أبناء
٢المشركين؟ قال: هم من اباهم).

٣ المغني (١٣/١٤٠).

بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە زانایان دەڵێن ئەگەر بە ئەنقەست (عمد) بیکوژێت تاوانبارەو دروست نیە بەڵام لەگەڵ هۆزەکەیدا دروستە چونکە بۆ ئەو ناچن بەڵام ئەویش پێوەدەبێت:

* أحمد (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (ئەگەر بە ئارەزوو بیکوژێت دروست نیە واتە بە ئەنقەست)[1] بەڵام لە حاڵەتەکانی تردا کوشتنیان دروستە.[2]

هەشتەم:

دروستە تۆپبارانی سوپای بێ باوەڕان بکرێت (مەنجەنیق) ئیتر با منداڵو ژنیش تێدا بچن، ئەگەر ئەو بۆردوومانە پێویست بێت، ئەمە ئەگەر بێ باوەڕان لەنێوان ژنو منداڵدا خۆیان حەشاردابوو دروستە بۆردومان بکرێت چونکە ئەگەر بەبۆنەی ئەوانەوە هیچ هەنگاوێك نەنرێت ئەوە کاری جیهاد پەکی دەکەوێت:

* (ابن منذر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لە فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەنجەنیقی تاودا بۆ شاری تائیف، عەمری کوڕی عاص (خوا لێی ڕازی بێت) مەنجەنیقی تاودا بۆ خەڵکی ئەسکەندەریەی میسر...

* سوفیانی سەوری (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: هیچی تێدانیەو دروستە قەڵای سوپای بێ باوەڕان تۆپ باران بکرێت ئیتر با منداڵیشی تێدابێت.

* مالیكو شافیعیو أحمدو کەسانی تریش ئەم بۆچوونەیان هەیە.[3]

نۆیەم:

دیلکردنی منداڵانی بێ باوەڕان دروستە لەلایەن سوپای ئیسلامەوە:

١المغني (١٣/١٤٠).

٢ سنن أبي داود (٣/١٢٤) و سنن الترمذي (١٧٥٠).

٣ المغني (ابن قدامة) (١٤٠).

* ئەبی سەعیدی الخدری (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: خەڵکی قورەیزە بە حوکمی سەعدی کوڕی موعاز (خوا لێی ڕازی بێت) ڕازی بوون و پێغەمبەریش (ﷺ) بانگی کردو پێی فەرموو: ((هؤلاء نزلوا علی حکمك)) ئەوانە بە حوکمی تۆ ڕازین، سەعیدیش فەرمووی: جەنگاوەرەکانیان ڕەمی بکەن و منداڵەکانیشیان بکەن بە دیل و ژێردەستە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((قضیت بحکم الله)) واتە: بە حوکمی خوا حوکمت کرد، یان فەرمووی ((بحکم الملك)) بە حوکمی پادشای جیهان حوکمت کرد.[١]

* * *

١ رواه بخاری (٣٠٤٣) ومسلم (٤٦١٨).

فەرموودەی پازدەیەم

هاوسەرگیری منداڵان

عن عائشة (رضي الله عنها) ((ان النبی (ﷺ) تزوجها وهي بنت ست سنين، واُدخلت عليه وهي بنت تسع سنين، ومكث عنده تسعاً)).

واتە: عائیشە دایكی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تەمەنی شەش ساڵیدا مارەی كردو لە تەمەنی نۆ ساڵیدا گواستیەوە، نۆ ساڵیش لەگەڵیدا ژیاوە).

دەرهێنانی فەرموودەكە:

بوخاری (٥١٣٣) لە باسی بەشودانی منداڵان لەلایەن باوكیانەوە ڕیوایەتی كردووە، مسلم (٣٤٦٤) و (أبو داواد) (٢١٢١)و ابن ماجە (١٨٧٦).

ئەو فەرمان و ئادابانەی لە فەرموودەكە وەردەگیرێت:

یەكەم:

فەرموودەكە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە دروستە پیاوی بەتەمەن كچی گەنج مارە بكات، چونكە كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) عائیشەی مارەكرد تەمەنی لە (٤٥) ساڵیدا بوو، كەچی عائیشە (٦) ساڵان بوو لە نۆ ساڵیدا گواستیەوە.

دووەم:

ئەم حوكمەش تایبەتە نیە بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بەڵكو هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) لەدوای خۆی كاریان پێ كردوەو نەوەكانی دواتریش‌و كۆدەنگی زانایان لەسەر دروستی پرۆسەكەیە.

* عەكریمە دەڵێ: عمری كوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) (ام كلثوم)ی كچی (عەلی كوڕی ئەبوطالب) (خوا لێی ڕازی بێت) مارەكرد كە لەو كاتەدا كچێكی بچكۆلەبوو لە كۆڵان لەگەڵ منداڵان یاری دەكرد.

هاوڕێكانی هاتن بۆلای‌و پیرۆزباییان لێ كرد ئەویش فەرمووی: من لەبەر حەزی ژن هێنان ئەم كارەم نەكردووە بەڵكو خۆم لە پێغەمبەری خوام بیستووە (ﷺ) كە فەرموویەتی: ((ان كل سبب ونسبٍ منقطع يوم القيامة الا سببي ونسبي))

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا هۆكاری پەیوەندیو خزمایەتی نامێنێ جگە لە هۆكاری پەیوەندیو خزمایەتی من نەبێت، بۆیە منیش حەزم كرد لەنێوان منو پێغەمبەری خوادا (ﷺ) پەیوەندی خزمایەتی هەبێت.[1]

* عورووەی كوڕی زوبێر (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: زوبێری كوڕی عەوام (خوا لێی ڕازی بێت) چوو بۆ سەردانی قودامەی كوڕی مضعون كە نەخۆش بوو لەجێگەدا كەوتبوو، لەوكاتەدا مژدەیان هێنا بۆ زوبێرو وتیان كیژێكت بووە، هەر لەوێدا قودامە وتی: مارەی بكە لە من!

زوبێر فەرمووی: دەی كچێكی بچوكت بۆ چیە؟ ئەویش وتی: ئەگەر مام ئەوە بەختەوەرم بە كچی زوبێرو ئەگەر مردیشم ئەوە كچی زوبێر خۆشەویستترین كەسمە میراتیەكەم دەبات، زوبێریش لێی مارەكرد.[2]

* ابن منذر (رەحمەتی خوای لێ بێت) كۆدەنگی زانایان نقل دەكات لەسەر ئەوەی بۆ باوك دروستە كچی بچوكی خۆی بدات بە شوو ئەگەر بە كەسی شیاوو شایستەی بدات.[3]

سێیەم:

ئەگەر كچێكی بچوك درا بە پیاوێكی گەورە، هیچ مەسرفێكی ناكەوێتە سەر ئەو پیاوە هەتا وای لێ نەیەت بۆ گوێزانەوە بشێت، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفەقەی عائیشەی نەكێشا تا لە ماڵی باوكیدا بوو واتە تا دوو ساڵ دوای مارەبڕین:

* عەتاو شەعبیو حەسەنو كەسانی تریش پێیان وایە كە پیاو نەفەقەی ناكەوێتە سەر هەتا نەیگوێزێتەوە.[4]

* أحمدی كوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەگەر پیاو ژنی هێناو ژنەكە نەیدەهێشت بیگوێزێتەوە ئەوە نەفەقەی لەسەر نیەو ئەگەر هۆی نەگوێزانەوە پیاوەكە بوو ئەوە نەفەقەی لەسە واجبە. ئەگەر كچەكە منداڵ بوو تا

١ رواه عبدالرزاق (١٠٣٥٤) والحاكم (٦٤/٧) إسناده صحيح.

٢ رواه سعيد بن منصور في سننه (٦٣٩).

٣ الاجماع لا (١٠٣) الأشرف (٣٧/٤).

٤ رواه عنهم ابن ابي شيبه (٥/٢١٥-٢١٦).

تەمەنی نۆ ساڵی نەفەقەی لەسەر پیاوەکە نیە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) عائیشەی لە تەمەنی ٩ ساڵیدا گواستەوە.[١]

* (ابن هانيء) دەڵێ: لە احمدی کوڕی حەنبەلم پرسی: ئەگەر ئافرەتە گەورەبوو بەڵام کوڕەکە منداڵ بوو نەفەقە لەسەر کێیە؟

لە وەڵامدا وتی: ئەگەر نەگوێزانەوەکە خەتای کوڕەکە بوو، ئەوە نەفەقەی لەسەر واجبە، ئەگەر کوڕەکە تێگەیشتوبوو بەڵام کچەکە منداڵو بێ ئاوەزابوو، ئەوە نەفەقەی لەسەر کوڕەکە نیە تا گەورە دەبێت.[٢]

چوارەم:

ئەگەر پیاوێك کچێکی بچوکی خواستو پەلەی گوێزانەوەی دەکرد، بە دزی کەسو کارەکەیەوە چووە لایو زیرەی پێ کردو مرد، دەڵێ: دەبێت خوێنەکەی بە تەواوی بدات چونکە پێش ئەوەی ئەو کچە بگاتە تەمەنی خۆگری ئەو کارەی پێ کردووە.[٣]

پێنجەم:

ئەگەر بووكو زاوا هەردووکیان منداڵ بوون:

* سولەیمانی کوڕی یەسار دەڵێ: (ابن عمر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کچی عبیداللەی برای کە منداڵ بوو هێنا بۆ کوڕەکەی خۆی ئەویش منداڵ بوو، لەو کاتەدا مارەیی بۆ دیاری نەکرد.[٤]

* هیشامی کوڕی عوروە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: باوکم ژنی بۆ کوڕێکی هێنا کە تەمەنی (٦) ساڵان بوو، کچەکەش (٥) ساڵان بوو، پاشان کوڕەکە مرد، نزیکەی (٤) هەزار دینار لە میراتی کوڕەکەی دا بە کچەکە.[٥]

---

١ احکام النساء (١٥٤).

٢ رواه ابن هانيء في مسائله (١٠٤٦).

٣ رواه عبدالرزاق (١٨١٠٣)

٤ رواه سعيد بن منصور في سنن (٩٤٥).

٥ رواه عبدالرزاق (١٠٣٥٩) وسعيد بن منصور في سننه (٧٧٥).

شەشەم:

ئایا باوك دەتوانێت ژن بهێنێت بۆ کوڕی بچکۆلەی؟ بەڵێ:

* (ابن منذر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: هەموو زانایانی سەلەف لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە دروستە ژن بهێنێ بۆ کوڕی منداڵی.[1]

* دیسان دەڵێ: أحمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەڵگەی دروستی ئەو کارە بە فەرموودەکەی (ابن عمر) دەهێنێتەوە کە ژنی بۆ کوڕەکەی هێناو کوڕەکەشی منداڵ بوو، مەسەلەکەیان بردە بەردەستی زەید (خوا لێی ڕازی بێت)و ئەویش فەرمووی دروستە.[2]

حەوتەم:

سەلەفی صالح وایان پێ خۆش بووە کە ئەگەر (وەلی) کوڕو کچی منداڵیان دا بە یەکتری مەسەلەکە بە نهێنی بهێڵنەوەو ئەو دووانە خۆیان نەزانن بە مەسەلەکە تا مەسەلەکە بە سوك سەیر نەکاتو تەڵاق نەیەت بە دەمیدا.

* ئیبراهیمی نەخەعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: منداڵەکانیان دەدا بە شوو یان ژنیان بۆ دەهێنان بەڵام لە خۆیانیان دەشاردەوە نەوەك وشەی تەڵاق بەکاربهێنن.[3]

* هەروەها لە عەلی کوڕی ئەبو طالب (خوا لێی ڕازی بێت)و زەحاکی کوڕی موزاحیمەوە گێڕاویانەتەوە.[4]

هەشتەم:

کچی هەتیو بەزۆر نادرێت بەشوو بەڵکو پرسی پێ دەکرێت:

* (ابو موسی) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((تستأمر اليتيمة في نفسها، فإن سكتت، فقد أذنت، وان أبيت لم تكره))

---

١ الاجماع لا (١٠٣).

٢ الاشراف (٣٨/٤).

٣ رواه ابن ابي شيبه (٣٥/٥) وسعيد بن منصور (١٧١١).

٤ ابن ابي شيبه في (مصنف) (٣٥/٥).

واتە: کچی هەتیو (بێ باوك) بۆ شووکردن پرسی پێ دەکرێت، ئەگەر بێ دەنگ بوو ئەوە ڕازیەو ئەگەر نەیکرد زۆری لێ ناکرێت.

* تورمذی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: زانایان جیاوازیان هەیە لە مەسەلەی بەشوودانی کچی بێ باوکدا: هەندێکیان دەڵێن دەدرێت بەشوو بەڵام نیکاحەکە دانامەزرێت تا گەورە دەبێت پرسی پێ دەکرێت، ئەو کاتە ئەگەر پێی خۆش بوو ئەوە باشە، ئەگەر پێی خۆش نەبوو دەتوانێت هەڵیوشێنێتەوە، ئەمە ڕای تابیعینەکانە.

هەندێکی تریش دەفەرموون: دروست نیە بدرێت بەشوو هەتا گەورە دەبێت، چونکە پەشیمان بوونەوە لە نیکاح نیە، ئەمەش وتەی: سوفیانی سەوریو شافیعیو کۆمەڵێ زانای تریشە.

ئەحمدو ئیسحاق دەڵێن: ئەگەر (بێ باوك) تەمەنی گەیشتە (٩)ساڵیو درا بە شوو، ڕازیش بوو بەشوو، نیکاحەکە دەمەزراوە، دوایی بۆی نیە پاشگەزبێتەوە لێی، بەڵگەشیان فەرموودەکەی عائیشەیە (خوا لێی ڕازی بێت) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تەمەنی (٩) ساڵیدا گواستیەوەو دەڵێت: هەر کاتێك کچ گەیشتە نۆ ساڵان ئەوە ژنە.[1]

نۆیەم:

قەڵەوکردنی کچی بچوك بە مەبەستی بەشوودانی:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (دایکم ویستی قەڵەوم بکات بۆ کاتی گوێزانەوەم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵام ئەو شتانەی ئەو داوای لێ دەکردم بۆم نەکرد، بەڵام چێشتی شلەی کولەکەی چەوری پێدامو زۆر جوانو قەڵەو بووم)[2]

دەیەم:

جوانکردنو ڕازاندنەوەی کچان بۆ ئەوەی داوا بکرێن:

لە ڕێنموونیەکانی سەلەفی صاڵحە ڕازاندنەوەو جوانکردنی کچانو بردنیان بۆ ماڵی خزمەکانیان تا دڵیان بچێتە سەریانو بیانخوازن،بەلام ئەگەر نزیکی بالق بوونو پێگەیشتن بوونەوە نابێ جوان بکرێن بۆ خەڵك مەگەر لەبەردەمی ئافرەتاندا ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خۆیشیو گەنجەکانیش سەرگەردان نەکات:

---

١ رواه الترمذي في السنن (٣/٤١٧).

٢ رواه أبو داود (٣٩٠٣) وابن ماجة (٣٣٢٤) اسناده صحيح.

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئوسامەی کوڕی زەید (خوا لێی ڕازی بێت) کەوتو سەری دای بە کەناری دەرگاکەداو سەری شکا، پێغەمبەر (ﷺ) بە عائیشەی فەرموو: ((أميطي عنه الاذى)) واتە: خوێنو پیسیەکەی پاك بکەرەوەو بیسڕەوە، منیش قێزم لێ کردو نەچووم، پێغەمبەری خوا (ﷺ)خۆی چوو خوێنەکەی دەمو چاوی بە زمانی مژیو دەیفەرموو: ((لو كان أسامة جارية لكسوته وحليته حتى أنفقه))[1] واتە: ئەگەر ئوسامە کچ دەبوو سەرتاپا جلی جوانو خشلو زێڕم پێدا دەکرد.

* (بەهی) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئوسامەی کوڕی زەیدی فەرموو: ((قد أحسن الله بنا اذ لم يكن اسامة جارية، ولو كانت جارية لحليناك، حتى يرغب فيك))[2]

واتە: خوا چاکەی لەگەڵ کردووین کە ئوسامە کچ نەبوو، ئەگەرنا ئەوەندە خشڵو زێڕم پێدادەکردی کە خەڵکی بیانخواستیتایە.

* (أبو حازم) لە سەهلی کوڕی سەعد (ساعدیەوە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کچێکی بچوکی بینی زۆر جوان ڕازاندبوویانەوەو جوانیان کردبوو ئەویش بانگی کردو سەیرێکی کردو کردی بە باوەشەوەو دەستی هێنا بە سەریداو دووعای بەرەکەتی بۆ کرد.[3]

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) کچێکی ڕازاندەوەو جوانی کردو بردی بۆ حەجو تەوافی کەعبەی پێ کردو دەیووت: (لعلنا نصطاد به شباب قريش)[4] واتە: بەڵکو لاوێکی حاجێلی قورەیشی پێ ڕاو بکەم.

* (إبن جريج) دەڵێ: بۆیان باس کردووم کە عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: ئەو کچەی کە باڵغ نەبووە پیشانی خەڵکی بدەن تا لە پاشەڕۆژدا ئامۆزاکانی داوای بکەنو بیخوازن.[5]

* * *

١ رواه أحمد في (السنن) إبن ماجة (١٩٧٦) واسناده حسن.
٢ رواه إبن أبي الدنيا في (العيال) (٢٣٠) و له شاهد مرسل قويّ في الطبقات (٤/٦٢).
٣ پێشتر سەرچاوەکەی دراوە.
٤ رواه إبن أبي شيبه (٤/٤١٠).
٥ رواه عبدالرزاق (١٠٣٣٤).

فەرموودەی شازدەیەم

منداڵ داری حەدی لێ نادرێت

عن علي بن طالب (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قـال: ((رُفِـعَ الْقَلَـمُ عَـنْ ثَلاَثَـةٍ: عَـنِ النَّـائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَكْبَرَ وَعَنِ المَجْنُوْنِ حَتَّى يعقل))

دەرهێنانی فەرموودەكە:

(أبـو داود) (٤٣٩٨) (٤٣٩٩) ڕیوایـەتی كـردووەو (النـسائی) (٣٤٣٢)و (الترمـذی) (١٤٢٣) دەڵێ: فەرموودەیەكی حەسنی غەریبە، (الـدارمی) (٢٣٤٢) و (ابـن خزیمـە) لـە (صـحیح)ەكەیـدا (١٠٠٣)و (ابـن حبـان) (١٤٢-١٤٣) و الحـاكم (٢٥٨/١) (٥٩/٢) بـە (صـحیح)ی لەقەڵـەم داوەو (البیهقـی) لـە (الـسنن الكـبری) (٨٣/٣) فەرموودەیـەكی صحیحە.

ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (مجموع الفتاوی) (١٩١/١١) دەڵێـت: هـەموو ئەهلی زانستو زانیاری لەسەر ئەوەن كە ئەم فەرمودەیە قبوڵكراوە.

ئەو فەرمانو ئادابانەی لە فەرموودەكە وەردەگیرێت:

یەكەم:

ئەم فەرموودەیە بنەمایەكە لەو بنەما سەرەكیانەی زۆربەی ئەحكامو ئادابی منـداڵی لەخۆگرتووە.

دووەم:

ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت: كە منداڵ تا باڵق نەبێت گوناهی بۆ نانوسرێت.

سێیەم:

چەندان دەقی قورئانو فەرموودە لەسەر ئەوەن كە منداڵ هەر كردەوەیەكی چاكەو خواناسی دەكات بۆی دەنووسرێت:

* (ابن خزیمە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: حەجكردنی منداڵان لـەپێش بـاڵق بوونـەوە واجـب نیـە، بـە بەڵگـەی وتـەی پێغەمبـەر (ﷺ) ((رفـع القلـم عـن ثـلاث))

مەبەستی لە قەڵەمی گوانە نووسینە كە لەسەر كەسێكی باڵق دەنووسرێت، ئەوە ناگەیەنێت كە قەڵەمی چاكەی لەسەر لادەبرێتو بۆی نانووسرێت.[1]

* (ابن عبدالبر) دەڵێت: عمری كوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (تكتب للصبيّ حسناته، ولاتكتب عليه السيئات) واتە: منداڵ كردەوەی چاكی بۆ دەنووسرێتو لە كردەوەی خراپ گوزەشت دەكرێت.

سەلەف لە كۆنو ئێستادا حەجیان بە منداڵەكانیان كردووەو پیشانی ڕەحمەتی خوایان داون.[2]

* (أبوداود) بە سەنەدی خۆی لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((مروا الصبي بالصلاة اذا بلغ سبع سنين واذا بلغ عشر فاضربوه عليها)) واتە: فەرمانی نوێژكردن بەسەر منداڵەكانتاندا بدەن لە تەمەنی حەوتساڵیداو لە تەمەنی دە ساڵیدا لێیان بدەن لەسەر نەكردنی.

هەروەك نوێژكردنی بۆ دەنووسرێت، نوێژنەكردنی لەسەر نانووسرێتو حەجكردنی بۆ دەنووسرێت بەڵام لەسەری فەرز نەكراوەو حەجی فەرزی لەسەر دەمێنێت.

زۆرێك لە زاناكان پێیان وایە ماڵی هەتیو زەكاتی دەكەوێتو مەحاڵە پاداشتی چاكەی لەسەر وەرنەگرنەوە، بەڵكو قەڵەمیان لەسەر هەڵگیراوە لە كردنی گوناهو سەرپێچیەك كە خۆیان پێی هەڵسابن، ئەی نابینن هەر سامانێك لەناوبەرن پێیان دەبژێردرێتو هەروەها لە مەسەلەی كوشتنو خوێندا، بە عەمدیش كەسێك بكوژن بە هەڵە (خطأ) بۆیان دەنوسرێتو خوێنەكەی لەسەر ئەوانەیە كە خوێنی گەورەكان دەبژێرن.

چوارەم:

زانایان ئەم فەرموودەیە دەهێننەوە لەسەر بەڵگەی ئەوەی كە منداڵ هەستێت بە هەر كارێك لەو كارانەی داری حەدیان لەسەرە، حەدی لێ نادرێت وەك زیناو دزیو هتد.

---

١ صحيح ابن خزيمة (٣٤٩/٤).

٢ الاستذكار (٣٩٨/٤).

* (إبن جريج) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: عبدالعزیزی كوڕی عمر ئاگاداری كردم كە لە نامەیەكی عمری كوڕی عبدالعزیزدا كە لە عمری كوڕی خطابەوە دەستی كەوتبوو تیایدا نووسیبوی: (نە تۆڵەسەندنەوەو نە كوشتن‌و نە لێدانی داری حەد هەیە لە بریندارکردندا، تۆڵەسەندنەوەو لێدانی منداڵ نیە ئەوانەی كە نەگەیشتوونەتە حەدی بالقبوون تا وایان لێ دێت بزانن ئیسلام چی بۆ داناون‌و چیشی لەسەر داناون).[١]

* سوفیانی سەوری (رەحمەتی خوای لێ بێت): (تۆڵە ناكرێتەوە مەگەر لە كەسێك باڵق بووبێت، فەرموودە هاتووە لەسەر ئەمە)[٢]

زیاتر لە یەك كەس كۆدەنگی زانایانی لەم بارەیەوە بۆمان گواستۆتەوە.[٣]

پێنجەم:

تەمێكردنی منداڵ:

هەموو زانایان لەسەر ئەوەن كە منداڵ ئەگەر یەكێك لەو كارانەی ئەنجام دا كە داری حەدی لەسەرە، ئەوە سزایەی لەسەر جێ بەجێ ناكرێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە كە وازی لێ دەهێنرێت‌و سزا نادرێت لەسەر كارە چەپەڵ‌و هەڵەشەكانی، بەڵكو لە ئیسلامدا سزای –تەعزیر– ی هەیە كە منداڵەكەی پێ تەمێ دەكرێت– لەسەر ڕای هەموو زانایان.[٤]

شەشەم:

ئەگەر منداڵ تاوانێكی كرد كە شایستەی داری حەدبوو، بەڵام گومان هەبوو لە باڵقبوونیدا چی لێ دەكرێت؟

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە ئەبوبەكری صدیق (خوا لێی ڕازی بێت) منداڵێكیان هێنایە بەردەستی كە دزی كردبوو، بەڵام باڵقبوونی ڕوون نەبوو، بۆیە بە بست پێوای‌و ئەوەندەی پەنجەیەكی كەمتر بوو، دەستی نەبڕی‌و بەرەڵای كرد).[٥]

---

١ رواه عبدالرزاق (١٨٠٦٤).

٢ رواه عبدالرزاق (١٨٠٦٧).

٣ الاستذكار (٨/٥٦–٥٧). المغني (١١/٤٨١) .

٤ سەیری (منهاج السنة) بكە (٦/٤٩) ابن تيمية.

٥ رواه ابن أبي شيبه (٨٢٠٤).

* عبداللەی کوڕی عمر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: (ئەگەر منداڵ کارێکی وای کرد شایانی داری حەد بێتو گومان هەبوو لە گەورەبوونیدا، سەیری بەری بکەن بزانن موی کردووە یان نا)[١] واتە ئەگەر وابوو ئەوە گەورەیەو منداڵ نیەو حەدی خوای لێ دەدرێت.

* محمدی کوڕی یەحیای کوڕی حەبان دەڵێ:کوڕێکی لاساریان هێنایە خزمەت عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) کە بە شیعرەوە قسەیەکی زۆر ناشیرینی بە ژنێك وتبوو بە جۆرێك کە دەیووت وام لەگەڵیدا کردووە ! عمر فەرمووی: شەرواڵەکەی لابەنو سەیری عەورەتی بکەن، ئەوانیش سەیریان کرد دەبینن مووی لێ نەهاتووە، ئەویش فەرمووی: ئەگەر مووی لێ بهاتایە داری حەدم لێ دەدا،[٢] واتە حەدی (قذف).

حەوتەم:

منداڵ بە ئەنقەستو بەویستی خۆی تاوانێکی کرد، لەبەر منداڵیەکەی حوکمی (خطأ)و هەڵەی دەدرێت بەسەرداو تۆڵەی لێ ناکرێتەوە.

* پێشەوا (الزهري) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (سوننەت هەر وابووە کاری (عمد)و بە ئەنقەستی منداڵ بەهەڵە بۆی دادەنرێت)[٣]

* پێشەوا (مالیك) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەوەی کە هەموومان لەسەری کۆکین ئەوەیە کە منداڵان لەنێوان خۆیاندا تۆڵەیان لێ ناکرێتەوە، کارە ئەنقەستەکانیان بە هەڵە ژمار دەکرێت لەسەریان، مادام باڵق نەبوونو داری حەدیان لەسەر واجب نەبوبێت، منداڵ هەر کەسێك بکوژێت بە کوشتنی هەڵە بۆی هەژمار دەکرێت.[٤]

* (ابن عبدالبر) دەڵێت: (تۆڵەکردنەوە نیە لەنێوان منداڵاندا، ئەمەش جێگای جیاوازیو ناکۆکی نیە لەنێوان زانایاندا).

واتە: کاری بە ئەنقەستی منداڵ بە هەڵە دادەنرێتو خزمو هۆز خوێنەکەی بۆ دەدەن، ئەو منداڵەی کە هەڵەی لەسەر تۆمار دەکرێت منداڵێکە تەمیزی پەیداکردبێتو

---

١ السنن الكبرى (بيهقي) (٥٨/٦).
٢ رواه ابن ابي شيبه (٨٢٠٣)، والبيهقي في (الكبرى) (٥٨/٦).
٣ رواه عبدالرزاق (١٨٠٦٨).
٤ الموطأ (٨٥٢/٢).

بە ئەنقەستیش کردبێتیو ئەگەر وانەبێت منداڵی شیرەخۆرە یان تازە پێگرتووە هەرچیەك بکات لێی ناگیرێتو وەك گیانلەبەرێك (پشیلە)یەك وایە زیانێکی دابێت هەروا دەڕوات).[١]

منیش دەڵێم: ئەگەر منداڵێك دای لە کەسێكو ئەندامێکی لەشی قرتاند، یان کەسێکی کوشت، ئیتر فامدار بێت یان نەفام تۆڵەی لێ ناکرێتەوە لە دروستترین وتەی زانایاندا، بەڵام خوێنەکەی واجبەو دەبێت لە پارەی خۆی خوێنەکەی بدرێت، بەڵام ئەگەر خوێنەکەی لە (٣/١)ی خوێن زیاتر بوو، دەبێت خزمەکانی بچنە ژێر ئەو پارەیە کە هەموو خزمەکانە لەلای باوکیەوە (عصبە)و هەروەك چۆن ئەگەر خوێنی تەواوبوو هەر ئەوان دەیدەن چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا بە هەڵە بۆی دەنووسرێت).

هەشتەم:

منداڵ کاتێك زیانێکی ماڵی بە کەسێك دەگەیەنێت:

ئەگەر ئەو کارە منداڵەکە بە حەزی خۆیو بە ئەنقەست کردبێتیو کەمتەرخەمی خاوەن ماڵەکەی تێدا نەبوو، ئەوە دەبێت لە ماڵی منداڵەکە ببژێررێت، لەسەر ڕای هەموو زانایان.

* (ابن تیمیە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: ((رفع القلم عن الصبي حتى يحتلم)) مەبەست لەوەی قەڵەمی تاوانی لەسەر هەڵدەگیرێت نەك قەڵەمی بژاردن ئەمەش بەکۆی دەنگی هەموو موسڵمانان، کە ئەگەر کەسێك بکوژن یان ماڵێك بەزایە بدەن دەبێت بیبژێرن، لەسەر ئەوەش کۆکن کە –شێتو منداڵ– لەپارەی خۆیان زیانیان دەبژێرن وەك مەسروفکردن وایە بەڵام لە زەکاتدا جیاوازیان هەیە).[٢]

* (ابن قیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: پەیوەستکردنی نێوان ماڵ بەزایەدانو بژاردن وەك پەیوەستکردنی حوکمەکانە بە هۆکارەکانەوە، ئەوەش

---

١ الاستذكار (ابن عبدالبر) (٨/٥٦–٥٧).

٢ منهاج السنة (٦/٤٩).

پێداویستیەکی دادپەروەریەو بەرژەوەندی بەوە نەبێت نایەتەدی، هەروەك چۆن پێویستی کردووە لەسەر کوشتنی هەڵە خوێنەکەی، بۆیە تەمەن و باڵغبوون دەوری نیە تیایداو شێت و منداڵ و خەوتویش هەرچی بەزایە بدەن پێیان دەبژێرێت، ئەمەش لەو یاسایانەیە کە بەبێ ئەو یاسایانە بەرژەوەندی خەڵکی تیادەچێت و ئەگەر پێیان نەبژێردرێت ئەوە خەڵکی هەندێکیان ماڵ و سامانی ئەوانی تر لەناودەبەن و دەشڵێن: بە هەڵە کردم و مەبەستم نەبوو زیانی لێ بدەم).[1]

بەلام ئەگەر کەمتەرخەمی و دەستی خاوەن ماڵەکەی تێدابوو، وەك ئەوەی خۆی بە ئەمانەت لەلای دایبنابوو یان بە قەرز پێی دابوو یان پێی فرۆشتبوو، لە وتەی دروستی زانایان منداڵەکە تاوانبار نیەو پێی نابژێردرێت، چونکە هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵ منداڵدا کردووە بە هەموو ڕەزامەندیەکەوە والله أعلم.

* سوفیانی سەوری (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ئەگەر کاڵایەکت بە ئەمانەت لەلای منداڵێك داناو ئەویش سوتاندنی، ئەو منداڵە هیچی لەسەر نیە، بەڵکو تۆ خۆت فەوتاندووتە کە داوتە دەستی منداڵان)[2]

نۆیەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە (لەشگران بوون) نیشانەی باڵقبوون و گەورەبوونە.

* * *

١ اعلام الموقعين (٢/١٥٧-١٥٨).

٢ رواه ابن المقرى له (معجم)دا لا(٣٥١).

فەرموودەی حەڤدەیەم

منداڵ کەی میراتی دەکەوێت

عن جابر بن عبدالله والمسور بن مخرمة (رضي الله عنهم) قالا: قال رسول الله ((لاَ يَرِثُ الصَّبِيُّ حَتَّى يَسْتَهِلَّ صَارِخًا))، قال: وَاسْتِهْلَالُهُ: أَنْ يَبْكِيَ أَو يَصِيحَ أَوْ يَعْطِسَ)).

دەرهێنانی فەرموودەكە:

إبن ماجه (٢٧٥١) و (ابن ابی الدنیا) لە (العیال) (٤١٣)داو (الطبرانی) (٢٠/٢٠-٢١)(٢٣) ڕیوایەتیان کردووەو فەرموودەیەکی صەحیحە.

ئەو فەرمان و ئادابانەی لە فەرموودەكە وەردەگیرێت:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆرپە ئەگەر بە زیندوویی لەدایك بوو بەشە میراتی دەکەوێت، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەش کە دەفەرموێت:

* (أبو هريره) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((إذا استهل المولود وُرِّثَ))[1] واتە: هەر کاتێك منداڵ نیشانەی زیندوویی پێوە دیار بوو لەکاتی لەدایکبووندا ئەوە بەشە میراتی دەکەوێت.

* (أبو عبيد) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: استهلال واتە: دەرکەوتنی ژیان مەبەستی فەرموودەکە ئەوەیە نیشانەیەکی وای لێ دەربکەوێت لەکاتی لەدایکبووندا کە بەڵگەی ژیانی بێت.

دووەم:

(بە هاواری دەنگی منداڵ دەڵێن (استهلال) لەڕاستیدا خەڵکی کە مانگ دەبینن هاوار دەکەن، هەر بەو شێوەیەش خەڵکی گوێیان لە دەنگی منداڵەکە دەبێت بۆ یەکەم جار هەموو لە خۆشیاندا هاوار دەکەن).[2]

---

١ رواه أبوداود (٢٩٢٠) و(ابن ماجة) (٢٧٥٠) واسناده صحيح.

٢ المغني (١٨١/٩).

سێیەم:

زانایان لەسەر ئەوە یەكن: كە منداڵ ئەگەر بە گریان یان هاوار یان پژمین نیشانەی ژیانی لێ دەركەوت میراتی دەبات‌و میراتیشی لێ دەبرێت چونكە ئەم نیشانانە تەنها لە زیندووەو دەردەچێت.

چوارەم:

زانایان لە مەسەلەی جوڵەی منداڵدا جیاوازیان هەیە كە ئایا بەڵگەی ژیانی كۆرپەلەیە كە میراتی بكەوێت‌و لێی ببرێت بەو هۆیەوە؟

ئەوەی دروستە (صحیح) لەلای زۆربەی زاناكان ئەوەیە كە جگە لە (استهلال) جوولە و هیچ شتێكی تر دەوری نیەو كاری پێ ناكرێت وەك چۆن فەرموودەكەی جابر (خوای لێ ڕازی بێت) ئەوەی دەگەیاندو ئەوەش دەقێكەو ناكۆكی ناهێڵێ، مانای فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) ((إذا استهلَّ المولود وُرِّثَ)) واتە ئەگەر ئیستهلالی كرد میرات دەبات مانای وایە ئەگەر ئیستهلال نەكات میرات نابات..

ئەمە ڕای (إبن عباس)و حسن كوڕی عەلی‌و أبوهریرەو جابر (خوایان لێ ڕازی بێت)و هەروەها لە تابعین: سەعیدی كوڕی موسەیب‌و عەتاو شورەیح‌و حسن‌و ابن سیرین‌و نەخەعی‌و شەعەبی‌و ڕەبیعە یەحیای كوڕی سەعیدو (أبو سلمە)ی كوڕی عبدالرحمن‌و مالك‌و أبوعبیدو ئیسحاق‌و أحمدیش لە ڕای مەشهوریدا (ڕەحمەتی خوا لە هەر هەموویان بێت).[1]

لە بەرامبەردا ئەم ڕایەی جمهوری زانایاندا ڕایەكیش هەیە كە دەڵێ جوڵە جێگەی ئیستهلال دەگرێتەوە، ئەمەش بۆچوونێكی لاوازە چونكە جووڵە جاری وا هەیە مردویش دەیكات‌و گۆشت دەخزێت بە تایبەت لە جێیەكی تەسكەوە بچێتە جێیەكی فراوان دەجووڵێ‌و مەرجیش نیە زیندو بێت نازانێت ئایا ئەم جوڵەیە هی زیندوویەتیە یان وەك چۆن هەندێك گۆشت لەپاش سەربڕینی حەیوانەكەش پل دەدات‌و دەجوڵێ.[2]

---

١ سەیری (مصنف)، ابن أبی شیبە بكە (١١/٣٨٢-٣٨٥). المغنی (٩/١٨٠-١٨١).

٢ مصنف عبدالرزاق (٣/٥٢٩-٥٣٣).

پێنجەم:

وەك پێشتر باسی حوكمی نوێژی لەبارچوومان كردو (صحیح) وایە ئەگەر گیانی تێ كەوتبوو كە دوای چوار مانگو دە ڕۆژ لە سكی دایكیدا بێت نوێژی لەسەر دەكرێت.

*　　*　　*

فەرموودەی هەژدەیەم

خەرجی منداڵان

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: دخلت هند بنت عُتبة (إمراة أبي سفيان) (رضى الله عنهما) على رسول الله (ﷺ) فقالت: يارسول الله ، ان أبا سفيان رجل شحيح، لايعطيني من النفقة مايكفيني ويكفي بنيَّ، الا ماأخذت من ماله بغير علمه، فهل عليّ في ذلك من جناح؟ فقال رسول الله (ﷺ): ((خُذِى مِنْ مَالِهِ بِالْمَعْرُوفِ مَا يَكْفِيكِ وَيَكْفِى بَنِيكِ))

واتە: عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: هیندی کچی عوتبەی خێزانی ئەبو سفیان (خوا لە هەردوکیان ڕازی بێت) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)و عەرزی کرد کە ئەبوسفیان پیاوێکی ڕەزیلە (بخیل)و ئەوەندەم پێ نادات بەشی خۆمو منداڵەکانم بکات مەگەر بە دزی خۆیەوە لێ ببەم، ئایا گوناهبار دەبم؟

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بە شێوەیەکی جوان پارەی لێ ببە ئەوەندەی بەشی خۆتو منداڵەکانت بکات).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (٣٩/٦،٥٠،٢٠٦)و بوخاری (٥٣٦٤)و (٥٣٧٠)و موسلیم (٤٤٩٧) دەقەکەش هی ئەوە، و أبوداود (٣٥٣٢)و ابن ماجه (٢٢٩٣)و الدارميّ (٢٣٠٥).

ئەو فەرمانو ئادابانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە لەسەر پیاو واجبە خەرجو مەسروفی منداڵەکانی بکێشێت، (الدرامي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) باسێکی ناوناوە (باسی خەرجی پیاو بۆ ماڵو منداڵەکانی) و هەموو زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن.

* (ابن منذر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: هەموو زانایان لەسەر ئەوەن کە ژیاندنی منداڵی بچوك لەسەر باوکەکە پێویستە ئەوانەیان خۆیان پارەیان نیە.[١]

دووەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە پیاو ئەگەر کەمتەرخەمیو چرووکی کرد لە مەسروفو خەرجی منداڵەکانی ئەوە بۆ خێزانەکەی هەیە بەبێ پرسی خۆی لە پارەکانی بباتو بەپێی پێویست خەرجی بکات بۆ خۆیو منداڵەکانی.

سێیەم:

مەسروفو خەرجی ماڵو منداڵ گەورەترین خێرەو بەرزترین بەندایەتیە کە مرۆڤ لە قیامەتداو لەلای پەروەردگاری پاداشتی چاکەی دەدرێتەوە لەسەری:

* (مقدام)ی کوڕی (معَدي) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ما أطعمت نفسك فهو لك صدقة، وما أطعمت ولدك فهو لك صدقة، وما أطعمت زوجتك فهو لك صدقة، وما أطعمت خادمك فهو لك صدقة))[٢]

واتە: ئەو خواردنەی بەخۆتی دەدیت خێرت بۆ دەنووسرێت لەسەری، ئەو خواردنەی بە منداڵەکەتی دەدیت خێرت دەگات لەسەری، ئەو خواردنەی بە خێزانتی دەدیت بۆ تۆ دەبێتە خێرو چاکە، ئەو خواردنەشی دەدیت بە خزمەتکارەکەت بۆ تۆ دەبێتە خێرو چاکە.

* (ثوبان) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((أفضل دينار ينفقه الرجل، دينار ينفقه على عياله..))[٣].

---

١ الاجماع لا(١١٠).

٢ رواه أحمد (١٣١/٤) والبخاری في (الادب المفرد) (٨٢،١٩٥) اسناده صحيح.

٣ رواه مسلم (٢٢٧٣).

واتە: باشترینو گەورەترین پارەیەك كە پیاو خەرجی بكات، ئەو دینارەیە كە بۆ ماڵو منداڵەكەی خەرج دەكات.

* (أبو قلابە)یش لەسەر ئەم فەرموودەیە دەفەرموێت: لە ماڵو منداڵەوە دەست پێ دەكات، دەی چ پیاوێك لەوە بەڕێزترو گەورەترە كە سامانی خەرج دەكات بۆ بەخێوكردنی منداڵە بچوكەكانیو لە دەست پانكردنەوە دەیانپارێزێتو بە خاوێنی دەیان هێڵێتەوە.

* (أبو هريره) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((دينار أنفقته في سبيل الله، ودينار أنفقته في رقبة، ودينار تصدقت به على مسكين، ودينار أنفقته على أهلك، أعظمها أجراً الذي أنفقته على أهلك))[1]

واتە: دینارێك لە پێناوی خوادا خەرجی بكەیتو دینارێك بەندەیەكی پێ ئازاد بكەیت، دینارێك بدەیت بە هەژارێك، دینارێك بۆ ماڵو منداڵەكەتی خەرج بكەیت، گەورەترین پاداشت لەلای خوا بۆ ئەوەیە كە لە پێناوی منداڵەكانتدا خەرجی دەكەیت.

* دایكی باوەڕداران (عائیشە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ژنێكی هەژار كە دوو منداڵی پێبوو هات بۆ لامو منیش (٣) دەنكە خورمام پێدان، ئەویش یەكی دانەیەكی پێدانو ئەوان ئەوەی خۆیان خوارد، ئەویش ویستی ئەوەی خۆی ببات بۆ دەمیو بیخوات، كەچی گەڕاندیەوەو كردی بە دوو لەتەوەو یەكی لەتێكی دا پێیان، من زۆر سەرسام بووم بەو كارەی، پاشان بۆ پێغەمبەری خوام گێڕایەوە (ﷺ) ئەویش فەرمووی: ((ان الله قد أوجب لها بها الجنة أو اعتقها بها من النار))[2]

واتە: خوای عزوجل بەهۆی ئەم كارەیەوە بەهەشتی پێ دەبەخشێت یان لە ئاگری دۆزەخ دەیپارێزێت.

---

١ رواه مسلم (٢٢٧٤).

٢ رواه مسلم (٦٧٨٧).

* مسلم دەڵێ: من لە بازار گەڕامەوە (معاویە)ی کوڕی (قرة)م پێ گەیشت لێی پرسیم: چیت دەکرد لەوێ؟ وتم: شتو مەکم بۆ ماڵو منداڵەکەم کڕی، فەرمووی: بە حەڵاڵ دەستت کەوتووە؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: (لأن اغدو فیما غدوت بە کل یوم، أحبُّ اليَّ من أن أقوم اللیل وأصوم النهار)[1]

واتە: ئەوەی تۆ بۆی ڕۆیشتوویت من هەموو ڕۆژێك بۆی بڕۆم پێم خۆشترە لەوەی بە شەو شەونوێژ بکەمو بە ڕۆژیش بەڕۆژووبم.

* (عبدالقوی) دەڵێ: ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم نامەی نووسی بۆ (عبّاد)ی کوڕی (کثیر) لە مەککەو پێی وت: تەوافو حەجو سەفاو مەروەت وابزانە سەرخەو شکاندنێکی موجاهیدێکە لەپێناوی خوادا، ئەویش لە وەڵامدا بۆی نووسی: ئێشکگریو غەزاو جیهادەکەت وابزانە سەرخەو شکاندنێکی کاسبی کارێکە بۆ بەخێوکردنی ماڵو منداڵەکەی.[2]

* (سوفیانی سەوری)یش (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (علیك بعمل الابطال، الکسب من الحلال والانفاق علی العیال)[3] واتە: کردەوەی پاڵەوانەکان ئەنجام بدە: کردنی کاسبی حەڵاڵو خەرجکردنی لەپێناوی ماڵ منداڵ.

* ئەحمدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: گریانی منداڵ لەبەر دەستی باوکیدا بۆ پارەو خواردن خۆشترە لەلای خوا لە هەر شتێکی تر ببیێت لەبەر دەستیدا.[4]

---

١ رواه أبو نعیم في (الحلیة)دا (٢/٣٠٠٠٠).

٢ رواه أبو نعیم في (الحلیة)دا (٨/١٩).

٣ رواه الخطیب (الجامع الراوي واداب السامع) (٤٨).

کتاب الورع (٤٢٩). (الاء الصبي بین یدي أبیه متسخطاً یطلب منه خبزاً، أفضل من کذا زکذا ٤یراه الله بین یدیه).

چوارەم:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە گوناهباری داناوە ئەو کەسانەی پارەو خواردن لە ماڵو منداڵیان دەگرنەوە:

* عبداللەی کوڕی عەمر (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((كفى بالمرء اثماً أن يحبس عمَّن يملك قوته))[1] واتە: بەسە مرۆڤ ئەوەندە گوناهی هەبێت کە پارە بگرێتەوە لە ماڵو منداڵەکەیو مەسروفیان نەکات.

پێنجەم:

لە ڕەوشتی سەردەمی نەفامی پێش ئیسلام ئەوەبوو منداڵەکانیان لەناوبردووەو دەیانکوشتن لەبەر ئەوەی خەرجیان نەکێشن.

* خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ۚ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْـًٔا كَبِيرًا ﴾[2] واتە: منداڵەکانتان مەکوژن لە ترسی هەژاری، ئێمە ڕۆزی ئەوانیشو ئێوەش دەدەین، کوشتنی ئەو منداڵانە تاوانێکی زۆر گەورەیە.

* (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (املاق) واتە هەژاری، لەترسی فەقیریو نەبوونی منداڵەکانیان لەناودەبرد.[3]

* عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چ تاوانێك گەورەترین گوناهە؟ فەرمووی: ((أن تجعل لله نداً وهو خلقك)) واتە: هاوبەش پەیدابکەیت بۆ خوا کە دروستی کردوویت، وتم: پاشان چی تر؟ فەرمووی: ((ان تقتل ولدك خشية أن يأكل معك)) واتە: منداڵەکەت بکوژیت لە ترسی ئەوەی لەگەڵت نان

---

[1] رواه مسلم (٢٢٧٥).

[2] الاسراء (٣١).

[3] (طبري) لە تەفسیرەکەیدا ڕیوایەتی کردووە (٨/٨٢).

بخوات، وتم: ئەی پاش ئەوە؟ فەرمووی: ((أن تزني حليلة جارك)) واتە: زیناکردن لەگەڵ کچی دراوسێکەت.[1]

* عەلی کوڕی بەکار دەڵێ: پیاوێك سکاڵای خۆی هێنا بۆ لای ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم (رەحمەتی خوای لێ بێت) وتی: چیم لێ دەکەی منداڵم زۆرەو فریایان ناکەوم؟ ئیبراهیم فەرمووی: ئەی برای خۆم، کام لەو منداڵانەی لە ماڵەکەی تۆدانو ڕزقیان لەسەر خوا نیە بینێرە بۆ ماڵەکەی من.[2]

* * *

١ رواه البخاري (٦٠٠١) ومسلم (١٧١).

٢ رواه البيهقي له (شعب الايمان)دا (١٣٣٣)ء (ابن عساكر في تأريخه) (٦/٣٤٥).

فەرموودەی نۆزدەهەم

شیرپێدانی منداڵان:

عن أبي امامة الباهلي (ﷺ) قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ((بَيْنَا أَنَا نَائِمٌ إِذْ أَتَانِي رَجُلَانِ فَأَخَذَا بِضَبْعَيَّ فَأَتَيَا بِي جَبَلاً وَعْرًا فَقَالاَ لِيَ : اصْعَدْ حَتى إذَا كُنتُ فِي سَوَاء الجَبَل، فَإِذَا أَنَا بِصَوت شَدِيد، فَقُلْتُ: مَا هَذِهِ الأَصْوَاتُ قَالُوا : هَذَا عُوَاءُ أَهْلِ النَّارِ ، ثُمَّ انْطُلِقَ بِي فَإِذَا أَنَا بِقَوْمٍ مُعَلَّقِينَ بِعَرَاقِيبِهِمْ، مُشَقَّقَةٌ أَشْدَاقُهُمْ، تَسِيلُ أَشْدَاقُهُمْ دَمًا، فَقُلْتُ : مَنْ هَؤُلَاءِ فقيل: هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يُفْطِرُونَ قَبْلَ تَحِلَّة صَوْمِهِمْ، ثُمَّ انْطُلِقَ بِي فَإِذَا بِقَومٍ اشدّ شَيءٍ إنتِفَاخاً، وانتنهُ رِيحاً، وَاسوئه منظراً، فَقُلتُ مَنْ هَؤُلَاء ؟قيلَ: الزانون وَالزَوانـي، ثُمَّ انْطُلِقَ بِي فَإِذَا بِنِسَاءٍ تنهش ثَدِيهنَّ الحيّات، فَقُلتُ مَا بَال هؤلاء؟ قيلَ هَؤُلاء اللاتي يَمنعنَ أولادهُنّ البَانهنّ، ثُمَّ انطُلِقَ بِي فَإِذَا أَنا بِغلمَان يَلعَبُون بَينَ نَهرَين، فَقُلتُ مَن هَؤُلاء؟ فقيل هؤلاء ذَرارِي المُؤمِنِين، ثُم شرف بي شرفاً، فَإِذَا أَنَا بِثَلاثَة يَشربُونَ مِن خَمر لَهُم، فَقُلتُ: مَن هؤلاء؟ قَالُوا: هذَا ابرَاهِيم وَمُوسَى وَعِيسَى وَهُم يَنتَظِرُونك)).

واتە: (أبو امامە الباهلی) (خوا لێـی ڕازی بێـت) دەفـەرموێت: گـوێم لـە پێغەمبـەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: لە خەودابووم‌و دوو کەس هاتن‌و قۆڵیان گرتم‌و بردمیان، تا گەیاندمیانە لای کێوێکی زۆر سەخت‌و لێژ، پێیـان وتم: ئـادەی سـەرکەوە بەسـەر ئـەو کێوەداو تا سەرەوە نەوەستی، منیش گوێم لە هاوارو ناڵەیەکی زۆربوو، پرسـیم: ئەمـە هاواری کێیە؟ وتیان: ئەمە هاوارو ڕۆڕۆی جەهەننەمیەکانە! پاشان بردمیـان‌و گەیـشتم بە کەسانێك بە پاژنەی پێ هەڵواسرابوون‌و کاکیلەیان دوو کەرت کرابـوون‌و خوێنیـان لێ دەچۆڕا، وتم: ئەمانە کێن؟ وتیان: ئەمانە ئەو کەسانەن کـە پـێش وادەی خـۆی ڕۆژوو دەشکێن.

پاشـان بردمیـان‌و کەسـانێکی تـرم بینـی زۆر ئاوسـابوون‌و بۆنیـان نـاخۆش بـووو چـێرەیان زۆر تـاڵ بـوو، وتم: ئەمانـە کـێن؟ وتیـان: ژنـان‌و پیـاوانی شـەرواڵ پـیس‌و

زیناکەرانن. پاشان بردمیان تا گەیشمە کۆمەڵێك ئافرەت کە مار پەلاماری مەمکەی دەدان‌و بۆی دەڕنین! وتم: ئەی ئەمانە چیان کردووە؟ وتیان: ئەمانە ئەو ئافرەتانەن کە نەیان هێشتووە کۆرپەکانیان مەمکیان بمژن‌و شیر بخۆن.

پاشان بردمیان تا کۆمەڵێك منداڵم بینی لەنێوان دوو ڕووباردا یاریان دەکرد وتم: ئەمانە کێن؟ وتیان: ئەمانە منداڵانی موسڵمانانن (بە منداڵی مردوون) هەر کتوپڕ سێ کەسم کەوتە بەرچاو عەرەقیان دەخواردەوە (عەرەقی پاك) وتم: ئەی ئەمانە کێن؟ وتیان: پێغەمبەر ابراهیم‌و موساو عیسان‌و چاوەڕوانی هاتنی تۆ دەکەن (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

ابن خُزیمە (١٩٨٦) و ابن حبان (٧٤٩٤)و الطبرانی لە (المعجم الکبیر)دا (١٥٥/٨-١٥٧) و الحاکم (٤٣/١) بەکورتی ئەمانە ڕیوایەتیان کردووە حاکمیش دەڵی: لەسەر مەرجی مسلم صحیحەو فەرموودەکەش ئیسنادەکەی صحیحە.

ئەو فەرمان‌و ئادابانەی فەرموودەکە دەیبەخشێت:

یەکەم:

لە فەرمودەکەدا هەڕەشەیەکی گەورەی تێدایە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ناهێڵن کۆرپەکانیان شیریان بخۆن.

مەسەلەیەك: شیرپێدانی منداڵ لەسەر کێ واجبە؟ زاناکان لەمەدا جیاوازیان هەیە، ئەوانەی دەڵێن واجبە لەسەر دایك شیر بدات بە منداڵەکەی ئەم فەرمودەیە بە بەڵگە دەهێننەوە، هەروەك ئەم ئایەتەش دەهێننەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ﴾[1].

[1] البقرة (٢٣٣).

بەڵام جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن كە فەرز نیە لەسەر دایك شیربدات بە كۆرپەكەی مەگەر لە سێ حاڵەتدا نەبێت:

١- كەسی تر نەبێت شیری پێ بدات، هیچ هۆكارێكی بەدەستەوە نەبێت بۆ شیر پێ نەدانەكە.

٢-كەسی تر هەبێت بەڵام منداڵەكە شیری كەسی تر نەخوات.

٣- نە كۆرپەكەو نە سەرپەرشتیارەكەشی توانای مادی شیرپێدانیان نەبێت لەلایەن دایەنەوە.

بە ئایەتێكی قورئانیش بەڵگە لەسەر قسەكەی خۆیان دەهێننەوە كە دەفەرموێت: ﴿وَإِن تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُۥٓ أُخْرَىٰ﴾[1] ئەوەتا خوای گەورە زۆری لێ نەكردووە كە هەر دەبێت شیر بدات بە منداڵەكەی.

* (ابن قدامە) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (شیرپێدانی منداڵ لەسەر باوكە، بۆی نیە زۆر لە دایكەكە بكات كە شیر بە منداڵەكەی بدات ئیتر با كەنیزەك بێت یان ئافرەتی سەربەست، ژنی خۆی بێت یان تەڵاقدراو، ئەگەر تەڵاق دراو بێت ئەوە لەسەر ڕای هەموو زانایان لەسەری نیە شیری پێ بدات، لەلای ئێمەش ئەو ژنەشی لەلای پیاوەكەیە هەر زۆری لێ ناكرێتو (الثوری)و (الشافعی)و (أصحاب الرأی) لەسەر ئەم ڕایەن.

بەڵام لەلای (إبن أبی لیلی)و (حسن بن صالح) پێیان وایە دەتوانێت زۆر لە ژنەكەی بكات بۆ شیرپێدانی، (الثوری) لە وتەیەكیداو (مالك)یش لە ڕیوایەتێكیدا هەروا دەڵێن. چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ﴾.

پێشەوا (مالك) (رەحمەتی خوای لێ بێت) ڕایەكی نێوانی هەیە كە دەڵێت: ئەگەر ئافرەتەكە لە ئاست بەرزو شەریفەكان بوو، وێنەی ئەو شیری بە منداڵ نەدەدا ئەوە

---

[1] الطلاق (٦).

نابێت زۆری لێ بكرێت بەڵام ئەگەر ئافرەتێكی ئاسایی بوو هاووێنەكانی شیریان دەدا بە كۆرپەكانیان ئەوە بۆ مێردەكەی هەیە زۆری لێ بكات.

بەلام لای ئێمە ئەو ئایەتە وەڵامی ئەمانە دەداتەوە كە لەسەری فەرز نیە ﴿وَإِن تَعَاسَرۡتُمۡ فَسَتُرۡضِعُ لَهُۥٓ أُخۡرَىٰ﴾ واتە ئەگەر نەتوانرا با كەسێكی تر شیری پێ بدات). نەتوانین واتە ناكۆكی نێوانیان...)[1]

دووەم:

ئەو حوكمانەی لەكاتی شیرپێداندا ئافرەتەكە دەگرێتەوە:

١- ڕۆژووی لەسەر لادەچێت لەو ڕۆژانەدا كە شیر دەدات بە كۆرپەلەكەی:

* ئەنەسی كوڕی مالك لە پیاوێك لە وەچەكانی عبداللەی كوڕی كەعبەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ سوارەكانیدا دایان بەسەر ناوچەكەماندا و من ڕۆیشتم بۆلای و دەبینم نان دەخوات، پێی فەرمووم: (إدن فكل) وەرە لێم نزیك ببەوە نانم لەگەڵدا بخۆ منیش وتم: بەڕۆژووم، فەرمووی پێم: (أدن احدثك عن الصوم، ان الله تعالى وضع عن المسافر الصوم وشطر الصلاة، وعن الحامل والمرضع الصوم) واتە: وەرە نزیك بەرەوە با دەربارەی ڕۆژ بۆت باس بكەم، خوای تەعالی ڕۆژووی لەسەر گەشتیار لابردووە لەگەڵ نیوەیەكی نوێژەكانو هەروەها لەسەر ئافرەتی سكپڕو شیردەر ڕۆژووی هەڵگرتووە.

دەڵێ: سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردووكیانی فەرموو، ئای داخەكەم بۆ چی لە خواردنی بەردەستی پێغەمبەرم نەخوارد!.[2]

* (ترمذي) دەڵێ: زانایان بەم فەرموودەیە كاریان كردووە.[3]

---

١ المغني (١١/٤٣٠)، (إبن أبي شيبه) و (الاشراف على مذاهب العلماء) إبن منذر (٤/١٥٠-١٥١).

٢ رواه احمد (٤/٣٤٧) والترمذي (٣١٥)و دەقەكەی هی ئەوەو دەڵێ فەرموودەیەكی (حسن)ە

٣ السنن، ترمذي (٣/٩٥).

٢-جێ بەجێ نەکردنی حوکمی زینا لەسەر ئەو ئافرەتەی کە کۆرپەی شیرەخۆرەی هەیە، تا لە شیر دەبڕێتەوە:

وەك لە فەرموودەکەی (أبو بردە)دا (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە لەسەر ئەو ئافرەتەی کە دانی بەوەدا نا کە زینای کردووەو داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد کە ڕەجمی بکاتو خاوێنی بکاتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((فاذهبي حتى تلدي)) واتە: بڕۆرەوە بۆ ماڵ تا سکەکەت دەبێت، دوای ئەوەی منداڵەکەی بوو، پێچای بە پەڕۆیەکەوەو هێنایەوە خزمەت سەروەر (ﷺ) وتی: ئەوەتا منداڵەکەم بوو!

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((اذهبي فارضعيه حتى تفطميه))[1] واتە: بڕۆرەوە شیری پێ بدە تا لە شیر دەبڕێتەوە) ژنەکە پاش ماوەیەك هاتەوەو پارچە نانێکی دابوو بە دەستی کۆرپەکەیەوەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەتا لە شیرم براندۆتەوەو نان دەخوات، پێغەمبەریش (ﷺ) منداڵەکەی دایە دەستی پیاوێك، بۆ ژنەکەش فەرمانی دا چاڵێکیان هەڵکەند بۆی تا سنگی دەهات، فەرمانی دا بە خەڵکەکە تا ڕەجمی بکەنو ئەوانیش ڕەجمیان کرد...

٣-دروستە لە ماوەی شیرداندا پیاو بچێتە لای خێزانی (الغیلة):

* (جذامة)ی کچی (وهب الاسدیه) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خوای بیستووە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((لقد هممت ان انهی عن الغیلة حتی ذکرت ان الروم وفارس یصنعون ذلك فلا یضر أولادهم))[2].

واتە: هات بەبیرمدا کە (غیلة) قەدەغە بکەم بەڵام بیرم کردەوە کە ڕۆمو فارسەکان ئەو کارە لەگەڵ خێزانەکانیان دەکەنو زیانیشی نیە بۆ منداڵەکانیان، وازم لەو بیرە هێنا.

---

١ رواه أحمد (٥/٣٤٨) ومسلم (٤٤٥١).

٢ رواه مسلم ٣٤٥٤.

* سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)و پێی وت: من ناچمە لای خێزانم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((لم تفعل ذلك؟)) واتە: بۆچی وا دەکەیت، پیاوەکەش وتی: بەزەییم بە کۆرپەکەیدا دێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لو کان ذلك ضارًا، ضرَّ فارس والروم...))[1] واتە: ئەگەر ئەوە زیانی هەبوایە (بۆ منداڵ) ئەوە زیانی لە فارس‌و ڕۆمەکان دەدا، چونکە ئەوان وایان دەکرد.

٤- دایك دەتوانێت لەکاتی نوێژدا شیر بدات بە منداڵەکەی بە مەرجێك مەمکی دەرنەکەوێت:

* حەسەن‌و ئیبراهیم نەخەعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێن: ژن دەتوانێت شیر بە کۆرپەکەی بدات لەکاتی نوێژدا.[2]

* (ابن منذر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: زاناکان جیاوازیان هەیە لەو مەسەلەیەدا (واتە شیرپێدانی منداڵ لە نوێژدا):

١- (اوزاعی) جارێك دەڵێ نوێژەکەی ببڕێت‌و جارێك دەڵێت ئەگەر پێویست بوو قەیناکات دروستە.

٢-(أبو ثور) دەڵێ: ئەگەر مەمکەکانی دەرنەکەوێت نوێژەکەی دروستە.[3]

سێیەم:

ماوەی تەواوی شیرپێدان‌و حوکمی لەشیر بڕانەوەی منداڵ پێش ئەو وادەیە:

ماوەی شیرپێدانی تەواو وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ﴾[4] واتە: دایکان بۆ ماوەی دو ساڵی تەواو شیر دەدەن بە منداڵەکانیان.

---

١ رواه مسلم (٣٤٥٤).

٢ ابن رجب لە (فتح الفارس)دا (١٤٤/٤)دا دەڵێ اسنادەکەی صحیحە.

٣ الاوسط (٢٧٨/٣).

٤ البقرة (٢٣٣).

بەڵام لە شیر بڕانەوەی منداڵ پێش ئەو ماوەیە، ئەگەر بە ڕەزامەندی دایكو باوکەکە بوو ئەوە دروستەو گوناهی نیە وەك خوای (عزوجل) دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا﴾[١].

* سوفیانی سەوری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بە مشاوەرەو ڕەزامەندی هەردوولا بوو پێش دوو ساڵەکە ئەوە دروستە وەك خوا دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ﴾و بەڵام ئەگەر ژنەکە وتی: لە شیری دەبڕێنمەوەو پیاوەکەش وتی: نەخێر، ئەوە بۆ ژنەکە نیە لە شیری ببڕێنێتەوە.[٢]

مەسەلەیکی بەسوود:

هەندێك لە سەلەفی صالح نەیانهێشتووە لەپاش دوو ساڵ شیر بدرێت بە منداڵ:

* (علقمە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) جارێکیان ئافرەتێکی بینی لەدوای دوو ساڵەکە هەر بەردەوام شیر بە منداڵەکەی دەدات پێی وت: بەسە شیری پێ مەدە ئیتر)[٣].

* (ابن كثير)یش دەڵێت: باس کراوە کە شیردان بە منداڵ لەدوای دوو ساڵ زیانبەخشە بۆی چ لە ڕووی بەدەنیەوە یان لە ڕووی عەقڵیەوە.[٤]

سوودێکی دیکە

* (ابن قيم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: (پێویستە تا کاتی ددان دەرهاتن تەنها شیری پێ بدات چونکە لەو کاتەدا گەدەیان لاوازەو توانای هەرسکردنی خواردنی

---

١ البقرة (٢٣٣).

٢ (ابن جرير) لە تەفسیرەکەیدا هێناویەتی (٢/٥٠٧).

٣ (الطبري) لە تەفسیرەکەیدا هێناویەتی (٢/٤٩٢).

٤ (ابن كثير) لە تەفسیرەکەیدا هێناویەتی (١/٦٣٥).

نیە، هەرکە ددانی دەرهات‌و گەدەی بەهێزبوو خواردنی پێ بدات چونکە حیکمەتی خوایی لەوەدایە کە ددان دەرکردنی دوادەخات تا کاتی پێویستی بە خواردنەو بەزەییشە بە دایکەکەدا کە ددانی نیە گازبگرێت لەسەر گۆی مەمکەکانی دایکی)[1].

چوارەم:

منداڵ دانەدەست شیرپێدەری تر جگە لە دایکی خۆی:

عادەتی عەرەب وابووە لە سەردەمی نەفامی‌و ئیسلامیشدا کە منداڵەکانیان بنێرن بۆ لادێ‌و بیدەنە دەستی دایان ئەمەش لەبەرئەوەی منداڵەکە ڕەسەن دەربچێت‌و مێشکی خاوێن‌و دوور لە تەمەڵی بێت‌و بەهۆی ژیانیان لەو لادێیانەدا زمانیان بە عەرەبی پاراو ڕادەهات‌و دوور دەبوون لە (لحن) واتە: نەزانینی دەربڕینی وشەکان.

* ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((ولد لي الليلة غلام فسميته باسم أبي ابراهيم)) واتە: ئەم شەو کوڕێکم بوو ناوم لێنا ابراهیم بە ناوی باوکم ئیبراهیم پێغەمبەرەوەو پاشان دایە دەستی (ام سیف) کە هاوسەرەکەی ناوی قەین بوو، ئەبو سوفیان پێی دەگوت: (قەین أبو سیف) بوو.[2]

دیسان ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (کەسم نەبینیوە بەسۆزو میهرەبان بێت لەگەڵ ماڵ‌و منداڵیدا بە وێنەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئیبراهیمی کوڕی لە دێیەکی سەروی مەدینە دابوویە دەستی دایەنێك، دەکەوتە ڕێ بۆ ئەوێ‌و ئێمەیش لەگەڵیدا دەچووین، کاتێك دەچوو ژوورەوە دەبینی پیاوەکە خەریکی ئاگر کردنەوەیە، منداڵەکەی هەڵدەگرت بە باوەشەوەو تێروپڕ ماچی دەکردو پاشان دەگەڕایەوە).[3]

---

١ (تحفة المودود) لا(٣٨٨).

٢ مسلم گێڕاویەتیەوە (٦٠٤٥).

٣ مسلم ڕیوایەتی کردووە (٦٠٩٥).

* (ابن قیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: پێویستە دایك لەدوای ڕۆژی دووەم یان سێیەم شیر بدات بە منداڵەکەی چونکە پێش ئەم کاتانە شیرەکەی خەستو خڵتەدارە، وەك شیری ئەو ژنە نیە کە دەگیرێت بۆی تا شیری پێ بدات وەك چۆن عەرەب منداڵەکانیان دەدایە دەستی دایەنەکانی بیاباننشینو پێغەمبەریش (ﷺ) درایە دەستی (حلیمه السعدیه) (خوا لێی ڕازی بێت).[1]

پێنجەم:

ئەو حوکمانەی تایبەتن بە شیرپێدانەوە جگە لە دایکی خۆی:

* (ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی کچەکەی حەمزەی مامی فەرموویەتی: ((لاتحل لي، یحرم من الرضاعة ما یحرم من النسب، هي بنت امي من الرضاعة))[2]

* بزانە کە ئوممەت هەموو لەسەر ئەوەن حوکمی شیر خواردن پڕاوپڕ وەك حوکمی دایکایەتی نیە: بۆ نموونە میرات لە یەکتر نابەن، خەرجیان لەسەر یەکتر نیە، یاسای ئازادکردنی بەندە نایانگرێتەوە، خوێن بژاردنیان لەسەر نیە، شایەتیان بۆ یەك دروستە، بە کوشتنی یەکتری تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە، بەڵکو دەستنوێژ نەشکاندنو سەیرکردنو تێکەڵی یەکتر حەڵاڵ دەکات.[3]

شەشەم:

١–دەبێت ئەو شیرپێدانە (٥) جاری جیاجیا بێتو تێری خواردبێت:

* (عائیشە) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: کە قورئان هاتە خوارەوە کاتی خۆی بە (١٠) دە جار شیرپێدانی تەواو حەرامی دەکرد، پاشان ئەو حوکمە سڕایەوەو

---

١ تحفة المودود لا(٣٨٨).

٢ بوخاری ڕیوایەتی کردووە (٢٦٤٥).

٣ الاعلام بفوائد عمدة الاحکام (١٣/٩).

بوو بە (پێنج) جاری تەواو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دنیا دەرچوو لە قورئاندا ئەم پێنج جارە کاری پێ کراوەو خوێندراوەتەوە.[1]

یەك جار یان دوو جار شیرپێدان حەرامی ناکات:

* (أُم الفضل) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پیاوێکی نەوەی عامیری کوڕی سەعسەعە دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا بە یەك جار شیر خواردن حەرام دەبێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (لا) واتە: نەخێر).[2]

لە ڕیوایەتێکی تردا فەرمووی: ((لاتحرِّم الرضعة أو الرضعتان، أو المصة أو المصتان))[3] واتە: یەك جار شیر خورادنو دوو جار شیرخواردن حەرامی ناکاتو یەك مژین یان دوو مژینیش حەرامی ناکات.

ئەم مەسەلە جێگەی مشتومڕو جیاوازیە لەنێوان زاناکاندا بەڵام ئەوەی کە زیاتر بەڵگەکان پشتگیری دەکات پێنج جار شیر خواردنی جیاجیایە وەك بەڵگەی فەرموودەکەی (عائیشە) (خوای لێ ڕازی بێت)و ئەمەش ڕای (ابن مسعود)و (ابن زبیر)و (عائیشە)یە (خوایان لێ ڕازی بێت)و هەروەها ڕای عطاو شافیعیو أحمدە لە یەکێك لە بۆچوونەکانیداو ڕای ئیسحاقە (والله أعلم).

٢- شیرپێدان لە دوای دوو ساڵیەوە کەس حەرام ناکات:

* (أُم سلمە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاتحرم من الرضاعة الا ما فتق الامعاء في الثدي، وكان قبل الفطام)).[4]

---

١ مسلم ڕیوایەتی کردووە (٢٦٤٥).

٢ مسلم ڕیوایەتی کردووە (٣٥٨٢).

٣ مسلم (٣٥٨٣).

٤ ابن ماجه لە (١٩٤٦)دا ڕیوایەتی کردووەو (ترمذي) لە (١١٥٢)دا دەڵێ: فەرموودەیەکی (حسن صحيح)ە.

واتە: ئەو شیرەی کە حەرام دەکات دەبێت ڕیخۆڵەکان بکاتەوەو پێش لەشیر بڕانەوە بێت.

* (إبن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((لا رضاع الا ماكان في حولين))[1] واتە: شیرخواردن تەنها لە دوو ساڵی یەکەمدا دەبێتو بەس.

دیسان لەم مەسەلەیەشدا جیاوازی هەیە لەنێوان هاوەڵانی پێغەمبەرو دوای ئەوانیشدا، بەڵام ڕاوبچوونی ڕاستو دروست ئەوەیە کە لە دوای دو ساڵان کەس بە شیر خواردن حەرام نابێت ئەمەش ڕای: عمرو ابن مسعودو أبوهریرەو إبن عباسو ابن عمرە (خوا لێیان ڕازی بێت) هەروەها ڕای (ابن مسیب)و (الشعبی)و (سفیان)و (الشافعی)و (أحمد)و (اسحاق)و (ابی عبید)و (ابن منذر).

حەوتەم:

زانایان پێیان خۆش بووە کە ئەو کەسەی دیاری دەکرێت بۆ شیرپێدانی منداڵ خاوەنی ڕەوشتی بەرزبێت، چونکە شیر خواردن کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی خووی مرۆڤ (طبع).

* عمری کوڕی حبیب لە پیاوێکی کەنانەییەوە کە وابزانم (عەتواری) بوو دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەلای (ابن عمر) دانیشتم (خوا لێی ڕازی بێت)و پێی وتم: تۆ لە نەوەی فلان کەسی؟ وتم: نا، بەڵام شیریان پێ داوم، ئەویش فەرمووی: لە عمری کوڕی خطابم بیستووە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمویەتی: (ان اللبن يشتبه عليه) واتە: شیر کاریگەری هەیە لەسەر لەیەکچوون.[2]

---

١ الدار قطني (٤/١٧٤).

٢ عبدالرزاق (١٣٩٥٣) و البيهقی لە (الكبری) (٧/٤٦٤) وسعيد بن منصور (٩٩٧). السنن.

* (ابن عمر) (خوا لێی ڕازی بێت) لە وتەیەكیدا دەفەرموێت:(ایاكم ورضاع السوء، فانه لابد ان یتندم یوماً ما)[١] واتە: دەخیلتان بم شیردەری خراپ شیر بە كۆرپەكانتان نەدات چونكە ڕۆژێك هەردێت شوێنەوارەكەی بە منداڵەكەتانەوە دەردەكەوێت.

* قەتادە دەڵێ: دایكی حەسەنی بەسری كەنیزەكی ئازادكراوی (أُم سلمه) بوو (خوا لێی ڕازی بێت)و ناوی (خەیره)بوو جارێك خێرە حەسەن بەجێ دەهێڵێتو بۆ كارێك دەڕواتو حەسەن دەست دەكات بە گریان (أُم سلمه)یش دەیگرێت بە باوەشەوەو شیری خۆی پێ دەدات تا دایكی دەهاتەوەو ئەویش تێری شیری (أُم سلمه)ی دەخوارد، زانایان ئەو ژیریەی حەسەنی بەصریو ڕەوانبێژیەكەی بۆ ئەو شیرە دەگێڕنەوە.[٢]

* هەندێك دەڵێن: عورفو عادەت وابووە كە ڕەوشتو هەڵسو كەوتی ئافرەتی شیردەر لە كۆرپەدا ڕەنگی داوەتەوە كاتێك گەورەبووە، هەر لەبەرئەوەیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((تخیّروا لنطفكُم)) واە: بزانن كێ هەڵدەبژێرن بۆ هاوسەری.[٣]

* (ابن قدامه) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: أحمدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە مەكروهی زانیوە شیری ئافرەتە بەدڕەوشتو باوەڕ كزەكان بخرێتە دەمی منداڵەوە، عمری كوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت)و عمری كوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویانە: (اللّبنُ یشتبه) واتە شیرپێدان لەیەك چوون دروست دەكات.

---

١ غریب الحدیث (الخطابي) (٢/١٢٠-١٢١).

٢ أبونعیم في (الحلیة)دا (٢/١٤٧) والدینوری في (المجالسة)دا (٢٤٣٥).

٣ (كشف الخفاء) (١/٤٣١).

چونکە لەوانەیە شیری بەدڕەوشتان وا لە منداڵەکە بکات بچێتە سەر ڕەوشتی شیرپێدەرەکەی‌و بە دایکی خۆی بزانێت‌و بەهۆیەوە عەیبدار دەبێت‌و زیانی لێ دەکات، مەکروهە شیری ئافرەتە گێل‌و گەمژەکان بدرێت بە منداڵ، بۆ ئەوەی منداڵەکەش گێل نەبێت، چونکە وەك دەڵێن (شیرپێدان خوو دەگۆڕێت) (والله أعلم).[1]

هەشتەم:

ئەو کۆرپەیەی لە جەنگدا لەگەڵ سوپای کافراندا دەکەوێتە چنگی موسڵمانان‌و کەسیشی نیە شیری پێ بدات، حوکمەکەی چیە؟

* (أبوبكر المروزي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: پرسیاریان کرد لە أحمدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی منداڵی کۆرپە کە دیل دەکرێت‌و کەسی نیە شیری بداتێ؟ فەرمووی: خۆ وازی لێ ناهێنرێت بەڵکو هەڵدەگیرێت‌و خواردن‌و خواردنەوەی پێ دەدرێت، ئەگەر مردیش با بمرێت دوای ئەوە.[2]

* إسحاقی کوڕی ئیبراهیم دەڵێت: پرسیارم لە (أبو عبدالله) أحمدی کوڕی حەنبەل کرد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە لە وڵاتی ڕۆم‌و لەناو ئەسیرەکاندا منداڵی ساوا هەیەو کەس نیە لە ڕێگا شیری پێ بدات ئایا لەگەڵ خۆمان بیانهێنین؟ (أبو عبدالله) فەرمووی: دەبێت بهێنرێت ئیتر با لە ڕێگەیش گیان لەدەست بدات لەگەڵ موسڵماناندا، ئەگەر ژیایش ئەوە خوا ڕۆزی دەدات لەگەڵ سوپای موسڵماناندا.[3]

نۆیەم:

فەرموودەکە ئەوەمان پێ دەبەخشێت کە منداڵی موسڵمانان لە بەهەشتن‌و لەوێ گەمەو یاری دەکەن تا ڕۆژی قیامەت.[4]

---

١ المغني (١١/٣٤٦).

٢ خەلال لە (الجامع لاحكام أهل الملك)دا هێناویەتی لا(٣٨).

٣ هەمان سەرچاوەی پێشو(٤٠)

٤ لە فەرموودەی (٢٩)دا هاتووە.

دەیەم:

ئەو منداڵەی پێش شیرخواردنی تەواو کۆچی دوایی بکات؟

لە فەرموودەی (صحیح)دا هاتووە کە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) بە منداڵی کۆچی وایی کرد پێش ئەوەی شیرخواردنی تەواو بکات، ئەوە لە بەهەشتدا شیری تەواوی پێ دەدرێت:

* بەراء (خوا لێی ڕازی بێت) کاتێك ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) کۆچی دوایی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ان له مرضعاً في الجنة)) واتە: دایەنی بۆ دەگیرێ لە بەهەشتدا.[1]

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ان ابراهيم ابني، وانه في الثدي، وان له ظئرين يكملان رضاعه في الجنة))[2]

واتە: ئیبراهیمی کوڕی من، لەکاتی شیرخواردندا مردووە، ئێستا لە بەهەشتدا دوو هاوڕێی هەیەو شیری پێ دەدەن.

* خالیدی کوڕی مەعدان (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە بەهەشتدا درەختێك هەیە پێی دەڵێن (توبا)و هەموو لق و چڵەکانی مەمکەو ئەو منداڵانە دەیمژن کە پێش تەواوکردنی ماوەی شیرخواردنی دەمرن.[3]

* * *

١ بخاری گێڕاویەتیەوە (١٣٨٢) و مسلم (٦٠٩٥).

٢ أحمد ڕیوایەتی کردووە (٣/١١٢).

٣ ابن ابی حاتم وەك لە (الدر المنثور)دا (٤/٦٥٠) هاتووە گێڕاویەتیەوە.

فەرموودەی بیستەم
کێ شایەنە منداڵ لەلای ئەو گۆش بکرێت؟

عن عبدالله بن عمرو (رضي الله عنهما) ان امراة قالت: يا رسول الله (ﷺ) ان ابني هذا كان بطني له وعاء، وثدي له سقاء، وحجري له حواء، وان أباه طلقني، وأراد ان ينتزعه مني، فَقال لها رسول الله (ﷺ) ((أنتِ أحَقُ بِه مَالَم تنكحي)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

(عبدالرزاق) لە باسی دایكو باوك شایانە بە کۆرپەدا (١٥٣/٧)و (احمد) (١٨٣/٢)داو أبوداود (٢٧٦) لە باسی کێ شایانە بە منداڵ؟داو الدار قطني (٣٠٤/٣-٣٠٥)و البيهقي (٥٠٤/٨)و الحاكم لە (٢٠٧/٢) دا گێڕاویانەتەوەو حاکمیش بە (صحيح) دایناوەو (الذهبي)یش دانی پێداناوە، فەرموودەیەکی (صحيح)ە.

ئەو فەرمانو ئادابانەی فەرموودەکە دەیبەخشێت:

یەکەم:

(ابن قدامه) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (گرتنە ئەستۆو خزمەتکردنی کۆرپە واجبە، چونکە بەبێ ئەوە لەناودەچێتو پێویستە لە لەناوچوون بپارێزرێت، هەروەك چۆن مەسروفکردنی واجبەو پاراستنی لە لەناوچوونی تێدایە، مافی خزمایەتی بوونی پێوە بەندە، چونکە ئەو سەرپەرشتیاری کۆرپەکەیەو لەگەڵ ئەودا دەبێتو مافی هەیە لەسەری وەك بەخێوکەری منداڵی دۆزراوە)[1]

دووەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دایك شایانی ئەوەیە کۆرپەی لەلابێتو مادەم منداڵن تا تەمیز پەیدادەکەن ئەو بەخێویان دەکات.

---

١ المغنى (ابن قدامة) (٤١٢/١١).

(ابوبكر الصدیق) (خوا لێی ڕازی بێت)و هەموو هاوەڵانیش لەسەر ئەوەن كە منداڵان لەلای دایكی دەبێت:

* قاسمی كوڕی محمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: عمری كوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) خێزانێكی ئەنساریی هەبوو (عاصم)ی لێ بوو پاشان لەیەك جیابوونەوە، عمر هات دەبینی عاصم لەلای حەوشەی مزگەوتدا یاری دەكات، باڵی گرتو خستیە پێشی خۆی لەسەر وڵاخەكەیدا، لە ڕێگا دایكی منداڵەكەی لێ تاین بوو، داوای كوڕەكەی لێ كردو ئەویش پێی نەدەدا تا چوونە خزمەت (ابوبكر الصدیق) (خوا لێی ڕازی بێت)و ئافرەتەكە وتی: كوڕی منەو عمریش فەرمووی: كوڕی منە، ئەبوبەكریش بە عمری فەرمو: وازبێنە با بچێتەوە باوەشی دایكی، دەڵێ: عمر هیچ قسەی لە قسەیدا نەكرد.[1]

* هەر ئەم فەرموودەیە بەڵام بەم زیادەیەوە (عبدالرزاق) دەیگێڕێتەوەو دەفەرموێت: (وقضى لها به) واتە حوكمی دەركرد كە بدرێت بە دایكەكەیو فەرموویشی پێی: بۆنی باوەشی ئەو زۆر لە تۆ باشترە تا گەورە دەبێتو خۆی لایەك هەڵدەبژێرێت.

* (ابن منذر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئیجماعو كۆدەنگی لەسەرەو هەموو زانایان لەسەر ئەوەن كە ئەگەر ژنو پیاو منداڵیان بوو پاشان لەیەك جیابوونەوە، ئەوە منداڵەكە بەری دایكەكە دەكەوێت مادەم شوو نەكاتەوە.[2]

واتە هەموویان لەسەر ئەوەن كە ژن شووی كردەوە مافی نامێنێت بەسەر منداڵەكانیەوەو لێی دەسەنرێتەوە بۆ باوكەكە.

رواه مالك في الموطأ (٢/٧٦٧) و (ابن عبدالبر)یش دەڵێ: ئەم فەرمودەیە جێگای قەبوڵی ١زانایانەو كاریان لەسەر كردووە.

٢ الاجماع لا (١١١-١١٢).

سێیەم:

(ابن قیم) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لەئەستۆگرتنی منداڵ دوو جۆرە:

یەكەم: لە دوو لایەنەوە مافی پیاوەكەیە وەك مەسروفو خەرجیو هاوسەرگیری پێكردنی منداڵەكە.

دووەم: لە دوو لایەنیشەوە دایكەكەی لەپێشە وەك بەخێوكردنو شیرپێدانی، دایكو باوكیش هەر شتێك لە بەرژەوەندی منداڵەكە بێت پێشكەشی دەكەن كە بەهۆیەوە منداڵەكە پێویستی نەمێنێت.

بەڵام لەبەرئەوەی ئافرەتان ئاشناترن بە پەروەردەكردنو گۆشكردنی منداڵو بەئارامترو خۆگرترنو زیاتر دەیانپەرژێتە سەریو بە بەزەیتریشن بۆیە ئافرەت پێش باوك خراوە لەبەخێوكردنیدا.

لە پێشخستنی دایك لە پەروەردەكردنی منداڵەكەیدا لە جوانییەكانی شەریعەتەو بۆ منداڵەكەش وا باشترە، بەڵام لە پێشخستنی باوكدا لە مەسەلەی خزمەتكردنو مەسروفكردنو هاوسەرگیری كردنیدا هەر لە جوانیو تەواوی شەریعەتە.

چوارەم:

ئەگەر منداڵ گەیشتە تەمەنی تەمیز پەیداكردن كە زۆرجار لەدوای (٧) ساڵیەوەیە، خۆی سەرپشك دەكرێت لای دایكی یان لای باوكی دەمێنێتەوە.

* (ابو هریرە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وت: دایكو باوكم بەساقەت بێت، مێردەكەم دەیەوێت ئەم منداڵەم لێ بسەنێت كە من زۆر سوودی لێ وەردەگرمو ئاوم لە بیری عینە بۆ دەهێنێت، مێردەكەشی هاتو وتی: كێ دەیەوێت ئەم كوڕەم لێ زەوت بكات؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (یا غلام هذا ابوك وهذه أمك، فخذ بید أیهما شئت)). واتە: كوڕەكە،

ئەمە باوکتەو ئەمەش دایکتە بە ئارەزووی خۆت دەستی یەکێکیان بگرەو هەڵبـژێرە؟ منداڵەکەش دەستی دایکی گرتو پێکەوە ڕۆیشتن.[1]

* (الترمذی) (رەحمەتی خـوای لێ بێـت) لـە باسـی سەرپـشککردنی منـداڵ لـەنێوان دایـكو باوکیـدا دەڵـێ: هەنـدێك لـە هـاوەڵانی پێغەمبـەر (ﷺ) کاریـان لەسـەر ئەمـە کردووە، بەڵام هاوەڵانی جگە لەوان دەڵێن: کاتێك منداڵ سەرپشك دەکرێت کە نـاکۆکی بکەوێتە نێوان دایكو باوکی کە ئەمەش بۆچوونی احمدو ئیسحاقو هەردووکیان دەڵـێن: ئەگەر منداڵەکە زۆر بـچوك بـوو ئـەوە دەبێـت بـدرێت بـە دایکـیو هـەر کاتێـك تـەمـەنی گەیشتە حەوت ساڵان سەرپشك دەکرێت لەنێوان دایكو باوکیدا.[2]

پێنجەم:

زاناکان بۆ سەرپشککردن دوو مەرجیان داناوە:

* (ابن قدامە) (رەحمەتی خـوای لێ بێـت) دەڵـێ: منـداڵ بـە دوو مـەرج سـەر پـشك دەکرێت:

یەکـەم: دەبێـت هـەردووکیان شایـستەی منـداڵ بـەخێوکردن بـن، ئەگـەر لایـەکیان وانەبوو ئەوە مانای وایە ئەو کەسە هەر نیەو منداڵەکە دەدرێت بە کەسی دووەم.

دووەم: نابێت منداڵەکە ناتەواو بێت (معتوە) چونکە ئەگەر ناتەواو بێت لەلای دایکی دەمێنێتەوە، چونکە ئەوە وەك منداڵی کۆرپە وایە با بە تەمەنیش گـەورەبێت، چـونکە دایك شایستەترە بە بەخێوکردنی کۆرپەکەی ئەگەر ناتەواو و مەنغۆل بوو با پاش بـاڵق بوونیشی.[3]

---

١ رواە أبوداود (٢٢٧٧) والنسائی (٣٤٩٦)و وشەکان هی ئەوەو (الترمذی)یش لە (١٣٥٧)دا دەڵێت: فەرموودەیەکی (حسن صحیح)ە و(حاکم) (٩٧/٤) بە صەحیحی داناوەو (الذهبی)یش پێی ڕازیە.

٢ سنن الترمذي (٦٣٨/٣).

٣ المغني (٤١٧/١١).

شەشەم:

فەرموودەکە مانای ئەوە دەبەخشێت کە دایک بەشوکردن مافی بەخێوکردنی منداڵەکەی نامێنێت:

زانایان لەم مەسەلەیەدا جیاوازیان هەیە: ڕاستترینیان کە زۆربەی زانایانی لەسەرە ئەوەیە کە: دایك بە شووکردنی مافی بەخێوکردنی منداڵەکەی نامێنێت، ئیتر جیاوازی نیە منداڵەکە کوڕبێت یان کچ، (ابن منذر)یش کۆدەنگی زانایانی لەو بارەیەوە نقلّ کردووە، دەڵێ: هەموو ئەم زانایانەی من پێیان گەیشتووم ئەم ڕایەیان بووەو شورەیحیش حوکمی بەمە کردووە.[1]

بەڵام لێرەدا مەسەلەیەك هەیەو دەبێت ئاگامان لێی بێت کە ئەگەر دادگای شەرعی مافی بەخێوکردنی لە دایك سەندەوە بەهۆی شوکردنەوەیەوەو درا بە کەسێکی تر، بەڵام دەرکەوت جگە لە دایکی کەسی نیە ئەوە دەدرێتەوە بە دایکی، چونکە ئەو شایستەترە بە کۆرپەکەی لە کەسێکی بێگانە کە دادگا بیداتێ، پەروەردەکردنی منداڵ لە باوەشی دایکیداو لەژێر چاودێری ئەودا چاکترو گونجاترە لە باوەش‌و چاودێری کەسێکی بێگانەو لە ماڵێکی بێگانەدا کە هیچ خزمایەتیەکیان لەگەڵدا نیە کە بێتە هۆی سۆزو میهرەبانی، کەواتە زۆر مەحاڵە شەریعەتی خوا خراپەیەك لابدات بە جێگیرکردنی خراپەیەکی گەورەتر، پێغەمبەری خوا (ﷺ) یاسایەکی گشتی لەم بارەیەوە دانەناوە کە لە هەموو حاڵەتێکدا ئافرەتەکە شوو بکات یەکسەر مافی بەخێوکردنی منداڵەکەی نەمێنێت‌و ئەم حاڵەتەی سەرەوە کە باسمان کرد پێچەوانەی ئەو خاڵە نیە.[2]

---

١ زاد المعاد (٥/٤٥٤)و تیایدا ڕا جیاوازەکانیشی هێناوە.

٢ زاد المعاد (٥/٤٦٢–٤٦٣).

حەوتەم:

کاتێك منداڵەکە کەسێکیان هەڵدەبژێرێت کە ببێتە هۆی تێکدانی پەروەردەکردنی:

* (ابن قیم الجوزیة) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لە مامۆستای گەورەمان بیستوومە (مەبەستی ابن تیمیەیە (رەحمەتی خوای لێ بێت)) کە فەرموویەتی: ئەگەر دایكو باوکێك لەسەر منداڵێکیان تێکگیران لەبەردەم حاکمداو ئەویش سەرپشکی کردو منداڵەکەش باوکی هەڵبژارد، بەڵام دایکی وتی: جەنابی حاکم لێی بپرسە بۆچی باوکی هەڵدەبژێرێت؟

حاکمیش لێی پرسیو لە وەڵامدا منداڵەکە وتی: چونکە دایکم دەمخاتە بەر خوێندنو مامۆستاکەش لە حوجرە لێم دەدات، بەڵام باوکم وازم لێ دێنێتو نامنێرێت بۆ خوێندن لەناو منداڵاندا بۆ خۆم یاری بکەم،حاکمیش حوکمی دەرکرد کە بدرێت بە دایکیو وتیشی: تۆ شایانتریت پێی.

مامۆستامان دەفەرموێت: ئەگەر دایك یان باوك وازی لە پەروەردەکردنی منداڵ هێناو فەرمانی نەدەدا بەسەریدا بە خواناسیو گوێڕایەڵی پەروەردگار، ئەوە تاوانبارەو بۆ ویلایەتو سەرپەرشتیکردنی دەست نادات، بەڵکو هەر کەس بە کاری پێویستی سەر شانی خۆی هەڵنەستێت لەکاتی سەرپەرشتیکردندا ئەوە مافی سەرپەرشتی کردنی نامێنێت یان ئەوەیە خۆی لە سەرپەرشتی کردن دەست هەڵبگرێتو بدرێتە دەستی کەسێکی تر کە بەو کارە هەڵدستێت.

یاخود ئەوەیە کەسێکی دیکەش لەگەڵ خۆیدا دابێت کە ئەو بەو کارە هەڵبستێت، چونکە مەبەستەکە دێتەدی کە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەیەتی بەپێی توانا.

هەروەها مامۆستامان دەفەرموێت: خۆ ئەم مافە بەشێك نیە لە میراتی کە بەهۆی خزمایەتیەوە دەست بکەوێت یان ژنو ژنخوازیو سەرپەرشتی کاریەوە، ئیتر ئەو سەرپەرشتیارە پیاوچاك بێت یان گوناهبار، بەڵکو ئەم جۆرە سەرپەرشتی کردنە

پێویستی بەوە هەیە بتوانێت ئەم واجبە جێ بەجێ بکاتو بیزانێت، بەپێی پێویست کاری پێ بکات.

وە دەفەرموێت: ئەگەر ڕوویدا باوکەکە ژنی هێنایەوە بەڵام ئەم ژنە ڕەچاوی بەرژەوەندی ئەم منداڵە ناکاتو کاری لەسەر ناکات، دایکی زۆر لەو هەویەیە باشترە بۆ منداڵەکەو ئا لەم حاڵەتەدا بێگومان منداڵەکە دەبێت بدرێتە دەستی دایکی خۆی.

دەڵێت: ئەوەی پێوسیتە بزانرێت ئەویە کە خواو پێغەمبەر (ﷺ) دەقێکی گشتیان نەفەرمووە کە باوك یان دایك لەپێشتر بگرێت لە سەرپەرشتی کردنی منداڵەکەدا، هەروەها منداڵەکەشی بە تەواوی سەرپشك نەکردووە کە بە ئارەزووی خۆی کامیانی بوێت هەڵیبژێرێت).

زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە دانەنراوە کە یەکێکیان بە هەمیشەیی لەپێشتر بێت بەڵکو کەسی دوژمنکارو ڕۆچوو لە ئیهمالیدا ناخرێتە پێش مرۆڤی چاكو دادپەروەرو چاکەکار، (والله أعلم).

هەشتەم:

خوشکی دایك لە سەرپەرشتیکردنی منداڵدا لە ئاستی دایکدایە:

* بەراء (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (لە مانگی (ذی القعدة)دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە مەبەستی عەمرە بەرەو شاری مەککە کەوتە ڕێ، بەڵام خەڵکی مەککە ڕێیان نەدا بچێتە ناو مەککەوە تا پرسیاری شەرعی لێ نەکەن،.. لە فەرموودەکەدا هاتووە کە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشت بە ڕێگادا کچەکەی حەمزە شوێنی کەوتو هاواری کرد: مامە گیان..

ئەوەبوو عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەستی گرت‌و بردی بۆلای خۆی، بە (فاطمـة)ی فەرموو: ئەوە ئامۆزاکەتە بیبە لای خۆت، ئەوەبوو عەلی‌و جعفرو زید هەریەکەیان داوای دەکرد بۆ ئەو بێت، عەلیش (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: شایانی منە چونکە کچە مامەمە، جەعفەریش فەرمووی: کچی مامی منیشەو خێزانیشم پوریەتی‌و زەیدیش فەرمووی برازای منە، پێغەمبەریش (ﷺ) دای بە لای جەعفەرەوەو فەرمووی: (الخالـة بمنزلة الام)) واتە: خوشکی دایك لە حوکمی دایکدایە)[1].

نۆیەم:

زاناکان کۆمەڵێك مەرجیان داناوە بۆ ئەو کەسەی منداڵەکەی پێ دەدرێت کە دەقی فەرمودەو ئایەتی قورئان پاڵپشتیان دەکات:

١- دەبێت ئایینیان یەکێك بێت چونکە کافر نابێت منداڵی موسڵمان بەخێوبکات لەبەر ئەم هۆیانە:

أ- بەخێوکەر هەوڵ دەدات منداڵەکە لەسەر ئاین‌و بیروباوەڕی خۆی گەورە بکات‌و ئیتر کاتێك گەورەبوو ئاستەمە بتوانێت واز لەو بیروباوەڕانە بهێنێت، هەوڵ دەدات لەو فیترەتە پاکەی پەروەردگار لای بدات‌و هەرگیز نەتوانێ بگەڕێتەوە سەری.

ب- خوای (عزوجل) بەرگری کردووە لەوەی پەیوەندی دۆستانە لەنێوان موسڵمان‌و کافردا دروست بێت، موسڵمانەکانی کردۆتە دۆست‌و خۆشەویستی یەکتری، کافرانیش هەروا لەناویەکدا، دەی بەخێوکردنی منداڵ بەهێزترین هۆکاری دۆستایەتی کردنە کە خوای گەورە ئەو پەیوەندیەی لەنێوان کافرو موسڵماندا پچڕاندوو.

---

[1] رواه البخاري (٢٦٩٩).

٢- دەبێت ئەو ئافرەتە شووی نەکردبێتەوە وەك فەرموودەکەی پێشتر.

٣-ژیری، نابێت شێت یان کەم عەقڵ منداڵ بەخێوبکات، چونکە ئەوانە خۆیشیان پێویستیان بەوەیە خزمەت بکرێن ئیتر چۆن سەرپەرشتی بەخێوکردنی کەسی تر لە ئەستۆ بگرن؟!.[1]

* * *

١ زاد المعاد (٥/٤٥٨).

فەرموودەی بیست و یەکەم

دادپەروەری لەنێوان منداڵاندا:

عن نُعمان بن بشير (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): إعدِلُوا بَينَ أبنَائِكُم، إعدِلُوا بَينَ أبنَائِكُم)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

أحمد ڕیوایەتی کرووە (٤/٢٧٥،٢٧٨) و أبوداود (٣٥٤٤) لە باسی جیاکردنەوەی باوك یەکێك لە منداڵەکانی لە بەخششدا، النسائي (٣٦٨٧) و (السنن الكبرى) (٦٥١٤).

لە ئەسڵدا فەرموودەکەی نعمانی کوڕی بەشیر لە (الصحيحين)دا هاتووە، بخاری ڕیوایەتی کردووە لە (٣٦٥٠) و مسلم (٤١٨٩) بە چەند ڕستەیەکی جیا، ترمذی (١٣٦٧).

ئەو ئاداب و فەرمانانەی فەرموودەکە دەیبەخشێت:

یەکەم: فەرموودەکە ئەوە دەبەخشێت کە دەبێت و فەرمان کراوە بە دادپەروەری لەنێوان منداڵاندا:

* (ابن قدامه) دەڵێ: جیاوازی نیە لەنێوان زانایاندا لەسەر باشی دادپەروەری و کەراهەتی جیاوازی کردنیان.[1]

ئەو زانایانەی کە دەڵێن دادپەروەری لەنێوان منداڵاندا واجبە: طاوس و ابن مبارك و الثوري و أحمد و أسحاق و بوخاری (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) و زانایانی تریش جگە لەوان.

---

١ المغني (٨/٢٥٩).

دووەم: فەرمودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە دادپەروەری لەنێوان منداڵدا یەكێكە لە مافەكانیان بەسەر دایكو باوكانەوە.

وەك چۆن لە ڕیوایەتی أحمددا هاتووە دەفەرموێت: (ان لِبَنيكَ عَلَيكَ حق ان تعدل بينهم)[1] واتە: یەكێك لە مافەكانی منداڵەكەت بەسەرتەوە ئەوەیە كە دادپەروەربیت لەناویاندا.

سێیەم: هۆی ئەم فەرموودەیە:

* نوعمانی كوڕی بەشیر (خوا لەخۆیو باوكی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: عەمرەی كچی ڕەواحە داوای لە بەشیری كوڕی ابن سعد كرد كە لە سامانەكەی شتێكم بۆ جیابكاتەوە، بەڵام باوكم وتی شتی وا ناكەم، بەڵام پاش یەك دو ساڵ خۆیشی ڕای هاتە سەر ئەوەی كارێكی وام بۆ بكات، بۆیە بە دایكمی وت: ئەوەی كە تۆ ئەوسا داوات كرد لێم بۆ نوعمان ئێستا دەیكەم.

دایكیشم وتی: نەوەڵڵا شتی وا نەكەیت، تا دەستی نەگریتو نەیبەیتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ). تا ئەو پێی ڕازی نەبێتو شایەتی لەسەر نەدات.

دەڵێ: دەستی گرتمو بردمی بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و بەسەرهاتەكەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((هل لك معه ولد غيره)) واتە: جگە لە ئەم منداڵی تریشت هەیە، وتی: بەڵێ.

فەرمووی: ((فهل اتيت كل واحد منهم مثل الذي اتيت هذا؟)) قال: لا، قال: ((فاني لا أشهد على هذا، هذا جور، اشهد على هذا غيري، اعدلوا بين أولادكم في النُّحْل~ كما تحبون ان يعدلوا بينكم في البرِّ واللطف))[2].

---

١ المسند (٤/٢٦٩).

٢ رواه البخاری (٢٦٥٠) ومسلم (٤١٨٩) و (ابن حبان) في صحيحه (٥١٠٤) وشەكان هی ئەوە.

واتە: ئایا بە هەموو منداڵەکانت بەخشیووە وەك بەم کوڕەت بەخشیووە؟ وتی: نەخێر، فەرمووی: من شایەت نابم لەسەر ئەمە، ئەمە ستەمکردنە، با یەکێکی تر شایەت بێت لەسەری، دادپەروەربن لە بەخشینەکانتان بە منداڵەکانتان وەك چۆن ئێوە پێتان خۆشە لە چاکەو سۆزدا).

چوارەم:

نوعمانی کوڕی بەشیر لەو کاتەدا کە باوکی دیاریەکەی پێ بەخشی منداڵ بوو باڵق نەبووبوو. وەك لە ڕیوایەتی بوخاریدا هاتووە ((... فأخذ بيدي وانا غلام، فأتى بي النبي (ﷺ))).

وە لە لای (مسلم)یش دەفەرموێت: ((انطلق بي ابي يحملني الى رسول الله (ﷺ))).

پێنجەم:

چاکەو خێری ئەو باوکانەی دادپەروەرن لەنێوان منداڵەکانیاندا:

* عبداللەی کوڕی عەمر دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ان المقسطين عند الله على منابر من نور عن يمين الرحمن (عز وجل) وكلتا يديه يمين، الذين يعدلون في حكمهم وأهليهم وما ولّوا))[١].

واتە: دادپەروەران لەلای پەروەردگار لەسەر مینبەری نور دانیشتوون لەلای ڕاستی پەروەردگارەوە کە هەردوو دەستی ڕاستە، ئەوانەی لە حوکمڕانیداو لەگەڵ ژێردەستەکانیاندا دادپەروەرن.

شەشەم:

گەورەترین بەخشش کە باوکان بیبەخشن بە ڕۆڵەکانیان ئەدەبی جوانو پەروەردەکردنی دروستیانە:-

* ئەیوبی کوڕی موسای کوڕی عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاس، لە باوکیەوەو ئەویش لە باوکیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ((ما نَحَلَ والد ولده أفضل من أدب حسن))[٢].

---

١ رواه مسلم (٤٧٤٨).

٢ رواه أحمد (٣/٢١٤) الترمذي (١٩٥٢) والحاكم (٤/٢٦٤) و دەڵێ (صحيح الاسناد)ه.

واتە: هیچ باوکێك خەڵاتی منداڵی خۆی نەکردووە گەورەتر بێت لەوەی کە ڕەوشتی جوانیان فێربکات.

حەوتەم: فەرمان دراوە بە دادپەروەری لەنێوان منداڵەکاندا کە هەموو شتێك دەگرێتەوە لەوانە:

١- دادپەروەری لە ماچکردنیاندا.

٢- دادپەروەری لە فێرکردنیاندا.

* (مجاهد) (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە ڕۆژی قیامەتدا مامۆستای منداڵان دەهێنرێتو ئەگەر جیاوازی کردبوو لەنێوانیاندا ئەوە لە ڕیزی ستەمکاراندا دادەنرێت)[1]

* (حسن البصری) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەو مامۆستایانەی کە لەباتی فێرکردنی منداڵان مووچە وەربگرێتو کەچی دادپەروەر نەبێت لەناویاندا لە ڕیزی ستەمکارەکاندا دەنووسرێت.[2]

٣- دادپەروەری لە لە خواردندا:

* (السری کوڕی یەحیا) دەڵێ: ئەوانەی کە متمانەم بە زانستیان هەیە بۆیان باس کردم کە عمری کوڕی عبدالعزیز (رەحمەتی خوای لێ بێت) کوڕێکی خۆی گوشارد بە خۆیەوەو زۆری خۆش دەویست، پێی وت: ئەی فلان کەس سوێند بەخوا خۆشم دەوێیت، بەڵام ناتوانم جیاوازی بکەم لەنێوان تۆو براکەتدا بە پارووپەکیش بێت.[3]

---

١ (ابن قتيبة) لە (عيون الاخبار) (١٤٤/١).

٢ رواه ابن ابي الدنيا لە (العيال)دا (٣٥٥).

٣ رواه ابن ابي الدنيا في العيال (٤٠).

٤- دادپەروەری لە خەوتندا:

* عبدالعزیزی کوڕی عمری کوڕی عبدالعزیز دەڵێ: عمری کوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کوڕێکی هەبوو لە ژنێکی هۆزی کەعب، زۆری خۆشدەویستو لەگەڵیدا دەخەوت، دەڵێ: شەوێکیان چوومە ڕێگەی! وتی: عبدالعزیزی؟ وتم: بەڵێ، وتی: چیە خراپەیەك ڕووی نەداوە وا هاتووی وەرە ژوورەوە، منیش چوومە ژوورەوەو دانیشتم وتی: چیت دەوێت؟ وتم: تۆ بەجۆرێك لەگەڵ کوڕی ئەم حارسیەدا هەڵسوکەوت دەکەیت کە لەگەڵ ئێمەدا واناکەیت، وە من لەوە دڵنیا نیم کە بڵێن: دیارە شتێك لەودا هەیە کە لە کوڕەکانی تریدا نیە، فەرمووی: کەس ئەمەی پێ وتیت؟ وتم: نەء، فەرمووی: ئادەی بیلێرەوە، منیش وتمەوە، فەرمووی: بگەڕێرەوە بۆ ژوورەکەی خۆت، منیش گەڕامەوە.

منو ئیبراهیمو عاصمو عبدالله پێکەوە لە ژوورێکدا دەخەوتین، هەر ئەوەندەمان زانی جێگەکە ئەو کوڕەی هەڵگرتو هات بۆ ژوورەکەی ئێمەو کوڕەکەشی بەدواوە بوو وتمان: ئەوە چیە خێرە؟ وتی: خێری چی ئەوەی تۆ پێت کردم. نەعیمی کوڕی مەیسەرە دەڵێ: ئەمەی کرد لە ترسی ئەوەی نەوەك ستەمککردن بووبێت.[١]

مەسەلەیەکی تایبەت:

* (ابن قدامە) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر منداڵێك جیاکرایەوە لەبەر ڕەوشتێك کە پێویستە جیابکرێتەوە لەبەر نەخۆشیو کەم ئەندامی یان یان منداڵ زۆری یان خەریکبوون بە زانستەوە یان هەر شتێکی تر، یان ڕۆژانە گرتنەوە لە هەندێك منداڵی لەبەر سەرفکردنی لە حەرامدا یان لەبەر بیدعەچێتی یان لەوانەیە لە گوناهو سەرپێچی خوادا بەکاری بهێنێت، ئەوە لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە

١ رواه ابن المبارك في (البر والصلة) (١٥٩).

دەگێڕنەوە کە دروستە ئەو کارە، وەك دەڵێ: ئەگەر شتێکی لەسەر وەقف بکرێت لەبەر پێویستی بێت دروستە بەڵام ئەگەر لەبەر جیاوازی کردن بێت ئەوە کەراهیەتی هەیە.

منیش دەڵێم ئایەتی: ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾[1] بەڵگەی ئەو وتەیەی سەرەوەیە.

هەروها ئەی چۆن ڕەوایە کە جیاوازی نەکات لەنێوان کوڕە شەلاتیو خراپەکارەکەی یان گەمژەیەك کە پارەی باوکی لە حەرامدا خەرج دەکات یان لە ئازاردانی خەڵکیداو نێوان کوڕە صالحو چاکەکەی کە هەموو پارەو پولی لە چاکسازیو خێرکردندا خەرج دەکات؟ والله أعلم.[2]

هەشتەم:

ئاگاداربە کە جیاوازی کردن لەنێوان منداڵەکاندا دەبێتە هۆی ڕقو کینەو دوژمنایەتی لەنێوانیاندا:

هەروەك چۆن خوای گەورە دەربارەی براکانی یوسف دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالُوا۟ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨﴾ ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَـٰلِحِينَ﴾[3]

نۆیەم:

زاناکان لە دادپەروەری نواندن لەنێوان منداڵاندا جیاوازیان هەیە

---

١ المائدة (٢).

٢ المغني (٨/٢٥٨).

٣ يوسف (٨،٩).

* (ابـن قدامــە) (رەحمــەتی خــوای لێ بێــت) دەفــەرموێت: (دادپــەروەری جــوان‌و سوننەت ئەوەیە کە دادپەروەربێت لە بەشکردنی مـیرات بـەو شـێوەیەی خـوا فـەرمانی پێـداوە کـە کـوڕ دوو ئەوەنـدەی کـچ دەبـات) ئەمــەش بۆچـوونی عـەطـاو شـورەیح‌و ئیسحاق‌و محمدی کوڕی حەسەن)[1]

شورەیح ڕۆژێکیان بینی پیاوێك سامانەکەی لەنێوان کوڕەکانیدا بەش کرد پێـی وت: بەو جۆرە بەشیان بدە کە خوای عز وجل بەشی دیاری کردوون لە قورئاندا.[2]

بەڵام أبو حنیفەو مالك‌و شافیعی‌و ابن مبـارك دەڵـێن: کـوڕو کـچ دادپـەروەرانـە وەك یەکیان پی‌دەدرێـت لـە خـەڵاتکردن‌و بەخـشیندا، چـونکە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە بەشیری کـوڕی سـەعدی فـەرموو: ((سـویّ بیـنهم)) واتـە: (یەکـسان بـە لەنێوانیانـدا)و پاشان فەرمووی: ((أیسرك أن یستووا في بـرّك؟)) واتـە: ئایـا خۆشـحاڵ نیـت کاتێـك لـە چاکەکردن لەگەڵتدا دادپەروەرانە بن؟.

* (ابـن عبـاس) (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەگێڕێتــەوە کـە پێغەمبــەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((سوّوا بین أولادکم في العطیة، ولو کنـت مـؤثراً لاحـد لاثـرت النـساء علـی الرجال)).

واتە: لە خەڵاتکردندا دەبێـت یەکـسان بـن لـەنێوان منداڵەکانتانـداو ئەگـەر دروسـت بووایە کەسێکم فەرق بکردایە ئەوە ئافرەتم فەرق دەکردو لە پیاوان باشترم پێدەدان.

چونکە خەڵات‌و بەخشین بۆ ژیانی دنیایەو ژن‌و پیاو وەك یـەك پێویـستیان پێیـەتی وەك خواردن‌و جل‌وبەرگ.

* * *

---

١ المغني (٨/٢٦٠-٢٠٥).

٢

فەرموودەی بیست و دووەم

ناونانی منداڵان

عن عبدالله بن عمر (رضی الله عنهما) قال قال رسول الله (ﷺ) ((إنَّ أحبَّ أسمَائِكُم إلَى الله: عَبدالله وعَبدُالرَّحمن)).

واتە: عبداللەی كوڕی عمر (خوا لێیان ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خۆشەویستترین ناوتان لەلای خوا دوو ناوە: عبدالله و عبدالرحمن).

دەرهێنانی فەرموودەكە:

(ابن ابی شیبه) لە باسی -ئەو ناوانەی سوننەتن- لا (٥٩٦٢) و أحمد (٢٤/٢)و مسلم (٥٦٣٨) ووشەكان هی ئەون، أبو داود لە باسی گۆڕینی ناوەكانداو (الترمذی) (٢٨٣٣-٢٨٣٤)و (إبن ماجه) (٣٧٢٨) لە باسی ئەو ناوانەی كە سونەتن.

ئەو و ئاداب و فەرمانانەی فەرموودەكە دەیبەخشێت:

یەكەم:

فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە سوننەتە ناوی منداڵ بنرێت عبدالله و عبدالرحمن.

دووەم:

دەقە شەرعیەكان ئەوە دەگەیەنن كە كۆمەڵێك ناو هەن سوننەتن ناوی منداڵی پێ بنرێت:

١- عبدالله و عبدالرحمن وەك فەرموودەكەی پێشوو.

٢- ئەو ناوانەی كە وشەی (عبد) بخرێتە پێش ناوەجوانەكانی خوای گەورە وەك: عبدالعزیزو عبدالملكو عبدالرزاق و هتد...

٣-ناونان بەناوی پێغەمبەرەوە (ﷺ) واتە محمد:

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((تَسَمَّوا بِاسْمِي ، وَلاَ تَكنُوا بِكُنيَتِي، فاني أنا أبوالقَاسم، أقسم بَينكم)).[١]
واتە: ناوی منداڵتان بەناوی منەوە بنێن بەڵام بە نازناوی منەوە نەخێر، چونکە من (أبو القاسم)م و لەنێوانتاندا بەشکەرم.

٤- ناونان بەناوی پێغەمبەرانەوە سەلامی خوایان لێ بێت:

* (أبی وهب الجشمی) (خوا لێی ڕازی بێت) کە هاوەڵی پێغەمبەری کردووە دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((تسموا بأسماء الانبياء، واحب الاسماء الى الله عبدالله وعبدالرحمن، وأصدقها حارث وهمّام وأقبحها حرب ومرّة))[٢]

واتە: ناوی منداڵتان بەناوی پێغەمبەرەکانەوە بنێن، خۆشەویسترین ناو لەلای خوا (عبداللهو عبدالرحمن)ە، دروستترین ناویش هەمامو حارثو ناشیرینتریشیان حەربو مورەیە.

* سەعیدی کوڕی موسەیب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (خۆشەویسترین ناو لەلای خوای گەورە ناوی پێغەمبەرانە)[٣].

* (ابن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەران لە گەورەو سەردارەکانی نەوەی ئادەمنو ڕەوشتیان بەرزترین ڕەوشتەو کردارەکانیان دروستترین کردەوەیەو ناوەکانیشیان جوانترینو بەڕێزترین ناوە، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هانی خەڵکی داوە کە ناوی منداڵەکانیان بەناوی ئەوانەوە ناو بنێن.

---

١ رواه البخاري (٣٥٣٨)، مسلم (٥٦٤٢).

٢ رواه احمد (٣٤٥/٤) وأبو داود (٤٩٥٠) واسناده حسن بشواهد.

٣ رواه ابن ابي شيبه (٥٩٦١).

هەروەك لە سونەنی (ابی داود)دا هاتووە ((تسمّوا باسماء الانبياء))و ئەگەر هەر ئەو سوودەشی هەبێت کە مرۆڤ هەوڵ دەدات وەك ناوەکەی خۆی بێت بەسە کە ناو بنرێت بەناوی پێغەمبەرانەوە، ئیتر جگە لەوەی کە پاراستنو لەیادکردنەوەی ناوی بەرزیانی تێدایەو ژیانو بەسەرهاتو شێوازیان لەبیری خەڵکدا دەمێنن.[١]

ئاگاهیەك:

هەندێك لە زانانیان پێیان وایە باش نیەو کەراهەتی هەیە ناوی منداڵ بنێت بەناوی پێغەمبەرانەوەو ئەمەش بۆ (ابن عمر) دەگێڕنەوە (خوا لێی ڕازی بێت) لەگەڵ هەندێك زانای تردا، ئەم بۆچوونەش لەبەرئەوەیە کە ناوی پیرۆزی پێغەمبەران لە بێ ڕێزی بپارێزرێتو لەکاتی تووڕەبووندا بەخراپ ناو نەبرێن:

* ئەوەتا (أبو العاليە) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (ئێوە لەمەش خراپتر دەکەن، منداڵەکانتان بەناوی پێغەمبەرانەوە ناودەنێنو کە لێیان تووڕەش دەبن نەفرەتیان لێ دەکەن)[٢]

نووسەری ئەم کتێبەش دەڵێت: شتێکی شاراوە نیە کە لە سوننەتدا چەسپاوە ناونان بەناوی پێغەمبەرانەوە شتێکی چاكو جوانە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوڕەکەی خۆی ناوناوە ئیبراهیم بەناوی باپیری ئیبراهیم.

٥- ناونان بەناوی هەمامو حارث

* ئەمەش لە فەرموودەکەی (أبی وهب الجشمی) گێڕایەوە کە تیایدا هاتووە: ((واصدقها حارث وهمام)) واتە: ڕاستترینیان ناوی حارثو هەمامە.

---

١ زاد المعاد (٢/٣٤١-٣٤٢).

٢ رواه ابن ابي شيبه (٥٩٥٩).

٦-ناونان بەناوی پیاوچاکانەوە:

* (مغيرە)ی کوڕی (شوعبە) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: بە سەردان چووم بۆ نەجرانو لەوێ لێیان پرسیم کە ئێوە لە قورئاندا دەخوێنن ﴿يَا أُخْتَ هَارُونَ﴾و خۆ موسا زۆر لە پێش عیساوە هاتووە بە چەندان ساڵ؟ منیش هاتمەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و ئەو پرسیارەم لێ کردو ئەویش فەرمووی: ((انهم كانوا يسمون بانبيائهم والصالحين قبلهم))[1] واتە ئەوان بەناوی پێغەمبەرەکانیانو پیاوچاکانەوە ناوی خەڵکیان ناوە.

سەرداری پیاوچاکانیش لە ئیسلامدا هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوان (ﷺ) کە هاوڕێو هاودەمی پێغەمبەرەکەمان بوون (خوا لێیان ڕازی بێت).

سێیەم:

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی داوە بە جوانکردنو خۆشکردنی ناوەکان، زۆر خۆشحاڵ بووە بەناوی خۆشو نگینی تێدا بینیوە:

* (ابی الدرداء) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) فەرموویەتی: ((انما تُدعون يوم القيامة باسمائكم واسماء ابائكم، فاحسنوا أسمائكم))[2] واتە: ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا بەناوی خۆتانو ناوی باوکو باپیرتانەوە بانگ دەکرێن، دەی کەواتە ناوی جوان هەڵبژێرن.

چوارەم:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی ناشیرینو خراپی پێ ناخۆش بووە، بەڵکو هەوڵیشی داوە بیانگۆڕێت بەناوی خۆشو مانابەخش.[3]

---

١ رواه مسلم (٥٦٤٩).

٢ رواه أحمد (٥/١٩٤) وأبو داود (٤٩٤٨).

٣ رواه الترمذي (٢٨٣٩).

ئەو ناوانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گۆڕیویەتی زۆربوون لەوانە:

* (ابن عمر) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی (عاصیە)ی گۆڕیوەو فەرموویەتی: ((أنتِ جمیلة)) واتە تۆ ناوت (جوان)ە.[١]

* (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: جویریە لە سەرەتاوە ناوی (بەڕە)بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی ناوە جویریە، دواتریش پێی ناخۆش بووە بڵێن لە ماڵی بەڕە هاتە دەرەوە.[٢]

* (أبو داود) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی (عاص‌و عزیزو عتلەو شیطان‌و حَکَم‌و غُراب‌و حُباب‌و شهاب)ی گۆڕیوە بە (هشام)و (حەرب)ی کردووە بە (سِلم) واتە ئاشتی، (مصطجع)ی کردووە بە (منبعث)، (عِضرة)ی کردووە بە (خَضِرَ)، دوڵی گومڕایی کردووە بە دوڵی ڕێنمایی، بنوا الزنیەی کردووە بە بەنی الرِّشدة، وە بنی مغویةی کردووە بە بنی رِشدة.[٣]

پێنجەم:

زاناکان کۆمەڵێك ناویان دیاری کردووە کە دروست نیە ناوی منداڵی پێوە بنرێت:

١- وشەی (عبد) بدرێتە پاڵی جگە لە ناوی خوای گەورە وەك عبدالرسول، عبدالعزی، عبدالکعبەو هاوشێوەکانی ئەم ناوانە.

* (هانیء)ی کوڕی (یەزید) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: وەفدێك هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی لێ بوو بە یەکێکیان دەووت (عبدالحجر) واتە: بەندەی بەرد!

---

١ رواه مسلم (٥٦٥٥).

٢ رواه مسلم (٥٦٥٧).

٣ رواه ابو داود في سننه (٥/٢٤١-٢٤٢). ابن ابي شيبه (٨/٦٦٢-٦٦٥).

پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((ما أسمك)) ناوت چیە؟ وتی: عبدالحجر! پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((انما انت عبدالله)) بەڵكو تۆ (عبدالله)یتو تۆ بەندەی خوایت.[١]

لەسەر ئەم شێوەیەش دروست نیە بڵێی بە یەكێك (غلام رسول)و (غلام محمد) كە مەبەست لێی عبدالرسول و عبدالمحمدە.

دەبێت بزانین كە ناوەكانی خوای (عز وجل) لەلایەن شەرعەوە دیاری كراون (توقیفیە)، كەواتە: مقصودو موجود لە ڕیزی ناوەكانی خوادا نینو دروست نیە كەسێك ناوبنرێت عبدالموجود یان عبدالمقصود.

٢- ناونان بەناوی ناوەكانی خوای تەعالاوە، وەك:

الاحد، الصمد، الخالق، الرزاق، ناوی رحمنو رحیم كە تایبەتن بە خوای گەورەوە، دروست نیە بە پاشاكان بگوترێت: قاهر، ظاهر، جبار، متكبر، الاول، الاخر، الباطن، علام الغیوب.

* یەزیدی كوڕی میقدام لە باوكیەوەو ئەویش لە باوانیەوە شورەیحو ئەویش لە (هانيء)ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: كە كاتێك وەفدێك هات بۆ مەدینە بۆلای پێغەمبەری خواو بینی یەكێكیان ناوی (ابی الحاكم)بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بانگی كردوو پێی فەرموو: ((ان الله هو الحكيم واليه الحكم))و پاشان نازناوەكەی گۆڕی بۆ گەورەترینی كوڕیو ناوی (ئەبو شورەیح).[٢]

ئەمە مەبەستی لەو ناوانەی كە تایبەتن بە خوا، بەڵام ئەو ناوانەی دروستن كە بەسەر جگە لە خوای گەورەیشدا دەبرێت وەك: سمیع، بصیر، رؤوف، رحیم بەڵام تەنها وەك ناون نەك پڕاوپڕ بە هەموو مانایەكیەوە ببرێت بەسەر كەسێكدا.

---

١ رواه ابن أبي شيبه (٥٩٥٢). والبخاري في الادب المفرد (٨١١).

٢ رواه ابو داود (٤٩٥٥) اسناده صحيح.

دەڵێم: هەروەك دروست نیە نازناو بە ناوە تایبەتیەكانى خواوە وەك (أبو الاعلى و أبو الحكم).

٣- دروست نیە ناونان بەناوى شاو سوڵتانو شاهنشاوە:

* (ابو هریرە) (خوا لێى رازى بێت) لە پێغەمبەرى خواوە (ﷺ)دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتى: ((إنّ أقبح اسم عندالله رجل تُسمى ملك الاملاك))[1]

* لە ڕیوایەتى (مسلم)دا هاتووە: ((أغیظ رجل عندالله یوم القیامة واخبثه وأغیظه علیه، رجل كان یُسمى ملك الاملاك لا ملك إلا الله))[2]

واتە: خراپترینو ناحەزترین كەس لەلاى خوا لە ڕۆژى قیامەتدا كەسێكە ناوى شاهەنشاهە، و پادشا نیە جگە لە خوا.

هەروەها حەرامە ناو بنرێت (سەردارى هەمووان)و (سەردارى خەڵكى) یان سەردارى نەوەكانى ئادەم كە ئەو ناوە تایبەتە بە پێغەمبەرى خواوە (ﷺ) كە پێى دەڵێن (سید ولد ادم).

٤- ناوى بێگانە كە كافران ناوى منداڵى خۆیانى پێ دەنێن:

كە ئەمرۆ نەگبەتى موسڵمانان لەوەدایە كە ئەو ناوانە لەناو موسڵماناندا تەشەنەى كردووەو زۆر جار گوێت لە بەچكە موسڵمانەو ناوى جورجە یان دەیانا، سوزان یان جەرجیسو چەندان ناوى تر كە لە وڵاتاى بێ باوەڕەوە هێنراوەتەوە ناو موسڵمانان.

٥- باش وایە بۆ پاراستنى هەویەى موسڵمانەتى لەو ناوە فارسىو توركىو بەربەرییەكان دوور بكەوینەوە وەك -شیریهانو جیهان، اسبهانو شادى- كە بە مانای مەیمون دێت لەلایان.

---

١ رواه البخاري (٦٢٠٦) ومسلم (٥٦٦١).

٢ مسلم (٥٦٦٢).

٦- هەروەها دروست نیە ناونان بە ناوەکانی شەیتانەوە وەك ئیبلیس‌و خەنزەب‌و وەلهان‌و ئەعوەرو ئەجدەع:

* لە شەعبەبیەوە دەگێڕنەوە و ئەویش لە مەسروقەوە کە دەڵێ: گەیشتم بە عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) پێی وتم: تۆ کێی؟ وتم: مەسروقی کوڕی ئەجدەعم، ئەویش فەرمووی: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە کە فەرموویەتی: ((الاجدعُ شیطان))[1] واتە ئەجدەع ناوی شەیتانە.

شەشەم:

ئەو ناوانە زۆرن کە لەلای زانایانی ئیسلام مەکروهن‌و پێیان ناخۆشبووە لەوانە:

١- ناوێك مانای خۆ بەچاك زانینی تێدابێت (التزکیه):

* یەزیدی کوڕی ئەبو حەبیب لە محمدی کوڕی عەمری کوڕی عەتاوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کچێکمان بوو ناوم لێنا (برّە) واتە چاکە، زەینەبی کچی ئەبوسەلەمە وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرگری کردووە لە ناونان بەناوی (بَرّة)وە، وە من ناوم (بەڕە)بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((لاتزکوا أنفسکم، والله اعلم بأهل البر منکم)) فقالوا: بم نسمیها؟ قال: ((سموها زینب))[2]

واتە: خۆتان بە چاك مەزانن، تەنها خوا خۆی دەزانێت کێ چاکە لەناوتاندا، وتیان: کەواتە ناوی بنێین چی؟ فەرمووی: ناوی بنێن زەینەب

٢- ئەو ناوانەی کە باش نیە ناوی منداڵی پێ بنرێت‌و پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری لێ کردوون لەوانە:

* عن سمره بن جندب (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((لاتسمّین غلامك یساراً ولا رباحاً ولا نجیحاً ولا أفلح، فانك تقول: اثم هو؟ فلا یکون فیقول لا))[3].

---

١ رواه أحمد (٣١/١). و أبوداود (٤٩٥٧).

٢ رواه مسلم (٥٦٦٠).

٣ رواه مسلم (٥٦٥٢).

واتە: (منداڵەکەت بەناوی یەسارو رباحو نەجیحو ئەفلەح مەنێ، چونکە تۆ دەڵێی: لەڕاستیدا وایە؟ چونکە وانیە دەڵێ: نەء).

لەسەر ئەو شێوازە ناوی (خەیرو سرورو نعیمەو مبارك)یش مەکروهن چونکە پرسیارکەر دەڵێ خێر یان سرور لێرەیە؟ دەڵێ: نەء دڵیش خەفەتبار دەبێتو دەروونەکان ناڕەحەت دەبن.

٣- هەروەها ناوی ستەمکارانو فیرعەونەکان دروست نیە وەك فیرعەونو قارونو هامان.

٤- هەروەها ناوی فریشتەکان وەك جبریلو میکائیلو اسرافیل، ناونانی ئادەمیەکان بەو ناوانە مەکروهن.

* ئەشهەب دەڵێ: پرسیار کرا لە ئیمام مالك دەربارەی ناونان بەناوی جبریل؟ بە مەکروهی زانیو پێی خۆش نەبوو، بەڵام هەندێك لە زانایان ڕێگەیان پێداوە.

٥- هەروەها هەموو ئەو ناوانەی کە دەروون پێی ناخۆشەو ناگونجێت لەگەڵ ناسکی ڕۆح وەك: جەنگ، تاڵ، شێواو، داماو، سەگ، توولە، مار و هاوشێوەکانیان.

* یەحیای کوڕی سەعید (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی کەسێك حەیوانێکی بۆ بدۆشێت فەرمووی: کێ ئەمەمان بۆ دەدۆشێت؟ پیاوێك هەستایە سەر پێ، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ((ما اسمك)) ناوت چیە؟ وتی: مورە! پێغەمبەر فەرمووی: ((اجلس)) واتە: دانیشە

پاشان فەرمووی: ((من يحلب هذه)) کێ ئەمەمان بۆ دەدۆشێت؟ پیاوێك هەستایە سەرپێو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ناوت چیە؟ وتی: حرب فەرمووی: ((اجلس)) واتە: تۆیش دانیشەوە، پاشان فەرمووی: کێ ئەمەمان بۆ دەدرۆشێت؟ پیاوێك هەستایە سەرپێ، پێی فەرموو: ناوت چیە؟ وتی: ناوم یەعیش واتە ئەژی، فەرمووی: تۆ بۆمان بدۆشە)[1].

---

١ رواه مالك (الموطأ) (٢/٩٧٣).

٦- ناوەکانی قورئان مەکروهن ناونان پێیانەوە وەك: طه، یاسین، حـم، پێشەوا مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە ڕاشکاوانە کەراهیەتی ناونان بەناوی (یاسـین)ی فەرمووە.[1]

ئاگاداریيەك:

ئەوەی کە خەڵکی باسی لێوەدەکەن کە یاسـینو طـه دوو نـاوی پێغەمبـەری خوایـە (ﷺ)، ڕاست نیەو لە هیچ فەرموودەیەکی صحیح یان حسن یان مرسل یـان وتەیـەکی هاوەڵانـدا نـەهاتووە، بـەڵکو پیتـی جیـا جیـان وەك هـەموو پیتـەکانی تـری سـەرەتای قورئان وەك حم، الر، الم و هتد...

٧- ناونان بەناوی هونەرمەندە ڕەوشت نزمەکانەوە دروست نیـەو مەکروهـە، وە گورانیبێژو یاریزانەکانیشەوە.

٨- هـەروەك ناونـان بـەناوی ئاژەڵـە ناسـراوەکان بـە ڕەوشـتی ناشـیرین وەك: حمار، قردان، کلب، کلیب واتە سەگو کەرو مەیمونو چەقەڵو هتد...

٩- هەروەك مەکروهە دوو ناو تێکەڵکێش بکرێت بەتایبەت (حمـە) یـان (محمـد) بخرێتە پێشیەوە بۆ پـیرۆزی وەك حمـەعلیو حمەصـاڵح محمـدقادرو محمدسـعیدو هتد..

حەوتەم:

دەبێت باوکانو سەرپەرشتیاران ناوی جوان هەڵبژێرن بۆ ڕۆڵـەکانیان، چـونکە نـاو کاریگەری لەسەر ناونراوەکە هەیە:

* (ابن المسیب) لـە باوکیـەو دەگێڕێتـەوە کـە بـە منـداڵی بـاوکی هـاتبووە خزمـەت پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش لێی پرسیبوو: ((ما اسمك؟)) ناوت چیە، وتـی: حـزن، واتـە: غـەمبار، پێغەمبـەریش (ﷺ) فـەرمووی: ((انـت سـهل)) واتـە تـۆ نـاوت سـانایە،

---

١ سوهەیلی مێناویەتی.

پیاوەکەش وتی: (لا أغير إسماً سمانيه أبي) واتە: ناوێك ناگۆڕم باوکم بۆی هەڵبژاردووم!

(ابن المسيب) دەڵێ: تا مردن ئەو پیاوە لەناوماندا هەر غەمبارو دڵتەنگ بوو)[١]

* (ابن القيم) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت:

پێغەمبەر (ﷺ) زۆر گرنگی داوە بە ناونان، ئەگەر بە وردی سەیری سوننەتەکانی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ناوەکانی کە لەو سەردەمەدا بووە مانای ناوەڕۆکی کەسەکەی گەیاندووەو لەوەوە وەرگیراوە، لەم فەرمودەیە وردبەرەوە کە دەفەرموێت: ((أسلم سالمها الله، وغفار غفر الله لها، وعصية عصت الله))[٢] واتە: بێ وەی خوا بێ وەی بکات، لێبووردە خوا لێی ببورێتو سەرکەش لە خوا یاخیە.

یان ئەو کاتەی صولحی حودەیبیە بە سوهەیلی کوڕی عەمری فەرموو: ((سَهُلَ امركم)) واتە ئەی ئاسان خوا کارت ئاسان بکات.

* یان جارێکیان بە بورەیدەی فەرموو: ناوت چیە؟ ئەویش فەرمووی: (بُريدة) واتە: فێنك، پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبوبەکری فەرموو: ((يا ابابكر برد امرنا)) واتە ئەی ئەبوبەکر فێنکی بۆ کارەکانمان دێت).

پاشان فەرمووی: (ممن أنت؟) واتە: لە چ هۆزێکی؟ وتی: هۆزی أسلم، ئەویش فەرمووی: بێ وەی دەبین، پاشان پێی فەرموو: (ممن): لە چ تیرەیەکی ئەسلەم؟ ئەویش وتی: لە سەهم، واتە بەش، فەرموی بەشت دیاری کرا ((خرج سهمك))[٣]

---

١ رواه البخاري (٦١٩٣).

٢ تحفة المودود لا(٢٠٣–٢٠٥).

٣ الاستذكار، أبوعمر.

هەشتەم:

کاتی ناونانی منداڵ:

لە سوننەتی صحیحدا هاتووە کە کۆرپە ناودەنرێت لە:

١- ڕۆژی لەدایکبوونی. وەك چۆن پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ئیبراهیمی کوڕی ناونا لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا.

٢- ناونانی منداڵ لە ڕۆژی سێیەمدا:

* خەلال (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە باسی ناونانی منداڵدا دەڵێ: عبدالملك ی کوڕی عبدالحمید دەڵێ: پێکەوە لێکۆڵینەوەمان دەربارەی کاتی ناونانی منداڵ دەکرد کە ئایا کەی دەنرێت؟

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمووی: ئەوەی کە سابتەو جێگیرە لە سوننەتدا هاتووە کە ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) لە سێ ڕۆژەدا منداڵی ناوناوە بەڵام سەمرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە حەوتەم ڕۆژدا ناوی دەنا.[١]

٣- ڕۆژی حەوتەم: وەك لە فەرموودەی سەمرەدا باسی دەکەین انشاء الله.

منیش دەڵێم: هەر کەس ویستی با لە ڕۆژی لەدایکبووندا ناوی منداڵەکەی بنێت، بەڵام ئەگەر خۆی یەکلا نەکردبوویەوە با دوای بخات بۆ ڕۆژی سێیەم یان حەوتەم تا شێوە سوننەتیەکەی بپێکێت (والله أعلم).

نۆیەم:

لەو سوننەتانەی کە لەلای زۆر کەس وازی لێ هێنراوە دانانی نازناو بۆ منداڵ.

ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) برایەکی بچکۆڵەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەبینێت کە هێشتا شیرەخۆرەبوو پێی دەفەرموێت: ((یا أبا عمیر)) واتە ئەی باکی عومەیر، واتا نازناوی خۆی بۆ دانا.

هەروەها جاریکیان کچێکی بچوکی بانگ کرد بە ((أم خالد)) واتە دایکی خاڵد.

---

١ تحفة المودود لا ١٦٧ لە باسی کاتی ناونانداا.

* عمری كوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: (عجلوا بكنی أولادكم، لاتسرع اليهم القاب السوء) خێرا نازناو دابنێت بۆ منداڵەكانتان پێش ئەوەی ناتۆرەو نازناوی خراپ وەرگرن.

* زاناكان دەفەرموون: بۆیە منداڵەكانیان هەر لە منداڵیەوە بە نازناو بانگ كردووە وەك گەشبینیەك بەوەی كە گەورە دەبن‌و دەبن بە باوك یان دایك‌و هەروەها بۆ ئەوەی نەوەك لەقەبی ناشیرین بخرێتە دوایان.

هەروەها وا باوە كە ئەگەر یەكێك كەسێك بە گەورە سەیر بكات ڕووی نایەت بەناوی خۆیەوە بانگی بكات‌و ئەگەر نازناوی هەبوو بەوەوە بانگی دەكات.[١]

دەیەم:

ناونانی منداڵ مافی باوكە بە پلەی یەكەم:

ئەگەر هاتوو ناكۆكی كەوتە نێوان دایك‌و باوك لەسەر ناونانی منداڵەكانیان گومانی تێدانیە كە ئەو مافە دەدرێت بە باوك لەسەر ڕۆشنایی هەموو ئەو فەرموودانەی پێشوو، بەڵام ئەگەر بە لێكگەیشتن‌و پرس‌وڕا بێت لای خوا خۆشەویسترە.

یازدەیەم:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوعبەت‌و شۆخی كردووە لەگەڵ منداڵاندا‌و بەناوی بچووككراوەوە بانگی كردوون.

* هەردەم بە ئەنەسی دەفەرموو: (یا أُنیس) واتە ئەی ئەنەسە خنجیلەكە.[٢]

* ئەنەسی كوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوعبەتی دەكرد لەگەڵ زەینەبی كچی ئوم سەلەمەدا دەكردو ناوەكەی بچوك دەكردەوەو پێی دەفەرموو: ((یا زوینب!)) ئەی زەینەبە گچكەكە!) یان زەینەبۆلكە.[١]

---

١ عمدة القاري (١٨/٢٦٥).

٢ رواه مسلم (٦٠/٨١).

١ رواه الضياء في (المختارة) (١٠٩/٥) ١٧٣٣ واسناده صحيح.

فەرموودەی بیستو سێیەم
تەحنیکی منداڵ بە دەمەجوی خورما

عن عائشة (رضي الله عنها): ان رسول الله (ﷺ) كَانَ يُؤتى بِالصبيَان، فَيبرك عَلَيهم وَيحنكهُم)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

ئەحمەد گێڕاویەتیەوە لە (٦/٤٦-٢١٢) و مسلم (٥٦٧٠)و أبو داود لە (٥١٠٦) لە باسی بانگدان بەگوێی منداڵدا، ابن حبان لە صحیحەکەیدا (١٣٧٢).

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم: تەحنیك مانای چیە؟

* ئەبو عوبەید (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێشەوا یەزیدی دەڵێ: تەحنیك واتە: خورمایەك بجوێنرێت پاشان بە پەنجە دەهێنرێت بە ئاسمانەی دەمی کۆرپەکەدا.

دووەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە تەحنیك سوننەتە:

* هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) منداڵە تازە لەدایکبووەکانیان دەهێنایە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا دەمەجوی خورمایان بۆ بکاتو دووعای فەڕو بەرەکەیان بۆ بکات.

* (أبو موسی) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کوڕێکم بوو، هێنامە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و ناوی لێنا ئیبراهیمو بە خورمایەکیش دەمەجوی بۆ کرد.[١]

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: یەکەم منداڵ لە ئیسلامدا لەدایك بوو، عبداللەی کوڕی زوبیر بوو هێنایان بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و پێغەمبەریش

١ رواه البخاری (٥٤٦٧) و مسلم (٥٦٦٦).

(ﷺ) خورمایەكی هەڵگرت‌و خستیە دەمی‌و جووی‌و پاشان كردیە دەمی، بەو جۆرە یەكەمین دڵۆپێك چووە سكیەوە تفی پێغەمبەری خوابوو (ﷺ).[١]

منیش دەڵێم: بەڵگە زۆرە لەسەر ئەوەی كە تەحنیك لە ڕۆژی لەدایكبووندا سوننەتە‌و زاناكان لەسەر ئەوە سەرباسیان نووسیوە‌و بەشیان جیاكردۆتەوە:

* (ابن أبی شیبە) (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە باسی خورما كاتێك دەجوێنرێت‌و دەدرێت بە منداڵ.[٢]

* پێشەوا بوخاری (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە (صحیح)ەكەیدا سەرباسێكی ناوناوە (باسی منداڵ لەو ڕۆژەدا كە لەدایك دەبێت‌و عەقیقە‌و تەحنیكی بۆ دەكرێت)[٣]

هەروەها بەردەوام زانایان كاریان لەسەر ئەمە كردووە لەگەڵ منداڵەكانیان:

* خەلال (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: محمدی كوڕی عەلی هەواڵی پێدام‌و وتی: لە خێزانی ئەحمەدی كوڕی حەنبەلم بیست دەیووت: كاتێ ژان زۆری بۆ هێنام ئیمام خەوتبوو، پێم وت: ئەی سەردارم خەریكە دەمرم، ئەویش فەرمووی: خودا دەروو دەكاتەوە.. ئەو قسەكەی تەواو نەكرد من سەعیدم بوو.

كاتێك منداڵەكەم بوو فەرمووی: ئەو خورمایە بهێنن (كە لە مەككەوە بۆمان هاتبوو) منیش بە دایكی عەلیم وت: جوان بیجووە‌و پاشان دەمی منداڵەكەی پێ شیرین بكە‌و ئەویش وای كرد.[٤]

* (ابن منذر)یش (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: تەحنیكی كۆرپە سوننەتە.[٥]

---

١ رواه البخاري (٣٩١٠) ومسلم (٥٦٦٨).

٢ المصنف (٨/١٩،٢٠).

٣ صحيح البخاري. وفي الادب المفرد لا (٣٦٦).

٤ تحفة المودود لا(٦٦).

٥ الاقناع لا (١/٣٧٩).

منیش دەڵێم: هەندێك پێیان وایە ئەم سوننەتە تایبەت بووە بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەلام ئەم قسەیە بەڵگەی دەوێت، خۆ ڕاستە هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) منداڵەكانیان دەهێنایە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا تەحنیكیان بۆ بكاتو بەرەكەتی لیكی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ناو دەمی كۆرپەكانیانەوە ئەمەیان تایبەتە بە پێغەمبەرەوە (ﷺ).

سێیەم: كێ هەستێت بە تەحنیك كردنەكە؟

هەر كەسێك لەو كاتەدا كە لەدایك دەبێت ئامادەبێت لە خزمەكانی وەك چۆن ئیمام أحمد بە دایكی منداڵەكەی وت كە تەحنیكەكەی بۆ بكات.

منیش دەڵێم: بەلام ئەوەی ئەمڕۆ زۆری لە نووسەرو زانایانی ئەم دواییانە كە خاوەنی (تربية الاولاد في الاسلام) یەكێكیانە دەڵێن: سوننەت وایە ئەو كەسەی كە تەحنیكی ئەو منداڵە دەكات كەسێك بێت بە خواناسیو لەخواترس بناسرێت، ئەمەش لەبەر فەڕو بەرەكەتو بەهیوای ئەوەی لە پاشەڕۆژدا صالح دەربچێت.

ئەمەش ڕاست نیە بەڵكو بیدعەیەو لە ئیسلامدا داهێنراوەو شەرع شتی وای نەفەرمووە، سەلەفی ئەم ئوممەتەیش جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) كەسی تر شتی وای نەكردووە، بۆیە زاناكان لەمە هۆشداریان داوە.

* سولەیمانی كوڕی عبداللەی كوڕی محمدی كوڕی عبدالوهاب (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: هەندێك لە زانایانی ئەم دواییە (متأخرين) باسی ئەوەیان كردووە سوننەتە پاشماوەی دەمی پیاوچاكان بخورێتەوە بە مەبەستی فەڕو بەرەكەت یان دەست هێنان بە جلو بەرگیاندا یان ماچكردنی دەستو قاچیان، بردنی منداڵ بۆ لایان تا تەحنیكیان بكەن بۆیانو تا یەكەمین شت بڕواتە گەدەیانەوە لیكی پیاوچاكان بێت، یان بەرەكەت وەرگرتن لە عەرەقیان یان لەهەر شتێكی تر...

ئیمام نەوەوی لە شەرحی (صحيحی مسلم)دا هەموو ئەو فەرموودانەی هێناوە كە هاوەڵان بە مەبەستی فەڕو بەرەكەت منداڵی خۆیانیان بردۆتە خزمەت سەروەر (ﷺ)

وای گومان بردووە كە هەمان شێوەیش لەگەڵ پیاوچاكان‌و زانایاندا دەكرێت كە ئەمەش زۆر هەڵەیەكی ئاشكرایە لە چەند ڕوویەكەوە:

١-ئەگەر ئێمە گومانمان هەبێت لە چاكی‌و تەقوای كەسێك، بەڵام دڵنیانین لەسەر ئەو چاكیە تەمەنی تەواو دەكات (سوء الخاتمة)ی بەسەردا نایەت‌و كردەوەی چاكیش بە خاتیمەكەیەوە بەندە، نابێت بە تەمای فەڕو بەرەكەت بیت لە شوێنەوارو پاش خوانەكانی.

٢- هەروەك هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ هیچ هاوەڵێكی دوای خۆیدا شتی وایان نەكردووە، خۆ ئەگەر شتێكی دروست‌و چاك بووایە لەپێش ئێمەوە ئەوان دەیانكرد، تەنانەت لەگەڵ ئەبوبەكرو عمرو عثمان‌و علی‌و ئەوانی تریشدا شتی وایان نەكردووە هەرچەندە ئەوانە مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە.

هەروەها تابعین لەگەڵ سەعیدی كوڕی موسەیب‌و عەلی كوڕی حوسەین‌و ئووەیسی قەرەنی‌و حەسەنی بەصری‌و كەسانی تریشدا ئەم كارەیان نەكردووە، بە مەرجێك هەموو لا لەسەر تەقواو خواناسینیان یەكن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەو بەرەكەت وەرگرتنە تایبەت بووە بە پێغەمبەرەوە (ﷺ).

٣- هەرگیز هیچ كەس لە پێغەمبەرەوە نزیك نابێتەوە لە فەزڵ‌و بەرەكەتدا، چجای بچێتە ئاستی ئەو زاتەوە.

٤- كەس ناتوانێت صاڵحیەت‌و پیاوچاكی مرۆڤ بكێشێت، چونكە ئەوە كارێكە لەناو دڵدایەو دڵیش كەس پێی نازانێت مەگەر بە ئایەت ئاشكرای بكات وەك هاوەڵان كە قورئان وەسف‌و سەنای چاكیان دەكات یان پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها سەردەمی تابیعین بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ): ((خير القرون قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم)). بەڵام خەڵكانی تری بێجگە لەوان خەڵك گومانی پیاوچاكییان لێ دەكات‌و دڵنیانین لێیان‌و هیواداریین واش بن ان شاء الله.

٥- ئەم بە پیرۆزو گەورە ڕاگرتنەی جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كێ دەڵێت نابێتەهۆی فیتنەو فیزو بەگەورە سەیری خۆكردنو ڕووپامایی نواندن كە ئەوەش لەلایەن خەڵكیەوە وەك مەدحكردنو وەسفكردنیان وایە بە كردەوە كە زۆر لە دەربڕینی دەم گەورەترە.

كەواتە بەمەدا بۆمان دەردەكەوێت كە هەڵگرتنی كۆرپەلەو بردنی بۆخزمەت پیاوچاكان بەهیوای تەحنیك كردنیانو بەرەكەتاوی كردنیان بیدعەیەو داهێنراوێكی ترسناكەو پێشینەی چاكی ئەم ئوممەتە نەیانكردووە لە دوای پێغەمبەر (ﷺ).[١]

چوارەم:

ئایا تەحنیك بەچی دەكرێت؟ لە سوننەتدا هاتووە بە خورما دەكرێت:

* عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: عبداللەی كوڕی زوبێرمان هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی تەحنیكی بكات، زۆر گەڕاین بەدوای خورماداو زۆر بە ناڕەحەت دەستمان كەوت.[٢]

لە ڕیوایەتێكی تری (مسلم)دا هاتووە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی وەرگرتو خستیە باوەشیو داوای خورمایەكی كرد، عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێت: بۆماوەی سەعاتێك وەستاین ئەوجا پەیداكراو پێغەمبەر (ﷺ) خستیە دەمیەوەو جوویو پاشان دەمەجووەكەی كردە دەمی عبداللەو بەو جۆرە یەكەمین قەترەیەك چووە ناو سكی عبداللەوە تفی پێغەمبەری خوابوو (ﷺ).[٣]

---

١ تیسیر العزیز الحمید شرح كتاب التوحید (١٨٥-١٨٦).

٢ مسلم (٥٦٧١).

٣ مسلم (٥٦٦٧).

تەنانەت (ابن ابی شیبه) (رەحمەتی خوای لێ بێت) یەك باسی جیای نووسیەوە بەناوی (خورما کاتێك تەحنیکی کۆرپەلەی پێ دەکرێت).[1]

منیش دەڵێم: ئەگەر خورما دەست نەکەوت، بە هەموو شتێکی شیرینی تر دەکرێتو ئەگەر هەنگوین بێت چاکترە:

* ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: لەکاتی لەدایکبوونیدا هەنگوین دەدرێت لە مەلاشوی.[2]

پێنجەم:

مەبەست لە وتەکەی عائیشه (خوا لێی ڕازی بێت) کە فەرموویەتی (فیبرك علیهم) واتە داوای بەرەکەتو پیرۆزبوونی بۆ دەکردن.

* وەك چۆن لە ڕیوایەتی (أبو داود)دا هاتووە دەفەرموێت: (یؤتی بالصبیان فیدعوا لهم بالبرکة) واتە منداڵانیان بۆ دەهێناو ئەویش دوعای بەرەکەتی بۆ دەکردن.

شەشەم:

چۆنیەتی دووعاکردن بە پیرۆزی ئەوەیە بڵێیت: (بارك الله فیك)

* وەك لە فەرموودەیەکی درێژی (ابن مسعود)دا هاتووە (خوا لێی ڕازی بێت) کە تیایدا هاتووە دەفەرموێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێرم بکە؟ ئەویش دەستی هێنا بە سەرمداو فەرمووی پێم: ((بارك الله فیك، فانك غلام مُعلَّم))[3]

* سەلەمەی کوڕی وەردان دەڵێت: ئەنەسی کوڕی مالیکم بینی (خوا لێی ڕازی بێت) تەوقەی لەگەڵ خەڵکەکەدا دەکرد گەیشتە سەرەی من لێی پرسیم: تۆ کێی؟ وتم: من لە (بني لیث)م سێ جار دەستی هێنا بەسەرمداو فەرمووی: (بارك الله فیك).[4]

---

١ مصنف ابن ابي شيبه (كتاب الطب) (١٩/٨).

٢ المغني (٤٩٧/٢).

٣ پێشتر سەرچاوەکەی دراوە.

٤ رواه البخاري في الادب المفرد (٩٦٦).

حەوتەم:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە سوننەتە کۆرپە ببرێت بۆلای کەسانێك کە دووعای فەڕویەرەکەتی بۆ بکەن.

ئەم کارە تایبەت نیە بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ)و بەس، بەڵکو پێشینەی چاك (رەحمەتی خوایان لێ بێت) منداڵەکانیان بردووە بۆ لای پیاوچاكو زاناو لەخواترسان بەهیوای ئەوەی دووعای خێریان بۆ بکەنو دووعای صاڵحیەت بۆ کۆرپەکانیان بکەن:

* عەلقەمە لە دایکیەوە دەگێڕێتەوە کە عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: (کە خەڵکی منداڵیان دەبوو دەیانهێنا بۆ لای ئەو، ئەویش دووعای فەڕو بەرەکەتی بۆ دەکردن)[1]

* موعاویەی کوڕی قوڕە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: کاتێك (إیاس) لەدایکبوو، کۆمەڵێ لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوام کۆکردەوەو دەعوەتم کردنو پاش نان خواردن هەموویان دووعای خێری زۆریان کرد، منیش وتم: ئێوە دووعاتان کردو (بارك الله) لە هەموو دووعاکانتان، بەڵام منیش هەندێك دووعا دەکەم ئێوە ئامین بکەن بۆی، دەڵێ: دووعای زۆرم کرد بۆ دینداریو عاقڵیو شتی تریش، پاشان دەڵێ: من کە پاشتر سەیری ئەو منداڵەم دەکرد ئاسەواری ئەو دووعایانەم تێدا بەدی دەکرد.[2]

* ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەدهەم پیاوێکی صاڵح بوو، کاتێك لە مەککەدا ئیبراهیمی بوو، خستیە پارچەیەك قوماشو گەڕاندی بەسەر خواناسو پیاوچاکانو دنیانەویستەکاندا پێی دەوتن: دووعای خێری بۆ بکەن ئیبراهیم دەڵێ: وادیارە دووعای هەندێکیانی بە ئاشکرا تێدا دیاربووە.[3]

---

١ رواه البخاري به (الادب المفرد)دا (٩١٢).

٢ هەمان سەرچاوە (١٢٥٥).

٣ رواه ابو نعيم في الحلية (٧/٣٧) وابن عساكر في تأريخه (٦/٢٨٦).

هەشتەم:

منداڵ لەکاتی لەدایکبووندا چی لێ دەکرێت:

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە سوننەتە ئەمانەی لەگەڵدا بکرێت:

١–تەحنیك کردنی بە خورما.

٢– بردنی بۆ خزمەت ئەوانەی دووعای فەڕو بەرەکەتی بۆ دەخوازن.

٣– ناونانی.

٤–سوپاسکردنی پەروەردگار لەسەر لەدایکبوونی منداڵەکە بەبێ ناتەواویو بە سەلامەتی:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ما أنعم الله على عبد نعمة (في أهل ومال و ولد) فقال: الحمدلله (رب العالمين)، إلا كان قد ُعطى خيراً مما أُخذ))[1]

واتە: خوا هیچ بەخشینێکی (لەماڵو منداڵو کەس) نەداوە بە هیچ بەندەیەکیو وتبێتی (سوپاس بۆ خوا پەروەردگاری جیهانیان، مەگەر ئەوەی پێی درابێت پاشتر باشترە لەوەی لێی سەنراوەتەوە).

* کثیری کوڕی عەبید دەڵێ: عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) هەر کاتێك منداڵێکیان ببوایە نەیدەپرسی کوڕە یان کچ، بەڵکو هەمیشە دەیفەرموو: (خُلق سوياً) واتە تەواوەو نوقسان نیە؟ دەیان وت: بەڵێ: ئەویش دەیفەرموو (الحمدلله رب العالمين).[2]

---

١ رواه ابن ماحة (٣٨٠٥) واسناده حسن.

٢ رواه البخاري في (الادب المفرد)دا (١٢٥٦). (لە باسی گوێ نەدان نە نێرو مێیو هەواڵی تەواوی پرسین).

٥- بانگدان بەگوێی منداڵەكەدا:

* (أبی رافع) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: (كاتێك فاطمة (خوا لێی ڕزای بێت) حەسەنی بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی دا بەگوێی حەسەنی كوڕی عەلیدا).[١]

* عبداللەی كوڕی ئەبوبەكر دەگێڕێتەوە كە عمری كوڕی عبدالعزیز (رەحمەتی خوای لێ بێت) هەر كاتێك منداڵیان ببوایە دەیخستە پارچە پەڕۆیەكو بانگی دەدا بەگوێی ڕاستیداو قامەتیشی بە گوێی چەپیدا دەخوێند.[٢]

٦- دروستكردنی خواردن لە ڕۆژی لەدایكبوونیدا:

كە عەرەب پێی دەڵێن: ڕۆژی خورس كە بریتیە لە خوارنێك كە لەو ڕۆژەدا لێ دەنرێتو خەڵكی بۆ بانگ دەكرێت كە ژنەكە بە بێوەی لە ژانو ئێش ڕزگاری بووەو منداڵەكەی بووە.

ئەم خواردنە لە سەردەمی نەفامیشدا دروستكراوەو ئیسلامیش هێشتوویەتیەوە.

* بیلالی كوڕی عەكی (العكی) دەڵێ: منو ئیبراهیمی كوڕی ئەدهەمو عبدالعزیزی كوڕی قەریرو موسای كوڕی یەسار چووین بۆ سەردانی یەحیای كوڕی حەسانی (البكری) فەلەستینی لە لادێكەی خۆی، ئەویش خواردنی زۆری خستە بەردەستمان، موسا چووە دواوەو وتی من بەڕۆژووم، یەحیا وتی: بۆماوەی چل ساڵ ئا لەم مزگەوتەدا هاوەڵێكی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (بنی كنانه) بوو بەرنوێژی بۆ دەكردین (أبا قرصافه)یان پێ دەووت، ڕۆژێك نا ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبوو، من كوڕێكم بوو لەو ڕۆژەی بەڕۆژووبوو دەعوەتم كردو ئەویش ڕۆژووەكەی شكاند، ئیبراهیم هەستا مزگەوتەكەی گسكداو موسایش ڕۆژووەكەی شكاند.[٣]

---

١ رواه أبو داود (٥١٠٥) والحاكم (١٧٩/٣) وصححه الحاكم والترمذي.

٢ رواه عبدالرزاق في (مصنف)دا (٧٩٨٥).

٣ رواه البخاري في (الادب المفرد)دا (١٢٥٣). وە دەڵێ ناوی ئەو هاوەڵە (جندرة بن خيشنة)بوو (خوا لێی ڕازی بێت).

* موعاویەی كوڕی قوڕڕە دەڵێ: كاتێك إیاس لەدایكبوو، كۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوام دەعوەت كردو لەپاش نان خواردن دووعای خێریان كرد.[1]

* شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: چوون بۆ دەعوەتی (وەلیمەی منداڵبوون) واجبە، هەرچەندە ڕێگەیش نادەم بە نەچوون بۆ دەعوەتەكانی تری وەك أملاك، ڕزگاربوونی ژن لە حەمل، خەتەنەسوران‌و ڕووداوی خۆش، بەڵام وانازانم جگە لە (وەلیمە) كەس گوناهبار نابێت نەچێت بەدەمیانەوە.[2]

منیش دەڵێم: ئەم خواردنە جیاوازە لە خواردنی (العقیقە) كە لە ڕۆژی حەوتەمدا حەیوانێك یان دووان سەردەبڕدرێت‌و دواتر باسی دەكەین إن شاء الله.

نۆیەم: سوننەتە مژدەدان‌و پیرۆزبایی لەو كەسەی منداڵی دەبێت:

* خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ (١٠٠) فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ﴾[3]

* چونكە مژدەدان دڵی موسڵمان خۆش دەكات، سوننەتە مرۆڤ دڵی برا موسڵمانەكەی خۆش بكات، ئەگەر مژدەی لە دەست دەرچوو با پیرۆزبایی لێ بكات، چونكە موژدەدان بۆ دڵخۆشكردنە، بەڵام پیرۆزبایی دووعای چاكەكردنە بۆ منداڵەكە لەپاش زانینی هەواڵەكە:

هەر بۆیە كاتێك خوای گەورە تەوبەی كەعبی كوڕی مالیك‌و هاوەڵەكانی ڕاگەیاند (خوا لێیان ڕازی بێت) مژدەدەرێك ڕایكرد بۆلای مژدەی دایەو پاشتر خەڵكەكە لە مزگەوت پیرۆزباییان لێ كرد.[4]

لە سەلەفی صاڵحەوە هەندێك شێوازی پیرۆزبایی دەگێڕنەوە لەوانە:

---

١ هەمان سەرچاوە (١٢٥٥).

٢ الاستذكار (٥/٥٣١).

٣ الصافات (١٠١).

٤ تحفة المودود (٥٨–٥٩).

* هیثمی کوڕی جمّاز دەڵێ: لە خزمەت حەسەنی بەسریدا پیاوێك بە پیاوێکی تری وت: پیرۆزت بێت سوارچاکێك! حەسەن فەرمووی: چۆن دەزانی سوارچاك دەردەچێت؟ کێ دەڵێ حوشترەوان یان گاوان دەرناچێت؟!

بەڵکو بڵێ: شکرت الواهب، وبورك لك في الموهوب، وبلغ أشده، ورُزقت برّه)[1]

واتە: سوپاسگوزاری بەخشندەبیت، بەخششەکەت لێ پیرۆزبێت، پێ بگاتو لەگەڵ تۆشدا چاك بێت.

* هەروەها سەری بن یەحیا دەڵێ: جارێك لە حزور حەسەنی بەسریدا (رەحمەتی خوای لێ بێت) پیاوێك بە هاوڕێیەکی خۆی وت: پیرۆزت بێت ئەو سوارچاکەت (کە بووتانە) لەوێدا پێشەوا حەسەن فەرمووی: بە چیدا دەزانیت سوارچاك دەردەچێت؟ ئەی کێ دەڵێ دارتاش یان خەیات دەرناچێت؟!

پیاوەکەش وتی: ئەی چی بڵێم قوربان؟ ئەویش فەرمووی بڵێ: (جعله الله مباركاً عليك وعلى امة محمد (ﷺ)) واتە: خوا پیرۆزی بکات بۆ تۆو ئوممەتی محمد (ﷺ).[2]

هەر بەم شێوەیەش لە (أيوب السختياني)یەوە دەگێڕنەوە (رەحمەتی خوای لێ بێت).[3]

*　　*　　*

---

١ رواه ابن الجعد في (المسند)دا (٣٥٢٣) وابن ابي الدنيا في (العيال) (٢٠١).

٢ رواه الطبراني في (الدعاء)دا (٩٤٥).

٣ رواه ابن ابي الدنيا في (العيال)دا (٢٠٢) والطبراني في (الدعاء)دا (٩٤٦).

فەرموودەی بیستو چوارەم

((العقيقة))

سەربڕینی حەیوان لە ڕۆژی حەوتەمدا

عن سُمره بن جندب (ﷺ) عن النبي (ﷺ) قال: ((كُلُّ تُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ السَّابِعِ، وَيُحْلَقُ رَأْسُهُ وَيُسمَّى)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (٥/٧-١٢،٨) وە أبو داود (٢٨٣٧) لە باسی (العقیقە)و ترمذي (١٥٢٢) و النسائی (٤٢٢١) و إبن ماجە (٣١٦٥)و الدارمی (٢٠٢١)و الحاکم (٢٣٧/٤)و کەسانی تریش.

فەرموودەیەکی (صحیح)ە، ترمذي و حاکمو أشبیلی بە صحیحیان داناوە.

ئەو فەرمانو ئادابانەی لە فەرموودەکەوە وەردەگیرێت:

یەکەم: مانای وشەی (العقیقە): سەربڕینی حەیوان بەبۆنەی لەدایکبوونی منداڵەوە لە ڕۆژی حەوتەمدا.

دووەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە عەقیقە شتێکی دروستو ڕەوایە:

* (ابن منذر) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بەردەوام لە حیجازدا عەقیقە کراوە لە کۆنو نوێداو زاناکان کاریان لەسەر کردووەو مالیك دەڵێ ئەمە یەکێکە لەو مەسەلانەی هەموو لەسەری کۆکنو کەس قسەیەکی لەسەر نیە.

* هەروەها دەڵێ: ئەوانەی کە (عەقیقە) بە سوننەت دەزانن: عبداللەی کوڕی عباسو عبداللەی کوڕی عمر و دایکی بڕواداران عائیشە (خوا لە هەموویان ڕازی بێت)و تەنانەت کۆمەڵێکی زۆر لە ژمارە نەهاتووی زاناکانیش ئەمە بە سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەزانن، هەر کاتێکیش کە مەسەلەیەك لە سوننەتدا چەسپا کارپێکردنی واجب دەبێت.

ابن منذر دەڵێ: كۆمەڵێك لەوانەی كە بە (أصحاب الرأی) ناسراون عەقیقە بە سوننەت نازانن‌و بەمەش پێچەوانەی سوننەتی چەسپاوی پێغەمبەریان كردووە (ﷺ)و هەروەها پێچەوانەی هاوەڵان‌و تابیعینیان كردووە.[1]

سێیەم: مەكروهە عەقیقە نەكردن بۆكەسێك لە توانایدا هەبێت بیكات:

* (أبو زناد) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (عقیقە تایبەتمەندیەكی موسڵمانانەو پێیان ناخۆش بووە وازی لێ بهێنرێت)

* حەنبەل دەڵێ: (أبوعبدالله أحمدی كوڕی حەنبەل) فەرموویەتی: پێم خۆش نیە بۆ كەسێك بتوانێت عەقیقە بكات‌و كەچی وازی لێ بهێنێت‌و نەیكات چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((الغُلاَم مُرتهنٌ بِعَقِيقَتِه)) واتە: منداڵ پەیوەستە بە عەقیقەكەیەوەو ئەمەش توندترین فەرمودەیە لەم بارەیەوە هاتبێت)[2]

چوارەم: ئایا ئەگەر لەو كاتەدا پارەی نەبوو دەتوانێت قەرزی بۆ بكات؟

*حارث دەڵێ: لە أحمدی كوڕی حەنبەلم پرسی: ئەی ئەگەر لەكاتی منداڵبوونەكەدا پارەی لەدەستدا نەبوو چی بكات؟ أحمد فەرمووی: ئەگەر قەرزی بۆ بكات هیوام وایە خوای گەورە بۆی ببژێرێت چونكە سوننەتێكی زیندوكردۆتەوە.[3]

پێنجەم: بۆ كوڕ چەندو بۆ كچ چەند حەیوان سەردەبڕدرێت؟

* (أم كُرز) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام بیست (ﷺ) دەیفەرموو: ((عن الغلام شاتان، وعن الجارية واحدة، لايضركم ذكرانا كنّ أو اناثاً))[4] واتە: بۆ كوڕ دوو مەڕ، بۆ كچیش یەك مەڕ، زیانی نیە ئەگەر مەڕەكان نێرین یان مێ).

---

١ تحفة المودود لا (٦٩).

٢ تحفة المودود (٧٧،١٠٠).

٣ تحفة (١٩).

٤ رواه أبوداود (٢٨٣٤،٢٨٣٥) والترمذي (١٥١٦) والحاكم (٢٣٧/٤) وصححه الترمذي والحاكم

شەشەم: فەرموودەكە ئەوە دەبەخشێت كە عەقیقەكردنەكە لە ڕۆژی حەوتەمدا دەبێت:

ئەگەر لەو كاتەدا ڕێك نەكەوت زانایان پێیان وایە كە بخرێتە ڕۆژی چواردەیەمو ئەگەر ئەو ڕۆژەیش ڕێك نەكەوت با ڕۆژی بیستو یەكەمین بێت.

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئەگەر لە ڕۆژی حەوتەمدا عەقیقەی بۆ نەكرا با لەڕۆژی چواردەدا بكرێت ئەگەر لەو ڕۆژەیشدا نەكرا با لە ڕۆژی بیستو یەكدا بكرێت.[1]

* ترمذی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لەلای زانایان بەمە كار كراوەو پێیان خۆش بووە لە ڕۆژی حەوتەمدا بۆی سەرببڕێتو ئەگەر نەكرا با لە ڕۆژی چواردەدا بێتو ئەگەر نەشكرا با لە ڕۆژی بیستو یەكدا بكرێت.[2]

منیش دەڵێم: ئەمە وەك سوننەت نەك وەك واجب، بەڵكو لە هەر ڕۆژێكدا بكرێت دروستە.

* محمدی كوڕی سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (هیچی تێدانییە ئەگەر لەپێش ڕۆژی حەوتەم یان دوای ئەو ڕۆژە عەقیقە بكرێت، دەیووت: گۆشتەكەشی بە ئارەزووی خۆی دەبەخشێتەوە)[3]

حەوتەم: مەبەست لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) چیە كە دەفەرموێت ((كُل غُلاَم مُرتهنٌ بِعَقِيقَتِهِ))؟

* یەحیای كوڕی حەمزە دەڵێ: لە (عطاء الخراسانی)م پرسی دەربارەی مانای ((كُل غُلاَم مُرتهنٌ بِعَقِيقَتِهِ)) لە وەڵامدا وتی: لە شەفاعەتی منداڵەكەی بێ بەش دەبێت.

---

١ التمهيد (ابن عبدالبر) (٣١٢/٤) و (شرح السنة) بغوي (٢٦٨/١١).

٢ السنن (٨٦/٤).

٣ رواه ابن ابي شيبه (٤٣٠٨).

هەروەك حەسەنی بەسریو عطای كوڕی ئەبی ریباحو قەتادەو احمدو بغویيش هەمان مانای ئەو فەرموودەیان كردووە (رەحمەتی خوایان لێ بێت).[1]

هەشتەم:

كۆمەڵێك مەسەلەی پەیوەست بە عەقیقەوە:

١-سەربڕینی باشترە لەوەی پارەكەی بكات بەخێر با زیاتریش بدات:

* (أبو داود) (رەحمەتی خوای لێ بێت) گوێم لێبوو جارێكیان لە ئەحمەدی كوڕی حەنبەلیان پرسی ئایا كامیانت پێ خۆشە سەربڕینی حەیوانەكە یان خێركردن بە پارەكەی؟ فەرمووی: سەربڕین.[2]

ئەمەش لەبەرئەوەیە كە سەربڕینی حەیوان سوننەتێكی شەرعیە بەهۆی دووبارە بەخشندەیی خوا لەگەڵ دایكو باوكەكەدا، وە نهێنیەكی شاراوەی جوانی تێدایە كە لە كۆندا یادەوەری سەربڕینی ئەو مەڕەیە لەجیاتی اسماعیل پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) -لەلایەن باوكیەوە ئیبراهیم پێغەمبەر- و لەدوای ئەو بوو بە سوننەت لەناو نەوەكانیدا كە لەكاتی لەدایكبووندا حەیوانێك سەرببڕێت لەجیاتیدا، ئەمەش دوورنیە كە لەبەرئەوە بێت كە لە شەڕی شەیتان بەدووربێت وەك چۆن لەكاتی دروستبوونی دایكو باوكدا (ناوی خوا دەهێنرێت تا پاشتر لە شەڕی شەیتان بەدوور بێت) بۆیە زۆر بە دەگمەن باوك هەبووە واز لە عەقیقە بهێنی مەگەر پاشان شەیتان چووبێتە بنكلێشەی منداڵەكەیو نهێنیەكانی شەرعیش زۆر لەمانە زیاترو گەورەترن.[3]

---

١ العيال (ابن ابي الدنيا) (٧٦) و شرح السنة للبغوي (١١/٢٦٨).

٢ رواه الخلال في (تحفة المودود) لا(١١١).

٣ تحفة المودود (١١١،١١٢).

٢- هەر کەسێك بە سکێك دوو کوڕ یان بوو لەباتی هەریەکەیان یەك مەڕ سەردەبڕێت:

* (لیث)ی کوڕی سەعدە (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەربارەی ژنێك دوو کوڕی ببێت بە سکێك، دەڵێ: یەکی مەڕێك لەباتیاندا سەر دەبڕێت والله أعلم.

٣- ئەو مەرجانە چین کە دەبێت لەو مەڕەدا هەبێت کە سەری دەبڕێت:

* مالك (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەفەرموێت: هەر کەسێك عەقیقە بۆ منداڵێك بکات هەروەك قوربانی وایە، نابێت حەیوانەکە کوێر یان شەل یان شوێنێکی شکا بێت، یان نەخۆش بێت یان نابێت لە گۆشتەکەی یان پێستەکەی بفرۆشێت.[١]

* ترمذی (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەڵێ: زانایان پێیان وایە ئەو مەڕەی دروستە عەقیقەی پیٚ بکرێت کە دروستە قوربانی پیٚ بکرێت.[٢]

٤- عقیقەکردن بە مەڕ یان بە مانگا یان بە حوشتر باشە؟

* (ابن ابی ملیکە) (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەڵێ: کاتێك خوشکێکی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) کوڕێکی بوو (دوو بەچکە حوشتریان سەربڕی) کاتێك عائیشەیان لەمە ئاگادارکرد فەرمووی: (پەنا بە خوا بەڵکو دەبێت وەك پێغەمبەر فەرموویەتی: (شاتان مکافئتان)[٣].

* ابو داود (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەڵێ: بیستم لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەیفەرموو: (مکافئتان) واتە: وەك یەك وابن، لە یەکەوە نزیك بن)[٤]

---

١ الموطأ (٢/٥٠٢).

٢ السنن (٤/٦٨).

٣ رواه ابن ابي الدنيا في العيال (٥٩).

٤ السنن (٢٨٣٤).

٥- لەکاتی سەربڕینی حەیوانەکەدا چی دەڵێت:

* لە عائیشەوە دەگێڕنەوە (خوا لێی ڕازی بێت)و ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((اذبحوا علی إسمه، فقولوا: بسم الله، اللهم لك والیك، هذه عقیقة فلان))[1] واتە: سەری بڕن بەناویەوەو بڵێن: بەناوی خواوە، ئەی پەروەردگارم بۆ تۆیەو بۆ لای تۆیە، ئەمە عەقیقەی فلان کەسە (...) ناوی منداڵەکە دەبرێت.

* (ابن منذر) دەڵێ: ئەمە شتێکی باشە بەڵام ئەگەر نیەتی عەقیقە بیٚو هیچیش نەڵێ هەر دروستە.

زانایانی فەرمودە لەسەر ئەوەن کە وەك چۆن لە قوربانیدا ناو دەبرێت لە عەقیقەیشدا ناودەبرێت. ئەمە وتەی: قەتادەو عطاو أحمدو ابن منذرە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت).

٦- شکاندنی ئێسقانەکانی مەڕەکە:

زۆربەی زانایان پێیان باش نیە کە ئیسقانەکانی ورد بکرێتو پێیان خۆشە لە جومگەکاندا لەت بکرێت.

* جەعفەر لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی دا کە لەو عەقیقەیەی کە فاطمة بۆ حسنو حسینی سەربڕی یەك لاقی بنێرن بۆ مامانەکەو ((ولا یکسر منها عظم)) وە ئێسقانەکانی نەشکێنن)[2]

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە جومگەکاندا دەبڕدرێتو لێدەنرێتو ئێسقانەکانی ناشکێت.[3]

---

[1] رواه عبدالرزاق (٧٩٦٣). وابن ابي الدنیا في العیال (٤٣).

٢ رواه ابن ابي شیبه (٤٣١٤). صحیح الاسناد.

٣ رواه ابن ابي شیبه (٤١١٥).

* (عطاء)یش دەڵێ: هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) حەزیان نەکردووە ئێسقانەکانی عەقیقە بشکێنرێت.

* جابری کوڕی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت)و زوهەریو ابن جورەیجو شافعیو احمدی کوڕی حەنبەل ئەم ڕایەیان هەبووە.

٧- گۆشتەکەی چۆن دەبەخشرێتەوە:

زانایان وایان پێ خۆشە کە هەروەك قوربانی ببەخشرێتەوە کە خۆی لێی بخواتو لێی بکات بەخێرو لێشی بدات بە دراوسێکانی.

* (ابن عبدالبر) دەڵێ: هەمان شت لە عائیشەوە گێڕراوەتەوەو جمهوری زانایانیش لەسەر ئەوەن.[١]

٨- گۆشتەکەی بە کوڵاوی ببەخشرێتەوە:

زانایان وایان پێ خۆش بووە کە گۆشتەکە بە کوڵاوی بنێردرێت بۆ دراوسێکان چونکە بەو کارەی ئەرکی لێنان لەسەر هەژارانو دراوسێکانی ناهێڵێو ئەوەش چاکەیەکی زیاترەو سوپاسێکی زیاتری ئەم نیعمەتەیەو زیاتریش دڵی دراوسێکان، خۆش دەکات، چونکە کەسێك گۆشتی بەحازرکراویو لێنراوی بۆ بنێردرێت خۆشحاڵتر دەبێت لەوەی کە بە کاڵی بۆی بنێردرێتو ئەرکی کوڵانو لێنانی بخاتە ئەستۆ.[٢]

* جابری کوڕی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە عەقیقەدا مەڕەکە لە جومگەکانیدا دەبڕدرێتو لەناو ئاوو خوێدا دەکوڵێنرێتو پاشان دەنێردرێت بۆ

---

١ التمهيد (٤/٣٢١).

٢ تحفة المودود لا(١٢٦).

دراوسێکان، دەوترێت ئەمە عەقیقەی فلان کەسە، (أبو زبیر) دەڵێ بە جابرم وت: ئایا سرکەی تێبکرێت؟ فەرمووی: بەڵێ خۆشتری دەکات.[1]

* (الفضل)ی کوڕی زیاد دەڵێ: بە احمدی کوڕی حەنبەلیان وت: ئایا بە ئاوو خوێ لێدەنرێت؟ فەرمووی: وا سوننەتە، وتیان: ئەی ئەگەر بە شتێکی تر لێنرا؟ فەرمووی خراپی چیە.

لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ پێیان وت: ئاخر قورسە لەسەریان لێشی بنێن، فەرمووی: با تەحەمولی ئەوەش بکەن.[2]

نۆیەم:

(ویحلق رأسە) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سوننەتە لە ڕۆژی حەوتەمدا سەری منداڵەکە بتاشرێت، ئەوەش مەبەستی پێغەمبەرە (ﷺ) کە دەفەرموێت: ((وأمیطوا عنە الاذی)) خراپەو پیسی لێ دوور بخەنەوە:

* سلمانی کوڕی عامیر (الضبيّ) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((مع الغلام عقیقه، فاهریقوا عنه دماً وامیطوا عنه الاذی))[3]

واتە: منداڵ عەقیقەی لەگەڵدایە بە سەربڕینی مەڕێك و کورتکردنەوەی قژی ڕزگاری بکەن لێی.

* حەسەنی بەسری (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ((اماطة الاذی)) واتە سەرتاشینی منداڵەکە.[4]

---

١ رواه ابن ابي الدنيا (العيال) (٤٨) اسناده حسن.

٢ رواه الخلال كما في (تحفة المودود) لا (١٢٦)

٣ رواه البخاري (٥٤٧٢).

٤ رواه ابو داود (٢٨٤٠).

مەسەلەیەك:

ئایا سەری كچیش دەتاشرێت؟ بەڵێ

* مالك لە (الموطأ ٢/٥٠١)دا هێناویەتی: لە جەعفەری كوڕی محمدەوەو ئەویش لە باوكیەوە كە وتویەتی: فاطمەی كچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورسایی قژی حەسەن‌و حسین‌و زینب و أم كلثوم زیووی بەخشی)[1]

و ((یحلق رأسه)) گشتیەو كچیش دەگرێتەوە.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) حیكمەتی لابردنی مووی سەری منداڵی بە لابردنی دەردو داو خراپە ناوبردووەو فەرموویەتی: ((وأمیطوا عنه الاذی)) سەری بتاشن‌و خراپەی لێ دوور بخەنەوەو ئەمەش كوڕو كچ دەگرێتەوە والله أعلم.

دەیەم: سوننەت وایە قژەكەی بكێشرێت‌و بە قورسایی مووەكانی زیو بكرێت بەخێر:

* عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەقیقەی كرد بە سەربڕینی مەڕێك بۆ حەسەن‌و فەرمووی: یا فاطمة، احلقي رأسه وتصدقي بزنة شعره فضة))

واتە: ئەی فاطمة ، سەری بتاشەو بە قورسایی مووەكانی قژی زیو بكە بە خێر.

دەڵێ: فاطمة كێشای‌و قورسایی درهەمێك یان چەند درهەمێك بوو.[2]

* حنبل دەڵێ: گوێم لێ بوو أبوعبدالله (أحمدی كوڕی حەنبەل) دەیفەرموو: ئاساییە ئەگەر بە قورسایی مووەكانی قژی كۆرپەلە بكات بە خێر.[3]

---

١ حدیث مرسل صحیح.

٢ رواه ابن ابي شیبه (٤٢٨٦)، والترمذي (١٥١٩) وقال حدیث حسن غریب.

٣ رواه الخلال في (جامعه) تحفة المودود لا (١٦).

یازدەیەم: سوننەتێکی فەرامۆشکراو: لەپاش تاشینی سەری منداڵەکە سەری بساویٚ بە زەعفەران:

* بورەیدە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: لە سەردەمی نەفامیدا ئەگەر عەقیقەیان بۆ منداڵ بکردایە، بە خوێنەکەی لۆکەیان لێ دەژەندو لەپاش سەرتاشین دەیانهێنا بە سەریدا، بەڵام پاش ئەوەی ئیسلام هات ئێمە مەڕێکمان سەردەبڕی‌و سەری منداڵەکەمان دەتاشی‌و پاشان بە زەعفەران دەمان هەسوی).[١]

عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە سەردەمی نەفامیدا کاتێك عەقیقەیان بۆ منداڵێك دەکرد، بە خوێنەکەی لۆکەیان خوێناوی دەکردو لەپاش سەرتاشین دەیانهێنا بە سەریدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((اجعلوا مكان الدم خلوفاً))[٢] واتە: لەجیاتی خوێنەکەدا شتێکی بۆن خۆشی لێ بدەن.

دوانزەیەم: ئایا وەلیەکەی لەپێشدا سەری بتاشێت یان مەڕەکە سەربېڕێت؟

بەو دەقانەی پێشوودا دەردەکەوێت کە عەقیقەکە لەپێشەوەیەو بەدوایدا سەرتاشینەکە دێت‌و پاشتریش زەعفەرانەکە دەدرێت لە سەری.

* عطاء (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لەپێشدا سەردەبڕێت بۆی‌و پاشان سەری دەتاشرێت).[٣]

سێزدەیەم: سوودەکانی تاشینی سەری منداڵی تازە لەدایکبوو:

* ابن قيم (رەحمەتی خوای لێ بێت) هەندێك لە سوودەکانی سەرتاشینی کۆرپە لەوەدایە کە خراپەو زیانی لێ دوور دەکەوێتەوەو هەروەك لابردنی مووە لاوازەکانەو لە شوێنیدا مووی بەهێز سەوز دەبێت‌و بەسوودتریش دەبێت بۆ سەر، سەر سووکیەکە

---

١ رواه أبو داود (٢٨٤٣) واسناده صحيح.

٢ رواه ابو يعلى في مسنده (٢٨٤٣) وزاسناده صحيح.

٣ رواه ابن ابيي الدنيا في (العيال) لا (٧٧).

بۆمنداڵەکە، کونە ووردەکانی سەر واڵادەبن‌و هاڵاو گەرماوی سەر لەوێوە دەردەچێت‌و بەو هۆیەشەوە چاوو گوێ‌و بۆنی بەهێز دەبێت.

چواردەیەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە لە ڕۆژی حەوتەمدا سوننەتە ناوی منداڵەکە بنرێت کە پێشتر بەدرێژی لەسەری دواوین.

* * *

فەرموودەی بیستو پێنجەم
بەزەیی هاتنەوە بە منداڵدا

عن عبدالله بن عمرو (رضی الله عنهما) قال: قال رسول الله (ﷺ) ((لَیسَ مِنا مَن لَم یَرحَم صَغیرَنَا، وَیعرف حَقَّ کَبیرَنَا)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

احمد له (٢/١٨٥،٢٢٢) گێڕاویەتیەوەو بوخاری لە (الادب المفرد)دا (٣٥٦-٣٥٨-٣٦٣) لە باسی بەزەیی هاتنەوە بە منداڵانداو أبوداود (٤٩٤٣) و الترمذی (١٩٢٠) و الحاكم (١/٦٢) دەڵێ: فەرموودەیەكی (صحیح)ەو لەسەر مەرجی مسلمە.

لەڕاستیشدا فەرموودەیەكی (صحیح)ە.

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەكەم: فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە دوو مەسەلەی گرنگ بە منداڵانەوە هەیە:

١- بەزەیی هاتنەوە بە منداڵاندا واجبە.

٢- ڕێزگرتنی منداڵانیش لە گەورەكان واجبە.

دووەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە بەزەیترین كەس بووە بەرامبەر بە منداڵان:

* ئەنەسی كوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە بەزەیترین كەس بووە بە خێزانیو ماڵو منداڵ) وە لە ڕیوایەتێكی تردا بە منداڵان)[1]

نموونەش لەسەر سۆزو بەزەیی هاتنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بە منداڵاندا زۆرو لەڕادەبەدەرەو لە باسكردن نایەت:

---

١ رواه البخاري في الادب المفرد (٣٧٦) وابن عساكر في (تأريخ دمشق) (٤-٨٨).

١- ماچکردنی منداڵان‌و باوەش پێداکردنیان‌و ئەو فەرموودەیەی کە بەرامبەر (عەرەبە دەشتەکیەکە) فەرمووی:

(ئایا ئێوە منداڵان ماچ دەکەن؟ ئێمە ماچیان ناکەین پێێ فەرموو: ((أو املك لك ان نزع الله من قلبك الرحمة))[1]

واتە: جا من چیم لە دەست دێت ئەگەر خوای گەورە ڕەحم‌و بەزەیی لە دڵدا دەرهێنابێ.

٢- کورتکردنەوەو خێراکردنی نوێژەکەی کاتێك گوێی لە گریانی منداڵێك بووایە:

* (أبو قتادە) (خوا لێی ڕازی بێت) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((أنّي لأقوم في الصلاة أريد أن أطَول فيها فاسمع بكاء الصبي فاتجوز في صلاتي كراهية ان أشق على اُمهِ))[2]

واتە: من دەچمە ناو نوێژەوەو دەمەوێت درێژی بکەمەوە بەڵام کە گوێم لە گریانی منداڵێك دەبێت نوێژەکەم کورت دەکەمەوە لە ترسی ئەوەی نەوەك دایکی نیگەران بکەم.

٣- فەرمانی داوە کە نوێژ درێژ نەکرێتەوە لەبەرئەوەی منداڵان ناڕەحەت نەکات:

* ئەبو هریرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((اذا أم احدكم الناس فليخفف، فانّ فيهم الصغير والكبير والضعيف والمريض، فاذا صلى وحده فليصل كيف شاء))[3]

---

١ رواه البخاري (٥٩٩٨).

٢ رواه البخاري (٧٠٧).

٣ رواه مسلم (٩٧٩).

واتە: هەر کاتێك بەرنوێژی موسڵمانانتان کرد با بە سووکی پێیان بکەن، چونکە هەیانە منداڵەو هەیانە بە تەمەنەو هەیانە لاوازەو هەیانە نەخۆش، بەڵام هەر کەسێك بە تەنها نوێژی کرد بە ئارەزووی خۆی درێژی بکاتەوە.

٤- سەردانی کردنی منداڵان کاتێك نەخۆش بن، وەك لە فەرموودەی (٣٥)دا بەدرێژی هێناومانە.

٥- گریان بۆیان کاتێك دەمرن: وەك چۆن پێغەمبەرمان (ﷺ) گریا بۆ ئیبراهیمی کوڕی کاتێك بە منداڵی مرد.

هەروەك کچەزاکەی گرتە باوەش کاتێك گیانی دەداو چاوەکانی پڕبوون لە ئاو سەعد (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: ئەمە چیە؟ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆش دەگریت؟! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هذه رحمة جعلها الله في قلوب عباده، وانما يرحم الله من عباده الرحماء))[1]

واتە: ئەمە سۆزو ڕەحمو بەزەیی خوایەو خستوویەتیە دڵی بەندەکانیەوە، بەڕاستی خوا ڕەحم بەو کەسانە دەکات لە بەندەکانی کە بەڕەحمو بەزەین.

٦- سوعبەتو شۆخی کردنو یاری کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ منداڵاندا زۆر زۆرن، هەندێکی لە فەرمودەی (٣٧)دا باس دەکەین.

٧- هەڵگرتنو لەباوەش گرتنیان چ لە نوێژو دەرەوەی نوێژیشدا.

٨- بڕینی وتارو هاتنەخوارەوە لە مینبەرەکەی لەبەر خاتری منداڵان وەك چۆن بۆ حەسەنو حسەین وای کرد (خوایان لێ ڕازی بێت)

* بریدە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتاری بۆ دەدایەنو لەوکاتدا حەسەنو حسەین هاتن کە یەکی کراسێکی سووریان لەبەردابوو، دەکەوتن (تازە پێیان گرتبوو) پێغەمبەر (ﷺ) لە مینبەرەکەی دابەزیە خوارەوەو هەڵی گرتنو

---

١ رواه البخاري (١٢٨٤،٥٦٥٥) ومسلم (٢٠٩٠).

لە بەردەمی خۆیدا داینان، پاشان فەرمووی: ((صدق الله ورسوله ﴿إِنَّمَا أَموَالُكُم وَأَولادُكُم فِتنَةٌ﴾ نظرت الى هذين الصبيين يمشيان ويعثران، فلم أصبر حتى قطعت حديثي ورفعتهما))[١]

واتە: بەڕاستی خواو پێغەمبەرەکەی ڕاستن (سامانو ماڵو منداڵتان هۆی فیتنەو تاقیکردنەوەتانن) ﴿إِنَّمَا أَموَالُكُم وَأَولادُكُم فِتنَةٌ﴾ من لەکاتی وتاردا کە ئەم دوو منداڵەم بینی لە بەردەممدا دەهاتنو دەکەوتن خۆم بۆ پێ نەگیراو وتارەکەم بڕیو هەڵم گرتن.

٩- هێشتوویەتی منداڵان یاری لەگەڵدا بکەنو بچنە سەر پشتی لە نوێژدا بەڵکو نوێژەکەیشی درێژبکاتەوە لەکاتی سوژدەدا لەبەر خاتری ئەوانو بفەرموێت ((ان ابني إرتحلني فكرهت أن أعجله حتى يقضي حاجته))[٢]

١٠- هەروەها ئەو ئافرەتە زیناکارەی کە دوو گیان بوو بە زیناکەیەوە (خوا لێی ڕازی بێت) لەبەر خاتری کۆرپەکەی سکی حوکمی زیناکەری بەسەردا نەدا لە جێدا بەڵکو دوای خست بۆ پاش ئەوەی منداڵەکەی ببێتو گەورەبێت.

١١- بانگکردنی منداڵان بە وشەی ((يا بُنَي)) واتە کوڕی خۆم، کوڕی شیرینم.

* ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((يَا بنيّ))[٣]

١٢- نزاکردنی بۆیانو دەستهێنانی بە سەریاندا وەك سۆزو بەزەیی بۆیان.

١٣- زۆر لە باوەشگرتنی منداڵانو دانانیان لەسەر ڕانیو باوەشیدا.

* ئوسامەی کوڕی زەید (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیبردمو لەباوەشیدا دایدەنامو حەسەنیشی لەسەر ئەو ڕانەکەی دادەناو پاشان

---

١ رواه أحمد (٥/٣٥٤) وابن خزيمة (١٤٥٦) والحاكم (١/٢٨٧).

٢ پێشتر ڕاویەکەی دراوە.

٣ رواه ابن ابي شيبه (٦٦٠٨) و أبو داود (٤٩٦٤).

هەردووكیانی بەخۆیەوە دەگوشیو پاشان دەیفەرموو: ((اللهم ارحمهما فاني أرحمهما))[١] واتە: ئەی پەروەردگارم رەحمیان پێ بكە چونكە من ڕەحمم هەیە بۆیان.

سێیەم: بەزەیی هاتنەوە بە منداڵدا دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت:

* وەك لە چیرۆكی ئەو ئافرەتەدا دەردەكەوێت كە خورماكەی خۆیشی كرد بە دوو لەتەوەو بە هەر یەكەیان لەتێكی پێدان، وە خۆی هیچی نەخوارد پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمووی: ((ان الله قد أوجب لها بها الجنة، او اعتقها بها من النار))[٢]

واتە: خوای گەورە بەو هۆیەوە بەهەشتی بڕیارداوە بۆ ئەو ژنە، یان بەو هۆیەوە لە ئاگر ڕزگار دەكات.

چوارەم: نابێت لە هەڵەو ناشەرعیان چاوپۆشی بكرێت:

ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ ئەو سۆزو خۆشەویستیەیدا بۆ منداڵان هەرگیز چاوپۆشی نەكردووە لە هەڵەو خراپەی منداڵان با نزیكترین كەسیشی بوبنو با منداڵەكش پێی ناخۆش بێتو خەفەتی پێ بخوات یان بیگرێنێت، وەك چۆن لەگەڵ حەسەنی كچەزایدا كردی كاتێك لە خورمای زەكاتی خواردو بەزۆر لە دەمی دەرهێنایەوە بە لیكەكەشیەوە.

پێنجەم: بەشی دووەمی فەرمودەكە ((وَيعرف حَقَّ كَبيرنَا)) پێویستە لەسەر باوكو دایكو مامۆستاو سەرپەرشتیاران كە ڕێزگرتنی گەورەو بە ئەدەب بوون لەگەڵیاندا یان تێدا دروست بكات كە ئەمەش مافی منداڵە لەسەر باوكان.

* سوفیان (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: جاران دەیان فەرموو: لە مافی منداڵ بەسەر باوكو دایكیەوە ئەوەیە فێری ئەدەبو ڕێزی بكات.[٣]

---

١ رواه البخاری (٦٠٠٣).

٢ رواه مسلم (٦٧٨٧).

٣ العیال (٣٣٢).

* (أبوالحسن المداینی) دەڵێ: کاتێك زیاد بوو بە والی عیراق چووە سەر مینبەرو سوپاس‌و سەنای خوای کردو پاشان وتی: ئەی خەڵکینە من کۆمەڵێ خەڵەل‌و ناتەواوی‌و بەڵا دەبینم، کە خەڵکی قسەی خێرو ئامۆژگاریان تێدا ناکەن‌و وازیان لێ هێناوە. دەبینم ڕێزگرتنی گەورەپیاوان‌و حورمەت دانان بۆ زانایان‌و بەتەمەن‌و ڕیش سپیەکان تەواو نیە، من پەیمانم داوە بە خوا ئەگەر پیرێك بێت بۆ لام‌و ڕێزی لێ نەگیرابێت لەلایەن گەنجەکانەوەو بەسوك سەیر کرابێت سزای لەسەر دەدەم چونکە ڕێزو حورمەتی خەڵکی بە گەورەپیاو و زانایان‌و بەتەمەنەکانیانەوەیە.[1]

شەشەم: هەندێك ئادابی ڕێزلێنان کە دەبێت منداڵان فێربکرێن:

١–دەبێت بچوك سڵاو لە گەورە بکات:

* أبو هریرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((یسلم الصغیر علی الکبیر))[2] واتە: منداڵ سڵاو لە گەورەتر لەخۆی بکات.

٢–بچوك لەپێش گەورەوە قسە نەکات:

* سەهلی کوڕی ئەبی حەسمەو ڕافعی کوڕی خەدیج دەگێڕنەوە کە موحەیسەی کوڕی مەسعودو عبداللەی کوڕی سەهل بەرەو خەیبەر کەوتنەڕێ‌و لەناو دارخورماکاندا لەیەك دابڕان، لەوێ عبدالله کوژرا، جولەکەیان تۆمەتبار کرد، حوەیسەو مەحیسەی ئامۆزای‌و عبدالرحمنی برای هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) مەسەلەکەیان باسکردو سەرەتا عبدالرحمنی برای کەوتە قسەکردن کە لە هەردووکیان بچوکتربوو، پێغەمبەری

١ مکارم الاخلاق للخرائطی لا (٣٥٢).
٢ رواه البخاري (٦٢٣٤).

خوا (ﷺ) فەرمووی: ((الكُبرَ الكبرَ)) یان فـەرمووی ((لیبـدأ الاكـبر)) واتـە: (گـەورەتر قسە بكات گەورەتر) یان با گەورەتر دەست پێ بكـاتو ئـیتر ئـەو دووانەكـە دەسـتیان كرد بە گفتوگۆكردن).[1]

٣- پێش گەورەكان ئاو نەخواتەوە:

* (ابـن عبـاس) (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەگێڕێتـەوە كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەركاتێك ئاو بگێڕدرایە دەیفەرموو: ((ابدأوا بـالكبر)) واتـە: لـە گەورەكانـەوە دەسـت پێ بكەن یان ((بالاكابر)) واتە لە گەورەكانەوە.[2]

منیش دەڵێم: ئەمە لە خواردنەوەدا لە گەورەوە دەست پێ دەكرێت پاش ئەو لەلای ڕاستی ئەو گەورەیەوە دەسـت پـێ دەكـات بـەو جـۆرە سـوننەتە ئـیتر بـا ئـەوەی لای ڕاستی منداڵیش بێتو ئەگەر بیەوێت بە گەورەكانی تری بدات دەبێـت پـرس بكـات بـە ئەو منداڵەی لای ڕاستیەوەیە چونكە مافی خۆیەتی.

* سەهلی كوڕی سەعد (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە خواردنەوەیەك هێنرایە خزمەت پێغەمبـەر (ﷺ)و ئـەویش لێـی خـواردەوە، بینـی لـەلای ڕاسـتی ئـەو كوڕێـك دانیشتبوو لەلای چەپیەوە بەساڵاچوان دانیشتبوون، ڕووی كردە كوڕە گەنجەكەو پێـی فەرموو: ((أتأذنُ لي أن اعطي هؤلاء)) ئایا ڕێگام دەدەی لەپێش تۆ بیدەم بە ئەوان؟

كوڕەش ووتی: سوێند بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا پاش ماوەی دەمی تـۆ بـە كـەس نادەم، پێغەمبەریش (ﷺ) ئاوەكەی دایەدەستی)[3].

---

١ رواه البخاری لە (الصحیح)دا و أبوداود (٤٥٢٠) وشەكان هی ئەوە.

٢ أبو یعلی لە (مسند)ەكەیدا (٤/٣١٥) اسنادەكەی صحیحە.

٣ رواه البخاري (٥٦٢٠).

٤-دەبێت خزمەتی گەورەساڵان بکات:

* ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك دەچووە سەرئاو، منو کوڕێك مەسینەی ئاوەکەیمان بۆ هەڵدەگرتو بە ئاو تاراتی دەگرت)[1]

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەشریفی بۆ شاری مەدینە هێنا من تەمەنم دە ساڵان بوو، کاتێك لە دنیا دەرچوو من تەمەنم بیست ساڵان بوو، دایکانی باوەڕدارانم هانیان دەدام کە بەردەوام خزمەتی بکەم).[2]

٥-دەبێت پێشی گەورە نەکەوێت لە ڕۆیشتندا:

* مالیك کوڕی میغوەل دەڵێ: لەگەڵ طلحەی کوڕی مصرّفدا بەڕێگایەکدا دەڕۆیشتین تا گەیشتینە تەنگەلانێكو ئەویش پێشکەوتو لای کردەوە وتی: بەس بمزانیایە یەك ڕۆژ لەمن گەورەتری پێشت نەدەکەوتم.[3]

٦- بانگکردنی گەورەکان بە (مامەگیان) یا عمی:

* عبدالرحمن کوڕی عەوف (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە ڕۆژی جەنگی بەدردا لەناو ڕیزەکاندا بووم سەیری ڕاستو چەپی خۆم کرد، دوو منداڵی ئەنصاریم کەوتە بەرچاو کە تازە پێگەیشتبوون، ئاواتم خواست کە لەنێوان هەردووکیاندا بوومایە، یەکێکیان بە چاو ئاماژەی بۆ کردم وتی: مامەگیان، ئەبوجەهل دەناسی؟

---

١ رواه البخاري (١٥٢) ومسلم (٢٧١).

٢ رواه ابن ابي شيبه (٤٢٤٧).

٣ رواه الخطيب له (الجامع لاخلاق الراوي) (٢٥٢).

وتم: بەڵێ، ئیشت پێی چیە برازای خۆم؟ وتی: هەواڵم پێگەیشتووە كە جنێوی بە پێغەمبەری خوا داوە(ﷺ)، دەی سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر بەس چاوم بەچاوی بكەوێت لەكۆڵی نابمەوە تا یەكێكمان نەكوژێت،

زۆر سەرم سوڕما لەو كارەی، ئەوی تریشیان بەو شێوە سەیری كردمو بەو جۆرەی ئەوی پێ وتم).[١]

*   *   *

١ رواه البخاري (٣١٤١) ومسلم (١٧٥٢).

فەرموودەی بیستو شەشەم

گەورەیی چاکە لەگەڵ کچان

عن انس بن مالك (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) ((مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ)) وَضَمَّ أَصَابِعَهُ)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

ابن ابی شیبه لە (٥٤٩١)دا ڕیوایەتی کردوە لە باسی (نواندنی سۆز لەگەڵ کچاندا) لەلایەن باوکانەوە، البخاری لە (الادب المفرد) (٨٩٤) و مسلم (٦٧٨٨)و الترمذی (١٩١٤) و الحاكم (٤/١٧٧).

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لەم فەرموودە وەردەگیرێت:

یەکەم:

لە ڕەوشتی سەردەمی نەفامیەو خوای گەورە بە قێزەون باسی کردووە کە ناوچاو دان بەیەکداو پێ ناخۆشبوونی لەدایکبوونی کچ، تەنانەت هەیانبووە بە زیندوویی کردوویەتی بەژێر خۆڵەوە ئەوەندە ڕقی لە کچ بووە!

خوای (عزوجل)یش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓ ۚ أَيُمْسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِ ۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾[1].

واتە: هەرکاتێك مژدە بدرایە بە یەکێکیان بەوەی کچی بووە، دەمو چاوی ڕەش هەڵدەگەڕاو پشی دەخواردەوە، لە شەرماندا خۆی لە خەڵکی دەشاردەوە کە کچی بووە، ئایا بە سەرشۆڕی گەورەی بکات یان بیکات بەژێر خۆڵەوە بەڕاستی شتێکی خراپو چەوت دەکەن.

---

١ النحل (٥٨–٥٩).

دووەم:

خوای گەورە ئیسلامی بە چەشنێك هێنا، کە هانی خەڵکی دەدا حەز بکەن کچیان ببێتو کچ گەورە بکەن، لەسەر ئەوەش پاداشتی گەورەی داناوە، لەوانە:

١- پەروەردەکردنو فێرکردنی کچ دەبێتە هۆی چونە بەهەشت.

* ابن عباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَن كانت لـه أنثى فلم يئدها ولم يهنها ولم يؤثر ولده عليها -يعني الذكور- أدخله الله الجنة))[1]

واتە: هەر کەسێك کچی هەبێتو زیندە بەچاڵی نەکاتو سوکایەتی پێ نەکاتو لەگەڵ کوڕەکانیدا فەرقی نەکات ئەوە خوای عزوجل بەو هۆیەوە دەیخاتە بەهەشتەوە.

* جابری کوڕی عبدالله (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((من كنّ له ثلاث بنات يؤويهنّ ويرحمهنّ ويكفلهنّ، وجبت له الجنة البتة، قيل يارسول الله: فان كانت اثنين؟ قال: وان كانت اثنتين قال: فرأى بعض القوم ان لو قالوا واحدة، لقال: واحدة))[2]

واتە: هەر کەسێك سێ کچی هەبێت کۆشیان بکاتو سۆزو بەزەییان پێ ببەخشێتو ئەرکیان لە ئەستۆ بگرێت، ئەوە بێ دوو دڵی بەهەشتی مسۆگەر کردووە، هاوەڵان وتیان: ئەی ئەگەر دوو کچی هەبوو، فەرمووی: با دوو کچیشی هەبێت، ڕوای دەڵێ: هەندێك پێیان وایە ئەگەر بیان ووتایە یەك کچ، دەیفەرموو: یەك کچیش.

٢- وەك لە فەرموودەکەی ئەنەسدا پێشتر باسمان کرد هەر کەسێك کچی هەبێتو گەورەیان بکات دەبێتە هاوڕێی پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدا.

٣- چاکبوون لەگەڵ کچدا دەبێتە هۆی پاراستنی باوكو دایك لە ئاگری دۆزەخ.

---

١ رواه أحمد (١/٢٢٣) و أبوداود (٥١٤٦).

٢ رواه أحمد (٣/٣٠٣) و البخاري له (الادب المفرد)دا (٧٨) واسنادەکەشی صحیحه.

* عائیشه (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئافرەتێك هات بۆلام کە دوو کچی پێبوو، داوای خواردنیان کرد، هیچم شك نەبرد پێیان بدەم تەنها دەنکە خورمایەك نەبێت، کە دام پێی لەتی کردو دای بە هەردوو کچەکەی، خۆی هیچی نەخوارد، پاشان هەستان‌و چوونە دەرەوەو پێغەمبەر (ﷺ) هاتەژوورەوەو مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوەو ئەویش فەرمووی: ((مَن ابتلى من هذه البنتان بشيء كنّ له ستراً من النار))و لە وشەیەکدا ((مَن ابتلى بشيء فأحسن اليهن من البنات كنّ له حجاباً من النار))[1].

واتە: هەر کەسێك خوای گەورە تاقی بکاتەوەو هەندێك کچی پێ ببەخشێت دەبنە بەربەست لەنێوان ئەو و ئاگری دۆزەخدا، لە ڕیوایەتێکدا- ئەگەر چاك بێت لەگەڵیاندا دەبنە هۆی پاراستنی لە ئاگری دۆزەخ.

* هەروەها لە عائیشەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (ئافرەتێکی هەژار هات بۆ لام‌و دوو کچی خۆی پێ بوو، منیش سێ دەنکە خورمام پێدان‌و ئەویش یەکی دەنکێکی دا بە کچەکانی‌و خواردنیان ویستی دانەکەی خۆی ببات بۆ دەمی، دەبینێت هەردووکیان سەیری دەکەن ئەویش خورماکەی کرد بە دوو کەرتەوەو یەکی لەتێکی پێدان، منیش زۆر سەرسامی ئەو دیمەنە بووم‌و پاشان بۆ پێغەمبەری خوام گێڕایەوە (ﷺ))و ئەویش فەرمووی: ((ان الله قد اوجب لها بها الجنة، او اعتقها بها من النار))[2]

واتە: خوا بەو هۆیەوە بەهەشتی پێ دەبەخشێت یان لە ئاگر دەیپارێزێت.

* عەقەبەی کوڕی عامر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە پێغەمبەری خوام بیستووە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((من كان له ثلاث بنات وصبر عليهنّ وكساهنّ من جدّته كنّ له حجاباً من النار))[3].

---

١ رواه البخاري (١٤١٨) ومسلم (٦٧٨٦) وترمذي (١٩١٣).

٢ رواه مسلم (٦٧٨٧).

٣ رواه أحمد (٤/١٥٤) والبخاري له (الادب المفرد)دا (٢٧٦١)، اسنادەکەی صحیحه.

واتە: هەر کەسێك سێ کچی هەبێتو بە سەبربێت لەگەڵیانو بە جوانی جلو بەرگیان بۆ بکات دەبنە هۆی پاراستنی لە ئاگری دۆزەخ.

سێیەم:

پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان دوای ئەوەی ئەم هەموو مژدە خۆشانەی بیست لەسەر بەخێوکردنو پەروەردەکردنی کچ پێویستە سوپاسو ستایشی خوا بکات لەسەر ئەو کچە نازدارانەی خوای میهرەبان پێی بەخشیوە تا ببنە هۆی پاراستنی لە ئاگری دۆزەخو هۆی چونە بەهەشتی، هەرگیز تووڕە نەبێتو دەموچاو نەدات بەیەکدا لەسەر ئەم نیعمەتە:

* صالحی کوڕی احمدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: باوکم هەر کاتێك کچێکی ببووایە دەیفەرموو: پێغەمبەران باوکی کچ بوون، دەیووت: کە دەربارەی کچان فەرموودەی زۆرم پێ گەیشتووە.[1]

* یەعقوبی کوڕی بەختان دەڵێت: حەوت کچم بوو، هەرکە کچێکم دەبوو، دەچووم بۆ لای احمدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت)و ئەویش دەیفەرموو: ئەی باوکی یوسف پێغەمبەران باوکی کچ بوون، ئیتر بەو قسەیەی خەفەتم نەدەماو ئاوی دەکرد بە دەروونمدا.[2]

* رەبیعی کوڕی رۆحی کوڕی سەفوان دەڵێ: هەواڵی ئەو ئافرەتەیان لەلای وەلیدی کوڕی مسلمدا باسی کرد کە (١٠) کچی بووە، لێیان پرسیوە ئایا ئەگەر کچێکی ترت ببێت سوپاسی خوای لەسەر دەکەیت؟ لە وەڵامدا وتوویەتی: نەء هەرگیز، سەری یازدەیەم مەیمونێکی مێینەی بوو.[3]

* * *

---

١ تحفة المودود لا(٥٦).

٢ هەمان سەرچاوە لا (٥٦،٥٧).

٣ رواه ابن عساكر في تأريخه (٢٢/٣٦١،٣٦٢).

فەرموودەی بیستو حەوتەم
گەورەیی لەئەستۆگرتنی هەتیوو

عن سهل بن سعد (رضي الله عنه) عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: ((أنَا وكَافل اليَتيم فِي الجَنَّةِ كَهذا)) وقال بِاصبعه: السبَابَة وَالوُسطَى)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

ئەحمەد (٢/٣٧٥) ڕیوایەتی کردووەو بوخاری (٦٠٠٥) و لە (الادب المفرد) لا (١٣٣)دا و مسلم (٧٥٧٨)و أبو داود (٥١٥٠)و ترمذی (١٩١٨)و ابن حبان (٤٦٠).

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لە فەرموودەکەوە وەردەگیرێت:

یەکەم: هەتیو ئەو کەسەیە پێش باڵقبوون باوکی مردبێت.

دووەم: ئەگەر هەتیو باڵق بوو ئیتر ناوی هەتیووی لێ دەکرێتەوە.

* عەلی کوڕی ئەبوطالب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) ئەوەم لەبەرکردووە کە فەرموویەتی: ((لايُتم بعد احتلام))[1] واتە: لەدوای باڵقبوونو پێگەیشتن هەتیووی نامێنێتو لە هەتیوی دەردەچێت.

سێیەم: مەبەست چیە لە گرتنە ئەستۆی هەتیوو؟

مەبەست ئەوەیە: ئیشو کارەکانی بەڕێ بکاتو بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت لە خواردنو جلوبەرگو پارەکانی بخاتە کاسبیەوەو ئەگەر پارەشی نەبوو خۆی خەرجی بکێشێتو جلی جوانی لەبەر بکاتو تەنهایش لەبەر ڕەزامەندی خوای تەعالا.[2]

چوارەم: قورئانی پیرۆز گرنگی داوە بە گرنگیدان بە هەتیوو سەرپەرشتی کردنیانو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لە بیستو سێ جێگادا بۆ نموونە:

---

١ رواه أبوداود (٢٨٧٣). والبيهقي له (السنن الكبرى) (٦/٥٧) واسنادەکەی صحيحه.

٢ الكبائر (الذهبي) لا (١١٠).

١- چاكەكردن لەگەڵ هەتیوانی خستۆتە دوا بەدوای یەكتاپەرستی:

وەك خوای (عز وجل) دەفەرموێت: ﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا﴾[١]

٢- سووكایەتیكردن و ڕێزلێنەنانی هەتیوانی بە ڕەوشتی سەردەمی نەفامی نابردووە: وەك دەفەرموێت: ﴿كَلَّا ۖ بَل لَّا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ﴾[٢]

٣- كردوویەتی بە ڕەوشتی ئەوانەی ئیسلام بەدرۆ دەخەنەوە كە سووكایەتی بە هەتیو دەكەن و بەڕەقی لەگەڵیان دەجووڵێنەوە.

وەك دەفـــــــــەرموێت: ﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ﴾[٣]

٤- هەڕەشە لەو كەسانە دەكات كە بە ستەمماڵی هەتیوان دەخۆن كە لە ڕۆژی دوایدا سكیان پڕ دەبێت لە ئاگر.

وەك دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا﴾[٤].

واتە ئەوانەی ماڵ و سامانی هەتیوانی ژێردەستیان دەخۆن بە ستەم وەك ئەوەیە ئاگر بكەنە سكیانەوە بە ئاگرو بڵێسەی دۆزەخ دەگەن.

---

١ النساء ٣٦.

٢ الفجر: ١٧.

٣ الماعون: ١، ٢.

٤ النساء: (١٠).

* ابو هريره (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((اجتنبوا السبع الموبقات)) قالوا يارسول الله وماهنّ؟ قال: الشرك بالله والسحر وقتل النفس التى حرم الله الا بالحق واكل الربا واكل مال اليتيم...))[1]

واتە: لە حەوت لەناوبەرەکە دوورکەونەوە وتیان کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: هاوەڵ بۆخوا پەیداکردنو جادووگەریو پیاوکوژیو سووخواردنو خواردنی سامانی هەتیو...هتد.

٥- لە قورئاندا بەرگری لە پێغەمبەرەکەی دەکات کە هەتیوان دڵ شکێنی نەکات وەك دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا ٱلۡيَتِيمَ فَلَا تَقۡهَرۡ﴾[2]

٦- خێرو ماڵ بەخشین بە هەتیوانی کردووە بە بەشێك لە کاری چاکە:

وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّيۡسَ ٱلۡبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ قِبَلَ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ وَءَاتَى ٱلۡمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينَ وَٱبۡنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلۡمُوفُونَ بِعَهۡدِهِمۡ إِذَا عَٰهَدُواْۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ﴾[3]

پێنجەم:

هەروەها لە سوننەتو ڕێنموونیەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) گرنگی دان هاتووە بە هەتیوانو چاکەکردن لەگەڵیانو دڵخۆش کردنیان.

١- پێغەمبەر (ﷺ) هانی موسڵمانان دەدات تا هەتیوان لە ئەستۆ بگرنو پاداشتەکەیشی بە هاوڕێیەتی کردنی خۆی لە بەهەشتدا دیاریکردووە وەك فەرموودەکەی سەر باسەکە.

---

١ رواه البخاري (٢٧٦٦) ومسلم (١٧٥).

٢ الضحى: (٩).

٣ البقرة: (١٧٧).

٢- پێغەمبەرمان (ﷺ) پاداشتی ئەو ژنانەی كە شوو ناكەنەوەو خۆیان تەرخان دەكەن بۆ بەخێوكردنی هەتیوەكانیان لەدوای مردنی مێردەكانیان بەهەشتی بەرینی داناوە بۆیان:

* ابو هریرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((أنا أول من يفتح له باب الجنة، الا انه تأتي إمراة تبادرني: فأقول لها: مالكِ؟ تقول انا إمراة قعدتُ على ايتامٍ لي))[1]

واتە: من یەكەمین كەسم كە دەرگای بەهەشتم بۆ دەكرێتەوە كاتێك دەمەوێت بڕۆمە ژوورەوە دەبینم ئافرەتێك شانەخڕێی چوونە ژوورەوەم لەگەڵدا دەكاتو منیش پێی دەڵێم: چیتە؟ بۆ وا دەكەی؟ ئەویش دەڵێ: من ژنێكم كە دانیشتم بەسەر كۆمەڵێ هەتیومداو بەخێوم كردوون (واتە شووم نەكردۆتەوە لەبەر ئەوان).

٣- دەست هێنان بەسەری هەتیوانی داناوە بە هۆكاری نەرمبوونی دڵ:

* ابو هریرە (خوا لێی ڕازی بێت)دەگێڕێتەوە كە پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و سكاڵای دڵڕەقی خۆی كرد، پێغەمبەریش (ﷺ)پێی فەرموو: ((إن اردت تلين قلبك فاطعم المسكين وامسح رأس اليتيم))[2]

واتە: ئەگەر دەتەوێت دڵت نەرم ببێت خواردن بە هەژاران بدەو دەست بە سەری هەتیواندا بهێنە).

٤-دووعابۆكردنی هەتیوان لەكاتی مردنی باوكیانداو دەستهێنان بەسەریاندا:

كاتێك جەعفەری كوڕی أبوطالب شەهیدبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی هێنا بە سەری عبداللەی كوڕیداو فەرمووی: ((اللهم اخلف جعفراً في أهله، وبارك لعبدالله في صفقة يمينه))[3].

---

١ رواه ابو يعلى (٦٦٥١) منذري لە (ترغيب وترهيب)دا دەڵێ: اسنادەكەی (حسن)ە.

٢ رواه أحمد (٢/٢٦٣) والطبراني لە (مكارم الاخلاق) (١٠٧) و اسنادەكەی حسن)ە.

٣ رواه أحمد (١/٢٠٤) و (الضياء في الاحاديث المختارة) (٩/١٦٨) (١٤٤).

واتە: پەروەردگارم جێگای جەعفەر پڕبكەرەوە بۆ كەسەكانیو بەرەكەتیش بخەیتە ڕزقو كەسایەتی دەستی عبدالله.

* ابو هریرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((خیر نساءٍ ركبن الابل –قال أحدهما– صالح نساء قریش –وقال الاخر– نساء قریش احناه علی یتیم في صغره وارعاه علی زوج في ذات یده))[١]

واتە: باشترین ژنانێك كە سواری حوشتربوون –یەكەمیان– ژنە چاكەكانی قوڕەیشە، –دووەمیان– ئەو ژنانەی قوڕەیشن كە زۆر بەسۆزو بەزەین لەگەڵ منداڵە هەتیوەكانیانداو زۆریش لە دڵی مێردان لەكاتی دەست تەنگیدا).

٥–پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەدحو سەنای ئافرەتانی عەرەب دەكات لەبەر سۆزو شەفەقەیان بۆ هەتیوەكانیان.

شەشەم: كاری هەتیو بەخێوكەرو كاری پێغەمبەر (ﷺ)و لەیەك دەچن:

(... لەوانەیە بۆیە بەخێوكەری هەتیوان دەچێتە بەهەشت یان پلەو پایەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) نزیكە لە بەهەشتدا لەبەرئەوەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) نێردراوە بۆ گەلێك كە نەفامنو لە ئیسلامدا زۆر نەشارەزانو ئەو دەیانگرێتە ئەستۆو فێریان دەكاتو ڕێنمونیان دەكات.

هەروەها بەخێوكەری هەتیویش هەر وایە كۆمەڵێك منداڵ دەگرێتە ئەستۆ كە لە ئایینەكەیو لە كاروباری دنیایش سفرەو ناشارەزایەو ئەو دەستی دەگرێتو فێری دەكاتو ئەدەبی جوانی دادەدات).[٢]

---

١ رواه مسلم (٦٥٤٥).

٢ (الفتح) (١٠/٤٣٧).

حەوتەم: ئەگەر بەخێوکەری هەتیوو نەداربوو دەتوانێت لە پارەی هەتیوەکان بخوات بەپێی پێویست:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) لەسەر ئەو ئایەتە: ﴿مَن كَان غَنياً فَليَستَعفف ومن كَان فَقيراً فَليَأكل بالمَعرُوف﴾ واتە هەر کەس دەوڵەمەندە با خۆی لە ماڵی هەتیو بپارێزێتو هەر کەسیش هەژارە با بەپێی پێوسیتو بەجوانی لێی بخوات)

دەڵێت: دەربارەی بەخێوکەری هەتیوان هاتۆتە خوارەوە: کە ئەگەر هەژارو نەداربوو دەتوانێت لە پارەکانیان بخوات بەلام بەشێوەیەکی جوان واتە بەپێی پێویست).[1]

* عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە دەگێڕێتەوە کە پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و پێی وت: من زۆر دەست کورتو نەدارمو کۆمەڵێك هەتیوم لەلایە، پێی فەرمو: ((كل من مال يتيمك، غير مسرف، ولامبادر ولامتأثل))[2]

واتە: قەیناکات لە پارەی هەتیوەکان بخۆ بەڵام زیادەڕوی نەکەیتو دەست پێشخەری نەکەیت لە خەرجیداو لێی هەڵنەگریت بۆ خۆت.

هەشتەم: ئایا ماڵی هەتیو زەکاتی لێ دەدرێت؟

* لە عومەری کوڕی خطابەوە دەگێڕنەوە (خوا لێی ڕازی بێت) کە فەرموویەتی: (ابتغوا باموال اليتامى لاتذهبها الصدقة)[3] واتە: ئاگات لە ماڵی هەتیوان بێتو بۆیان بخەنە کاسبیەوە با زەکات گشتی تەواو نەکات.

---

١ رواه البخاري (٢٧٦٥).

٢ رواه ابو داود (٢٨٧٢) و ابن ماجة (٢٧١٨).

٣ رواه ابو عبدالله لە (الاموال)دا (١٣٠١) والدار قطني (٢/١١٠).

* ابن عبدالبر دەڵێ: لە عەلی كوڕی ئەبوطالبو عبداللەی كوڕی عمرو حەسەنی كوڕی عەلیو جابرەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە كە فەرموویانە ماڵی هەتیو زەكاتی دەكەوێت، هەروەك مالكیش لە عمرو عائیشەوە هەمان حوكم دەگێڕێتەوە.[١]

* أبوعبید (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: لەلای ئێمە لەژێر ڕۆشنایی ئەو پاشماوانەی لە پێغەمبەری خواو هاوەڵانی بەدرو كەسانی دوای ئەوانیش لە تابیعینەوە دەگێڕنەوە كە زەكات دەركردن لە ماڵی هەتیوان واجبە).[٢]

* هەروەها دەڵێت: لەلای ئێمە زەكات دەركردن لە ماڵی منداڵی بچكۆڵەدا واجبە، سەرپەرشتیارەكەی پێی هەڵدەستێت وەك چۆن كڕینو فرۆشتنەكانی بۆ دەكات، هەر كاتێك گەورەبوو پارەو پوولەكانی دەداتەوە دەستی خۆیو وەك عبداللەی كوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: فێری كاسبی بكات چونكە گوناهبار دەبێت پارەكانی بداتە دەستی ئەو ئەویش هەمووی فەوتو ڕەوت بكات وەك (طاوس) دەڵێ: ئەگەر وانەكات گوناهبارە.[٣]

نۆیەم: لێدانو تەمێكردنی هەتیووان:

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پیاوێك بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) وت: لەسەر چی دەتوانم لە هەتیوەكانی ژێردەستتم بدەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((مما كنت ضارباً منه ولدك، غیر واق مالك بماله ولامتأثل من ماله مالاً))[٤]

واتە: لەسەر هەر شتێك كە لە كوڕەكەی خۆت دەدەیت بەڵام ماڵو سامانت لە ماڵو سامانەكەی ئەو بپارێزەو پارەكانی ئەومەخەرە لاوەو كۆی مەكەرەوە بۆ خۆت).

---

١ الاستذكار (٣/١٥٥).

٢ الاموال (٤٦٠).

٣ هەمان سەرچاوە لا (٤٦١)..

٤ رواه الطبراني في (الصغير)دا (٢٤٤) و ابن حبان (٤٢٤٤) و اسنادەكەی لاوازە

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەربارەی ئەدەب دادانی هەتیوان دەفەرموێت: (اني لاضربه حتى ينبسط)[١]

واتە: جاری وا دەبێت ئەوەندەی لێ دەدەم لە زەویەکەدا تەخت ڕادەکشێت.

*　　　　*　　　　*

[١] البخاري في الادب المفرد (١٤٢)، اسناده حسن.

فەرموودەی بیستو هەشتەم

خۆگرتنو ئارامی لەکاتی منداڵ مردندا

عن انس بن مالك (ﷺ) : ان رسول الله (ﷺ) أتى على إمراة تبكي على صبيّ لَها، فَقَالَ لَها: ((إتّقِ الله وَاصبِري))، فقالت: وَما تبالي بِمصيبتي، فَلما ذَهَب قيل لَها: إنّهُ رَسول الله (ﷺ)، فأخذها مثل الموت، فأتت بابه –فلم تجد على بابه بوابين– فقالت: يَا رسُول الله، لَم أعرفك، فقال: ((إنّما الصَّبرُ عِندَ أولِ صَدمَة)) او قال ((عِندَ أوّل الصدمَة)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

بوخاری (١٢٥٢) ڕیوایەتی کردووەو (١٢٨٣)، (١٣٠٢)و (٧١٥٤) و مسلم (٢٠٩٥) وشەکانیش هی ئەوە، أبوداود (٣١٢٤) وە الترمذی (٩٨٧)و النسائی (١٨٦٩)، ابن ماجە (١٥٩٦) گێڕاویانەتەوە.

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لە فەرموودەکە وەردەگیرێت:

یەکەم: مانای ئارامگرتن چیە؟

ئارامگرتن: سێ بنەمای هەیە: یەکەم/ لە دڵو دەروونەوە لەو بڕیارەی خوا دڵگرانو زویر نەبێت، دووەم/ زمانی بگرێت لە وشەی ناشوکریو ناڕەزایی دەربڕین، سێیەم/ بە ئەندامەکانی لەشی ناڕەزایی دەرنەبڕێت وەك لەخۆدانو ڕەش پۆشیو سنگ دادڕانو قوڕپێوان.

* ناصرالدین الدمشقی لە کتێبی (برد الاکباد) لا(٦٧)دا دەڵێ: هەر کەسێك ئەو سێ بنەمایەی پێشوو لەخۆیدا بهێنێتەدی ئەوە کارەساتە گەورەکەی بۆ دەبێتە پاداشتو بەخششێکی زۆر گەورەو وای لێ دێ موسیبەتو ڕووداوە دڵتەزێنەکان بە بەخشندەیی خوای دەزانێتو پێی خۆشە نەك دڵتەنگ.

دووەم: سەبرو خۆگری لەسەر بەڵاو قەزاو قەدەرەکانی خوا لەلای هەموو زانایان واجبە، نیوەی باوەڕە، ئیمان دوو بەشە: بەشێکیان سەبرو ئارامیە بەشەکەی تریان شوکرو سوپاسەو خوای گەورەیش دەفەرموێت: : ﴿ٱسْتَعِينُواْ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ﴾.[1]

* احمدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: سەبرو ئارامگرتن لە نزیکەی (٧٠) ئایەتی قورئاندا باسکراوە.[2]

سێیەم:

مەبەست لە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت ((الصبر عند أول صدمة)) واتە ئارامگرتنی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە ساتەوەختەکانی سەرەتای بیستنی هەواڵە ناخۆشەکەدا خۆی بگرێت ئەگەرنا هەموو کەسێك بە مروری کات هێور دەبێتەوەو ئارامی ڕووی تێ دەکاتو لەبیری دەچێتەوە، بەڵام ئەجرو پاداشت لەسەر خۆگری یەکەمجاری کارەساتەکەیە چونکە ئاکامی هەموو کارەستایێك سەبرو خۆگریو لەبیرکردنە ئیتر با ماوەیەکی زۆریش لەسەر گۆڕەکەی دانیشێت).[3]

چوارەم:

پێغەمبەر (ﷺ) هاوارو ڕۆڵە ڕۆو دەنگ بەرزکردنەوەی قەدەغەکردووە لە کاتی مردندا یان هەر کارەستێکی تر.

* أبوهریرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: کاتێك ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مرد ئوسامە هاوارێکی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لیس هذا مني، وليس بصائح حق، القلب يحزن والعين تدمع ولانقول مايغضب الرب))[4]

---

١ البقرة: (١٥٣).

٢ مدارج السالكين (٢/١٥٢).

٣ برد الاكباد لا(١٥).

٤ رواه الحاكم (١/٣٨٢) وابن حبان (٣١٦٠) واسناده حسن.

واتە: ئەم کارەی ئوسامە لە کاری ئێمە نیە، ئەم هاوارەیشی هاوارێکی ڕاستو لەجێگەی خۆیدا نەبوو، بەڵی دڵ خەفەتبار دەبێتو چاو فرمێسك دەڕێژێت بەڵام هەرگیز شتێك ناڵێین کە پەروەردگار زویرو توڕەبکات.

هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) هاوارو شیوەنگێڕیو یەخەدادڕینو لە کوڵمدانو شتی تری قەدەغەکردووە.

پێنجەم: لەکاتی ڕوودانو کارەساتی ناهەمواردا موسڵمان دەبێت چی بڵێ؟

* خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ ﴿١٥٥﴾ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾[1]

واتە: ئەی مرۆڤەکان تاقیتان دەکەینەوە بە ترسو لەرزو برسێتیو کەمبوونەوەی سامانو منداڵو باخو باخاتتان، بەڵام مژدە لە سابیرو خۆگران ئەوانەی کە کارەساتێك لێیان ڕوویدات یەکسەر دەڵێن ئێمە موڵکی خواینو سەرەنجامیش هەر دەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو، ئەوانە لێخۆشبوونو ڕەحمەتی پەروەردگاریان بەسەردا دەڕژێتو ئەوانە هیدایەت دراوانن.

* (أبو موسى الاشعري) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: ((اذا مات ولد العبد، قال الله للملائكة: قبضتم ولد عبدي؟ فيقولون: نعم، فيقول: قبضتم ثمرة فؤداه؟ فيقولون: نعم، فيقول: ماذا قال عبدي؟ فيقولون: حمدك واسترجع، فيقول: ابنوا لعبدي بيتاً في الجنة وسموه بيت الحمد)).[2]

---

١ البقرة (١٥٥–١٥٧).

٢ رواه أحمد (٤/٤١٥) والترمذي (١٠٢١) وابن حبان (٢٩٤٨).

واتە: هەركاتێك منداڵی بەندەیەك بمرێت، خوای عزوجل بە فریشتەكان دەفەرموێت: منداڵی بەندەكەمتان گیان كێشا؟ دەڵێن: بەڵێ، دەفەرموێت: بەرهەمی دڵیتان كوشت؟ دەڵێن: بەڵێ، دەفەرموێت: ئەی باشە بەندەكەم هەڵویستی چۆن بوو؟ دەڵێن: سوپاسی دەكردیتو (انا لله وانا الیه راجعون)ی دەوت، خوای گەورەیش دەفەرموێت: دەی كۆشكێك لە بەهەشتدا بۆ ئەم بەندەیەم دروست بكەنو ناوی بنێن كۆشكی سوپاس.

* (أُم سلمه) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە پێغەمبەری خوام بیست (ﷺ) دەیفەرموو: ((مامن مسلمٍ تصیبه مصیبة، فیقول ما امره الله، (انا لله وإنا الیه راجعون) اللهم اجرني في مصیبتي واخلف لي خیراً منها، إلا اخلف الله له خیراً منها))[1].

واتە: هەمو موسڵمانێك كە تووشی كارەسات یان مەرگەساتێك دەبێتو ئەوە دەڵێ كە خوا فەرمانی داوە كە بڵێ: (انا لله وإنا الیه راجعون) پاشان بڵێ: ئەی خوای گەورە پاداشتی چاكەم بدەیتەوە لەسەر ئەم كارەساتەمو چاكترم پێ ببەخشەرەوە لێی، ئەوە بێگومان خوا شوێنەكەی پڕ دەكاتەوە بە چاكتر.

* (أُم سلمه) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: چ موسڵمانێك باشترە لە (أبو سلمه) یەكەمین خانەوادەبوو كۆچی كرد بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)و كاتێك لە دەستم چوو ئەم دوعایەم خوێندو خوایش لە (أبوسلمه) چاكتری پێ بەخشیم كە پێغەمبەری خوابوو (ﷺ).[2]

شەشەم:

خەفتاربوونو فرمێسك ڕشتن دژایەتی نیە لەگەڵ ئارامگرتندا لەسەر مردنی منداڵ بەڵكو ئەوە ڕەحمەتێكەو خوا خستوویەتیە دڵی هەر كەسێك لە بەندەكانی كە خۆی بیەوێت.

---

١ رواه مسلم (٢٠٨٢).

٢ رواه البخاري (١٣٠٣).

* ئەنەسی کوڕی مالك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووین بۆلای أبوسیف القین هاوسەری شیرپێدەری ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر بووە (ﷺ)و پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوەشی کرد بە ئیبراهیمی کوڕیداو تێرتێر ماچی کردو بۆنی دەکرد، پاشان جارێکی تر چووینەوە بینیمان ئیبراهیم گیان دەدات، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) هۆن هۆن ئاو بە چاوەکانیدا دەهاتنەوە خوارەوە.

تا عبدالرحمن ی کوڕی عەوف (خوا لێی ڕازی بێت) پێی وت: تۆش دەگریت ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((یا ابن عوف إنها رحمة)) واتە ئەی کوڕی عەوف ئەوە سۆزو بەزەییە، پاشانیش فەرمووی: ((ان العین لتدمع، والقلب یحزن، ولانقول الا مایرضی ربنا، وانا بفراقك یا ابراهیم لمحزونون)).

واتە: چاو فرمێسك دەڕێژێتو دڵیش غەمبار دەبێت، بەڵام هیچ شتێك ناڵێین جگە لەو وتانەی خوا پێی ڕازیە، ئێمەیش هەموومان ئەی ئیبراهیم بەم كۆچەت دڵگرانو خەفەتبارین.

* ئوسامەی کوڕی زەید (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کچێکی پێغەمبەر (ﷺ) جوابی نارد بۆ پێغەمبەری خواو پێی وت: کوڕێکمان خەریکە دەمرێت وەرە بۆ لامان، ئەویش بە نوێنەرێکدا سڵاوی بۆ ناردو پێی فەرموو: ((ان لله ما اخذ وله ما اعطی، وکلّ عنده بأجل مسمّی، فلتصبر ولتحتسب)) واتە: ئەوەی دەیباتەوەو ئەوەیش دەیبەخشێت هەمووی هی خوایە، هەموو شتێك لەلای خوا ماوەی دیاریکراوی بۆ دانراوە، با ئەو کچەم ئارام بگرێتو چاوەڕوانی پاداشتی لای خوا بێت.

لە درێژەی فەرموودەکەدا هاتووە: منداڵەکەیان دایەدەستی پێغەمبەری خواو ئەویش گیانی دەداو ئەمیش چاوەکانی پڕبوون لە ئاو وەك بڵێ: بووە بە پێستە كۆنە، سەعد (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم گریانو شتەت لەچیە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((هذه رحمة جعلها الله في قلوب عباده، وانما یرحم الله في عباده الرحماء)).[١]

---

١ رواه البخاري (١٢٨٤) (٦٦٥٥). ومسلم (٢٠٩٠).

واتە: ئەمە سۆزو بەزەییەو خوای گەورە خستوویەتیە نێو دڵەكانەوە، خوایش بەس ڕەحم بەو كەسانە دەكات كە بەڕەحمن.

* (ابن قیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) خشوعیو غەمباریو گریانێك كە دەنگی نەبێتو نیگەرانبوونی دڵی بە سوننەت داناوە بۆئوممەتەكەیو دەفەرموێت: ((العین تدمع، ویحزن القلب ، ولانقول الا مایرضی ربنا))[1]

هەروەك بە سوننەتی داناوە بۆ ئوممەت كە سوپاسی خوا بكرێتو (انا لله وإنا الیه راجعون) بگوترێتو ڕازیبوون بەو كارەی خودا دەربېڕدرێت، ئەمەش دژایەتی نیە لەگەڵ فرمێسك ڕشتنو خەفەتباربوونی دڵ، چونكە ڕازیترین كەس بە كارەكانی خواو سوپاس گوازرترین كەس بۆی (محمد) بووە (ﷺ) كەچی بۆ مردنی كوڕەكەی گریاوەو خەفەتباریش بووە، بەڵام دڵی كێوێك بووە لە ڕەزامەندیو زمانیشی بەزیكرەوە خەریك بووە.

حەوتەم: ئارامگری سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە لەسەر مردنی ڕۆڵەكانیان:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە كوڕێكی (أبوطلحة) (خوا لێی ڕازی بێت) دەمرێت، (ام سلیم) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: كەس بە باوكی نەڵێت تا من خۆم بۆی باس دەكەم، تەرمی جگەر گۆشەكەی خۆی لە ژوورێكی ماڵەكەیدا داپۆشت، كاتێك (أبوطلحة) گەڕایەوە هەواڵی كوڕەكەی لێی پرسی وتی: كوڕەكەم چۆنە؟ (ام سلیم) وتی: زۆر نتمو بێ دەنگ بووە، هیوادارم بە جوانی بحەوێتەوە، (أبوطلحة) وای زانی مەبەستی ئەوەیە خەوتووە.

---

١ زاد المعاد (٤٩٩/١).

بۆیە (ام سلیم) خواردنی ئامادەکردو خستیە بەردەستی (أبوطلحة)و پاشان خۆی بۆ جوان کردو بۆنی خۆشی لەخۆی داو ئەویش کاری ژن‌و پیاوی لەگەڵدا ئەنجامداو پاشان ڕووی کردە (أبوطلحة)و پێی وت:

ئەی (أبوطلحة) فلان ماڵ شتێکیان قەرزکرد لە فلان ماڵ‌و هەر ویستیان لێیان داوا بکەنەوە، چوون بەگژیانداو وتیان ناتاندەینەوە! (أبوطلحة)یش وتی: هەقی نیە وایان بکردایە چونکە ئەمانەت دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی (ام سلیم)یش وتی: دەی کوڕەکەت سپاردەیەکی پەروەردگار بوو لەلای ئێمەبوو، دەی خوای (عز وجل) سپاردەکەی بردەوەو گیانی سپاردووە، ئەویش هیچی پێی نەکرا جگە لەوەی وتی: (انا لله وإنا الیه راجعون).

ئەنەس دەفەرموێت: لە ڕۆژەکەیدا مەسەلەکەیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((بارك الله لهما في لیلتهما))[1]

واتە: ئەو شەوەیان لێ پیرۆزو موبارەك بێت.

* (ابو علی رازی) دەڵێ: ماوەی سی ساڵ هاوڕێی (فُضیل)ی کوڕی (عیاض) بووم، نەمدیوە پێبکەنێ یان زەردەخەنەیەك بکات تەنها ئەو شەوە نەبێت کە عەلی کوڕی گیانی سپارد، منیش بە سەرسامیەوە لە هۆی ئەو پێکەنینەیم لێ پرسی؟ لە وەڵامدا وتی: خوای گەورە کارێکەو پێی خۆش بووە بیکات دەی منیش پێم خۆشە ئەوەی خوا خۆشی دەوێت‌و حەزی پێ دەکات.[2]

* زوهەری بانی دەڵێت: کوڕێکی (مطرف)ی کوڕی عبداللەی کوڕی شیخیر مرد، ئەویش هەستا ئەسپەکەی زین کردو جلی جوانی لەبەرکرد، وتیان پێی: ئێمە ڕازی نین تۆ ئاوات کردووە لەم وەختەدا کە کوڕەکەت مردووە؟!

---

١ رواه أحمد (٣/٢٨٧،٢٨٨) والبخاري (١٣٠١) ومسلم (٥٦٦٤).

٢ رواه ابونعیم في الحلیة (٨/١٠٠).

ئەویش لە وەڵامدا وتی: بۆ ئێوە دەتانەوێت لە بەردەم کارەساتێکدا چۆك دابدەم، دەی سا وەڵلاهی هەموو دنیاو ئەوەشی کە تێیدایە هی من بووایەو خوای گەورە بەرامبەری پەرداخێك ئاو لێی بسەندمایە قبوڵم بوو، دەی چی دەڵێن کە لەجیاتیدا لێبووردنو لێخۆشبوونو ڕێنموونی بدات بە خاوەنەکەی.[1]

دەڵێم سەبرو ئارامی سەلەفی صالح لەم بارەیەوە گەیشتبووە ئاستێك کە ئەوەندە ڕازی بوو بە قەزاو قەدەری پەروەردگار یەك گریانو کڕوزانەوەی لێ نەبیستراوە.

ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ئەوەندە ڕازیە بە قەزاو قەدەری خوا کە سوپاسی دەکات لەسەر کارەساتی مردنی کوڕە گەورەکەیو لەبەرامبەریشدا ئەوەندە بەسۆزە بۆی چاوەکانی پڕدەبێت لە ئاو، ئەمەش جوانترین شێوازی پرسەگێڕانە.[2]

هەشتەم: سوننەتی ئیسلام وایە کە سەرەخۆشیو دڵنەوایی ئەو کەسە بکرێت کە کەسێکی دەمرێت:

* بورەیدەی کوڕی حەسیب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنسارەکانی بەسەرکردەوەو سەردانی دەکردنو هەواڵی دەپرسین، جارێك هەواڵی ژنێکی زانی کە کوڕێکی مردبوو، ئیتر کەسی دیکەی نەمابوو، بۆیە زۆر گریابوو بەسەریدا، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ سەردانی کردنیو فەرمانی پێدا بە تەقواو لەخوا ترسانو ئارامگرتن، ژنەکەش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن هاوار نەکەمو چۆن نەگریم، کە من ژنێکم منداڵم نابێتەوەو دەمرنو منداڵی دیکەم نیە جگە لە ئەو.

---

١ رواه ابونعيم في الحلية (٢/١٩٩) و ابن عساكر له (تأريخەكەيدا) لا(٨/٣١٩).

٢ ئەمەش ئەوپەڕی گەورەیی بەرنامەی ئیسلام دەردەخات کە شوێنکەوتووانی واڵێ دەکات لەبەردەم گەورەترین توشهاتدا خۆگرو بەئارام بن کە لە هیچ قوتابخانەیەکی ڕۆژئاوادا شتی وا بەدی ناکرێت. وەرگێڕ.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((الرقوب الذي يبقى ولدها)) واتە: ئەو ژنانەی منداڵیان بۆنامێنێتو دەمرن هەر ئەوانە منداڵیان بۆ ماوەتەوە، پاشان فەرمووی: ((ما من امراۃ مسلمة يموت لها ثلاث أولاد –يحتسبهم– الا ادخلهم الله بهم الجنة)) واتە: هیچ پیاوو ژنێکی موسڵمان سێ منداڵیان نامرێت بە مەرجێك خۆیان بگرنو ناشوکری نەکەن بەهۆیانەوە خوای گەورە دەیانباتە بەهەشتەوە، عمریش لەوێدا فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ئەگەر دووان بوون؟ فەرمووی: دووانیش).[1]

* ابن قدامە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ سوننەتە –مستحب– پرسەو سەرەخۆشیکردن لە کەسو کاری مردوو، هیچ یەکێك لە زانایان جیاوازیان لەمەدا نیە،... مەبەستیش لە سەرەخۆشیکردن واتە: دڵنەوایی کردنی کەسو کاری مردووەکەو جێ بەجێ نەکردنی کارەکانیانو مانەوە لە نزیکیانەوە، چونکە پێداویستی دوای ناشتن وەك پێداویستی پێش ناشتنەکە وایە.

هەروەك سوننەتە لە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە سەرەخۆشی بکرێت، گەورەو بچوکیان.[2]

هەر لەسەر خێرو چاکەو گەورەیی سەرەخۆشیکردنی کەسوکاری مردوو ئەم فەرموودەیە هاتووە:

* ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((من عزّى أخاه المؤمن في مصيبته كساه الله حُلة خضراء، يحبر بها يوم القيامة)) قيل يا رسول الله، مايحبر؟ قال يُغبط))[3]

---

١ رواه البزار في كشف الاستار (٨٥٧١) والحاكم (٣٨٤/١) و دەڵێ: (صحيح الاسناد)ه.

٢ المغني (٤٨٥/٣).

٣ رواه الخطيب في (تاريخ بغداد) (٣٤٧/٧) و(ارواء الغليل) (٢١٧/٣).

واتــە: ئــەو کەســەی سەرەخۆشــی لــە بــرا موســڵمانەکەی بکــات لــەکاتی مــردن‌و کارەساتەکاندا خوای گەورە لە بەهەشتدا جل‌وبــەرگێکی ســەوزی پــێ دەبەخـشێت، لــە ڕۆژی قیامەتدا خۆی پێ هەڵدەنێت، وتیان: (یحبر) یانی چی؟ فــەرمووی: زۆر دڵخـۆش بوون.

* * *

فەرموودەی بیست و نۆیەم

خێرو گەورەیی ئارامی و خۆگری لەسەر مردنی منداڵ:

عن ابي حسان قال: قلت لأبي هريرة (ﷺ) : انه قد مات لي إبنان، فما أنت محدثي عن رسول الله (ﷺ) بحديث: تطيب به أنفسنا عن موتانا؟ قال: قال نعم ((صغارهم دعاميص الجنة، يتلقى أحدهم أباه، أو قال: أبويه فيأخذ بثوبه، او قال: بيده، كما اخذ انا بِصَنِفَةِ ثوبك هذا، فلا يتناهي– او قال: فلا ينتهي– حتى يدخله الله وأباه الجنة)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

أحمد (٤٨٨/٢) ڕیوایەتی کردووەو بخاری لە (الادب المفرد) لا (١٤٥)داو (مسلم)یش لە (٦٧٩٤)داو وشەکانیش هی ئەوە.

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لە فەرموودەکە وەردەگیرێت:

یەکەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە پاداشتی ئەو کەسە زۆر گەورەیە کە منداڵێکی دەمرێتو بە ئارامیەوە بە قەزاوقەدەری خوا ڕازی دەبێت، چونکە منداڵ مردن گەورەترین تاقیکردنەوەیەو قورسترین کۆس کەوتنە، ئاگرێکە جگەر دەسوتێنێتو بۆیە پاداشتی ئارامگرتن لەسەری زۆر گەورەیەو لە ڕۆژی قیامەتداو لەناوی کردەوەکانیدا زۆر کێشی قورسە.[1]

دووەم: مەبەست لە برگەی فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت: ((صغارهم دعاميص الجنة)):

* خەلیلی کوڕی احمدی فەراهیدی دەڵێ: (دعموص) واتە: گیانلەبەرێکی ناو ئاوەو زۆر دێتو دەچێت یان (دعموص): پیاوێکە دەچێتە هەموو مەسەلەیەکەوە، واتە: ئەو منداڵانە گەشتیارن لەناو بەهەشتداو دەچن ناو ماڵەکانەوەو کەس دەست ناداتە

---

[1] برد الاكباد عند فقد الاولاد لا(٢٠).

ڕێگەیان وەك چۆن لەم دنیایەدا منداڵ خۆی دەكات بە هەموو ژوورێكداو كەس لێی توڕەنابێت‌و كەس دەرگایان بەڕوودا داناخات.[١]

سێیەم: لەبەرئەوەی منداڵ مردن زۆر ناڕەحەتە لەسەر دڵ‌و دەروونی دایك‌و باوك، پاداشتەكەشی زۆر گەورەیە بۆ ئەوانەی ئارام دەگرن‌و بەتەمای پاداشتی خوان:

١- مردنیان بە منداڵی دەبنە هۆی چوونە بەهەشتی دایك‌و باوك: وەك لە فەرموودەكەی (ابو هريره)دا باسمان كرد.

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((مامن مسلم يتوفى له ثلاث لم يبلغوا الحنث الا أدخله الله الجنة بفضل رحمته إياهم))[٢] واتە: هەموو موسڵمانێك سێ منداڵی بمرێت‌و هیچیان نەگەیشتبنە تەمەنی باڵغبوون ئەوە خوای گەورە بەهۆی خۆشەویستی بۆیان، دایك‌و باوكی دەخاتە بەهەشتەوە.

* موعاویەی كوڕی قورە لە باوكیەوە دەگێڕێتەوە: كە پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) كوڕێكی (بچوكی) خۆی پێبوو، پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی: (أتحبه؟) ئایا خۆشت دەوێت، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوەندەی من خۆشم دەوێت خوایش تۆی خۆش بووێت، پاش ماوەیەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ما فعل ابن فلان؟ واتە ئەوە كوڕەكەی فلان كەس چی بەسەرهات؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا مرد، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بە باوكی فەرموو: ((أما تحب ان لا تأتي باباً من أبواب الجنة تستفتح الا جاء يفتح لك))[٣] واتە: ئایا حەز ناكەیت بتەوێت هەر دەرگایەكی بەهەشت بكەیتەوە یەكسەر بكرێتەوە بۆت؟

---

١ لسان العرب (٣٦/٧).

٢ رواه البخاري (١٢٤٨).

رواه أحمد (٤٣٦/٣) السنائي (١٧٨٠) والحاكم (٣٨٤/١)و بە (صحيح)یشی داناوە. (الذهبي)یش

٣پشتگیری كردووە.

هاوەڵان وتیان: ئەمە تەنها بۆ ئەو پیاوەیە یان بۆ هەر هەموومانە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بل كلكم)) واتە: بۆ هەمووتانە.

٢- ئەگەر بە منداڵی بمرن ئەوە لە قیامەتدا شەفاعەتو تكا بۆ دایكو باوكیان دەكەن.

* هەندێك لە هاوەڵان دەگێڕنەوە كە لە پێغەمبەری خوایان بیستووە (ﷺ) كە فەرموویەتی: (يقال للولدان يوم القيامة: أدخلوا الجنة، قال: فيقولون: يارب حتى يدخل أباءنا وامهاتنا، قال: فيأتون، قال: فيقول الله عز وجل: مالي اراهم محبنطئين؟ ادخلوا الجنة، قال: فيقولون: يارب اباءنا وامهاتنا، قال، فيقول: ادخلوا الجنة أنتم وأباءكم))[1]

واتە: لە ڕۆژی دواییدا بە منداڵان دەڵێن: فەرموون بچنە ناو بەهەشتەوە، دەڵێ: ئەوانیش دەڵێن: خوایە گیان -ناڕوین- تا لەگەڵ دایكو باوكماندا نەبێت، دەڵێ: باوكو دایكیان دێنو خوای (عز وجل)یش دەفەرموێت: ئەم خاوە خاوەیان لە چیە؟ بۆ ناچنە ناو بەهەشتەوە؟ دەڵێ: ئەوانیش دەڵێت: ئەی خوایە گیان لەگەڵ دایكو باوكماندا دەڕۆین، دەڵێ: خوایش دەفەرموێت: لەگەڵ دایكو باوكتاندا بچنە بەهەشتەوە.

٣- مردنی منداڵ بە بچوكی دەبێتە هۆی هەڵوەرینی گوناهی دایكو باوك:

* أبو هريرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كەی فەرموویەتی: ((ما يزال البلاء بالمؤمن والمؤمنة في نفسه و ولده وماله حتى يلقى الله وما عليه خطيئة))[2]

واتە: بەردەوام خوا ژنانو پیاوانی موسڵمان تاقی دەكاتەوە بە لەدەستچوونی ئەندامێكی لەشی خۆی یان مردنی منداڵ یان لەدەستچوونی سامانی تا لە ئاكامدا وای لێ دەكات گوناهی پێ نامێڵێتو پاكی دەكاتەوە لە تاوان.

---

١ رواه أحمد (١٠٥/٤) و (اسناده حسن).

٢ رواه أحمد (٤٥٠/٤) والترمذي (٢٣٩٩)و دەڵێ فەرموودەیەكی (حسن صحيح)ە.

٤- مردنی منداڵ بە بچوکی دەبێتە پارێزەری دایكو باوك لە ئاگری دۆزەخ:

* لە (أبو سعید)ەوە دەگێڕنەوە (خوا لێی ڕازی بێت) کە ئافرەتان بە پێغەمبەری خوایان وت بەڵکو ڕۆژێکمان بۆ دابنێیتو تیایدا ئامۆژگاریمان بکەیت، ئەویش بۆی دانانو تیایدا فەرمووی: ((ایما امراة مات لها ثلاثة من الولد، کانوا لها حجاباً من النار)) قالت امراة: واثنان؟ قال: ((واثنان))[١]

واتە: هەر ئافرەتێکی موسڵمان سێ منداڵی بمرێت، دەبنە بەربەست لەنێوان ئەو و دۆزەخد، ئافرەتێك وتی: ئەی دووان؟ ئەویش فەرمووی: دووانیش.

٥- مردنی منداڵ بە منداڵی دەبێتە هۆی سەنگین کردنی تەرازووی چاکەی دایكو باوکی:

* (أبو سلمی) (خوا لێی ڕازی بێت) شوانی پێغەمبەری خوابوو (ﷺ)دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام بیست (ﷺ) دەیفەرموو: ((بخ بخ لخمس ماأثقلهنّ في المیزان: سبحان الله والحمدلله ولا إله إلا الله والله أکبر والولد الصالح یتوفی للمسلم فیحتسبه))[٢] واتە: بەە، بەە، پێنج شت چەند قورسن لە میزانی کردەوەکاندا: (سبحان الله)و (الحمدلله)و (لا إله إلا الله)و (الله أکبر)و منداڵێکی صاڵحی موسڵمانێك بمرێتو باوكو دایکی خۆڕاگرو بەئارام بن لە پاداشتەکەی.

٦- ئەگەر بە منداڵی بمرن دەگەن بە باوكو دایکیان لەبەردەمی دەرگاکانی بەهەشتداو دەراکانیان بۆ دەکەنەوە:

* عوتبەی کوڕی عبدالسُلمی (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە لە پێغەمبەری خوای بیست (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((مامن مسلم یموت لە ثلاث من الولد لم یبلغوا الحنث، الا تلقوه من ابواب الجنة الثمانیة، من أیهما شاء دخل))[٣] واتە: هەر موسڵمانێك

---

١ رواه البخاري (١٢٤٩) وشەکانیش هی ئەوە، مسلم (٦٧٩٢).

٢ رواه أحمد (٥/٣٦٥-٣٦٦)، (٤/٢٣٧) والبزاز.

٣ رواه أحمد (٤/١٨٣) و ابن ماجة (١٦٠٤).

سێ منداڵی نابالغی بمرێت لەبەردەمی دەرگاكانی بەهەشتدا دەوەستن‌و لە هەر دەرگایەكەوە پێی خۆش بێت دەیبنە ژوورەوە.

چوارەم:

هەندێك لە سەلەف (رەحمەتی خوایان لێ بێت) ئاواتی مردنی منداڵەكانیان خواستووە، لەبەر ئەو پاداشتە گەورەو گرانەی بۆ باوك‌و دایكیان ئامادەكراوە ئەگەر خۆیان بگرن‌و ناشوكری‌و لەخۆدان‌و سەرمۆرگرتن نەكەن:

* سەهلی كوڕی حنظلة (خوا لێی ڕازی بێت) هاوەڵێك بوو منداڵی نەدەبوو، دەیووت: حەزم دەكرد لە ئیسلامدا منداڵێكم ببوایە ئیتر با لەباریش بچووایە لە هەموو دنیا كە هی من بووایە پێم خۆشتر بوو بۆ ئەوەی ئارام بگرم‌و پاداشتی باوكانی بەئارامم دەست بكەوتایە لەسەر مردنی ڕۆڵەكانیان.[1]

* أبو الاحوص (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: چووینە خزمەت عبداللەی كوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) سێ كوڕی جوانی لەپاڵیدا بوون ئەوەندە جوان بوون وەك دینار پرشەیان لێ دەهات، ئێمەیش سەیرمان دەكردن، ئەویش هەستی كرد بۆیە فەرمووی: دەڵێی (شاكامی)م پێ دەبەن؟ وتمان: بەڵێ ئەی توخوا وێنەی ئەوانە شاكامی پێ نابرێت؟ ئەویش سەری بەرزكردەوە بۆ بنمیچی دیوارەكە كە پەڕەسێلكە هێلانەی تێدا كردبوو، فەرمووی: ئەگەر بەدەستی خۆم بیاننێژم‌و خۆڵ بكەمە سەر قەبرەكانیان پێم خۆشترە لەوەی كە هێلكەیەكی ئەم باڵندەیە بكەوێتە خوارەوەو بشكێت)[2]

* محمدی كوڕی خەلەفی كوڕی وكیع دەڵێ: (ابراهیم الحربی) (رەحمەتی خوای لێ بێت) كوڕێكی هەوو یانزە ساڵان بووو هەموو قورئانی پێ لەبەركردبوو لە فیقهدا زۆر شارەزای كردبوو، دەڵێ: مرد منیش چووم بۆلای تا سەرەخۆشی لێ بكەم، ئەویش وتی حەزم كردووە ئەم كوڕەم بمرێت.

---

١ رواه البخاري له (الادب المفرد)دا (١٥٢).

٢ رواه عبدالرزاق (٢٠٦٤٨) وابونعيم في (الحلية)دا (١٣٣/١).

دەڵێ: وتم بۆ خاتری خوا (باوکی ئیسحاق) تۆ زانای هەموو دنیای کەچی دەربارەی منداڵێك کە قورئانو فەرمودەو فیقهت فێرکردووە وا دەڵێی؟!

دەڵێ: وتی: لە خەومدا قیامەت هەڵسابوو، کۆمەڵێك منداڵم بینی یەکی گۆزەیەکیان بەدەستەوە بوو ئاوی تێدابوو، پێشوازیان لە خەڵکەکە دەکردو ئاویان پێدەدان، ڕۆژەکە زۆر گەرم بوو، دەڵێ: وتم بە یەکێکیان ئاوم پێ بدە، سەیرێکی کردمو وتی: ئاخر تۆ باوکم نیت! وتم ئێوە کێن؟ وتی: ئێمە ئەو منداڵانەین کە لە دنیادا مردینو باوکمان بەجێ هێشتووە وا ئێستا ئاویان پێ دەدەینو دەڵێ: لەبەرئەوەیە ئاواتەخوازبووم بمرێت.[1]

* سوفیان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کوڕێکی بچوکی خۆی بینی لە حەجدا تەوافی کەعبەی دەکرد، فەرمووی: ئەمە خۆشەویسترین کەسە لەلام، هیچم ئەوەندەی ئەو پێ خۆش نیە کە بچێتە ناو تەرازووی چاکەکانم.[2]

* عەمری کوڕی مەیمونی کوڕی مەهران (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لەگەڵ باوکمدا بووم، لە کەعبەدا تەوافمان دەکرد، باوکم گەیشت بە پیاوێکی بەتەمەنو باوەشیان کرد بەیەکداو لەگەڵ کوڕێکی بەتەمەنی منداڵدا بوو، باوکم پێی وت: ئەمە کێیە؟ وتی: کوڕمە، پێی وت: ئەمە ڕازیت لێی؟ وتی: ئەی بۆنا هیچ ڕەوشتێکی خێرو چاکە نیە کە لەم منداڵەمدا نەبێتو هەموویانم تێدا بەدی کردووە تەنها یەك شت نەبێت، وتی: ئەو شتە چیە؟ وتی: دەمەوێت بمرێتو بگەمە ئەجرو پاداشتی دایكو باوکە ئارامگرەکانم لەسەری دەست بکەوێت!! پاشان باوکم لێی جیابوویەوە وتم باوکە ئەوە کێ بوو؟ وتی: مەکحول* بوو.[3]

---

١ رواه الخطيب في (تأريخ بغداد) (٦/٣٧).

٢ رواه المدائني في (التعازي) (٦٦) وابونعيم في (الحلية)دا (٤/٢٧٥).

* مەکحول: زانایەکی پایە بەرزی فیقهی ناو شامە.

٣ رواه القشيري في (تأريخ الرقة) (١٠٠) وابو نعيم في (الحلية) (٤/٩٠-٩١).

پێنجەم:

ئەم هەڵوێستەی سەلەفی صالح پێچەوانە نیە لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك لە زانایان لەلایان مەکروه بووە ئاواتی مەرگی منداڵ کە مەبەست لێی ترسی هەژاریو کەم دەستی بێت.

●لەلای (ابن عمر)دا (خوا لێی ڕازی بێت) پیاوێك (کە کۆمەڵێك کچی هەبوو) ئاواتی مردنی خواستنو ابن عمریش زۆر توڕەبوو و فەرمووی: بۆ ئێوە ڕۆزییان دەدەن.[1]

بەڵام ئاواتی زانایانی سەلەف (رەحمەتی خوایان لێ بێت) لەبەر ترسی هەژاریو کەم دەرامەتی نەبوە بەڵکو لەبەر دەستەکەوتنی ئەو کێوە ئەجرو پاداشتەیە کە بۆ باوكو دایکانی بەئارامو خۆگر ئامادەکراوە کاتێك منداڵێکیان دەمرێت والله أعلم.

شەشەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی منداڵانی موسڵمان دەچنە بەهەشتەوە:

* احمدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان زانایاندا کە وان لە بەهەشتەدا).[2]

بەڵام مەسەلەی منداڵی بێ باوەڕان جێگای ناکۆکیو جیاوازیە لەنێوان زانایاندا لەبەر ئەو هەموو فەرمودەیەی بە هەردوو بارەکەدا هاتووە، بۆیە زۆرێك لە زانایان پێیان خۆش نەبووە لەم مەسەلە تێکەڵەدا قسە بکەن چونکە:

* عبداللەی کوڕی عەباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لایزال أمر هذه الامة موائماً –مقارباً– مالم يتكلموا في الولدان والقدر))[3]

واتە: ئیشو کاری ئەم ئوممەتە زۆر تەباو لەیەکەوە نزیکە مادەم دەربارەی سەرئەنجامی قیامەتی منداڵانو مەسەلەی قەزاو قەدەر قسە نەکەنو بێ دەنگ بن.

---

١ رواه البخاري في (الادب المفرد)دا (٨٣).

٢ رواه الخلال في (أحكام أهل الملل) (١٤).

٣ رواه الحاكم (١/٣٣) وصححه ووافقه الذهبي.

* (ابو عبدالله) ئەحمەدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەر كەسێك دەربارەی سەرئەنجامی منداڵانی بێ باوەڕان دوا (ئەوە سەرچاوەی هەموو ناكۆكیەكە) كەس لەو بارەیەوە ناپرسێت جگە لە كەسێك مەگەر خوا خۆی بزانێت چی لە دڵیدایە.

هەروەها دەڵێ: ئێمە دەدەین بەلای هەموو ئەو فەرموودانەداو لە خۆمانەوە قسەیان لەسەر ناكەین.[١]

* دیسان (ابو عبدالله) ئەحمەدی كوڕی حەنبەل دەڵێت: (بیشری كوڕی سەری) پرسیاری كرد لە سوفیانی سەوری دەربارەی قیامەتی منداڵانی بێ باوەڕان؟ ئەویش هاواری كرد بەسەریداو پێی وت: ئەی منداڵ تۆ دەربارەی شتی وا دەپرسی؟![٢]

* حەنبەل: دەڵێ: گوێم لە (ابو عبدالله) ئەحمەدی كوڕی حەنبەل بوو كە كوڕەكەی ئیمام شافیعی پرسیاری لێكرد دەربارەی دواڕۆژی منداڵی مردوو؟ لە وەڵامدا فەرمووی: مەبەستت منداڵی موسڵمانە یان بێ باوەڕان؟ وتی: بێ باوەڕان، أحمد هاواری كرد بەسەریداو فەرمووی: ئەم مەسەلانە ئەهلی زەیغو گومانچیان دەیجوڵێنن؟ تۆ هەقت چیە بەسەر ئەم جۆرە مەسەلانەوە؟

دەڵێ: كوڕەكەی شافعی (كە والی حەلەب بوو) بێ دەنگ بوو هەستاو ڕۆییو هەرگیز نەگەڕایەوە خزمەت أبوعبدالله تا لە نیا دەرچوو.[٣]

* * *

١ رواه الخلال في (احكام أهل الملل) (٢١).

٢ هەمان سەرچاوە (٢٢).

٣ هەمان سەرچاوە (٢٢) لەگەڵ (الاداب الشرعیه) (ابن مفلح) لا (٦٩/٢).

فەرموودەی سی یەم
ماچکردنی منداڵان

عن ابي هريرة (رضي الله عنه) قال: قبَّل رسول الله الحسن بن علي، وعنده الاقرع بن حابس التميمي جالساً، فقال الاقرع: ان لي عشرة من الولد ماقبلت منهم احداً، فنَظر إلَيه رسول الله (صلى الله عليه وسلم) ثم قال ((مَن لايَرحَم لايُرحَم)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

بوخاری لە (٥٩٩٧)دا ڕیوایەتی کردووەو لە (أدب المفرد)دا (٩١)و مسلم لە (٦٠٩٧)دا و أبوداود لە (٥٢١٨)و الترمذي لە (١٩١١)دا گێڕاویانەتەوە.

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لە فەرموودەکە وەردەگیرێت:

یەکەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە منداڵان ماچ بکرێن لەبەر هۆکاری ڕەحمو بەزەیی وەك بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) سەرباسێکی ناوناوە (باسی بەزەیی هاتنەوە بە منداڵداو ماچکردنو دەست کردنە ملی).

فەرموودەیش لەم بارەیەوە زۆرە:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: عەرەبێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وتی: ئایا ئێوە منداڵان ماچ دەکەن ئێمە هەرگیز منداڵی خۆمان ماچ ناکەین، پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((أو املك لك ان نزع الله من قلبك الرحمة))[1] واتە: من چ دەسەڵاتێکم هەیە کە خوا سۆزو بەزەیی لەناو دڵتدا دەرهێناوە.

دووەم:

دادپەروەری لە ماچکردنی منداڵاندا:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پیاوێك لە خزمەت پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) دانیشتبوو لەو کاتەدا منداڵێکی هات بۆ لایو پیاوەکەش ماچی کردو لە باوەشیدا

---

١ رواه البخاري (٥٩٩٨) ومسلم (٦٠٦٩).

داینا، پاشان کچێکی هاتو دەستی گرتو لەلای خۆیدا داینشاند، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((فما عدلت بینهما))[١] واتە: دادپەروەر نەبوویت لەنێوانیاندا.

* لە ئیبراهیمەوە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەگێڕنەوە فەرموویەتی: سەلەف پێیان خۆش بووە دادپەروەربن لەنێوان منداڵەکانیاندا تەنانەت لە ماچکردنیشیاندا)[٢]

سێیەم: کوێی منداڵ ماچ بکرێت؟

١- ماچکردنی دەم:

* ابوهریرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: بەم دوو چاوەی خۆم دیومەو بەم گوێیانەی خۆم بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) کە دەستی حەسەن یان حسەینی گرتووەو پێی فەرموو: ((ترقَّ عین بقه)) واتە: خۆت بەرزکەرەوە چاو بچکۆلە، دەڵێ: منداڵەکەش دەچوە سەر قاچی پێغەمبەرو ئەویش بەرزی دەکردەوەو دەیخستە سەر سنگیو پێی دەفەرموو: ((افتح فاك)) دەمت بکەرەوە؟ دەمی ماچ دەکردو پاشان دەیفەرموو: ((اللهم اني أحبه فأحبَّه)) واتە: ئەی خوایە من خۆشم دەوێت تۆش خۆشت بوێت.[٣]

٢- ماچکردنی ناوك:

* عومەیری کوڕی ئیسحاق (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەبوهریرەم بینی (خوا لێی ڕازی بێت) بە حەسەنی کوڕی عەلی فەرموو: ئەو جێگایەم پێ پیشاندە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماچی کردووە لە جەستەت؟ ئەویش ناوکەی خۆی پیشاندا.[٤]

---

١ رواه البزاز (الزوائد) (١٨٩٣) والبیهقي في (الشعب الایمان)دا (٦/٤١٠) واسناده صحیح.

٢ رواه ابن ابي شیبه (١١٠٤٢) وابن ابي الدنیا في (العیال) (٣٧)دا.

٣ رواه ابن ابي شیبه (١٢٢٤١).

٤ رواه ابن ابي الدنیا في (العیال)دا (٢١٢).

چوارەم:

لە بارەی ماچکردنی منداڵەوە بەهۆی ڕەحمو بەزەیی‌و خۆشەویستیەوە:

١- مژینی لێوی‌و دەمی:

* موعاویە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوام بینی (ﷺ) زمانی یان لێوی حەسەنی کوڕی عەلی دەمژی، هەرگیز لێویک یان زمانێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) مژیبێتی بە ئاگری دۆزەخ ناسوتێت.[1]

* ئەبو هریرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوام بینی (ﷺ) زمانی حسینی کوڕی عەلی دەمژی وەك چۆن منداڵ خورما دەمژێت.[2]

* هەروەها ئەبو هریرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوام بینی (ﷺ) حەسەنی لە باوەشدا بوو دەستی دەکرد بە ناو ڕیشی پێغەمبەرداو پێغەمبەریش (ﷺ) زمانی دەخستە ناو دەمی‌و دەیفەرموو: ((اللهم إنّي أُحبه فأحبه))[3] واتە: ئەی خوایە من خۆشم دەوێت تۆش خۆشت بوێت.

٢- بۆنکردنی منداڵ لەگەڵ ماچکردنیدا:

* لە ئەنەسەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئیبراهیمی ماچ دەکردو بۆنی دەکرد.[4]

* ئەسمای کچی عومەیس (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کاتێك جعفر (خوا لێی ڕازی بێت) لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەهیدبوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: منداڵەکانیم بۆ بێنن ((ائتني ببني جعفر)) دەڵێ: منیش هەموویانم بۆ هێناو یەك یەك بۆنی دەکردن‌و چاوەکانی پڕبوون لە ئاو.[5]

---

١ رواه أحمد (٩٣/٢) وابن عساكر في (تأريخ دمشق)دا (٢٢١/١٣) (اسناده صحيح).

٢ رواه (ابن عساكر) في (تأريخ دمشق) (١٦٩/١٤).

٣ رواه الحاكم (١٦٩/٣) دەڵێ: (صحيح الاسناد)ە.

٤ رواه البخاري (١٣٠٣).

٥ رواه أحمد (٣٧٠/٦).

پێنجەم: ئایا پیاو دەتوانێت کچی خەڵکی ماچ بکات؟

بەڵێ، دەتوانێت ئەگەر لەبەر سۆزو خۆشەویستیو بەزەیی بێتو کچەکەش بچوك بێتو لە فیتنەو خراپەیش دڵنیابێت).

* بوکەیر دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بینیم عبداللەی کوڕی جعفر (خوا لێی ڕازی بێت) زەینەبی کچی عومەیری کوڕی ابی سلمەی ماچ دەکرد کە تەمەنی نزیکەی دوو ساڵان بوو.[١]

مەسەلەیەك:

ماچکردنی کوڕی جوان یان کۆسە یان نێرەموك:

نێرەموك بە کوڕێك دەڵێن تەمەنی بگاتە ئاستی ڕیشو سمێڵ بەڵام ڕیشو سمێڵی دەرنەکات..

هەندێك لە سوفیەکان کەوتوونەتە هەڵەی ماچکردنو سەلامکردن لە کۆسەکانو شەیتان بەهەدەری بردوون لەم مەسەلەیەدا، تەنانەت یەکێکیان ئەگەر بیەوێت کوڕێکی نێرەموکی جوان ماچ بکات فێڵێکی لێ دەکاتو پێی دەڵێ بڵێ: (لا إله إلا الله). هەر کە منداڵەکە ئەوەی وت: سوفیە نەگبەتەکەش دەڵێ: دەی لێم بگەڕێ با ئەو دەمەی کە (لا إله إلا الله)ی پێ وتراوە تێر ماچی بکەم.

* شێخ الاسلام (ابن تیمیه) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: منداڵی جوانی (بێ موو) وەك کچی بێگانە وایە لە زۆر شتدا،نابێت ماچ بکرێت بۆ چێژ وەرگرتن، بەڵکو نابێت ماچ بکرێت مەگەر کەسانێك کە دڵنیابن لە خراپەو فیتنەو (مەحرەم بن) وەك باوكو برا، هەروەها سەیر کردنیشی دروست نیە.[٢]

* * *

---

١ رواه البخاري في (الادب المفرد)دا (٣٦٥).

٢ مجموع الفتاوى (٣٢/٢٤٧).

فەرموودەی سی و یەکەم

سڵاوکردن لە منداڵان

عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) قال: أتى علي رسول الله (ﷺ) وأنا العب مع الغلمان، قال: فسلم علينا، فبعثني إلى حاجة، فأبطأت على أمي، فلما جئت، قالت: ما حبسك؟ قلت: بعثني رسول الله (ﷺ) لحاجة، قالت: ما حاجته؟ قلت: انها سرٌ، قالت: لا تحدثنَّ بِسرِّ رسول الله (ﷺ) احداً)).

قال أنس : والله لو حدثتُ به أحداً لحدثتك يا ثابت.

دەرهێنانی فەرموودەکە:

أحمد ڕیوایەتی کردووە (٣/١٩٥) و مسلم (٦٤٦١) وشەکان هی ئەوە، وە أبوداود (٥٢٠٣).

ئەو ئەحکام و ئادابانەی فەرموودەکە دەیبەخشێت:

یەکەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر سوننەتێکی پێغەمبەر (ﷺ) کە لەم ڕۆژگارەدا فەرامۆشکراوە ئەویش سەلامکردنە لە منداڵان.

دووەم: چۆنیەتی سەلامکردن لە منداڵان:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بەلاماندا کە یاریمان دەکرد فەرمووی: ((السلام علیکم یا صبیان))[1]

سێیەم: تەوقەکردن لەگەڵ منداڵان:

* سەلەمەی کوڕی ویردان دەڵێ: ئەنەسی کوڕی مالیکم بینی (خوا لێی ڕازی بێت) تەوقەی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد، گەیشتە سەرەی منو وتی: تۆ کێی؟ وتم: مەولای بەنی لەیسم، سێ جار دەستی هێنا بە سەرمدا وتی: (بارك الله فيك)[2].

---

١ رواه أحمد (٣/١٨٣) و ابن ابي شيبه (٥٨٢٦).

٢ رواه البخاري في (الادب المفرد) (٩٦٦).

چوارەم: سڵاوكردن لە گەنجی جوان یان سافو لووس یان نێرەموك:

* أبوسهل دەڵێ: لەناو ئوممەتدا سێ جۆر نێرباز (لوطی) پەیدا دەبن پێرپێك بە سەیركردنو بە تەوقەكردنو پێرپێك بەكردنی كارە خراپەكە).[١]

* شێخ الاسلام (ابن تيميه) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: ((چێژ وەرگرتن بە دەست بەركەوتنی كوڕی جوانو لوس وەك تەوقەكردن لەگەڵیدا حەرامە لەسەر ڕای هەموو زانایان، هەروەك چۆن حەرامە چێژ وەرگرتن لە دەستدان لە دەستی ئەو كەسانەی حەرامن لێی وەك خوشكو دایكو ئافرەتی بێگانەیش، ئەوەی ڕای زۆربەی زانایانی لەسەرە دەستدان لەو كەسانەی حەرامن بۆی بە مەبەستی چێژ وەرگرتن لەدەستدان لە ئافرەتی بێگانە ترسناكترەو گوناهەكەی گەورەترە).[٢]

پێنجەم: لە فەرموودەكەدا ئەوە دەگەیەنێت كە دروستە سڵاو لە منداڵان بكرێت كاتێك خەریكی یاریو گەمەی خۆیانن.

شەشەم: منداڵان فێردەكرێن كە سڵاو بكەن لەو كەسانەی لەخۆیان گەورەترن:

* ئەبوهریرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((يُسلم الصغير على الكبير، والمار على القاعد والقليل على الكثير)).[٣]

واتە: منداڵ سڵاو لە گەورە دەكاتو سوار یان پیادە سڵاو لە دانیشتوو دەكاتو كەم سڵاو لە زۆر دەكەن.

حەوتەم: منداڵ فێری شێوازی سڵاوكردنو ڕوخسەت خواستن دەكرێت.

* خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِيَسْتَـْٔذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ وَٱلَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا۟ ٱلْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَـٰثَ مَرَّٰتٍ ۚ مِّن قَبْلِ صَلَوٰةِ ٱلْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعْدِ

١ رواه ابن ابي الدنيا (ذم الملاهي) (١٤٠).

٢ مجموع الفتاوى (٢١/٢٤٥).

٣ رواه البخاري (٦٢٣٤).

صَلَوٰةِ ٱلْعِشَآءِ ثَلَٰثُ عَوْرَٰتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌۢ بَعْدَهُنَّ طَوَّٰفُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٨﴾ وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا۟ كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾[1].

واتە: ئەی کۆمەڵی ئیمانداران با کەنیزەکو منداڵە بچوکەکانتان ئەوانەی باڵق نەبوون لە سێ کاتدا بێ پرسکردن خۆیان نەکەن بە ژووردا کە پێش نوێژی بەیانیو پاش نیوەڕۆو دوای نوێژی عیشا ئەم سێ کاتە (عەورەتن)، جگە لەم سێ کاتە چ کاتی بیانەوێت قەیناکات با خۆیان بکەن بە ژووردا بۆ لاتان چونکە ئێوە بەردەوام دێنو دەچن بەناویەکداو ئا بەو جۆرە خوا ئایەتەکانی خۆی ڕۆشن دەکاتەوە بۆتان، بەڵام ئەگەر ئەو منداڵانە گەیشتنە ئاستی باڵغبوون وەك گەورەکان ڕوخسەت وەربگرن ئا بەو جۆرە خوا ئایەتەکان ڕوون دەکاتەوە بۆتانو بەڕاستی ئەو زاناو کار دروستە).

* عامری کوڕی عبداللەی کوڕی زوبێر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ڕەیحانە دەڵێ کەسو کارەکەی ناردیان بۆ لای عمر (خوا لێی ڕازی بێت) بۆ کارێكو بێ پرس چووە ژوورەوە بۆ لای، عمریش فێری کردو پێی فەرموو: کچم بڕۆ دەرەوەو سەلام بکەو پاشان داوای ڕوخسەت بکە.[2]

* زەیدی کوڕی ئەسلەم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: باوکم بۆ کارێك ناردمی بۆ لای عبداللەی کوڕی عمر (خوا لێی ڕازی بێت) وتم: بێمە ژوورەوە؟ ئەویش وتی: کوڕی خۆم وامەڵێ، بەڵکو ئەگەر چوویت بۆ ناو کۆمەڵێ کەس بڵێ: السلام علیکم، هەر کاتێك وەڵامی سلاوەکەیان دایەوە بڵێ: ڕێگام دەدەن بێمە ژوورەوە؟.[3]

---

١ النور (٥٨،٥٩).

٢ رواه ابن أبي شيبه (٥٧٢٥).

٣ رواه أحمد (٢/٣٣) و ابن اي شيبه (٥٧٢٧).

* محمدی كوڕی سیرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لەسەر ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَبۡلُغُواْ ٱلۡحُلُمَ﴾ ماڵەوەمان فێریان دەكردین كە سڵاو بكەین‌و ئەگەر یەكێكیان بچوایە بۆ شوێنێك دەیووت: السلام علیكم من فلانم ئایا بێمە ژوورەوە؟[1]

هەشتەم: فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە دەبێت ڕێگا بە منداڵان بدرێت پێكەوە یاری بكەن.

نۆیەم: فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە دروستە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش‌و كارەكان مرۆڤ منداڵی دراوسێی بەكاربهێنێت ئەگەر ناڕەحەتی‌و فەوتانی لێ نەكەوێتەوە.

دەیەم: مەسەلەیەكی گرنگ: پرسیارێك: ئایا ئەگەر منداڵێكی دراوسێ بنێردرێت بۆ كارێك‌و لەوێ منداڵەكە تیاچوو یان كارەساتێكی بەسەرهات تۆ تاوانبار‌و زامنیت؟ بەڵێ.

* (ابن منذر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) (هەموو ئەو زانایانەی كە ئێمە شتمان لێ وەرگرتوون لەسەر ئەوەن كە ئەگەر منداڵێكی نابالق یان خزمەتكارێك بەبێ پرسی ماڵەوەیان بنێردرێت بۆ جێگەیەك‌و تیاچوو، ئەوە تاوانبار‌و زامنیشە)[2]

* مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەوەی زانایانی فیقهی لەسەرە ئەوەیە كە ئەگەر كەسێك منداڵێك یان خزمەتكارێكی نارد بۆ كارێك ئەوە شتێكی لێ بێت ئەو زامن‌و بەرپرسە لێی، ئەگەر بەبێ پرسی ماڵەوەیان بنێردرێت، وە ئەگەر كەسێك بە منداڵێك بڵێ بڕۆ ناو ئەو بیرە یان بڕۆ سەر ئەو درەختەو لەوێ تیاچوو ئەوە زامن‌و بەرپرس دەبێت بەرامبەری.

---

١ رواه ابن ابي شيبه (٥٨٧).

٢ ابن منذر في الاشراف (٣/١٢٥-١٢٦).

بەڵام ئەگەر بە پرس‌و ڕەزامەندی ماڵەوەیان ئەو كارەی كرد هیچ بەرپرس نابێت بەرامبەری:

* عەلی كوڕی ئەبوطالب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئەگەر پیاو منداڵێك تا (٥) بست درێژ نەبوو، ناردی بەلایەكدا بۆ كارێك ئەوە بەرپرسە لێی تا دێتەوە بەڵام ئەگەر پرسی بە كەس‌وكاری كردبوو هیچ بەرپرس نیە لێی.[١]

یازدەیەم: فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە دەبێت منداڵ فێری ڕەوشتی جوان‌و ئادابی كۆمەڵایەتی دروست بكرێت، ئەو ڕەوشتانەی كە شەرع گرنگی پێداون‌و هانی خەڵكی داوە تا خۆیانی پێ بڕازێننەوە وەك: ئەمانەت پاراستن‌و دەستپاكی‌و نهێنی پارێزی‌و پەیمان بردنە سەر و ڕاستگۆیی لە قسەكردنداو ...هتد.

تا منداڵەكە لەسەر ئەم ڕەوشتانە گەورە ببێت‌و ببێتە بەشێك لە خوو هەڵس‌و كەوتی ڕۆژانەی تا مردن:-

* نوعمانی كوڕی بەشیر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لە شاری (طائف)ەوە بە دیاری ترێیان هێنا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)و منی بانگ كردو پێی فەرمووم: ((خذ هذا العنقود فابلغهُ أُمك)) واتە: ئەم بۆشكە ترێیە بگەیەنەرە دایكت، منیش پێش ئەوەی بگەمە دایكم هەموویم خوارد، پاش چەند شەوێك پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم: ((ما فعل العنقود؟ هل ابلغته امك؟)) واتە: چیت كرد بە بۆشكە ترێیەكە؟ گەیانتە دەستی دایكت؟ وتم: نەء، پێغەمبەر بۆ خۆشی پێی فەرموو: ((یا غُدر))[٢] واتە: ئێی غەدار واتە ئەی ناپاك.

---

١ المحلى (١١/٦٤) وهو صحيح عن علي.

٢ رواه ابن ماجة (٣٣٦٨) دەڵێ (إسناده صحيح).

* عبداللەی کوڕی بسر المازنی (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: دایکم هەندێك ترێی پێدا ناردم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش ئەوەی بیگەیەنم پێی لێم خوارد، کاتێك بۆم هێنا، گوێچکەی ڕاکێشتمو فەرمووی: ((یا غُدر))[١] واتە: ئێی غەدار واتە: ئەی ناپاك.

*عبداللەی کوڕی عامیر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵمان بوو، دایکم پێی وتم: با بتدەمێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((ما أردت أن تعطیه؟)) واتە: دەتویست چی پێ بدەیت؟ وتی: خورمایەکم دەدایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((أما إنك لولم تعطیه شیئاً، کتبت علیك کذبة))[٢] واتە: ئەگەر هیچت نەدایە پێی درۆیەکت بۆ دەنوسرا..

* عەکریمەی کوڕی خالید دەڵێ: لە خزمەت عمری کوڕی خطابدا دانیشتبووین (خوا لێی ڕازی بێت) کوڕێکی کەشخەی خۆی کرد بە ژووردا کە قژی داهێنابوو، جلی سپۆرتی لەبەرکردبوو، عمریش (خوا لێی ڕازی بێت) هەستاو دارێکی لێداو گراندی، حفصەیش (خوا لێی ڕازی بێت) پێی وت: خۆ هیچی نەکردبوو بۆچی لێتدا؟ بینیم زۆر لەخۆی بایی بوو بوو، ویستم لەبەرچاوی خۆی بچوکی بکەمەوە.[٣]

* عەونی کوڕی عبداللەیش دەڵێت: دایکم جلێکی جوانی لەبەرکردم، پێیەوە چوومە دەرەوە، هاوڕێکانم پێیان وتم: دەڵێی پاشا (أمیر) پێی بەخشیویت؟ منیش حەزم کرد هەروا بزانم ئەمیر بۆی کڕیووم بۆیە وتم:، خوا پاداشتی ئەمیر بداتەوەو خوای گەورە لە بەهەشتدا جلو بەرگی ئاوای پێ ببەخشێت، مەسەلەکەم بۆ باوکم گێڕایەوەو ئەویش وتی: کوڕی خۆم درۆ نەکەیتو خۆت بەدرۆزن پیشان مەدە.[٤]

---

١ رواه ابن السني –عمل اليوم والليلة– (٤٠١).

٢ رواه أبو داود (٤٩٩١) إسناده صحيح.

٣ رواه عبدالرزاق (١٩٥٤٨).

٤ رواه ابن ابي الدنيا في (الصمت) (٥٣٦).

* عمری کوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت بە کوڕەکەی: کوڕی خۆم، ئەگەر وشەیەکت لە موسڵمانێکەوە بیست بە گومانی چاکەوە لێکی بدەوە مەگەر هەر مانای چاکە هەڵنەگرێت.[1]

* محمدی کوڕی عبدالله الرداد دەڵێ: محمدی کوڕی واسیع (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) چاوی کەوت بە کوڕێکی کە دەستەکانی بە جۆرێك ڕادەوەشاند کە خۆی زۆر بە گەورە دەزانی پێی وت: ئەگبەت: دەزانی تۆ کێی؟ تۆ کوڕی ژنێکی بە دوو سەد درهەم کڕیمو باوکیشت پیاوێکە لە موسڵمانان کە نموونەی لەناو موسڵماناندا دووبارە نەبێتەوە (واتە لە خراپیدا).[2]

* ئیبراهیم النخعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: منداڵ بووین لەسەر شایەتیدانو پەیمان شکاندن لێیان دەداین.[3]

دوانزەیەم:

فەرموودەکەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرپەرشتیاری منداڵ دەبێت لە منداڵ بپرسێتەوە لە ئەنجامی دواکەوتنی لە گەڕانەوە بۆماڵ، چونکە کەمتەرخەمی کردن لەگەڵیانو چاودێری نەکردنیانو لێ نەپرسینەوەیان گەورەترین هۆکاری تێکچوونی ڕەوشتو هەڵسوکەوتیانە.

چونکە ئەوانەی چورادەورە کاریگەریان لەسەری دەبێت کە لەگەڵیان دەگەڕێنو تێکەڵی هاوڕێی خراپ دەکات وەك ئیبراهیم النخعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (سەرەتای خراپ بوونی منداڵان لەناو خۆیانەوە دەست پێ دەکات).[4]

---

١ رواه ابن ابي الدنيا في (مدارات الناس) (٣٩).

٢ رواه ابونعيم في (الحلية) (٢/٣٥٠).

٣ رواه البخاري – معلقاً (٣٦٥١).

٤ رواه ابن الجوزي فى (ذم الهوى) لا (٩٧).

زۆر بەداخەوە کە ئەمڕۆ سەرپەرشتیارانی منداڵ وازیان هێناوە لە چاودێریکردنو لێپرسینەوەیان لە کاتەکانیان، لە هاوڕێکانیان، هەر بەو هۆیەشەوەیە کە زۆرێ لە منداڵی موسڵمانان ئەمڕۆ لەسەر جادەکانو قەراغ دەریاو ناو پارکەکاناندا چەندان سەعات دەمێننەوە بەبێ هیچ چاودێرو لێپرسینەوەیەك!!.

لە بەرامبەر ئەمەشدا کۆمەڵێك باوکان هەن بەپێچەوانەوە ناهێڵن منداڵەکانیان لە ماڵ دەربچنو وەك زیندانی لە ماڵ دەیانهێڵنەوە بە بیانووی ئەوەی نەوەك هاوڕێیەتی کەسانی خراپ بکات، بەڵام لەلایەکی ترەوەو لەڕێگەی تەلەفزیۆنو سەتەلایتو ئینتەرنێتو گۆڤارە بێ ئابڕووەکانەوە هەموو گۆرانی بێژو تەمسیلکەرە –بێ ئابڕووەکان– دەهێننەوە بەردەستی ئەم منداڵە داماوە کە ئەو شتانە غەزووی هەموو ماڵە موسڵمانەکانیان کردووە، مەگەر کەسێك خوا ڕەحمی پێ کردبێت کە منداڵە داماوەکان چەندان سەعات لەبەردەمیاندا دادەنیشنو هەموو هۆکارێکی خراپەیان لێوەردەگرن لەوانە:

١– شەهەواتو ئارەزوکاری کە ڕایان دەکێشێ بەرەو بەد ڕەوشتی.

٢– شتی گومانـاوی کە لادانیان تێدا دروست دەکات یان ڕوو یان گوێ پێنەدانو دەرچوون لە پەیڕەو و پرۆگرامی سەلەفی صالحو هیچ زانیاریەکی پێشتریان نیە کە بەرگری پێ بکەن لە خۆیان وەك ئەو کەسەیان لێدێت کە عەلی کوڕی ئەبوطالب (خوا لێی ڕازی بێت) وەسفیان دەکاتو دەفەرموێت:

(گێلو گەوارن، شوێن هەموو ویقەیەك دەکەون، لەگەڵ بادا لار دەبنەوە، بە ڕووناکی زانست چواردەوری خۆیان ڕووناك نەکردۆتەوە، پشتێکی بتەویان بۆ خۆیان دروست نەکردووە)[1].

---

١ رواه ابو نعيم في (الحلية) (١/ ٨٠).

دەبێت ئەی پەروەردەكاران‌و سەرپەرشیاران لەخوا بترسن‌و ئاگاتان لەوانە بێت كە خوا خستوویەتیە بەردەستتان‌و ژێر دەستتان‌و وتەی پێغەمبەرتان لەبیر بێت كە (ﷺ) دەفەرموێت: ((مامن عبد يسترعاه الله رعية، يموت يوم يموت وهو غاش لرعيته الا حرم الله عليه الجنة))[1]

واتە: هەر بەندەیەك خوای گەورە ژێردەستەی پێدابێت‌و كاتێك دەمرێت غەش‌و ناپاكی لەگەڵ كردبن ئەوە خوای (عز وجل) بەهەشتی لەسەر حەرام دەكات.

زۆر بكۆشن ئەی ئەوانەی خوای گەورە كردوونی بە سەرگەورەی ماڵ‌و منداڵ‌و سوورین لەسەر پەروەردەكردنیان، لەسەر پرۆگرامی پێغەمبەر (ﷺ)و سەلەفی صالح، چونكە هەرگیز كۆتایی ئەم ئوممەتە چاك نابێتەوە مەگەر بەوەی ئەوەڵ جار چاكبوو پێی ئەمەش وتەی: پێشەوا مالیكی كوڕی ئەنەس (رەحمەتی خوای لێ بێت).

لە پەروەردەكردنی منداڵەكانتاندا پشت بەخوا ببەستن لە هەموو حاڵەتەكاندا چونكە مەسەلەكە ترسناكەو بەرپرسیارێتیەكی گەورەیە، بەتایبەت لەم سەردەمەی دواییماندا كە یارمەتی كەم بۆتەوە، نامۆیی پەرەی سەندووە، هۆكاری خراپەو خراپەكاری زۆربووە، بانگخوازانی ئاگری دۆزەخ زۆربوون، لەوانەی كە جگە لە ڕێبازەكەی محمد (ﷺ) ڕێچكەی تریان گرتۆتەبەر، شتی تر بە ڕێنمونیكەر دەزانن (لا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم)

بەڵام بەوە دڵی خۆمان خۆش دەكەین كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا﴾[2] واتە: هەر كەسێك لە خوا بترسێت خوایش دەرووی لێ دەكاتەوە، یان ئایەتی ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَا﴾[3] واتە: ئەوانەی بۆ ئێمە خۆیان ماندوو دەكەن‌و دەرەنجێنن، ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆمانیان پیشان دەدەین‌و دەیانخەینە سەر ڕێ.

---

١ رواه مسلم (٢٨٠).

٢ الطلاق (٢).

٣ العنكبوت (٦٩).

سێزدەیەم:

لە فەرموودەكە ئەوە وەردەگرین كە دەتوانین لە پاراستنی نهێنیدا متمانە بە منداڵ بكەین، فێری وانەی كەتمانیان بكەین.

چواردەیەم:

لە فەرموودەكەدا ئەوەش وەردەگرین كە بچوك دەبێت خزمەتی گەورە بكاتو كاری بۆ راپەڕێنێت.

پازدەیەم:

ئەگەر كارمان بە سەر منداڵدا دا با لەسەرخۆو بە نەرمی هەڵسوكەوتیان لەگەڵ بكەینو پێیان هەڵنەشاخێینو لێیان نەدەین هەر كە كەمێك دواكەوتن یان سستیان نواند لە جێ بەجێ كردنەكەدا.

* ئەنەس (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێت: ماوەی دە ساڵ خزمەتكاری پێغەمبەری خوابووم رۆژێك پێی نەوتووم: ئۆف لە دەستت، بۆچی ئەمەت كرد یان بڵێ ئەوەت نەكردووە؟[1]

* هەروەها دەفەرموێت: ماوەی دە ساڵ خزمەتی پێغەمبەری خوام كردووە (ﷺ) لەسەر كارێك كە نەمكردبێت یان سستیم نواندبێت یان شتێكم ون كردبێت، لۆمەی نەكردوومو ئەگەر كەسێكیش لۆمەی بكردمایە پێی دەفەرموو: وازی لێبێنن قەدەر وابوو ((دعوه لو قضی ان یكون كان)).[2]

*　　　*　　　*

---

١ رواه البخاري (٦٠٣٨).

٢ رواه أحمد (٣/٢٣١).

فەرموودەی سی و دووەم

دووعا نەکردن لە منداڵان

عن جابر بن عبدالله (رضی الله عنهما) قال: قال النبي (ﷺ): ((لاَ تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ، وَلاَ تَدْعُوا عَلَى أَوْلاَدِكُمْ، وَلاَ تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ، لاَ تُوَافِقُوا مِنَ اللَّهِ سَاعَةً يُسأَل فِيهَا عَطَاءً فَيَسْتَجِيبَ لَكُمْ)).

دەرهێنانی فەرموودەکە :

موسلیم ڕیوایەتی کردووە (٧٦٢٢) و أبو داود (١٥٣٢).

ئەو ئەحکام و ئادابانەی لە فەرموودەکە وەردەگیرێت:

یەکەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە بەرگری کراوە لە باوك و دایکان دووعا لە منداڵەکانیان بکەن.

دووەم: لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) سابت بووە کە دووعای باوك لەسەر منداڵەکانی گیرایە.

* ئەبو هریرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ثلاث دعوات مستجاب لاشك فیهنَّ: دعوة المظلوم، ودعوة المسافر، ودعوة الوالد علی ولده))[1]

واتە: سێ دووعا هەیە بێگومان دێنەدی و خوا وەری دەگرێت: دووعای ستەملێکراو، دووعای گەشتیار، دووعای باوك لە منداڵەکەی.

* حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: دووعای دایك و باوك ڕیشکی ماڵ و منداڵ دەردەهێنێت) پێیان وت: مەبەست چییە لە دووعای دایك و باوك لەسەر کۆرپەیان؟ فەرمووی: (نجاه) واتە: لێی گیرا دەبێت) وتیان لەسەر منداڵەکەی؟ فەرمووی: لە ڕیشە دەری دەهێنێت)[2]

---

١ رواه أحمد (٢/٥٢٨) والبخاري في الادب المفرد (٤٨١) والترمذي (١٩٠٥).

٢ رواه ابن الجوزي في (البر والصلة) (١٦١).

* پیاوێك هاتە خزمەتی عبداللەی كوڕی مبارەك (رەحمەتی خوای لێ بێت) و سكاڵای ناساڵمی كوڕەكەی دەكرد لەلایدا، ئەویش فەرمووی: دووعات لێ كردووە؟ وتی: بەڵێ، عبدالله فەرمووی: خۆت فەوتاندووتە.

* محمدی كوڕی فضل البلخی دەڵێ: بە منداڵی محمدی كوڕی ئیسماعیل البخاری چاوی كوێر بوو، دایكی لە خەودا چاوی كەوت بە ئیبراهیم الخلیل (سەلامی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: ها، ژنەكە لەبەر خاتری ئەو هەموو گریانو دووعاكردنانەت بۆی خوای (عز وجل) چاوەكانی بۆ گێڕایەوە، دەڵێ: بەیانی لە خەو هەستاین چاوەكانی بوخاری چاك بوو بوونەوە.[1]

سێیەم: لە ڕەحمەتو سۆزی خوایە كە لەكاتی توڕەبوونو هەڵچونی باوكو دایكاندا دووعاكانیان لە منداڵەكانیان گیرا ناكات:

* خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَيَدۡعُ ٱلۡإِنسَٰنُ بِٱلشَّرِّ دُعَآءَهُۥ بِٱلۡخَيۡرِۖ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ عَجُولٗا﴾[2]

* حەسەنی بەسری (رەحمەتی خوای لێ بێت) لەسەر ئەو ئایەتە پیرۆزە ﴿وَيَدۡعُ ٱلۡإِنسَٰنُ بِٱلشَّرِّ دُعَآءَهُۥ بِٱلۡخَيۡرِۖ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ عَجُولٗا﴾ دەفەرمویت: مەبەستی لەوەیە كە باوك توورە بوو دوعای شەڕ لە منداڵو خێزانو ماڵو سامانی دەكات ئەگەر ئەم دووعایە بێتەدی تەواو نارەحەتو ڕەنجەڕۆ دەبێت بەڵام پاشان دووعای خێر دەكاتو ئەو دووعایەیانی گیرا دەبێت.[3]

* إبن جرير الطبری (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیرەكەیدا دەفەرمویت: خوای گەورە (وەك یادخستنەوەیەكی بەندەكانی) مرۆڤ دوعای شەڕ لە ماڵو منداڵەكانی

---

١ رواه اللالكائي في (كرامات الاولياء) (٢٢٩).

٢ الاسراء (١١).

٣ رواه عبد بن حميد و ابن منذر وابن أبي حاتم في (الدر المنثور) (٥/٢٤٦).

دەكاتو دەڵێ: خوایە لەناویان بەرە، خوایە لەعنەتیان لێ بكە وەك چۆن لەكاتی خۆشیدا دووعای خێر دەكاتو دەڵێ: خوایە ماڵو منداڵو خێزانمان بێ وەی بكەیت.

دەڵێ: وەك چۆن پێشتر دووعا چاكەكانی بۆ هێناوەتەدی، هەر بەو شێوەیش دووعا شەڕەكانی بهێنایەتەدی تیادەچوو، بەڵام خوا بەڕەحمو بەزەیی خۆی دووعا شەڕەكانی ناهێنێتەدی.[١]

چوارەم:

هەندێك لە پێشەوایانی سەلەفی صالح ئەگەر زۆر لە منداڵەكانیان توڕە ببونایە، پێیان دەووت: (بارك الله فيك):

* ئەحمەدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ابن عوف هەر كاتێك توڕە ببوایە لە خێزانی یان منداڵێكی پێی دەوت: (بارك الله فيك) تا ڕۆژێكیان وتی بە كوڕێكی (بارك الله فيك) كوڕەكەشی وتی: من خوا موبارەكم كات؟ وتی: بەڵێ، یەكێك لە ئامادەبووان وتی: ئێ خۆ شتی خراپی پێ نەوتووی، كوڕەكەش وتی: نا قەد شتی وام پێ ناڵێت مەگەر كاتێك زۆر توڕە بێت لێم.[٢]

پێنجەم:

سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وایە كە موسڵمان دوعای خێر زۆر بكات بۆ ماڵو منداڵی خۆی بەڵكو خوای گەورە دووعاكانی گیرا بكات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر دووعای كردووە بۆ منداڵان:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر منداڵێكیان دەهێنایە خزمەتی دووعای خێری بۆ دەكردن.[٣]

---

١ تفسير الطبري (١٥/٤٧).

٢ رواه ابن عساكر في تأريخه (٣١/٣٥٢).

٣ رواه البخاري (٦٣٥٥).

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـەردانی ئەنصاریەکانی دەکردو سڵاوی لە منداڵەکانیان دەکردو دەستی دەهێنـا بـە سـەریانداو دووعای خێری بۆ دەکردن.[1]

شەشەم: لە دووعاکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ منداڵان:

١- دووعای فەڕو بەرەکـەت بۆیـان وەك چـۆن لـە فەرمودەکـەی سـائیبی کـوڕی یەزیددا (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی هێنـاوە بـە سەریداو دوعای بەرەکەتی بۆکردووە.[2]

٢- دووعای بۆ حەسەن و ئوسـامەی کـوڕی زەیـد کـرد (خوایـان لێ ڕازی بێـت)و فەرمووی: ((اللهم ارحمهما فـاني ارحمهمـا)) واتـە: خوایـە مـن زۆر بـەزەییم پێیانـدا دێتەوە تۆش بەزەییت بێتەوە پێیاندا.[3]

٣- نزاکردن بۆمنداڵ بۆ ئەوەی خوا خۆشی بوێت:

* بـەراء (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەفـەرموێت: پێغەمبـەری خـوام بینـی (ﷺ) کـە حەسەنی بەسەر شانەوەبوو دەیفەرموو: ((اللهم اني أحبه فاحبـه))[4] واتـە: ئـەی خوایـە من حەسەنم خۆشدەوێت تۆش خۆشت بوێت.

منیش دەڵێم: ئاشکرایە هەر کەسێك خوا خۆشی بووێت دەیخاتە سەر ڕێگـای خێـرو چاکە.

٤- دووعاکردن بۆ منداڵ بەوەی کە لە ئیسلام شارەزا بێت:

* (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوشاردمی بەخۆیەوەو فەرمووی: ((اللهم علمه الكتاب)) واتە خوایە لە قورئان شارەزای بکە.

---

١ رواه النسائي في (الكبرى) (١٠١٦١).

٢ رواه البخاري (٦٣٥٢).

٣ رواه البخاري (٦٠٠٣).

٤ رواه البخاري (٣٧٣٥) ومسلم (٦٣٣٨).

٥- دووعاكردن بۆمنداڵ كە دەوڵەمەندو كوڕو كچدار دەربچێت:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: دایكم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە ئەنەسی خزمەتكارتە دووعای بۆ بكە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((كثر ماله و ولده، بارك له فيما أعطيته))[١].

٦- دووعاكردن بۆیان بە هیدایەتو ڕێنموونی:

* كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) منداڵێكی سەرپشك كرد لە هەڵبـژاردنی دایكی یان باوكیو فەرمووی: ((اللهم اهده)) خوایە ڕێنموونی بكە، منداڵەكەش باوكی هەڵبژارد.[٢]

٧- دووعاكردن بۆ منداڵ كە بەرەكەت بكەوێتە كاسبیو بازرگانیەكانی:

* عەمری كوڕی حورەیس (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دای بەلای عبداللەی كوڕی جەعفەردا یاری بە خۆڵ دەكرد فەرمووی: ((اللهم بارك لـه في تجارتـه))[٣] واتە: خوایە بەرەكەت بخەرە بازرگانیەكەیەوە.

٨- داوای لێخۆشبوون كردن بۆی:

* (أبو أياس) دەڵێ: باوكم -أياس كوڕی رياب المزنی- هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو كاتەدا منداڵێكی بچوكی بوو، دەستی هێنا بەسەریداو داوای لێخۆشبوونی بۆ كرد.[٤]

* * *

---

١ رواه البخاري (٦٣٤٤) ومسلم (٦٦٠).

٢ رواه أحمد (٥/٤٤٦-٤٤٧) والنسائي (٣٤٩٥)

٣ رواه ابن عساكر في تأريخه (٢٧/٢٦٠) و (ابن قانع) في (معجم الصحابة) (٢/٣٠٢).

٤ رواه أحمد (٤/١٩) و (ابن ابي عاصم) في (الاحاد والمثاني) (١٠٩٨).

فەرموودەی سی و سێیەم

منداڵان فێری ئادابی نان خواردن بکرێن

عن عمر بن ابي سلمة (ﷺ) قال: كنت غلاماً في حجر رسول الله (ﷺ) وكانت يدي تطيش في الصحفة، فقال لى رسول الله (ﷺ) ((يَا غُلاَمُ سَمِّ اللَّهَ ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ))

دەرهێنانی فەرموودەکە:

بوخاری لە ژمارە (٥٣٧٦) و (٥٣٧٧) و مسلم (٥٣١٧) و الترمذی (١٨٥٧)و ابن ماجە (٣٢٦٧) لە باسی خواردن بە دەستی ڕاستدا.

ئەو ئەحکامو ئادابانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە سوننەتە منداڵان فێری ڕەوشتی خواردنو خواردنەوە بکرێن.

دووەم: فەرموودەکە ئەوەش دەگەیەنێت کە سوننەت وایە نەهێڵی منداڵ پێچەوانەی شەرع بکاتو هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدرێتو ڕێڕەوی سوننەتیان بۆ ڕۆشن بکرێتەوە تا لەسەر ڕێبازی سوننەت گۆش بکرێنو دووربن لە سەرپێچی کردنی.

سێیەم: فەرموودەکە ئەوەش دەگەیەنێت کە منداڵان دەتوانن لەگەڵ گەورەدا لەسەر سفرەو خوانو لەگەڵیان نان بخۆن.

چوارەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت منداڵ فێر بکرێت پێش نان خواردن ناوی خوا بهێنێتو بڵێ (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)و لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) سابیت بووە کە شەیتان لەگەڵ منداڵدا نان دەخوات کاتێك ناوی خوای گەورە نەهێنن:

* حذيفة (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: ئەگەر لەگەڵ پێغەمبەری خوا بووینایە (ﷺ) لەکاتی نان خواردندا ...لە فەرموودەکەدا... کچێك هاتو دەستی برد بۆ خواردنەکانو پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی گرتو نەیهێشت، پاشان دەشتەکیەکیش هاتو ویستی خۆی بکات بەناو خەڵکەکەداو دەست ببات بۆ خوارنەکەو دووبارە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی ئەویشی گرتو فەرمووی: ((ان الشيطان يستحلُّ الطعام ان لا يذكر اسم الله

علیە، وانە جاء بهذە الجاریة، لیستحل بها، فأخذتُ بیدها، فجاء بهذا الاعرابي لیستحل بە فاخذت بیدە، والذي نفسی بیدە ان یدە في یدي مع یدها)).[1]

واتە: شەیتان خواردنەکە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات بەوەی ناوی خوای لەسەر نەبرێت، شەیتان ویستی لە ڕێگەی ئەم کچەوە لەم خوارنە بخواتو من نەمهێشت، پاشان ئەو عەرەبە لادێ نشینەی هێنا تا بێتە ناو خواردنەکەوەو دووبارە من بوارم پێنەداو دەستیم گرت، سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە دەستی شەیتان کەوتە ناو دەستم کاتێك دەستی جاریەکەم گرت.

پێنجەم: فەرمان بەمنداڵ دەدرێت بە دەستی ڕاستی نان بخواتو فێربکرێت کە تەنها شەیتان بە دەستی چەپی نان دەخواتو ئاو دەخواتەوە:-

* (ابن عمر) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((اذا اكل أحدكم فليأكل بيمينه، واذا شرب فليشرب بيمينه، فان الشيطان يأكل بشماله ويشرب بشماله))[2]

هەرچەندە لەم ڕۆژگارەدا زۆرێك لە دایكو باوكانو سەرپەرشتیاران ئەم سوننەتە گەورەیان فەرامۆش كردووە مەگەر یەكێك خوا ڕەحمی پێ كردبێت (لە خۆیدا چجای منداڵەكانیان) لەم كارەشیاندا كتومت چاو لە جولەكەو گاور دەكەن كە ئەوان بەدەستی چەپ نان دەخۆن.

شەشەم: منداڵ فێری ئەوە دەكرێت كە دەست بۆ بەردەمی خۆی ببات و لەبەردەمی خۆیەوە بخوات:

ئەمە ئەگەر خواردنەكە یەك جۆر بوو، بەڵام ئەگەر زیاتر بوو لە یەك جۆر ئەوە بۆی هەیە شەرعەن دەست ببات بۆ هەر لایەكی سفرەكە بە ئارەزووی خۆی:

---

١ رواه مسلم (٥٣٠٧).

٢ مسلم (٥٣١٣).

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بەرگ دروویەك پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەعوەت کرد بۆ نان خواردنێكو منیش چووم لەگەڵیداو پێغەمبەر نانەکەی نزیك کردمەوە لەگەڵ قاپێك شلەی کولەکەدا، پێغەمبەرم (ﷺ) بینی کە لەناو تەشتەکەدا دەستی دەگێڕاو بۆ کولەکە دەگەڕا.[1]

حەوتەم: وشەی یاغلام (یا بنيّ) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بە جوانترین شێوە منداڵانی بانگ کردووەو قسەی لەگەڵ کردوونو بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستیو سۆزو میهرەبانی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ منداڵاندا.[2]

هەشتەم: وشەی (أُدن یا بني) واتە: کوڕی خۆم نزیك بەرەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە بە منداڵی خەڵك بڵێی کوڕم یان کوڕی خۆم بە پێچەوانەی هەندێك لە سەلەف کە پێیان ناخۆش بوە چونکە جۆرێکە لە درۆ.[3]

نۆیەم:

وتەی عمری کوڕی سەلەمە (خوا لێی ڕازی بێت): (کنت غلاماً في حجر رسول الله (ﷺ)) واتە: لە ماڵەکەیداو لەژێر چاودێری ئەودا بوومو مەبەست لە (تطیش في الصحفة) واتە دەستم دەبرد بۆ ئەملاو ئەولای خواردنەکەو لە یەك لاوە نەم دەخوارد.

دەیەم: مەبەست لە وشەی عمری کوڕی سەلەمە کە دەڵێ: (فما زالت تلك طعمتي) واتە لەو ڕۆژەدا بەدوا بەو جۆرە نانم دەخوارد کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێنموونی کردم بۆی) بەڵگەیە لەسەر پابەندبونی منداڵانی هاوەڵان بە ڕێنمونیو سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ)و لێیان لانەداوە.

* * *

---

١ رواه البخاري (٢٠٩٢).

٢ یابنيّ لە (مصنف عبدالرزاق)دا (١٩٥٤٤).

٣ مصنف ابن ابي شيبه (٩/٨٢) والبخاري (الادب المفرد) لا (١١٧) و أبوداود لا(١٨٣).

فەرموودەی سی و چوارەم

پەنادانی منداڵ لە خراپە

عن ابن عباس (رضى الله عنهما) قال: كان النبي (ﷺ) يعوذُ الحسنَ والحسين: ((أعيذُكُمَا بِكَلِمَاتِ اللَّه التَّامَّة، مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لاَمَّةٍ، ثم يقول: كان أبوكُم يعوذ بِهما إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

أحمد ڕیوایەتی کردووە (١/٢٧٠)و ابن ابى شيبه (٣٦٢٩) و البخارى (٣٣٧١) و أبو داود (٤٧٣٧) و الترمذى (٢٠٦٠)و ابن ماجه (٣٥٢٥)و ابن حبان (١٠١٢).

ئەو ئەحکام و ئادابانەی لە فەرموودەکە وەردەگیرێن:

یەکەم:

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر دروستی سوننەتێکی فەرامۆشکراو ئەویش: (پەنادانی منداڵ لە خراپە). بەڵکو تەنانەت فەرمانیش دراوە بەوەی منداڵان پەنا بدرێن وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((عوِّذوا بها أبنائكم، فان ابراهيم عليه السلام كان يعوذ بها بنيه– اسماعيل واسحاق))[1]

واتە: منداڵەکانتان پەنابگرن لە خوا بەو دووعایانەی پێشوو چونکە ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) دەیخوێند بەسەر اسماعیل و ئیسحاقی کوڕیدا.

دووەم:

لە سوننەتدا ڕێنمونی کراوە بۆ کۆمەڵێك شت کە بەهۆیانەوە منداڵان لە شەڕو خراپەی شەیتان بەدوور دەگیرێت لەوانە:

١– (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ)کردن لەپێش دروستبوون لەگەڵ خێزاندا (جماع):

* ابن عباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((لو ان أحدكم اذا اتى أهله قال: اللهم جنبني الشيطان وجنب الشيطان ما رزقتني، فان كان بينهما ولد، لم يضره الشيطان ولم يسلط عليه))[2]

---

١ مصنف –عبدالرزاق (٧٨٩٧).

٢ رواه البخاري (٣٢٨٣).

واتە: ئەگەر بێتو هەر یەکە لە ئێوە کاتێك دەچێتە لای خێزانی بڵێ: خوایە لە شەیتان بمپارێزەو ئەو ڕۆڵەیەش کە پێم دەبەخشی لە شەیتان بیپارێزە ئەگەر بەهۆی ئەو (کاتەوە) منداڵیان ببێت شەیتان ناتوانێت هیچ زیانی پێ بگەیەنێتو دەستی بەسەریدا ناڕوات.

٢- پەناگرتنی لە شەیتان لەکاتی منداڵ بووندا:

وەك چۆن خوای عز وجل باسی خێزانی عمرانمان بۆ دەکات کاتێك مەریەمی بوو، کە چۆن فەرمووی: ﴿ فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَىٰ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنثَىٰ وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴾[1]

سەیرکە چۆن لەپاشی بوونی یەکسەر فەرمووی: خوایە وەك دەبینی کچ بووە دەی پەروەردگار من پەنای خۆیو نەوەکانیشی بە تۆ دەگرم لە شەیتانی نەفرت لێکراو.

* (ابو هريره) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((مامن بني ادم مولود الا يمسه الشيطان حين يولد، فيستهل صارخاً من مس الشيطان غير مريم وابنها))

واتە: هەرچی منداڵە کاتێك لەدایك دەبێت شەیتان دەستی بۆ دەبات لەکاتی لەدایکبووونداو هۆی ئەوەشە لەکاتی لەدایکبووندا دەگری جگە لە مریەمو عیسای کوڕی.

وە (ابو هريره) لەپاش ئەم فەرموودەیە فەرمووی: (ئەگەر حەز دەکەن ئەو ئایەتە بخوێنن کە دەفەرموێت:﴿وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴾)[2].

---

١ ال عمران (٣٦).

٢ رواه البخاري (٣٤٣١) ومسلم (٦٢٠٩).

٣- لەكاتی خۆر نیشتن یان سەرەتای شەودا نەهێڵین بچنە دەرەوە، چونكە شەیتانەكان لەو دوو كاتەدا بڵاو دەبنەوە:

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی ((اذا كان جنح الليل أو امسيتم فكفوا صبيانكم فان الشياطين تنتشر حينئذ، فاذا ذهب ساعة من الليل فخلوهم...))[1]

واتە: هەر كە شەو داهات یان لەكاتی ئێوارانـدا (پێش ئاوابوون) منداڵەكانتان لە شەیتانەكان بەدوور بگرن چونكە لەو دوو كاتەدا بڵاودەبنەوە، هەركە ماوەیەك لە شەو تێپەڕی ئیتر وازیان لێ بهێنن -واتە قەیناكات لە دەرەوەبن بۆ كارێك-.

٤- پەنایان پێ بگرن لە خوا هەر بەو شێوازەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ)و ئیبراهیم (سەلامی خوای لێ بێت) پەنای منداڵەكانیان پێ دەگرن لە شەیاتین.

٥-هەر لە منداڵییەوە دوژمنایەتی شەیتانیان پێ بكەن:

* وەك چۆن خوای گەورە لەسەر زمانی یەعقوب (سەلامی خوای لێ بێت) یوسفی بچكۆلە لە دوژمنایەتی شەیتان حاڵی دەكات وەك دەفەرموێت: ﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُءْيَاكَ عَلَىٰٓ إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا۟ لَكَ كَيْدًا ۖ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لِلْإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾[2]

سێیەم: ئەگەر مرۆڤ بێ ئاگایانە وازبهێنێ لە پەنادانی منداڵ لە خراپەی شەیاتین، ئەو كاتە شەیتانەكانی جنۆكە دەست دەگرن بەسەریانداو ئازاریان دەدەن، هەروەك لە چیرۆكی ئەم ئافرەتەدا دەردەكەوێت:

* یەعلای كوڕی موڕە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە: ئافرەتێك كوڕە بچوكەكەی هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) كەشتێكی بەسەر هاتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((اخرج عدو الله انا رسول الله)) واتە: واز لەو منداڵە بێنە ئەی دوژمنی خوا، من پێغەمبەری خوام) دەڵێ: منداڵەكە چاكبوویەوەو دایكیشی دوو بەرانو هەندێك كەشكو ڕۆنی بە دیاری دا بە

---

١ رواه البخاري في (صحيحه) (٣٢٨٠) و (الادب المفرد) (١٢٣١) ومسلم (٥٢٩٨).

٢ يوسف (٥).

پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش فەرمووی: ((یا علي خذ الاقط والسمن، وخذ احد الكبشين وردّ عليمها الاخر))[١]

واتە: عەلی بڕۆ كەشكو ڕۆنەكەی لێ وەربگرەو بەرانێكیان گل بەرەوەو ئەوی تر بدەرەوە بەخۆی.

چوارەم: لەبەرئەوەی كە جنۆكەكان توانای ئازاردانی منداڵیان هەیەو منداڵ ناتوانێت خۆی دەرباز بكات لێیان بۆیە لەسەر سەرپەرشتیارەكەیەتی كە: ئەو دووعایانەی بەسەردا بخوێنێت كە پەنای پێ دەگرێت لە شەیتانو لە بەیانیانو ئێواراندا بەردەوام بیانخوێنێت بەسەریدا، لەوانە:

١- خوێندنی (قُل أعُوذ)وەكان-یەكی سێ جارو فوو بكاتە دەستەكانیداو بیهێنێت بەسەر چاو و لەشی منداڵەكەدا.

٢- سورەتی فاتحەی بەسەردا بخوێنێت:

* سائیبی كوڕی یەزید (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فاتحەی بەسەردا خوێندمو پاشان فووی كرد پیامدا)[٢]

٣- خوێندنی ئایەتی كورسی بەسەر منداڵەكەو ماڵەكەشدا:

* (أبو هريره) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت:: پێغەمبەر كاری ئاگاداری زەكاتی ڕەمەزانی خستە ئەستۆی من، یەكێك هات بۆ لام، دەستی خستە ناو خواردنەكە، منیش گرتمو وتم پێی دەبێت بتبەم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)... ئەویش وتی: مەمبە بەڵام هەر كاتێك چویتە سەر جێگا بخەویت (اية الكرسى) بخوێنە بێگومان لەلایەن خواوە دەپارێزرێیتو شەیتان نزیكت نابێتەوە تا بەیانیو كاتێك مەسەلەكەم

---

١ رواه أحمد (١٧٢/٤) والطبراني (٢٢/٢٦٤-٢٦٥) والحاكم (٦١٧/٢) وقال صحيح الاسناد و وافقه الذهبي.

٢ رواه الطبراني (المعجم الكبير) (١٥٩/٧) ٦٦٩٢.

بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس كرد فەرمووی: ((صدقك وهو كذوب، ذلك الشيطان))[١] واتە: ڕاست دەكات، هەرچەندە خۆی درۆزنەو ئەوە شەیتان بووە.

* یەحیای كوڕی مەعین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە شەودا كە دەهاتمەوە بۆ ماڵەوە (٥) جار ئایەتی كورسیم دەخوێند، جارێكیان دەمخوێند دەنگێگ هات و پێی وتم: تا كەی هەر بەردەوام دەیخوێنیت دەڵێ كەس جوان نایزانێت تۆ نەبێت؟! وتم: وابزانم پێت ناخۆشە؟ها؟ دەی وەڵڵاهی زیاتری دەخوێنم و ئەو شەوە بەدواوە كردم بە (٥٠) تا (٦٠) جار.[٢]

پێنجەم:

دەبێت منداڵەكە خۆیشی فێری ئەو دووعایانە بكرێت كە لە شەڕی شەیتانەكان دەیپارێزێت بە یارمەتی خوا:

* عەمری كوڕی شوعەیب لە باوكیەوەو لە باپیریەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێك وشەی فێركردین كە لەكاتی لە خەو ڕاچڵەكاندا بیخوێنین: ((بسم الله، أعوذ بكلمات الله التامة، من غضبه وعقابه وشر عباده، ومن همزات الشياطين وان يحضرون))

واتە: بەناوی خوا، پەنا دەگرم بە وشە تەواوەكانی خوا لە تووڕەبوون و سزای و خراپەی بەندەكانی و لاقرتێكان و ئامادەبوونی نادروستیان.

عبداللەی كوڕی عەمر (خوا لێی ڕازی بێت) هەر منداڵێكی پێبگەیشتایە ئەم دووعایەی پێ لەبەر دەكردو ئەگەر زۆر بچوكیش بووایە دەینوسیەوە بە بەرۆكیدا هەڵیدەواسی.[٣]

---

١ رواه البخاري (٥٠١٠).

٢ سير اعلام النبلاء (١١/٨٧).

٣ رواه أحمد (٢/١٨١) والترمذی (٣٥٢٨) وقال حديث حسن غريب.

شەشەم: زانایانی ئەهلی سوننە جیاوازیان هەیە لە مەسەلەی هەڵواسینی دووعا بە منداڵدا، کۆمەڵێکیان ڕێگەیان پێداوە وەك عائیشەو عبداللەی کوڕی عەمر (خوایان لێ ڕازی بێت)و سەعیدی کوڕی موسەیبو یحیی کوڕی سەعیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو موجاهیدو ضحاكو مالكو احمد لە ریوایەتێکداو زانایانی دواتریش لەسەر ئەو ڕێڕەوە ڕۆیشتوون.

لە بەرامبەردا دەستەیەکی تریش نەیان هێشتوە ئەم کارە بکرێتو بەرگریان لێ کردووە لەوانە:

* عەقەبەی کوڕی عامیر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: هەڵواسینی دووعاو نوشتە بە مرۆڤدا هاوبەشی بۆ خوا پەیدا کردنە.[1]

*حەرب (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بە احمدی کوڕی حەنبەلم وت: هەڵواسینی نوشتە کە ئایەتی قورئانی تێدابێت یان شتی تر دروستە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: (ابن مسعود) (خوا لێی ڕازی بێت) زۆری پێ ناخۆشو مەکروە بووە بە کەراهەتێکی زۆر توند.[2]

منیش دەڵێم: هۆی پێ ناخۆشبوونەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەڵواسینەکەی سووکایەتی بە ئایەتەکانی قورئانو فەرموودەیە بە بردنی بۆ سەر ئاوو شوێنی پیس.

* ئیبراهیم نەخەعی (رەحمەتی خوای لێ بێت) پێی ناخۆش بووە دوعاو نوشتە بە منداڵاندا هەڵبواسرێتو دەیوت: دەچنە سەرئاو پێیەوە.[3]

لەلایەکی ترەوە کە لایەنێکی زۆر گرنگەو بەتایبەت لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا کە خەڵکی دەربارەی یەکتاپەرستیو هاوبەش پەیداکردن بۆ خوا هیچ نازاننو جادو

---

١ رواه ابن ابي شيبه (٣٥١٦).

٢ ابن ابي شيبه (٣٥١٨).

٣ رواه ابن ابي شيبه (٣٥٢٧).

نوشتەی پڕوپوچ (شعوذة) زۆربووە– لەبەر ئەوەی ناتوانرێت ئەوەی بە ئایەتی قورئانی کراوە لەوەی بە ئایەتی قورئان نەنوسراوە جیا بکرێتەوە لەبەر ئەوە فەتوا دراوە بە نەکردنی بەم سێ بەڵگەیەی خوارەوە:

١– بە گشتی بەرگری کراوە لە هەڵواسینی نوشتەو تەمیمە.

٢– ئەگەر ڕێگە درا بە ئایەتی قورئان بنوسرێت ئەوە سەردەکێشێت بۆ هاوبەش پەیداکردن چونکە هەموو جۆرە تەمیمەو نوشتەیەك دەنوسرێتو نازانی کامیان قەدەغە بکەیت چونکە تێکەڵ دەبن.

٣– سوکایەتی کردن بە قورئانی پیرۆزی تێدایە بەوەی دەبرێتە سەرئاو.

حەوتەم: لەسەر باوکان پێوستە کە منداڵەکانیان لەچاو بپارێزن چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی داوە کە چاو ڕاستەو کاریگەری هەیە بەتایبەت لەسەر منداڵان زیاتر:

* ئەوەتا خوای گەورە باسی یەعقوب پێغەمبەرمان بۆ دەکات (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە چۆن ترساوە کوڕەکانی ببن بە چاوەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ وَمَآ أُغۡنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍۖ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَعَلَيۡهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ﴾[1].

* ضحاك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا بە یەعقوب (سەلامی خوای لێ بێت) لەوە ترساوە کوڕەکانی ببن بە چاوەوە چونکە زۆر جوانو پێکەوتە بوون.[2]

* (ابن قیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لە چارەسەرەکانی گرفتی چاوو خۆپاراستن لێی، ئەوەیە جوانیەکانی منداڵ لەبەرچاوی خەڵك بشارێتەوە وەك بەغەوی لە (شرح السنه)دا لە عثمانی کوڕی عەفانەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە جارێکیان چاوی کەوت بە منداڵێکی زۆر جوان فەرمووی: چەناگەی ڕەش بکەن با لە چاو پارێزراو بێت.

---

١ يوسف (٦٧).

٢ رواه ابن جرير في تفسيره (١٣/١٣).

هەشتەم: هەر کاتێك منداڵەکە بە چاولێکردن دووچار بوو دووعای تایبەتی بۆ دەکرێت وەك پێغەمبەر (ﷺ) کردوویەتی:

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئەسمای کچی عومەیسی فەرموو: ((مالى أرى اجسام بني أخي ضارعة تصيبهم الحاجة؟ واتە ئەوە چی دەبینم لەشی برازاکانم لاوازە ئایا لە نەبوونیدایە؟ وتی: نەء، بەڵام چاو کاریان تێدەکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ((ارقيهم)) واتە دووعایان بۆ بکەن، دەڵێ بردنم بۆ لای دیسان فەرمووی: ((ارقيهم)) دووعایان بۆ بکەن.[1]

* (ام سلمە) خێزانی پێغەمبەرمان (ﷺ)(خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کچێکی بینی لە ماڵی (أم سلمە) کە دەم و چاوی زەرد هەڵگەڕا بوو فەرمووی: ((بها نظرة، فاسترقوا لها)) واتە: ڕەنگی زەردە (چاو کاری لێکردووە) دووعای بۆبکەن.[2]

* عائشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژوورەوە گوێی لە منداڵێك بوو دەگریا فەرمووی: ((ما لصبيكم هذا يبكي؟ فهلا استرقيتم له من العين؟)) واتە: ئەم منداڵەتان بۆ چی دەگری؟ ئایا دوعایەکی بۆ ناکەن بۆ کاریگەری چاو لێی؟

نۆیەم: پێچەوانەی یەکتاپەرستیە کە هەندێك لە نەفامان لە کاتێکدا منداڵێکیان دەبێت شتی سەیرو سەمەرە دەخەنە ژووری سەری یان بەناو چاویدا هەڵیدەواسن یان بە بەر دەرگاکانیدا هەڵیدەواسن و لەو باوەڕەشدان (پەنا بەخوا) کە ئەوانە سودیان پێ دەگەیەنێت و لە چاو دەیانپارێزێت:

---

١ رواه مسلم (٥٧٧٧).

٢ رواه مسلم (٥٧٧٦).

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) هەر كەسێك منداڵی دەبوو دەیان هێنایە خزمەتی‌و دووعای بۆ دەكردن، جارێكیان منداڵێكیان بۆ هێنا كە پشتیەكی لە ژوور سەردابوو پشتیەكەی هەڵدایەوە دەبینی موسێكی لەژێردایە، پرسیاری لێ كردن دەربارەی ئەو موسە؟ وتیان: لەبەرئەوەی لە جنۆكە پارێزراو بێت، عائیشەیش (خوا لێی ڕازی بێت) موسەكەی گرت‌و فڕێی داو وتی شتی وانەكەن‌و فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (طیرة)ی پێ ناخۆش بووەو عائیشەیش بەرگری لێ كردووە.

دەیەم: مەبەست چیە لە وشەی (من كل شیطان وهامة ومن كل عین لامّة)؟:

* أبو عبیدە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: وشەی (هامة) واتە: جانەوەری زەوی وەك دوپشك‌و مارو هەموو شتێكی تر كە بەسەر زەویدا بڕوات‌و بگەزێت.[1]

مەبەست لە وشەی (ومن كل عین لامّة):

* الحربی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ:مرۆڤ دووچار دەكات‌و لێی دەپچڕێت.[2]

* * *

---

١ غریب الحدیث (٥٦٢/٢).

٢ هەمان سەرچاوە (٣١٩/١).

فەرموودەی سی‌و پێنجەم
چارەسەركردنی منداڵان

عن ام قيس بنت محصنَ (رضى الله عنها): انها أتَت رسول الله (ﷺ) بإبنٍ لَها لَم يبلغ أن يأكل الطعام، وقد أغلقت عليه من العذرة، قالت: فقال رسول الله (ﷺ) ((عَلاَمَ تَدْغَرْنَ أَوْلاَدَكُنَّ بِهَذَا الإِعْلاَقِ، عَلَيْكُمْ بِهَذَا الْعُودِ الْهِنْدِيِّ -يَعْنِى بِهِ (الْكُسْتَ)- فَإِنَّ فِيهِ سَبْعَةَ أَشْفِيَةٍ مِنْهَا ذَاتُ الْجَنْبِ)).

دەرهێنانی فەرموودەكە:

أحمد ڕیوایەتی كردووە (٦/٣٥٥-٣٥٦)و ابن ابی شيبه (٣٤٨٧)و البخاری (٥٦٩٢)لە باسی (الطب) و مسلم (٥٨١٦)و أبو داود (٣٨٧٧)و النسائی لە (الكبری) (٧٥٨٣) و ابن ماجه (٣٤٦٣).

ئەو ئەحكام‌و ئادابانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەكەم: فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە دروستە منداڵ چارەسەر بكرێت لەسەر ئەو دەردو داو و نەخۆشیانەی توشی دەبێت‌و چی باشە بۆی بكرێت.

دووەم: پاداشتی چاك لەلایەن خواوە بۆ باوك‌و دایك ئامادەكراوە ئەگەر خۆگرو بە ئارام بن لەسەر نەخۆشی منداڵەكەیان چونكە ئەوەش بەڵاو تاقیكردنەوەیەكی قورسە:

* أبو هريره (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((مايزال البلاء بالمؤمن والمؤمنة في نفسه ولده وماله، حتى يلقى الله وما عليه خطيئة))[1].

---

١ رواه أحمد (٢/٤٥٠) والبخاري في الادب المفرد (٤٩٤) والترمذي (٢٣٩٩) وقال حديث حسن صحيح.

واتە: بەردەوام بەڵاو تاقیکردنەوە بەشوێن پیاوانو ژنانی باوەڕدارەوەیە، چ لە خۆیدا یان منداڵەکانی یان سامانەکەی تا وای لێ دێت کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا یەك گوناهی نامێنێت، واتە دەبنە کەفارەتی تاوانەکانی.

سێیەم: چارەسەر دوو جۆرە (ماددیو مەعنەوی) بەڵام لەم ڕۆژگارەدا زۆرێك لە موسڵمانان پشت بە بەشە ماددیەکەی دەبەستن وەك دەرزیو دەرمانو بەشە مەعنەویە گرنگەکەیان فەرامۆش کردووە کە چارەسەرە بە ئایەتەکانی قورئانو دووعاکانی پێغەمبەر (ﷺ):

ئەوەتا خوای (عز وجل) دەفەرموێت: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾[1] واتە: ئەو قورئانەی ناردوومانە چارەسەرەو رەحمەتە بۆ باوەڕداران بەڵام ستەماران جگە لە زیانی سودی لێ نابینن.

* عبداللەی کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: دوو چارەسەرە مەزنەکە بەکاربهێنن یەکەم قورئان دووەم هەنگوین.[2]

چوارەم: لەو سوننەتە فەرامۆش کراوانەی کە لەگەڵ منداڵی نەخۆشدا بەکاردێن:

١– خوێندنی هەر سێ (معوذات) واتە: ﴿قُل هُوَ اللهُ أحَد﴾ و ﴿قُل أعُوذ بِرَب النّاس﴾ و ﴿قُل أعُوذُ بِرَب الفَلَق﴾ فووکردن بەسەر نەخۆشەکەدا.

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە هەر کاتێك یەکێك نەخۆش بکەوتایە (معوذات)ی بەسەردا دەخوێندو فووی دەکرد پیایدا.[3]

---

١ الاسراء (٨٢).

٢ رواه ابن ابي شيبه (٣٧٤١) واسناده صحيح.

٣ رواه مسلم (٥٧٦٥).

٢-خوێندنی سورەتی فاتیحە بەسەریدا:

* (ابو سعید الخدری) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: كۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) چوونە ناو هەندێك لە هۆزە عەرەبەكان، بەڵام بەگەرمی خوڵكیان نەكردن، لەو كاتەدا سەرۆك هۆزەكەیان مار پێوەی دابوو، وتیان: ئایا چارەسەرێك، دوعایە، شتێكتان پێ نیە؟

هاوەڵانیش (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرموویان: ئێوە فەرمووتان لە ئێمە نەكرد، بۆیە دەبێت لە بەرامبەردا شتمان پێ بدەن، ئەوانیش لەسەر چەند سەر مەڕێك ڕێككەوتن، یەكێكیان دەستی كرد بە خوێندنی سورەتی فاتحە بە سەریداو تفەكەی لەگەڵ فودا دەهێناو بەشوێن دەمی مارەكەدا -چاك بوویەوە بە جۆرێك هەستایەوە ڕای كرد بەو ناوەدا- ئەوانیش مەڕەكانیان پێدان، بەڵام وەریان نەگرت وتیان تا پرس بە پێغەمبەر (ﷺ) نەكەین، كاتێك لێیان پرسی: دەستی كرد بە پێكەنینو فەرمووی: ئەوە چۆن زانیت سورەتی فاتیحە دوعایەكی چارەسەرە (رقیة)یە؟ بەڵێ لێیان وەربگرنو بەشێكیش بۆمن دابنێن) وە فەرمووی: (وما ادراك انها رقیة؟ خذوها واضربوا لي بسهم)[1].

پێنجەم: هەر لە سوننەتە فەرامۆشكراوەكانە دەست هێنان بە سەری نەخۆشەكەداو دووعاكردن بۆی:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: هەر كاتێك یەكێكمان ئازارێكمان هەبووایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی دەهێنا بە سەر ئازارەكەداو دەیفەرموو: ((إذهب البأس، رب الناس، واشف انت الشافي، لاشفاء الا شفاءك، شفاءً لایغادر سقماً))[2].

واتە: ئازارەكە لابە ئەی پەروەردگاری خەڵكی، چارەسەری بكە چونكە تەنها تۆیت چارەسەركەر، جگە لە چارەسەری تۆ چارەسەرێكی تر نیە، چارەسەرێكی وای بكە نەخۆشی تێدا نەمێنێت.

---

١ رواه البخاري (٥٧٣٦).

٢ رواه البخاري (٥٧٥٠) و مسلم (٥٧٥٨) واللفظ له.

* محمدی كوڕی حاطب (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: مەنجەڵێكی گەرمم بۆ دایكم هەڵگرتو دەستم سووتا، ئەویش بردمی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش: دەستی هێنا بەسەر دەستە سووتاوەكەمداو شتێكی بەسەردا خوێند كە من لەبەر منداڵیم نەمزانی چی خوێند، پاشان لە دایكم پرسی ئەوە چی خوێند بە سەرمدا؟ ئەویش وتی: ئەمەی دەفەرموو: ((إذهب البأس، رب الناس، واشف انت الشافي، لاشفاء الا شفاءك))[١]

* أبو سعيد الخدری (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە: جیبریل (سەلامی خوای لەسەر بێت) هات بۆلای پێغەمبەرو پێی وت: ئەی محمد، ئازارت هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەویش وتی: ((بسم الله أرقيك، من كل شيء يؤذيك، من شر كل نفس أو عين حاسد، الله يشفيك بسم الله أرقيك))

* عائیشەی كچی سەعد (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: باوكم وتی لە مەككە بووین – پێش كۆچكردن بۆ مەدینە– ئازارێك كەوتە سەرم، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆلام بۆ سەردانم دەستی خستە سەر ناوچەوانمو پاشان دەستی گەڕاند بەسەر سنگو سكمداو فەرمووی: ((اللهم اشف سعداً واتمم له هجرته))[٢]

واتە: ئەی پەروەردگارم شیفای سەعد بدەو كۆچەكردنەكەی بۆ تەواو بكە.

شەشەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) منداڵانی فێر دەكرد هەر كاتێك نەخۆش بوون بە تاو لەرز یان هەر نەخۆشیەكی تر هاوار بكەنە خوا تا چاكیان بكاتەوە:

* ابن عباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەكاتی لەرزو تاو هەر ئازارێكدا فێری دەكردین بڵێین: ((بسم الله الكبير، من شرِّ عرق نعّار، ومن شر حر النار))[٣]

واتە: بەناوی خوای مەزنەوە، پەنا دەگرین لە خوێن بەربوونی ڕەگەكانی لەشو خراپەی سوتانی ئاگر.

---

١ رواه أحمد (٢٥٩/٤) والنسائي في الكبرى (٧٥٣٨) والطبراني في الدعاء (١١٠٧) واسناده صحيح.

٢ رواه البخاري (٥٦٥٩) وابو داود (٣١٠٤) واللفظ له.

٣ رواه أحمد (٣٠٠/١) والترمذي (٢٠٧٥) وابن ماجة (٣٥٢٦) والحاكم (٤١٤/٤) وصححه.

* (عوثمان)ی کوڕی (ابي العاص الثقفی) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەو کاتەوە موسڵمان بوو بوو ئێشێك پەڕیبوە سکی، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێی فەرموو: ((ضع یدك علی الذي تألم من جسدك (امسحه بیمینك سبع مرات) وقل: بسم الله (ثلاثاً) وقل سبع مرات: (أعوذ بالله وقدرته من شر ما أجد وأحاذر)) واتە: دەست بخەرە شوێنی ئازارەکەو حەوت جار دەستی ڕاستی پێدا بێنەو سێ جار بڵێ بەناوی خوا، حەوت جاریش بڵێ: پەنا دەگرم بە خواو دەسەڵاتی خوا لە هەمو ئێشو ئازارێك کە تێمدا بێتو لێی بترسم.

دەڵێ: بەو جۆرەم کردو خوای گەورەیش ئازارەکەی هەڵگرتمو بەردەوام بە ماڵو منداڵەکەم دەڵێم وا بکەن.[1]

حەوتەم: فەرموودەکە گرنگیدانی پێغەمبەر (ﷺ) دەگەیەنێت بە چارەسەری منداڵانو پاراستنی لە دەردو داو نەخۆشی کە دەبێتە هۆی گریانو ئازاریان.

وەك چۆن لە فەرموودەکەدا بەرگری لێکردن لەوەی پەڕۆ بکێشنە لوتی منداڵەکەو جێگە ئازارەکە بکوڵێننەوەو خوێنی ڕەشی لێ دەربهێنن، کە لەو کاتەدا باوی بووە.

تەنانەت ویستیشی بەرگری بکات لە موسڵمانان کە لە ماوەی شیرپێدانی منداڵدا پیاوان بچنە لای خێزانەکانیان کە پێی دەڵێن –غیله–:

* (جدامه)ی کچی (وهب الاسدیه) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خوای بیست (ﷺ) کە دەیفەرموو: ((لقد هممت ان انهی عن الغیلة، حتی ذکرت ان الروم والفارس یصنعون ذلك فلا یضرُّ أولادهم))[2].

واتە: نیازم کردووە قەدەغەی بکەم لەسەر پیاوان لەماوەی شیرپێدانی منداڵدا بچنە لای خێزانەکانیان بەڵام بیرم کردەوە ڕۆمو فارسەکان ئەو کارە دەکەنو هیچ زیانێکیشی نیە بۆ منداڵەکانیان، بۆیە ئەو کارەم نەکرد.

---

١ رواه مسلم (٥٧٨٨) وابو داود (٣٨٩١) وابن ماجة (٣٥٢٢).

٢ رواه مسلم (٣٥٥٤) وابو داود (٣٨٨٢) والترمذي (٢٠٧٦).

هەشتەم:

فەرموودەکە ئەوەش دەگەیەنێت کە دروستە منداڵ چارەسەر بکرێت لەکاتی نەخۆش کەوتنیدا، ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) شێوازی چارەسەرکردنی نەخۆشی گەروو –عذرة–یان فێر دەکات، بەرگریان لێ دەکات بەو شێوەیەی پێشوو چارەسەری بکەن کە زیان بە منداڵەکە دەگەیەنێت.

وشەی (عذرة) واتای چیە لە فەرموودەکەدا؟

عذرة: ئازارێکە لە گەرووداو بە زۆری منداڵان تووشی دەبن‌و برینێکە لەنێوان گوێ‌و گەروودا.

* مصعبی کوڕی عبدالله دەڵێ: عذرة لەو سەردەمەدا بەو شێویە چارەسەر دەکرا کە ئافرەتان پەڕۆیەکی درێژیان دەئاخنیە لووتی‌و دەگەیشتە ئەوپەڕی بڕناخ‌و برینەکەی دەکولاندەوەو خوێنی ڕەشی لێ دەهات‌و لەوانەیە ئەو برینە دوای ئەوە هەر خۆش نەدەبوویەوە ئەوەش مانای (العُذرة)یە.[1]

* پزیشك محمد بن علی البار دەڵێ: وا دیارە بە نیشانەکانیدا (العذرة)یە بە مانای سوربوونەوەی لەوزەکانی گەروە واتە (لەوزەتەین)[2]

نۆیەم:

لە فەرموودەکەدا ئەوە هاتووە کە دروست نیە بۆ دایك‌و باوکان چارەسەری منداڵەکانیان بکەن بە شتانێکی ترسناك کە لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی منداڵەکە:

* (ابن حبیب) لە کتێبی (الطب النبوي) لاپەڕە (١٢٢)دا دەڵێ: قدامە پێی وتم (الاعلاق) واتە: ئاسنێك سووردەکرێت وەك نوکی تیری لێ دەکرێت‌و زۆر تیژ دەکرێت‌و پاشان دەکرێت بە قوڕگی منداڵەکەداو دەیچەقێنن پیایدا تا خوێنی لێ دێت.

---

١ غريب الحديث/ للحربي (١/٢٦٩).

٢ حاشية الطب النبوي– ابن حبيب– لا (١٢٢).

دەیەم: لەبەرئەوەی ئەو چارەسەرەی پێشەوە بە ئازارو ترسناکە بۆ منداڵەکەو لەوانەیە تووشی خوێنبەربوون ببێت لە هەندێك حاڵەتدا، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری لێ کردووە، ڕێنمونی کردووە بۆ چارەسەرێکی گونجاوتر:

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووەتە ژوورەوە لای عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەبینێت منداڵێك لە بڕناخیەوە دێتە خوارەوە، فەرمووی: ((ما شأن هذا الصبي))؟ ئەم منداڵە چیەتی؟ عائیشە فەرمووی: (نەخۆشی گەرووی هەیە (العذرة)، پێغەمبەر فەرمووی: ((لاتقتلوا اولادكم، ولكن أيّة امراة تصيبها (العذرة)، أو وجع في رأسه، فلتأخذ قُسطاً هندياً، ثم لتحته بالماء –سبع مرات– ثم لتُسعِطهُ إياه))

واتە: هەر کەس تووشی ئەو نەخۆشیە بوو یان سەری دەئێشا شتی وا مەکەن منداڵەکانتان مەکوژن، با ڕووەکی هندی بهێنن، بیکەن بەناو ئاودا –حەوت جار– و پاشان لە ڕێگەی لوتەوە بیدەنێ، پاشان فەرمانی دا بە عائیشە وابکاتو ئەویش بەو جۆرەی کردو چاك بوویەوە.[1]

یازدەیەم: مەبەست چیە لە (القُسط البحري) لە فەرموودەکەدا:

* (ابن قيم) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: داری هندیەو ڕەنگی سپیەو تامی شیرینەو سودێکی زۆری هەیەو چارەسەری منداڵەکانیان پێ کردووەو بە پەنجە برینەکەیان کون کردووە یان شتیان بە منداڵەکەدا هەڵواسیوەو پێغەمبەر قەدەغەی کردن لەم شتانەو ڕێنمونی کردن بۆ شتانێکی بەسودترو ئاسانتر.

بەڵام (السَّعوط) دەرمانەکەیە کە لە لوتەوە دەدرێت بە منداڵەکە (وەك قەترەی ئەمڕۆمان) دەرمانە لەگەڵ گیراوەی تردا جوان دەشێلرێتو پاشان وشك دەکرێتەوەو لەکاتی پێویستدا دەتوێنرێتەوەو دەکرێتە لووتی نەخۆشەکە...

---

١ رواه أحمد (٣/٣١٥) والحاكم (٤/٢٠٥-٢٠٦) واسناده حسن.

بە جۆرێك نەخۆشەکە لەسەر پشت دەخرێت‌و ملی دەخرێ بە پشتدا بە ئاسانی دەرمانەکە بگاتە مێشکی‌و دەست دەکات بە پژمین‌و هەرچی دەردو دایەکی هەیە دەری دەداتە دەرەوەو ئەم کارەیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەدح‌و سەنای کردووەو أبو داود لە (سنن)ەکەیدا هێناویەتی کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خۆی بەکاری هێناوە.[١]

پێناسەیەکی وشەی (القُسط) لە فەرموودەکەدا:

(القُسط) پێشی دەڵێن (الكُست)و پێشی دەڵێن (العود) واتە دارو جۆرە دەرمانێکی دەریاییە.

جۆرەکانی:

یەکەم: سپیەکی کاڵ مەیلەو زەردو بۆن خۆش‌و عەرەبیەو پێشی دەڵێن (العربی).

دووەم: ڕەشێکی تۆخ‌و پێی دەڵێن (هندی).

سێیەم: لە سوریا هەیەو ڕەنگی وەك ڕەنگی تەختەیە.

باشترین جۆری سپی عەرەبیەکەیەتی کە تازە بێت‌و پڕ بێت‌و کۆن نەبێت‌و بۆنی نەکردبێت‌و ئەم جۆرە دەلکێ بە زماندا، لە دوای ئەویشەوە جۆرە هندیەکەیەتی‌و ڕەشی شامی، بەڵام باشترینیان دەریاییە توێکڵ تەنکەکەیە وەك (ابن سینا) دەڵێ.

* ابن حبیب دەڵێ: مەبەست لە (قُسط) واتە قسطی هیندیە.

* (إبن قیم)یش دەڵێ: (قُسط) بە هەردوو جۆرەکەیەوە سودبەخشە، چ سپیەکەی کە پێی دەڵێن دەریایی، ئەوی تریش جۆری هیندیەو ئەمە زۆر گەرم‌و توونەو سپیەکەشی زۆر نەرمە، هەردووکیان ئێجگار بەسوودن.[٢]

دوازدەیەم: دروستە بۆ مرۆڤ کە منداڵێکی نەخۆشی هەبوو بیبات بۆلای کەسانێکی خواناس‌و لەخواترس تا لە خوا بپاڕێتەوە بۆی‌و داوای شیفای بۆ بکات:

* سائبی کوڕی یەزید (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: نەخۆش بووم ئازارم هەبوو پورم بردمیە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەم

---

١ زاد المعاد (٤/٩٥-٩٦).

٢ أحکام الادوية لا (٢١٣-٢١٤).

خوشکەزایەم ئازاری هەیە، ئەویش دەستی هێنا بە سەرمدا دووعای فەڕو بەرەکەتی بۆ کردم.[١]

سێزدەیەم: هەر لە سۆزو بەزەیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ منداڵان سەردانی منداڵە نەخۆشەکانی کردووەو بوخاریش باسێکی ناوناوە (باسی سەردانی منداڵانی نەخۆش):

* ئوسامەی کوڕی زەید (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کچێکی پێغەمبەر (ﷺ) جوابی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە لەو کاتەدا ئەو سەعدو ئوبەی لەگەڵدابوو پێی وت: منداڵەکەم گیان دەدات بەڵکو بێیت بۆ لامان...

لە فەرموودەکەدا هاتووە کە دەڵێ.. هەستاو ئێمەیش لەگەڵی هەستاین و چووین و منداڵەکەی خستە سەر ڕانی و دوا هەناسەی دەداو چاوەکانی پێغەمبەر پڕبوون لە ئاو، سەعدیش پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم گریانە چیە؟ ئەویش فەرمووی: ((هذه رحمة وضعها الله في قلوب من يشاء من عباده، ولا يرحم الله من عباده الا الرحماء))[٢]

ئاگاهیەك:

سوننەتە ئەگەر سەردانی نەخۆشمان کرد لەپاڵ سەریدا دابنیشین و دووعای بۆ بکەین:

* (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((مامن مسلم يعود مريضاً لم يحضر أجله فيقول سبع مرات: اسأل الله العظيم، رب الرش العظيم أن يشفيك، الا عوفي))[٣].

واتە: هەر کەسێکی موسڵمان سەردانی نەخۆشێك بکات و ئەم دووعایە بکات چاك دەبێتەوە مەگەر هەر ئەجەلی هاتبێت و بڵێ: داوا لە خوا لە پەروەردگاری گەورەو مەزن دەکەم، پەروەردگاری خاوەنی عەرشی مەزن، کە خۆشت بکاتەوە.

---

١ رواه البخاري (٥٦٧٠).

٢ رواه االبخاري (٥٦٥٥).

٣ رواه أحمد (٢٣٩/١) والبخاري في الادب المفرد (٥٣٦).

لە فەرموودەی (أبو داود)دا هاتووە کە (صحیح)ەو دەفەرمویت: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری لە هەر نەخۆشێك بدایە لە ژووری سەریدا دادەنیشتو ئەم دوعایەی دەخوێند: ((أسأل الە العظیم رب العرش العظیم أن یشفیك)).

* ڕەبیعی کوڕی عبدالله دەڵێ: لەگەڵ حەسەندا چووین بۆ سەردانی قەتادە کە نەخۆش بوو، لەلای سەریدا دانیشتو پرسیاری نەخۆشیەکەی لێکردو پاشان دووعای بۆ کردو وتی: اللهم اشف قلبه، واشف سقمه)[1]

واتە: پەروەردگارم دڵی چاك بکەرەوەو نەخۆشیەکەی چاك بکەرەوە.

* (ابن عباس) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی نەخۆشێکی کرد فەرمووی پێی: ((لا بأس طهور إن شاءالله))[2] واتە: هیچ نیە، چاکەبیتەوە ان شاءالله.

چواردەیەم: هەر لە بەزەیی‌و سۆزی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ منداڵان بەتایبەت لەو کاتەدا کە نەخۆش بوون یان لەکاتی گیان دەرچووندا وەك لە فەرموودەکەی ئوسامەدا هاتووە.

پازدەیەم: دروستە موسڵمان سەردانی نەخۆشی منداڵی بێ باوەڕان بکاتو لەوێش بانگی بکات بۆ موسڵمان بوونو شایەتومان هێنان ئەگەر لە سەرەمەرگدا بوو:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: منداڵێکی جولەکە خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد ڕۆژێك نەخۆش کەوت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو: ((إذهبوا بنا الیه نعوده)) واتە با بڕۆین بۆ سەردانی کردنی.

چوون بۆلایو لەو کاتەدا باوکی لەژوور سەریدا دانیشتبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((قل لا إله الا الله، اشفع لك بها یوم القیامة)) واتە: بڵێ، (لا إله الا الله) لەڕۆژی قیامەتدا بەو هۆیەوە تکای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم.

---

١ رواه البخاري في الادب المفرد (٥٣٦).

٢ رواه البخاري (١٣٥٦) وابن حبان (٢٩٦٠) واللفظ له.

منداڵەکەش سەیری باوکی دەکردو باوکیشی پێی وت: باوکی قاسم چیت پێ دەڵێت وابکە، ئەویش وتی: أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمداً رسول الله، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: ((الحمد لله الذي انقذه من نار جهنم)) سوپاس بۆ ئەو خوایەی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری کرد.

شازدەیەم: هەندێك لەو دەرمانانە کە سوننەتە بەکارهێنانیان کە لەلایەن زۆربەی موسڵمانانەوە فەرمۆش کراوەو لەجیاتیدا دارو دەرمانی سەردەم بەکاردەهێنن کە زۆربەی ئاسەواری خراپی لەسەر منداڵ هەیە لەوانە:

١- هەنگوین:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾[١]

واتە لەپاش ئەوەی خوای گەورە باسی شوێنو ماوای هەنگ دەکات مەدحو وەسفی هەنگوین دەکاتو دەفەرموێت: شیفاو چارەسەری نەخۆشیەکانی خەڵکیە.

* ابن عباس (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((الشفاء في ثلاثة، في شرطة محجم، او شربة عسل، او كيّة بنار، وانهى امتي عن الكى))[٢]

واتە: چارەسەر لە سێ شتدایە یەکەم کەڵەشاخ گرتن دووەم هەنگوین خواردنو داخکردن بە ئاگر، نایەڵم ئوممەتەکەم بە داخکردن چارەسەری خۆیان بکەن.

* أبو سعید (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و عەرزی کرد: براکەم سکی دەچێت؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ)

---

١ النحل (٦٨-٦٩).

٢ رواه البخاري (٥٦٨١).

فەرمووی: هەنگوینی بدەریّ ((إسقه عسلاً))و ئەویش هەنگوینی پێداو پاش ماوەیەك هاتەوەو وتی: هەنگوینم پێدا بەڵام سکچونەکەی خراپتربوو، سیّ جار ئەمەی دووبارە کردەوەو لە چوارەم جاردا هەر پێی فەرموو: ((إسقه عسلاً))و ئەویش وتی: هەنگوینم پێداوە بەڵام سکچوونەکەی خراپتر بووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((صدق الله وكذب بطن أخيك)) واتە خوا ڕاستی فەرمووە بەڵام سکی براکەی تۆ درۆ دەکات)و دیسان هەنگوینی پێداو چاکبوویەوە.[1]

٢-الحبة السوداء- ڕەشکە:

* خالیدی کوڕی سەعد دەڵیّ: لە ماڵ دەرچووین بەرەو شاری مەدینەو لەڕێگا غالبی کوڕی ئەبجەرمان لەگەڵدابوو نەخۆش کەوتو بەو شێوەیەوە چووینەوە ئەویّو (ابن ابی عتیق) هات بۆ سەردانیکردنیو پێی وت: ئەو دەنکە ڕەشانە پەیدا بکەن (ڕەشکە) پێنج تا حەوت دانەی لیّ ورد بکەنو پاشان بیتکێننە لووتیەوە لەگەڵ زەیتدا لە هەردوو کونی لووتیەوە چونکە عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) خۆی باسی بۆ کردم کە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بیستوویەتی کە فەرموویەتی :((إن هذه الحبة السوداء شفاء من كل داء الا من السّام)) واتە: ئەم دەنکە ڕەشانە (ڕەشکە) چارەسەرن بۆ هەموو نەخۆشیەك جگە لە (سام) وتیان: سام چیە؟ فەرمووی: ((الموت)) واتە مردن.[2]

٣-ئاوی زەمزەم:

* (أبو ذر) (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵیّ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((إنها مباركة، إنها طعام طعم و(شفاء سقم))[3].

واتە: ئاوێکی موبارەكو بە فەڕە، ئاوێکە جێگەی خواردنو نان دەگرێتەوەو چارەسەری نەخۆشیە.

---

١ رواه البخاري (٥٦٨٤) ومسلم (٥٨٢٣) واللفظ له.

٢ رواه البخاري (٥٦٨٧).

٣ رواه مسلم (٦٤٤٢) والزيادة للطيالسي (٤٥٩) والزيادة صحيحه.

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ماء زمزم لما شرب له))[١] واتە: ئاوی زەمزەم چارەسەرە بۆ هەر نەخۆشیەك لەبەر ئەو بخورێتەوە.

* إبن عباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: ئێمە ئاوی زەمزەممان ناوبوو تێرکەر، وامان دەزانی باشترین هاوکارە بۆ خێزانە فرە منداڵەکان.[٢]

* عبداللەی کوڕی عوسمانی کوڕی خەسیم (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: وەهبی کوڕی مونبەه هات بۆ لامان بۆ مەککە، لەوێ نەخۆش کەوتو ئێمەش چووین بۆ سەردانیو دەبینین ئاوی زەمزەمی لەلایە، پێمان وت: بۆچی ئاوێکی شیرینو خۆش ناخۆیتەوە، ئەم ئاوە خەسە.

فەرمووی: نامەوێ ئاوی تر بخۆمەوەو شتی ترم لێ بچێتە دەرەوە، سوێند بەوەی کە گیانی وەهەبی بەدەستە ئەم ئاوە لە قورئاندا (مضنونة) واتە: ئاوی نەبراوە بەوەی کە بیری ئاوە یان شتی تر، لە قورئانەکەی خوادا خواردنە خواردنو چارەسەری نەخۆشیە، هەروەها سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە هەر کەسێك پەلاماری بداتو تێری لێ بخواتەوە تا پەلوپۆی دەکرێتەوە ئەوە ئەو نەخۆشیو ئازارەی لەسەر لادەباتو شیفای بۆ دەنێرێت.[٣]

حەڤدەیەم: دروست نیە متومورو ملوانکەو پەڕۆ بە منداڵدا هەڵبواسرێت کە هەندێك لە نەفامو ناحاڵیەکان وا دەزانن شیفایان پێوەیەو ئەمەش بە هیچ جۆر لەگەڵ یەکتاپەرستی تەواودا یەکناگرنەوە:

* بوکەیر دەگێڕێتەوەو دەڵێ: دایکی بۆی باس کردووەو وتویەتی چووم بۆلای عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت)و مەخرەمەی برازام لەگەڵ خۆم برد کە ئەوکات ئەو تیماری برینی منداڵانی دەکردو کاتێك لە مەخرەمە لێ بوویەوە، بینی خاڵخاڵی لە قاچدا بوو کە ئاسن بوون، فەرمووی بە دایکی: ئێوە وا دەزانن ئەم خاڵخاڵەی کردووتانە

---

١ رواه أحمد (٣/٣٥٧) و ابن ماجة (٣٠٦٢) وهو حديث حسن بشواهده.

٢ رواه ابن ابي شيبه (٢٠٠٨) و عبدالرزاق (٩١٢٠).

٣ رواه الازرقي في (اخبار مكة) (٢/٤٩-٥٠).

قاچی ئەم منداڵە بەلاّو توشهاتێكی لێ دووردەكەوێتەوە كە خوا لەسەری نووسیبێ؟!!
جارێكی تر ئەمەی پێوە ببینم چارەسەری ناكەمو دەستی پێوە نادەم، بەتەمەنم ئەگەر خاڵخاڵێكی زیوی پێوەبێت خاوێنترە.[1]

هەژدەیەم: نەخۆشی (ذات الجنب) كەلەكە ئێشە:

* ابن قیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (ذات الجنب) لەلای دكتۆرەكان دوو جۆرە جۆرێكی ڕاستیەو ئاشكرایەو جۆرێكی ناڕاستەوخۆ و نادیارە:

یەكەم/ ڕاستو ئاشكراكەیان: ئێشێكی توندە دەكەوێتە ئەم بەرو ئەوبەری كەلەكەی مرۆڤ و هۆكارەكەی لەناو لەشیەوە دیارنیە.

دووەم/ ناڕاستو نادیارە: ئەویش هەروەك ئێشەكەی پێشووە بەڵام بەهۆی ڕەشەباو كزەبای توندەوە توش دەبێت،

دەڵێ: ئەو چارەسەرەی لە فەرموودكەدا هاتووە بۆ بەشی یەكەم نابێت بەڵكو بۆ بەشی دووەم چارەسەرە كە بەهۆی ڕەشەباو كزەبای توندەوە تووش دەبێت، وە (قسط البحری) كە دارێكی هندیە بەجۆرێكی زۆر نەرم وشلەو لەگەڵ زەیتی كولاّودا تێكەڵ دەكرێتو ئەو شوێنەی پێ دەسوێ یان پێ دەدرێت بە كەوچك تا بیخواتو زۆر بەسوودەو نەخۆشەكە چاك دەكاتەوە، دەڵێ: (نەخۆشی (ذات الجنب) یەكێكە لە نەخۆشیە ترسناكەكان)[2]

نۆزدەیەم: زانایان هەر لە كۆنو نوێدا گرنگیان داوە بە زانستی پزیشكی منداڵو لەو بارەیەوە چەندان كێبیان نووسیوە لەوانە:

١- (رسالة في طب الاطفال) محمدی كوڕی زەكەریای (الرازی) (٣١٣) كۆچی.
٢- (سیاسه الصبیان وتدبیرهم) لابن جزار القیروانی (٣٦٩).

* * *

---

١ رواه ابن وهب في (الجامع) (٦٦٨)، والحاكم في (المستدرك) (٤/٢١٨-٢١٨) قال هذا الحديث صحيح الاسناد ولم يخرجاه واقره الذهبي.

٢ زاد المعاد (٤/٨١-٨٣).

فەرموودەی سی و شەشەم

جل وبەرگ و جوانی منداڵان

عن ام خالد بنت خالد (رضي الله عنها) اتي النبي (ﷺ) بثياب فيها خميصة سوداء صغيرة، فقال: ((مَنْ تَرَوْنَ أن نَكْسُو هَذه؟ فسَكتَ الْقَوْمُ فقَالَ ((ائْتُونِي بِأُمِّ خَالِدٍ)) فَأُتِيَ بهَا تُحْملُ، فأخذَ الْخَمِيصَةَ بِيَدِهِ فَأَلْبسَهَا وقَال ((أَبْلِي وَأَخْلِقِي)). وكَانَ فِيهَا عَلَمٌ أخْضَرُ أوْ أصْفَرُ فَقَالَ ((يَا أُمَّ خَالِدٍ هَذَا سَنَاهْ وَسَنَاهْ بِالْحَبَشِيَّةِ: حَسَنٌ))

دەرهێنانی فەرموودەکە:

أحمد ڕیوایەتی کردووە (٦/٣٦٤-٣٦٥)و البخاری (کتاب اللباس) (٥٨٢٣) (٣٠٧١)و (٣٨٧٤)و (٥٨٤٥)و (٥٩٩٣) أبو داود (٤٢٠٠).

ئەو ئەحکام و ئادابانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم: پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵەکانی (خوایان لێ ڕازی بێت) زۆر گرنگیان داوە بە جوانکردن و ڕازاندنەوەی کچەکانیان و لەبەرکردنی جوانترین جل و بەرگ:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کاتێك ئوسامەی کوڕی زەید سەر سمێکی داو کەوت پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵیساندەوەو فەرمووی: ((لو كان أُسامة جارية لحليته وكسوته حتى أنفقه))[1] واتە ئەگەر ئوسامە کچ دەبوو لە ئاڵتون هەڵم دەکێشاو جل و بەرگی جوانیشم لەبەر دەکرد.

* أبو هريره (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: جارێك لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووم... لە فەرموودەکەدا هاتووە... تا گەیشتە ژوورەکەی فاطمة (خوا لێی ڕازی بێت)و فەرمووی: ((أثم لُكَعُ، أثمَّ لَكَعُ))[2] واتە دیسان حەسەنتان لاڵ کردووە؟ أبو هريره دەڵێ گومانمان برد کە فاطمة شۆردویەتی و گۆڕیویەتی و ئەوەندەی نەبرد بە

---

١ پێشتر سەرچاوەکەی دراوە.

٢ لكع: اصمعی دەڵێ واتە کەسێك قسەی بۆ نایەت (لسان العرب) (٨/٣٢٣).

ڕاكردن هاتو باوەشیان كرد بە یەكداو فەرمووی: ((اللهم اني أحبه فاحبه واحب من يحبه))[١] واتە: ئەی خوایە من خۆشم دەوێت (تكام وایە) تۆش خۆشت بوێتو ئەویشت خۆش بوێت كە خۆشی دەوێن.

دووەم: مرۆڤ حەز دەكات منداڵەكانی بەشێوەیەكی گەورەو خاوەن كەسایەتی گەورە بنو زاناو ناودار دەربچن لە پاشەڕۆژدا، كاریگەری خۆی دەبێت لەسەریانو هەوڵ دەدەن خۆیان چاك بكەنو چاو لە زاناو ئەهلی زانستو چاكەخوازان بكەن، بۆیە هەر بە منداڵی عەمامەكانی خۆیان كردۆتە سەریان تا شەرمی ئەو عەمامە بیانگرێتو زانانو ناودار دەربچن:

* ئیبراهیمی كوڕی سەعد دەڵێ: لە بیرمە باوكم كۆمەڵێ عەمامەی هەبوو (نەمدەزانی چەن دانەن) خۆی عەمامەیەكی لەسەر دەكردو دانەیەكیشی دەكردە سەری من، من لەو كاتەدا منداڵ بوومو هاوڕێكانیشم عەمامەیان دەبەست.[٢]

* مالیكی كوڕی ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: (منداڵ بووم) بە دایكم وت: دەڕۆم دەخوێنمو زانست وەردەگرم، دایكم وتی: جارێ وەرە پێشەكی جلو بەرگی زانایان بپۆشەو پاشان زانست بنووسەوە، دەڵێ: گرتمیو دەستێك جلی شۆڕی لەبەركردمو بە پەڕۆیەك سەری بەستمو عەمامەیەكیشی كرد بە سەرمداو پاشان وتی: ئا ئێستا بڕۆ زانستو زانیاری بچنەرەوە.[٣]

* پێشەوا مالیك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: نابێت عەمامە لابرێتو من لە سەردەمێكەوە عەمامەم لەسەر كردووە كە دەمو چاوم مووی لێ نەهاتووە.

* هەروەها دەفەرموێت: عبدالعزیزی كوڕی ابن المطلب بۆی باس كردم كە جارێكیان بەبێ عەمامە خۆی كردبوو بە مزگەوتداو دەڵێ: باوكم زۆر زۆر قسەو جنێوی

---

١ رواه البخاري (٢١٢٢) (٥٨٨٤) ومسلم (٢٤٤٢).

٢ رواه ابن سعد في الطبقات لا(٢٠٥).

٣ رواه الرامهرمزي في (المحدث الفاضل) (٨٠).

پێ وتم، تەنانەت عبدالعزیز پێی وتم: كە پێم ناخۆشە جنێوەكانت بۆ باس بكەم كەچی پێی وتمو وتی: ئایا بەسەری ڕووتی خۆت دەكەیت بە مزگەوتدا؟.[١]

سێیەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێك جار كچی بچوكی ڕازاندۆتەوە بە ئاڵتون:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێك خشڵی لەلایەن پاشای حەبەشەوە پێ گەیشت كە ئەنگوستیلەی ئاڵتونی تێدابوو نقێمدار بوو (نقیم واتە موسیلەكە مورووی تێدایە)، عائیشە دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دارێك گرتی یان بە هەردوو پەنجەو پاشان ئومامەی كچی ابی العاص كە كچی زەینەبی كچی بوو فەرمووی: ((تحلي بهذا يابنيّة)) واتە: ها كچی خۆم ئەمە بۆ تۆ خۆتی پێ جوان بكە).[٢]

* یەزیدی نەحەوی دەڵێ: فەرقەدی سەبەخی چوو بۆ ماڵی حەسەن، لەوێ كچێكی حەسەنی بینی ئاڵتوونی پێوەبوو، وتی بە حەسەن: ئەی باوكی حەسەن تۆش كچت بە ئاڵتونو زێڕ دەڕازێنیتەوە؟ حەسەن زۆر توڕەبوو تەنانەت فەرمووی: ئەی فەرقەد بچكۆل–فُریقد– بۆ تۆ دەتەوێت كچەكەم وەك ئاردبێژو نانكەر نیشان بدەم.[٣]

مەسەلەیەك:

هیچی تێدانیەو ئاساییە كونكردنی گوێی كچ (گوێ سمین) لەبەر جوانی:

* أحمدی كوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: بۆ كوڕ بە باشی نازانم (مەكروهە) بەلام بۆ كچ ئاساییە)و مەهنا دەڵێ: پێم وت لای كێ مەكروه بووە؟ فەرمووی: لەلای جریری كوڕی عثمان.[٤]

---

١ الجامع لاخلاق الراوي واداب السامع–خطيب (٩٠٠).

٢ رواه أحمد (١١٩/٦) وأبوداود (٤٢٣٥) وابن ماجة (٣٦٤٤) واسناده حسن.

٣ رواه ابن ابي الدنيا (الاشراف في منازل الاشراف) (٤٧١).

٤ الاداب الشرعية (٣٤١/٣).

* ابن قیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لە (صحیحین)دا هاتووە كە كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هانی ئافرەتانی صحابەی دەدا بۆ بەخشین و خێركردن ئافرەتی وا هەبوو گوارەكانی خۆی دادەكەندو دەیبەخشیە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

بەسە بەوەی كە شتێكی دروستە كە خواو پێغەمبەرەكەی دەیان بینی ئافرەتان گوێیان دەسمی و هیچیان لەبارەیەوە نەفەرمووە واتە رازی بوون بەو كارەیان و ئەگەر حەرام بووایە بەرگریان لێ دەكرد لە قورئان و فەرموودەدا.

چوارەم: هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) (سخّاب)یان دەكردە ملی منداڵەكانیان چ كوڕ بوونایە یان كچ كە بریتیە لە ملوانەكەیەك لە مێخەك و هەر بەرهەمێكی تر بهۆنرێتەوە وەك قەزوان، تەنانەت ئیمام بوخاری لە (صحیح)ەكەیدا باسێكی ناوناوە (ملوانەكەی سەخاب بۆ منداڵان) و فەرموودەكەی ئەبوهریرەشی بە بەڵگە هێناوەتەوە.

ئیمام ئەحمەد لە (مسند)دا بەئاشكراتر هێناوەیەتی و دەڵێ: ئەبوهریرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: دایكم نەیهێشت لە ماڵ بێمە دەرەوە بۆ ئەوەی ملوانەكەی سخابم بكاتە مل.[2]

پێنجەم: دروست نیە ئاڵتون بكرێتە بە منداڵی كوڕدا:

* یەحیا دەڵێ: لە ئیمام مالیكم بیست دەیفەرموو: پێم ناخۆشەو بە مەكروهی دادەنێم كە ئاڵتون بكرێت بە منداڵی كوڕدا، چونكە پێمان گەیشتووە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیهێشتووە پیاو ئەڵقەی ئاڵتون لە دەست بكات و منیش بۆ گەورەو بچوك بە مەكروهی دەزانم.

---

١ تحفة المودود لا (٣٤٩-٣٥٠).

٢ المسند (٢/٣٣١).

* (ابن عبدالبر)یش دەڵێ: لەدەستکردنی ئەڵقە بۆ پیاو وانازانم یەك کەس لە پێشەوایانی فەتوا ڕێگەیان پێدابێتو هەموویشیان لەلایان مەکروهە بۆ منداڵی کوڕ چونکە باوکان بە منداڵەکانیاندا خواناسیان دەردەکەوێت.[1]

شەشەم: سوننەت وایە ئەگەر منداڵێك جلوبەرگی تازەی لەبەرکرد سێ جار پێی بگوترێت: (أبلي واخلقي)و ئەمەش بە (صحیح)ی هاتووە لەلای ئیمام بوخاری (رەحمەتی خوای لێ بێت).

حەوتەم: ماناو مەبەست چیە لە وشەی (أبلي واخلقي):

ئەم وشەیە لەلای عەرەب دووعای چاکەیە بۆ تەمەن درێژی منداڵەکە بەکاردێت، واتە ئەوەندە تەمەن درێژ ببێت تا ئەو جلانە کۆن بکاتو بیاندڕێنێت،
* خەلیل لە (کتاب العین)دا دەڵێ: واتە: بژیت تا ئەم جلانەت کۆن دەکەیتو دەیانڕزێنیت.

بەڵام لە ڕیوایەتی (أبو داود)دا بە سەنەدی صحیح لە (ئەبی نضرة)وە هاتووەو دەڵێ: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر یەکێکیان دەستێك جلی تازەی بکردایە پێیان دەوت: (تبلی ویخلف الله) واتە: لەناوبچێتو خوا خۆت بهێڵێت.

لە ڕیوایەتی ئەبو وەلیدا هاتووە دەیانوت: (ابلی وخلقي)[2] یان دەیان ووت (ابلي وخلقي): واتە بیدڕێنیتو خۆت بمێنی.

هەشتەم: فەرموودەکەش ئەوە دەگەیەنێت کە هانی منداڵ بدرێتو دڵی خۆش بکرێت ئەگەر جلو بەرگێکی تازەی لەبەرکردو پێیان بوترێت: وەك چۆن پێغەمبەر

---

١ ابن عبدالبر (الاستذکار) (٨/٣٠٣).

٢ الفتح لابن حجر (١٠/٢٨٠).

(ﷺ) بە دایکی خالیدی فەرموو کە تەمەنی بچوك بوو: ((یا ام خالد هذا سناه)) بە زمانی حەبەشیەکان واتە: جۆرێکی ئەسڵە، جۆرێکی باشە.

(ئەمەش بە پێچەوانەی هەندێك لە موسڵمانانەوە کە دەبینین کەسێك جلوبەرگی نوێی لەبەردایە تالیقی لێ دەدەن و دەڵێن ئەمە ڕەنگ نەمابوو ئەمە نەبێت؟! وادیارە هەرزانەکەیت کڕیوە؟! زۆر ناشیرینە؟! نا ئەسڵە؟ من بیکەم لەمەی تۆ ناکەم!!) ئەم وتانە حەرامن و بۆنی حەسوودیان لێ دێت)*

شتێك کە زۆر پێویستە دایك و باوك و سەرپەرشتیارانی منداڵان بیزانن دەربارەی جلو بەرگی منداڵەکانیان ئەمە هەندێکە لەوانە:

١- دەبێت جلوبەرگی بێ باوەڕانیان لەبەر نەکەن و چاو لە جلوبەرگی منداڵی ئەوان نەکەن تا منداڵەکە لەسەر ئەو شێویە گەورە نەبێت:

* عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاص دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستێ جلی لەبەری مندا بینی نەخش و نیگاری تێدابوو (معصفرین) و فەرمووی: (ان هذه من ثیاب الکفار، فلا تلبسها)[1] واتە: ئەمە لە جلو بەرگی کافرو بێ باوەڕانە لەبەری مەکە.

٢- دەبێت جلو بەرگی کورت (وەك تەنورە) نەکاتە بەری کچە بچوکەکانی تا لەسەر ئەو شێوازە ڕانەیەت و ئاسایی نەبێت لەلای کاتێك گەورە ئەبن.

لەو بەڵاو نەهامەتیانەی ئەم سەردەمە کە تووشی زۆری لە خەڵکی بووەو لە سروشتی پاکیان دەرچوون و سەرسام بوون بە جلوبەرگی کافران و چاولێکردنیان و جلوبەرگی جولەکەو گاوریان پێ باشە کە هێمای بەدڕەوشتی و داڕنینی پێوە دیارە.

بەجۆرێك کە پێچەوانە بۆتەوە! کوڕەکانیان جوان داپۆشیوە بە جلوبەرگو تەنها دەست و دەم و چاویان دیارە!! کەچی لە هەمان کاتدا جلوبەرگی کورت و تەسك

---

* وتەی وەرگێڕ.

١ رواه مسلم (٥٤٨٥).

دەکەنە بەری کچەکانیان کە هەموو لەشیان لە خەڵکیەوە دیارەو بەر لەعنەتی پێغەمبەری خوایان دەخەن (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((کاسیات عاریات)) واتە پۆشتەیشن و ڕووتیشن!.

٣- نابێت جلوبەرگێك بکاتەبەری کوڕەکەی کە لەبەری تاوانباران و لەخوا یاخیاندا بینراوەو بەهۆی ئەوان مەشهور بووە:

* (الاجری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: لەسەر (إمام) واتە کاربەدەستان پێویستە قەدەغەی بکەن کوڕانی موسڵمان جلوبەرگی فاسق و تاوانباران لەبەربکەن و نەشهێڵن هاوڕێیەتی ئەو کەسانە بکەن کە ناسراون بە بەدڕەوشت و نێرباز، هەروەها باوکانیش نابێت بهێڵن منداڵەکانیان بەرگی فاسقیان لەبەربکەن و هاوڕێیەتیشیان بکەن.[1]

٤- نابێت جلی درێژو دەرەدامان بکەیتە بەری کوڕەکان و پێغەمبەر (ﷺ) لەم کارە بەرگری کردووە:

* عبداللەی کوڕی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) جارێك بینی کوڕەکەی جلەکانی شۆڕەو بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێت فەرمووی: دامێنەکەت بەرز بکەرەوە چونکە لە پێغەمبەری خوام بیستووە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((من جرّ ثوبه من الخيلاء لم ينظر الله اليه))[2] واتە: هەر کەسێك جلوبەرگی لە زەوی بخشێت لە خۆبەزلزانیەوە ئەو کارە بکات ئەوە خوا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆی ناڕوانێت.

* ابوهريره (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((ما أسفل من الكعبين من الازار ففي النار))[3]

---

١ النظر في أحكام أهل النظر- إبن قطان (١٢٩).

٢ رواه أحمد (٢/٣٣).

٣ رواه البخاري (٥٧٨٧).

واته: چلوبەرگی خواری ڕەقەڵەی قاچ خاوەنەكەی دەباتە ناو ئاگرەوە. لەسەر سەرپەرشتیاری منداڵە هەوڵ بدات منداڵەكانی لە ئاگری دۆزەخ بەدوور بگرێتو لەسەر ڕەوشتی پێغەمبەرو سوننەت ڕایان بهێنێ لەسەر ئەو شتانەی كە پێچەوانەی شەرعی خوا نین.

٥- دەبێت كوڕەكانی بەدوور بگرێت لە لەبەركردنی ئاوریشم چونكە لەسەر نێرینە حەرامە گەورە بێت یان بچوك:

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لەبەری كوڕەكانماندا داماندەكەندو لەبەری كچەكانماندا دەمان هێشتەوە واتە: ئاوریشم)[1]

* ابن قیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: نایەڵێ كوڕەكەی ئاوریشم لەبەر بكات چونكە ڕەوشتی تێك دەداتو سروشتی كچانەو ناسكۆڵەیی وەردەگرێت، هەروەك چۆن دەبێت لە نێربازیو عەرەق خواردنەوەو دزیو درۆزنی دووری بخاتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەفەرموێت: ((یحرم الذهب والحریر علی ذكور أمتي وأحلّ لاناثهم)) واتە: ئاڵتونو ئاوریشم لەسەر نێرینەكانی ئوممەتم حەرامنو بۆ مێینەكان حەڵاڵن.

خۆ ئەگەر منداڵ ئەو شتانەی لێ قەدەغە نەكرابێت خۆ لەسەر سەرپەرشتیارەكەی پێویست كراوە كە نەهێڵێ بیانكاتو بواری نەدات حەرامەكان ئەنجام بدات، چونكە لەسەریان ڕادێت، زۆر ئەستەمە وازپێهێنانی، ئەمەش ڕاسترین وتەی زانایانە.

ئەوانەی كە دەڵێن دروستە ئاڵتونو ئاوریشم بۆ كوڕانی منداڵ، بەڵگەیان ئەوەیە كە تەكلیفی لەسەر نیەو هیچی لەسەر حەرام نیە، قیاس لەسەر وڵاخ دەكەن كە گوایە هیچ حەرام نیە بۆی، ئەمەش قیاسێكی زۆر ناشیاوەو خراپە چونكە بەڵێ منداڵ هیچی لەسەر نیە بەڵام خۆ گەورەبوو لەسەری دەبێت، بۆیە نابێت منداڵ بەبێ دەستنوێژ

---

١ رواه أبوداود (٤٠٥٩) اسناده صحيح.

نوێژ بكات یان بەڕووتی یان بە پیسی، نابێت ئارەق بخواتەوەو قومار بكاتو كاری ناشایستەی جنسی بكات (لواطة).[١]

٦- نابێت بە هیچ جۆرێك باوكو دایكان جلو بەرگی كچانەی لەبەر بكاتو بیرازێنێتەوە:

* ابن تیمیە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ڕازاندنەوەی كوڕ بەشێوەی كچ دروست نیە، چونكە نابێت خەڵك حەزی لێ بكات (ئەوە تایبەتە بە ئافرەتانەوە) بەڵكو دەبێت لە هەموو شتێك دووری بخاتەوە كە ژنانی دەربچێتو لەوان بكاتو ئەوە وای لێ دەكات كە گەورەش بوو هەر ناسكۆڵەو ژنانی دەبێت، لەوانەشە چەندان فیتنەو خراپەی تری لێ بكەوێتەوە.[٢]

٧- نابێت بهێڵرێت جلوبەرگێك لەبەر بكات لە وێنەی گیانلەبەری لەسەر نەخش كرابێتو ئەمەش نەخۆشیەكەو بازاڕەكان دووچاری بوونو تەنانەت زۆر دەگمەنە بتوانێت دەستێ جل بۆ كوڕەكەت دەست بخەیت كە وێنەی گیانلەبەرانی تێدا نەبێتو ئەوەش غەریبی ئیسلام دەگەیەنێت پەنامان بەخوا:

* أبوطلحة (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە دەگێڕێتەوە (ﷺ) كە فەرموویەتی: ((لاتدخل الملائكة بیتاً فیه كلب ولا صورة))[٣] واتە: فریشتەكان ڕوو ناكەنە ماڵێك سەگی تێدابێت یان وێنەی تێدا هەڵواسرابێت.

٨- هەروەها نابێت جۆرە جلو بەرگێكیان لەبەربكرێت كە هەندێك وشەو دەستەواژەی بێگانەی پێوەنوسرابێت چونكە زۆربەیان وشەكانیان بێ باوەڕی یان ناڕەوشتیە.

---

١ تحفة المودود لا (٣٠٤).

٢ شرح العمدة من كتاب الصلاة، لا(٢٩٣).

٣ رواه البخاري (٣٣٢٣).

٩- هەروەها نابێت ئەو جلو بەرگانەی لەبەربکات کە هێماو دروشمی بیّ باوەڕانی پێوەیە وەك خاچ یان ئەستێرەی شەش پاڵو یان ئاڵای یەکێ لە وڵاتانی بیّ باوەڕو لەم وێنانە.

* ئەمە هەندێك بوون لە جلو بەرگە قەدەغەکراوەکان لەسەر منداڵانو مەبەست لێی: ئەوەیە کە دایكو باوکان بە ئارەزووی خۆیان هەموو جلێکیان بۆ نەکەن بەوەی بڵێن گوایە منداڵنو هیچیان لەسەر نیە، لەسەر سەرپەرشتیارەکەیانە کە لە خوا بترسێت چونکە بەرپرسیارە بەرامبەریان:

* سفیان الثوری (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: فەرمان دەدرێت بە فڕێدانی کەسێك بۆ ناو ئاگری دۆزەخو پێی دەڵێن: ئەمە ماڵو منداڵەکەی هەموو چاکەکانیان خواردووە.[1]

نۆیەم: لە فەرموودەکەشدا ئەوە هاتووە کە گەورە دەتوانێت شۆخیو سوعبەت لەگەڵ منداڵی کچی تەمیزدار بکات:

وەك چۆن لە هەندێك ڕیوایەتی بوخاریدا هاتووە لەسەر ئەم فەرموودەیە لا (٥٩٩٣):

* کچە صحابیەکە دەڵێ: منداڵ بووم لەگەڵ باوکمدا ڕۆیشتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و من لەوێ بە ئەڵقەکەی دەستی پێغەمبەر (ﷺ) یاریم دەکردو باوکم لێم توڕەبوو، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((دعها)) وازی لێ بێنەو پاشان فەرمووی: ((أبلي واخلقي...)) واتە سێ جار فەرمووی: ئەم جلانە بدڕێنیو خۆت بمێنی.

دەیەم: لە فەرموودەکەشدا ئەوە هاتووە کە دروستە نازناو بنرێت لە کچی بچکۆڵە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو کچە بچکۆلەیەی فەرموو: ((یا ام خالد)) ئەی دایکی خالد، کە ناوی خۆی (أمة)ی کچی خالد بوو.[2]

---

١ رواه أبونعيم في (الحلية) (٨١/٧).

٢ الاستيعاب (١٧٩٠/٤).

یازدەیەم: مەبەست لە (خميصة سوداء صغيرة):

* خەلیلی کوڕی ئەحمەد دەڵێ: جلوبەرگێکی ڕەشی خەت خەتەو لە خوری دروستکراوە.[١]

دوازدەیەم: بە هەڵگرتن هێنایان (فأتي به تحمل): بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کچەکە زۆر بچوك بوەو دوورنیە لەگەڵ منداڵیەکەیدا وریاو بەفام بووە لە شت تێگەیشتووە، لە ڕیوایەتی بوخاریدا (٣٨٧٤)دا هاتووە کە ئەو منداڵە کچ بووەو دەڵێ: لە حەبەشە گەڕامەوە من کچێکی بچوك بووم‌و پێغەمبەری خوا (ﷺ) پۆشاکێکی ڕەشی خەت خەتاوی پێدام‌و دەستی دەهێنا بە خەتەکانیداو دەیفەرموو: ((سناه، سناه)) جۆرێکی باشە جۆرێکی باشە.

سێزدەیەم: ((فأخذ الخميصة بيده فالبسها)) واتە: بە دەستی خۆی کردیە بەری‌و ئەمەش بەڵگەی بەڕەحمی پێغەمبەرە هەروەك بەڵگەی بێ فیزی‌و تەوازعیەتی.

چواردەیەم: لەوەدا کە بە دەستی خۆی جلەکەی کردە بەری (أم خالد) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سوننەتە کەسێك دیاری دەدات بە کەسێك ئەگەر کەسەکە منداڵ بوو خۆی بیکاتە بەری‌و بێگومان بەسەر جلەکانی ژێرەوەیدا.

پازدەیەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەینێت کە سوننەتە بە زمانێك لەگەڵ منداڵدا قسە بکرێت کە لێی تێبگات ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) دەزانێت ئەو منداڵە لە حەبەشە ژیاوەو زمانی ئەوان شارەزا بووە بە زمانی حەبەشیەکان فەرمووی: (سناه، سناه)، بوخاریش باسێکی ناوناوە (باسی ئەو کەسەی بە فارسی قسە دەکات)-(٣٠٧١).

---

١ كتاب العين لا(٢٦٨).

شازدەیەم: بە فەرموودەکە دەرەکەوێت کە دروستە موسڵمان هەندێك دەستەواژەی زمانەکانی تر بەکار بهێنێت ئەگەر کارنەکاتە سەر زمانە سەرەکیەکەی خۆیو وشەی بێگانە تێکەڵ نەکات، وەك بەکارهێنانی وشەی (ڤێری گود:very good) براڤۆ، مەرسی، ...هتد).[١]

*　　　*　　　*

١ ئەم خاڵەی (١٦) وتەی وەرگێڕە.

فەرموودەی سی و حەوتەم

یاری كردن شۆخی كردن لەگەڵ منداڵدا

عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) قال: كان رسول الله (ﷺ) يَدخُلُ علَينَا وَلي أخ صَغِير يُكنَى (أبا عُمَير) قال: أحسبه فطيماً، وكَان لَهُ نُغَرٌ يَلْعبُ بِهِ فَمَاتَ، فَدَخَلَ عَلَيْـهِ النَّبِـى (ﷺ) ذاتَ يَوْمٍ فَرَآهُ حَزِينًا، فقَالَ ((مَا شَأْنُهُ))؟ قَالُوا ماتَ نُغَرُهُ فَقَـالَ ((يَـا أبَـا عُمَيْـرٍ مَـا فَعَـلَ النُّغَيْرُ؟)).

دەرهێنانی فەرموودەكە :

أحمـد ڕیوایـەتی كـردووە (٣/١١٤-١١٥)و البخـاری (٦٢٠٣)و (٦١٢٩)و لـە (الادب المفرد) (٢٦٩) لـە باسـی -سـوعبەت كـردن لەگـەڵ منـداڵ، مـسلم (٥٦٧٣)و أبـو داود (٤٩٦٩) لە (باسی بە كەسێك بڵێی باوكی فلانو منداڵیشی نەبێت)و الترمذی (١٩٨٩) و ابن ماجە (٣٧٢٠) لە باسی (المزاح)دا.

ئەو ئەحكامو ئادابانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەكەم: ئەم فەرموودەیە ئەسڵی دوو مەسەلەی زۆر گرنگی ژیانی منداڵانە:

١- منداڵ بۆی هەیە یاری بكات.

٢- شۆخی كردنو ڕووخۆشی دان بە منداڵان.

مەسەلەی یەكەم:

فەرمودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە دروستە ڕێگا بدرێت بە منداڵان یاری بكەنو نابێـت بەرگریان لێ بكرێتو بەڵگەیش لەسەر ئەوە زۆرە لەوانە:

١- بێ دەنگبوونیان لێیانو بەرگری نەكردن لە یاری كردنیان:

* عبداللەی كوڕی عباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (لەگـەڵ منداڵانـدا یـاریم دەكرد، لەو كاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) هاتو منیش لە پاڵ دیوارەكەدا خۆم حەشاردا، لە

دواوە هاتو ڕای وەشاندمو فەرمووی: ((اذهب وادع لي معاوية))[١] بڕۆ موعاویەم بۆ بانگ بکە.

* عائشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لەگەڵ دەستەیەك لە کچانی هاوڕێمدا یاریم دەکردو لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی کرد بە ژوورداو هەموو ڕەفیقەکانم خۆیان داپۆشت (خۆیان حەشاردا)و کە ئەو ڕۆیشت دەستیان کردەوە بە یاری لەگەڵمدا.[٢]

٢- پێغەمبەر (ﷺ) دەیدا بە لای منداڵاندا یاریان دەکردو ئەویش سڵاوی لێ دەکردنو بە کارەکەیان ڕازی بوو:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بەلامداو لەناو منداڵاندا یاریم دەکرد سەلامی لێ کردینو پاشان منی بانگ کردو ناردمی بۆ کارێك.[٣]

٣- پێغەمبەر (ﷺ) سەیری منداڵانی دەکرد کاتێك خەریکی یاریکردن بوون:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) دەهات بۆ لام کاتێك من یاریم دەکرد بە یاریەکانمو لەلامدا دادەنیشتو ماوەیەکی زۆر سەیری دەکردمو پاشان هەڵدەسا.[٤]

٤- پێغەمبەر (ﷺ) بواری ڕەخساندوە بۆ منداڵ بۆ سەیرکردنی یاری:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: دەمبینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە کەواکەی بەری دای دەپۆشتم، منیش سەیری حەبەشیەکانم دەکرد لە مزگەوتدا یاریان دەکرد تا وام لێ دەهات بێ تاقەت دەبووم لە سەیرکردن، ئاگاتان لە کچانی بچوك بێت حەز لە سەیری یاری دەکەن)[٥] واتە: بواری سەیرکردنی پێ بدەن.

---

١ رواه مسلم (٦٧٢٠).

٢ رواه البخاري (٦١٣٠) ومسلم (٦٣٧٨).

٣ رواه أحمد (٣/٢٥٣) إسناده حسن.

٤ رواه أبو يعلى في مسنده (٤٩٠٨).

٥ رواه البخاري (٥٢٣٦).

دووەم:

یاریکردن‌و خۆشی نواندن‌و ڕابواردن کارێکی زۆر گرنگی منداڵانە، بۆیە دەبینی سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە گرنگی تەواویان پێداوە:

* حسن البصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) جارێکیان خۆی‌و عبداللەی کوڕی چوونەوە بۆ ماڵ، سەیر دەکەن منداڵان بە سەربانی ماڵەکەوە یاری دەکەن‌و عبداللە لێیان توڕەبوو، بەڵام شێخ حەسەن فەرمووی: وازیان لێ بهێنە یاری کردن بەهاری ئەوانە.[1]

* هیشامی کوڕی یەحیای غەسسانی باسی باوکی دەکات‌و دەڵێ باوکم دەیووت: خەفەت مەدەن بە منداڵەکانم‌و نیگەرانیان مەکەن چونکە خۆشی‌و سرور گەشە بە منداڵان دەدات.[2]

* ئیبراهیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: سەلەفی صاڵح هەموو یاریەکیان بە ڕەوا دەزانی بۆ منالەکانیان تەنیا یاری کردن بە سەگ نەبێت.[3]

سێیەم: فەرموون لەگەڵ هەندێك لەو یاریانەی کە سەلەفی صاڵح ڕێگایان بە منداڵەکانیان داوە ئەنجامی بدەن، کە ئەگەر بە وردی سەیریان بکەن هەموو سودی بۆ خودی منداڵەکە هەیە بۆ لەشیان یان بۆ عەقل‌و بیریان یان جوانکردنی ڕەوشتیان‌و چەندان سودی تر لەوانە:

١- تیر ئەندازی (الرمایه):

* موسعەبی کوڕی سەعد لە سەعدەوە دەگێڕێتەوە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموویەتی: کوڕەکانم تیرئەندازی فێربن چونکە ئەوە باشترینی یاریەکانتانە.[4]

---

١ رواه ابن ابي الدنيا في العيال (٥٩٠).

٢ رواه ابن ابي الدنيا في العيال (٥٩٤).

٣ رواه البخاري في الادب المفرد (٢٩٧).

٤ رواه ابن ابي شيبه في (الادب) لا (٨٠).

* ثمامەی کوڕی عبداللەی کوڕی ئەنەس دەڵێ: ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) جێگایان بۆ ڕادەخستو لەسەری دادەنیشتو منداڵەکانیشی بەسەریدا نیشانە شکێنیان دەکرد (واتە تووڕە نەدەبوو) جارێکیان هاتە لامان دەبینێ تیرئەندازی دەکەین فەرمووی:

(کوڕەکانم ئەمە کەی نیشانە شکێنیە ئێوە دەیکەن بیدەن بە منو هەرچەندی پێوەنا هەمووی پێکای).[1]

* عمری کوڕی عبدالعزیز (رەحمەتی خوای لێ بێت) نامەی نووسی بۆ مامۆستای کوڕەکەیو پێی وت: با سەرەتا هەریەکەیان قورئانەکەت بۆ بخوێننو جوان فێریان بکە، ئەگەر لێ بوویەوە با تیرو کەوانەکەی هەڵبگرێتو نیشانەی بۆ بنێرەوەو حەوت تیری پێوە بنێو پاشان با بڕوات سەرخەوی –قەیلولە– بشکێنێت...)[2]

٢– زۆرانبازی (مصارعە):

* أبوهریرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: حەسەنو حسەین (خوایان لێ ڕازی بێت) پێکەوە زۆرانبازیان دەگرتو پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەیفەرموو ((هی حسن، هی حسن)) واتە: حەسەن دەیباتەوە، حەسەن دەیباتەوە، فاطمة (خوا لێی ڕازی بێت) پێی وت: بۆچی وا دەڵێی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ان جبریل یقول: هی حسین)) واه: جبریل دەیووت: حسین یەکەم دەبێت).[3]

٣– پێشبڕکێ (مسابقە):

* عبداللەی کوڕی حەرس (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) عبداللەو عبیداللەو کوڕەکانی تری عەباسی کۆکردەوەو ڕیزی دەکردن– دەستی دەکردەوەو باوەشی بڵاودەکردەوەو دەیفەرموو پێیان: ((من سبق الي فله كذا وكذا)) واتە هەر کەسێك زوو بگاتە لای من دیاریەکی پێ دەدەم، دەڵێ (فتسبقون) واتە

---

١ رواه الطبراني في (المعجم الكبير) (٦٧٩) واسناده صحيح.

٢ ابن ابي الدنيا في الدر المنثور (٦/٥٠٦).

٣ ابن ابي الدنيا في العيال (٥٩٥) في اسناده ضعف.

ئەوانیش هەموویان ڕایان دەکرد بەرەو ڕووی‌و دەکەوتن بەسەر پشت‌و سنگیداو ئەویش (ﷺ) باوەشی پێدا دەکردن‌و ماچی دەکردن).[١]

٤- مەلەوانی (السباحە):

* ابی امامەی کوڕی سەهل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) نامەی نووسی بۆ (أبی عبیدە)ی کوڕی (الجراح)و پێی فەرموو: منداڵەکانتان فێری مەلە بکەن‌و فێری تیرئەندازیان بکەن).[٢]

٥- ئەسپ سواری (الفروسیە):

* مەکحول (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) نامەی نارد بۆ خەڵکی شام‌و تیایدا پێی وتن: منداڵەکانتان فێری مەلەکردن‌و تیرئەندازی‌و ئەسپ سواری بکەن).[٣]

٦- یاری کردنی کچان بە بووك:

* عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە جەنگی تەبوك گەڕایەوە یان خەیبەر بوو پەردەیەك دادرابوویەوەو هەوا پەردەکەی بەرزکردەوە هەندێك بووکی عائشە دەرکەوتن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ما هذا یا عائشة؟)) ئەمە چیە ئەی عائیشە؟ عائیشەیش فەرمووی: ئەمانە کچمن، لەنێوانیاندا ئەسپێکی بینی دوو باڵی هەبوو فەرمووی: ((ما هذا الذي اری وسطهن؟)) واتە: ئەی ئا ئەمە چیە لەنێوانیاندا دەیبینم؟ وتی: ئەسپە، فەرمووی: ((ما هذا الذي علیه؟)) ئەی ئەمە چیە بەسەر پشتیەوە؟ وتی: باڵەکانیەتی، فەرمووی: ئەسپ باڵی هەیە؟ عائیشەیش وتی: ئەی نەتبیستووە کە سولەیمان ئەسپی هەبووە باڵدار بوون؟ دەڵێ: پێغەمبەر ئەوەندە پێکەنی بەو قسەیە کە ددانەکانی دواوەی دەرکەوتن.[٤]

---

١ رواه أحمد (١/٢٦٤) والطبراني في المعجم الكبير (١٨/١٨٨)

٢ رواه أحمد (١/٤٦) وإسناده صحيح.

٣ رواه القراب في فضائل الرمي (١٥) ئەسپ سواری ئەمڕۆ لە ئۆتۆمبێل لێخوڕیندا خۆی دەبینێتەوە- وەرگێڕ.

٤ رواه النسائي في السنن الكبرى (٥/٣٠٦-٣٠٧)، و أبوداود (٤٩٣٢) واسناده صحيح.

٧- یاری کردن بە باڵندە:

* فەرموودەی سەرەتای ئەم باسە بەڵگەیە لەسەری بە مەرجێك ئازاری نەداتو خزمەتی بکات.

* هیشامی کوڕی عوروە دەڵێ: عبداللەی کوڕی زوبێر لە مەککە بوو لەو کاتەدا هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) باڵندەیان هەبوو لەناو قەفەزدا بوو ڕایانگرتبوو.[1]

٨- بەرزکردنەوەی قورسایی -زەختکردنی شت- (رفع الاثقال):

* طاووس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: عبداللەی کوڕی عباس (خوا لێی ڕازی بێت) دای بەلای کۆمەڵێك کەسدا بەردی گەورەیان زەخت دەکرد (ئەو چاوەکانی لەدەست دابوو) فەرمووی: ئەوە خەریکی چین؟ وتیان بەرد هەڵدەگرن تا بزانن کامیان بەهێزترە، ئەویش فەرمووی: (عمّال الله أقوى من هؤلاء)واتە: تێکۆشەرانی ڕێگەی خوا لەوان ئازاترن).[2]

چوارەم: لەم ڕۆژگارەدا زۆربەی باوكو دایکانی موسڵمان (بە داخەوە) ڕۆڵەکانیان پیشتگوێ خستووەو بەجۆرەها یاری، یاری دەکەن بە ئارەزووی خۆیانو بەبێ ڕەچاوکردنو گوێدان بە شەرعی خواو پێغەمبەر (ﷺ)و حەرامو حەڵاڵیەکەی، بە بیانووی ئەوەی کە جارێ منداڵنو هیچیان لەسەر نیە !.

بەڵێ وایە هیچیان لەسەر نیە، بەڵام باوكو دایکیان بەرپرسن لێیانو لە ڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لەسەر ئەوەی ڕازی بوون منداڵەکانیان کەوتوونەتە چەندان حەرامو ناشەرعیەوە:

* ئەوە پەروەردگارە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ﴾[3].

---

١ رواه البخاري في الادب المفرد (٣٨٣) لە باسی باڵندەی ناو قەفەس.

٢رواه عبدالرزاق (٢٠٩٦٠).

٣ سورة التحريم (٦).

واتە: ئەی کۆمەڵی باوەڕداران خۆتانو خانەوادەتان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن کە سوتەمەنیەکەی مرۆڤو بەردەو فریشتەگەلێك سەرپەرشتی دەکات کە زۆر دڵڕەقنو زۆر بەهێزنو سەرپێچی خوا ناکەنو چیان پێ بگوترێت بەگوێی دەکەن.

* عبداللەی کوڕی عمر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە پێغەمبەری خوام بیستووە (ﷺ) دەیفەرموو: ((کلکم راعٍ وکلکم مسؤل عن رعیته، الامام راعٍ ومسؤل عن رعیته، والرجل راعٍ في أهله وهو مسؤل،...))[1] واتە: هەمووتان شوانن‌و هەموویشتان بەرپرسیارن لە ژێردەستەکانتان، ئیمام بەرپرسە لە میللەتەکەی‌و پیاویش شوانەو بەرپرسە لە ماڵ‌و منداڵەکەی‌و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت لەسەریان...

بۆیە زۆری لە سەلەفی صالح نەیانهێشتووە منداڵەکانیان بە ئارەزووی خۆیان هەرچی یاریە حەزیان لێ بووبێت بیکەن لەوانە:

١- نەیانهێشتووە منداڵەکانیان یاری بە بوکڵەیەك بکەن کە وێنەو پەیکەری تێدابێت:

* أبوطلحة (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاتدخل الملائكة بيتاً فيه كلب أو تصاوين))[2]

واتە: فریشتەکان ڕوو ناکەنە ماڵێك سەگ یان وێنەی پەیکەری تێدابێت.

* ئیمام مالیکیش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (لەلام مەکروهە پیاو پەیکەر بۆ کچەکەی بکڕێت)[3]

* پرسیار کرا لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی فەرموودەکەی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) کە دەیووت (من بە بوکڵە یاریم دەکرد) فەرمووی: (ئاساییە یاریکردنی کچان بە بوکڵە بە مەرجێك (صورة)ی تێدا نەبێت، ئەگەر وێنەی تێدابوو نابێت)[4].

---

١ رواه البخاري (٨٩٣).

٢ رواه البخاري (٣٣٢٢).

٣ الجامع لابن ابي يزيد لا (٢٣٤).

٤ الاداب الشرعية (٥٠٩/٣).

٢-یاریکردن بە جۆرێك قوماری تێدابێت:

* محمدی کوڕی سیرین (رەحمەتی خوای لێ بێت) کۆمەڵێك منداڵی بینی لە ڕۆژی جەژندا یاریان دەکرد لەسەر شت (واتا قوماریان دەکرد)، فەرمووی: قومار مەکەن چونکە بردنەوەی تێدابێت لە یەکتری قومارە)[1]

٣-یاریکردن بە سەگ:

* ئیبراهیمی النخعی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (هاوڕێیانی مەزهەبمان ڕێگایان داوە بە منداڵ یاری بکەن جگە لە یاریکردن بە سەگ)[2]

٤-یاریکردن بە چواردەخانە:

ئەم یاریە تەختەیەك دەهێنن‌و سێ خەتی تێدا هەڵدەکۆڵن‌و منداڵان بە بەرد یاری تێدا دەکەن (پێشی دەڵێن) شەهاردە.

* صفیە دەگێڕێتەوە کە عبداللەی کوڕی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) جارێك چووە ماڵەوە دەبینێت هەندێك لە منداڵەکانی بە شەهاردە یاری دەکەن دای بەسەری خۆیداو شکاندی)[3]

* سەلەمەی کوڕێ ئەکوەع (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە بەرگری کردووە لە منداڵ کاتێك کە ئەم یاری (چوارده خانە) بکەن، پێیان وت: بەرگری لێ دەکردن؟ فەرمووی: بەڵێ چونکە لەو یاریەدا منداڵان سوێند دەخۆن‌و درۆیش دەکەن.[4]

٥-یاریکردن بە تاوڵە (النرد):

نەرد ئەوەیە زارێك لە تەختە یان لە ئێسك دروست دەکرێت‌و لە شەش لاکەیەوە ژمارە دەنووسرێت‌و لەناو تاوڵەیەکی تەختەدا یاری پێ دەکرێت. لە فەرموودەدا هاتووە کە بەرگری کراوە لە کردنی:

---

١ رواه إبن أبی شیبه (٦٢٢١) لە یاری کردن بە گوێز یان خورمادا.

٢ پێشتر ریوایەتەکەی دراوە

٣ رواه ابن ابي شيبه (٦٢١٣) و البيهقي في الكبرى (١٠/٢١٧).

٤ رواه ابن ابي شيبه (٦٢١٢) و البيهقي في الكبرى (١٠/٢١٧).

* بورەیـدە (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەگێڕێتـەوە كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((من لعب بالنردشیر فكأنما صبغ یده في لحم خنزیر ودمه))[١].

واتە: هەر كەسێك بە نەردەشێر یاری بكات وەك ئـەوە وایـە دەسـتی خـستبێتە نـاو گۆشتو خوێنی بەرازەوە.

* أبوموسى الاشعری (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((من لعب بالنردشیر فقد عصى الله ورسوله))[٢] واتـە: ئـەو كەسـەی یـاری نەردەشێر بكات سەرپێچی خواو پێغەمبەری كردووە.

* نافع (ڕەحمەتی خوای لێ بێـت) دەڵـێ: عبداللـەی كـوڕی عومـەر (خـوا لێـی ڕازی بێت) هەر كاتێك كەسێكی خۆی بدیایە یـاری بـە نەردەشـێر (تاوڵـە) یـان چواردەخانە دەكات لێی دەدانو یاریەكەشی دەشكاندن.[٣]

٦-شەترەنج:

* نافع لە عبداللەی كوڕی عومەر (خوا لێـی ڕازی بێـت) دەگێڕێتـەوە كـە پرسـیاری لێكرا دەربارەی شەترەنج؟ فەرمووی: لە تاوڵە خراپترە.[٤]

* پێشەوا مالك (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: شەترەنج بەشێكە لە تاوڵە.

* هەروەها پرسیاركرا لە ابن مسیبو الزهری (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) دەربـارەی حوكمی شەترەنج؟ فەرمووی: شتی بەتاڵو پڕوپوچەو خوایش بەتاڵو پڕوپوچی خۆش ناوێت.[٥]

هەروەها دەربارەی قەدەغەكردنی شەترەنج (یەزیدی كوڕی ابـن حبیـب)و (محمـدی كوڕی سـیرین)و (ابـراهیم النخعـی)و (مالـك بـن انس)و (أحمـد بـن حنبـل) (ڕەحمـەتی خوایان لێ بێت) هەمان ڕای پێشوویان هەیە.

---

١ رواه مسلم (٥٩٥٨).

٢ رواه مالك في الوطأ (٩٥٨/٢) والبخاري في الادب المفرد (١٢٦٩) إسناده حسن

٣ رواه الاجري في (تحريم النرد) (٣٥) واسناده صحيح.

٤ رواه ابن أبي الدنيا في (ذم الملاهى) (١٠٢).

٥ رواه البيهقي في (الكبرى) (٢١٢/١٠).

بەڵام زانایانی تری وەك ئیمام شافعیو أبو حنیفەو أوزاعیو كەسانی تر شەترەنج جیادەكەنەوە لە قومارو تاوڵە، ڕێگەیان پێداوەو دەڵێن نەخشەی سەربازیو بەهێزكردنی زیهنو مێشكی تێدایە.[1]

٧- كوجە:

* إبن الاعرابی: واتە منداڵان پەڕۆ دەهێننو خڕی دەكەنو وەك تۆپی لێ دەكەنو پاشان قوماری پێ دەكەن.

* عبداللەی كوڕی دینار دەڵێ: عبداللەی كوڕی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دای بەلای كۆمەڵێك منداڵدا بە كۆجە یاریان دەكرد لە چاڵێكدا كە داری لێ بوو، نەیهێشت ئەو یاریە بكەنو ئەو شوێنەیشی پەڕژین كرد.[2]

٨- یاریكردن بە گیانداران بە سزادانو بەشەڕدانیان:

* إبن عمر (خوا لێی ڕازی بێت) چوو بۆ لای یەحیای كوڕی سەعیدو لەوێ منداڵێكی بینی مریشكێكی بەستبوویەوەو لە دوورەوە كردبووی بە نیشانەو بەردی تێ دەگرت، خێرا (ابن عمر) چوو بەرەو ڕووی مریشكەكەو كردیەوەو بەرەلای كردو پاشان ڕووی كردە كەس‌وكاری منداڵەكەو فەرمووی: مەهێڵن منداڵەكانتان ئەم باڵندانە بەهێواشی بكوژن (واتە بەرد باران كردن) چونكە من خۆم لە پێغەمبەری خوام بیستووە (ﷺ) كە بەرگری كردووە لەوەی گیانلەبەر بە لەسەرخۆو ماوەی درێژ بكوژرێتو بە نیشانە بنرێتەوە.[3]

پێنجەم: هەڵوێستەیەك لەگەڵ هەندێك لە یاریەكانی ئەم سەردەمە:

١- تۆپی پێ:

ئەمڕۆ زۆرترین منداڵ یاری پێ دەكەنو گەورەو بچوك پێوەی خەریكنو تووش بوون، وای لێهاتووە منداڵی لەگەڵدا پیر دەبێتو بچوك لەسەر حەزو ئارەزووی گەورە

١وتەی وەرگێڕ.

٢ رواه البیهقي في الكبرى (١٠/٢١٧).

٣ رواه البخاري (٥٥١٤).

دەبێت، ئەم یاریە لە ئەسڵدا حەرام نیە ئەگەر ئەم خاڵانەی تێدا نەیەتەدی کە زۆربەی ئەم خاڵانە ئەمڕۆ تیایدا هاتۆتەدی‌و باش وایە منداڵ فێری چۆنیەتیە دروستەکەی بکرێت:

١-لە زیکرو یادی خوا مرۆڤەکان غافل‌و بێ ئاگا دەکات.

٢-لە نوێژکردن لە کاتەکانی خۆی دوایان دەخات.

٣-لە نوێژی بە کۆمەڵ‌و لە مزگەوتدا دوایان دەخات.

٤-دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڕێیەتی بەدڕەوشت‌و دوور لەخواو دواتر لەوانەو فێری جۆرەها جنێوو لەعنەتکردن‌و شتی خراپی تریش دەبێت

٥-لەم یاریەدا ڕق‌و کینەو دووبەرەکی‌و جنێوو قسەی سوك وتن بە یەکتری‌و بەتیپە چاکەکەی یەکتری دەدەن‌و هەندێك کات دەگاتە جنێوو شەڕیش لەناو موسڵماناندا پەنا بەخوا.

٦-منداڵی موسڵمان وا لێ دەکات کە چاو بکات لەو یاریزانانەی کە لە زۆر شتیاندا پێچەوانەی شەرعیشە لە قژو جل‌وبەرگ‌و هەڵس‌و کەوتیاندا.

٧- بکرێتە هۆکاری بردنەوەو قازانج واتە قوماری پێ بکرێت وەك لە زۆرێك لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا دەکرێت پەنا بەخوا.

٨- چاوکردن‌و لاسایی کردنەوی وڵاتانی کافرو بێ باوەڕە. ئەمەو چەندان زیانی تر کە باسکردنی درێژە دەکێشێت!! خوا پەنامات بدات.

٢-فیلم کارتۆن:

ئەم یاریە لای منداڵی ئەم ڕۆژگارە هەر بەوەندەوە نەوەستاوە کە منداڵان گێل دەکات‌و دووچاری سستی بیرکردنەوەو داهێنانیان دەکات، بەڵکو لەوەش لایداوەو کاریگەری خراپی کردۆتە سەر بیروباوەڕی منداڵی موسڵمانان‌و ڕەوشتیان، بۆیە یەکێك لە زاناکانی ڕۆژئاوا دەڵێت: منداڵانی ئەمڕۆ تەنها بینەری ئەم جۆرە فیلمانە نین بەڵکو خۆیان تێکەڵی ڕووداوەکانی بوون‌و لەگەڵیدا دەژین، بەشداری تیایداو کاریگەریەکی زیندووی کردۆتە سەر مێشك‌و هەناویان.

* ئەم فیلمە کارتۆنیە جوڵاوانە هەڵدەستێت بە کوژانەوەی تروسکایی (فیترەتی پاك) لەناخی منداڵدا بەڵام بەشێوازێکی خۆش‌و بەلەزەت‌و سەرنج ڕاکێش‌و لەم بارەیەوە پزیشکە دەروونناسەکان دەڵێن: (ئەگەر زیندان زانکۆ بێت بۆ فێربوونی تاوان ئەوە تەلەفزیۆنیش قوتابخانەیەکی ئامادەییە بۆ لادانی منداڵ).

لە بواری بیروباوەڕدا: چەندان منداڵی کوڕو کچ تێڕوانین‌و هاوکێشەکانیان تێکچووە، بەهۆی ئەو دیمەنانەی کە لە ئەفلام کارتۆنەکاندا دەیانبینێت، ئەوەتا دەبینی پیاوێك بە هەوادا دەفڕێت، یان کێوەکان تەخت دەکات، یان مانگ لەت دەکات بە دەستەکانی‌و پاشان دەیان داتەوە لەیەك!؟ نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لە چاویەوە تیشك دەردەکات‌و هەموو هەواڵێکی ئاشکراو نهێنی دەزانێ!!.

ئافرەتێك بۆی گێڕامەوە کە منداڵەکەی لێی پرسیوە: دایەگیان ڕاستە خوای گەورە یەك چاوی هەیە؟ ئەویش وتبووی: کوڕی شیرینم (پەنا بەخوا) لەو قسە هەڵەیە، خوای گەورە یەك چاو نیە، منداڵەکەش وتی: بەڵێ یەك چاوی هەیە من لە فیلم کارتۆنێکدا بینیومە کە لەسەر هەورەکان‌و لەسەر کورسیەك دانیشتبوو بەو جۆرە بوو!!.

ئەمە مشتێکە لە خەروارێك، چونکە زۆری لە ئەفلام کارتۆنەکان پڕن لە کاری سیحرو جادوگەری، وەك بڵێی سیحر لێهاتوویە... نەك یەکێك بێت لە گوناهە گەورە لەناوبەرەکان (الموبقات) ئیتر با ئەوەش بووەستێت کە چەندان نیشانەی سەلیبی‌و خاچ پەرستانی تێدایە!!!.

لەلایەنی ڕەوشتیەوە: ئەم فیلمانە ڕۆڵێکی ترسناکیان هەیە لە جوانکردنی درۆو دەلەسەو فرو فێڵ‌و ساختەکاری‌و گۆڵدان‌و پیشاندانیان بە شێوەی ئازایەتی‌و لێهاتوویی‌و وریایی!!

کە لەگەڵیدا حەیاو شەرم لە دڵی منداڵەکەدا نامێنێت، بۆ نا؟ لە کاتێکدا پاڵەوانانی ئەم فیلمانە دەبینن بە جل‌وبەرگی کورت یان ڕووت، قسەی ناشیرین‌و پڕوپوچ دەکەن‌و فێری چەندان فێل‌و ساختەکاری دەکەن، ئارەق دەخۆنەوەو جگەرە دەکێشن بە ڕۆژی

ڕۆشندا، قسە دەربارەی ئەوەی کە منداڵانمان فێری جۆرەها جنێوو قسەی سووک دەبن لێیانەوە...[١]

سەیری کتێبی (بصمات علی ولدي) بکە کە چەندان سەرپێچی شەرع فێری منداڵەکانمان دەکەن لە ڕێگەی فیلم کارتۆنەوە.

٣-یاریە ئەلیکترۆنیەکان (ئەتاری):

زیانەکانی ئەم یاریە هەر لەوەدا نیە کە منداڵ کاتەکانی تەمەنی لەبەردەمی شاشەیەکدا بەزایە دەدات بەڵکو لەمەش زیاتر چەندان زیانی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە کە پەروەردەکاران‌و پسپۆڕان خەڵکیان لێ ئاگادار کردۆتەوە لەوانە:

یەکەم/ یاریزانەکە ڕادەهێنێت لەسەر دڕندەیی‌و توندوتیژی‌و کوشتار. چونکە زۆربەی ئەو یاریانە خۆشیەکانیان لە پیاوکوشتن‌و دەست گرتن بەسەر ماڵ‌و سامانیاندایە.

لە وڵاتی کەنەدا لێکۆڵینەوەیەك کرا لەسەر (٣٠٠٠٠) لەو یاریانەو لە ئاکامدا دەرکەوت (٢٣) هەزاریان ڕاستەوخۆ باس لە کوشتن‌و تاوان‌و خوێنڕشتن دەکات...

دووەم/ بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی ڕەگەزی (جنسی):

١- زۆربەی یاریەکانی زۆرانبازی بە ئافرەتی بێ جل‌وبەرگ ئەنجام دەدەن کە (کاسیات عاریات)ن.

٢-لە یاری پێشبڕکێکاندا هەر کە سەردەکەوێت بۆ قۆناغێکی تر یەکسەر کچێکی ڕووتترو جوانتری بۆ دەردەچێت‌و ڕۆڵەکە دەبینێت.

سێیەم/ خووگرتن‌و فێربوون بەو یاریانەوە وای لێ دەکات کە ئەرك‌و واجباتەکانی پشتگوێ بخات:

ئەم یاریانە وایان لە هەندێك لە منداڵ‌و مێرمنداڵەکان کردووە کە تەواو خوویان پێوە گرتووەو لەڕادەبەدەر هۆگری بوون، ئەمەش وای کردووە لە هەندێك دەوڵەت ناچاربن تەمەن دیاری بکەن بۆ یاریکردنی ئەو جۆرە ئەتاریانەی کە لە شوێنە

---

١ أطفالنا والترفيه لا (١٣،١٤).

گشتیەکاندا هەن، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەك منداڵان هۆگری ببن‌و بۆیان تەرك نەکرێت.

چوارەم/ تاوان‌و ڕەوشتی ناشرین:

لە لێکۆڵینەوەیەکی سەیرو نامۆدا دەرکەوتووە کە ڕێژەی تاوان لەناو ئەو منداڵانەدا کە هۆگری یاری ئەتاریەکانن زیاترە لەوانە: منداڵ گەلێك هەڵدەستن بە سوتاندنی خەڵکانی تر، منداڵانێکیش دایك‌و باوکی خۆیان دەکوژن‌و منداڵانێکیش دەستدرێژی جنسی دەکەنە سەر کچانی منداڵ.

پێنجەم/ دڵی منداڵەکە لە سەر حەزی گوناه ڕادێت:

منداڵەکە لەگەڵ بەردەوامی لەسەر ئەم یاریانەدا کە تیایدا گوێ بۆ مۆسیقاو گۆرانیەکانی دەگرێت، دواتر ئاسان دەبێت لەلای گوێگرتن بۆ شتی حەرام، ئاسایی دەبێت لەلای سەیری کچی بێ جل‌وبەرگ‌و لاشە ڕووتەکانیان، لەسەر هەموو ئەمانە ڕادێت‌و ئاسایی دەبێت لەلای، ئەمە سەرەڕای بەفیڕۆدانی پارەو پولەکانی لە کڕینی شریت‌و چەندان سیدی جۆراو جۆری ئەتاریەکان، بەردەوام بەدوای ئەو یاریانەدا بگەڕێت کە تازەن‌و زۆر گرانن.

٤- یاریە جادوویەکان (الالعاب السحرية):

لەو یاریانەی کە لەناو منداڵاندا بڵاوبۆتەوە لەناو وڵاتانی موسڵماندا (یاری سیحربازی)یە لە شوێنی پارك‌و شاری یاریەکان‌و هۆڵە داخراوەکاندا کە زیاتر ناوی نراوە (سێرك) کە تیایدا منداڵی موسڵمان سەیری پیاوێك دەکەن کە یاری بە چاویان دەکات‌و شوشە وا لێ دەکات لەبەر چاویان بفرێت‌و باڵندە دەکات بە وەرەقە، ئەوانیش زۆر خۆشحاڵ دەبن بەم دیمەنەو چەپڵەو فیکەیان بۆ لێدەدەن!! ئەم کارەش یەکێکە لەو حەوت لەناوبەرەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (الموبقات) ناوی بردوون‌و هاوەڵان داری حەدیان داوە لەو کەسەی بەم کارانە هەستاوە.

٥- چیرۆکی منداڵان:

هەر لەو شتانەی کە منداڵی موسڵمانان خۆیانی پێوە خەریك دەکەن (چیرۆکی وێنەداری منداڵانەیە)و ئەم چیرۆکانە لەم دواییانەدا زیاتر بڵاوبوویەوەو لەلای منداڵان ڕەواجی پەیداکرد.

کە سەیر لەوەدایە زۆربەی ڕووداوەکانی لەسەر پاڵەوانەتیو توندوتیژیو کوشتنو کەسایەتی خەیاڵیو خورافی یان پاڵەوانە گیانلەبەرەکانن یان پیاوانی ئاسمانی (فضائي) نووسراون.

کە تیایدا دەبینی منداڵەکە ڕۆچووە لەگەڵ کۆمەڵێ ئەفسانەی پڕوپوچی وەك (سوپرمان)و (باتمان)و (میکی)و (سەندرێلا).

هەموو ئەمانە چیرۆك گەلێکی سەیرو سەمەرەن بە وێنەوەو ئەوەی وەریگێڕاوە بە هەموو عەیبو عارو بێ ماناییەکەیەوە، کەمترین وتە دەربارەیان بوترێت: ئەوەیە کە ماناو مەبەستێکی بەرزی تێدانیە، مەبەستی چاندنی ڕەوشتو قیەمی بەرزو جوان نیە.

لەمانەش ترسناکتر ئەوەیە کە تەواوی بوونی خوای تێدا فەرامۆش کراوە، بگرە بە پێچەوانەوە هەموو ئەو کارانەی کە تەنها لە پەروەردگار دەوەشێتەوە داویانە بە پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکانەو لەبەر چاوی منداڵەکانمان باران دەبارێننو خەڵکی نوغرۆ دەکەنو شارێك دەبەن بە ناخی زەویدا بە خەڵکەکانیشیەوە ! !

هەندێك لەو چیرۆکانە ڕووداوەکانی لە دەوری جنۆکەو شەیتانەکاندا نمایش دەکرێت، کە ئەمەش زۆر زیان دەدات لە منداڵەکە لەوەی ترسو بیم دەخاتە دڵیانەوە ئەمەش سەرەڕای خاڵیبوونی ئەو چیرۆکانە لە مانای بەرزو ئاکاری جوان.

٦-یاری دوو گۆڵی سەرمێز:

پرسیار کرا لە لێژنەی هەمیشەیی وڵاتی عەرەبستانی سعودی دەربارەی ئەو یاریەی کە لە بازاڕەکاندا داهاتووەو گەنجو منداڵ پێوەی خەریکن، کە بریتیە لە مێزێكو کۆمەڵێك یاریزانی تەختە یان ئاسن دروستکراوەو بە دەست دەجوڵێنرێنو تۆپێك لە

نێوانیاندایەو یاری پێدەکەنو لەدوای یاریەکە دۆڕاوەکە پارە دەدات بە خاوەنی یاریەکەو ئایا لە شەریعەتی ئیسلامدا دروستە؟

لە وەڵامدا وتیان: ئەگەر بەو جۆرە بێت کە باسی دەکەنو پەیکەری تێدابێتو دۆڕاوەکە پارەی یاریەکە بدات ئەوە حەرامە لە چەند ڕوویەکەوە لەوانە:

١- خەریکبوون بەم یاریەوە کاتەکان دەکوژێت لە شتی لەهو لەعبو بێ سووداو لەو پێناوەدا زۆرێك لە کارو ئەرکەکانی دنیاو دینی بۆ دەفەوتێنێت، ئەم یاریە دەکاتە خوو، بەرەبەرە دەبیات بەرەو قومارکردن لەسەری، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بەری لێ بگیرێتو دروست نیە لە شەریعەتدا.

٢-دروستکردنی پەیکەرو وێنەو کڕینی لە گوناهە زۆر گەورەکانە کە فەرموودەی (صحیح) حەرامی کردووەو هەڕەشەی سەختی خوایی لەسەرەو سزای ئاگری بە ئێشی بۆ هەیە.

٣-هەر بەوەی کە دۆڕاوە کە پارەکەی دەدات حەرام دەبێت، چونکە فەوتو ڕەوتکردنیماڵە لە شتی پڕوپوچدا، کاسبی کردن بەسەر ئەو ئامێرەوە دروست نیەو ئەو پارەیە حەرامەو (سحت)ە کە لەو ڕێگایەوە دەستی خۆی دەخاتو خواردنی ماڵی خەڵکە بە ناڕەواو لە گوناهە گەورەکانەو قومارەو حەرامە (وبالله التوفيق).[١]

٧- **هەموو یاریەکانی تری وەك**: بیستو یەكو پۆکەرو چۆکەرو شەترەنجو هتد.. پرسیار لە هەمان لێژنەی پێشوو کرا دەربارەی ئەم یاریانە ئایا حەرامن یان هەر مەکروهن؟

لە وەڵامدا وتیان:

ئەگەر ئەو یاریانە لەسەر پارەو بەرامبەر بکرێت ئەوە قومارەو حەرامەو (ابن عبدالبر) دەڵێ: هەموو زانایان لەسەر ئەوەن کە شەترەنج حەرامە ئەگەر لەسەر شت بکرێتو قومارەو دروست نیە کردنی.

---

١ فەتوای ژمارە ٢٢٠٩ (١٥/٢٠٦-٢٠٧).

هەروەها لەو ڕووەشەوە حەرام دەبێت کە زۆرێ لە ئەرکو واجباتی بۆ دەفەوتێنرێت لە کاتەکانی خۆی وەك نوێژ بۆ نمونەو فەوتاندنی مافی خێزان یان دایكو باوكو کەسانی تری ژێردەستی، یان سەردەکێشێت بۆ حەرامی وەك ناکۆکیو دووبەرەکیو ڕقو کینەو جنێو و قسەوتن بە یەکتری کە ئەوەش حەرامە، بەڵام ئەگەر ئەم یاریانە لەم شتانەی پێشو بەدوور بێت، هەر باش وایە خۆمانی لێ بەدوور بگرین چونکە لە پێشەوا (علی کوڕی ئەبوطالب)ەوە دەگێڕنەوە کە داویەتی بەلای کۆمەڵێکدا یاری شەترەنجیان کردووە فەرموویەتی: (مَا هَـذِهِ التَّمَاثِيلُ التي أنتُم لَهَا عَاكِفُون)؟ واتە: ئەمە چیە سەرتان داخستووە بۆ ئەم بتانە؟

هەروەها (ابن عمر)و هاوەڵانی تریش حەرامیان کردوونو هەروەها (أبوحنیفە)و (أحمد)و (مالیك) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) حەرامیان کردوون، چونکە هۆکارێکە بۆ سەرکێشان بەرەو قومارکردن لەسەریان، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە پێغەمبەرمان هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە تاوڵە دەکەنو بە سەرپێچیکاری پەروەردگار ناویان دەباتو دەفەرموێت ((من لعب بالنرد فقد عصى الله ورسوله)).

٨- یاری دەرەچێ کردن:

هەروەها پرسیار کرا لە هەمان لێژنە دەربارەی (شختك بختك)و دەرەچیێو بەختی خۆت کە شێوەکەشی قوتویەکی مەقەبا دەکرێتو لەناویدا شتت بۆ دەردەچێت ئیتر جاری وا هەیە شتەکە چاكو گران بەهایەو جاری وایش هەیە زۆر بێ نرخە؟

لە وەڵامدا فەرموویانە: ئەم یاریە دروست نیە چونکە دەچێتە ڕیزی کڕینو فرۆشتنی نادیار (بيع الغرر)و دەچێتە ڕیزی قومارەوەو حەرامە.

شەشەم: ئەو کاتانەی کە دروست نیە بوار بە منداڵان بدرێت یاری بکەن تیایاندا:

١- دەبێت لەکاتی نوێژەکاندا یاری نەکەن تا ڕابێن لەسەر پارێزگاری لەکاتی نوێژەکانیان بە کۆمەڵو لە مزگەوتدا ئەنجامیان بدەن.

٢- لەکاتی خۆر نیشتندا کە وەختی بڵاوبوونەوەی جنۆکەو شەیتانەکانە.

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((اكتفوا صبيانكم العشاء، فان للجن انتشاراً أو خطفةً))[1] واتە: منداڵەکانتان بەدوور بگرن لە یاریکردن لە دەرەوە لە دوای خۆر نیشتنو لە کاتی عیشادا چونکە لەو کاتەدا جنۆکەکان بڵاودەبنەوەو دەست دەبەن بۆ خەڵکی.

٣-هەروەها نەهێڵن لەدوای عیشای درەنگ یاری بکەن چونکە گومانی ئەوەی تێدایە کە خەبەریان نەبێتەوە بۆ نوێژی بەیانی.

* (ابي البدرة) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ناخۆش بووە لەپێش نوێژی عیشا بخەوینو لەدوای عیشایش قسەو باس بکەین).[2]

* موعاویەی کوڕی قەڕە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: باوکم لە دوای نوێژی عیشا بە هەموو منداڵەکانی دەووت: منداڵەکانم بخەون بەڵکو خوای گەورە لەم شەوەدا خێر بێنێتە ڕێگەتان).[3]

منیش دەڵێم: شەو درەنگ خەوتن هۆکارە بۆ فەوتاندنی نوێژی بەیانیو ئەگەر بیشی کات بە تەمەڵیو قورسی هەڵدەستێت بۆ کردنی چونکە تەواو شەکەت بووە.

حەوتەم:

هەر لە فەرموودەکەدا گەمەو شۆخیو سوعبەتی پێغەمبەرمان بۆ دەردەکەویت کە لەگەڵ منداڵاندا کردوویەتی ئەمەش سۆزو خۆشەویستی بووە بۆیان:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (كان رسول الله (ﷺ) من أفكه الناس مع الصبي)[4].

---

١ رواه البخاري (٣٣١٦).

٢ رواه البخاري (٥٤٧).

٣ رواه أبونعيم (٢/٢٩٩).

٤ رواه ابن النسي في (عمل اليوم والليلة) (٤١٩)دا.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆشترینو سوعبەتچی ترین کەس بووە لەگەڵ منداڵدا.

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: کوڕێکی (أم سُليم) هەبوو ناوی (أبو عمير)بوو، باڵندەیەکی هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) هەر کاتێك بهاتایە بۆلای دەیکردە پێکەنین، لە ڕیوایەتێکدا هاتووە (وكان يناغيه) واتە: نەغنەغەی بۆ دەکردو ئغەی بۆ دەکرد.

* محمودی کوڕی ربیع (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: تەمەنم پێنج سالان بوو لەبیرمە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمی پڕ دەکرد لە ئاو تێی دەکرتم یان بە دوڵچە)[1]

* ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (پێغەمبەر (ﷺ) گاڵتەو شۆخی لەگەڵ زەینەبی کچی (أم سليم) دەکردو پێی دەفەرموو: ((يا زوينب، يا زوينب))[2] واتە: زەینەبولکە–زەینەبولکە، یان زەینەبە گچکە–زەینەبە گچکە !.

* دیسان ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: (پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی دەگووتم ((يا ذا الاذنين))[3] واتە ئەی خاوەنی دوو گوێ–ئەی گوێدار.

هەشتەم: لە سوعبەتو شۆخیەکانی لەگەڵ منداڵاندا ئەوەبوو لەسەر پشتی یاریان دەکردو ئەویش قسەی نەدەکرد:

** (أم خالد)ی کچی (خالدی کوڕی سەعید) دەڵێ: لەگەڵ باوکمدا هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) کراسێکی زەردم لەبەردابوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((سنة، سنة)) واتە: چەند جوانە چەند جوانە جلەکانت)و منیش بە مۆری پێغەمبەرایەتیەکەی یاریم دەکردو دەستاکریم دەکردو باوکم لێم توڕەبوو، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((دعها)) واتە: وازی لێ بێنە.[4]

---

١ رواه البخاري (٧٧).

٢ رواه الضياء في المختاره (١٠٩/٥) ١٥٣٣– إسناده صحيح.

٣رواه أحمد (١١٧/٣–١٢٧).

٤ رواه البخاري (٥٩٩٣).

نۆیەم: هەر بەم جۆرە هاوەڵانیش (خوایان لێ ڕازی بێت) لەناو ماڵو خێزانی خۆیاندا گرنگیان داوە بە شۆخیو گاڵتەكردن:

* ابراهيم التميمی دەڵێ: عمری كوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: پیاو لە ماڵەوە دەبێت وابێت، بەڵام لەكاتی پێویستدا دەبینی پیاوە.

* سفيان الثوری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: زەیدی كوڕی ثابت (خوا لێی ڕازی بێت) لەناو ماڵ منداڵەكەیدا سوعبەتچی ترین كەس بووە بەڵام كە لەناو خەڵكدا دابنیشتایە جدی ترین پیاو بوو)[1]

* عەقەبەی كوڕی حارث دەڵێ: ئەبوبەكری صدیقم بینی (خوا لێی ڕازی بێت) حەسەنی كوڕی عەلی دەگرت بە باوەشیەوەو هەڵیدەقوناند دەیفەرموو:

بـــابی شـــبهُ النـــبي لیـــس شبیهـــا بعلي

واتە: هەموو گیانی لە پێغەمبەر دەكاتو هیچی لە عەلی ناكات. عەلیش (خوا لێی ڕازی بێت) گوێی لەو شیعرە بوو لە پاڵیدابوو پێ دەكەنی.

دەیەم:زانایان زۆر گرنگیان داوە بەو سودو كەڵكانەی لە فەرموودەكەی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) وەردەگیرێتو تەنانەت أحمدی كوڕی أبی أحمدی (الطبري) بەشێكی تایبەت كردووەو ناوی ناوە (ئەو كەڵكانەی لە فەرموەدەكەی (أبی عمیر) وەردەگیرێت)و لە پێشەكیەكەیدا وتوویەتی:

(بەسەرهاتی عومەیر، كە ڕیوایەتەكانیم) هێناوە، بەكورتیەكەی چەندان كەڵكی فقهیو سوننەتیو حیكمەتی تێدایە كە شەست لایەنی فیقهی لەخۆ گرتووە ئەوەی پەیوەندی بە منداڵەوە هەیە:

١-لە فەرموودكەدا هاتووە هەر كاتێك بهاتایە بۆ لای، سوعبەتو شۆخی لەگەڵ دەكرد كە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زۆر شۆخی لەگەڵ كردووەو ئەمەش دوو شت دەگەیەنێت:

یەكەم/ شتێكی دروستو ڕێگەپێدراوە سوعبەتكردن لەگەڵ منداڵاندا.

دووەم/ ئەم ڕێگەپێدانە بەڵگەی سوننەتیەتی نەك بەڵگەی دروستی ئەگەر وانەبووایە زۆر جار دووبارەی نەدەكردەوە وەك لە باسی نوێژكەر دەستكاری وردە

---

١ رواه الدينوري في (المجالسة) (١٠٣٨).

بەردی بەردەمی دەکاتو دەفەرموێت: ((فان كنت لابد فاعلاً فمرة)) واتە ئەگەر چارت نەبوو تەنها یەك جار نەبێت قەیناكات یەكجار.

٢-سوعبەتو شۆخیەكانی لەگەڵ منداڵاندا بەڵگەیە لەسەر بێ فیزیو خۆبەزل نەزانینی پێغەمبەرمان (ﷺ).

٣-بەڵگەیە لەسەر ڕەوشتی بەرزو جوان.

٤-بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە پیاو لەماڵەوە كەسێكی جیابێت وەك ئەوەی لە دەرەوەیە، لە ماڵەوە سوعبەتچی بێت لەگەڵ منداڵەكانیو بەڵام لە دەرەوە خاوەنی ویقارو كەسایەتی بێت بەڵام لەبەر ڕیاو خۆدەرخستن نەبێت.

٥-مەبەست لە وشەی (ما بال أبا عمير) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە سوننەتە برایەكت بینی، لە حاڵی برا یان منداڵە بچوكەكانی بپرسی.

٦-لە فەرموودەكەدا (باڵندەكەی كە یاری پێ دەكرد مرد)و پێغەمبەریش (ﷺ) بەرگری لێ نەكرد لەو كارەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە دروستە باوكان باڵندە بۆ منداڵەكانیان بكڕن.

٧- بەڵگەشە لەسەر ئەوەی كە باوكو دایكان دەبێت بوار بە منداڵەكانیان بدەن بە ئارەزووی خۆیان یاری بكەن ئەگەر یاریەكە حەرامو بەدڕەوشتی لێ نەكەوێتەوە.

٨- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە خەرجكردنی پارە لەپێناو كڕینی بوكو یاری بە منداڵەكانیان بە ئیسرافو پارە بەفیڕۆدان دانانرێت ئەگەر حەرام نەبن.

٩-بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە گرتنی باڵندەو ڕاگرتنی لەناو قەفەزدا دروستە.

١٠-هەر كاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوعبەتی لەگەڵ (أبا عمير)دا بكردایە (أبا عمير) دەستی دەكرد بە گریان، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە هەموو گریانێكی هەتیو عەرشی پەروەردگار ناڵەرزێنێت وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((إذا بكى اليتيم اهتز العرش)). بۆ هەموو گریانێك نەهاتووەو دوو جۆرە گریان هاتووە:

یەکەم/ گریانی ناز لەدوای شۆخی کردنو گەمەکردن لەگەڵ هەتیوەکە.

دووەم/ گریانی ستەملێکردنو نەبوونیو خەفەتباری بەڵام ئەگەر سوعبەتت لەگەڵ هەتیوێکدا کردو گریاندت ئەوە گوناه نیەو عەرشی خوا نالەرزێنێت.

١١- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی عاقلو ژیرمەند لەگەڵ خەڵکیدا دەجوڵێتەوە بەپێی عەقڵی خۆیان نەك بەپێی عەقلو ژیری خۆی.

١٢- هەندێك وا دەزانن کە ژیرمەند نابێت قسە لەگەڵ بێ عەقڵدا بکاتو هەواڵی بپرسێت، نەخێر وانیە بەڵکو ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی باڵندەیەك دەپرسێتو هەواڵی منداڵێکی بچوك دەپرسێتو دەفەرموێت ((یا أباعمیر مافعل النغیر؟)) یان فەرمووی ((ما بال أباعمیر)).

*　　　*　　　*

فەرموودەی سی و هەشتەم

بەرگری کردن لە سەرتاشینی نیوەچڵ

عن عبدالله بن عمر (رضی الله عنهما) قال: ان النبي (ﷺ) رأى صبياً حلق بعض شعره وتَركَ بَعضه، فَنَهَاهُم عن ذلِكَ وقَال: ((أحلقُوا كُلهُ أو أتركُوه كُلَّه)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

عبدالرزاق له (١٩٥٦٤)داو أبوداود له (٤١٩٥)داو النسائی له (٥٠٤٨)و ابن حبان له (٥٥٠٨)دا ڕیوایەتیان کردووە.

ئەو ئەحکامو فەرمانانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نابێت هەندێك لە سەر بتاشرێتو هەندێکی بەجێ بهێڵرێت کە پێی دەڵێن (القزع)و پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری لێکردووە:

* عبداللەی کوڕی عمر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرگری کردووە لە سەرتاشینی منداڵ بەشێوەی (القزع) دەڵێ وتم بە نافع: (قزع) چیە؟ فەرمووی: هەندێکی سەر دەتاشرێتو هەندێکی بەجێ دەهێڵرێت.[١]

دووەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر کارێکی ناشایستەو ناشەرعی بە منداڵ بکرێت، باوكو دایكو سەرپەرشتیارەکەی بەرپرسیارو گوناهبارن.

سێیەم: جۆرەکانی قەزەع:

ابن قیم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: چوار جۆر قەزەع هەیە:

١- لێرە هەندێکی بتاشرێتو لەوێ هەندێکی بهێڵرێتەوە واتە پینەپینە.

٢- ناوەڕاستی سەری بتاشێتو ئەملاو ئەولاکەی بهێڵێرێتەوە وەك گاورەکان وایان دەکرد.

---

١ رواه البخاري (٥٩٢٠) ومسلم (٥٦١٠). پڕاو پڕ وەك (حەفر) لەم ڕۆژگارەدا.

٣-ئەملاولاکەی بتاشرێتو ناوەڕاستەکەی بهێڵرێتەوە وەك ئەوباش‌و نزمەکان وایان دەکرد، (ئەمڕۆ پێی دەڵێن (حەفر) وەرگێڕ).

٤-پێشی سەر بتاشێتو دواکەی بهێڵێتەوە، ئەمانە هەمووی قەزەعەو بەرگری لێکراوە لە ئیسلامدا (والله أعلم).

چوارەم: دروستە قژی کوڕ درێژ بکرێتو بکرێت بە پەلکە بۆی:

* ابن عباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەربارەی ئەو شەوەی لە ماڵی پورە مەیمونەی مایەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەو هەستاو دەستی کرد بە نوێژکردن‌و منیش هەستام لەلای چەپیدا وەستام‌و ئەویش دوو پەلکەکەی قژی گرتم‌و خستمیە لای ڕاستی خۆیەوە.[1]

* ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پەلکەم هەبوو، دایکم پێی وتم: نایبڕم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) درێژی دەکردو ڕایدەکێشت.[2]

* أبو وائل (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ابن مسعود (خوا لێی ڕازی بێت) وتاری بۆ دەداین‌و دەیفەرموو: چۆن پێم دەڵێن وەك قورئان خوێندنی زەیدی کوڕی سابت لەدوای ئەوەی کە من حەفتاو ئەوەندە سورەتم لە دەمی پێغەمبەری خواوە بیستووە (ﷺ) لەو کاتەدا زەید لەناو منداڵاندا یاری دەکردو جوتێك پەلکەی هەبوو.[3]

پێنجەم: سوننەتە لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونی منداڵدا سەری بتاشرێت.

شەشەم: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەپاش سێ ڕۆژ مردنی باوکیان سەری کوڕەکانی جەعفەری کوڕی ئەبوطالبی تاشی:

* عبداللەی کوڕی جەعفەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ ڕۆژ لە کەس‌و کاری جەعفەر وەستا لەدوای شەهیدبوونی‌و پاشان هات بۆلایان فەرمووی: ((لاتبكوا على أخي بعد اليوم)) واتە لەمڕۆ بەدواوە بۆ براکەم مەگرین‌و

---

١ رواه البخاري له (كتاب اللباس)دا (٥٩١٩).

٢ رواه أبوداود (٤١٩٦) واسناده حسن.

٣ رواه النسائي (٥٠٦٤) وأصله في الصحيحين.

پاشان فەرمووی: ((ادعوا اليَّ بَني أخي)) واتە: برازاکانم بۆ بانگ بکەن و دەڵێ: هەموومان هاتین سەرمان وەك جوجەڵەی لێ هاتبوو فەرمانی بە سەرتاشینمانداو فەرمووی: ((ادعوا اليَّ الحلاق))[١]

حەوتەم: ئەمڕۆ زۆربەی منداڵی موسڵمانان وەك ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی داوە چاو لە جولەکەو گاور دەکەن و جۆری قژ تاشینەکانیان لە کۆمەڵگە کافرو بێ باوەڕەکانەوە وەرگرتووەو منداڵە داماوەکە لەسەر ئەم چاولێکردنە گەورە دەبێت و تا وای لێ دێت خۆشیشی بوێن و شوێنیان بکەوێت لە گەورەبووندا.

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەفەرموێت: ((من تشبه بقوم فهو منهم))[٢] واتە: هەر کەسێك چاو لە هەر گەلێك بکات ئەوە لەگەڵ ئەواندایە. کەواتا لەسەر باوك و دایکان پێویستە ئاگاداری منداڵەکانیان بن و نەهێڵن لە شێوازی سەرتاشیندا چاو لە بێ باوەڕان بکەن و لەسەر ئەو شێوازە گەورە ببن و ئەوان لە ڕۆژی قیامەتدا بەرپرسن لێیان:

* ابی سلام دەڵێ: چووم بۆلای عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت)و سەرم بە شێوازی (قەزەع) تاشرابوو، فەرمانی دەرکرد هەموویان بۆ تاشیم.[٣]

* شێخ محمود التویجری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: هەر کەسێك چاو بکات لە دوژمنانی خوای تەعالا وەك: (قەزەع/ تاشینی قژی سەر کە هەندێکی بتاشرێت و هەندێکی بەجێ بهێڵرێت ئەوە کاری جولەکەو گاورو مەجوسەکانە)[٤].

---

١ رواه النسائي (٥٢٢٧).

٢ رواه أبوداود (٤٠٣١).

٣ رواه ابن أبي شيبه (٥٣٢٦).

٤ الايضاح والتبين لا (٧٥–٧٧).

زۆرێك لە نەفامانی ئەم سەردەمەی خۆمان قژی منداڵەکانیان بە جۆرێك دەتاشن کە لـە پێـشەوە هەنـدێکی دەهێڵنــەوە وەك پـاپۆکی کەڵەشـێر، دەڵـێن ئەمـە کـاری جولەکەکانەو بە گشتی ئەمە شێواندنی خەڵقی خوایەو حەرامە):

* أبـوداود ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئەنەسـی کـوڕی مالیکـەوە (خـوا لێـی ڕازی بێـت) دەگێڕێتەوە کە دوو منداڵی بینی کە بە جۆرێك قژیان تاشیبوو کـە هەنـدێکی تاشرابوو هەندێکیشی وەك پەلك شۆڕ کرابوویەوە، فەرمووی: بیانبڕن یان کورتیان بکەنەوە ئەمە شێوە سەرتاشینی جولەکەکانە.[1]

* صفیەی کچی أبی عبید دەڵێت: ابن عمر (خـوا لێـی ڕازی بێـت) منـداڵێکی بینـی سەری بەشێوەی پچرپچڕ تاشرابوو (قەزەع) فەرمووی: ئەوە نازانی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرگری کردووە لەوەی کە سەری منداڵان بەم جۆرە بتاشرێت.[2]

* المـروزی دەڵـێ: پرسـیارم کـرد لـە أبـو عبـدالله واتـە: أحمـدی کـوڕی حەنبـەل (ڕەحمەتی خـوای لێ بێـت) دەربـارەی منـداڵ پـشتی سـەری‌و قـەنافزی بتاشرێت؟ لـە وەڵامدا فەرمووی: ئەوە کـاری فارسـە مەجوسـیەکانەو هـەر کەسـێك چـاویان لێ بکـات لەوانە.

*　　　　*　　　　*

١ سنن أبوداود (٤١٩٧).

٢ مسند امام أحمد (٢/١٠٦).

فەرموودەی سی و نۆیەم
فەرمان پێکردن و بەرگری کردنی منداڵان

عن ابي هريرة (ﷺ) قال: كنا عند رسول الله (ﷺ) وَهُو يقسمُ تَمراً مِن تمر الصدقة، وَالحسن بن علي في حجرِه، فَلما فرغَ حمله النبي (ﷺ) على عاتقة، فسال لعابة على النبي (ﷺ) فرفع النبي (ﷺ) رأسه، فإذا تَمرة في فِيه، فَحَرك خده، وَقَال: ((القِهَا يَا بنيَّ كِخْ كِخْ ارْمِ بِهَا)) فادخل النبي (ﷺ) يده في فِيه فَانتزعهَا مِنهُ ثُم قال: ((أمَا عَلِمْتَ انَّ الصَّدَقَةَ لاتحلُّ لآل مُحمد)).

دەرهێنانی فەرموودەکە:

عبدالرزاق (٦٩٤٠)و أحمد (٢/٢٧٩)و البخاری (١٤٨٥)و (١٤٩١)و (٣٠٧٢)و مسلم (١٠٦٩)و النسائی (٨٦٤٥)و الدارمی (١٦٨٢) ڕیوایەتیان کردووە.

ئەو ئەحکام و فەرمانانەی لە فەرموودەکە وەردەگیرێت:

یەکەم: دەقەکانی قورئان و سوننەت ئەوە دەگەیەنن کە سەرپەرشتاری منداڵ لەسەریەتی منداڵەکانی لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت، ئەمەش بە فەرمان پێکردن و پەروەردەکردنیان لەسەر جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خواو دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی پەروەردگار قەدەغەی کردووە.

ئەمەش مافێکی منداڵە بەسەر باوک و دایکیەوە و لە ڕۆژی قیامەتدا پرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەسەری:

* وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارًا وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ﴾[1]

---

١ سورەتی التحريم ئایەتی (٦).

* ئیمام عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) لەسەر مانای ئەو ئایەتە دەفەرموێت: واتە لەسەر دایكو باوكانە فێریان بكەنو پەروەدەیان بكەن.[١]

* قەتادە (رەحمەتی خوای لێ بێت) لەسەر وشەی (قُوا) دەفەرموێت: واتە فەرمانیان پێ بكات بە گوێڕایەڵی خواو بەرگریان لێ بكات لە قەدەغەكراوەكانی، فەرمانی خوایان بەسەردا جێ بەجێ بكاتو هاوكاریان بێت لەم بارەیەوەو ئەگەر بینی سەرپێچی پەروەردگاریان كرد بەرگریان لێ بكاتو دووریان بخاتەوە لێی.[٢]

* یان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە عبداللەی كوڕی عەمری فەرموو (خوا لێی ڕازی بێت) ((وان لولدك عليك حقاً))[٣]

واتە: كوڕەكەت مافی هەیە بەسەرتەوەو دەبێت بەرامبەری جێبەجێ بكەیت.

* لەو فەرموودەیەی كە (ابن عمر) (خوا لێی ڕازی بێت) كە لە پێغەمبەری خواوە بیستوویەتی تیایدا هاتووە: ((والرجل في أهله راع وهو مسؤل عن رعيته..))[٤] واتە: پیاو لەناو خێزانەكەیدا بەرپرسیارە لێیانو لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەكرێت لەسەریان.

* هەروەها ابن عمر (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ)دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: ((لايسترعى الله تبارك وتعالى عبداً رعية قلت او كثرت الا ساله الله تبارك وتعالى عنها يوم القيامة، أقام فيهم امر الله تبارك وتعالى ام أضاعه؟ حتى يسأله عن أهل بيته خاصة))[٥]

---

١ رواه الطبري في تفسيره (١٦٥/٢٨).

٢ رواه الطبري في تفسيره (١٦٦/٢٨).

٣ رواه مسلم (٢٧٠١).

٤ مسلم (٤٧٥١) والبخاري (٨٩٣).

٥ رواه أحمد (١٥/٢).

واتە: هیچ بەندەیەکی خوا نیە کە خوای تەبارەكو تەعالا کۆمەڵێك کەسی خستبێتە ژێر دەستی جا فەرقی نیە کەم بن یان زۆر، مەگەر لە ڕۆژی قیامەتدا خوای تەبارەكو تەعالا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات لەسەریان کە ئایا حوکمو فەرمانەکانی خوای بەسەردا جێ بەجێ کردوون یان فەوتاندوونی؟ تەنانەت دەربارەی خێزانو منداڵەکانیشی بەتایبەتی پرسیاری لێ دەکات.

* (فُضیل)ی کوڕی (عیاض)یش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هەموو شوانێك بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانیو پیاو دەربارەی خێزانو منداڵەکانی پرسیاری لێ دەکرێت، دەی لەخوا بترسنو ئاگاتان لەماڵو منداڵتان بێتو ئێوە بەهەوانتەو بێ مەبەست دروست نەکراون.[1]

دووەم: هەڕەشەی زۆر توند هاتووە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) بۆ ئەو کەسانەی کە لەژێر دەستی پیاوێکدانو دەیانفەوتێنێتو فەرمانیان پێ نادات بە گوێڕایەڵی پەروەردگارو بەرگریان لێ ناکات لە سەرپێچی کردنیو ئەنجامدانی حەرامو قەدەغەکراوەکان:

* عبداللەی کوڕی عەمر (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((کفی بالمرء اثماً ان یضیع من یقوت))[2] واتە: بەسە بۆ مرۆڤ ئەوەندە گوناه کە ئەو کەسانە بفەوتێنێت کە قوتو خواردنیان لەژێر دەستی ئەو دایە.

* مەعقەلی کوڕی یەسار (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە پێغەمبەری خوام بیست (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((ما من عبدٍ یسترعیه الله رعیة، یموت یوم یموت وهو غاشٍ لرعیته الا حرّم الله علیه الجنة))[3]

واتە: هەر بەندەیەك خوای گەورە خەڵکی خستبێتە ژێر دەستیو ئەو ڕۆژەی دەمرێت غەشو دزی لێ کردبن ئەوە خوا بەهەشتی لێ حەرام دەکات.

---

١ رواه السلفي في (الطیوریات) (٢٩٩).

٢ رواه مسلم (٢٢٧٥) و أبوداود (١٦٩٢) واللفظ له.

٣ رواه مسلم (٢٨٠).

* عثمان الحائطي دەڵێ: گوێم لە (ابن عمر) بوو (خوا لێی ڕازی بێت) بە پیاوێکی دەووت: ئەدەبو ڕەوشتی منداڵەکەت دابدە چونکە بەرپرسیاری لە کوڕەکەت کە ئایا چۆن پەروەردەت کرد؟ وە چیت فێر کرد؟ ئەویش بەرپرسیارە لە چاکەکردن لەگەڵتداو گوێڕایەڵی کردنت.[1]

* سفیان الثوري (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لە ڕۆژی قیامەتدا فەرمان دەدرێت کەسێك بخرێتە ناو ئاگرەوەو پێی دەڵێن: ماڵو منداڵەکەی هەموو چاکەکایان خواردووە.

سێیەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر منداڵ ناشەرعیو سەرپێچیەکی کرد دەبێت سەرزەنشت بکرێتو بەرگری لێ بکرێت لە دووبارەبوونەوەی ئەو غەڵەتە تا حەرامو سەرپێچی ئاسایی نەبێت لەلایان، لەو فەرموودانەی لەم بارەیەوە هاتووە زۆرن لەوانە:

١- ئەو فەرموودەیەی کە فەرمان بە باوکان دەدات لە تەمەنی دە ساڵیدا بدەن لە منداڵەکانیان لەسەر نوێژ نەکردن.

٢- بوار نەدەیت منداڵەکەت لاسایی کافرو بێ باوەڕان بکاتەوە لە قژ داهێنانو سەرتاشینو جلوبەرگ لەبەرکردنو جوانکاریەك کە پێغەمبەر بەرگری لێکردووەو بە باوکان دەڵێت نەهێڵن منداڵەکانیان لایەکی قژیان بتاشنو لایەکی تری بهێڵنەوە.

٣- بەرگریکردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوەی منداڵان لەکاتی خۆر نیشتندا بچنە دەرەوە کە لەو ساتەدا شەیتانەکان بڵاودەبنەوە بەسەر زەویدا.

٤- نەهێشتنی ئەوەی کە بهێڵرێت منداڵ ئادابەکانی خواردن فەرامۆش بکات وەك لە فەرموودەکەدا هاتبوو کە پێغەمبەر (ﷺ) بەرگری کرد لەوەی عمری کوڕی أبی سلمە دەست ببات بۆ ئەملاو ئەولای قاپی خواردنەکەو فێری کرد دەست بۆ بەردەمی خۆی ببات.

---

[1] رواه أبونعيم في تأريخ أصبهان (١/٤٦٥-٤٦٦).

چوارەم: هەروەها ئەم فەرموودەیە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە منداڵ وەك چۆن هەڵەی لێ قبول ناکرێت، هەر بەو جۆرەیش فەرمانی چاکەی بەسەردا دەدرێت تا ڕابێت لەسەری‌و لەو بارەیەوە هاتووە کە:

١- فەرمانی پێدراوە لە سێ کاتدا مۆڵەت وەربگرێت ئەوجا بڕواتە ژوورەوە بۆ لای دایك‌و باوکی کە پێش نوێژی بەیانی‌و لەکاتی نیوەڕۆداو لەپاش نوێژی عیشایە.

٢- فەرمانی پێدراوە کە شوێن بیرو باوەڕی ڕاستەقینە بکەوێت‌و لە بیدعەو هاوەڵ پەیداکردن بۆ خوا بەدووربێت وەك لە فەرموودەکەی (ابن عباس)دا هاتووە (خوا لێی ڕازی بێت) کە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((إذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فاستعن بالله)) واتە: ئەگەر پاڕایتەوە تەنها لە خوا بپاڕێرەوەو لە ئەو داوا بکەو تەنهایش داوای کۆمەکی هەر لە ئەو بکە.

٣- هەروەها فەرمانی پێدراوە کە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا نوێژ بکات‌و باوك‌و دایکی نوێژی پێ بکەن.

ئەمەو چەندان فەرمانی تر کە لەم کتێبەدا هێناومانە.

پێنجەم:

سەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) لەسەر ئەم پرۆگرامە جوانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشتوون‌و منداڵەکانیان لەسەر پەروەردە کردووە، لەسەر گوێڕایەڵی‌و بەندایەتی گۆش کردبوو، لەسەر دوورکەوتنەوە لە گوناه و قەدەغەکراوەکان‌و بە گەورە سەیرکردنی سنورەکانی پەروەردگارو نەشکاندنیان، لەم بارەیەوە نموونە زۆرن لەوانە:

* لە (ابن عمر)ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە جارێکیان دەڕوات بۆ ماڵی یەحیای کوڕی سەعیدو لەو کاتەدا کوڕێکی یەحیا مریشکێکی بەستبوویەوەو نابوویەوە بە نیشانە!

(ابن عمر)یش خێرا ڕۆیشتو مریشکەکەی کردەوەو منداڵەکەشی برد بۆ لای یەحیای باوکیو پێی وت: تەمێی منداڵەکەتان بکەن با باڵندە نەکاتە نیشانەو بە لەسەرخۆیی نەیانکوژێت من لە پێغەمبەری خوام بیستووە (ﷺ) کە بەرگری کردووە لەوەی گیانلەبەر بە هێمنی بکوژرێت.[1]

* عەلی کوڕی سەهلی کوڕی زوبێر دەڵێ: خزمەتکارێکیان کچێکی زوبێری بردبووە خزمەت عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) و چەند زەنگڵەیەك لە قاچیدا بوو، عمر کە بینی خێرا پچڕاندیو پاشان فەرمووی: (لە پێغەمبەری خوام بیستووە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((ان مع كل جرس شيطاناً))[2] واتە: لەگەڵ هەموو زەنگڵەیەکدا شەیتانێك ئامادەیە.

* نافع لە ابن عمرەوە دەگێڕێتەوە (خوا لێی ڕازی بێت) کە لە منداڵەکانی داوە لەسەر هەڵەی (زمانەوانی) لە قورئان خوێندنیاندا یان قسەکردنی ئاسایی.[3]

* سەعدی کوڕی ئیبراهیم لە باوکیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: عبدالرحمنی کوڕی عەوف (خوا لێی ڕازی بێت) لەگەڵ کوڕێکیدا کە کراسێکی ئاوریشمی لەبەردابوو چوونە خزمەت عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت)و ئەویش هەستاو کراسەکەی لەبەری کوڕەکەیدا دڕاند.[4]

* جابر (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لەبەری کوڕاندا جلی ئاوریشمان بدیایە دامان دەکەندو لەبەری کچاندا دەمانهێشتەوە.[5]

---

١ رواه البخاري (٥٥١٤).

٢ رواه أبوداود (٤٢٣٠).

٣ رواه البخاري في الادب المفرد (٨٨٠) وابن ابي الدنيا في (العيال) (٣٣٥).

٤ رواه ابن ابي شيبه (٤٧٠٩).

٥ رواه أبوداود (٤٠٥٩).

* محمدی کوڕی زوبێر (الحنظلی) دەڵێ: عمری کوڕی عبدالعزیزم بینی دای لە کوڕێکی لەسەر ئەوەی بینی لەسەر دیوارێك نووسیبووی (بسم الله)[١]

* محمدی کوڕی سوقە دەڵێ: سەعیدی کوڕی جوبەیرم بینی (رەحمەتی خوای لێ بێت) عەرەبێکی دەشتەکی بینی ملوانکەیەکی لە ملدابوو، لە ملی ڕایکێشاو قرتاندنی.[٢]

* ئەسمای کوڕی عوبەید دەڵێ: بە محمدی کوڕی سیرینم وت: چەند هەتیوێکم لەلایە واتە چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەم، فەرمووی: بە منداڵەکانی خۆت چی دەکەیت بەوانیشی بکە، چۆن دەدیت لە منداڵی خۆت ئاواش لەوان بدە.[٣]

* شومەیسە (العتکیە) دەڵێ: باسی تەمێکردنو لێدانی منداڵی هەتیو کرا لە خزمەت عائیشەدا (خوا لێی ڕازی بێت)و ئەویش فەرمووی: من جاری وابووە ئەوەندەم داوە لە هەتیو لە چوارپەلی کێشاوە.[٤]

* ئیبراهیم (النخعی) دەڵێ: لەسەر پاراستنی پەیمانو شایەتیدان دروست لێیان دەدایین.[٥]

شەشەم: سەرپەرشتی منداڵ دەبێت زۆر ژیرانە هەموو شێوازەکانی بەکاربهێنێت، دەبێت زۆر سوور بێت لەسەر پەروەردەکردنو تەمێ کردنیانو نابێت ڕەحمو بەزەیی وای لێ بکات کە تورە نەبێت لێیانو لێیان نەدات ئەگەر بینی سەرپێچی شەرعیو کاری نابەجێ دەکەن کە ئەوەش وایان لێ دەکات وردە وردە لەگەڵ گوناهدا ڕابێتو لەپاش ئەوە دەبنە هۆی زەرەرمەندی خۆیانو ئەوانیش:

---

١ رواه ابن ابي شيبه (٢/٤٦-٤٧).

٢ رواه الفاكهي في اخبار مكة (٤٤٢).

٣ رواه البخاري في الادب المفرد (١٤٠).

٤ پێشتر دراوە.

٥ رواه البخاري في صحيحه (٣٦٥١).

** ابن الجزار القيرواني كە پزیشك بووە دەڵێ: فەرمانمان پێدراوە كە ئەدەبی منداڵانمان لەكاتی منداڵیاندا دابدەین، چونكە لەو كاتەدا زۆر شتیان بەدەست خۆیان نیەو هەر كارێك بدەیت بەسەریاندا ئەوە دەكەنو هەر كەسێك منداڵەكەی لەسەر ئەدەبو ڕەوشتی جوان پەروەردە بكات ئەوە چاكەیەكی گەورەی دەست كەوتووە، بەڵام هەر كەسێك ئەوە وازلێبێنیو گرنگی پێ نەدات ئەوە بەرەو ناتەواویەكی گەورە دەبیات، لەوانەیە دوای ئەوەی كار لەكار ترازا هەست بە گەورەیی پەروەردەكردنی منداڵەكانی بكاتو پەشیمانی ڕووی تێ بكات كە بەهۆی هەڵەی خۆیەوە تووشی هاتووە.[1]

* ابن قیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئەو كەسەی منداڵەكەی پشتگوێ بخاتو ئەو زانستانەی فێرنەكات كە سودی هەیە بۆی ئەوە لەگەڵ منداڵەكەیدا بە ئەوپەڕی خراپی خراپ بووە، خراپ بوونی زۆربەی منداڵان بەهۆی باوكو دایكیانەوەیە، كە داواكاریەكانی ئیسلامو سوننەتەكانی پێغەمبەریان فێرناكەن، بە منداڵی فەوتاندونیان، ئیتر بە گەورەیی نە سودیان بۆ خۆیان دەبێتو نە سودیان بۆ ئەوانیش دەبێت.

هەروەك باوكێك گلەیی لە كوڕەكەی دەكاتو دەڵێ زۆر خراپیت لەگەڵمدا، ئەویش جوان وەڵامی دایەوەو وتی: بە منداڵی لەگەڵ من خراپ بوویتو منیش بە گەورەیی لەگەڵ تۆ خراپم، بە منداڵی منت فەوتاندو منیش بە گەورەیی تۆم فەوتاند.[2]

حەوتەم: فەرموودەكە ئەوە دەگەیەنێت كە دەبێت قۆناغ قۆناغ بەرگری لە منداڵ بكرێت نابینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەرەتاوە بەدەم بەرگری خواردنی دەنكە خورماكەی لە حەسەن كرد، و پێی فەرموو: ((كخ كخ))و پاشان هەر بەوەوە نەوەستاو

---

١ سیاسة الصبیان لا(١١٤).

٢ تحفة المودود لا (٣٨٧).

قۆناغی دووەمی لەگەڵدا بەکارهێنا کە گۆڕینی سەرپێچیەکەیە بە دەستو هەستا دەستی خستە دەمی بەزۆر خورماکەی لە دەمی دەرهێنا بە لیکەکەیەوە.

هەشتەم: خۆشەویستیو ڕەحمو سۆز نابێت وا لە باوکو دایکان بکات کە واز لە منداڵەکەیان بهێنن بە ئارەزووی خۆی چی بوێت بیکات، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بە بەزەیترین کەس بووە لەگەڵ ماڵو منداڵەکەیدا کەچی ئا بەو جۆرەش توندو تیژە لەگەڵ حەسەنداو ناهێڵێت تەنانەت دەنکە خورمایەکیش بخوات چونکە خورمای زەکاتەو زەکاتیش بە بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ) ناشێتو پێی دەفەرموێت: ئایا نازانی زەکات بە ئالی محمد ناشێتو دروست نیە بۆیان، کەواتە ئەمەیە ڕەحمو بەزەیی ڕاستەقینە بە منداڵدا.

نوکتەیەك/ زۆرێك لە باوكو دایكان لە ڕێگەی تێنەگەیشتنەوە وادەزانن منداڵەكانیان خۆش دەوێتو سۆزیان هەیە بۆیان کە هەڵیان ناسێنن بۆ نوێژی بەیانی!! یان دڵیان نایە ڕۆژوویان پێ بگرن![1]

نۆیەم: فەرموودەکەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاتێت باوكو دایكان بەرگری لە کارێکی ناشایستە دەکەن لە منداڵەکانیان دەبێت هۆی ئەوەیان بۆ ڕوون بکەنەوە کە بۆچی ناهێڵن ئەو کارە بکەن وەك پێغەمبەر (ﷺ) هۆکاری نەخواردنی خورماکەی بۆ حەسەن ڕوون کردەوە.

دەیەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زەکات وەك بۆ گەورەکانی کەسو کاری پێغەمبەر دروست نیە هەروایش بۆ منداڵەکانیان دروست نیە، (کەواتە هەندێك لە باوکان وادەزانن گوناهکردنو حەرام خواردن بۆ گەورەو بەساڵاچوان حەرامەو ئیتر منداڵەکانیان دزی لە باخی خەڵکیو دوکانەکان بکەن سەرزەنشتیان ناکەن یان جنێوو

---

١ وتەی وەرگێڕ.

شەڕو قسەی سوك بڵێن بە هاوڕێکانیان بەرگریان لێ ناکەن‌و دەڵێن قەیدی چیە منداڵە جارێ!!)[1]

یازدەیەم: فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت کە لیکی منداڵ پاکە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی کرد بە دەمی حەسەنداو خورماکەی دەرهێنایەوە بە لیکەکەوەو هەڵیدایەوە ناو خورماکانی ترو فەرمانی شۆردنی نەدا.

* ابن قیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەم مەسەلە شتێکی گشتیەو کەس ناتوانێت خۆی لێ بپارێزێت‌و منداڵ هەر هەڵدەگیرێت‌و ئەویش لیك‌و تفی هەیە، بۆیە شەرع وای داوا نەکردووە جل بشورێت لە پێوەدرانی لیك‌و بە دروستی داناوە نوێژی پێوەبکرێت.[2]

دوازدەیەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە لەناو کۆڕو کۆمەڵدا پیاو منداڵی لەگەڵدابێت‌و دروستیشە بیخاتە سەر کۆشی یان لەپاڵ خۆیدا دایبنێت.

سێزدەیەم: لە فەرموودەکەدا ئەوە دروستە کە پیاو منداڵ بخاتە سەرشانی یان وەك دەڵێن بیگرێت بە قەڵادوشکانیەوە.

چواردەیەم: دروستە کاتێك منداڵ شتێکی خراپ یان حەرام بخوات پێی بڵێی –کخ–کخ– واتە: پیسە، کخەیە، بیتفەوە: وەك ئەوەی حەسەن (خوا لێی ڕازی بێت) خورماکەی برد بۆ دەمی‌و پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((کخ کخ ارم بها...)) فەرموودەکە.

---

١ وتەی وەرگێڕ.

٢ تحفة المودود (٣٦٢).

کە ئەم وشەیە بۆ منداڵ بەکاردەهێنرێت کاتێك شتێکی پیس ببات بۆ دەمی، هەندێك دەڵێن وشەیەکی عەرەبییەو هەندێکی تر دەڵێن فارسیەو بوخاری (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە باسی قسەکردن بە فارسیدا هێناویەتی (والله أعلم).

* * *

فەرموودەی چل هەم

نیشانەکانی بالغبوونی منداڵ

عن عبدالله بن عمر (رضی الله عنهما) قال: عرضني رسول الله (ﷺ) يَومَ أُحُد في القِتال، وأنَا ابنُ أربعَ عَشرَةَ سَنَة فلَم يُجزني، وعرَضَني يَومَ الخَندَق، وأنَا إبنُ خَمس عَشرَةَ سَنَةً فأجَازَني.

قَالَ نَافع: فقَدِمتُ عَلَى عُمَر بْنِ عَبدالعَزيز وهوَ يَومَئذٍ خَليفَة، فَحَدَّثتُهُ هَذَا الحَديث، فقَالَ إنَّ هَذَا لَحَدّ بَينَ الكَبير والصَّغير، فَكَتَبَ إلى عُمَّالِهِ أن يَفرضُوا لِمَن كَانَ ابنَ خَمس عَشرَةَ سَنَة، وَمَن كَانَ دُونَ ذَلكَ فَاجعَلُوهُ في العِيَالِ.

أحمد له (٢/١٧)و البخاری لە (٤٠٩٧) (٢٦٦٤)داو مسلم لە(٤٨٧٠)داو وشەکەش هی ئەوە، أبو داود (٢٩٥٧) لە باسی (کەی موچەی گەورە بە موجاهید دەدرێت؟)دا (٤٤٠٦)و الترمذی لە (١٧١١)و (١٣٦١)و النسائی لە (٣٤٣١) لە باسی کەی تەلاقی منداڵ دەکەوێت، و ابن ماجە (٢٥٤٣) لەباسی ئەو کەسەی حەدی لێ نادرێت.

ئەو ئەحکامو فەرمانانەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت:

یەکەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر جیاکردنەوەی گەورە لە منداڵ.

دووەم: زاناکان شەش نیشانەیان داناوە بۆ دەرکەوتنی باڵقبوونو بوون بەپیاو کە چواریان ژنو پیاو دەگرێتەوەو دوانیان تایبەتە بە ئافرەتانەوە.

سێیەم: یەکەمیان ئەوەیە بە ساڵ باڵقوون دیاری بکرێت کە فەرموودەکە بەئاشکرا ئەو مانایە دەگەیەنێتو بوخاریش لە صەحیحەکەیدا باسێکی ناوناوە کاتی باڵقبوونی منداڵان.

* یان فەرموودەکەی ابن عمر (خوا لێی ڕازی بێت) کە بۆ جەنگی ئوحود ڕێگەیان پێ نەدا بەشداری بکات چونکە (١٤) ساڵان بوو بەڵام هەر کە بوو بە (١٥) ساڵان وەك پیاوێکی موجاهید حیسابی بۆ کردو ڕێگەی پێدا.[١]

---

١ صحیح البخاري (٤٧٢٨).

* ئەوەیشی كە عمری كوڕی عبدالعزیز یاسای دیاریكردنی گەورەبوونی لەسەر بنیات ناو لە هەموو وڵاتی ئیسلامدا هەمواری كرد بەڵگەیە لەسەر (١٥) ساڵان بەڵگەی گەورەبوونو باڵق بوونە.

* الترمذي (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (زانایانی وەك سفیان الثوریو ابن المباركو الشافعیو أحمدو اسحاق پێیان وایە منداڵ پێی نایە (١٥) ساڵی حوكمی گەورەی بەسەردا دەدرێت، بەڵام ئەگەر پێشتر نیشانەی گەورەبوونی بە بالقبوون (احتلام) لێ دەركەوت حوكمی گەورەی بۆ دەكرێت)[1].

* ابن منذر (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: نوعمان دەڵێت: (ئاستی گەورەبوونی تەمەنی (١٨) ساڵیە بەڵام كچ لە (١٧) ساڵیدایە)و ئەمەش بەڵگەیەكمان لەسەر ئەم تەمەنانە دەست نەكەوتو هەر كاركردن لەسەر فەرمودەكەی ابن عمر شایانترەو بەڵگەیەكی ئاشكرایە.[2]

چوارەم: دووەم نیشانەی باڵق بوون (احتلام)ە واتە حەزی شوكردن یان ژن هێنانو دەركەوتنی ئاوی مەنیە:

* خوای گەورەیش دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَـٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا۟ كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾[3]

* أبوسعید الخدری (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((غسل یوم الجمعة واجب علی كل محتلم))[4] واتە خۆشوردنی ڕۆژی هەینی لەسەر هەموو كەسێكی پێگەیشتووە.

---

١ السنن (٣/٦٤٢).

٢ الاوسط (٤/٣٨٩).

٣ النور (٥٩).

٤ رواه البخاری (٢٦٦٥) لە باسی باڵق بوونی منداڵاندا.

* یان ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((رفع القلم عن ثلاث)): واتە گوناه لە سەر سێ کەس نانووسرێت یەکێکیان فەرمووی: ((الغلام حتى يحتلم)) واتە منداڵ تا باڵق دەبێت ئەویش بە دەرکەوتنی ئاوی مەنی.

* ابن قدامە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: یەکەمین نیشانەی گەورەبوون هاتنەدەرەوەی ئاوی مەنیە لە عەورەتەوە، ئەو ئاوەی کە مرۆڤی لێ دروست دەبێت ئیتر لە خەودا یان لەکاتی بەئاگاییداو بە چوونە لای خێزان یان هەر خۆی بێتەوە، لەمەدا هیچ جیاوازیەکمان نەبینیوە.[١]

* البغوی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: ئەگەر کوڕ یان کچ پێش تەمەنی (١٥) ساڵی نیشانەی ئاو هاتنەوەی لێ دەرکەوت حوکمی گەورەی دەدرێت بەسەردا، یان کچ لە دوای (٩) ساڵی بکەوێتە حەیزەوە حوکمی گەورەی هەیەو پێش (٩) ساڵی نە ئاو نە حەیز دەوریان نیە.[٢]

* موغیرەی کوڕی مەقسەمی الكوفی دەڵێ: من لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا نیشانەی ئاو هاتنەوەم لێ دەرکەوت).[٣]

پێنجەم: لە نیشانەکانی تری گەورەبوون دەرهاتنی مووە لە جەستەی مرۆڤ:

* ابن قدامە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: مووی زبر لە دەوروبەری شەرمگەی کوڕ یان کچ دەرهاتو شایانی ئەوەبوو لابرێت ئەوە نیشانەی گەورەبوونە، بەڵام مووە ورد یان زەردەموو هیچ نیە چونکە منداڵیش هەیەتی.[٤]

* عطیة القرضی (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: لە ڕۆژی قورەیزەدا فەرمانی کوشتنمان لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەرچوو، سەیر دەکرا هەر کەسێك مووی

---

١ المغني (٦/٥٩٧).

٢ شرح السنة (٩/٣٣٨).

٣ رواه البخاري معلقاً (٢/٢٥٧).

٤ المغني (٦/٥٩٧).

بەری ببوایە دەکوژراو هەر کەسیش دەرنەهاتبایە بەڕەڵا دەکراو منیش یەکێك بووم لەو بەڕەڵاکراوانە.[١]

* الترمذي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: فەرموودەیەکی (حسن صحیح)ەو لەلای هەندێك لە زاناکان کاری پێ دەکرێت ئەگەر ساڵی لەدایکبوون یان هاتنەوەی ئاوی مەنی دیار نەبوو ئەمەش وتەی أحمدو اسحاقە.[٢]

* عبدالەی کوڕی عبیدی کوڕی عومەیر دەڵێ: منداڵێك لە سەردەمی عثمانی کوڕی عەففاندا (خوا لێی ڕازی بێت) دزی کردو هێنایانە خزمەتیو ئەویش فەرموی: سەیری شەرمگەی بکەنو ئەوانیش سەیریان کرد مووی لێ نەهاتبوو، ئەویش دەستی نەبڕی.[٣]

* ابن منذر (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: خوای عز وجل فەرمانی داوە بە جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕانو کوشتنیانو پێغەمبەریش (ﷺ) بەرگری کردووە لەوەی ژن یان منداڵ بکوژرێت، سوننەتیش بە دەرهاتنی موو منداڵی لە گەورە جیاکردۆتەوە.[٤]

شەشەم: نیشانەی چوارەمی گەورەبوون، منداڵەکە شەش بست (شبر) درێژ بێت:

* ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە منداڵێکیان هێنایە خزمەت ئەبوبەکری صدیق کە دزی کردبوو، نەیانزانی تەمەنی چەندەو نەشیاندەزانی ئایا باڵق بووە یان نا، بۆیە ئەبوبەکر بە بست پێوای ئەوەندەی پەنجەیەك کورتتر بوو لە شەش بست بۆیە بەڕەلای کردو دەستی نەبڕی.[٥]

* عبداللەی کوڕی ئەبی مولەیکە دەڵێ: خزمەتکارێکی عمری کوڕی عبداللەی کوڕی ئەبی ڕەبیعەیان هێنایە خزمەت عبداللەی کوڕی زوبێر کە دزی کردبوو، (ابن الزبیر)یش

---

١ رواه أحمد (٣٤١/٤)، أبوداود (٤٤٠٤) والنسائي (٣٤٢٩).

٢ السنن (٩٤٥/٤).

٣ رواه البيهقي في السنن الكبرى (٥٨/٦).

٤ الاوسط (٣٨٨/٤).

٥ رواه ابن ابي شيبه (٨٢٠٤).

پێوای دەبینیٚ شەش بستە، دەستی بڕی، لەو کاتەدا ابن الـزبیر (خـوا لێـی ڕازی بێـت) فەرمووی: عمری کوڕی خطـاب (خـوا لێـی ڕازی بێـت) نامـەی نووسـی بـۆ عێراقیـەکان دەربارەی منداڵێکی بەنی عامر کە ناوی (نومەیلە)بوو، دزی کردبوو، عمر بۆی نووسین: بیپێوون ئەگەر شەش بست بوو، ئـەوا دەسـتی بـبڕن، ئـەوانیش پێوایـان بـە ئەنـدازەی پەنجەیـەك کـەم بـوو، وازیـان لیٚ هێنـاو ناویـان لێنـا (نومەیلـە) واتـە پەنجـە بچكۆڵە، لەپاشەڕۆژدا بوو بە سەرگەورەی عێراق.[1]

* إبن منذر (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەڵیٚ: لـە ئەبوبـەکری صـدیقو عمـری کـوڕی خطابو (إبن الزبیر)ەوە (خوایان لیٚ ڕازی بێت) گێڕاومانەتەوە کە ئاستی بـاڵق بوونیـان بە شەش بست دیاریکردووەو (إسحاق)یش هەمان ڕای هەیە.[2]

حەوتەم: پێنجەم نیشانەی باڵقبوونی تایبەت بە ئافرەتان، کەوتنە عادەی مانگانەیە (الحیض):

* عائیــشە (خــوا لێــی ڕازی بێــت) لــە پێغەمبــەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتــەوە کــە فەرموویەتی: ((لایقبل الله صلاة حـائض الا بخمـار))[3] واتـە: خـوای گـەورە نوێـژی ئـەو ئافرەتەی گەیشتۆتە حەدی حەیز قەبوڵ ناکات مەگەر بە سەرپۆشەوە.

* إبن منذر (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەڵیٚ: هەموو زانایان لەسەر ئـەوەن کـە هـەر کاتێك ئافرەت کەوتە حەیزەوە ئیتر باڵق بووەو فەرزەکانی لەسەر واجبە.[4]

نوکتەیەکی گرنگ:

* ابن قدامە (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) دەڵـیٚ: کـەمترین تەمـەن کـە ئـافرەت تیایـدا بکەوێتە حەیزەوە نۆ ساڵانە، بـە بەڵگـە بینینـی ئـەو دیاردەیـە بـە چـاو دەی چـەندان

---

١ رواه عبدالرزاق (١٨٧٣٧) بإسناد صحيح.

٢ الاشراف (٢/٣١٤).

٣ رواه أحمد (٦/٢١٨) و أبوداود (٦٤١) وإبن ماجة (٦٥٥).

٤ الاوسط (٤/٣٨٨).

ئافرەت هەبووە لە (٩) ساڵیدا کەوتۆتە حەیزەوە، لە ئیمام شافعیەوە دەگێڕنەوە کە نەنەیەکی بە چاوی خۆی بینیوە تەمەنی (٢١) ساڵ بووە.

هەشتەم: شەشەم نیشانەی باڵقبوون کە تایبەتە بە ئافرەتان (منداڵبوون)ە

* ابن قدامە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێ: سکپڕبوون نیشانەی باڵقبوونی ئافرەتە چونکە خوا وای بڕیارداوە منداڵ نەبێت مەگەر لە یەککگرتنی ئاوی پیاوو ئاوی ژنەوە وەك دەفەرموێت: ﴿فَلیَنظُرِ الانسَانُ مِمَ خُلِق خُلِقَ مِن مَاءٍ دَافِق یَخرُجُ مِن بَینِ الصُّلبِ وَالتَّرَائب﴾.

پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی داوە لە فەرمودەکانیدا کە هەر کاتێك ئافرەت حامیلە بوو ئەوە حوکمی گەورەبوونی بەسەردا دەدرێت:

* ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئافرەت ڕوودەدات ناکەوێتە حەیزەوە کەچی سکی پڕ دەبێت.[1]

* هەروەها دەفەرموێت: ئافرەت لە (١٠) ساڵیدا سکی پڕ دەبێت.

* الشافعی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ئافرەتێك لە یەمەن لە (٩) ساڵیدا یان (١٠) ساڵیدا سکی پڕبوو)[2] ئەم گومانە لە (ابن عبدالحکم)ەوەیە.

نۆیەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جیهاد لەسەر منداڵ واجب نیە تا باڵق نەبێت:

* المروزی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: هیچ کەس لە زانایان گومانیان لەوەدا نیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جیهادی لەسەر ئافرەتو خزمەتکارو منداڵێك باڵق نەبووبێت فەرز نەکردبوو.[3]

---

١ المسائل لابي داود (١١١٥).

٢ مناقب الشافعي لابن أبي حاتم لاپەڕە (٤٩).

٣ السنه (١٣٥-١٣٦).

دەیەم: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ساڵانە باوکان کوڕەکانیان پیشانی بەرپرسانی دەوڵەتی ئیسلام دەدەن بە مەبەستی جیهادپێکردنیان‌و وەرنەگرتنی ئەوانەی لە (١٥) ساڵ تەمەنیان کەمترە:-

* سەمورەی کوڕی جوندوب (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو ساڵێك ئەنصاریەکانی ڕیز دەکرد بۆ ئەوەی کامیان گەورەو بالْغ بوون بەشداری جیهادیان پێ بکات.[1]

* عروەی کوڕی زوبێر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لە ڕۆژی ئوحوددا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆمەڵێك لە منداڵانی هاوەڵانی گێڕایەوەو بەشداری جەنگی پێ نەکرد لەبەر منداڵیان لەوانە:

عبداللەی کوڕی عمری کوڕی خطاب، کە چواردە ساڵان بوو، ئوسامەی کوڕی زەیدو بەرائی کوڕی عازب، عەرابەی کوڕی ئەوس، پیاوێکی بەنی حارسە، زەیدی کوڕی ئەرقەم، زەیدی کوڕی ثابت‌و ڕافع دەڵێ خۆی هەڵبڕی‌و پێغەمبەریش ڕێگای جیهادی پێدا، ئەوانی تری لە شاری مەدینە هێشتەوە بۆ پارێزگاری‌و پاسەوانی ژن‌و منداڵی موجاهیدەکان.[2]

یازدەیەم: بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (صحیح)ەکەیدا باسێکی ناوناوە ئەو منداڵەی دەبرێت بۆ جیهاد بۆ بەردەستی‌و خزمەتکردن:

* ئەنەسی کوڕی مالیك (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (أبوطلحة)ی فەرموو: ((التمس غلاماً من غلمانكم يخدمني حتى اخرج الى خيبر))

---

[1] رواه الحاكم (٢/٦٠) والطبراني في المعجم الكبير (٧/١٧٧) (٦٧٤٩).

[2] رواه ابن عساكر في تأريخه (١٩/٢٦٤).

واتە: ئەی ئەبوطەلحە منداڵێك لە منداڵەکانتانم بۆ پەیدابکە تا دەردەچم بۆ جەنگی خەیبەر خزمەتم بکات)و (ابوطلحە)یش منی هێناو لەو کاتەدا من منداڵ بوومو باڵق نەبوومو خزمەتی پێغەمبەری خوام دەکرد لە هەر شوێنێك کە دادەبەزی بۆ حەوانەوە.[1]

دوازدەیەم: وتەکەی عمری کوڕی عبدالعزیز (رەحمەتی خوای لێ بێت) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بڕە مووچەی منداڵان کەمترە لە بڕەمووچەی پیاوانو ئەوەی نەگاتە (١٥) ساڵان لەناو منداڵاندا ناوی دەنووسرێت.

سوودێك:

خەلیفە ڕاشیدەکان (خوا لێیان ڕازی بێت) مووچەیان بڕیبوویەوە بۆ منداڵ هەر لەکاتی لەدایکبوونیەوە:

* ابن عمر (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کۆمەڵێك بازرگان هاتنو لەلای مزگەوت دابەزینو شەو مانەوە، عمری کوڕی خطاب بە عبدالرحمن ی کوڕی عەوفی فەرموو: چۆنە ئەم شەو پێکەوە پاسەوانیان بین نەوەکو دز پەنێکیان پێدا بدات، هەردووکیان ئەو شەوە بوونە پاسەوانو شەو بەنۆرە شەونوێژیان دەکرد.

عمر (خوا لێی ڕازی بێت) گوێی لە گریانی منداڵێکی ساوا بوو، چوو بەرەو ماڵەکەیانو بە دایکی فەرموو: لە خوا بترسەو چاکبە لەگەڵ منداڵەکەت، پاشان گەڕایەوە بۆ شەونوێژی خۆیو دیسان منداڵەکە گریایەوەو بەهەمان شێوە ڕۆیشتەوە بۆ لایو پاشان گەڕایەوە بۆ جێگاکەی خۆی.

دیسان لەکۆتایی شەودا گریانەکەی بیستەوە، ئەم جارەش ڕۆیشتەوە بەرەو ماڵەکە بە دایکەکەی وت: بێ قەزابی، من وادەزانم دایکێکی خراپی، ئەوە چیە بەدرێژی شەو گوێم لە گریانی منداڵەکەت بووە؟!

---

[1] رواه البخاري (٣٨٩٣) ومسلم (٣٣٠٠).

ئافرەتەکەش وتی: ئەی بەندەی خوا (نەیناسی کە عومەرە) بەڕاستی ئەم شەو منت هەراسان کرد، من دەمەوێت لە شیری ببڕێنمەوە کەچی نایەڵێ، عمر فەرمووی: بۆچی؟! ئافرەتەکەش وتی: چونکە عمر (خوا لێی ڕازی بێت) مووچە بە منداڵ نادات هەتا لە شیر نەبڕێتەوە.

عمر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: تەمەنی چەندە؟ ژنەکەش وتی: ئەوەندەو ئەوەندە مانگە. بۆیە فەرمووی پێی: پەلەی لێ مەکە!.

نوێژی بەیانی کرد بۆ موسڵمانان و بەدەم گریانەوە قورئانی دەخوێند کە لە قورئانەکەی حاڵی نەدەبووین، کاتێك سەلامی دایەوە فەرمووی: ئای نەگبەتی بۆ عمر چەند منداڵی موسڵمانانی کوشتبێت؟! پاشان فەرمانی دا جاڕ بدەن لە شاردا: کە پەلە مەکەن و منداڵەکانتان لە شیر مەبڕێننەوە، چونکە لەمڕۆ بەدواوە موچە دەبڕێنینەوە بۆ هەر منداڵێك لە دایك دەبێت لە ئیسلامدا، بەهەمان شێوە نامەی نووسی بۆ سەرجەم هەرێمەکان و پێی فەرموون: هەر منداڵێك لەدایك ببێت مووچەی بۆ دەبڕینەوە.[1]

* سەعیدی کوڕی موسەیب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: عمری کوڕی خطاب (خوا لێی ڕازی بێت) مووچەی بڕیبوویەوە بۆ منداڵ لەو ساتەوەی لەدایك دەبێت و دەنگی گریانی دەبیستڕێت (استهلال).[2]

* عمری کوڕی محمدی کوڕی یەزید لە باوکیەوەو ئەویش لە باپیریەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کاتێك لەدایکبووم عمر مووچەی (١٠٠) دیناری بۆ بڕیمەوە.[3]

---

١ رواه ابن سعد في الطبقات لكبرى (٣/٣٠١) وعبدالرزاق (٩٧١٧) وابن عساكر في تأريخ دمشق (٤٤-٣٥٥).

٢ رواه ابن ابي شيبه (١٢٩٣٤) وعبدالرزاق (٦٦٠٧).

٣ رواه ابن ابي شيبه (١٢٩٣٦).

* هەروەها لە عەلی کوڕی ئەبوطالیبەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هەمان حوکم دەگێڕنەوە.[١]

ئەم کتێبە تەواو بوو لە خوا داواکارم بە کەرەمو بەخشندەیی خۆی ئەم کارەم لێ وەربگرێتو لێم ڕازی بێتو بە دروستی لەسەر ڕێڕەوی پێغەمبەر (ﷺ) بووبێت، سوپاس بۆ خوای هەموو جیهان.

وەرگێڕ
عمر توفیق الخطاط

نوسەر
أبوعبدالله عادل بن عبدالله ال حمدان

١ ابن ابي شيبه (١٢٩٣٧).

ناوەڕۆك